# واتە

8

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئادار ٢٠١١

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

***واتە بۆ ئەوانەیە کە***
***دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان***

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

# وتاری وەزیری رۆشنبیری
# لە کۆنفرانسی پیاوانی ئاینی و رۆشنبیراندا

ئەم وتارەی د. کاوە مەحموود وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رۆژی ٢٠١١/٢/١٢ لە کۆنفرانسێکی تایبەت بەگفتوگۆی نێوان پیاوانی ئاینی و رۆشنبیران هاتە پێشکێشکردن. کۆنفرانسەکە لەژێر چاودێری و بەئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا بەڕێوە چوو لەژێر دروشمی (رۆڵی دامەزراوە ئاینی و رۆشنبیرییەکان لە پتەوکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی)دا. دەیان لە پیاوانی ئاینی و رۆشنبیران تیایدا ئامادە بوون. وتاری وەزیری رۆشنبیری و لاوان بوو بە مایەی مقۆمقۆی مەلایان و دەربڕینی نارەزاییيان. پاڵەپەستۆیان کرد وەزیر لە قسەکانی پەشیمان بێتەوە و داوای لێبووردن بکا، بەڵام د. کاوە سوور بوو لەسەر بۆچوونی خۆی. رۆشنبیرانی ئامادە لەو کۆنفرانسە بەم وتار و هەڵوێستە خۆشحاڵ بوون و وەزیری ناوبراویان بە نوێنەری راستەقینەی خۆیان لەم کێشەیە زانی.

بەڕێز جەنابی سەرۆک

ئامادەبووانی بەڕێز

دامەزراوە رۆشنبیرییەکان پانتاییيەکی فرەوان و مێژوویەکی دێرینیان لە کۆمەڵگەی کوردستان هەیە و لە بواری شوناس و ئەرک و کاریگەرییان هەردەم لە گۆڕان و پەرەسەندندا بوونە.

پێشتر بەشێک لە ئەرکە رۆشنبیرییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە لەوانە دامەزراوە ئاینییەکان وەک مزگەوت و کڵێسا.. هتد، ئەنجام دراوە. جگە لە ئەرکە ئاینییەکان

مزگەوت و حوجرە مەڵبەندێک بووە بۆ پاراستنی زمانی کوردی و فێربوونی زمانی عەرەبی و فارسی و بەرهەمی شیعر و پەرەپێدانی کولتوور، کڵێسای رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پاراستنی زمانی و ئەدەبیاتی سریان. ئەمرۆ کۆمەڵگە خاوەنی چەندان شێوازی جۆراوجۆری دامەزراوی رۆشنبیریی نوێیە و لە داهاتووش شێوازی نوێتر لەدایک دەبێت، بەڵام ناکرێ لەسەر ئاستی تاکدا لە پۆلێنکردنی چەمکی رۆشنبیر کەسانێک ئەرکی خزمەتگوزاریی بواری ئاینی لە کۆمەڵدا پێشکێش دەکەن و لە هەمان کاتدا بەرهەمی ئەدەبی و رۆشنبیرییان هەیە لە رۆشنبیر جیا بکرێتەوە. بەڵام بەپێی پسپۆڕی و تایبەتمەندی، ئەرکی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی ئاینی بە تاک جیاوازە لە ئەرکی دامەزراوی رۆشنبیریی حکوومەتی بێ یان ناحکوومەتی. هەر لەم روانگەیەوە باس لە ئەرکی دوو جۆر لە دامەزراوە دەکەین کە بەردەوام لە کۆمەڵگەیەکی کارادا لە بواری کار و شێوازی رێکخستن بەمەبەستی سەقامگیرکردنی ئاشتیی کۆمەڵ، پێویستی بەنوێخوازی و پەرەپێدان هەیە. هەروەها ناکرێ گرفتەکان لە ڕوانگەی بوونی ململانێی نێوان ڕۆشنبیر و مامۆستای ئاینییەوە تەماشا بکرێت و، بەهەڵەدا دەچین کە هەموو مامۆستایانی ئاینی لە یەک بەرە و رۆشنبیران لە بەرەیەکی تر کۆ بکرێنەوە، چونکە لێرەدا جیهانبینیی تاک، هەڵوێستی لەسەر هەر بابەتێک دەستنیشان دەکات. بۆیە باسی سەرەکیمان لەبارەی رێکخستنی ئەرکی دامەزراوەکانەوە رۆشنبیری بێت یان ئاینی دوور لە سیفەتی ئەو تاکەی لەو دامەزراوە وەکو وەزیفە کار دەکات.

لە چوارچێوەی پێداویستیی خوێندنەوەیەکی نوێ و سازدانی گفتوگۆی دیموکراسییانە بەمەبەستی کاراکردنی رۆڵی دامەزراوە ئاینییەکان و دامەزراوە رۆشنبیرییەکان لە سەقامگیرکردنی ئاشتی ئەهلی و بەشداریی کاریگەرانە لە پرۆسەی گەشەپێدانی بەردەوامدا، کۆمەڵێک تەوەری جۆراوجۆر بۆ گفتوگۆ دەخەینە ڕوو.

تەوەری یەکەم: ئازادیی داهێنان

چەمکی ئازادیی داهێنان چەمکێکە هەردەم لە گۆڕانکاری و پەرەسەندندایە و ئەمڕۆ دەبی بەپێوەرەکانی سەدەی بیست و یەکەمەوە تەماشای بکەین. لێرەشدا ئەم بنەمایانە دەخەینە ڕوو:

١– پاراستنی هەمەچەشنیی رۆشنبیری و هەمەجۆریی سەرەچاوەکانی و سوودوەرگرتن و خوێندنەوەی کەلەپوور (التراث) بەدیدی جیاواز و بەمیتۆدێکی رەخنەگرانە، دوور لە ئیحتیکارکردنی ئەو کار و ئەرکە بەتێڕوانین و تێگەیشتنێکی دیاریکراو و گشتاندنی ئەو بۆچوون و تێڕوانینە و سەپاندنی وەک تاکە راستییەکی بێگومان بەسەر رۆشنبیراندا. ئەمەش وا دەخوازێ رەچاوی چەمکی بەمرۆییکردنی مێژوو لە کاری داهێنانی جۆراوجۆردا بکرێ و تێکڕای هزری مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی مێژووی مرۆڤایەتی و ململانێ و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە تەماشا بکرێ و هەموو تاکێک، بەتایبەتی داهێنەرانی بواری فیکر و ئەدەبیات مافی

سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی رەهەندەکان و وردەکارییەکانی مێژووی خۆمان و ناوچەکە و جیهانیان هەبێت، دوور لە تاکە لێکدانەوە و خستنەڕووی وەک راستییەکی رەها.

٢- رەچاوکردنی میتۆدی نووسین لە داهێنانی ئەدەبیدا وەک شیعر و رۆمان و کارە ئەدەبییەکان، کە جیاوازە لە میتۆدی توێژینەوە لە بواری سۆسیۆلۆجی و مێژوو، بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان. لەم روانگەیەوە ناکرێ شاعیر و رۆماننووس وەک مێژوونووس و فقهیی ئاینی پسپۆڕی بواری زانستی لۆجیک (منطق)، کارەکانی هەڵبسەنگێنرێ. پێچەوانەی ئەمەش زیندانیکردنی شاعیر و ئەدیب و رۆماننووسە و قەدەغەکردنی ئازادیی خەیاڵ و بیکردنەوەیە و ئەم حاڵەتەش پێشێلکردنی ئازادیی داهێنانە.

٣- گرینگیی دیالۆگ و بەردەوامبوونی وەک پێداویستییەکی بابەتی سەبارەت بەم چەمکە گرینگانە لەسەر بنەمای سەلماندن و بەڵگە و قایلبوون بە بەرامبەر، دوور لە زمانی هەڕەشە و تۆقاندن و هاندانی خەڵکی ساکار و جۆشکردنی هەستیان و بەکارهێنانیان بۆ سەپاندنی بۆچوونێکی دیاریکراو و، ئیحتیکارکردنی چەمکی پیرۆزی بەمەبەستی بێدەنگکردنی بەرامبەر.

بنەماکانی ئەم دیالۆگە چەمکە بەرامبەر چەمک.. وشە بەرامبەر وشە.. بەڵگە بەرامبەر بەڵگە، بەرەچاوکردنی پسپۆڕی و تایبەتمەندیی هەر بوارێک و زانینی رادەی پێویست لە زانیاری.

٤- ئازادیی داهێنان لە پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی و بنیاتنانی دیموکراسی و مەدەنییەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا جیا ناکرێتەوە. هەر بۆیە بەشێک لە ئەرکی سیاسەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هاندان و پشتگیریی دامەزراوە رۆشنبیرییەکانە و بایەخدان بەرۆڵیان لە ئاشتیی ئەهلیدا لە رێگەی تێکەڵنەکردنی ئایدیۆلۆجیا بەبواری رۆشنبیری کە بوارێکی داهێنەرانە و مەعریفییە و، فەرزنەکردنی موقەدەسی سیاسی بەسەر بواری داهێناندا، ئەمەش بەمانای یەکلاکردنەوەی گرفتی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات بەبەرژەوەندیی رۆشنبیر، چونکە لە ئاکامدا رۆشنبیری و داهێنان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتێکی دیموکراتی و مەدەنیدا دەبێت.

بەردەوامبوونی پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، دەبێتە هۆی خولقاندنی تێگەیشتن و حاڵیبوون و لێکدانەوەی نوێخوازانە بۆ هزری ئاینی و بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵگەی دواکەوتوو بە دواکەوتوویی و هەڵە لە چەمکی ئاین تێ دەگات.

تەوەری دووەم: پاراستنی ئازادیی داهێنان بەپێی قانوون

١- هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵ و وەک کیانی سیاسی بەقۆناخی گواستنەوە و بنیاتنانی دیموکراسی و دامەزراندنی چەمکی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەکان تێ دەپەڕێت، یەکێک لە بنەما گرینگەکانی ئەم بوارە پابەندبوون و ڕەچاوکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە.

جگە لە دەستووری عێراقی فیدراڵ و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، لە مادەی ١٨ و ١٩ و ٢٧ی جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ و مادەی ١٩ی پەیماننامەی مافە سیاسی و مەدەنییەکان ئاماژە بەئازادیی بیر و بۆچوون و ڕادەربڕین و پاراستنیان و مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئاین دوور لە دەستێوەردان و تەنگ پێ هەڵچنین، مافی بەشداریکردنی ئازادانەی لە ژیانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵدا و چێژوەرگرتن لە هونەر و بەشداری لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سوودوەرگرتن لە ئاکامەکانی کراوە. لەسەر بنەمای ئەم بەڵگەنامە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتییانە، ئەرکی سەرەکیی حکوومەتی هەرێمە کە بەهیچ شێوەیەک بوار بەپێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین لەلایەن دەزگای فەرمییەوە یان لە ڕێگەی پێکهاتە و دامەزراوی کۆمەڵایەتیی نافەرمییەوە، لەژێر هەر پەردە و بیانوودا بێت، نەدات.

٢- لە ڕوانگەی خاڵی یەکەمەوە ناکرێ ئەدیب و شاعیر و ڕۆماننووس لەسەر فەنتازیا و خەیاڵ و بەکارهێنانی هێمای فیکریی ئاینی یان هێمای ئازادانە لە کاری ئەدەبیدا دادگەیی بکرێ.

لەو ماوانەدا کە دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی لە گەشەسەندن بووە، لە مێژووی کولتووری عەرەبیی ئیسلامیدا چەندان نووسەر و شاعیری بەناوبانگ بەئازادی بەرهەمی خۆیان نووسیوە و ڕەخنەیان لە چەمکە باوەکان گرتووە بێ ئەوەی دووچاری سەرکوتکردن و داپڵۆسین بن، لەم مێژووەدا نموونەی (الجاحظ، ابو علاء المعري، ابوبكر الرازي) و چەندان کەسانی تر بەدی دەکرێن. ئەو کاتانەش لەو مێژووەدا کە نووسەر سەرکوت کراوە، ئەوە سەردەمی حوکمڕانە توندڕۆکان بووە کە لە سایەی ئەواندا وڵات و داهێنان دواکەوتووە.

هەر لەو کولتوورەدا چەندان شاکاری ئەدەبی دەبینین کە زۆر بەڕوونی باسیان لەو مەسەلانە کردووە کە ئەمڕۆ بەتابلۆ دادەنرێن، لەوانە:

(الكشكول، زهر الربيع، رجوع الشيخ الى صباه) کە بەشێکیان لەلایەن زانای ئاینپەروەرەوە نووسراونەتەوە، هەروەها (الف ليلة وليلة) یەکێکە لە هەرە شاکارەکان لە ئاستی جیهاندا کە باس لەو مەسەلانە دەکات.

لە ئەدەبی کوردیدا شیعری نالی و حاجی قادری کۆیی و شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە گومان لە ئاینپەروەریبوونی نییە نیشانەیەکی ترە، ئەمە جگە لە ڕشتەی مرواری شاکارەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی کە هەر لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١دا، کەسانێک بەبەرنامە لە بازاڕدا دەیانکڕی و پاشان دەیانسووتاند.

بۆیە مەترسیدارترین شێواز لە ڕێگەگرتن لە ئازادیی داهێنان، ڕاپێچکردنی شاعیر و نووسەرانە بۆ دادگە بەهۆی بەرهەمیانەوە لەسەر داوای دامەزراوی ئاینی و زانای ئاینییەوە کە ئەرکی ئەو پێشکێشکردنی خزمەتی دەروونی و کۆمەڵایەتییە بۆ تاک، نەک بوون بەڕەخنەگری ئەدەبی و هەڵسەنگاندنی کاری هونەری و ئەدەبی بەمەبەستی سزادانی، چونکە

لەم حاڵەتەدا محاکمی تەفتیشی کۆن و نموونەی کولتووری ململانێی نێوان دامەزراوی ئاینی و وەزیفەی (الحسبە) لە ئەزموونی ڕابردووی میسردا بۆ کۆمەڵگەی کوردستان دەگوێزینەوە.

٣- مەسەلەی هەڵسەنگاندنی کاری داهێنەرانە مەسەلەیەکی قانوونی نییە تا لە مەحزەری پۆلیس و لەگەڵ ڕێزمان بۆ دادوەرانمان لە دادگەدا یەکلا بکرێتەوە، لەمەشدا دەبینین تەنانەت هەندێک ئیجرائاتی ئوسوولێی محاکەمات، بۆ نموونە ئاگەدارکردنەوە و بانگهێشتنکردنی سەندیکای ناوبراو، لە هەندێ لەو کەیسانەدا فەرامۆش کراوە و کەچی حوکمیش دراوە، بردنی ئەم مەسەلانە بۆ دادگە مانای کردنی ئەفسەری پۆلیس و دادوەرە بەڕەخنەگر، هەڵسەنگاندنی ئەم کارانە ئەرکی پسپۆڕی ئەو بوارە و مامۆستایانی کۆلێجی ئەدەبیات و خودی داهێنەرانە، چونکە میتۆد و زمانی ئەدەبیات و زمانی تر جیاوازن، هەڵبەتە لە تێکڕای ئەم خاڵانەی خستوومانەتە ڕوو باس لە کاری داهێنەرانە دەکەین، نەک جنێودان و تەشهیرکردن بەقەناعەتی خەڵک، چونکە ئەو ئاراستەیە لە ئەدەب و کاری هونەریی ڕەسەن دوورە، لە کۆتادا دەچێتە سنووری یاسای سزادانەوە.

تەوەری سێیەم: چەمکی مافی ئافرەت و ئاشتیی کۆمەڵایەتی

چەمکی پاراستنی مافی مرۆڤ بەمانا فرەوانەکەی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سەقامگیرکردن و پتەوکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی گەشەپێدانی مرۆیی، ئەمرۆش مافی ژنان پانتاییەکی فرەوانی بواری مافی مرۆڤە، یەکێک لە ئەرکەکانی بزووتنەوەی چاکسازیی ئاینی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە ئیسلامییەکاندا لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، پێداچوونەوە بەگوتاری ئاینی لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی ئازادی و مافی ئافرەت بووە، ئەو پێوەرانەش کە لەو سەردەمەدا بەکار هێنراون و تا ئێستەش زیندوویی هەیە، پێوەری یەکسانیی تاکەکان بە نێر و مێوە لە توخمی خەڵقبوون بووە و جیاکردنەوەی مەسەلە بایۆلۆجییەکان کە لە چوارچێوەی خەڵقبوونی مرۆڤدایە، لە مەسەلەی پێکهاتی کۆمەڵایەتی کە لە چوارچێوەی تەرخانکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییە بۆ هەموو تاکێک لە قاڵبی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا و ئەم مەسەلەیەش هەردەم لە گۆڕانکاریدایە و مافی خودی مرۆڤە بەردەوام لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و بەمەبەستی زامنکردنی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی سەرلەنوێ ڕێکی بخاتەوە، هەربۆیە لە قورئانی پیرۆزدا لە گوتارێکدا کە تەنیا بۆ موسڵمان نییە بگرە بەگشتی خەڵکە، چەمکی (خلق) بەجیا لە چەمکی (جعل) بەکار هاتووە.

«یا أیها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا»

لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانیشدا مامۆستایانی ئاینی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هاندانی ئافرەتان بۆ خوێندن و لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی هاوچەرخدا بەشێک لەو مامۆستایانە دەستپێشخەرییان کردووە بەناردنی کچی خۆیان بۆ قوتابخانە. ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی

هەلومەرجی مێژوویی خۆیدا هەنگاوێکی گرینگی دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان بووە.

بنەمای تێکڕای ئەم بۆچوونانە لەسەر بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ ئاینی ئیسلامی پیرۆز وەک ئاینی وەسەتییەت (میانڕەوی) بووە. بۆ بەردەوامبوون لەسەر هەمان مەنهەجییەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ مافی ئافرەتدا بەگرینگی دەزانین رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێ:

١- جیاکردنەوەی ئاینپەروەری لە توندڕۆیی ئاینی و حاڵەتی یەکەمیان بەشێکە لە پێداویستیی رۆحیی تاک و هاندان بۆ چاکە و خۆشەویستیی خەڵک و یارمەتیدانیان و قبووڵکردنی بەرامبەر و قووڵکردنی چەمکی یەکسانیی تاکەکان لە مافەکاندا و رێزگرتن و قبووڵکردنی مافی ئافرەت. بنەمای ئاینپەروەری کۆکبوونە لەگەڵ چەمکی عەقڵانییەت و بەخشندەیی و داننان بە مافی بەرامبەر و دۆزینەوەی لۆجیک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتانەی بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەیە و گەیشتن بە راستی، دوور لە زمانی تەکفیرکردنی خەڵک کە دەچێتە خانەی تیرۆرەوە. بەڵام زمانی توندڕۆیی زمانی ئیحتیکارکردنی راستی و ئاخافتن بەناوی یەزدان و فەرزکردنی تەرزێکی دیاریکراوی دنیایە بەسەر خەڵکیدا بەناوی خواوە.

٢- لەم روانگەیەوە ناکرێ گوتاری دامەزراوە ئاینییەکان بۆ کەمکردنەوەی مافی ژنان و سووکایەتیکردن بە رێکخراوەکانی داکۆکیکردن لەو مافانە و تەشهیرکردن بە کەسانی چالاکوان لەو بوارەدا بەکار بهێنرێ.

دامەزراوە ئاینییەکان بەشێکن لە ژیانی گشتیی کۆمەڵ کە ناکرێ بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆجی و تێڕوانینی تایبەتی کەسانێک لەو بوارەدا کار دەکەن بەکار بهێنرێ و ئەو کەسانە وەک تاک لە دەربڕینی بیر و بۆچوونیان بەناوی خۆیانەوە نەک بە سیفەتی ئاینییەوە ئازادن، بەڵام ناکرێ شوێنی رەسمی و مینبەری دامەزراوی ئاینی بۆ بۆچوونی تایبەتی بەکار بهێنرێت، بەپێچەوانەوەی ئەمەش ئەرکی بوونی ئەو دامەزراوانە وەک دامەزراوی گشتی بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و بەخشینی ئارامی دەروونی پێیان و هێورکردنەوەی پاڵەپەستۆی ژیانی رۆژانە لەسەریان لەدەست دەچێ و دەبێتە ئامرازێکی دابەشبوون و لایەنگیری لە ململانە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتی لەو بابەتانەی پێوەندییان بە مافی ئافرەتەوە هەیە و لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا هەوڵی تێپەڕکردنی عورفی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی بۆ کەم تەماشاکردنی ژنان لە رێگەی پێڕەوە ئاینییەکانەوە تێپەڕ بکرێ.

تەوەری چوارەم

بۆ بەردەوامبوونی دیالۆگ لە نێوان دامەزراوە رۆشنبیرییەکان و دامەزراوە ئاینییەکاندا رەچاوکردنی ئەو خاڵانە پێویستە:

١- جگە بۆ مەسەلە نیشتمانییە گشتییەکان، ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی گەورە دەبینەوە گەر ماوە بدرێ بەبەکارهێنانی فیکری ئاینی وەک دروشم و گوتاری سیاسی بۆ تەیارکردنی جەماوەری

ئاینپەروەر بەمەبەستی کاری حزبی و بانگەشە بۆ پرۆژەیەکی سیاسی، لە کاتێکدا ئەو جەماوەرە چاوەڕوانن لە نوێژی هەینیدا ئارامی و ئاسوودەییان پێشکێش بکرێ. هەروەها مزگەوت شوێنی چالاکیی سیاسی و موحازەرەی سیاسی و هەڵسەنگاندنی قانوونی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان نییە. ئەوەش مانای ئەوە نییە مامۆستایەکی ئاینیی شارەزا لەو بوارە مافی باسکردن و ڕادەربڕینی سەبارەت بەو بابەتە نییە لە زانکۆ و کۆڕ و کۆبوونەوەی دەرەوەی مزگەوتدا، بەڵام بەکارهێنانی گوتاری هەینی بۆ ئەو بابەتە دەچێتە خانەی پڕوپاگەندە و بانگەشەی سیاسی بۆ کۆمەڵێک بیر و بۆچوون کە گفتوگۆ و رای جیاواز هەڵدەگرێ، لە کاتێکدا ناوەندێکی هەمەجۆر و لە ئاستی جیاوازدا ئامادەی ئەو مەراسیمە دەبن، جگە لەوەی شێوازی نوێژ و گوتاری ئاینی شێوازی ئاخافتنی گوتاربێژ و گوێگرتنی جمهوورە، هەر بۆیە ناکرێ بوار بەحزبیکردنی گوتاری ئاینی بدرێ.

٢- پاراستنی گوتاری ئاینی لەوەی ببێتە ئامرازی هەڕەشە و سووکایەتیکردن بەئاینێکی تر یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، یان ئەو ماف و ئازادییانەی بەپێی دەستوور دابین کراون، لە ڕێگەی سازدانی شەڕێکی دەروونی دژ بەنووسەران، ئافرەتان و دژ بەو تاکانەی را و خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە، لە ئاکامیشدا دەبێتە هاندان و وروژاندنی ناوەندی ئاینپەروەران دژ بەکۆمەڵە خەڵکانێک کە لەوانەیە بەشێوازی تر پێڕەوی قەناعەتی خۆیان بکەن، جا ئەو قەناعەتانە پێوەندییان بەئاینپەروەریی خۆیانەوە هەبێت یان نەبێت.

٣- سنووری گوتاری ئاینی لە دامەزراوە ئاینییەکاندا بەتایبەتی لە مزگەوت بواری (الوعظ والارشاد) بگرێتەوە، نەک بواری فەتوادان کە دەبێ بەقانوون ڕێک بخرێ و پێوەرە شەرعییەکان لە دەستنیشانکردنی ئەم وەزیفەیە پێڕەو بکرێ، کە ئەمەش پلەی ئیجتیهادبوونی دەوێ. لە هەموو حاڵەتێکیشدا پێویستە گوتاری ئاینی لەسەر بنەمای قورئانی پیرۆز بێ کە ئاماژە بەو میتۆدە دەکات: أدع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي احسن. بۆیە ناکرێ مزگەوت و گوتاری هەینی شوێنی فەتوادان بێ.

٤- ماوەنەدان بەبەکارهێنانی گوتاری ئاینی بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ پێڕەوکردنی توندوتیژی دژ بەتاکەکان و خۆکردن بەمودەعی و قازی و جێبەجێکاری حوکم، کە تێکڕای ئەوانە ئەرکی دەوڵەتە و دەبی بەقانوون پێڕەو بکرێ.

٥- کاری گوتاربێژی ئاینی خزمەتێکی گشتیی کۆمەڵایەتییە و ئەو کارە هەروەک کاری خزمەتکردن لە دەزگەی سوپادا دەبی بەوپەڕی بێلایەنی لە سیاسەت و حزبایەتیدا ئەنجام بدرێ و ئەو خزمەتە ئاراستەی تێکڕای خەڵک دوور لە بیر و بۆچوونی سیاسیدا پێشکێش بکرێ و هەر ئەوەش مایەی سەقامگیرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە.

# مەسعوود محەمەد

لە دەزگای ئاراس سەرجەم بەرهەمەکانی نووسەر و بیریاری گەورەی کورد مەسعوود محەمەد هاتنە چاپکردن و بڵاوکردنەوە. هەوڵمان دا هەموو ئەو وتار و نووسینانەی لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی نێوان ١٩٧٠ و دوا ١٩٩٠ بڵاو کردوونەتەوە، بکەین بە دوو بەرگ، بەرگێک ئەو وتارانەی لە کۆواری کۆڕی زانیاری کورددا چاپ کراون، بەرگێکی تریش ئەو وتارانەی لە کۆوار و بڵاوکراوە جۆرەوجۆرەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە. ئەمەی دووەممان ناونا "کەوچکێک...". بەداخەوە هەموو وتارەکانمان نەکەوتنە دەست، بۆیە لەمەولا ئەوەی دەکەوێتە دەستمان کۆی دەکەینەوە، جا یان لە چاپی دووەمی "کەوچێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ"دا یان لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپیان دەکەین. داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین ئەوەی وتارێکی پێ شک دێ و ئێمە دەستمان پێ نەگەیشتبێ با ئاگادارمان بکاتەوە.

## چەند ڕیشەیەک لە ڕیشاڵی زمانەکان

کوردێکی هەست بە ئازاری هەڵکەوتی کوردەواری بە چەنگ مێژووی بێ ڕەحمەوە بکات خۆی بەو ساوایە شیرەخۆرە دێتە بەرچاو کە لە سینگی دایکی دوور خرابێتەوە، لە سۆز و بزێو بێبەش دەبێت.

لەو ڕۆژەوە کۆڕیشی هەخامەنشی بوو بە میراتگری خاڵوانە مادەکانی، دەمی بە مەمکی مێژووی کوردەوە ناو لە جیاتی کورد هەرچی میراتێکی هەیبوو، لە مایەکی و واتایەکی، هەڵی وشت بۆ ناو هەناوی حکوومەت لە دوا حکوومەتی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی... هەتا ڕۆژانی سەردەم کە کورد لە تەک فارسدا وەکو منداڵی فڕێدراوی کەس بە خۆیەوە نەگرتووی لێ هات و بوو بە مێوانی ماڵی خۆی.

ئەو بنچکەی بەر لە دوو هەزار و پێنج سەد و ئەوەندە ساڵە کۆڕیش لە دەستمانی دەرهێنا

جارێکی تر پەنجەمان لێی گیر نەبووەوە: مێژوومان بوو بەماڵی بێگانە، تەپڵی تۆپانی پێ دەکات... دای دەلەنگێنێ... لێی دەقرتێنێ... بۆیاغی دەگۆڕی... بەسەریەوە دەنێ... بەئارەزوو دەینەخشێنێ... کە پێویست بوو لە قوڕی هەڵدەکێشێ.

بەڕەی ژێر پێمان کە خاکی نیشتمان بێ، بە کێشە کێش، لەبن پێمانی دەردەهێنێ و دەیخاتەوە سەر بەڕەی خۆی. ناوی لووتە شاخ و بیشەڵان و پووشەڵان و قەمیشەڵان و کەندەڵانەکانمان لێ دەگۆڕێ بایی ئەوەی لێمان نەناس بکات... فەرەنجی لەبەر ئاوایییەکانمان دادەماڵێت و زۆڵە پۆشاکەکەی خۆیان تێ دەئاڵێنێ... تەزکەرە نفووسی خۆی بۆ نەژادی کورد دەردەکات.

لەلایەن زمانەوە دووچاری دەستدرێژییەکی وێرانکەر بووین:

کۆرپەی ناو بێشکە بەردەوام گوێ دەگرێ بۆ لایلایەی دایکە دڵسۆزەکەی... ئێمە بە تێچوونی دەوڵەتی (ماد)مان دابڕاین لەو لایلایەی کە دەبوو مێژوو لە گاتاکانی ئاڤێستاوە تا ئەبەد هەڵبەست و بەیت و گۆرانی و بەستە و لاوکمان بۆ بچڕێت. ئاڤێستا و هەرچی لێی کەوتەوە لە ئێمە تار بوو، باوەشێکی بێگانە مێزی لێ گرت و بە بەرمەمکییەوە نیشت پتر لە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵە مژمان لە گۆی مەمکی دایکە ئاڤێستا نەمشتووە.

خەتی ڕەچەڵەکی ئاڤێستا خوار بووەوە بۆ خاوەن دەسەڵاتی دەوڵەتی، هەر چەند زاناکانی زمان دەڵێن فارسیی کۆن جودایە لە زمانی ئاڤێستا، بەڵام جوداش بێت هەرچی ئاڤێستا و داب و دەستووری زەردەشتی و پێوەندیی (بیهـ دین) بە دەوڵەتەوە بەهەموو ئەو سامانە ئەدەبی و دینی و کومەڵایەتی و سیاسییەی لە ماوەی ڕۆژگاری نێوان تێچوونی ماد و تێچوونی ساسانییەکان زاوزێیی کردبێ بوو بەهی فارس. ئەو ڕۆژەی سوپای ئیسلام ڕەوی هێنا بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان کوردی چارەڕەش بریتی بوو لە ڕەعیەیەکی ڕەشوڕووت کە هیچ پشکی نەبوو لە شیرنایی حوکم. هەزار و سەد ساڵ پتر بوو کورد لە پلەی هەرە بەرەژێری بێ دەسەڵاتیدا سوخرە و بێگاری و بۆ داگیرکەر دەکرد. چەند نیمچە کوێخایەکی پەرپووتی فەرتووتی کورد وەکو ڕێویی چاوەش کلکەکوتەی بۆ شاهەنشا و مەلیک و ئەستەندار و سپەهبود و مووبەد و هیربەد و دەستڕۆیشتووەکانی تری دین و دەوڵەت دەکرد و نیمچە مەرحەبایەکی لالووتانەی لێ وەردەگرتنەوە و بەحاڵ نانێکی حەرامی پێ لە هەژاری کورد دەڕووتاندەوە. هەر چونکە کورد بەهیچ جۆرێک لە دینیی زەردەشتیی دەوری ساسانییان کە بەلای چاکەی دەوڵەتدا خوار کرابووەوە هیچ سوودێکی نەدەدیت، بگرە لە زەرەر و ئازار بەولاوە لێیەوە بۆی نەدەهات، بایی خۆ خوراندنیش بەرگریی بۆ ئەو دین و دەوڵەتە نەکرد و بەگژ عەرەبدا نەهاتووە.

لە ماوەیەکی زێدە کورتدا نەژاد دینی تازەی کرد بە جێگری دینی کۆنی، مەگەر لێرە و لەوێ خاوەن دەسەڵات و قەڵاتێک کە بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەت و دەستگای دینی گونجابێ نەختێکی خۆگری کردبێ ئەویش هەر بایی ئەوەی کە بەفری سبەینان هەتاوی نیوەڕۆی پێ بکەوێت و بتوێتەوە. هەرچی فارسەکە بوو چونکە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵات بوو حەشامەتێکی زۆری تێدا

بوو پەرۆشی دینەکە و دەوڵەتەکەی بێت و بەدڵ پارێزگاریی لێ بکات، چونکە پارێزگاریی لە بەرژەوەندی خۆی دەکرد، هی وەهاشیان تێدابوو بەدڵ پێرەوی لە دینی زەردەشت دەکرد تا ئەوەی بەشێکیان پەنایان بۆ چین برد، پێشتریش یەزدگورد خۆی داوای یارمەتیی لە ئیمپراتۆر تای سونگ Tai Tosung کرد بەڵام لێی نەبیست. دوای کوژرانی یەزدگورد پەنابەران دەستە دەستە بۆ چین دەچوون هەتا کۆمەڵێکیش لەگەڵ (پیرۆز) کوڕی یەزدگورددا خۆیان گەیاندە تەخارستان کە ئەوسا لە بەردەستی چین بوو. لە ٦٦٢ی ز ئەو پیرۆزە لەلایەن شای چینییەکانەوە بە شای ئێران وەرگیرا. دوای ئەو کوڕەکەی (نرسی ـ نەرسی) بوو بە جێگری باوکی و خوایشت دا شای چین لەشکری بۆ ڕێک خست کە وڵاتی خۆی پێ داگیر بکاتەوە بەڵام لەگەڵ سەرداره چینییە هاوڕێکەی لێیان بوو بە ناکۆکی و سوپاکە بەرەو چین، لە ٧٠٧ز، گەڕایەوە. لە ٧٥٠ز. دوایین کەمەڵەی فارسەکان کە پەنایان بۆ چین بردبێ لە سجلاتی چین ناویان بردراوە. یەزدگورد لای چینییەکان Yessesse، پیرۆز Pilusse، نەرسی ni - nisse ناو هێنراون.

کۆمەڵێکی تر لە خۆراسانەوە بۆ لای جەزیرەی هورمز و کەنداوی عەرەب چمین و بەینێک لەو ناوە مانەوە، بەڵام لەشکری ئیسلام بۆیان چوو. سەرەنجام پەنایان برد بۆ وڵاتی گوجراتی هیندوستان و لە شاری (سەنجان) ڕاجا (جادی رانە) پەنای دان و مانەوە. دوای سێسەد ساڵ بە زۆر شوێنی تری هیندا بڵاو بوونەوە تا لە ئەنجامدا شاری بۆمبای بوو بە بنکەی هێز و سەقافەتی پارسەکانی هیند... (بە کورتی لە لاپەڕە ١٧ـ ٢٢، مزدیسنا و ادب پارسی، انتشارات دانشگاه تهران ـ د. محمد معین).

یەکێک لە ئاکامی بەسترانەوەی بەرژەوەندیی فارسەکانی سەردەمی فەتحی ئیسلام بە دەوڵەتی ساسانی ئەوە بوو کە دوای داگیرکردنی (مداین ـ پایتەختی ساسانی) لە خوار بەغدا، هەرچی فارس و زمانی فارسی بوو لەگەڵ فەرمانڕەواییی یەزدگورددا پێچرایەوە و ئاوەژووی دیوی ئێران بووەوە. کوردەکە چونکە پشکی لە هیچ شتێکدا نەبوو کەس بەلایدا نەچوو، هەر لە شوێنی خۆی مایەوە، بەڵکو ئەو بەتاڵاییەی کە بەکشانەوەی فارسەکان لە دیوی عیراق پەیدا بوو کوردی تێ ڕژا و سنووری کوردنشین بەرەو باشوور خۆی لێک کێشایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا فارس هەر مایەوە بە میراتگری سەقافەتی هەزار و ئەوەندە ساڵەی ئێران، زۆریشی نەبرد دوای لەدەستچوونی حوکمیان، سەرلەنوێ، زمان و ئەدەبیاتیان برەوی ستاندەوە، تەنانەت کتێبی باسکراو لەژێر خاڵەکانی: نهضتهای سیاسی، نهضتهای مذهبی، پیدایش فرق متنفذ، کوششهای علمی و ادبی ایرانیان. بەرتەکدانەوەی فارسەکان لە پاڵەپەستۆی عەرەب و ئیسلام باس دەکات تا دەگاتە یادی (زبان شیرین پارسی) کە بە پەیدابوونی بوێژانی وەکو: محمد بن وصیف سگزی، حنظله بادغیسی، ابو شکور بلخی، شهید بلخی، رودکی، دقیقی و فردوسی و پەخشاننووسی وەکو بلعمی، وەرگێڕەکانی تفسیر طبری، دانەری حدود العالم، نووسەری الابنیة عن حقائق الادویة، دانەری مێژووی سیستان و دانەری شاهنامە ابومنصوری و (بهمت فرهنگ نویسانی مانند اسدی و فرخی و قطران تبریزی) ئا بەهۆی ئەمانەوە (هی دیکەش) زمانی فارسی لەسەر بناخەیەکی

مەحکەم دامەزرا (لاپەرە ٢٨، ٢٩ کتێبی ناوبراو). لەمەوە سەرلەنوێ فارس بووەوە بە میراتگری هەموو سەقافەتی کەرتی ئێرانی لە گەلەکانی هیندی ئێرانی. بەهۆی هەبوونی نووسینی ئەدەبییەوە لە کۆنی کۆنەوە فارسی خۆی پاراست لەوەی وەکو کوردی، کە نووسینی نەبوو، ببێ بە دیالێکتی جۆراوجۆری تێک نەگەیشتوو ئێستا، کە دیم وشەیەکی کوردیی ئەمڕۆکەمان ڕادەگرم لە بەرانبەر ئاوێنەی مێژووی زمانی ئاڤێستا (گاتاکان بەتایبەتی) و (ڤیدا)ی سانسکریتی، ماوەی سێ هەزار ساڵێکی لێک ترازان و نائاشنابوون دەکەوێتە نێوانەوە کە وشەکە تێیدا بە بڕیاری واقیع خشکەی بەملا و بەولادا کردووە گۆڕاوە و قرتاوە و سوواوە... زۆر وشەی کە خشەکەی لەگەڵ کورددا نەکرد بۆ پەنا و پەسێوان بە یەکجارەکی لێمان دابڕا و نەناس بوو. هەرچی زاراوە و کەرستەی پەرستنی زەردەشتی هەیە، مەگەر چۆنها، لە فەرهەنگی کوردی سڕایەوە، چونکە هەروەک بە گۆڕانی دین لە زەردەشتییەوە بۆ ئیسلام ئەو زاراوانە بەلاوە نران نووسینیشمان نەبوو بتوانێ لەناو کفنی دەفتەران زیندەبەچاڵ یاخۆ مردەبەچاڵیان بکات و لە ڕۆژی پێویستدا گۆڕ بەدەریان بکاتەوە.

لەم ڕۆژگارەدا زەردەشتیی فارس هەن لە یەزد و کرمانی ئێران و لە بۆمبای و هەندێ شوێنی تری هیند بەشێوەیەکی وەکو شێوەی سەردەمی ساسانی نوێژ و مەراسیم و دوعاخوێنیی ئاینی دەکەن. دیارە ئێمەی کورد دینی ئیسلام بەو دینە ناگۆڕینەوە، بەڵام لەلایەن سەقافەتی میللییەوە چەندین سەدان وشە هەیە لەو مەراسیمەدا بەزانینیان سامانی مەعنەویمان دەوڵەمەند دەبوو چونکە وشەکان دەچنەوە بۆ بەرایی نزیکی سێ هەزار ساڵ، ئینجا چ هێزێک لەبەر وزەی زمانەکەمان دەگەڕا کە ڕیشەی بچێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر؟ ڤیدای سانسکریتی و ئاڤیستای زەردەشتی کۆنترین دوو سەرچاوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی سەرلەبەری گەلە هیندی ـ ئەوروپاییەکانن کە هێندی دوو خوشکی جمرانەش لە یەکدی نزیکن. هەر وشەیەکی کوردیی سەردەم لەوانە بێ وێنەی قالبی ئاڤێستاییی پێوە مابێ پتر ڕەسەنبوونی کوردی بە ئیسپات دەگەینێ لە دەیان وشەی ئەوتۆی فارسیی سەردەم چونکە مانی وشەی ئاڤێستا لە کوردیدا ئەوە ڕادەگەینێ (یان هەر نەبێ بەلای ئەو باوەڕەمانەوە دەبات) کە یەکبوونی زمانی ئاڤێستا و زمانی کوردی لە بنەڕەتدا هۆی مانەوەی وشەی ئاڤێستایە لە کوردیدا نەک پارێزرانی وشەکە بە نووسین، چونکە کوردی خاوەن نووسین نەبووە. فارس لە نووسیندا هەزاران وشەی عەرەبیشی وەها پاراستووە کە ئەگەر عەرەب فەرامۆشیشی کردبانایە هەر نەدەمردن، وشەی ئاڤێستاش هەمان حیسابی بۆ دەکرێ کە لە دەفتەری نووسراوی فارسیدا وەکو وشەی عەرەبی ماوەتەوە. دەمەوێ بڵێم کە دیترا وشەیەکی ئاڤێستا لە فارسیدا دەردەکەوێتەوە و لە کوردیدا بزرە، ئەم دەرکەوتنە هی بوونی نووسینە بزربوونەکەش هی نەبوونی نووسینە نەک گۆیا خاوەنایەتیی فارسی بە ئیسپات دەگەیەنێ.

بەکارهێنانی وشە لە نووسینی ئەدەبیدا پتری بەزمانی خۆی دەبەستێتەوە لەوەی ئاخاوتنی بێ نووسین پێیەوە ببەستێتەوە، ئەویش نەک هەر بەهۆی پاراستنی وشەی نووسراو لە فۆتان، بەڵکو لەبەر هۆیەکی زێدە گرنگی سەر بە سروشتی زمانی ئەدەبییەوە. ئاخاوتن لەوانەیە وشە لە یەک

قالبدا بەکار بهێنێ بەتایبەتی وشەی وەرگیراو کە هەر پێوەی دیار دەبێ بێگانەیە، کەچی بەکارهێنانی ئەدەبی جۆرە قالب لە وشە دادەڕێژی وەک کە دێت گەردانی دەکات وەیا پێشگر و پاشگری پێوە بلکێنێ یا بە وشەی ترەوە ببەستێتەوە کە ئیتر ڕەنگە ئەوەندە لە قاڵبی بنەڕەتیی خۆی دوور بکەوێتەوە کە نەناسرێتەوە. بەم جۆرە چەندین وشە لە تاکە وشە دەکەوێتەوە هەمووشی مۆرکی ئەو بنەڕەتەی پێوە دەبێت، بەمەشدا هەروەک باشتر دەبێتە ماڵی زمان، لە چەنگ فەوتانیش یەکجارەکی ڕزگار دەبێ، چونکە لەوانەیە قالبێک و دوو قالبی بەردەوام و بەرحەبات بێت، هەرچی تاکە وشەیە یەک ژین و یەک مردنی هەیە. بە نموونە وشەی (vanghu)ی ئاڤێستا بە واتای چاک، باش هاتووە. ئەم وشەیە سەرەژێر بۆوە هەتا لە فۆرمی (بە ـ بیە) گەیشتە فارسی. لە کوردیدا وێنەی سەربەخۆی وشەکە تێ چووە و تەنیا لە (بێ شەما)دا بە واتای تووتنی بۆنخۆش وێنەی ماوەتەوە. کوردەکە کەمتاکورتێکی نەبێ نازانێ بۆچی (بێ شەما) وەکو (بێ پارە، بێ حەیا) واتای کەمایەتی ناداتەوە بەپێچەوانەوە پەسندایەتیی لێ دەفامورێتەوە. لە فارسیدا چەندین قالبی لێ پەیدا بووە هێندێکی سەر بە ئاڤێستاوە دەنێن لەمانە وشەی (بهشت ـ بەهیشت).

ئەم وشەیە لە vanghu هاتووە کە خراوەتە سەر سیفەتی باڵا (super lative) و بۆتە vhishta، کە بەواتای چاکترین، باشترین دێت. لە ڤەهیشتەدا کە بۆتە (بەهیشت) وشەی (بیە)ی فارسی ئاشکرایە. کورد دەڵێ بەهەشت وشەی (بیە و vanghu)ی دۆڕاندووە و نازانێ وشەکە لە چییەوە هاتووە. بەمەشدا بووەتە مێوان نەک خاوەن ماڵ. ئەگەر فارس خاوەن دینی زەردەشت و ئاتەشکەدە و هیربەد و مووبەد و مەراسیمی زەردەشتی و دەقەکانی ئاڤێستا و پەهلەوی نەبووایە ئەو پێوەندییە نزیکەی بە بەهەشتەوە نەدەبوو کە دەماری خزمایەتی (بەهیشت و ڤهیشتە) وەها بە دروستی بهێڵێتەوە. دەبێ بشڵێم ڤەهیشتە بە دوا وشەی (acha، ئەشە)ی ئاڤێستادا هاتووە وەکو سیفەت و موصوف (ئەشە = ڕاستی و دروستی). بەو پێیە. (ئەشەڤە هیشتە = باشترین دروستی). ئەمە فەرامۆش کراوە ڤەهەشتەی وسف ماوەتەوە (ل، ٥٥ فرهنگ ایران باستان، پخش نخست، پور داود).

زۆر بەسەیری، گاڵتەی مێژوو ئەم وشەیە (بیهـ)ی لە کوردیدا بەجۆرێکی وەها پەنامەکی و تەماوی بەدەر داوەتەوە سەرنجی ورد نەبێ نایدۆزیتەوە، کە بە دەریشی دەداتەوە حکایەتێکی سەیر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. دین لە ئاڤێستادا (daene دەئینا) بووە (ل، ٣ سەرچاوەی پێشوو) دواتر گۆڕاوە بە دین. ئەوانەی پێڕەوی زەردەشتیان کردووە پێیان گوتراوە (بیهدینان ـ خاوەنانی دینی چاک). لەمەوە دەردەکەوێ ناوی کۆکی (بادینان) کە هەم بەزێی گەورە و هەم بە سەرلەبەری هەرێمی لای ڕاستی ئەو زێیە دەگوترێ هەر خۆیەتی لە کۆندا (بیهـ دینان) بووە و چ پێوەندیی بە (بهاء الدینان)ەوە نییە. بە ڕواڵەت عەجایب لەوەدایە (کە لە ڕاستیدا عەجایب ڕەوێنەوە لەوەدایە) کە هەر لە هەرێمی (بادینان ـ بیهـ دینان)دا یەزیدی (ئێزدی) بەجیرانەتیی بیهـ دینان دەژین. بۆ دەبێ وابێ؟ لە نووسێنێکی مامۆستا توفیق وەهبیدا هاتووە: یەزیدییەکان (میثرایی)ن واتە ئەوان لەسەر دینی (دوو هێزپەرستی) مانەوە و نەبوون بە زەردەشتی (مامۆستا وەهبی نامیلکەکەی بە

ئینگلیزی داناوه). ئینجا سەیر نییه لەوەدا کە شوێنیکی میثرایی یا دژی دینی زەردەشتیی تێدا بێ بەحوکمی مەنتیق (بیهـ دینان) هەمیشە یاد بکرێتەوە تێیدا . (دوای نەختێک پتر ڕوون دەبێتەوە) هەرێمەکانی تری کوردەواری کە بوون بە موسڵمان پێویستیان نەما بە (بیهـ دینان) چونکە ناشی موسڵمانیش بن وڵاتەکەش هەر بەهی دینی زەردەشت لە قەڵەم بدەن. لە زاراوە دینییەکانی یەزیدیدا وشەی (کریف) ماوە بە واتای برای ئەبەدی. ئەو وشەیە لە سەردەمی زەردەشت و ئاڤێستادا (کرفە)ی هەبووە بە واتای (پاداش ـ ثواب) کە دەکاتەوە پاداشی ئەبەدی، چونکە هی دوای مردنە (ل، ٩٧، ٩٨، فرهنگ ایران باستان). هەڵبەت ئاڤێستا لەخۆیەوە کرفە و کریفی نەخوڵقاند، دیارە لە کۆنترەوە ماوەتەوە ئیتر چ جۆرە پاداشی تێدا مەبەست بووبێ با بووبێ. زۆر وشەی کۆن بەواتای نوێ هاتنە ناو زەردەشتییەوە یەکێک لەوانی هەرە گرنگ وشەی (دێو)ە.

ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا (daeva دەئیڤە) بووە (ل، ٣ فرهنگ ایران باستان، ل، ٣٤٤ مزدە یسناو ادب پارسی). دێو لە کۆندا، بەر لە زەردەشت، بە چەندین پەروەردگاری ئاریایی گوتراوە و پەرستراوە. بەڵام دوای هاتنی زەردەشت و ناساندنی ئەهورەمەزادا هەموو خواکانی کۆن، واتە هەموو دێوەکان، کران بە گومڕاکەر و شەیتان (ل، ٢٤٥، مزدەیسنا........). ئەوانەی لەسەر دینی کۆن مانەوە و لە دێوپەرستی بەردەوامبوون لە زەردەشتیدا پێیان گوترا (دیویسنان ـ دێویەسنان) تا ئەوەی (kavi ـ وێنەی کۆنی «کەی») داندرا بە (شەهریار دیویسنان) و (karpan) بە (پێشەوای دیویسان) لە قەڵەم درا (ل، ٢٥١ فرهنگ ایران باستانی ناوبراو، پەڕاوێز ٦٦). کەرەپ خۆی لە ئاڤێستادا بەو کەسانە گوتراوە کە خۆیان لە دینی تازەی زەردەشت کەڕ کرد. کەرەپ و کەڕ یەک شتن. وشەی (یەسنە) و (یەزەتە)ی ئاڤێستا و (یەجەتە)ی سانسکریتی لە ڕیشەی (yaz، یەز) بەواتای (پەرستن) وەرگیراون (ل، ٢٣٩ مزدیسنا ....) لەمەوە بە تەواوی ئاشکرا دەبێ کە (داسنی) بریتییە لە (دیوّیەسنا) بە واتای (دێوپەرست) ئەم دێوەی ناو وشەی (داسنی) کە نەختێکی لێ سوواوە، بە وەرگێڕانی واتاکەی لە (خودا)وە بۆ (ئەهریمەن) بوو بە ناحەزی ئەهورەمەزدای دینی زەردەشت، واتە (بیهـ دین). ئینجا سەرلەنوێ تێ دەگەین بۆچی (داسنی) تەنها لە هەرێمی (بیهـ دینان) بەردەوام بووە یاخۆ بۆچی (بیهـ دینان) هەر لە هەرێمی داسنیان خۆی پاراستووە:

| | | |
|---|---|---|
| بیهـ دین | بیهـ دینان | (ان) هی کۆکردنە |
| دێویەسنا | دێویەسنان | (ان) هی کۆکردنە |

وشەی (دێو) لای هەموو گەلە هیندی ـ ئەوروپاییەکان، بەڵێ دەرهاویشتنی ئێرانییە زەردەشتییەکان، واتای بنەڕەتیی خۆی کە (خوا)یە پاراستوو. لای هیند deva. لای یۆنان zeus. بە لاتینی deus. بە فەرەنسەیی dieu.

وشەی یەسنا . هەر خۆیەتی دواتر لە فارسیدا بووەتە جشن و لە کوردیدا بۆتە جەژن.

لەم ڕوونکردنەوەیەدا کە هەمووی ئەوروپاییەکان کردوویانە. ئێمە لە حاڵ و باری خۆمان دەگەین کە داسنی ئەو خواپەرستانەن لە پێش هاتنی زەردەشت لە قالبی (دێو) وەکو گەلەکانی تر پەروەردگاریان دەناسی، هەڵبەت بە لای خۆیانەوە (دێو) هەر لەو واتایەدا مایەوە هەرچەند لە ماوەی چەندین هەزار ساڵدا گەڵێک لە باوەڕە کۆنەکانیان لە بیر کران و گەلێک شێوە باوەڕی تازە هاتە ناو دینەکەیانەوە. دەمێنێتەوە وەڵامی پرسیارێک لە خۆمانی بکەین: بۆ چی کورد بە تێکرایی دووجاران دینی خۆی گۆڕی، جارێکیان کە زەردەشت مەزدە یەسنایی داهێنا، جارێکشیان کە عەرەب ئیسلامەتی بۆ هێنا، کەچی ئێزدییەکان (داسنییەکان) لە هەردوو جاردا پەنجەیان لە دینی خۆیان گیر کرد؟

ڕاستییەکەی من ناتوانم بەڕەهایی و بەرمەیدان مل لێ نێم. دەزانم جوولەکەش پتر لە غەیری خۆیان ئەو ڕژدییەیان پێوە دیارە، تا ڕادەیەکیش بە خۆوەگلانی جوولەکە لە تەعلیماتی تەورات و تەلموود دەفامرێتەوە، چونکە لە ڕادەبەدەر هانیان دەدا بۆ خۆ بەگرینگ زانین (بەلای خۆیانەوە ئەوانن میراتگری ئادەم و نوح) بەڵام لە دینی ئێزدیاتی ئەوەندە نازانم پەنای ببەمە بەرێ بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە. ناوی (ئێزدی) خۆی هەندێکمان بەرێگاوە دەبات لە ڕووی ئەوەوە کە ناوی (ئێزد، یەزد، یەزدان) لای دینی زەردەشتیش ڕێزی لێ گیراوە. هەرچی (دێو) و دێویەسنەیە یەکجارەکی مورکی ناحەزایەتیی لێ درا لەلایەن زەردەشتەوە کە ئیتر ڕێ نەما کەس بەخۆی بڵێ دێوپەرست بەڵام (ئێزدر) حیسابی جودایە.

yaz واتای پەرستن (یەزەتە)ی لێ وەرگیراوە بەواتای (لایقی پەرستن) ئەم یەزەتەیە (یەزەد – یەزدان کۆیەتی)ی پەهلەوی و (أیزد)ی فارسیی لێ کەوتەوە. یەزەتە، دواتریش یەزد، بەفریشتەی چاکە ڕۆیشت. (ل، ٢٤٠ مزدە یسناو ادب پارسی باس کراو). ئەو هێزانەی لە زەردەشتیدا یەزەتەیان پێ گوترا و لە پەهلەوی بوون بە یەزد، لە کۆندا بەلای ئارياييیەکانیش پەسەند بوون. لەبەر ئەمە زۆر بە ئاسانی و بەنیازی خۆپارێزی دێویەسنەکان ناوە شرینەکەی (یەزد)یان بە خۆوە گرت کە ڕقی زەردەشتییانی لێ دوور دەخستنەوە، خەلەلێکیشی بە باوەڕیان نەدەگەیاند. ناوی (داسنی) لەلایەن ناحەزەکانیەوە پێیان دەگوترا.

لەلایەن گۆکردنەوە هەروەک فارسەکان (یەزد)یان کرد بە (أیزد) داسنییەکانیش کردیان بە (ئێزد) و (ی) نیسبەتیشیان بەپێی ڕێزمانی کوردی پێوە نا و وشەکە بوو بە (ئێزدی). دەبێ لە کۆندا (ئێزدیک) بووبێ، چونکە لە پەهلەوی و بەرەژوورتر ئەداتێ نیسبەت (یک) بووە، دواتر کافەکانی سواوە چ لە فارسی بێت چ لە کوردی. ئەم لێکدانەوەیە جۆرە مەسڵەتیکی خۆپاراستنی دێویەسنەکانی تێ خوێندووەتەوە کە حەق و پێویستیش بوو، بەڵام بایی تەفسیری تەواوی هەڵوەستیان ناکات. ئێمە نازانین لە دەمی پەیدابوونی زەردەشتی و دوای بڵاوبوونەوەی بە ئێران زەمیندا چەند تاقم مانەوە بە (karap ـ کەڕەپ ـ کەڕ) کە نەهاتنە سەر دینی زەردەشت، بەڵام بەپێی ڕاگەیاندنی مێژوو بە درێژاییی سەدان ساڵ تاقانە دینی ئیمپراتۆریەتی ئێران زەردەشتی بووە. لە لاپەرە ١١١، مزدە یسناو ادب پارسی هاتووە کە قاتلی[١] زەردەشت بەخۆی و پێنج

برایەوە ناویان لە نووسـراوەکانی (بندهشن، زات سـپرم) براوە و لە خـانەوادەی (کـەرِەپ) بوون. قـاتلێ زەردەشـت توورانی بوو نـەک ئێـرانی، هـەڵبــەت دواتر کـە ناوی بێت دەبێ لە (کـەرِەپ)ەکـان حـیسـاب بکرێ. بۆیە مـانەوەی دێوپەرست لەو سـەردەمـانەدا کە دینی زەردەشت فـەرمـانرِەوا بوو دیاردەیەکی سـەیرە و شـایەدی بۆ باوەرِ مەحکەمی ئەو کۆمەڵە دەدات. بەڵێ زەردەشـتی چاوپۆشیی لە جـوولەکـە و گـاوریش کـرد، بـەڵام ئـەمـانـە بێگـانـە و لـە نـەژادی غـەیـری ئـاریـا و ئێـران بوون و لەچاو سەردەمی زەردەشتدا زۆر بە درەنگەوە کەوتنە خاکی ئێران و قەڵەمرِەوی دینی زەردەشتی، خۆ گاو و (دییان) دەوری ٦٠٠ ساڵ دوای زەردەشت بڵاو بۆوە.

بەهـەمـەحاڵ ئێزدییەکان نموونەی هـەرە کۆنی دانیشـتوانی ئەو نـاوچـەیەن کە بەشی (ئێـرانـی) لە (هیندی ـ ئێرانـیـیـەکان) تێدا نیشـتـەجێ بوون واتە کۆنتـرین کـوردن و لـە باوەرِدا پێش ئاڤێسـتـا دەکەونەوە و دەبن بە هـاوتەمەنی (veda)ی هیند و لەویش کۆنتـر. ئەگەر باوەرِی پێش زەردەشـتیان بۆ پاراسـترابایە دەشیا بە نموونەی باوەرِی هـەمـوو گەلە هیندی ـ ئەوروپاییـیەکان حیساب بکرێت. بەڵام داخـەکـەم نەبوونی نووسـین لـە مـاوەی دوو هـەزار سـاڵدا (هـەتا کـەوتینە دەورانی بـابا طـاهـر و ئەحـمەدی خـانی و جەزیرەی... و ئیدریسی) پتر لە لمی بیـابان کە هـەمـوو شـتێک ژێر خـاک دەکات، زمـان و مێـژوومـانی ژێر مـەرگ خسـت، چونکە دەشێ چشـتی ژێر لم بە لێدانەوە، رِۆژەک لە رِۆژان، دەربخـرێتەوە، بەڵام وشـەیەکی لە زمانـدا نەمێنێ و نووسـینیش نەیپاراسـتبێ یەکجارەکی دەفـۆتێ. بۆیە سـاڵەهـای سـاڵە خـەفەتی بێ سـوود دەخـۆم لە هـەژەندی[٢] دیاردەی نەبوونی نووسینی کوردی و فەوتانی وشـە و رِووداوی کوردی بێ سـەروشـوون چوونی ناودارەکەی کورد لە مرۆڤ و لە خاک و لە ئاوی و لـە ئاوایی. لـە گـۆشــەیـەکی ناچاری و پەرۆشی بێ دەســەڵاتـانـەمــەوە تـەمــەنێکـە زەق زەق دەنۆرِمە ئەو دروشـمانەی کـەوا کز کز بۆ رِێنمـوونمیانم بەرەو رابووردوو دەجریـوێن وەکو ئەسـتێرە دوورەکانی کەشکەلانی فەلەک. لەو هـەوڵە قەلەندەرنامەوە وەکو سواڵکەر، بەدەم رِۆژگارەوە، کە چکە شـیـوێک لێـرە و گوێچکە نانێک لەوێ کـەوتنە ناو کـەشکۆڵی هـەژاریمەوە، بای ئـەوەی سـەری خـوێنەر بە گوتارێک بیەشـێنم (رِاستییەکەی پترم لا هـەیە، بـەڵام بەڵێنێک لێ ناگەرِێ جگە لە چەند وشـەیەک بدرکێنم)، لەو زەخـیـرە دەروێشـیـیـە گـرد و کـۆییم کـردووە چـەندێکی پێش کـرابێ خـەریک بووم ئەو وشـانە بدۆزمـەوە کـە لە کـوردیدا شـێـوەی ئاڤێسـتـایی یاخـۆ هـەر نەبێ کـۆنینەییـیـان پێـوە بێت و لە فارسیدا نموونەیان نەبێت. ناوناوەش وشـەی ئـەوتۆم هـاتووەتە بەرچـاو کەوا هـەرچەند لە فارسیشدا نموونەی هـەیە، بەڵام دەلالەتی وشـەکە خۆی لە فـەرهـەنگ و کـەلەپووری کوردیدا بایەخـێکی تایبـەتی هـەیە، یەکێک لەمانە وشـەی:

### دوغدو

ئەم وشـەیە ناوی دایکی زەردەشت و لە قـەومی مادە. گەڵێک سـەرچاوەی باوەرِ پێکراو ئەم رِاستییە دەڵێن، یەکێک لەوان کـتێبەکـەی (مزدسنا...)ی باس کراوە. لە لاپەرە ٩٠، ٩١ دا باسی دغدو دەکات کە دایکی زەردەشـتە و لە ئیسـپاتی قسـەی خۆم ئەم رِسـتـەیە لە دەست نەچووەی (هـادخت نسک)ی

ئاڤێستای دەهێنێتەوە:

ma azarayoish zarathushtra ma pourushashe ma Dugdovam aethrapaitish.

واتاکەی: مەئارێنە، زەردەشت، نە پوروشەسپ و نە دوغدو ونە هیربەدان.

پوروشەسپ باوکی زەردەشتە، دوغدو دایکیەتی، وشەی کۆتاییش شکڵی ئاڤێستاییی ئەو وەزیفە دینییە کە دواتر بووە بە هیربەد. دیارە (aethrapait) هیربەدە، (ish)یش وا بزانم نیشانەی کۆیە.

گرنگیی وشەی دوغدو لەوەوە دێت کە وەک لەو سەرچاوەیە نووسراوە، دەڵێ دوغدو هاوڕەگە لەگەڵ (دختر و دخت)ی فارسی و daughter ئینگلیزی و (دتر)ی لەهجەی گێلەکی. لەمەوە دەردەکەوێت وشەی دوغدو بەواتای کیژ سەرچاوەی (دختر)ە چونکە ئاڤێستا هەزار ساڵێک لە فارسی نوێ کۆنترە. لێرەدا خەفەتی بێ نووسینی دەمار کشت دەکات، تۆ وەرە خاوەن وشە بیت بەڵام خۆت لێی نیمچە دەستبەتاڵ بیت و خەڵکی تریش تەراتێنەی پی بکات. ئێمە لە پەڕاوێزێکی تەسکدا (دۆت) بەکار دەهێنین، ئەویش نەک تیکڕای کورد. هۆز هەیە دەڵێ (دۆت مام) بە واتای کیژی مام وەک کە دەشڵێن (پسمام) بە واتای کوڕی مام. ئەم (پس)ە لەگەڵ (پسر)ی فارسی یەک شتە. وشەی (پزدان)یش کە (مشیمە)یە ئەو (پس)ەی تێدایە. هەروەها دەڵێین: لە شایی دۆم لە دەستدا بوو. ئەم (دۆ)یەش (دۆت)ە و لێی قرتاوە. کەچی فارسی دختر، دخت، شاهدخت، آذرمیدخت و چەندین وشەی تری هەن بەوەوە شاد بوون.

دەمەوێ تۆڵەی دوغدو بە وشەیەکی تر بکەمەوە کە پایەی لە مەراسیمی زەردەشتیدا هەیە و نەشزانراوە لە کۆندا بە چیی گوتراوە، کەچی بۆم دەرکەوت کوردییەکی کڵاشخواری پەسەندە.

ئەم وشەیە (برسم ـ بەرسەم)ە. بەپێی ئەوەی کە لە یسنا ٢٥، بند ٣ی ئاڤێستادا هاتووە ur-varam baresmanim بە واتای: بەرسەمی درەخت یان گیا، دیارە ڕووەکە. لە کتێبی مزدەیسنای ناوبراو هەر لە لاپەڕە.. ٤٠٠ هەتا ٤١١ لەسەر بەرسەمی نووسیوە و دەڵێ لای کەس مەعلوم نییە کام ڕووەک بەرسەمە. دەشڵێ وشەی baresmanی ئاڤێستا لە وشەی barez بە واتای نەمووکردن هاتووە. ئەم barez بە ئاشکرا تێمان دەگەیەنی کە بەرسەم هەمان (باڕێزە)ی کوردییە کە بە دەوری ئاوی سارد و لە سێبەردا حەز بەڕووان دەکات. لە دەمی مەراسیمی دوعا خوێندندا هیربەدێکی سەرپەرشتیکەری ئاگر چەند چڵە باڕێزەیەک بە یەکەوە دەبەستێتەوە و دەستاو دەکات تا دەگەڕێتەوە جێگای خۆی لە (بەرسەمدان)دا، مووبەدیکی تر دوعاکان دەخوێنێ. لە وشەی ur-varamدا کەرتی (rva) پێیەوە دیارە کە (روا)کەی کوردییە. چەند جێی سەیر پێهاتنە کە تا ئێمرۆکە یاخۆ تا دەمی نووسینی کتێبەکەی مزدەیسنا نەزانرابێ بەرسەم باڕێزەیە، تومەز زمانی کوردی بەهەند هەڵنەگیراوە لەلایەن زاناکانی زمان و مێژوو بایی ئەوەی ناوناوە لە تەنگانەدا سەرێکی پێدا بگیرێ. هەر ئەم نائاشناییی نێوان زاناکان و زمانی کوردییە وەهای کرد کە لە دەمی باسکردنی وشەی pashush - haurvastan, fshu, pasu کە لە ئاڤێستادا بە واتای خوردە ئاژەڵی ماڵی هاتووە بە بیریاندا نەیەت کە ئەم وشەیە لە کوردیدا تا ئێستە لە شکڵی (پەز) زیندووە، هەر ئەوەندەیان زانی کە (چوبان)ی فارسی لەو وشەیە وەرگێراوە، خۆ (شوان)ی

کوردیش پتر دەقی کۆنی پارستووە، چونکە دەنگی (ش)ی (فشو)ی وەکو خۆی هێشتووەتەوە و نەیکردووە بە (چ). فشوان یان پەشوان بووەتە شوان... (بنۆڕە لاپەڕەکانی ٢١١، ٢١٤، ٢٢٦، ٢٤٥ لە فەرهنگ ایران باستان). مەبەس لە pashush - haurvastan ئەو قانوونانەیە کە لەبارەی سەگی بەر مەڕ داندراوون مافەکانی دیار کردووە.

لە لاپەڕە ٣٨٠ی مزدەیسنا و ادب پارسی، پەڕاوێز٢، وشەیەکی نرخدار خۆ بەدەست فەرهەنگی دێرین و نوێی کوردییەوە دەدات. ئەم وشەیە لە ناوتوێژی باسی (کستی، کشتی، کوستی، کوشتی) کەوا هەر لاپەڕە ٣٧٦ هەتا ٣٨٩ی گرتووەتەوە، هاتووە.

دەبێ بڵێم کوستی، کوشتی فارسی کە لە kostikی پەهلەوی وەرگیراوە کە ئەویش لە kostی ئاڤێستاوە هاتووە بە واتای تەنیشت، کنار کە لە لاتینی costa و لە ئیگلیزی coast و لە ئەڵمانی kuste و لە فرەنسەیی costeی پێ دەڵێن، ئا ئەم کوستی، کوشتییە پشتێنێکە لە تەمەنی پازدە ساڵەیی (بەپێی تەعلیماتی ئاڤێستای کۆن) دەخرێتە کەمەری گەنجی زەردەشتی، هەر لەو دەمەشدا کورتەکێک یا وشاکێکی کە لە کتێبەکەدا (صدره ـ واتە صدریە)ی پێ دەڵێ لەبەر گەنجەکە دەکرێت و لەگەڵ مراسیمی تایبەتیدا تەمەنی منداڵی بەجێ دەهێڵێ بۆ کامڵیی گەنجایەتی.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ناوی ئەو (صدره ـ صدریە)یە کە لە پەڕاوێز ٢، لاپەڕە ٣٨٠ لە بارەیەوە دەڵێ: نیز پوشیدن صدره (کە در پهلوی shapik آمده) ـ کە جامە مخصوص بهدینانست ـ واجب شمرده شده. واتا هەروەها لەبەرکردنی صدره (کە لە پەهلەوی shapik «شەپک» هاتووە) ـ کە جلکێکی تایبەت بە بیهـ دینانە ـ بە واجب ژمێرراوە.

وشەی (شەپک) کە (صدره ـ صدریە ـ پۆشاکی سینگ) بێت دیارە ئەو شەپکەیە کە لە (شال و شەپک)ی بەری بادینان دەیبیستن و لەبەری سۆران ڕانک و چۆغەڵی پێ دەڵێن. لەو لاپەڕەیەدا قسە لە بەند ١١، فصل یەکەم، کتابی سێیەمی (نیزنگستان) دەهێنێ کە دەڵێ: دەشێ کوستی لە خوریی مەڕ و مووی بزن یان وشتر بهۆندرێتەوە. لە بەندی ١٢ی هەمان فصل هاتووە. سۆشانس (مفسرێکی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییە) فەتوای داوە کە لە پەمۆش دروست بکرێ. لە فصل چوارەم، بەندی یەکەم، کتێبی شایست نەشایست هاتووە، ناشێ کوستی لە ئاوریشم بێ، بەڵکو پێویستە لە خوری یان موو.. بێت لەمەوە دەردەکەوێ کە خۆڕایی نییە هەتا ئێستاش (شال و شەپک) لە موو دروست دەکرێت. بەوەی مەبەست گیراوە لە مەراسیمی زەردەشتییان تەنیا شەپکە، هەرچی شالە چی دەبێ بابێ کێشەی بەداودا نایەت هەرچەند وەهام دێتە بەر زەین کە شال لەگەڵ شالوار خزم بێت، چونکە هەردوویان لەپێ دەکرێن و فۆرمیشیان لە یەکدی نزیکە، بەڵام بڕیەی لێ نادەم.

وشەیەکی ترمان هەیە زۆر بە سەیری دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین بەشەکانی ئاڤێستا. کە ئاڤێستا خۆی بریتییە لە پێج بەش (ل: ١٩٥، مزدەیسنا...)

١ـ یەسنا ٢ـ ویسپرد ٣ـ ڤندیداد ٤ـ یشتەکان ٥ـ مزدەئاڤێستا.

بەشی هەرکۆنی ئاڤێستا لە (یسنا ـ یەسنا)دا هاتووە بە ناوی (گاثا). ئەم وشەیە لە سانسکرێیشدا Gatha هاتووە. لە هەردوو سەرچاوەی ئاڤێستا و سانسکریتیشدا گاثا بە قسەی

هۆنراوە، شیعر، گوتراوە. لە لاپەڕە ١٩٦ی کتێبی ناوبراودا لەبارەی واتای گاثاکانی ئاڤێستاوە دەڵێ (سروود و نظم و شعر). دیارە سروود بە دەنگی بەرز دەخوێندرێتەوە. لە هەموو ڕوویەکەوە دیارە کە (گاثا) لە کوردیی سەردەمدا بەسەرا زاری ئێلی دزەیی دەوریی هەولێر و مەخموور لە شێوەی (گاس) ماوەتەوە کە دەڵێن (گاسی بکە، گاسم کرد) بە واتای: بانگ بکە، بانگم کرد. دەمێکە دەنگی (ث) لە کوردیدا گۆڕاوە بە (س) مەگەر لە هەورەماندا مابێت، بۆیە بە گۆڕانی (گاث) بە (گاس) کارێکی ئاسایی و ناچاریشە. کەسێکی بڵێ (گازی بکە) هەڵەی کردووە. ئەم وشەیەم لە بەراییی ساڵەکانی حەفتاکاندا لەگەڵ هەژار و زەبیحی باس کردووە و هەرکەسێکمان بەو ڕایە ڕازی بووین.

لە کۆتاییی ئەم گوتارەدا مەترسیی بەڵێنە باسکراوەکە پێمی کورت دەکاتەوە، سەرەنووکی وشەیەکی ئاڤێستا دەکەم بە دوعاخوازیی ناچاری بە ئومێدی ئەوەی لە هێنانەدیی بەڵێنەکەدا بە هەناسەی درێژەوە وتووێژی ڕیشەدۆزی بکەین.

لە پەراوێزی لاپەڕە ٣٥٦ و ٣٥٧، لە کتێبی مزدەیسنا... دا باسی دابەشبوونی شەو و ڕۆژ بە پێنج کات لە ئاڤێستادا دەکات، لێرەدا تەنیا ئیشمان بە دوو کاتەوە هەیە لەو پێنجانە:

بەشی دووەم کە نیوەڕۆیە (Rapithvina)یە پێ دەڵێت.

بەشی سێیەم ئەو زەمانەیە کە ڕۆژ بە پایان دەگات ناوی لێ دەنێ (Uzayeirna). ئەم وشەیە بریتییە لە پاشگری (ina) کە لە وشەی پێشووتریش دەرکەوت و لە ayar بە واتای ڕۆژ و لە پێشگری uz. ئەم (ئوز)ە بە واتای هەڵگرتن (برداشتن) دێت کە بریتییە لە توانا و هێز. ئێستا کە لە سلێمانی (uz، ئوز) لە فۆڕمی (وزە) بەکار دێت کە دەگوترێ: لە وزەی منا نییە. دوور نابینم (هێز) خۆیشی بەشێوە گوڕی لە (uz، ئوز، وزە)وە کەوتبێتەوە بەتایبەتی کە دەزانین گۆڕانی دەنگی هەمزە بە (ه) لە کوردیدا زۆر بەرچاوە.

تێبینی لەبارەی ڕیشە و ڕیشاڵەوە:

ڕیشە: تاکە یەک ڕەگی ڕووەک.

ڕیشاڵی: سەرلەبەری ڕەگەکانی تاکە ڕووەک.

ڕشەڵان: ڕیشاڵی چەندین ڕووەک تێک ئالابێت.

(١) ناوی قاتلی زەردەشت بەپێی خوێندنەوەی لە پەهلەوی چوار جۆر هاتووە:

Bard _ resh, Brat _ Royishn, Brat _ resh, Bratrok _ resh

(٢) هەژەند: وشەیەکی داڕژاوە لە ڕەگی (هەژ ـ هەژاندن ـ هەژان) و لە کێشی (تەژەند، ڕەوەند، زەبەند... ) بۆ ڕووداوێک ئەوەندە کاریگەر بێ مرۆ بهەژێنی، وەکو هەژەندی کوژرانی غاندی، هەژەندی تێکچوونی کۆماری مهاباد.

سەرچاوە: نووسەری کورد ژمارە ٥ خولی سێیەم ئەیلوولی ١٩٨٦

## سەجادی لە سەرەتای نەمریدا

ئەم ئەرزە گێل گێل بە ئاسمانی بەریندا دەخولایەوە بەرەو هەوارێک قورسایی تەرمی وەهبیی تێدا هەست پێ کردبوو بەسەر تۆپەڵەی سەریەوە... هێشتا سووڕی تەواوی نەدابووەوە ملی کەوتە سەر سنگ لەژێر قورسایی تەرمی سەجادیدا.. ساڵێکی نەبردبوو چرای دووەممان کوژایەوە.. چرا نەکوژایەوە، وشکایی نەوتی هات..

سفتوسۆی مەرگی غەریبانەی وەهبی جارێ لە دڵاندا کزەکزی بوو سەجادی پشکۆی تازە نابەجەرگەوە..

ئەرزی خۆمانە و دەیناسم، ناتوانێ بە کەللە دوو کەڵەمەیت هەڵگرێ. گەردەنی چەمایەوە و دەستی نایە ئەژنۆی.. لەگەڵ خەڵقدا بۆ خۆی گریا.

خۆت خۆش ئەرزی ماد و زەردەشت! لە جەزیر و بۆتانەوە بە بادینان و بابانەوە تا موکریان ئەردەلانت. خۆت خۆش هەموو کوردستان لە سنووری نادیارتەوە تا سنووری نادیارت.. خۆت خۆش بە بەرگی سووری شەهیدەکانتەوە. بە دایکە بێ ڕۆڵەکانتەوە. بە باوکە کۆستکەوتووەکانتەوە. بە ئاودێر و سەپانتەوە. بە ڕەنجبەر و گاوان و شوانتەوە.. بە خاک و ئاو و ئاسمانتەوە.

ئەو چاوە بەئەسرینەت لە سەجادی لار بکەوە. بە زاری منەوە زمانی گلەیی لێ ببزێوە.. تۆ دڵت نایەت؟ من پێی دەڵێم: چیی بوویت بە بەژنی کورت و چاوی کز و عەمامەی سپیتەوە ئاگرت بەردایە وەجاغی نووسینی کوردی و پشتت تێ کرد بەرەو چاڵی مەرگ دەک ماڵی مەرگت بڕمێ، وەی خانەی دوای مەرگت. خانەی دوای مەرگت با نەشێوێ! چ بشێوێ هەموو کوردستان و فەرهەنگستانە، دەمبیەیت؟ یان:

ئەوەندە خاکت لە جەستەبارە

نەجێگای بیستن نە رێی گوفتارە

دەمبینیت؟ یان پەردەی ئەستووری مەرگ نە چاو تێی بڕ دەکات و نە چاویلکە. دەسا پەردە هەڵدەوە.. پەنجەیەکت لە دامەنی چەنگاڵ بکەیت، بە سەرەتاتکە لەمدیوەی پەردەوە هەزارن سوختە و هەڤاڵی خۆت دەبینی وا لە جیهانی بووندا بۆت نیوە مردوون.

بۆ دڵیان نادەیتەوە؟ گۆڵێک لە گەوهەری ڕشتەی مرواریی مەرگستان، لەژێر لچکی پەردەوە بپژێنە ناو خەونیانەوە خۆ تۆ ئێستا گەوهەرچنی نالی و رەزا و حاجیت.

تیشکێک لە ڕووناکیی نۆدێیی و کاکە حەمەد و مەولەوی و مەولانا بە پەیکی فرشتە بۆ مریدەکانت بەڕێ کەیت!

تاوێک لە گەرمەی تەقریری حەیدەرییان و جەلییان و قەرەداغییان و ڕۆژبەیانییان.. لە

مصنفەوە.. لە بێتووشییەوە.. لە پێنجوینییە بەرەو وەجاغە سارد و پڕبووییەکانەوە گەرماژۆ بکەیت!

هەڵکشێیت بەرەو شادگەی گیانی جەزیری و خانی و هەمەدانی، جۆش و خرۆشێکی مەجزووبانەیان لێ بخوازیتەوە بۆ کۆڕی ڕەشپۆشی تازیەدارەکانت!

مـوژدەیەکی ئاشـتبـوونەوەی ئیـبنوئادەم و مـیـری ڕەواندزمـان لێت دەوێ لە بری قـورئانی سەرقەبرت!

ڕاز و نیازێکی بلێسەداری بەدرخان و شێخی پیران و خولە و قازی بە گزنگی خۆردا ئاوەژووی بەفرستانی هەواری چۆڵت بکەیت.

لە دەشت و دۆڵە گوڵگوڵییەکانی بەهەشت «گەشتێ بکەی بە پرسش و تەفتیش خوار و ژوور» قارەمانی لەبیرکراوەمان بدۆزیتەوە و فرمێسکی خەفەت و کەسەری فەرامۆشبوونی بهۆنیتەوە بەڕشتەی مرواری و ولاگیرەی کیژی بێ باوان.

بۆ ناکەیت؟ خۆ تۆ بە زمانی هەمووان دواویت و لەگەڵ هەمووان ئاشنایت! پەنجا ساڵە بێ تەلی هەستت خەبەری مردووان بۆ زیندووان سەرقەبر دەکاتەوە.. لەوەتەی بیر دەکەمەوە خامەت بێن و بەرامەی مەرگستانی بلیمەتی کوڕی لە ڕووی کوردەواری دەیژێنێت و بە زیندووکردنەوەیان تینێکی نوێ لە گیانی زیندووان دەگێڕێت.

بۆ ناکەیت؟ خۆ ئێمە لێت بێ نیازنین: چاومان لە ڕێتە.. ئومێدمان پێتە دوای کۆچیشت تیشک و پرشنگ لە پەردەی خەیاڵمان جلوەبەست بەکەیت.. کۆتر و پەپوولە و بولبول لە پەلکەزێڕینەی شەبەنگی گیانتەوە بە پانایی و بەرزاییی ئاسۆی کوردستانی مەرگ تێگەڕاو هەڵفڕێنیت.

بۆ ناکەیت؟ خۆ دەستی زۆردارت ناگەتێ بتگێڕێتەوە لە دەفەزەنیی ئاڵقە ئەو ڕوحپەرانەی وەک خۆت گەرمەتەریقی ڕاستی و چاکەن؟ جەردەی فکر و ئازادی و ئاشتی دووربەدووری لە دۆزەخی ئەهریمەنەوە تێوەت ڕادەمێنن، بای بەهەشتی بن باڵ و شاپەڕت بۆیان دەبێ بە دەرمانی کوێری. نە جندرمە و نە چاوسوورکەرەوە و نە خەفەکەر و نەفەسبڕی حکوومەتانی سەرزەمین هیچیان، دەست بە قەمچی، ناگەنە تازەدنیای گەلاوێژ و مێژووی ئەدەبیی دیوی قەبرەکەت. تۆ بەسەر باڵی فریشتە و پەرییەوە پەروازی گیان پاکانە لە گوڵ گەشتی کوردستان دەکەیت و تریفە و بریسکەی شاپەڕی ژەنگار بە دەورتەوە دەبێتە ترس و لەرزی کۆمەڵەی نوختەی تەفتیش و عەسکەری (کوا هەویەکەت).. ڕەهایت لە ترس و تەما، بێ نیازیت لە نیازبەخشان، پەردەش هەڵستاوە لە دڵەکەت و کۆش و باوشی ئەو دایکەی باری نالەبار لێتی دەشاردەوە. دەستێکتی بخەرە گەردەن و تێر تێر لە کەوسەری بخۆرەوە.. لە زەڵم و بێخاڵ مەلە بکە. بچۆرەوە بۆلای سەرچنار و:

بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کدووراتی سەرزەمین

شادبن بە وەصلی یەکدی کە تۆی طاهر ئەو طهور

خۆ تۆ لە چامەیی نالی و سالمەوە شیرمژی ئەو سەرچاوەیەیت، تا ئەوەی شیری دایک لە ڕۆڵەی

حەڵاڵ بووبێ هەر بابیی ئەوەیە کە سەرچنار بۆ تۆ حەڵاڵە.

تاڤگە نییە لە کوردستان لە چاوی تۆوە هەڵنەڕژابێ بۆ حاڵی کورد. هەڤاڵی چل و ئەوەندە ساڵەم!

تۆش ئۆغرت کرد بۆ دواین قۆناخی چوون و بەسەرچوون.. گەیشتیتە ئەو مەڵبەندەی کەس لێی ناگەڕێتەوە.. ئێستە وایت لە کۆچخانەی ئەبەد. بە نۆرە یەک لە دوا یەک ئێمەیش تاڵە شەربەتی گیانەلاوە دەنۆشین و چۆڕبڕی دەکەین، لە تروکەیەکی چاویدا نێوانی ئەزەل و ئەبەد دەپێچینەوە بۆ نەبوونستان. لە ئێمەش بە دواوە نامزەدانی مەرگ لە منداڵدانی عەدەمەوە بۆ دنیاکەی کاروانسەرا ڕەنگ دەخلیسکێن و لێی دەردەچن.. دڵۆپ دڵۆپ ئاوی ژیان دەتکێتە ناو هیچگەی بڕانەوە. نە دڵۆپی ژیان دەوەستێ و نە دەفری مردن پڕ دەبێ هاوار بەماڵم.

ئەرێ براله! مامۆستاکەم! چ باسە لەو خامۆشەوارە؟ ئەو حەڵقە چالاکەی بەرتیشکی ڕۆژ کە لێرە تێکیان دەهاویشت و کۆڕی ئاشتی و شەڕیان لە مەیدانی شەڕ و لە بازاڕی مامڵەت دەبەست ئێستە چی دەکەن لەو تاریکەمەنییە؟ بە چ زمانێک دەدوێن؟ چۆن تێک دەگەن؟ تۆ خۆت کە لێرە کۆتری ئاشتی و ڕاستی بوویت چ بازاڕێکی کڕیارت هەیە بۆ چنینی تان و پۆیەک لەو قوماشە؟ بۆت دەلوێ گیانە لێک تۆراوەکانی سەرزەمین بکەیت بە هاوڕێی تەبا و ڕەبای ژێرزەمین؟ کەس گوێی لێتە ئەفسوونی شیعریان لێ بخوێنیت؟ کەس کاری پێتە بە ئیکسیری ئەڤین گەشەداری بکەیتەوە؟ بۆت ساز دەدرێ ڕێزی نوێژکەران لە پەرستگەی ڕەنگ ڕووناکی، لە دواتەوە، کڕنوو ببەن بۆ نرخە زلەکانی ڕاستی و داد و شەرف؟

هەر ساتێک و هەر کاتێک دڵت لەو نشینگە تازەیەت تۆرا سڵت لە نوێژکەر و گوێدەر و پەنابەرین نوای قەبرستان کردەوە، بادەوە بۆ مەینەتخانەی پاش کۆچت و لە نوێ ڕای بزینەوە بە چراخانی هاتنەوەت لە حەج. بە هەموو عومرت دڵم لێت نەیاشاوە، دڵی کەست لێ نەڕەنجاوە، ئەم جارەشت وەفا بە وەعدە بکە و دڵم مەشکێنە: بگەڕێوە بۆ ماڵ و مزگەوت و کتێب و دەروێشەکانت.. دڵنیا بە! کەس بە مردووی دانەناوی. تۆ لە مردن گەورەتری.. مردن بە شاقەلێکی کەوا ئاو دامەنەکەش ناگات.. ناتوانێ وەک تۆز لە پێڵاوەکەت بنیشێ. کە دەمگوت مردوویت لە پەرۆشی خێری ئەو فاتیحانەم بوو بۆت بەڕێ دەکران. مردنی تۆ بەندە بە مردنی وشە و ئەدەب و ڕۆشنایی و ئەو خاکە و ئەو خەڵقەی مردنیان بۆ نییە. کورد و کوردستان هەر زیندوون، تۆش لە نێوەندی دڵیاندا.

تۆ لەم دەمە ڕاژێنی بێ بڕانەوە هەبوونی بێ کۆتایی بەسەر دەبەیت.

نووسەری کورد، ژمارە (١) خولی سێیەم. ١٩٨٥

# پاساوی کۆچ

محەمەد فەریق حەسەن

کاتی خۆی کەسیەتییە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکان، لەلایەن حکوومەتە ملهوڕەکانەوە، یان لەلایەن داگیرکەرانەوە نەفیی وڵاتان دەکران. وەک نەفیکردنی مەلیک مەحموود و شێخ حەمە غەریب بۆ وڵاتی هیندستان، تاکو ئەوانی سەرکردە، پێوەندییان بە جەماوەری خۆیانەوە نەمێنێت. بەڵام نهۆ خەڵکێکی زۆر بە حوسن و ڕەزای خۆیان پشت تاراوگە هەڵدەبژێرن. تاکو لەوێ تاڵاوی غەریبی بچێژن. چونکە خەڵکانێک هەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە دایکی نیشتمان لەبن کاریگەریی زڕبابێکی دڵڕەقدا جگەرگۆشەکانی خۆی پەڕاوێز خستووە.

وەلێ لە تاراوگەیش، تا ئەو ڕۆژەی دەمرن، هەر بەئاواتی گەڕانەوەن بۆ زێدی خۆیان. لە ناخەوە ئازار دەنۆشن و هەست بەوە دەکەن گوناهێکیان بەرانبەر بەنیشتمانی خۆیان کردبێت، یان بێ ئەمەکییان بەرانبەری نواندبێت، کە خۆمان نیشتمان بەدایک دەچوێنین. چونکە کۆچکردن، گەڕانە لە دووی نیشتمانێکی تر، لە بریی نیشتمانی دایک. یان دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکە بۆ نیشتمانی دایک.

کۆچ گواستنەوەیەکی کاتی نییە، لە دەڤەرێکەوە بۆ ئەوی تر. کۆچ بەتەنیا ماڵ گواستنەوەی تاک، یان خێزانەکان نییە، بگرە کۆچ دابڕانی تاکەکانە لە جەستەی نیشتمانی خۆیان. لەبەر ڕۆینی توانا، هێزی کار و هێزی مرۆییە، لە جەستەی نیشتمانێک، کە بواریان پێ نەدا ببێتە دایکێکی میهرەبان بۆ ڕۆڵەکانی خۆی. ڕۆئاوا ئەگەر بەهەشتیش بێت، ئەوا بۆ هاونیشتمانییانی ڕەسەنی خۆی بەهەشتە. خۆشیی وڵاتانی ڕۆئاوا لەوەدایە، تۆی ڕۆهەڵاتی بەگەشتوگوزار سەردانیان بکەیت و چەند هەفتەیەکیان لێ بگوزەرێنیت، یان بۆ خوێندن ڕوویان تێ بکەیت. وەلێ ئەوەندەی دیاردەی ئەم کۆچە بەردەوامە جێی ڕامانە، دوو ئەوەندە کەمتەرخەمی و بێدەنگی لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم دیاردەی کۆچە جێی سەرنج و لەسەر ڕاوەستانە. وا دیارە باوەپیارەی دڵڕەق، باکی لە ڕەوی

بەکۆمەڵی ئەو هەموو خەڵکە نییە، چونکە ئەو کۆچبەرانە بەنەوەی شەرعیی خۆی نازانێت و دڵی پێیان ناسووتێت.

وەلێ تاراوگە لایەنی چاکەیشی هەیە. تۆی ئاوارە لەوێ، لە نوێ لەدایک دەبییەوە. لە کۆت و بەندی عورف و عادەت، داوونەریتی چرووسێنەری خێڵ و لایەنە تاریکەکانی کولتوور، کە کەڵکی ئەم سەردەم و چاخەیان پێوە نەماوە، کەچی جڤاکگەلی رۆهەڵاتی هێشتا پێڕەوی دەکەن و دەستبەرداری نابن، رزگارت دەبێت. لەوێ هەموو دەرگەکان لە پێش تۆی کۆچبەردا ئامادەن. دەمێنێتەوە سەر خۆت. ئەگەر توانای کردنەوە و چوونە ژوورەوەیانت هەبێت. دەرگەی سامان، دەرگەی زانست، دەرگەی هونەر، دەرگەی زمان.

تاک لەو کوردستانەدا چەند بۆ خۆی رەنج دەدات و دەکۆشێت، گەرەکە ئەوەندەیش بۆ قایلکردنی دڵی ئەوانی تر تێ بکۆشێت. بۆ خوشک و برا، مام و خاڵ، خەزوور و خەسوو، بۆ خێڵ، بۆ پیرانی تەریقەت و شەریعەت.. وەلێ لە رۆئاوادا، تۆی کۆچبەر تەمەن و کاتت موڵکی خۆت و خێزانەکەتە. کەس لەگەڵتدا دوو کەرت و سێ کەرتی ناکات. واتە مرۆڤ لەوێ، بەتەواوی توانایەوە، بۆ خۆی دەژی و بۆ خۆی کار دەکات، بۆیە ئەو کارەیشی، کە رای دەپەڕێنێت، لەوپەڕی چلۆنایەتیدایە، ئەو ژیانەی لەوێ دەژی زۆرجار لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدایە و بەکامی دڵی خۆی چێژی لێ دەبینێت.

خۆ ئەگەر تۆی کۆچبەر نووسەر بیت و بتوانیت لەوێ بەزمانی ئەوان بنووسیت، یان هونەرمەند بیت، ئەوا دەشێ کارەکانت لەوپەڕی کامڵبووندا بن. چونکە وەک سووکەئاماژەیەکم پێ دا، لەوێ مێشکت بەهیچ کێشەیەکی تری لاوەکییەوە گیرۆدە و خجڵ نابت. لەوێ هونەر و ئەدەب لەمێژە بەکالا بوونە، لە بازاڕدا رکابەریی دەکەن. کێ بتوانێ هونەر و ئەدەبی ئاستبالا بەرهەم بهێنێت ئەو دەچێتە پێشەوە. لەوێ ئاستی ئەدەبی و هونەری گرینگە، نەک نزیکیی نووسەر، یان هونەرمەند لە حزب و دەستەڵات و کەسە دەستڕۆیشتووەکان. جڤاکی دیموکراسی وزەی زەینی و جەستەییی مرۆڤ وەک کارێزی بەهار دەتەقێنێت و تافەتاف لەبەری دەڕوات. خۆ سەرنجت داوە، چلۆن لە رۆهەڵات، لە تافی کودەتای سەربازی و شەڕی ناوەخۆدا، چەکمە لە پێ دەبنە خاوەنی هەم لوولەی چەک و هەمیش نووکی قەڵەم. هەر خۆیانن مەرسوومی سیاسی و کولتووریش دەردەکەن. بڕوام وایە، زۆرینەی گەلانی ناوچەی رۆهەڵاتی ناڤین، ئەگەر بێتو بەئاسانی لە رۆئاوا، وەک پەنابەر وەربگیرێن، دوای چەند ساڵێک ئەو هەرێمانە دەبنە چۆڵەوانییەک کوندەپەپوو تێیاندا بخوێنێت.

هەڵاتن لەوێندەرێ، هەڵاتنە لە زیندانی هەتاهەتایی، لە تاکپەرستی. هەڵاتنە لە سەرۆک و پادشایەک، کە هەتا مردن هەر خۆیان سەرۆک و پادشان. چاوەڕوانی لە نیشتمانێکی بەزیندانبووی وەهادا، وەک (چاوەڕوانی گەیشتنی گۆدۆ) وەهایە. پەژمووردەیی (حرمان) تا مردن بۆ خۆیان و داهاتووی لێڵ و نادیار چاوەڕوانی نەوەکانیانە.

کاتێک ئەو خەڵکە، لە ئەفریقیاوە بەرەو باکور کۆچ دەکەن، هۆکارەکەی بەپلەی یەکەم بۆ هەژاری دەگەڕێتەوە. واتە ئەو کۆچبەرانە، لە دووی ژیان، سامان و خۆشگوزەرانی کۆچ دەکەن. ئەوانە لە

گەشەسەندن و چاکبوونی دۆخی نیشتمانیی خۆیان هەناسەسارد و ئومێدبڕاو بوونە. سۆنگەی دووەمیش تیراوێی شەڕی ناوەخۆیە. لە وڵاتانی ئەفریقیادا، جەنگ کۆتاییی نایەت. وەک شەڕی ناوەخۆ و شەڕی نێوان خێڵە چەکدارەکان، لە وڵاتانی کۆنگۆ، سۆماڵیا، ڕواندا، سوودان، جەزائیر و کوێ و کوێ.. وەلێ لە کوردستاندا دۆخی شەڕ و شەڕی ناوەخۆ کۆتاییان پێ هاتووە.

وێڕای ئەوەیش، کوردستان هەرێمێکی زێدە دەوڵەمەندە. ئەگەر بێتو شێرپەنجەی گەندەڵی بنبڕ بکرێت، فرسەتی کار بەئاوایەکی دادپەروەرانە لە پێش هاونیشتمانییاندا، بەبێ جیاوازی مسۆگەر بکرێت، پێشنۆرە بۆ کەسانی بەتوانا و خاوەن بڕوانامە و ڕابردوو پاک بێت. سامان بەیەکسانی بۆ هەمووان بێت، دەکرێت کوردستانی باشوور ببێت بەیەکێک لە هەرە خۆشگوزەرانترین زۆنەکانی جیهان. بەواتایەکی تر، ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەیلی لێ بێت، پاساو بۆ دیاردەی کۆچکردن ناهێڵێت. بەڵکو دەتوانێت کارێکی ئەوتۆ بکات، ئەوانەیشی وا ساڵانێکە کۆچیان کردووە، لە بەرەوە، بۆ نیشتمانی باپیرانی خۆیان بگەڕێنەوە.

داخۆ ئەو پێنج کوردەی، کە خەڵکی پاژەکانی باشوور و باکور و ڕۆژهەڵاتن و بەمافی ڕەوای خۆیان سێپتەمبەری ٢٠١٠ گەیشتنە پەرلەمانی سوێد، ئەگەر لە هەر بەشێکی کوردستان ژیانیان بەسەر ببردایە دەیانتوانی چی بکەن و ببن بەچی؟

جەبار ئەمین: پارتی ژینگە

ئامینە کاکەباوە: پارتی چەپ

ڕۆزا گوێچلو هێدین: پارتی سۆسیال دیموکرات

ئیسماعیل کامیل: پارتی لیبراڵی گەل

شادیە حەیدەری: پارتی سۆسیال دیموکرات

سەرنج بدە، لەوێ ڕێژەی ژن پترە. سێ ژن و دوو پیاو. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە، لەوێ بە جیاوزیی ڕەگەزییانەوە، هەلی هاوسان بۆ مرۆڤەکان ڕەخساوە، ئەم پەرلەمانتارانە دووانیان (شادیە و ئامینە) خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، لە کاتێکدا ئەمانە لەوێ ڕاونراو بوون. مەعلووم ئەم تاکە چالاکانە، ئەگەر لە نیشتمانی خۆیان بژیانایە، نەدەبوونە خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵایەتیی وەها دیار و بەرچاو.

ڕاستە شەڕی ناوەخۆ کۆن بووە، وەلێ لە مێرگ و باخچەکانی وڵات، هێشتا شەڕی ڕاگەیاندنەکان لەگەڵ یەک و دوو بەرپایە و درێژەی هەیە، هەژموونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئاراستەی ناوخۆ دەکرێن نەک دەرەوە. ڕۆژنامەکان خەریکی کای کۆن بەباکردنن و دەفتەری کۆنی یەک و دوو دەخوێننەوە و لایەنە نەرێنییە تاریکەکان بە ترش و خوێی زیادەوە، لە سێبەرەوە دەخەنە بەر هەتاو، تاکو ئەوەیشی بێ ئاگایە لەمەولا لێیان بەئاگا بێ. هەموو ئەمانە ئاماژەی ئەوە بەو لاوانە دەدەن، کە شیمانەی شەڕی ناوەخۆ لە ئارادایە و ها ئێستا ها سەعاتێکی تر دەرگەیان پێ دەگرێت و جەولەیەکی نوێ دەست پێ دەکات. ئەوی بێ پشت و پەناش دەبێتە یەکێک لە

قوربانییەکانی.

ئەگەرچی جەولەکانی شاخ و نێوشاری شەڕی ناوەخۆ کۆن بوون، وەلێ ترس، سێبەر و کاریگەرییان لەسەر لاوان هەر ماوە. هەر ئەوانیشن دەبنە سووتەمەنیی جەولەی سێیەم ئەگەر خوانەکەران هەڵگیرسا. هەروەک پاساوی جەولەی سێیەمیش هەر ماوە. چونکە فەزایەکی سیاسیی ئەوتۆ لە گۆڕێیە، لانی کەم مرۆڤ دەتوانێت ناوی شەڕی ساردی لێ بنێت. لە دۆخی بەرپابوونی شەڕیشدا کەس نازانێت کەینێ کۆتاییی پێ دێت و چۆن چۆنی دەشکێتەوە.

وەلێ هەموو کەس دەزانێت، زیانی هەرە گەورە بەر توێژی لاوان دەکەوێت. ئەو خەڵکەیش هێشتا ترس و گومانی شەڕی ناوەخۆی لە یاد و دەروونددا ماوە و بنی ناوەتەوە. ڕۆژنامە سەرەکییەکان، هەر هەمان ئەو ڕۆژنامانەی شەڕی ناوەخۆن، کە بەنزینیان بەسەر ئاگردا دەکرد. میلیتارەکان هەر هەمان ئەوانەن، کە بەرگی سووری غەزایان پۆشیبوو. تەنانەت شاعیرانی شەڕی ناوەخۆیش لەوسای سەردەمی شەڕ بەڕێزتر و ئازیزتر سەیر دەکرێن. سوپا، پۆلیس و ئاسایش هێشتا سەر بە حزبەکانن. لە کاتێکدا ئەم ئۆرگانانە دەبێت ئۆرگانی دەوڵەت بن.

حزب بۆی هەیە ئاژاوەی تێ بکەوێت و دووکەرت ببێت و گرووی تری نوێی لێ جیا ببێتەوە وەک دیمان. حزب بۆی هەیە هەڵبوەشێتەوە. بەڵام ئەو ئۆرگانانەی باسمان کردن، دەبێ هەر بمێنن و قەوارەی دەوڵەت لە مەترسیی ناوەکی و دەرەکی بپارێزن. ئەم فەزایە، دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیریی دەروونیی چێ کردووە. تاکی کورد، لەو سۆنگەیەوە کە هەزاران ساڵە ژێردەستە ژیاوە، لە بنەڕەتدا کارەکتەرێکی بڕوابەخۆ لەقی، ڕاڕای ناسەقامگیرە، ئەگەر بێتو لەلایەن توێژەری بەئاگا و شارەزاوە توێژینەوەی زانستییانە بۆ ئەم کەسیەتییە بکرێت.

ئاوایە پرسەکە، ئەگەر ڕاگەیاندن بەدەست کەسانی ناشارەزاوە بێت، ئەوا دۆخێکی وا نائارام چێ دەکات، کە جاران بەعس مەبەستی بوو بۆ تێپەڕاندنی نیازەکانی خۆی هەڵی بخرێنێت و گۆمەکەی پێ لێڵ بکات. ئەم شەڕی ڕاگەیاندنە زۆر دڵڕەقانەیە. وەک عەرەب دەڵێت لە ژێی هەستاری (الوتر الحساس) یەکودووی پێ دەدەن. لەوانەیە فیتنەیەک بنێنەوە ئەوسەری دیار نەبێت. خێرخوایەک، پیرێکی ئەوتۆ، کە گوێی لێ بگیرێت، لە گۆڕێدا نییە، بتوانێت دەمکوتیان بکات، تاکو ئەو جەماوەرە نەحەساوەیە، بەو ڕادەیەش دووچاری دڵەڕاوکێی زیاتر نەبێت، کە خۆی بەدرێژاییی تەمەنی لە دڵەڕاوکێدا ژیاوە. مانەوەی تاک لە ژینگەیەکی وەها دڵڕەق و نادروستدا، هیچ واتایەکی نامێنێت.

لانیکەم دەتوانم بڵێم لاو کاتێک هەستی بە پەژموردەیی و هاوسەرکەمی (حرمان) کرد، ئیدی هەست بەشوناسی خۆیشی ناکات. یان گوێڕایەڵی بۆ شوناس لە دەست دەدات. ئەوەیش بزانە، گەنجی ئەم سەردەمە گەلێک بەئاگاترە. بەشێکی زۆری ئەوانەی وا دووچاری ئەم دۆخە بوونە، لە دەرچووانی زانکۆن. کاتێکیان بەخۆیان زانی تەواوی خەونەکانیان با بردوونی.

گەنجی ئێستا لە ڕێی ئامرازەکانی پێوەندییەوە، کە لە هەموو ماڵێکدا هەن، ئاگەداری دنیا و

ڕەوشی ژیانی ئەوبەری دەریا دوورەکانن. ئەم گەنجانەی ئێستا، کۆپیی ئەوانەی پێش ڕاپەڕین و پێش سەروەختی ئابڵووقەی ئابووری نین. ئەمان گەنجی سەروکڵاوی کرانەوەی دنیان. لاوانی سەردەمی کاڵبوونەوەی سنوورەکان و لاوازبوونی حکوومەتی نێوەندی و هاتنە پێشەوەی مافی مێیینەن. ئەگەر بواری دەرچوونیان لە وڵات بۆ نەڕەخسا و ناچار بوون لە زێدی خۆیاندا ژیان بەسەر بەرن، ئەوا بەشێک لەوانە، لە تۆڵەی ئەو دۆخەدا کە تێی کەوتوون، وەک پەرچەکردار، لادان، سەرکردنە سەر خواردنەوە، پەنابردنە بەر توندوتیژی و تێکەڵبوونی باندەکان چاوەڕوانیان دەکات.

لاوی ئەمڕۆ لە دوای چێژوەرگرتن و ڕابواردنی لەم ساتەوەختەدایە، کە حاڵی حازرە و تێیدا دەژی. تاکی ئێستا، نەک هەر لە کوردستان، بگرە لە جیهانیشدا لە دووی خوێندنەوەی مێژووی کۆن نییە. یەک لەباری ئەو، بردنەسەری ئەم ساتەوەختە بەخۆشگوزەرانی، جێی نیشتمان و ئەو قوربانییانەیش دەگرێتەوە، کە مێژووی ئەم دەڤەرەیان بەم ڕۆژە گەیاندووە. ئەمەیە ئامانج و سایکۆلۆجیای لاوی ئەم سەردەمە.

هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەت تیڤی لە گشت دنیادا گرینگی بەم چرکەساتە دەدات، کە مرۆڤی تێیدا دەژی، نەک بەڕابردوو. مۆدێلی ئەمڕۆی قژبڕین، مۆدێلی ئەمڕۆی خواردنی خێرا، تی شێرت، پێلاو دانس و دیسکۆ و موسیک. حاڵی حازر بەلای گەنجی ئەمڕۆوە گرینگە. ئەوی لاوی سەردەم، بیر لە مۆدیلە کلاسیکییەکانی ئەو ڤیگەرانە ناکاتەوە، کە ڕیزم کردن. ئەوەی بیری لێ کردەوە غەریب و نامۆ و هاوڕێکەم دەمێنێت و تووشی کێماسی دەبێت.

کێ جارێک لە جاران تیڤییەکی دیوە ڕێکلام بۆ خوودەی ڕۆمانی بکات؟ لەو جۆرەی وا سەربازی نێو فیلمە کۆنەکان لەسەری دەنێن. ئەوروپاییەکان هەرگێز ڕێکلام بۆ کەوڵی ئەسکیمۆ، کاڵە و پێتاوی کۆن و شمشێری پان و (سکۆل)ی ڤیکینگەکان ناکەن. هیچ کۆمپانیایەکیش ئەو کۆنە کاڵایانە بەرهەم ناهێنێ. ئەوان لەوێ ڕێکلام بۆ نوێترین بەرهەمی کارگەکانی ئەدیداس و پووما و دیزڵ جینز و کاوبۆی دەکەن. لاوی ئێستا دەبێت فریا بکەوێت زوو زوو مۆدێلی تەلەفۆنە دەستییەکەی بگۆڕێت، نەبادا لە کاروانی سەردەم دوا بکەوێت. ئەو مەبەستیەتی هەموو کات لە ئێستادا بژی.

تەنانەت دەنگوباسیش، ئەگەر شەوی بەسەردا چوو، کۆن دەبێت و کەس گوێی لێ ناگرێت، چ جای مێژوو. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەدەیە.

لە کەناڵی (تیڤیتی توو هەواڵ)ی دانیمارکدا، دەنگوباس هەموو سەری چارەکێک پێشکێش دەکرێت و نوێ دەبێتەوە، نەک هەموو سەری سەعاتێک. بەو چارەکە سەعاتە، هەم فریای هەواڵی ناوەخۆ و جیهان و هەمیش فریای ڕێکلام دەکەوێت. ئەوان لێڕاهاتوون وێنە و هەواڵەکان چڕ دەکەنەوە. لەلای خۆشمان نایبڕنەوە و نووزەدرێژن. زەمەن لەوێ هێشتا وەک باوێشک خاوە. دەتوانم بڵێم ئەوەندەی هەواڵ لەو چارەکەدا پێشکێش دەکرێت، لە کوردستان، لە شەو و ڕۆژێکدا پێشکێش ناکرێت.

هەواڵ لە گرینگەوە دەست پێ دەکات. گرینگ بۆ هاووڵاتی، نەک بەپێچەوانەوە، وەک لە ڕۆهەڵات باوە. وێنەکان هێندە سەرنجکێشن، مەردم بەدیار خۆیانەوە ئەوق دەکەن. ئەم جۆرە هەواڵ پێشکێشکردنە ئەوەیش دەگەیەنێت، کە دەنگوباسەکان چوار هەندەی ئەوێ خێرا پێشکێش دەکرێن. وێنەکانیش چوار هێندە چڕتر و جوانتریشن.

مرۆڤ گەرەکە لە ئێستایەکی ئەبەدیدا بژی. لە ئێستایەکی تاسەردا بژی، نەک لە ڕابردوودا. چونکە لەم چەرخی خێراییەدا، زۆر بەگورجی ئێستا بەڕابردوو دەبێت. بۆیە پێویستە بە خێراییەکی زۆر دەنگوباسەکان لێرەوە بگەنە کەراچی و لەوێوە بۆ مەقەدیشۆ و بیشگەڕێتەوە بۆ هەولێر. ئەوەیش بزانە، کە پێشکێشکردنی هەواڵ بەشێوەیەکە، بینەر یان بیستەر فریای ئەوە ناکەوێت، بەبیری خۆی، هۆکار و ئەنجامی و ڕووداوەکان پێکەوە ببەستێتەوە و هەڵیان بسەنگێنێت، چونکە هەواڵی تری گرینگتریان بەشوێندا دێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تاکی کورد ئەوەیە، کە شارەزای مێژووی خۆی نییە. کورد مێژووی خۆی تۆمار نەکردووە و گەلێکی زارەکی بووە. ئێستا لەو سۆنگەیەوە بەکورتی باسم کرد دەها لە جاران خراپترە، ئێستا نەک مێژووی کۆن، بگرە دوێنێی خۆیشی لە یاد نەماوە، چ جای شۆڕشی نوێ. کورد گەلێکە لەبیرچوونەوەی (فقدان الذاکرة)ی دەستەجەمعیی لەگەڵدایە. وەلێ ئەوەیشیان چەقبەستنە، کاتێک دەبینیت ئیمامێک پازدە سەدە لەمەوبەر شەهید بووە، یان لە دنیا دەرچووە، کەچی شوێنکەوتووەکانی ئێستایش هەر بۆی دەدەن لە سینگ، وەک ئەوەی هێشتا پرسەکەی هەڵنەگیرابێت. کاتێک مرۆڤ گرینگی بەمێژوو نادات و تەنیا بۆ حاڵی حازر دەژی، واتە لە هەلومەرجی وەهادا ئەوێتی (شوناس) بۆ ئەو بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت. چونکە ئەو دەبێتە تاکێکی کۆسمۆپۆلیت. چونکە لە وەها جڤاکێکدا، کە باسمان کرد، شوناس وابەستەی سەرکردە و فیگەرە کارێزماکانی نێو مێژووە. ئەوانەی وا لە کۆندا جێی شانازی بوون، لە هەر سۆنگەیەکەوە بووبێت بەناوداو بوون. وەک ناوداوی ئاینی و ڕامیاری و کولتووری.

باوەڕ ناکەم ئێستا لە کوردستانی باشووردا ئەوێتیی (شوناس) باو، نەتەوەیی بێت. جا ئەگەر شوناسی نەتەوەیی باڵادەست بێت، بۆمان هەیە بپرسین: لە پای چی فایل ڕەش حوکم دەکات و کۆنەجاش دەستی دەڕوات؟ پێم وایە لەوێندەرێ شوناسی تاک بەم چەند فیگەرە دیاری دەکرێت: داخۆ تاک لەنێو چ جۆرە خانوویەکدا ژیان بەسەر دەبات؟ کامە جۆر ئۆتۆمۆبیلی لەژێردایە؟ ڕۆژانە یان مانگانە چەندی پارە دێتە گیرفان؟ کۆمپانیاکەی چەند دەستمایەیەتی؟

تاک لەوێ بەدەسەڵاتی پارە و ئاینی دەمارگیر و میلیتار و هێزی نادیار دۆڵپێچ کراوە. تاک بێ کیانە. بەرگەی هێزی لە بن نەهاتووی ئەم فیگەرانە ناگرێت و خۆی پێ ڕاناگیرێت. ئەو ناچارە، یان دەبێت لە تەک یەکێک لەم هێزانەدا بێت (پارە ئاین و میلیتار) بۆ ئەوەی ئەو (من)ە بێ هێزەی خۆی لە نێو (ئێمە)دا بتوێنێتەوە، بەو ئومێدەی بەرگریی لێ بکەن و دەستیان بەباڵییەوە بێت.

تاک لەوێ ئاگەداری ئەوەیە، سەتەلایتەکان لە ئاسمانرا، بە سێ دەنگان گازی دەکەن و

ختووکەی ئەقڵی دەدەن.. ئیرۆتیکا، سەما و موسیکی خێرا، لە ڕێی سەتەلایت و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە یەک بەخۆیان بانگی لاوان دەکەن و فەرموویان لێ دەکەن، تاکو بچن بەشدار بن. ئەویش لەلای خۆیەوە تیزوفیزێک بەسەر شوناس و بەسەر مێژوو و جوگرافیادا دەهێنێت و پێی لێ دەکات بەپشتدا. لەلایەکی ترەوە، جڤاکی ئێستا لەسەر بناغەی قازانجی خێرا و خەیاڵی بنیاتنراوە و لەوێش هەر پارە باڵادەستی سەرەکییە. ئەم تاکە سەرمایەی بەدەستەوە نییە تاکو بیخاتە گەڕ و قازانجی بۆ مسۆگەر بکات. چونکە پارە پارە ڕادەکێشێت. ئەمە هاوکێشەیەکی ئاسانە و هەموو گەنجێک تێی دەگات. جیهانگیری واتە قازانجی خێرا و کێبەرکێ و بازاڕی کراوە، لە پێش کۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا. وەلێ ئەم لاوە لە دوورەوە بینەری دۆخەکەیە. زرتەی چاوی دێت و هیچی لە دەست نایەت. بۆیە چاری تاکی لەم جۆرە هەر ئەوەیە سەری خۆی هەڵبگرێت و ڕێی هات و نەهات بگرێتە بەر.

هەموو شتێک لە گۆڕانە، بەچەمکی غەریبیشەوە. جاران ئەگەر کوردێک بەهۆی پیشەکەیەوە، بکەوتایەتە ناوەڕاست، یان باشووری عێراقەوە خۆی بەغەریب دەزانی. ئێستاش بەدەیان هەزار کورد ئاوارەن. هەیانە و زۆریشن ئەوانەی لە وڵاتی خۆیاندا ئاوارەن و لەبن چادردا ژیان بەسەر دەبەن. هەشیانە وەک پەپوولەپایزە بەم دنیایەدا بڵاو بوونەتەوە. لە کەنەدا و ئەمەریکاوە بیگرە بۆ نیوزلەندا و ئوسترالیا و ئەوروپا.. ئێستا بەشێک لە کوردان لە ئەوروپا دەژین، کاتی ئەوەیش هاتووە بیرێک لە چارەنووسیان بکرێتەوە. لەم دنیا بەرینەدا چۆن خۆیان ڕێک بخەن و خۆیان بگونجێنن؟ بەمەرجێک زمان و کولتووری خۆیان نەدۆڕێنن، دەنگ و ڕەنگ و دیمەنیان لەنێو ڕەوەندەکانی جیهاندا هەبێت.

### هاوولاتی، یان غەریبەکانی ناوەوەی نیشتمان؟

کاتێک داهاتی هاوولاتییەکی مووچەخۆر کرێ خانووەکەی تەواو ناکات و پەرلەمانتارێکیش دەتوانێت مانگانە پارچەیەک زەوی یان ئوتوموبیلێکی یابانیی کیلۆمەتر سفر بکڕێت، ئیتر ئەو پەرلەمانتارە ناتوانێت ببێتە نوێنەری ئەو هاوولاتییە. کاتێک لە وڵاتێکدا، هاوولاتییەک شەو دەنێتە سەر ڕۆژ، کار دەکات، ڕادەکات و هەدادانی نییە، کەچی هێشتا هەر ناتوانێت بژێویی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات، لەولایشەوە دراوسێ بێ بڕوانامەکەی، کە نە لە بابییەوە هیچی بۆ ماوەتەوە، نە لۆتۆی بۆ دەرچووە، کەچی گەمە بەدەفتەرە دۆلاران دەکات. ئیتر نموونەی یەکەم هەستی غەریبی دایدەگرێت، چیی تر خۆی بەهاونیشتمانی نازانێت. چونکە ئەو ئەگەرچی ئەرکی لەسەر شانە، وەلێ مافی نییە. بگرە ئەو جیاوازکاریی (تمیز) لە تەکدا پیادە کراوە.

ئیدی ئەو جۆرە تاکانە خۆیان بەغەریب و ئاوەکی دەزانن. ئەوانە، لەبەر هەر هۆیەک بێت، لە خۆیان ڕانابینن ئەو ڕێسا و یاسایەی وڵات بەڕێوە دەبات بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و کەسانی تری وەک خۆیان بگۆڕن. بۆیە بیر لە هەڵاتن بۆ جێیەک دەکەنەوە بیکەن بەنیشتمانێکی نوێ بۆ خۆیان.

ئەو لەسەر پارچە زەوینێک لەدایک بووە، ئەوەندە دەوڵەمەندە، ئەگەر دادپەروەرانە بودجەکەی دابەشی سەر تاکەکان بکرێت، ئەوا هەر تاکێکی سەر ئەو خاکە بەلووعەی ماڵەکەی دەبێت بەزێڕ، چ جای ئەوەی بێ ئاو و کارەبا بێت و نان نەبێت بیخوات و جێی نەبێت تێیدا بحەوێتەوە. جا ئیتر تاکی وەها چلۆن هەست بەغەریبی ناکات؟

دەڵێن ئەم وتە جوانە فەرموودەی ئیمام عەلییە: (الفقر في الوطن غربة، والمال في الغربة وطن) بۆیە تاکی وەها بارکەوتوو غەریبی هەڵدەبژێرێت و حەوت بەرد بەدوای نیشتمانی وەهادا هەڵدەدات. بەڵکو سا لە دەرەوەی ئەو نیشتمانە، بتوانێت دەستمزی کاری خۆی بخوات. بەڵکو لەو هەژارییە ڕزگاری بێت. نیشتمانی بێ نان و بێ ئاو و بێ ئۆرت چی لێ بکات و بەکەڵکی چی دێت؟

ئاخۆ هەموو ئەوانەی بێکار و بێ ئیختیار وەک پەیکەر لەسەر پیادەڕەو و نێو پارکەکاندا وەستاون هاونیشتمانین؟ کاتێک دەوڵەت جێی دڵخۆشی و ستایشە، هاونیشتمانیان بێ خەم و یەکسان بن. بەرپرسان هیچیان لەوان زیاتر نەبیت و دەستیان خاوێن و سپی بێت. لە کۆمەڵی دیموکراسیدا هەردوو لایان، نیشتمان و هاونیشتمانی بەڕێزن. وەلێ ئەگەر هاتوو هاونیشتمانی ڕێزی لێ نەگیرا، ئەوا نیشتمانیش بێ ڕێز دەبێت. چونکە ئەودەمە هاونیشتمانی خۆی بەبێ ڕێز دەبینێت. چونکە ئەم دووانە تەواوکەری یەکدوون. کەسێک خۆی بێ ڕێز سەیر بکرێت، چلۆن دەتوانێت ڕێز لە دار و بەرد و ئاو و سنووری نیشتمانێک بگرێت. ئاخر نیشتمان بەوانەی وا لەسەری دەژین نیشتمانە. هەندێ جاران هاونیشتمانی هەر بەقاپڵووخەکەی لەسەر ئەم خاکە دەژی. ئەو حزب و کەسیەتییانە نابێ نەزانن، کە لە دواجاردا هەر هاووڵاتییە کە ئاسایشی نیشتمان و دەوڵەت دەپارێزێت، یان دەیخاتە ژێر پاڵەپەستۆ و هەڕەشەوە، وەک لە وڵاتانی میسر و تونس دیمان. لەم هەرێمەدا چاودێر هەست بەوە دەکات دووانەی سەروەر و کۆیلە هەیە. کۆیلەش بەهاووڵاتی نایەتە حیسابکردن.

کاتێک تاک لەم هەرێمەدا دەبێتە هاووڵاتی، یان هاونیشتمانی، ئەو بەرپرس یان کوورە بەرپرسەی درەنگ بۆ کارێک ڕووی کردووەتە فەرمانگەیەک، ئەویش بۆ ڕاییکردنی کارەکەی سەرە بگرێت. بەڵێ خەڵکی لە کۆمەڵی وەهادا سەر ئازادن. ئەگەر کاسبکارێکی ئاسایی نەتوانێت ببێتە هاوڕێی بەرپرسێک، کە هامشۆ و دۆستایەتی لە نێوان موسڵمانێک و ئێزدییەکدا چێ نەبوو، کاتێک ژن و ژنخوازی لە نێوان چین و ئۆلە جیاوازەکاندا چێ نەبوو، واتە چەمکی هاونیشمانیبوون لەو دەڤەرە باری کردووە. ئەوەش بزانە کە کۆیلە و خاوەن کۆیلە نابنە ئاشنا. ئاخۆ کۆیلە مافی بەشداریکردنی لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتدا پێ دەبڕێت؟ ئاخۆ بت و بتپەرست هاوکوفن؟ پرسیارێک، کە لێرەدا لە جێ و ڕەوایە بورووژێنرێت ئەمەیە: ئاخۆ دەوڵەت بەبێ هاووڵاتی چێ دەبێت؟ لەسەر ڕووبەرە خاکێک کە تەنانەت شەهیدەکانیشی نایەکسانن، تەنیا کۆمەڵێکی لێکەوتە چێ دەبێت.

# بێکاری

ڕەنگە ئاسانترین و کورتترین پێناسەیەک بۆ تاکی بێکار، ئەو کەسە بێت، کە بەشوێن کاری گونجاودا دەگەڕێت و دەستی ناکەوێت. هەروەک دەشێ خراپترین جۆری بێکارییش ئەوەیان بێت، کاتێک تاکێک بەناچاری دوو یان سێ جۆر کار دەگرێتە دەست، شەو دەنێتە سەر ڕۆژ، کار دەکات بەڵام هێشتا هەر تێی ناهێنێت و ناتوانێت ژیانێکی شەرەفمەند بۆ خۆی و خێزانی دابین بکات. وەک لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوین بە ڕوونی دەبینرێت. لە دۆخی وەهایشدا، تاک ناچارە لە ژینگەیەکی پیسی ناتەندروستدا زۆر بڕەنجێ و کەمی دەست بکەوێت. خەرجیی تەواوی بۆ گەشت و سەیران و سەرگەرمکردن بۆ نەمێنێتەوە. ڕۆژانە چەند سەعاتێکی بۆ پشوو و دەمەتەقێ لەگەڵ کەسە نزیکەکانی خۆیدا بۆ نەمێنێتەوە.

ئێمە لە کوردستان، هیچ ئامارێکی ڕاست و دروستمان بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی بێکاری لە بەردەستدا نییە. چونکە دەزگایەکی شارەزا لە ئارادا نییە لە دیاردەی بێکاری بکۆڵێتەوە. یان هەوڵ بدات کار بۆ بێکاران بدۆزێتەوە و فێری پیشەیان بکات، وەک لە وڵاتانی ڕۆئاوادا هەیە. هیچ دەزگایەکیش بە ئەلیکترۆنی نەکراوە تاکو داتامان سەبارەت بەکۆمەڵی خۆمان هەبێت. ئێستاش وەک سەردەمی عوسمانی، فەرمانگەکان هەر بەقەڵەم و کاغەز کاری هاووڵاتییان ڕایی دەکەن. کە ئەمەیش ئەرکی زۆر و کاتی زۆر دەبات و ژمارەیەکی زۆریش لە فەرمانبەر دەکات بە بەتاڵەی داپۆشراو. بەڵام بەچاوی خۆمان دەبینین، پتر لە نیوەی ژنان هێشتا هەر ژنی ماڵەوەن. مەگەر بەدەگمەن، دەنا خێزانێک نادۆزیتەوە کەیبانووی خوار تەمەنی خانەنشینیی تێدا نەبێت. بەشێکی ئەو خێزانانەی دەرچووی پەیمانگە و زانکۆیان هەیە، لانی کەم بێکارێکیان هەیە. ئەمەیش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە. ئەم ڕێژەیە، هەندێک جاران زۆرینەی بێکاریی کردووە بەبار بەسەر کەمینەی کاراوە. ئەو تاکەی بێکار بێت، کەسێکی پاسیڤی بێ هەست و سۆزیشە. هەستە جوانەکانی لە دەست داوە. ئەو وەک کەسانی کارا چێژیان لێ وەرناگرێت، یان وەک پێویست نایانخاتە کار. لەگەڵ کێدا بیانخاتە کار لە کاتێکدا ئەو تێکەڵ بە کۆمەڵ نەبێت؟ ئەو بەخۆیدا نانازێت، چونکە ئەو تاکێکە جێدەستی بەڕووداو و دەزگە و پرۆژەکانەوە دیار نییە. ئەوی بێکار لە پێوەندیدا نییە لە تەک مرۆڤەکانی تردا، خۆشەویستی و سۆزبەندی و هەڤاڵبەندی لە ڕێی کارەوە پەیدا دەبن. لە کێڵگە، لە کارگە و فەرمانگەکان چەکەرە دەکەن. لەوێدا مرۆڤ ناچارە بەتەنگ دڵی هاوڕێ و هاوپیشەکانی خۆیەوە بێت. خەمەکانیان بەخەمی خۆی بزانێت. هەوڵ بدات بۆ دەربازبوون لێیان چاری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. لەوێ گەشە بەهەستە جوانەکان دەدات.

بۆیە ئەوەی بێکار بوو هەستە جوانەکانیش لە دەست دەدات. هەر بێکارەکانیشن پێیان لە داوی باندەکانەوە دەئاڵێت و کاری خراپیان لەدەست دێت. تاکی بێکار بۆی هەیە بەقسەی لووس بخاپێت. بۆی هەیە تۆڵە لەو کۆمەڵە بکاتەوە، کە لەوێدا پشتگوێ خراوە. ئەگەر بڵێی ئابووریی ئەم وڵاتەی ئێمە ئەوەندەی بەبەرەوە هەیە، کاری شەرافەتمەندانە بۆ تەواوی لاوان مسۆگەر بکات.

# پێکهاتەناسیی شیعر و
# ئەدەبیات و وێژەوانیی کوردی و پێوەندییەکانی

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

گەلی کورد لە کەوشەنی جوگرافیاییی بەرینیدا، بە فەرهەنگی لەمێژینە و زمانی پاراو و نووسراویەوە و وێڕای هەموو داوونەریت و بیروبڕوای قووڵیەوە، کە بەشێکە لە شارستانییەتی کۆن و لەمێژینەی میزۆپۆتامیا و ئەرران و ئازەربایجان و کوردۆک، خاوەن ڕابردوویەکی پڕ خەم و کەسەر. ئەدەبیات و وێژەی ئەم گەلە وەک دایکێکی ئازارچێشتووە کە بەیت و گۆرانی و هۆرە و حەیران و چەمەریی لە خەزێنەی فەرهەنگی کەونارا خۆیدا هەڵگرتووە و کەچی ڕۆڵەکانی بەبێ گوێدان بەخەزێنەی دەوڵەمەندی باو و باپیران و لەبەر نەفرەدران بەدەستی بیانی و هەندێ جار شارەزایی بەفەرهەنگ و کولتووری خۆیان، بەلایاندا تێپەڕ دەبن و بەردەوام بەهۆی روانینی رووکەش و بێ رۆچوون و قووڵبوونەوە و بەراوردکردن و تێڕامان، زیاتر دەبنە هۆی لەبیرچوونەوە و لەناوچوونی؛ ئەدەبیات و شیعری گەلانی پێشکەوتوو و زیندووی جیهان بە پشتبەستن بە بنەمای پتەوی بەرهەم و ئەندێشەی رابردووی خۆیان، ڕێگەی پێشکەوتن و سەرکەوتن بەردەوام دەکەن و هەرگیز پشتیان نەکردووەتە پێشینەی ئەدەبی و خەزێنەی ڕابردوویان ، ئەگەر ئێستاش کەسانی بەتوانا و خاوەن بەهرەیان زۆر بن نیشانەی ئەوەیە کە ڕێگەیەکی پڕ لە سەرکەوتن و پێشکەوتنیان بڕیوە. بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە شاعیران و ئەدیبان و توێژەرانی بواری ئەدەبی ئەمڕۆی کورد، پێوەندیی لەگەڵ کولتووری دەوڵەمەند و دەریای پڕ شەپۆلی کولتووری خۆیان دروست ناکەن و ئەم متمانە بەخۆنەبوونەش لە بواری ئەدەبی و فەرهەنگیدا، بەڕاستی سەرچاوەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە، ئەمە پرسێکی ترە و باسکردن لەم مەسەلەیەش لە بابەتی سەرەکی دوورمان دەخاتەوە. لەگەڵ هەر شاعیر، نووسەر و چالاکێکی فەرهەنگیی کورددا دەکەوینە ئاخافتن، باسی سەرەتای سەدەی نۆزدەی زایینی دێتە ئاراوە و یان دەست دەکرێت بە باسکردن لە جیهانی ڕۆژئاوا و وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیرانی فارس و عەرەب، هەرچەند ئەم باسانە لە جێگەی خۆیاندا بەبایەخن و دەبێ

بەڕێزەوە سـەیر بکرێن، بەڵام دەبنـە هۆی پچـڕان و دوورکـەوتنـەوەیەکی کارەسـاتبار لە کـولتووری ڕەسـەن و ڕەگ و بنەماکانمان و ئەمەش هۆکارێکە بۆ لێکترازان، گەشەیەکی ساختە و ناڕەسـەن و لەدایکبوونی کۆرپەیەکی ناتەواو و جەستە تێکچوو.

ڕەنگە ئەمـە بۆ یەکـەم جار بێ کـە باس و لێکۆڵینەوەی بەراوردکـارانە و شـرۆڤـەی پێکهـاتەییی بەرهەمـی شـاعیـرانی کـورد لەگـەڵ گەلانی دراوسێ و، سنوور و بەسـتـێنی ئەم پێوەند و پێکەوە گرێدراوییـە دیاری بکرێت و بتـوانرێ بـاسێکی خـەسارنـاسانـە لەم بارەیەوە بهێنرێتـە گۆڕێ و ئەم پچڕان و لێکترازانە نەخوازراوە بخرێتە بەر تیشک و ڕووناکی.

دیارە زمان کەرەستەی دەرکـەوتن و گواستنەوەی ئەندێشەکانە و لە بەستێنی شیعر و ئەدەبیاتی گەلاندا، بەرهەم و وەرگێڕاوە ئەدەبییەکان بەهۆی زمانەوە پەرە دەستێنن و دەبنە هۆی بەدیهاتنی زنجیرەی پێکەوە گرێدراو و پێوەندیی نێوان ئەندامانی گەلێک. زمان ئەگەرچی کـەرەستـەیەکی پێویست و چارەنووسسـازە و هۆکاری یەکگرتوویی ئەندامانی هەر گەلێکە، بەڵام تەنیا یەکێک لە بابەت و کەرەستەکانە و ئەوەی کە یارمەتیدەری زمانە و دەبێتە هۆی ئەوەی زمان ببێتە کەرەستەی برەوپێدان و گەشـەکردن، بیـروبڕوا و داوونەریت و سـەرچاوەکـانی، ئوسـتـوورەکان، فـەرهـەنگ و کەلەپوور، هونەری خۆیی و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانە کە زمان لە بەستێنی ئەدەبیاتدا بەهێز دەکات و گەشـەی پێ دەدات. بەڕای هەموو خاوەنڕایانی ڕۆئاوایی و ڕۆهـەڵاتی، کورد لە رووی ئەو ئامێر و کـەرەستـانەوە یەکێکن لە بەتواناترین گەلان لە مێژووی ئەدەبیی جیـهاندا و بەپەژارەیەکی زۆرەوە دەبێ دان بەوەدا بنێن کە هێـرشی بەرفراوانـی ئەو چەشنە بۆچوون و بزاوتانەی ئەم دواییـیە لای شاعیرانی نوێی کورد تەمومژێکی پڕ خـەم و کەسـەری بەسەر خەزێنەی ئەم گەلە خاوەن مێژووەدا کێشـاوە. ئاوڕدانەوەیەک لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەکانی ڕابردوودا ئەوە دەسـەلمێنێ کە لە هیچ قـۆنـاخ و بڕگـەیەکی زەمـەنیدا، تەنیا بـەدەگمـەن و لە هـەندێ قۆناخی کاتی و کـەمخـایەندا نەبێ، ئەم ئـەدەبیاتـە لەلایەن دەسـەڵاتـەوە یا بەسـەروەت و سامـان پشـتگیری نـەکراوە، شـیـعـر و ئەدەبیـاتی کوردی نە لە ناخی بازرگانی و ئـەشرافیـەتی وەک عـەرەبەوە خـۆی دەرخسـتـووە و نە لە سـای دەسـەڵاتەوە وەک ئەدەبیـاتی فـارسی، بەڵکو لەناو گـەلێکەوە سـەری هەڵداوە کـە پیـشـەیان شـوانی و ئاژەڵداری و کـشـتـوکـاڵ بـووە و چیـرۆک و بەسـەرهـات و ئوسـتـوورەکـانی ئـەم گـەلەی بەدرێژاییی هـەزاران سـاڵ لە خـۆیدا هەڵگرتووە و پاراسـتـوویەتی. لە هـیـچ قـۆناخـێکی مـێـژووییدا شاعیرێکی کورد شیعری لەم چەشنە نەوتووە کە:

و تَقصيرُ يَوْمِ الدَجْنِ و الدَّجْنُ مُعجِبُ
بِبَهْكَنَةٍ تَحْتَ الخِباءِ الْمُعَمَّدِ ... هتد (معلقة طرفة بن العبد)

(معلّقات سَبعه) کە زانایانی وەک عەبدولقـاهیری جورجانی لەسـەر بنەمای بەلاغـەت و ڕەوانبێژی لێکی داوەتەوە و کـەسانێکی گـەورە بەپێی ئاماژەی خـاوەنی (کشف الظّنون) لەوانە؛ ئەبوجـەعفـەر کوڕی نوحـاس، (کـۆچی دوایی ٣٣٨ ک. م) ئەبوعـەلیی سـەعالیبی (کـۆچی دوایی ٣٥٦ ک. م) ئەبو

بەکر بەتلیووسی (٣٩٤ ک. م) زووزەنی حوسێن کوڕی ئەحمەد (٤٨٦ ک. م) و ژمارەیەکی تر لە گەورەزانایان، ڕاڤە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوە و هەڵسەنگاندنیان لەسەر بایەخی ئەدەبی و ڕەوانبێژی و ڕێزمانی عەرەبی کردووە، هۆنەرانی ئەو شیعرانە جگە لە ئاماژە بە خۆش ڕابواردن و دەسەڵات و هێزمەندی، باسێکی تریان نەکردووە و جگە لە باسی شەو، شەراب، ئافرەت، شمشێر، وشتر، بیابان، گورگ، ئەسپ، ڕاوکردن و... سووژەیەکی تریان نەبووە و لە هیمەت و نەفسبەرزی و ناسکیی خەیاڵ و زانست و ئەندێشەدا لە ئەدەبیاتی کوردەوە پێش نەکەوتوون و لە زۆربەی بوارەکانیشدا لە رووی زانست و ئەندێشەوە بالآیان زۆر نزمترە لە بالآی شاعیرانی کورد.

ئەگەر ئابووری و بازرگانی و پێوەندیی جوگرافیایی عەرەب بەتایبەت لە جەزیرەتولعەرەب بووە هۆی پەرەسەندن و گەشەی زمانەکەیان و سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسانی بەرەو ئەدەبیاتی عەرەب ڕاکێشا، یان هەست و حەزی جیهانگیری و بەرفرەکردنی کەوشەن و قەڵەمڕەوی لای هێزی سەربازی و لەشکری تورکانی چۆڵنشین، ناچاری کردن کە بۆ ناساندن و درێژەکێشان و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان لەو وڵات و ناوچانەی ڕۆژهەڵاتدا کە دەسەڵاتیان بەسەردا گرتبوون، پشت بە هونەر، هزر، فەرهەنگ، کەلەپوور و ئەدەبی فارسی ببەستن. بۆیە پشتگیرییان لە فەڕوخی مەنووچێهری و عەسجودی و... کردووە کە هەمان ئەندێشەی دیمەن و وێنە ئافراندنی شاعیران و وێژەوانانی عەرەب کەرەستەی کار و چالاکییان بووە. بەڕادەیەک کە مەنووچێهری شانازی دەکات بەوەوە کە شیعرەکانی عەمری کوڕی کولسوومی لەبەر بووە و دەڵێ:

من بسی دیوان شـــعــر تازیان دارم زبَر
تونداني خـواند اَلاَهُبّي بِصَحْنِكَ فَاصبَحين

و لەم شوێنکەوتنەدا ئەوەندە چوونە پێشەوە کە ئەندێشە و هزری بەرزەفڕی شاعیرانی فارسیبێژ لە بری باسکردنی گوڵ و سەوزەڵان و دەریا و دارستان و ڕووبار و... کە ڕازێنەرەوەی سروشت و بەهەشتی وڵاتی ئێرانن لەسەر هەمان شێوازی شاعیرانی عەرەب باسی جوانیی بیابانەکانی عەرەبستان و داوونەریت و کەلەپووری ئەوان دەکەن و ئەو شێوە خەیاڵ و بیرکردنەوەیەیان بەسەر خۆیاندا زاڵ کردووە و هەر لەسەر ئەم ڕێبازەی لاساییکردنەوە بە پشتگیری و پێداهەڵدانی دەسەڵاتدارانی تورکی غەزنەوی، عونسوری ئەوەندەی زێڕ و سامان کۆ کردبووەوە کە کاسە و کەوچکی سەر سفرەکەی لە زێڕ و زیو بوو و چوارسەد نۆکەری بەرگ زێڕینی لە بەردەستدا بوو و خاقانیی شیروانی کە گەورەیی و زانایی خۆی بە عونسوری شوبهاندووە، سەبارەت بەپێگە و پلە و سامانەکەی عونسوری دەڵێت:

زده شـیـوەکـان حلیت شـاعـری ست
بەیک شـیـوه شـد داسـتـان عنصـری
مراشیوەی خاص و تازه است و داشت
همـان شـیـوەی باسـتـان عنصـری

بەدور کـــرم بخـــشـــشی نیک دید
زمـحـمـود کـشـورسـتـان عنصـری

بـه ده بیت، صـــــد بدره و برده یافت
زیک فـتـح هندوسـتـــان عنصـــری

شـنیـــدم کـــه از نقـــره زد دیگدان
ز زرســاخت آلاتِ خـــوان عنـصـــری

بەوتەی بەیهەقیی مەزن، لە بەرامبەر قەسیدەیەکدا، مەحوود، هەزار ئەشرەفیی بەعونسوری داوە و دەڵێن لەبەر شیعرێک کە بە سەر و زولفی ئەیازیدا وتووە، سێ جار دەم و زاریان پڕ کردووە لە زێڕ و گەوهەر.

لەو شیعرەدا وتوویەتی:

کی عیب سرِ زلفِ بُت از کاستن است
کی وقت بغم نشستن و خاستن است

روز طرب و نشاط ومی خواستن است
کاراستن سرو ز پیراستن است

بابەتەکەمان بەو ئاراستەیەدا برد بۆ ئەوەی لەوە تێ بگەین کە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کوردستان و ئازەربایجاندا هاتوونە ئاراوە، لە هەموو ڕووەکانەوە جیاواز بووە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەی (ماوراء النهر) و لەبەر ئەمەش ئاوڕێکم لە (حَسان العجم)ی خاقانیی شیروانی دایەوە کە بچمە ناو بابەت و مەبەستە سەرەکییەکەوە.

تا ئێستا ئەوەی لە وتار و نووسراو و کتێبەکاندا دەست کەوتوون، هیچ کام لە توێژەران و نووسەران و قەڵەم بەدەستان ئاماژەیان بەو خاڵە بنەڕەتی و گرینگە نەکردووە کە شاعیرانی پێشووی کورد لە کام شاعیرانی غەیری کورد نزیکن و لە کام بەستێن کاریگەرییان وەرگرتووە. شایانی باسە ئەمە بەواتای شوێنکەوتن و لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو بەواتای تیشک خستنە سەر دوو بەستێنی دراوسێیە لە رووی جوگرافیاییەوە کە خاوەنی یەک ئاخێزگە و سەرچاوەی فەرهەنگی بوون و ئەویش وڵاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی شاعیرانی کورد و ئازەرییە. ئەم شاعیرانە بە شیعر و ئەدەبیاتی خۆیان ڕێباز و ئاراستەیەکی سەربەخۆ و جیا لە شیعر و ئەدەبیاتی ناوەڕاست و باکوری ئێرانیان گرتە بەر کە باس لێوەکردنی و شیکردنەوەی دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی باسەکەی ئێمە و لە وتاری ئەدەبی و توێژینەوەی فەرهەنگیی کورددا باسی لێوە دەکەین. لەو سنوورە جوگرافیاییەدا (کوردستان و ئازەربایجان) شاعیران تووشی لاساییکردنەوەی بیر و هزری و شوێنکەوتنی شاعیرانی عەرەب و... نەبوون و شێوازی عێراقییان تاقی نەکردەوە، بەڵکو بەوردەکاریی تەواوەوە، شێوازی تورکستانی (ئازەربایجانی) و ناسکیی

خـەیاڵی شـێوازی هیندییـان پێکەوە گـرێ دا و زانسـتـی ئاینیـشـیـان کـردە هـاوتەریبی شـیـعـر و ئەدەبیات کە لەم بوارەدا سـەرچەشن و نموونە بۆ شـاعیرانی کورد و ئازەری خـاقـانیی شـیروانی بووە کە بە وردبوونەوە لە دیوانە شـیعرییـە بەنرخەکەی و سـەیرکردنی تایبەتمەندییـەکانی، نزیکی و لێکچوونی ئەم دوو ڕێبازەمان بۆ روون دەبێتەوە.

شـاعـیـرانی ئازەربایجـانیش وەک شـاعـیـرانـی کورد لـەلایەن دەسـەڵاتداران و حـوکـمـڕانانەوە پشـتگیـری نـەکـراون و ئەوەی هانـی داون بۆ ئافـراندنی بەرهـەمی بەنرخ و هـەرمـێن و تاهـەتایی، خۆشـەویسـتیی نیشـتـمان و گـەل و جەمـاوەری خۆیان و سـۆزیان بووە بۆ ڕابردووی پڕ لە هـەوراز و نشێوی باو و باپیرانیان.

لێرەدا تەنیا بـاس لەسەر خـاڵە هاوبەشـەکانی وێژەوانـانی ئەم بەسـتێنە دەکـەین لەگەڵ خاقـانیی مەزن و لەبەر نەبوونی و دەرفەت ناچینە ناو ڕەهەندەکانی ترییەوە.

١- شـاعـیـرانی کـوردسـتـان وەکـو خـاقـانی، بەردەوام بەدەست لاوازبوونی بایەخ و بەهاکـان و بایەخنەدان بەکەسانی شیاوەوە ناڵاندوویانە و زۆر گوێیان بە کاروباری تاکەکەسی و شەخسی نەداوە.

٢- شین و چەمـەر یان لاواندنـەوە ـ شەپۆڕنامە ـ ئەسـتـوونی سـەرەکی یان لایەنـی بەرجـەسـتـەی دیوانەکەی خاقانی بووە کە زۆربەی شاعیرانی کوردیش بەرهەمە هەرمێن و تاهەتاییەکانیان لە بواری شەپۆڕنامەدا ئافراندووە.

٣- تەشـەنەکردنـی ئەندێشە و هزری ئیـمـام محـەمـەد غەزالی لە بەستێنی ئاینیی کوردستاندا کـە بووە هۆی پەڕاوێزکەوتنی باسـە فەلسەفییـەکان و هاوئاهەنگبوونی خاقانی لەگەڵ ئەم رەوتەدا، بووە هۆی بایەخدانی زانایانی ئاینیی کورد بەدیوانەکەی خاقانی، چونکە خاقانی لەو کـەسانە بووە کە لایەنگری بیر و ئەندێشەی ئیمام محەمەدی غـەزالیی بووە بۆ سەرکوتکردنی فەلسـەفە و قوتابخانە فەلسەفییەکان کە لەم بارەیەوە دەڵێت:

فلسـفـە در سـخن مـیـامـیـزید
وانگهی نام آن جـدل منهـیـد
نقد هر فلسفی کم ازفلسی ست
فلس درکـیـسـەی عـمل منهـید
مـرکب دین کەزادەی عـرب است
داغ یونانش برکـفل منهـیـد
قـــفل اسطورەی ارسطو را
بر در احسنالملل منهـید... هتد

لە هـەندێ جـێگـەی تری دیوانەکـەی خـاقـانیـدا هـەر لەم بارەیەوە بابەتگەلی تر هـەن، بـەڵام ئەم

پشتکردنە لە فەلسەفەی یۆنانی، بەجۆرێک هاوڕێیەتیکردنی بیروبڕوای ئەشعەرییەکان باوی ناو ناوەندە ئاینییەکانی کوردستان و ئازەربایجان بوو لەگەڵ بیروبڕوای زروانی لە پێش ئیسلامدا کە لە نێوان هەردوو بەستێنی شیعری ئازەربایجان و کوردستاندا هاوبەش بوون و لێرەدایە کە جیاوازیی شیعری ناودارانی پێشڕەوی شیعری عەرەب و شیعری فارسی (ماوراء النهر) لەگەڵ شیعری شاعیرانی کوردستان و ئازەربایجان خۆ دەردەخا. شیعری شاعیرانی سەرەتایی شێوازی خۆراسانی لە چوارچێوەی کات و مێژوودا قەتیس ماوەتەوە و لاساییکردنەوەی سروشت و باسکردنی خواست و ویستی دەروونی و روانینیان بۆ سروشت، روانینێکی تاکەکەسی و راڤە و لێکدانەوەی دەرهەست و دوور لە زەینە، بەتایبەت لە (مُعَلّقات سبعة)دا تەنانەت بۆ وێژەوانانیش تێگەیشتنی دژوارە، تا جێگەیەک کە مانگا کێوییەکان بە کیژانی دەرەدامان درێژ دەشوبهێنێت کە دەوری بەردی پیرۆزیان داوە:

فَعَنَّ سِرْبٌّ كَاَنَّ نيعاجَةُ
عَذاری دَوارٍ فی مُلاءٍ مُذَيَّل

## داخگای(*)

بۆ نموونە داخگای قەسیدەی مەنووچێهری بەهەموو گەورەیی و خەیاڵ و وێنە و بەرزییەوە، دوای کۆتاهاتنی ڕێوڕەسمی داخگا و وەرگرتنی دەسخۆشانەکەی، کاتی بەسەر دەچێت و ئەمەش تایبەتمەندیی هەموو چەشنە شیعر و هونەرباوی دەوڵەتی و هونەری سەرچاوەگرتوو لە سەروەت و سامانەوە بووە بەدرێژای مێژوو، بەڵام شیعری شاعیرانی کوردستان و ئازەربایجان وێنەی ڕاستەقینەی سروشت و هونەرێکی نەتەوەیی و کاتبەزێن و مێژووبەزێنە لە نەتەوەیەکدا. قەسیدەی (ایوان مدائن) کە دەسپێکی کەسایەتی بەخشینە بە بینا کۆن و کاولکراوەکانی وڵاتی کوردەواری و لە ماوەی چەندان سەدەی بەردەوامدا لەلایەن شاعیرانی کوردەوە پێشوازیی لێ کراوە، باس لە رەنج و ئازاری گەلێکی سەرکوتکراو و هێرش بۆکراو و ستەم لێکراو لە لایەنی عەرەب و غوزەکان و مەغوولەکانەوە دەکات:

هان ای دل عبرت بین ازدیده نظر کن هان
ایوان مدائن را آیینەی عبرت دان
یک رە ز رە دجلە منزل بە مداین کن
وز دەیدە دوم دجلە برخاک مداین دان
تاسلسلەی ایوان بگسست مداین را
در سلسلە شد دجلە چون سلسلە شد پیچان
گەگە بە زبان اشک آواز دە ایوان را
تا بو کە بەگوش دل پاسخ شنوی زایوان

مــــا بـارگــــه دادیم، این رفت ســــتم بـرمــــا
برقـصـر سـتـمکاران تا خـود چه رسـد خـذلان... هـتـد

(ایوان مدائن)ی خـاقانی سـەرچاوە و کارتێکەری شـیعری شـاعیرانی قەڵای چیهری هەرسین لە سـەرمـاجـی کرمـاشـان کـە بینایەکی سـەردەمـی حـەسـەنوەیهـیی کـوردە، قـەڵای شـاهـگودار، بینای رووخاوی حـەوت کانی و...ـە کە ئەو پێشوازییانەی لێ کراوە کە بەبێ کاریگەریی چاولێکردن لە شاعیرانی پێشووتریش نەبووە. بەم پێیە شـاعیرانی کوردسـتـان و ئازەربایجان وێڕای ڕێزگرتن و پاراسـتنی ئەندێشـەی زروانی و قـەبووڵکردنی بۆچوونی ئیـمـام مـحـەمـەدی غـەزالی و ڕەتکردنەوەی بۆچوونی فـەیلەسـووفـەکانـی یۆنان، ڕێبـازێکی تریان گـرتـە بەر و پەرەیان پێ دا و نەک هـەر بـیـری نەتـەوەیی و داوونەریت، سـرووودی ئاینی، دوعـا، زیکر، ئوسـتـوورە، ئـەوین و... بەشـێـوەیـەکی بەرفراوان لە شیعری شاعیرانی کورد و ئازەریدا خۆ دەردەخەن و بەرجەستە دەبنەوە، کە مەخابن بەرهـەمی شـاعیرانی رابردووی کـورد گۆشـەگـیر بوون و بە دەست لێنەدراوی مـاونەتەوە و لەلایەن بەرەی خـاوەن بیـر و بیـردۆزانـی ئێـسـتـاوە نەکـەوتـوونەتە بـەر لێکۆڵینـەوە و هەڵسـەنگاندن. بەسـەرنجـدان بـەو باسـەی تا ئێـرە هێنرایە ئاراوە، خـۆ لە چوونە نـاو خـاڵە هاوبەشـەکـانی تر و لێکچوونەکـانـی تری پێکهـاتەی شـیـعری خـاقـانی و شـاعیرانی کـورد دەبوێرین و بەم کورتەباسـە کـۆتای بەم بابەتـە دێنین، چونکە بـاسـکردن لەسـەر بابەتەکـە خـۆی وتارێکی دوور و درێژ و چڕوپڕ دەخوازێ. تەنیا باسـێک لەسـەر تاکەکـەس واتە شـاعیری ناوداری کـورد شـێخ ڕەزای تاڵەبانی دەکـەین تا بگەینـە بەڵگە بۆ لەسـەر بۆچوونـە بەراوردکارانەکـەی پێشـوویان و بیـردۆزەی ئەدەبیی ئاماژەپێدراو.

شێخ ڕەزا لە تاکە بەیتێکی دیوانە شیعرییەکەیدا دەڵێت:

بحـمــدالله گــروهـی ازســخن سنجــان ایرانی
به سـعـدی پیـروی کـردند و من کـردم به قـاآنی

(دیوانی شێخ ڕەزا ص ١٩٧)

لە حـاڵێکدا سـەعدی لە غـەزەلدا بەناوبانگە و شـێخ ڕەزاش شـاعیرێکی غـەزەلبێژە و لە شـیعرە فـارسی و کوردییـەکانیدا جگە لـە تەخمیسـەکـانی (حافظ)، زیاتر شێوازی خاقـانیی هەڵبژاردووە، واتە لە ڕووی شـێـوازەوە تێکەڵێکە لە شـێـوازی ئازەربـایجـانی و ئەسـفـەهـانی یان بەوتەیـەکی تر هیندی و، شـیعرەکـانی قـائانی لە هیچ ڕوویەکەوە، چ لە ڕووی چوارچێوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ شیعرەکـانی شێخ ڕەزادا نییە، چونکە وەک دەزانین قـائانی شـاعیرێکی قەسـیدەبێژ و لـە بلیمـەتانی ئەدیبـی کـورد بووە لە شـێوازی گەڕانەوەدا و بڕواشی بـەغـەزەلەکـانی خۆی نەبووە و تەنانەت لە بواری غـەزەلیشدا شوێنکەوتووی سـەعدی بوو و ئەو دێڕە شیعرانەش کە لە سـەعدیی تەزمین کـردبوون، هـەرگـیـز بەشـیـعرەکـانی تریدا ناگـەن. دەڵێن قـائانی خـۆی ئەوەی دەزانی و هـەر لەبەر ئـەوەش لە شـەوێکی سـاردی زسـتـانـدا غـەزەلەکـانی خـسـتووەتە ناو ئاگرەوە و

سووتاندوونی. ئەمەش شەوێک بووە کە گۆرانیبێژێک غەزەلێکی سەعدیی کردبووە گۆرانی و قائانی کە مەستی بادەی رەسەن بووە، لە بەرامبەر ئەو شیعرە بەرز و بەبایەخەی سەعدیدا هەستی بە نزمی کردووە و ئەو چەند غەزەلەش کە لێی بەجێ ماوە و لە کۆتاییی قەسیدەکانیدا چاپ کراون، نابنە هۆی بەرزبوونەوەی پلە و پایەی. (ازصبا نیما، ج ١، ص ٩)

بەم پێیە وشەی «قائانی» لەو بەیتە شیعرەی شێخ ڕەزادا وەک سەدان هەڵەی ناو دیوانەکەی ئەو شاعیرە گەورەیە خۆ دەردەخات و دەبێ بڵێین ئەوە «قائانی» نییە و «خاقانی»یە و بەم پێیە دەبێ ئەو دێرە شیعرە بەو شێوەیە ڕاست بکرێتەوە:

بحـمـداللّه گـروهی از سـخن سنجـان ایرانی

بەسـعدی پیـروی کردند و من کـردم به خـاقـانی

چونکە لە هـەمـوو ڕوویەکەوە ئەوە ڕاسـتـەکەیەتی

کوردەکان بەهۆی ئەم پێوەندی و نزیکایەتییەوە بۆ گواستنەوەی فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیان لە هەموو بوارێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و بیروبڕوادا سوودیان لە شیعر وەرگرت، ئەو شیعرەی کە ئەمڕۆ زۆر بەئاسانی بە پەنایدا تێ دەپەڕن، بێ ئاگا لەوەی کە ئەو گەلانەی خاوەنی ئەدەبیاتی سەرزارەکی بوونە، ڕێگەیەکیان بۆ بەردەوامکردنی ژیان و شوناسی مێژوویی و جوگرافیاییی خۆیان لە بەردەمدا نەبوو جگە لە پەنابردنە بەر شیعر و مۆسیقا.

گەشە و پێشکەوتنی ئەدەبیاتی فارس و عەرەبی بەو هۆیەوە بووە کە لە هەر قۆناخێکدا دەستیان داوەتە خوێندنەوەی بەرهەم و شیعری پێشینیان و بەبیروبڕواوە کردوویانن بەپاڵپشتی خۆیان و لەم ڕوانگەیەوە، (وشەنامەی دێهخودا) و... و هەروەها فەرهەنگ و وشەنامەی جۆراوجۆریان لە زمانی عەرەبی و ئەنسکلۆپێدیای جیاجیایان بەرهەم هێناوە و خستوویانەتە بەردەست. بەڵام شاعیران، ئەدیبان و چالاکانی بواری فەرهەنگی کورد لە پڕ ئاراستەیان گۆڕی و کەوتنە ڕێباز و ئاراستەیەکی دەسکرد و ناسروشتی و لە بیری گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و چاوگەی ڕەسەن، لە ڕێگە لایان دا و کەوتنە سەر ڕێبازی بیانی، لە حاڵێکدا کە ئەدەبیات و شیعری کوردی ئەرکی خۆی بۆ گواستنەوەی ئەمانەتی ڕابردوو بەشێوەیەکی تۆکمە و تەواو جێبەجێ کردووە و شاعیران و ئەدیبانی کورد جگە لە گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەی ڕەسەن و سەرەکیی ئەدەبی خۆیان چارەیەکی تریان نییە دەبێ خۆیان بەخوێندنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمی پێشینیان و بەراوردکردن و شیکاریی ئەو بەرهەمانە ماندوو بکەن.

پەراوێز:

(*) داخگا مەیدانی داخکردنی ئەسپ و چوارپێ لەبارەی پاشاکانەوە بووە و مەنووچێهری بۆ ئەو ڕێوڕەسمە قەسیدەیەکی وتووە.

# عەبدولحوسێن شەعبان تەقە لە تایفەیی دەکات

## ئەگەر داگیرکردن بەرەو نەمان چوو، ئەوا تایفەیی وەکو گەورەترین مەترسی هەڕەشە لە کۆمەڵگەی عێراق دەکات

بیریار و توێژەری عێراقی، د. عەبدولحوسێن شەعبان ساڵی ١٩٤٥ لە نەجەف لەدایک بووە. کۆلێجی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی بەغدادا تەواو کردووە. ماستەری لە پراگ بەدەست هێناوە. ماستەر و دوکتۆراکەی لەبارەی یاساوەن. شارەزایە لە مەیدانی مافی مرۆڤ و پسپۆڕە لە یاسای نێودەوڵەتیدا. بەڕێوەبەری سەنتەری بەڵگەنامەیی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی و بەڕێوەبەری گشتیی سەنتەری لێکۆڵینەوەی عەرەبی – ئەوروپاییە. (و)

* ئاخۆ بڕواتان بەبوونی تایفی لە عێراقدا هەیە، یاخۆ تایفی سیاسی لە گۆڕێدایە؟

بوارم بدرێ با لە لایەنی مێژووییەوە لەسەر پرسی تایفی قسان بکەم، بێ تێپەڕین بەسەر ڕابردوودا، یاخۆ هەڵواسینی گشت کارەکان بەئێستاوە، وەک ئەوەی ئیشکالییەت و گرفت لە پڕ بەدەرکەوتن بێ ڕابردوو و پێشەکی و ئاگەداری، بۆیە لەسەرمانە بەشێوەیەکی زانستی و بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی ڕووبەڕووی بابەتەکە ببینەوە، نەک تەنیا پێوەند بەئێستاوە، بگرە بەوانەی کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی داهاتووی هەیە.

وای بۆ دەچم گرفتی تایفی لە عێراقدا کۆنە، لە دەوڵەتی عێراقیش دێرینترە، کە لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١دا دامەزرا. ئەگەر موسڵمانەکان بەسەر گرووپ و ئاینزاکاندا دابەش بووبن، ئەوا کارەکە بەپلەی یەکەم لە چوارچێوەی ئیجتیهاددایە، پاشان کارەکە لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندییە دژبەیەکەکاندا گۆڕا بۆ ململانێیەکی گەرم لەسەر دەسەڵات، بەڵام بەپلەی یەکەم ململانێکە

..............................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل



سیاسییە، ئەگەر پەچەی ئاینیشی پۆشی بێت، یاخۆ بەعەبای تایفی و مەزهەبی موتوربە کرابێت.

ململانێکە لە سەرەتادا لەنێو زانا ئاینییەکاندا هزری و فقهی و ئیجتیهادی بوو.

ئەگەرچی هەر گرووپە، یا موجتەهیدە، یان خاوەن ڕایە سەربەخۆیی خۆی و ململانێی هزری و ئیجتیهادی سیاسیی خۆی هەیە، بەتایبەت هەمووان لە سەرچاوەیەکەوە سوودیان بینیوە، ئەویش ئیسلام و ڕێنوێنییەکانیەتی، هەریەکە و کۆشش دەکات لێکی بداتەوە و پراکتیزەی بکات، بەپێی ئاوەز و زانستی سەردەمەکەی و خواستە مرۆڤایەتییەکەی، جگە لە بەرژەوەندییەکەی، واتا نزیکی و دووریی لە دەسەڵاتەوە. گرووپە ئیسلامییەکان هەرچەندە جیاوازن لەیەکەوە، بەڵام پشت بەسەرچاوەی بنچینەیی دەبەستن، ئەویش قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەرن، نەخوازە فەرمایشتەکانی محەمەد پێغەمبەر، بەپاڵپشتیی ئەحکامێلێک بەندن بە(قیاس) و (اجماع)ـەوە، بێ لەبیرکردنی دینامیکییەت و زیندوویێتیی ئیجتیهاد لە پراکتیزەکردنی ئەحکام و شەریعەت و یاساکان.

لێ پلە بەپلە ململانێکە بۆ ململانێی دەسەڵات گۆڕا لە نێوان دەسەڵاتدار و ژێردەستدا، لە نێوان لایەنگر و نەیاردا، لە نێوان بردن و کودەتادا، لە نێوان حزبی دەسەڵاتدار و حزبی نەیاردا، ململانێکە شێوازێکی نوێی وەرگرت، نەخوازە بەهاتنە ژوورەوەی ڕەگەزێلی دەرەکی، بەتایبەت لە پێنج سەدەی ڕابردوو و پێشی، بەشێوەیەک ململانێکە بووەتە شەڕەقۆچ و یەک ڕەتکردنەوە لە

نێوان ئیمپراتۆریەتی فارس، نەخوازە لە ماوەی فەرمانڕەواییی سەفەوی و لە نێوان دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی، مەیدانی عێراقیش شانۆی ئەو شەڕانە بوو، بەشێوەیەک ئەو کوشت و کوشتارانە دەبوون و لە لایەنی کۆمەڵگەوە ڕەنگیان لەسەر گرووپ و ئاینزاکان دەداوە، هەموو ئەمانەش بەیارمەتیی لایەنی فارسی _ سەفەوی لەلایەک، یا بەپشتگیریی لایەنی عوسمانی _ تورکی لە کاتێکی تردا. هەریەکەشیان کاتێک بارەکە ئاسایی دەبووەوە توندوتیژی لە بەرابەر ئەوی تردا دەنواند و سنووری پیرۆزی و سرووتەکانیان دەبڕی.

کاتێک دەوڵەتی عێراقی دامەزرا، لە دوای داگیرکاریی عوسمانی، کە چوار سەدەی خایاند، ئەم دۆخەی بۆ مایەوە، وێڕای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ _ ١٩١٩، کەچی هاوپەیمانان بەڵێنەکەی خۆیانیان بەپێدانی سەربەخۆیی بەجێ نەگەیاند، بەڵکو کاریان کرد بۆ ڕێکخستنی ماڵی عەرەب بەکەیفی دڵی خۆیان و بێ بەشداریکردنی عەرەب بەشێوەیەکی نهێنی، ئەوە بوو لە پەیماننامەی سایکس _ پیکۆ ئابڕوویان چوو، کە نهێنییەکەی لەلایەن حوکمی نوێوە لە ڕووسیای تزاری لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧دا بڵاوبووەوە.

لە بریی دان پێدانان بەشۆڕشی عەرەبی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆییی عەرەب بەپێی مافی چارەی خۆنووسین و بنەما ڕاگەیەندراوەکانی ویلسۆنی سەرۆکی ئەمەریکایی لە ساڵی ١٩١٨دا و دامەزراندنی کیانێکی نوێی عەرەبی، بەپێی بنەماکانی کۆمەڵەی گەلان، کە بنەماکانی دەوڵەتی هاوچەرخ و ئەوی ئەوروپا بەخۆوەی بینی لە پەرەسەندنی گرینگ لەسەر ئاستی ئازادییەکان و مافی سیاسی و مەدەنی، لە بەرچاو بگیرێت. هەرچی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییە خۆپەرستانە تەنگەکانە سەرجەم جیهانی عەرەبی لەسەر تۆێکاریی سیاسەتی نێودەوڵەتی دانا، کە پارچەکانی بەنەخشەی شێواو بڕاون، بەشێوەیەک زام و پەڵەیان لەسەر داهاتووی جێ هێشت، جا گەر ناکۆکیی ناوەخۆیی بێت، یا سنووری، یاخۆ هەرێمی، یاخۆ هی تر.

لە کاتێکدا کێشەی فەلەستین زیادی کرد، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەرچوونی پەیمانی بلفۆر ١٩١٧، بەپێی ئەوە دەبێت نیشتمانێکی نەتەوەیی لە فەلەستین بەجوولەکە بدرێت، پاشانیش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٥ی ئایاری ١٩٤٨ لە دوای دەرچوونی بڕیاری دابەشکردن لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٧دا، کە بووە سەرچاوەی هەڕەشەی بەردەوام و تیشکۆی شەڕەکان و دەستدرێژی و داگیرکاریی نیشتەجێکردن و چۆڵکردن، لە ماوەی پتر لە شەش دەیەدا.

ئەگەر لەسەر بەریتانیایە، کە پاش سەرنەکەوتنی ئەزموونی حوکمی ڕاستەوخۆ لەگەڵ داگیرکردنی عێراقدا، منداتی (انتداب) بەسەردا ڕاگەیاند، عێراقییەکان ئامادە بکات تا کارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، ئەوا بەهەموو شێوازێک کۆشا، نەخوازە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی بیستی نەتەوەیی لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠، بۆ چاندنی

تۆوی تایفی بەشێوەیەکی یاسایی و ستوونییانە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، پاش ئەوەی یەکەتییە نیشتمانییەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئینگلیز و هێزە داگیرکەرەکانی بەدی هات، ئەو کات عێراق یەکگرتنێکی نیشتمانی و ئاینیی بەخۆوە بینی، هەمووان بەشیعە و سوننەوە بەشدارییان تێدا کرد، بەڕادەیەک زانا شیعە و سوننەکان ڕێک کەوتن لەسەر سەربەخۆیی عێراق و مافی لە چارەی خۆنووسیندا و دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە وڵاتەکەیاندا، ئەو کارەی وای لە بەریتانیاییەکان کرد بیر لە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی کۆنی "جیاکەوە سەردەکەویت" بکەنەوە، بۆ سزادانی پیاوانی شۆڕش و خوڵقاندنی بناغەیەکی یاسایی، پاشان بجووڵێنرێت بەجیاکردنەوەی عێراقییەکان لە یەکتر، بۆیە پەنایان بردە بەر دانانی یاسایەک بۆ ڕەگەزنامە، تەنانەت بەر لە دەرچوونی دەستووری عێراق "یاسای بنەڕەتی"، کە لە ساڵی ١٩٢٥دا دەرچوو.

یاسای ڕەگەزنامە لە ساڵی ١٩٢٤دا دەرچوو، کە یاسای ژمارە ٤٢وە، کە جیاوازی لە نێوان عێراقییەکاندا دەکرد لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەدا، لەوەش زیاتر مەرجی بۆ بەدەستهێنانی زێدنامە (شهادة جنسية) دوای بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە دانا. بەپێی ئەو زانیارییە کەمەی هەمە، هیچ وڵاتێک لە جیهاندا نییە ئەم مەرجە قورسانەی تێدا بێت، زێدنامەش پشت بەدوو پلە دەبەستێت بۆ پێدانی ڕەگەزنامە (ا) و (ب)، بەو پێیەی ئەوی لە لایەنگرانی دەوڵەتی عوسمانی بێت ئەوا هەر بەبنەچە عێراقییە، تەنانەت گەر عەرەبیش نەبێت، جا گەر تورک، یا گورجی، یاخۆ ئەلبانی، یا هەر شتێکی تر بێت، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە تەبەعییەی ئێرانی بێت، ئەگەر عەرەبێکی ڕەسەنیش بێت، ئەوا بەعێراقی دانانرێت، ئەوا بەپلەیەکی کەمتر و لە زێدنامەکەی گرووپی (ب)ی لەسەر دەنووسن، جا با لە چەندان پشتەوە لە عێراق بووبێت.

عێراقییەکان لە کاتی ململانێی فارسی – عوسمانی بەدوور و نزیکەوە بەسەر ئەم دوو گرووپەدا دابەش بوون، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو تا ڕەگەزنامەی لایەنێکیان بەدەست بهێنن بەپێی شوێنی لە دەسەڵاتەوە، هەروەها هەندێک لە دانیشتوانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەلای ئەوەدا لایان دەدا، تا ڕەگەزنامەی ئێرانی بەدەست بهێنن، بەمەبەستی هەڵاتن لە سەربازی، هەندێکیشیان بیریان لە ئیمتیازات دەکردەوە، بۆیە ڕەگەزنامەی ئێرانیی دەرکرد، زۆرجاریش کونسوڵگەری ئێرانی دەیخستە بەردەمیان، هەرچەندە ڕەگەزنامە لە لایەنی یاسایی و سیاسی و نیشتمانییەوە هیچ مانایەکی نەبوو، وەک ئەمڕۆ هەیەتی.

هەڵبەت پەیمانگە و سەنتەرێلی توێژینەوەی ڕۆئاوایی پتر لە سێ دەیە کاریان لەسەر ئەوە کرد کۆمەڵگەی عێراق بکەنە سێ بەشەوە، سوننە و شیعە و کورد، بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمانە دابەش بوونە بەسەر توێژ و ڕەوتێلی سیاسی و هزری و کۆمەڵگەیی و هیچ مەرجەعێکی تایفیی سەرتاسەریش نییە، چەندێک بەرزیش بێت، بۆ نموونە: شیعە ئایندار و دوور لە ئاینیان تێدایە، باوەڕدار و بێباوەڕ، سیاسی و ناسیاسی، چەپڕۆ یا ڕاستڕۆ، هەژار و دەوڵەمەند، ناکرێت ئەمانە لە یەک بەلەمدا کۆ بکرێنەوە، هەروەها سوننەش لە سۆنگەی جیاوازیی هزری و سیاسی و

کۆمەڵایەتییەوە ناکرێت لە یەک سەنگەردا خڕ بکرێنەوە.

هەرچی کوردەکانن، ئەوا شیعە و سوننەیان تێدان، هەروەها تورکمانیش دابەش بوونە بەسەر سوننە و شیعەدا، واتا هیچ تێکەڵاوکردنێک ڕێک نایەت، چونکە تایبەتمەندیی جیاجیایان هەیە، ئەمەش وا دەکات دان بەو هەمەڕەنگی و تایبەتمەندی و پێکەوەژیان و گونجانە بنرێت لە چوارچێوەی ناسنامەیەکی گشتیی یەکگرتوودا، ئەویش عێراقە، لەگەڵ پاراستنی ناسنامە ناسەرەکییەکان، جا گەر ئاینی بێت، یا مەزهەبی، یاخۆ نەتەوەیی، یان پشتاوپشتی، یاخۆ زمانەوانی... هتد.

واقیعی نوێ لەو سێ دەیەی ڕابردوودا، نەخاسمە دوای داگیرکردن، وای لە عێراق کرد لە بەرەنگاری شێوازی جیاجیای تایفیی سیاسیدا بێت، کە بەدزێوترین شێوە لە ئەنجوومەنی حوکمی ئینتیقالیدا بەدەرکەوت، کە پۆل بریمەری حاکمی مەدەنیی ئەمەریکایی لە عێراقدا لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٣دا دایمەزراند، کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "ساڵەکەم لە عێراقدا"، کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا دەرچووە، باسی دەکات.

* داخۆ بەرپرسیارێتیی بیریار و ڕۆشنبیر لە توندوتۆڵکردنی کۆمەڵگە دژ بەنەخۆشییەکانی سیاسەت چییە، لە پێشیشیانەوە تایفی؟

– ڕەنگە ئەمە بمگەڕێنێتەوە بۆ بیرهێنانەوەی کتێبەکەی ئەدوارد سەعیدی بیریاری فەلەستینی "وێنەی ڕۆشنبیر"، کە مشتومڕێکی زۆری نایەوە لەبارەی مانا و ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیر بەشێوەیەکی گشتی، بەهەمان شێوە ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبیماندا توندتر ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەتایبەت لە سێبەری ئەو پێشکەوتنە خێرایانەی جیهان لەم دوو دەیە و هەندەدا بەخۆوەیان دەبینێت، نەخوازە لە چوارچێوەی جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری و پێوەندییەکان و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیی گەورەدا.

ئەگەر دەسەڵاتی ئەپستمۆلۆجی لە لایەنی مێژووییەوە پشتی بەسێ لایەن بەستووە، یەکەم فەرمانڕەوا (ئەوی هەموو شتەکانی بەدەستە)، کە دەسەڵات دەنوێنێت، دەسەڵاتی دووەمیش دەسەڵاتی پیاوە ئاینییەکانە.

لایەنی سێیەمیش ئەوانەن کە پێیان دەگوترێت "ڕەعییەت"، هاووڵاتییەکان، واتا گەل بەتێگەیشتنی نوێ، هەرچەندە جیاکاری هەیە لە نێوان توێژەکان لە سایەی سەردەمە جیاجیاکاندا هەر لە یۆنانەوە تا ڕۆمان لە دیارکردنی چەمکی هاووڵاتی، دەوڵەتی نوێ تەنیا لەم دوو سەدەیەی دواییدا گەیشتە دیارکردنی بنەماکانی هاووڵاتیبوونی یەکسان و هاوتا، ئەمەش بەیەک جار ڕووی نەدا، بگرە پلە بەپلە و دوای خەباتێکی کۆبووەوە و تا ئێستاش هەندێک وڵات تێیاندا وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان دەرگیری هەندێک دژواریی جیاکاریی ئاینی، یا تایفی، یان کۆمەڵایەتی هاتوون، نەخوازە دژ بەئافرەت و ئەوی پێی دەڵێن "کەمینەکان"، چونکە تا ئێستا بنەماکانی

پێکەوەژیانی ئاشتییانەی مرۆیی و کۆمەڵگەیی نەتەوەیی و ئاینی بناغەیان دانەکوتیوە.

کۆمەڵگەی ئیسلامی بەشێوەیەک لە شێوەکانی ڕێکخراوبوونی لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمان بەسەرداکراوی زانیوە، کە بناغەکەی یەکسانی بووبێت، نەخاسمە لەژێر سێبەری ڕێنوێنییەکانی قورئان و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شاری و دەستوورەکەیدا، پاشانیش لە ماوەی خەلافەتی ڕاشدیندا....

لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکی گەردوونیدا لە گشت سەردەمەکاندا کۆژانەکانی ڕۆشنبیر هەر هەبوو و بەردەوام بوو، ئەمەش لە سۆنگەی ئارەزووی بۆ ئازادی و دژوەستانەوەی لەگەڵ حەزی ئەو فەرمانڕەوایانەی حەزیان لە بەدەستهێنانی متمانە بوو، بەم ئاوایە هاوکێشەی سیاسەت بەبەردەوامی دژ دەوەستایەوە لەگەڵ هاوکێشەی ڕۆشنبیری، بگرە ئەمی دووەمیان زۆری بەدەست دڵڕەقیی یەکەمەوە چێشت. کارەکەش جیاوازی نییە لە نێوان ڕێژیمی تاکڕەوانە، یا دیکتاتۆری، یان شۆڕشگێڕی، یاخۆ تەنانەت دیموکراسیش، هەردەم دەسەڵاتدار حەز دەکات ڕۆشنبیر لە بەرژەوەندیی خۆیدا بخاتە گەڕ، ئەگەرچی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەبوونی دامەزراوەکانی لەوانی تر جیاوازە.

ئەمڕۆ ڕۆشنبیر لە وڵاتماندا ڕووبەڕووی سێ دەسەڵات دەبێتەوە، دەسەڵاتی یەکەم: ئەو دەسەڵاتە فەرمان بەدەستەیە، واتا فەرمییەیە کە دەکۆشێت بەقەناعەت، یاخۆ بە لە ڕیشەدەرهێنان ماڵی و دەستەمۆی بکات، ئەویش بەشەڕکردن لە دژی بەکورتە هەواڵێک، یا بەمەقەستی سانسۆر، یان بە پەراوێزخستنی، یاخۆ بەتۆمەتبارکردنی، یاخۆ بەزیندان، یا بەتاراندنی، یانیش بەدەمانچەی بێدەنگ، واتا بەسەرکوتی هزری و ئایدیۆلۆجی، یان بەسەرکوتی پۆلیسی، هەندێک جاریش بەهەردووکیان.

هەرچی دەسەڵاتی دووەمە: ئەوا تیۆکراتیی ئاینییە، کە گەلێک جاران لەژێر ناونیشانی جیاجیادا دژ بەکاری پێشخستن و تازەکردنەوە وەستاوە، بگرە هەندێک جار خوێنی ڕۆشنبیری حەلاڵ و هزرەکانی حەرام کردوون، بەپلەیەک ئەمڕۆ لای هەندێک نوێگەری و هۆنراوەی ئازاد دەبنە بیدعە و گومڕایی، ئەی داخۆ سەبارەت بەشانۆ و میوزیک و پەیکەرتاشی و سەما و ئەوانی تر چی دەڵێن؟ بەڕاستی ئەمانە شێوازێلی پاڵەپەستۆ و ڕق لێبوونەوە و کوێرانەن، ئەمڕۆ ڕۆشنبیری عێراقی لەژێر ڕووپۆش و پاساوی جیاجیادا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

هەرچی دەسەڵاتی سێیەمیشە: ئەوە هێزی داوونەریت و خێبوونی کۆمەڵگەیە، کە وەڵام بەبیری باو دەداتەوە، ئەم ئاستەنگانە لە بەردەم گۆڕان و نوێکردنەوەدا دەوەستن، ئیتر ئەگەر پاشماوەکە ئاینی بێت، یا تایفی، یان خێڵەکی، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یانیش هی تر، ئەوا بەحەرام و گوناه و تاوانکردن ڕووبەڕووی بیری ئازاد و ڕۆشنبیری ئازاد دەبنەوە.

* پڕۆژەیەکتان هەیە ناوتان ناوە "پڕۆژەی لەناوبردنی تایفی"، دەکرێت

سیماکانیمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

– لە ماوەی توێژینەوەکەمدا بەر لە چەندان ساڵ پرسێک وابزانم لەوپەڕی بایەخدا بوو خستمە ڕوو، ئەویش ئەوە بوو کە پێوەندیی بەناسنامە و ڕەگەز و هاوولاتیبوونەوە هەیە، من ئەمەم بەپتر لە دوو دەیە بەلێکۆڵینەوە و وانەبێژی چارەسەر کرد (هەموو ماوەی هەشتاکان و نەوەتەکان)، نەخوازە لە پێوەند بەبابەتی شەڕی عێراق ـ ئێران و مەترسییەکانی، بەپرسیارێکی گەورەوە گەڕامەوە سەر لێکۆڵینەوەی بابەتەکە "عێراقی کێیە؟" ئیتر بووە ناونیشانی کتێبێکی فراوان تێیدا گفتوگۆم لەسەر پرسی ڕەگەز و ناڕەگەز لە هەردوو یاسای عێراقی و نێودەوڵەتیدا کردووە، ئەم کتێبە لە سەرەتای هەزارەی نوێدا دەرچوو، مەبەستم لەمەدا دیارکردنی هاوبەندیی مافپارێزی – یاسایی و پێوەندیی بەبیرۆکەی هاوولاتیبوون و ناسنامەوە بوو، بەجەختکردنەوە لەسەر پێویستیی ڕێزگرتنی ناسنامە ناسەرەکییەکان، هەمەڕەنگ و هەمەچەشنەکان، جیاوازەکان و تەباکان.

ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر ناسنامەیەکی یەکگرتوو، یا بەکۆمەڵ، یاخۆ هاوولاتیبوونێکی تەواو بکەین، ئەوا پێویستە ڕێز لە هەمەڕەنگیی ڕۆشنبیری بگرین، کە دەخوازێت مافی پێکهاتە جیاجیاکان وەکو یەک بەیەکسانی دابین بکرێت، جا ئەگەر پێکهاتەی ئاینی، یاخۆ نەتەوەیی، یان ئیتنی، بچووک یا گەورە بێت، کارەکە وەکو یەکە ئەگەر مەبەستمان بنەمای هاوولاتیبوون، هاوتا بوون و هاوبەشی بێت، ڕەنگە ئەوە پێویست بەڕەتکردنەوە و قەدەغەکردنی تایفیی سیاسی بێت لە لایەنی یاسا و کۆمەڵگەوە و ئابڵووقەدانی لە لایەنی هزری و سیاسییەوە.

بەدەستهێنانی ئەمە دەکرێت بەشدار بێت لە پاڵپشتیکردن و قووڵکردنەوەی هەستی نیشتمانی و ئینتیما بۆ دەوڵەت وەکو کیانێکی نیشتمانیی یاسایی، واتا وەکو نیشتمان، نەخاسمە گەورەترە لە سنووری ئاین، یا تایفە، یاخۆ مەزهەب، یا نەتەوە، یان خێڵ، یاخۆ زمان، یانیش ناوچە.

پرۆژەی قەدەغەکردنی تایفی و پاڵپشتیی هاوولاتیبوون لە عێراقدا لە هاوبەشیی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بناغەیەکی بەتین بۆ هەر ناسنامەیەکی گشتی و یەکگرتوو پێک دەهێنێت، لە هەمان کاتدا پاراستنی ناسنامەی تایبەتە، واتا مسۆگەرکردنی تایبەتمەندی لە بریی هەڵوەشاندنەوەی، یا تواندنەوەی بەپاساوی ناسنامەی گشتی، ناکرێت وێنای ناسنامەی گشتی بکرێت بێ تایبەتمەندییەکان، ئەگینا دەبێتە ناسنامەیەکی بەزۆر و ڕقلێبووی داخراو بەمتمانە بۆ بەهێزترە، یا گەورەترە، لە کاتێکدا بنەماکانی هاوولاتیبوون پێویستی بەبەدیهێنانی یەکسانییە لە نێوان ئاین و نەتەوە و زمانەکاندا، چونکە تایبەتمەندی و هەمەڕەنگی دەنوێنێت، بەم شێوەیە پێوەندییەکە لەسەر بناغەی گونجان و کار لێککردن دەوەستێت، وێڕای جیاوازی لە چوارچێوەی هاوولاتیبوونی هەمەڕەنگ و هەمەجۆر، کە ڕەگەزی هێزن نەک ڕەگەزی لاوازی.

ئەو هەمەڕەنگییە لە عێراقدا تابلۆیەکی تەواوی مۆزایکی ئاینی و نەتەوەیی و زمانی و نەوەیی و کۆمەلایەتی دەنوێنێت، هەرچی هەوڵەکانی بنەبڕکردن، یا پەراوێزخستنن، بەتایبەت ئەوی تووشی کرستیان و ئێزیدی و سابیئییەکان هاتن، هیچ نین جگە لە هەوڵێک بۆ لاوازکردنی کۆمەڵگەی

عێراقی و ڕەتکردنەوەی هەمەڕەنگی و فرەیی لە ڕیزەکانیدا، ئیدی بەناوی زۆرینەوە بێت، یاخۆ هەوڵی سەپاندنی شێوازێکی ئاکاریانەی دیارکراو، یاخۆ کۆشش بۆ بەتاڵکردنەوەی کۆمەڵگەی عێراقی لە پێکهاتە مێژوویی و ئاینی و نەتەوەییەکانی و... هتد.

دوور نییە هەوڵەکانی دوورخستنەوە و بچووککردنەوە هەندێک جار بگەنە تایفەکان، بەشێوەیەک دەبنە ڕەگەزی ململانێیەکی بەردەوام و هەمیشەیی لەسەر حسێبی پرۆسەی پێشکەوتن و نەشونماکردن و چاکسازی و دیموکراسی و گەلێک لەو کارە نیشتمانییانە، لە ناویاندا گەڕاندنەوەی سەروەری و سەربەخۆییی تەواو و دوور لە ناتەواوی.

هاووڵاتیبوون پێویستی بەهاووڵاتیی ئازاد و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، بەلای کەمەوە سنووری متمانە تەنگەکان، تایفی و مەزهەبی و ئیتنی و ئاینی و خێڵەکی و لایەنی ببڕێت، بەم شێوەیە لە چوارچێوەی یەکەتیی کیانیی هەمەڕەنگ و یەکگرتوودا دەیگرێتە خۆ.

بەم مانایە کاتێک قسە لەسەر دیالەکتیکی ناسنامە لە عێراقدا دەکەین، ئەوا مەبەستمان گفتوگۆی ڕەوایە بۆ ڕێکخستن و لە چوارچێوەدانی جیاوازی و تەبایی لە نێوان ناسنامە هەمەڕەنگ و هەمەجۆرەکاندا، بە لق و گشتییەوە، هەروەها بەدوای مەرجەکانی هاووڵاتیبوون لە دەوڵەتی نوێ و یاسای یەکگرتوو و دەستووری بەکۆمەڵدا دەگەڕێین، لەسەر بناغەی یەکسانی، نەک لەسەر بناغەی ئیمتیازاتی تایفە و ئیتنییەکان و بەش و ڕێژە و دابەشکردنی دوورماوە لە گەوهەری هاووڵاتیبوون بەمانا سەردەمییەکەی، بگرە لەسەر بناغەی هاوبەشییەکانی گەورەتر لە ناسنامەی هەندێ، لە چوارچێوەی ناسنامەی گشتگیر، لەگەڵ ڕێزگرتنی مافەکانی پێکهاتەکان و ناسنامە ناسەرەکییەکان، بەمەرجێک لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و دانپێدانان بەیەکتر و کرانەوە و دابینکردنی مافەکانی بێت.

ئەگەر لاوازی یا کەلێنێک لە سۆنگەی خورانی مافەکانەوە لە ناسنامەی عێراقیدا هەبێت، بەتایبەت بۆ ئەو نەتەوە و ئاینانەی، کە هەندێک جار بە"کەمینە"یان ناو دەبەن، وێڕای حەزکردنم بەوەسفکردنی ئەوە بە"هەمەڕەنگیی ڕۆشنبیری"، بەڵام جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی کەمینەکان، کە لە ساڵی ١٩٩٢دا دەرچووە، وام لێ دەکات بەخوازە زاراوەی "کەمینەکان" بەکار بهێنم، چونکە وا هەست دەکەم ئەم بەکارهێنانە لە دوو توێیدا کەمکردنەوەیە لە پرەنسیپی یەکسانی، کە بناغەیە لە هاووڵاتیبووندا.

ڕەنگە لە هۆیەکانی لاوازیی ناسنامە لە عێراقدا بزریی ئازادییەکان و دەوڵەتی یاسا و بنەماکانی یەکسانی و هاووڵاتیبوونی تەواو بێت، کاتێکیش داگیرکەر هات لە قووڵکردنەوەیدا پشکدار بوو، بەتایبەتی ئەو دەمی دەوڵەت و دامەزراوە و دەسەڵاتەکانی هەرەسیان هێنا، ئینجا کۆششێکی زۆر کرا بۆ پارچە پارچەکردنی ناسنامەی عێراقی، نەخوازە لە کاتی هەڵوەشانەوەی سوپای عێراقی و بڕیاردانی بەشبەشۆکێی مەزهەبی و تایفی و ئیتنی، کە بوونە مایەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، هەڵبەت میری تایفەکان و ئەوانەی سوودیان لە قووڵکردنەوەی ئەو

بەشبەشکردنەی کۆمەڵگەی عێراقیدا دەبینی گرەکەیان خۆش دەکرد، لوتکەی ئەمەش ساڵانی ٢٠٠٦ _ ٢٠٠٧ بوون، دوای تەقاندنەوەی مەزارگەکانی هەردوو ئیمام عەلی هادی و حەسەن عەسکەری لە سامەڕا.

یەکەمین هەنگاو کە نابێت دەسبەرداری بین بۆ گەڕاندنەوەی هاوبەندیی کۆمەڵگەی عێراقی و توندوتۆڵکردنی هاووڵاتیبوون، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژوارییەکانی ئێستا و بەتینکردنی ناسنامەی عێراقی و گەڕاندنەوەی سەروەری و سەربەخۆییەکەی بۆ عێراق، لە هەڵوەشاندنەوە و قەدەغەکردنی تایفییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەهەموو شێوە و سیماکانیەوە و لێپرسینەوەی ئەوانەی پێی هەستاون، یاخۆ برەوی پێ دەدەن، یان بێدەنگیی لێ دەکەن، دوور نییە لەمەدا بەشێک لە متمانە بۆ ناسنامەی گشتیی عێراقی بگەڕێننەوە، کە دەکرێت ڕێز لە مافی ناسنامە ناسەرەکییەکان لە لایەنی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی و زمانەوانی و پشتاوپشتیش بگرێت بێ جیاوازیکردن بەهەر هۆیەکەوە بێت، نەخاسمە بەپاڵپشتیی دەستوور بێت، ئەمەش کارێکە سنوورێک بۆ دیاردەی میلیشیا و توندوتیژی و تیرۆر و گەندەڵیی دارایی و ئیداری دادەنێت و دەگاتە ئامانجی گەڕاندنەوەی شکۆی دەوڵەتی عێراقی و یەکەتی و ناسنامە یەکگرتووە هاوبەشەکەی.

من ئەم پڕۆژەیەم لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکدا بەزمانی ئینگلیزی خستە ڕوو، کە پێشکێش بەو سیمینارە کرابوو سەنتەری CIGI- The centre for international governance innovation لە کەنەدا لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕێکی خستبوو، پاشان بەشێکی لە کۆواری "المستقبل العربی"دا بڵاو بووەوە، منیش پرسەکە نزیک دەکەمەوە بۆ پێشکەشکردنی توێژینەوەیەک بەم مانایەوە بۆ کۆنفرانسێک لە نیودەلهی، کە دوای چەند ڕۆژێک دەبەسترێت، لە ٢٠-٢١/١١/٢٠١٠دا لەژێر ناونیشانی: "گۆڕینی سیمای عێراق: وانە و بەرەنگاربوونەوەکان _ ناسنامە و هەمەڕەنگیی ڕۆشنبیری".

ئەمەش لە سیمینارێکدا بەناوی: "INDIAN and the PERSIAN gulf: security perspectives لەگەڵ خۆپارێزیم لەوەی نووسراوە لەبارەی ناوی کەنداوی فارسەوە، کە لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا ناوەکەی ڕاست کرایەوە و دوای ئیمزاکردنی ٧ وڵاتی عەرەبی لەسەری بەکەنداوی عەرەبی دانرا، کە بریتی بوون لەم وڵاتانە: شانشینی عەرەبیی سعوودی و کوێت و عێراق و بەحرەین و میرنشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان و قەتەر و عومان، کە پرسێکی جوگرافی و سیاسییە.

شێوازی یەکەمی پڕۆژە یاساکە لە ١٧ مادە پێک هاتبوو و من لە کتێبەکەمدا (جدل الهویات فی العراق _ الدولة والمواگنة)، کە لە الدار العربیە للعلوم، بیروت، ٢٠٠٩دا بڵاوم کردووەتەوە، هەروەها ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەر هەواڵێکی درێژی لەبارەوە بڵاوکردەوە، بگرە ڕانانێکی کتێبەکە بوو، کاردانەوەی زۆرم لەبارەیەوە لەلایەن بەرپرسان و ڕابەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێوەندە ئەکادیمی

و زانکۆییە جۆربەجۆرەکانەوە بۆ هات.

من هەستام دوای گونجاندنی لە چوارچێوەی یاسا عێراقییەکانی ئێستا، پڕۆژەکەم پێش خست، وێڕای خۆپارێزیم لە بابەتی سزای لەداردان، کە پتر لە سێ دەیەیە من دژی دەوەستمەوە، بەڵام تایفی بەپێی مادەی یەک، کە بەتاوانم دانا دژ بەگەل و نیشتمان و... بۆ ئاستی "تاوانی گەورەی ناپاکی" هەڵدەکشێت، گەورەترین سزا دەخوازێت، ئەگەر گرێ درابوو بەکردەوە و چالاکییەلێک ببنە هۆی شێوان و پشێوی لە کۆمەڵگەدا، نەخوازە گەر توندوتیژی و هێز و یاخیبوون بەکار هێنران و بوونە شیمانەی شەڕی ناوەخۆیی. ڕەنگە سزایەکی لەم جۆرە بگاتە لەداردان، ئەمەش لەگەڵ پرەنسیپەکانی مندا نایەتەوە. سەرەڕای قەوارەی تاوانەکە، کە ئومێدەوارم ڕۆژێک بێت قەدەغە بکرێت و بەتاوان دابنرێت، کەچی وای نابینم سزای لەداردان سزایەکی گونجاو بێت، چونکە من دژی ڕەتکردنەوەی مافی ژیانم، ئیتر هۆ و پاساو و خۆپارێزییەکانی هەرچییەک بن.

* ئاخۆ میکانیزمی پراکتیزەکردنی ئەم هزر و پڕۆژانە چین؟

میکانیزمی پراکتیزەکردنی پڕۆژەکە ئەوەیە ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیارێک لەخۆ بگرێت، یاسایەک دەربکات تایفی قەدەغە بکات، بەپێی ئەوەی لە پڕۆژەکەدا هاتووە، نەخوازە دوای گفتوگۆ لەسەر کردن و قایلبوون پێی، یا هەموار بکرێت، یاخۆ پێش بخرێت، یانیش بخرێتە سەری، لە کاتێکدا پڕۆژەکە پێوەندە بەقەدەغەکردنی کار و چالاکیی سیاسی لەژێر هەر بیانوویەکی سیاسی، یا حزبی، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یان پیشەییی ئامانجی بڵاوکردنەوەی تایفی، یا مەزهەبی بێت.

هەروەها پڕۆژەکە ڕێگەگرتن لە دەرفەت بینین لە بۆنە ئاینییەکان بۆ برەودان بەتایفی ، یا مەزهەبی قەدەغە دەکات، نەکو ڕق لێبوونەوە لە نێوان تایفەکاندا بورووژێنێت و پرەنسیپی یەکەتیی نیشتمانی و ناسنامەی نیشتمانیی عێراقی لاواز بکات.

هەروەها پڕۆژە یاساکە بەهەموو شێوەیەک دابەشکردن، یا بەشکردنی پۆستە حکوومەتی و ناحکوومەتییەکان لەسەر بناغەی تایفی، یاخۆ مەزهەبی قەدەغە دەکات، هەروەها بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ برەودان بەهەر مەبەستێکی تایفی قەدەغە دەکات، هەروەها ڕێ لە پۆلێن و دابەشکردنی تایفی لە سوپا و هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ و پۆلیس و سەرجەم فەرمانگەکانی دەوڵەت دەگرێت.

هەروەها پڕۆژەکە ڕێ لە هەر خۆ کاندیدکردنێک بۆ هەر هەڵبژاردنێکی یاسادانان، یا ئەنجوومەنی پارێزگەکان، یا ناوەخۆیی، یان شارەوانی، بەپێی پێوەری تایفی، یا مەزهەبی دەگرێت. بەشێوەیەکی تەواویش دابەشکردنی ئەرکە داوەرییەکان بەگشت پلە و جۆرەکانیەوە قەدەغە دەکات، بەپێی هەر بۆچوونێکی تایفی، یاخۆ مەزهەبی.

دیسانەوە پڕۆژە یاساکە ڕێ نادات پیاوانی ئاینی ئەو فەتوایانە دەربکەن، کە بەهەمووانەوە پێوەندن، نەخوازە پێوەند بن بەدۆزی سیاسیی پێوەندداری بەگرووپ و توێژە تایفی و ئیتنییەکان،

هەواڵنامەی کتێب

بەڕێوەبردنی گشت مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکان دەداتە دەست دەوڵەتەوە، لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە، کە داوای یەکگرتووییان دەکات بەپێی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، دوور لەوەی پێی دەڵێن وەقفی سوننی و وەقفی شیعی.

هەروەها پرۆژەکە ڕێ لە بەکارهێنانی دروشمی ئاینی لە زانکۆ و پەیمانگە باڵاکان و لە قوتابخانەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی فێرکردندا دەگرێت، هەروەها ئەوەش ڕەت دەکاتەوە بەشکردنی کارەکانی فێرکردن لەسەر ئەم بناغەیە بێت و داوا دەکات میتۆدەکان بەشێوەیەک دابڕێژرێن لەگەڵ یەکەتیی نیشتمانی و پێوەرەکانی زانست و پێشکەوتندا دژ نەیەنەوە.

هەروەها پرۆژەکە دان بەبڕوانامەی قوتابخانە ئاینییەکاندا نانێت، ئەگەر بەرنامەکانی پەسندکراو و لەژێر سانسۆری حکوتیدا نەبن، دەبێت لەگەڵ ئەو میتۆدانەی حکوومەت پشتیان پێ دەبەستێت بێنەوە، هەروەها ئەندامبوون لە یانە وەرزشی و سەنتەرەکانی گەنجان و کۆمەڵە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و خێرخوازی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی قەدەغەیە، گەر بەپێی هەر پێوەرێکی ئاینی، یا مەزهەبی بێت، هەروەها پرۆژە یاساکە ڕێ لە هەر فرۆشتن، یا نیشاندان، یاخۆ دەستاودەستکردنی هەر کارێکی هونەری، یاخۆ ڕۆشنبیری، یا هزری دەگرێت ئامانجی پروپاگەندەی تایفی بێت. هەروەها بڵاوکردنەوە و هێنانی فیلم، یا یاری، یان هۆیەکانی ڕوونکردنەوە بۆ منداڵان قەدەغەن، ئەگەر بۆ ڕۆحی تایفی و ڕق لێبوونەوە لەوی تر تەرخان بن، یاساکە دەزگە تەندروستییەکانی وەکو: نەخۆشخانە و چارەخانە (مستوصف) و خانەی چاودێری و خانەی پەککەوتووان و دەرمانخانە و لابوور و تاقمە پزیشکییەکانی دەوڵەت دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و ڕێگە لەوە دەگرێت تەنیا بۆ مەزهەبێک، یاخۆ تایفەیەک بن.

پرۆژە یاساکە دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا و سیستەم و بڕیارێلێک بۆ ئاسانکردنەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بڕیار و یاسایانەی لەگەڵیدا نایەنەوە.

* ئاخۆ دەکرێت سەرلەنوێ یاساکە بەشێوازێکی نوێ بڵاو بکرێتەوە، واتا بگونجێنرێت لەگەڵ ئەوی لەلایەن ئێوەوە لە کتێبەکەتاندا بڵاو کراوەتەوە، کە ئاماژەتان پێ دا "جدل الهويات في العراق"؟

– زۆر بەدڵنیاییەوە، ئەوە پرۆژەیەکە هێشتا قسەی لەسەر دەکرێت و ڕا و سەرنجی لەبارەوە دەدرێت، هەڵبەت چەندان سەنتەری ئەکادیمی و توێژینەوەی یاسایی پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردووم ئەڵقەی لێکۆڵینەوە، یاخۆ وۆرکشۆپی کاری ئەکادیمییان بۆ بگێرم بۆ توێژینەوە و تاوتوێکردنی، دەکرێت لە سەرەتادا بەبڵاوکردنەوە دەست پێ بکرێت، ڕەنگە گەر ئەم پرۆژەیە بخەمە بەردەستی خوێنەر قسەی خۆی لەبارەوە بکات، واتا هاووڵاتی پێش بەرپرس، ئومێدەوارم ببێتە جێگەی قسە و باس، بۆ پێکەوە گونجانی نیشتمانی و ببێتە مایەی بایەخی هەموو ئەوانەی لە کارگە و کێڵگە و زانکۆ و شەقام و مزگەوت و کڵێسا و دەزگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەئاگری تایفی داخ کراون.

# کەسێتیی تاکی عێراقی

باقر یاسین

## بەشی چوارەم

### مەترسییە هەنووکەیی و چاوەڕوانکراوەکانی خراپیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە

بەگشتی وەکو تێبینیمان کرد هەستی ئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی بەشێوەیەکی ترسناک تێک دراوە و شێوێنراوە و بەلاڕێدا براوە، پێ بەپێ و بەدرێژاییی مێژوو ئەم هەستە کەتواری و کردارییە بەهەست و پابەندبوونی تر گۆڕاوە، ئەویش پابەندبوونە بەئینتیمای خێڵەکی و تیرەیی و تایفی و حزبی و تاقمگەری و ناوچەگەری و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و قازانجی مادی و دەسکەوتی دارایی و پەرستنی فەرمانڕەوای دیکتاتۆر و مەرایی بۆ دەسەڵات و سەنتەرەکانی بڕیار و دەسەڵات لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی نیشتمان و گەل.

لە بەرابەر ئەم شێواندن و پاشەکشێ، یاخۆ دوودڵییەدا لە هەستی ئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی (کە تا ئێستا لە هەزاران هەڵوێست و بەڵگەی واقیعیدا دیار و هەست پێ کراوە)، پەنابردن بۆ نووسین و بڕیاردان لەسەر یاسا و دەستوورەکان لە عێراقدا چەندێک مەزن و پێشکەوتوو بن، ئەوا هیچ سوودێکیان نییە و دەبنە پرۆسەیەکی نەزۆک و ئیفلیج و سەرنەکەوتوو و پێکەنیناوی و وێڕای گرینگی و ئەوپەڕی پێویستییەکەی لەسەر بناخەی گرفت چارەسەر ناکرێ، چونکە ئەستەمە ئەو یاسا و دەستوورانە پیادە بکرێن و ناوەڕۆکیان جێبەجێ بکرێت، یاخۆ

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

بەشێوەیەکی دروست گوێ لە ڕەواییەکانی بگیرێت و هەر بەمەرەکەبی لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، چونکە تاکی عێراقی بەم ڕەوشەی ئێستایەوە لەلایەنی دەروونی و ئاکارییەوە ساز و ئامادە نییە بۆ پێڕەوکردنی یاساکان و گوێ شلکردن بۆیان و پابەندبوون بەڕەواییەکانییەوە، مادامەکی تا ئێستا عێراقی بارگاوییە بەقەبارەیەکی گەورە لە تاکایەتی و خۆیەتی، ئەو ئامادە نییە لە پێناوی سەرکەوتنی پڕۆژە چاکسازییە گشتییەکاندا، کە تایبەتن بەنیشتمانەوە، لەخۆبوردوویی بنوێنێت، خۆ ئەگەر ئەو یاسایانە بەختی پیادەکردنیان هەبوو، ئەوا بەشێوەیەکی ناتەواو، یا دەسکاریکراو، یان شێواو، یاخۆ پارچە پارچە، یانیش لایەنگیرانە جێبەجێ دەکرێن...

لە سایەی ئەم واقیعەی ئێستادا هەر پلانێکی نیشتمانی پێوەندیی بەچاکسازیی سیاسی، یا بەپێشکەوتنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و ڕۆشنبیری و ژیارییەوە هەبێت، سەرکەوتنی زەحمەتە، تەنانەت ئەگەر نیازی سەرپەرشتیاران و ئەوانی بەتاسەوەن بۆ جێبەجێکردنیان دڵسۆزانەش بن، چونکە ئەم پلانانە زۆرجار تووشی مەترسیی وەستان، یا پاشگەزبوونەوە، یان وێرانکردن، یا سەرنەکەوتن دەبنەوە، دووریش نییە لە وێرانکردن، یا وەستانی دەستئەنقەست، یاخۆ بێ مەبەست دوور نەبن، لە ئەنجامی گەندەڵی و بەتەنگەوە نەهاتن و نەبوونی پەرۆشی بۆ بنیاتنانی نیشتمان، یا لە ئەنجامی هەژموونی هەستی ئینتیمای تاقمگەری و حزبی و تایفی و خێڵەکی وەکو ئەلتەرناتیڤی ئینتیمای نیشتمانی.

ئێمە بڕوامان وایە خۆبەزلزانین، یا پێداگرتن لەسەر نکوولیکردن، یا بچووککردنەوەی بوونی ئەم ڕاستییە بابەتییە مەترسیدار و ترسناکە هیچ سوودێکی نییە، کە تاکو ئێستا لە کۆمەڵگەی عێراقیدا هەر هەیە، مەبەستمان (ئاستنزمیی پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانییەوە).

کۆمەڵگەیەک هاووڵاتی تا ڕادەی شێواندن، یا مەرگ ئەشکەنجە بدات و سووکایەتی پێ بکا و بەزۆر دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسیی بکاتە سەر و بەمەبەستی کوشتن تەقە لە خۆپێشاندەرانی بێوەی بکا، ئەوانەی داوای نان و بژێویی ڕۆژانە و کارەبا و خزمەتگوزاریی سەرەتاییی سووک دەکەن، ناکرێت کۆمەڵگەی لەم شێوەیە سەرکەوتوو بێت، یا پڕۆژەی ئاشتەواییی سیاسیی ڕاستەقینە تێیدا ڕاست بێتەوە، نەیش پڕۆژەی ئابووریی نیشتمانیی زەبەلاح لە چاککردن و وەبەرهێنان و پەرەپێدان و بنیاتنان، تەنانەت ئەگەر بشکرێن ئەوا جار لە دوای جار کاول دەکرێن.

لەو نموونە کردەییانەی دروستیی ئەم شیکردنەوەیە و پێشبینییانەمان دەسەلمێنن، بوونی ئەو ناکۆکییە زەقەیە لە نێوان مەزنیی مانا و چەمک و دەلالەتە نووسراوەکانە لە یاسا و دەستوورەیلی عێراقیدا، کە لە عێراقدا پیادە کران (بەیاسا هەڵوارده و دەستووره کاتییەکانیشەوە)، کە ڕێژیمە لەناوچووەکان دایانڕشتوون، هەروەها لە نێوان سەرکوتکردنی تاوانکارانەی شەرمهێنی ڕۆژانەی بەردەوامی دژ بەمرۆڤی عێراقی بەدرێژاییی نێزیکەی سەدەیەک دەبێت تاکو ئێستا، لەناو داوودەزگەکانی دەوڵەت و فەرمانگە جۆربەجۆرەکانی و بەردەوامبوونی هاڕینی دۆزەخییانەی

مرۆڤایەتیی تاکی عێراقی بێ ئەوەی نە دەقی دەستووری و نە یاسایی و نە هەر لایەنێک، یاخۆ دامەزراوەیەک بتوانێت بیپارێزێت، یا ئەو سووکایەتی پێکردنە دزێوانە لە دژی بوەستێنێ.

هەرچی لەسەر ئاستی بەدیهاتنی بووژانەوەی ئابووری و پیشەسازییە لە وڵاتدا و شیمانەی سەرنەکەوتنی پلانە ئابوورییەکانە، لە دوارۆژدا لەژێر سایەی خراپی لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە، ئەوا مەترسیدارترین نموونە دەکرێت لەم بابەتەدا بیهێنینە ژوورەوە و لە هەموویان کارەساتبارترە و دەبێ ڕۆژانە لە هزری بەرپرسە عێراقییە دڵسۆزەکاندا بمێنێتەوە، بەشداربوونی دەیان هەزار عێراقییە بەئاگایی و دوور لە ئاگاییەوە لە وێرانکردنی ئەو بەراییە بوێرانە و سەرکەوتووانەیەی ڕاپەڕینی پیشەسازی، کە ڕێژیمی دیکتاتۆریی خوێنڕێژ لە دوادواییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی پێ کرد و گرتییە خۆی و خەریکی جێبەجێکردنی بوو، سەرەڕای هەڵوێستمان لە بەرابەر دیکتاتۆرییەتی ئەو ڕێژیمە و چنگ بەخوێنییەکەی، ئەوا ئەو ڕاپەڕینە پیشەسازییە بوێرانەیە بەخێراییەکی زۆرەوە بەردەوامی هەبوو، تا بووە مایەی نیگەرانی و ترسی جیدی لای هەندێک وڵات و لایەنی نەیار بەعەرەب و موسڵمانانیشەوە، لە پێشیانەوە ئیسرائیل بەتایبەت دوای ئەوەی ئەم بووژانەوەیە خەریک بوو مۆرکێکی سەربازیی وەردەگرت...

لە کۆتاییدا ئەو سەرەتا بەجەرگانانەی بووژانەوەی پیشەسازی، کە عێراق لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستدا دەستی پێ کرد، وێران و خاپوور کران.

لەو باوەڕەدا نیین لایەنێک لە دنیادا هەبێت ئامارێکی دروست، یا نێزیکی لەبارەی ئەو عێراقییانەوە هەبێت، کە بەشدارییان لە وێرانکردنی ئەو ڕاپەڕینە پیشەسازییەدا کرد، ئیتر ئەگەر لەمیانەی دەرکردنی نهێنییە پڕ لە وردەکارییەکانەوە بێت سەبارەت بەکارگە و کارخانە و هێڵەکانی بەرهەمهێنان و تواناکانی دروستکردن تێیاندا و ناوی زانا و سەرپەرشتیارانی بەشەکان، یاخۆ ئەو گرێبەستانەی پێوەندن پێوەی، یان لەمیانەی پیادەکردنی مەترسیدارکردن و ترساندن لە ئەنجامەکانی و ڕەنگدانەوەکانیان، ئیتر کارەکان تێکچڕژان و لای بەرهەڵستکارە عێراقییەکان تێکەڵییەک کرا لە نێوان هەستی ڕقلێبوونەوە و ڕکابەرایەتی دژ بەڕێژیم لە عێراقدا و لە نێوان هەستی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی بۆ عێراق، ئەو پابەندبوونەی دەبوو باڵاتر و گشتگیرتر بووایا لە دۆزی ناکۆکی لەگەڵ ڕێژیمە سیاسییەکەدا، لێ ئەوی ڕووی دا پێچەوانەی ئەمە بوو، ئا لێرەدا دەتوانین بێ دوودڵی ئاماژە بەو ڕاستییە خەمهێنەرە بکەین، ئەویش خراپیی پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی.

بەڵام ئەوی لەم بابەتەدا سەیر و گورچکبڕە ئەوەیە ڕێژیمی دیکتاتۆریی خوێنڕێژ، کە ئەو بووژانەوە پیشەسازییەی گرتە خۆ و چەندان ملیۆنی لە پێناویدا خەرج کرد و بەیەکێک لە دەسکەوتە مەزنەکانی خۆی دانا، کە بەخۆی بەشدار بووە لە وێرانکردنی و دابینکردنی کەشی گونجاو بۆ تێکشکاندنی و کۆتاییهێنان پێی، ئەمەش لەمیانەی هەڵسوکەوتە پڕ لە هاشوهووشە دوور لە بیرکردنەوە و بەڕوودا وەستانە بێباکانە و شەڕە حسێب بۆ نەکراوەکانی و بەردەوام بوون

لە گەرمکردن و هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و خەمساردی لە گرتنی ڕێگەی هێمنکردنەوە و سەقامگیری و ئاشتی بۆ فەراهەمکردنی کەشی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ بووژانەوەی پیشەسازیی تازە خۆگرتوو، کە زۆرێک پێویستی بەسەقامگیری و ئارامی و سووککردنەوەی بارگرژی و دوورکەوتنەوە لە شڵەژان و بەرەو پێشبردنی دۆخی سەربازی هەبوو، هەروەها ناچاربوونی ڕێژیم لە کۆتاییدا بەدانانی سەرجەم کارگەکانی وڵات لەژێر سەرپەرشتیی لیژنە ڕقئەستوورەکانی پشکنینی نێودەوڵەتیی، کە بەیەکجا ژێرخانی بزاوتی پیشەسازییان لە عێراقدا وێران کرد، هەموو شتەکانیان هەر زوو خاپوور و وێران کردن و بووژانەوەی پیشەسازییان بەیەکجاری تێکوپێک دا، تەنانەت بەر لە ڕووخانی ڕێژیم، هەرچی ئەو شەڕەی دوایی بوو، کە ڕێژیم خۆی و میللەت و وڵاتی تێوە گلاند، ئەوە بوو تێیدا لە ماوەی سەدەیەکدا چی دەسکەوتی کۆمەڵگەی عێراقی هەبوون، وێران کران.

ئیدی کارەکان گەڕانەوە خاڵی سفر و نیشتمان جگە لە زیانی ماڵوێرانکەر و وێرانە هیچی نەدوورییەوە.

ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە هۆی ڕووداني گشت ئەمانەیە، وای لێ هات سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن و ڕووخانی ڕێژیم بەهەر نرخێک بێت لە چاوی بەرهەڵستکارە عێراقییەکانەوە لە نیشتمان گرینگتر بوو، بۆیە هیچ هێڵێکی سووری نیشتمانی نییە لەسەری بوەستن، بگرە هەر کەسێک بەناپاک دادەنرا کە داوای بکردایا لە سروشتی ململانێکە و سنوورەکەی ورد ببنەوە، هەرچی دەسەڵات و هەواداران و شوێنکەوتووانی بوون ئەوا وای لێ هات مانەوەی ڕێژیمەکە و سەرۆک و هێشتنەوەی حزبی دەسەڵاتدار لە دەسەڵاتدا بەلای ئەوانەوە لە نیشتمان گرینگتر بوو و ئەوی لە بەرابەر ڕێژیمەکەدا بوەستایەتەوە بەسیخوڕ و بەکرێگیراویان دەژماردن، لەبەر ئەمە هیچ هێڵێکی سووری نیشتمانی نەبوو ڕێژیم و لایەنگرانی گل بداتەوە و وای لێ بکا ڕێباز و پلانەکانی خۆی بگۆڕێت، بەڵکو هەر کەسێک داوای چاوکراوەیی و لێکدانەوەی قەبارەی مەترسییەکانی داهاتووی بکردایا، ئەوا بەناپاکیان دادەنا...

ئیدی بەم ئاوایە لە ئەنجامی خراپی لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی، وڵاتمان لەدەست دا. ئا لێرەدا وتەی ساڵح بن عەبدولقەدووسی شاعیری عەباسی بەسەر هەمووواندا پێڕەو دەبێت، کە لە بەغدا لە یەکێک لە شەپۆلەکانی توندوتیژیی خوێناویی سیاسیدا لە سەردەمی عەباسی لە دار درا، دەڵێ:

لا يفعل الاعداء في جاهل　　　　مايفعل الجاهل في نفسه

واتە: ئەوی نەزان بەخۆی دەکات، دوژمنان پێی ناکەن.

ئەم کارەساتە نیشتیانییە، کە ئەوی عێراقییەکان لە ماوەی سەدەیەکی ڕەبەقدا ئەنجامیان دا لە بنیاتنانی نیشتمانی و مەدەنی و ئاوەدانکردنەوە و ئابووری، دەکرێت لە داهاتوودا دووبارە

ببێتەوە، مادامەکی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی وێران بووە، مادامەکی پابەندبوون بەئینتیمای تاقمگەری و حزبی و خێڵەکی و تایفی و ڕەگەزپەرستی بڵاوە و باوە لە ئاکار و هەڵسوکەوتی تاکی عێراقیدا، هەروەها دەشێت گشت ئەو هەوڵانەی عێراقییەکان دەیدەن بۆ هاتنە کایەی ڕاپەڕینی ئاوەدانکردنەوە و ژیاری لە داهاتوودا تووشی وەستان و پاشەکشێ و کاولی ببن، لە سۆنگەی هەمان ئەو پاڵنەر و هۆکارانەی باسمان کردن، لەوانەشە لە سایەی نائامادەیی تراجیدیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتیمانییەوە لای تاکی عێراقی هەموو گەنجینەی سەر زەوی و پارەی دنیا بەشی تەواوکردنی بووژانەوەی ئاوەدانی و ئابووریی ئومێد پێ هەبوو نەکەن...

هەروەها بۆ بەدیهێنانی هەستانەوەی ئاوەدانکردنەوە و ئابووری و سیاسی بوونی ژمارەیەک بەرپرسی دڵسۆزی شێلگیری عێراقی بەش ناکەن بۆ بنیاتنان و پەرەپێدان و پێوەست بەپابەندبوونی نیشتمانی، جا با پایە و ئاستی پۆستەکانیان هەر چەندێک بێت، چونکە ناکرێت بنیاتنان تەواو بێت (گەر تۆ بنیاتی بنێیت و یەکێکی تر بیرووخێنێت)، هەروەها ئەو ملیارانەی بۆ خەرجی تەرخان کراون چەندێک بن بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینی ئابووری و ژیاری، کە بەردەوام ئامادە بن بۆ مەترسیی وێرانکردن و کاولکردن و وەستان.

ئەگەر بەرهەڵستیکردنی ڕێژیمی سیاسی لەچاو تاکی عێراقییەوە (بەرهەڵستکار) ئەو پاساوە بداتە دەستەوە، کە گشت شتێک تەنانەت کاولکردنی نیشتمان و کوشتنی میللەت و وێرانکردنی دەسکەوتە نیشتمانییەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەڕەوا بزانێ لەپێناوی گەیشتن بەحوکم، خۆ ئەگەر مانەوە لە دەسەڵات و بەردەوام بوون لە پێوەندبوون بەفەرمانڕەواییەوە لە دیدی تاکی عێراقییەوە (سەر بەڕێژیم) پاساوی ئەوە دەدەن و هەموو شتێک بەشیاو دەزانن، تەنانەت کاولکردنی وڵات و دەسکەوتی نیشتمانی و ئاوەدانکردنەوە لە وڵاتدا لە پێناوی سەلامەتیی ڕێژیم و سەلامەتیی تاقمی دەسەڵاتدار و سەرۆکی فەرمانڕەوا.

چۆن دەکرێت بۆ داهاتوو ئاسوودە بین و چۆن دەبێت پرۆژە نیشتیمانییەکان و پلانەکانی چاکسازی و پەرەپێدان و وەبەرهێنان لە کاولکردن و کۆسپ و وێرانکردن بەدوور بن، ئەی چۆن دەکرێت بنیاتنانی نیشتمان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی تەواو بێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو ڕاستییە مێژووییە نەمرە جێگیر و بەردەوامە بێنینەوە بیری خۆمان، لە بەرەنگاربوونەوەی هەر ڕێژیمێکی سیاسیی فەرمانڕەوا لە مێژوودا ئۆپۆزسیۆن هەیە... لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیشدا ڕێژیمێکی سیاسیی فەرمانڕەوا هەیە خۆی بەدەسەڵاتەوە دەگرێت.

چۆن دەکرێت بەئامادەنەبوونی پابەندی شێلگیرانەی یەکلاکەرەوە بەئینتیمای نیشتمانی لەم گێژاوە دەرچین...؟

لەبەر ئەمە زیندووکردنەوە و ڕاستبوونەوەی ئاکاری پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی بەکردار نەک بەقسە و پیادەکردنی ئەم پابەندبوونە بەپراکتیک لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی سەرپێیی و

خۆبەخۆی تاکی عێراقی لە گرینگترین ئەرکە خێراکانە، کە پێویستە پێش هەر پلانێکی نیشتمانی بکەوێت، بۆ پەرەپێدان و بنیاتنان و نۆژەنکردنەوە و وەبەرهێنان و چاکسازی لەسەر هەموو ئاستەکان لە وڵاتدا (لە لاپەڕەکانی داهاتوودا مەرج و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ڕوون دەکەینەوە).

## چی بکەین بۆ پتەوکردنی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی؟

بەر لەوەی دەست بکەین بەخستنە بەرچاوی ئەو پێشنیازانەی پێوەندن بەباشترین چارەسەر و ڕاستتر و خێراتر بۆ چارەسەری ئەو ناتەواوییە ئاکارییە مەترسیدارە، مەبەستمان خراپیی پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی، وامان پێ باشە سێ ڕاستیی بایەخدار ڕوون بکەینەوە:

١- هەڵسانەوەی ئاکاری پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی چاکسازیی مەزنە، بۆیە لە هەر ڕەوش و دۆخێکدا بێت پێویستییەتی و ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت، چونکە پرۆسەیەکی بنیاتنانی ئاڵۆز و قورسە و پێوەندە بەڕاستکردنەوەی بنیاتی ئاکاریی تاکی عێراقی، لەبەرئەوە ئەو چارەسەر و بەدواداچوونەی قسەیان لەبارەوە دەکەین بریتییە لە هەڵبژاردنی باشترین چارەسەر، کە دەکرێت ئەنجامی خێرا بداتە دەستەوە لە ماوەی ئەنجامدانیدا لە بارودۆخی نائاسایی، ئەمەش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو خراپی و ڕووخانە ڕەوشتییەی لەم دۆخە مێژووییەدا سەرتاپای کۆمەڵگەی عێراقی بەدەستییەوە دەناڵێنێ.

٢- چاککردنی ئاکاری تاکی عێراقی لە دۆزی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتیمانییەوە هەرگیز ناکرێت بەئامۆژگاری و ڕێنوێنی و کۆبوونەوە و گوتاری ڕەوانبێژی ئەنجام بدرێت، کە بەرپرسە فەرمییەکان پۆست و ئەرکیان لە هەر ئاستێکدا بێت دەیدەن، هەروەها ناکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەشوفشی نیشتمانی و نەتەوەیی و دووبارە بوونەوەی شانازیکردن بەشکۆیی مێژووی عێراقەوە و هەڵدان بەمەزنیی گەلی عێراق و سەرکەوتنە ژیارییەکانییەوە ئەنجام بدرێت.

٣- هەرچی ڕاستیی سێیەمە ئەوا پێویستیی جیاکاری و جیاکردنەوەیە لە نێوان چەمکی نیشتمانی و پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی و ئەوی ئەم پابەندبوونە دەیخوازێت لە هەڵوێستی کردەیی و واقیعیی بارگاوی کراو بەمەترسیی کەسێنی و قوربانیدانی خۆبەخۆی بێدەنگ و لەخۆبوردوویی، هەروەها لە نێوان سۆز و هەڵچوونی بەتاو، کە ماوە ناماوەیەک یاخۆ لە بۆنەکاندا هەڵدەچێت بەهۆی غەریبی و تاسەوە بۆ شوێنەکانی یادەوەری و جێگەی خۆشگوزەرانی لەگەڵ کەسوکار و خزمان و هاوەڵاندا لەنێو نیشتمان و تاسەکردن بۆ منداڵی و

لاوی و ئارەزووی سۆزداری لە کاتی بینینی ماڵ و گەڕەک و گوند و شار و وڵاتدا، کە کەسەکە بەشێکی ژیانی تێدا بردووەتە سەر، چونکە یادەوەرییەکانی ڕابردوو و ڕووداوە کەسێنییەکانی لە یادەوەریی مرۆڤ و خەیاڵیدا هەردەم جوانتر و خۆشگوزەرانتر دەنوێنن، ئەمانە کێشی دەکەن بۆ گەڕانەوە بۆیان و تاسەکردن بۆ بیرهێنانەوەیان.

لەبەر هەندێ سەرجەم وێنەکانی گوزارشتکردن لە هەستی سۆزداری و قسەی نەستەق و بڕگەی ئەدەبیی ڕەوان و هۆنراوەی شیعری و گۆرانی و سروود و شانۆنامە و بیرۆکە ڕۆژنامەوانییەکان و کارە سینەمایی و زۆرینەی شێوازی چالاکییە ئەدەبییە پڕ لە داهێنانەکان، کە بەشێوەی هەڵچوونی سۆزداری دەوترێن و ئەنجام دەدرێن و بەسەدان جار بەوڵاتدا هەڵدەدەن، جگە لە هەستێکی مرۆیی سروشتی بۆ گوزارشتکردن لە تاسە بۆ کەسوکار و نیشتمان لەو چوارچێوەیەی دامانناا، بەڵام ئەوە لە گشت حاڵەتەکاندا نیشتمانپەروەری و پابەندبوون نییە بەئینتیمای نیشتمانییەوە.

## چارەسەر

چارەسەر لەم بابەتەدا بەپلەی یەکەم و بەئاسانی لە گۆڕینی قەناعەتی چەسپاوەوەیە لە مێشکی هاووڵاتییە عێراقییەکاندا، بەنەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لە پێڕەوکردنی یاسا و سزادانەکاندا لەلایەن دەوڵەت و حکوومەت و بەرپرسانەوە، هەروەها بڕوای یەکلاییان بەتێوەگلانی کارمەندی دەوڵەت و خودان پۆستە گەورەکان لە ئامێری بەڕێوەبردنی حکوومەت لە پیادەکردنی گەندەڵی و بەشداریکردن تێیدا و بێدەنگی لێکردنی بەهەموو شێوە و ئاستەکانییەوە، هەروەها گەیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان بەدۆخی بێ ئومێدی لە توانای چاککردنی ڕەوشەکە و لەناودانی گەندەڵی.

گۆڕینی ئەم جۆرە قەناعەتانە و لابردنیان دەکرێت لە ڕێگەی پێڕەوکردنی یەکلاییکەرەوە و دادپەروەرانەوە بێت بۆ توندکردنی یاساکان و جێبەجێکردنیان بەسەر هەمووواندا بەشێوەیەکی یەکسان و دوور لە هەر لایەنگیری و خاترگرتنێک.

گەیاندنی هاووڵاتی بەو باوەڕەی کە یاسا و سزادانەکان وایان لێ هاتووە بێ هەڵاواردن و بێ جیاکاری، یاخۆ خاترگرتن بەسەر هەمووواندا پێڕەو دەکرێن، کە یەکێک لە پێویستییە زیندوو و لە پێشەکانە لە سەرکەوتنی چارەسەری خوازراودا... بەبێ ئەمەش پرۆسەی چاکسازی و چارەسەری بەبێ توانایی و گێڕوگەواڵی و ناکاریگەری دەمێننەوە.

بڵاوبوونەوە و باوبوونی ئەو قەناعەتە لە نێوان هاووڵاتییاندا، کە یەکسانی و دادپەروەری لە پێڕەوکردنی یاسا و سزاکان بەکردار و واقیعی لەلایەن دەوڵەتەوە لە گشت داوودەزگە و وەزارەتەکان لە وڵاتدا و لەسەر هەموو ئاستە باڵا و نزمەکاندا بەسەر هەمووواندا دەستی پێ کردووە، ئەمە هانی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییە بۆڵەبۆڵکەرە بێ هیوا و بێدەنگەکان دەدات لە

ڕەوشێکی وەک ئێستادا بجوولێن بەرەو یارمەتیدانی دەوڵەت و هێنانە ژێر باری هاوکاریکردن لەگەڵیدا و بەشانازی و گەورەییەوە بکەونەخۆ بۆ پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی و گۆڕینی ئەمەش بۆ پابەندبوون بەهەڵوێستی کردەیی ئازایانە، کە ڕوحی جوامێریی نیشتمانی و شانازی بەنیشتمان و وەستان لەگەڵیدا لە گەورە و بچووکدا بەچاوپۆشی لە جۆری دەسەڵات، یاخۆ حکوومەتی هەبوو لە لووتکەی بەرپرسیاریدا، ئەگەر پێڕەوکردنی یەکسانیی ڕاستەقینە و شێلگیر بێت لەسەر ئاستی کردەیی و بەپێی یاسا و ئەو ڕێبازانەی بۆی دانراون، ئەوا گەل زوو لەوە دەگات و قەناعەتی پێ دەبێ و ئەو کات دەسەڵات، یا حکوومەت پێویستی بەپڕوپاگەندە، یاخۆ مژدەی کارڕاییە فەرمییەکانی نابێت، چونکە خەڵک بەوپەڕی خێراییەوە پێی دەزانن.

ئەم شێوە چارەسەرە شیاو و ئاسان و لەژێر کۆنترۆڵدایە، تەنیا پێویستی بەئیرادەی پتەو و دڵسۆزانە و بڕیاری یەکلاکەرەوەی دوور لە دوودڵی و لایەنگیرییە لە سەرەتادا لەلایەن ژمارەیەکی دیارکراو لە بەرپرسی چاودێر بەسەر پۆستە گرینگ و بناخەییەکان لە وڵاتدا.

وریابوونەوەی ڕوحی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورە و ئاڵۆز و گشتگیرە، کە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێکی زۆر هۆکاردایە، کەچی دەوڵەت لە توانایدایە هەر کاتێک بیەوێت، دەستپێشکەریی جیدی بکا و چاکسازی و چارەسەری خێرا و ڕاستەقینە بۆ ئەم بابەتە مەترسیدارە ئەنجام بدا.

هەروەها پێویستە چارەسەرەکە ڕێبازی هێرشبردن بگرێتە بەر، بواردان، یا بەتەنگەوەهاتن، یاخۆ دوودڵی نەزانێت و دوور بێت لە ڕوحی بەشبەشۆکێی تاقمگەرایی، ئەمەش لە ڕێی دنە و هاندانی هاووڵاتییانەوە بۆ بێدەنگ نەبوون و مل نەدان بۆ ڕووتکردنەوە و دەستپێشخەریی دەمودەست بۆ پێ وتنی سەرپێچییەکان و ئەوی لە بواری ژیانی ڕۆژانەیاندا دەیبینن.

هەروەها لەسەر دەوڵەت، یاخۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە ڕوو لە پەسەندکردنی سکاڵای هاووڵاتییان بکا و سەبارەت بەهەر پێ وتنێک پێشکێشی دەکەن ڕێزیان لێ بنێت، ئیدی تا چ ڕادەیەک پەردە لە ڕووی دۆخەیلی گەندەڵی و بەرتیل و لایەنگیری هەڵماڵێت، جا لە هەر شوێنێکی وڵاتدا بێت، بەتایبەت لە قۆناخی یەکەمی پرۆسەی چاکسازیدا، لەگەڵ حەزی لایەنگیریکردن بۆ لای هاووڵاتی و سکاڵا و پێ ڕاگەیاندنەکانی و یەکسەر دەستکردن بەکردنەوە و ئامادەکردنی دۆسێی تاوانبارکردن و ئارەزوو نەکردن بۆ بێتاوان دەرکردنی بەرپرس، یاخۆ کارمەندی حکوومەت و لە بەرابەردا ڕێگری نەکات لە دەستکردن بەسزای تەمێکردنی دەسبەجێ دژ بەپێ ڕاگەیاندنە درۆینەکان و زمان لێدانی بەدرۆ لە کاتی بوونی بەڵگەی دژ.

ئەم ڕێبازە هێرشبەرە لە چارەسەرکردنی یەکلاییکەرەوە دەزگای بەڕێوەبردن و سەرتاپای هەرەمی دەوڵەتی مەدەنی دەخاتە دۆخی گومان و دوودڵی و ترسی هەمیشەیی و ئیرادەی هاووڵاتی و مافەکانیشی دەکاتە بالادەست و دەنگیشی بڵند دەبێت، لە بری ئەوەیش هاووڵاتی بترسێت و

ڕیسوا بکرێت و لاواز بێت و تووشی فێڵ لێکردن بێت و ملکەچ و بێدەنگ بێت، فەرمانبەر لە هەر کوێ و لە هەر ئاستێکدا بێت، ئەوا دەترسێت و لە تووڕەییی هاووڵاتی و دان بەخۆدا نەگرتنی دەتۆقێت، وەکو چۆن لە سەرجەم وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا وایە، لەوێ فەرمانبەر دەکۆشێت بۆ ڕازیکردنی هاووڵاتی و خۆپاراستن لە تووڕەییەکەی، چونکە سکاڵای هاووڵاتی بۆ بەرپرسی باڵای دامەزراوەکەی دەبێتە کارێکی وێرانکەر بۆ هەر فەرمانبەرێک سکاڵای لە دژ کرابێت.

لەم دۆخەدا تەنیا فەرمانبەرە گەندەڵ و بەرتیلخۆرەکان دەشڵەژێن، یا دەترسێن، یاخۆ ئەوانەی ئامادەیی بەرتیل خواردن و قۆڵبڕین و گەندەڵییان تێدایە، کەچی لە بەرابەردا ڕازیبوون و پشتگیری و ئامادەیی و خۆ هێنانە پێشەوە بۆ هاریکاری لای زۆربەی ئەندامانی دەزگا ئیدارییە حکوومییەکە لە سەرانسەری وڵاتدا و لە گشت ئاستەکانی هەڕەمی بەڕێوەبردندا بەدەست دەهێنن.

لەسەر دەوڵەت، یا حکوومەتە ئامادەبوونی پێشینەی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرای دروستکراو و شیمانە کراو و ئەو بۆڵەبۆڵەی تۆڕەکانی گەندەڵی و ساختەکاری و فێڵکردن و بەرتیل دەیخوڵقێنن بەپاساوی ئەوەی لە ڕەوشی پڕ لە ترس و تۆقیندا ناتوانن کار بکەن، ئا لێرەدا لەسەر دەوڵەتە ڕووبەڕووی ئەم نارەزاییە بێتەوە، ئەمەش بەکردنەوەی پەروەندی (ملف) تۆمەتبارکردن دژ بەکارمەندانی نارازی لەژێر بەهانەی دژوەستانەوەی پلانی چاکسازی و ڕەوانەکردنیان بەرەو لێپرسینەوە، ئیدی هێندە نابات کارەکان باری ئارامیی خۆیان وەردەگرن.

هەروەها پشتگیریی دەزگای دادوەری و بەشێوەیەکی تایبەت دەستەکانی پشکنین و دەستپاکی و هاندانیان و وەستانەوەیان لەگەڵ بڕیارەکانیاندا، کە لەبارەی گەندەڵییەوە وەری دەگرن و پەلەکردن لە دەرکردنی فەرمانی کارگێڕیی پێویست بۆ جیاکردنەوەی ژمارەیەکی باش لە دادوەر و یاساناس و ئەو فەرمانبەرانەی تەرخانن بۆ هەڵمەتی لەناوبردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی، هەموو ئەمانە یارمەتیدەری دەرکەوتنی ئەنجامی خێرا و بەرچاون بۆ پرۆسەی شەڕ دژی گەندەڵی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر قەناعەتەکانی هاووڵاتی.

لەلایەکی ترەوە بڵاوکردنەوەی چالاکییە فەرمییەکانی ئاراستەکراو دژ بەگەندەڵی و گەندەڵکاران لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و گرتنی میتۆدی ئابڕووبردن لە ئاشکراکردنی ڕووداوەکانی داوەرییەکان و کاری دزی و ساختەکاری و بەرتیل و وێرانکاری و دەستدرێژیکردنە سەر دارایی گشتی و هەموو ئەوانەی زیان بەنیشتمان دەگەیەنن، وا لە هاووڵاتی دەکەن و ئەو قەناعەتەی لا دروست دەبێت، کە دەوڵەت و حکوومەت هاوەڵ و پشت و پەنای ئەون و شێلگیرە لە شەڕی دژ بەو گەندەڵکارانەی قۆڵی دەبڕن و پارەکەی دەدزن و دەرگیری سووک و ڕیسوایی دەکەن لە هەر شتێک (گەورە و بچووک) پێوەندیی بەمامەڵەی ڕۆتینی و کارگێڕییەوە هەبێت، لەبەر ئەمە دەکەوێتە خۆ بۆ پشتگیریی ڕاییکردنەکانی دەسەڵات و حکوومەت و ئیدی بەپەلە و بێ دوودڵی دەچێتە پێشەوە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی، بەم ئاوایە بەهەنگاوی پراکتیکیی خێراو و گوێڕایەڵانە نێزیک دەبێتەوە لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی.

بەڵام گرینگترینیان لە گشت ئەم هەنگاوانە و ئەوانی تریش بەردەوامییە لە جێبەجێکردن و درێژە پێدانی، تاکو پرۆسەی چاکسازی نەگۆڕێت بۆ ئاگەداربوونەوەی هەستی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی، بۆ بەگورکەوتنی کارگێڕیی کاتی، کە هێندە نابات کاریگەریی دادەمرکێتەوە و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی دەوەستن.

هەروەها لەسەر حکوومەت و دەسەڵاتە ئاهەنگی ڕێزلێنان بۆ سەرجەم ئەو عێراقییانە بگێڕێت، کە هەڵوێستی تایبەتییان هەبوو لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی و هەستانیان بەئەنجامدانی کارێلێک بەتەنگەوە هاتن و قوربانیدانیان پێوە دیارە، لە پێناو نیشتمان و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتیی دەوڵەت لە دۆخە ئاوارتەکاندا، ئەمەش بەگێڕانی ئاهەنگی ساڵانە، کە سەرجەم بەرپرسانی وڵات ئامادەی بن و لەژێر سەرپەرشتیی سەرۆک کۆماردا بێت و لە کاتی ڕێزلێناندا هەڵوێست و قوربانییەکانی هەر کەسێکی عێراقی، بەشداری کردبێت لە خزمەتی نیشتمان و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتیی دەوڵەت لە دۆخە ئاوارتەکاندا باس بکرێت و ڕوون بکرێتەوە، بەمەرجێک هەر یەکێک لەمانە میدالی بەرزڕاگرتنی فەرمیی پێ ببەخشرێت، کە سیفەتێکی یاسایی و دەستووری هەبێت.

هەروەها بەهەر یەکێکیان بڕێک پارە بدرێت، کە بایی ئەوە بکا خۆشی بخاتە دڵی خێزانەکەیەوە و بەشی پێداویستییە جیاجیاکانی بکا و ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوانی تر، تاکو چی شارەزاییان هەیە پێشکێشی وڵاتی بکەن.

بەدەیان لەو عێراقییانەی بەچەک پاسەوانیی دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو کارگانەیان کرد، کە تێیدا ئیشیان دەکرد و لە تاڵان و بڕۆ و دزی و وێرانکارییان پاراستن و خۆیان و ماڵ و منداڵیان خستە مەترسیی مەرگەوە، هەروەها ئەو عێراقییانەی لەسەر بەرپرسیاریەتیی خۆیان کتێب و دەستنووس و دیکۆمێنتی گرینگ و ئامێری هەستیار و کۆمپیوتەر و ئامێری دەوڵەت و ئامرازی تایبەت بەزانکۆ، هەروەها پارچەی کۆنینە و تابلۆ، تەنانەت ئەو پارانەی لە لقی بانکەکاندا هەبوون، تاکو تاڵان نەکرێن، یاخۆ نەسووتێنرێن، پاشان گەڕاندیانەوە و ڕادەستی دەوڵەتیان کرد.

ئەمانە و زۆری تریش سەربازی نەناسراون لە پێناوی نیشتماندا گیانیان بەخت کرد و بەر لە هەر شتێک پابەندی ئینتیمای نیشتمانی بوون.

ئاهەنگ سازکردن بەڕێزلێگرتنی ئەمانە لەلایەنی ڕەوشتی و داراییەوە هاندانێکە بۆ گشت عێراقییەکان، تا لاسایییان بکرێتەوە و ڕێگەی شەرەفمەندی و پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی بگیرێتە بەر.

ژێدەر: شخصية الفرد العراقي، باقر ياسين، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٠، ص١١٤-١٢٤.

# مردنی نووسەر یا کوشتنی؟

## خوێندنەوەیەک بۆ سۆسیۆلۆجیای ئەدەب

زاهیر ڕۆژبەیانی

ڕێبازی کلاسیکی و ڕۆمانسیی ئەدەب پلە و پایە و ڕێز و ڕۆڵێکی بەرزیان بۆ خودی کەسی دانەر دادەنا، وەک سەرچاوە و داهێنەر و ئەفرێنەری دەق و واتای دەق و جوانیی دەق و کاریگەریی دەق مامەڵەی دەکرا، بایەخدانی زۆری کۆمەڵ و خوێنەر و ڕەخنەش بە خودی شەخسی داهێنەر و ڕۆشنبیریی و سەرگوزشتەی ژیانی دانەریش لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە کەسێکی بلیمەت و داهێنەرە و لە خەڵک و خوێنەری ئاسایی جیاوازە. کە دەشڵێم (دانەر) مەبەستم ئەوەیە هەموو نووسەران و هونەرمەندانیش بگرێتەوە.

وەکو پەرچەکردارێکیش لە دژی هیومانیزم و ڕۆمانسییەت، ڕەخنەگرانی (نموونە باڵاکان و فۆرمالیست و ڕەخنەی نوێ و بنیاتگەریی و پاش بنیاتگەریی)ش هێنانە خوارەوەی دانەریان لەو تەخت و پایەیە کردە ئەرک و مەبەستی سەرەکی، کە دانەر نێزیکەی دوو سەدە (اوا) لەسەری دانیشتبوو.

بۆ ئەوەی لە سێکوچکەی: نێرەر –دەق– وەرگردا دانەر پەراوێز بخرێ، یا هەر بە یەکجاری لە کار بخرێ، فۆرمخوازان و دواتر بنیاتگەرایان و پاش بنیاتگەریش هاتنی رۆڵ و گرینگیی بوونی دانەریان بەسەر دەق و خوێنەردا دابەش کرد.

ئەوان بۆ تێپەڕاندنی ئەم پلانە و جێبەجێکردنی ئەم کۆدەتا مێژووییە، بەپشتبەستن بەهەندێ تیۆری سۆسیۆلۆجی و فەلسەفەی مارکسی، هاتن کۆمەڵێک بنەمای سەرەکییان داڕشت و وەکو بەدیهیگەلێک تێیان پەڕاندن کە گوایە ڕاستی بنەچەیی ڕەها و گومان هەڵنەگرن و ساغکردنەوەیان پێویست نییە. هاتن و جاڕی ئەوەیان دا کە:

یەکەم: ئەدەب دیاردەیەکی زمانەوانییە، زمانیش بۆ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەموو

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش سەرخانی بنخانی ئابوورییە.

دووەم: نووسین کارکردنە لەناو زمان، نەک لەسەر زمان، زمانیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای زمانەوانی و ژمارەیەک وشە و واتا (دال و مەدلول) کە بەمیرات بۆ نووسەر و خوێنەر بەجێ ماون، نووسەر ئەگەرچی دەتوانێ خودان شێوازی (ئسلوب) خۆی بێت، بەڵام ناتوانێ یاسا و ڕێسا زمانەوانییەکان ببەزێنێ و لەو واتایانە دەربچێت کە خۆی و خوێنەرەکانی لەسەری پێک هاتوون، دەنا هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نامێنێ. (بۆچوونەکانی بارت).

سێیەم: هیچ دەقێک موڵکی تاکە کەسێک نییە بەتەنیا، چونکە (گوایە) دەق بریتییە لە پێکهاتە، یا تێکەڵە، یا لە دەقئاوێزان و تێکەڵکێشی چەندان دەقی پێشووتری سەرزارەکی و نووسراوی کەلەپوور و کولتووری لۆکاڵی و جیهانی (ئینسانی). (بۆچوونەکانی کریستیڤا).

چوارەم: جیهانبینی و بیر و بۆچوون و ماریفەتەکانی نووسەر، کەسایەتی خودی نووسەر و تەنانەت کەسایەتییەکانی ناو دەقەکانیشی هەموو ئەنجام و دەرهاوێشتەی یەک بارودۆخی یەک کۆمەڵگەی سەر بەیەک ژێرخانی ئابووریی یەک کات و یەک شوێنی یەک چین، یا یەک توێژی کۆمەڵایەتین، کە نووسەر هەرگیز دەستی لە بەرهەمهێنان و گۆڕینیاندا نییە. (بۆچوونەکانی لۆکاچ و گۆڵدمان).

پێنجەم: هەموو بابەتەکان فۆڕمی گێڕانەوە، وتنەوە، نیشاندان، دەربڕین و گەیاندنی خۆیان دەسەپێنن، هەموو فۆڕمەکان و هەموو تەکنیکەکانی دەربڕینیش بەرەنجامی کۆمەڵایەتی و بنیاتی پێشتر ئامادەن و لە بەرهەمهێنانی خودی نووسەر یا هونەرمەند نین.

شەشەم: نێرەر سەرچاوەی مەبەست و پەیام و واتای دەق نییە، ئەوە وەرگرە واتا لە دەق هەڵدەهێنجێ یا دەیخاتە سەری. دانەر و بەرهەمهێنێکیش کە دەسەڵاتی بەسەر یاسا و ڕێسای زمان و وشەدا نەشکێ، خودانی بیر و بۆچوون و جیهانبینیی خۆی نەبێ، گیرۆدەی کۆمەڵێک بنیاتی هونەریی پێشوەختە ئامادەی دەرەوەی خۆی بێ، نەتوانێ واتایەک بە بەرهەمەکانی خۆی بدا، بەرهەمەکانی تێکەڵەیەک بن لە ژمارەیەکی نادیاری دەقی ئەوانی تری پێش خۆی و سەردەمی خۆی، دیارە لە پرۆسەی داهێنانیشدا هەر ئەوەندەی (مامان)ێکی بۆ دەمێنێ، یا نا. بەواتایەکی تر بوون و نەبوونی، مان و مردنی یەکسان دەبنەوە، جاڕنامەی مردنی نووسەریش لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

لەم پێگە و تێگەیەشەوە بوو کە سەرەتا (جیامبا تیستا فیکۆ، ١٦٦٨– ١٧٤٤)ی ئیتاڵی نکوولیی لە بوونی (هۆمیرۆس) کرد، دوای ئەویش (مەدام دی ستیل، ١٧٦٦–١٨١٧) و (هایپۆلیت ئەدۆلف تین، ١٨٢٨–١٨٩٣) لە فرەنسا و (جەی جی هێردەر) لە ئەڵمانیا و دوای ئەوان کەسانی تریش پەیدا بوون، ئەم بۆچوونەی فیکۆیان گشتاند. تی ئێسی ئەلیوت بە سووربوونەوە پێی لەسەر ئەوە

داگرت کە (شاعیر «خودانی» کەسایەتی نییە.).

لەوانەیە لە وردکردنەوەی هەمان ئەو قسەیەی ئەلیوتیشدا بوو بێت کە بارت دەڵێ: (... ئەوە زمانە کە دەدوێ، ئەوە دانەر نییە، ئەوەی کە بنووسی ئەوەیە کە بەو خاڵە بگەیت کە ئیتر زمان بۆ خۆی بکا و بڵێ، نەک «من»ی ڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەر.)، ئەمەش دیارە بەدی نایەت مەگەر (لەمیانەی داوای پێشوەختەی بە ناکەسایەتیکردن)ی نووسەرەوە.

لەلای ڕەخنەگرانی (پاش بنیاتگەرایی) مەسەلەکە لەوەش تێپەڕی کرد کە قوربانی بەتەنیا بە خودی شاعیر بدرێ وەک ئەلیوت دەیویست، یا لەو بێلایەنکردنەدا بوەستێ کە (یۆنگ و فۆرمالیستەکان) دەیانخواست، بگرە کار گەیشتە بووژاندنەوەی بۆچوونەکانی (نیچە) و (مالارمێ) و پرسیاری ئەوە بکەن کە (کێیە ئەوەی قسە دەکا؟)، ئاخۆ ئەوە کەس (خودێکە)، یا زمانە دەدوێ؟. لە کاتێکیشدا لاکان و بارت پێیان وابوو ئەوە زمانە دەئاخڤێ، فۆکۆ هات و گوتی: (.. کەسانێک بڕوایان وایە کە زمانە خزمەتکاریانە، بێ ئاگا لەوەی کە ئەوان بەخۆیان دیلی دەستی زمانن...). لێرەشەوە بوو فۆکۆ لە شێوەی پرسیارە تەقلیدییەکەی (دانەر کێیە؟) دەرچوو و پرسیارەکەی ئاوا داڕشتەوە (دانەر چییە؟).

بارت جارێکی تریش دێتەوە نێو ئەم باسەوە و دەڵێ: (ڕاناوی کەسی یەکەم (قسەکەر) من، یا ئێمە، جگە لە ساتەوەختی گوتنی (من) شتێکی تر نییە، زمان بکەر دەناسێ، کەس ناناسێ، ئەم بکەرەش لە دەرەوەی ساتەوەختی گۆکردنی وشەکەدا کە دیاریی دەکا، تەنیا بۆشاییەکە). مردنی دانەر لە سەروەختی پەیدابوونی جاڕی مردنی مرۆڤ و مردنی زاتەوە دەرکەوت، کە بنیاتگەران بانگەشەیان بۆ کرد، لیڤی شتراوسیش ڕۆڵێکی بەرچاوی تێدا گێڕا کاتێک گوتی: (.. ئامانجی زانستە مرۆییەکان بیناکردنی مرۆڤ نییە، بگرە تواندنەوەیەتی.)، بەپێی ئەمەش دەردەکەوێ کە شتراوس جیاوازیی لە نێوان زات بەگشتی و خودی دانەر و ئەقڵیشدا ناکا وەک سیمای سەرەکیی مرۆڤ، مادامێکی جڵەوی هەموو شتەکان دەکەوێتە دەست زمان، بۆیە لە شوێنێکی تریشدا پێی وایە ئەفسانە خۆی بەخۆی لەلای مرۆڤ دروست دەکا، نەک ئەقڵی مرۆڤ ئەو دروست بکا: (.. ئێمە ئیدیعای ئەوە ناکەین کە مرۆڤ چۆن ئەفسانەکانی خۆی دەخولقێنێ، بگرە لەوە دەپێچینەوە بزانین ئەفسانە چۆن خۆی لە مرۆڤدا دەخولقێنێ بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ).

کە بنیاتیش گرینگییەکی تایبەتیی لە ئەدەبدا پەیدا کرد، ئیتر ئەو سیفەتە زاتییە شەخسییەتیی بەیەکجاری لە دەست دا و بووە بنیاتێکی گشتی و دەرگەی بەکاربردنی بۆ هەمووان کرایەوە، لێرەشەوە فۆکۆ هەلی بۆ هەڵکەوت لە شتراوسیشی تێپەڕێنێ و بڵێ: (پێش کۆتاییی سەدەی هەژدەم مرۆڤ نەبوو، بگرە مرۆڤ خولقەندەیەکی زۆر نوێیە و دوو سەد ساڵێک پێشتر دەسەڵاتی مەعریفە بەدەستەکانی خۆی دروستی کردووە.)، مەبەستیش لەمە ئەوەیە بڵێ هەر تەنیا دوو سەد ساڵێک پێشتر، لە سەردەمی (تەنویر)دا دانەر لەدایک بووە، دەنا پێشتر نەبووە و ئێستاش کە ئەو سەردەمە بەسەرچووە زۆر ئاساییە دانەر جارێکی تریش نەمێنێ و بمرێ، وەک لە کتێبی

(سیستەمی شتەکان)دا بۆی چووە (.. بەهەرحاڵ مایەی خۆشحاڵی و ئارامییەکی قووڵە مرۆڤ وەک داهێنراوێکی هاوچاخ تەماشا بکرێ، داهێنراوێک (وێنەیەک) کە هێشتا دوو سەدەی تێ نەپەڕاندووە، ئەوە شکستییەکە بۆ مەعریفەکەمان، ئەم مەعریفەیە هەر کاتێک خۆی لە فۆرمێکی تردا دیتەوە ئەم مرۆڤەش جارێکی تر ون دەبێتەوە.). بارتیش لەم بیرۆکەی (دانەر کەسایەتییەکی نوێ و بەرهەمی ئەم کۆمەڵگەیەمانە)دا شوێن قسەکەی فۆکۆ دەکەوێ و لە دریدا و تەنانەت لە فۆکۆیش تێ دەپەڕێ کاتێک کە دانەر تەنیا بە (ڕاناوێکی زمانەوانی سەر کاغەز) دەبینێ و دەگاتە ئەوەی بڵێ: (.. خوێنەر ئەو پانتاییە کە هەموو ئەو شتە وەرگیراوانەی لەسەر هەڵکۆڵراوە، کە بنەمای نووسین پێک دەهێنن بەبێ ئەوەی هیچیانی لێ بزر ببێ، یەکەتیی دەقیش لای وەرگر «مصب» پێک دێت نەک لە سەرچاوەکەی «نێرەر»، بەڵام ئەم وەرگرەش نابێ کەسێک بێت، خوێنەر نەمێژووی هەیە، نە سەرگوزەشتە، نە سایکۆلۆجیا، بەسانایی «بیلێین» ئەو مرۆیەکە کە لە یەک تاکە خانەیەکدا هەموو ئەو شتانە کۆ دەکاتەوە کە دەقە نووسراوەکەیان لێ پێک دێت.). بۆیە غافڵ لەوە ڕۆڵێکی پتر لەوە بەخوێنەر دەدا کە خۆی دەیەوێ لە نووسەری وەربگرێتەوە، دێت دەڵێ: (.. لە دایکبوونی خوینەر دەبێ لەسەر حیسابی مردنی دانەر « نووسەر» بێ). لێرەشەوەیە کە دریدا خۆی لە فۆکۆ و بارت جیا دەکاتەوە و دەڵێ: (من هەرگیز باوەڕ بەوە ناهێنم کە ئەمڕۆ بە ئاسانی ئیدیعای مردنی فەلسەفە، یا مردنی هەر شتێکی تر: مردنی کتێب، مردنی مرۆڤ، مردنی خواوەند دەکات، بەتایبەت کە هەموومان دەزانین، ئەوەی مردووە هێزێکی تایبەت بۆ خۆی کێش دەکا.). مەبەستی لەو هێزی تایبەتی سەرنجڕاکێشانەش ئەوەیە کە بارت بەڕاگەیاندنی مەرگی دانەر بۆ نووسەری فەراهەم کرد.

دریداش تا سەر لەگەڵ گێڕانەوەی شان و شکۆی پێشتری نووسەردا نییە و ئەمیش پێی وایە نووسەر بەزمانێک دەنووسێ کە نە دەتوانێ حوکمی بەسەردا بکا و نە دەشتوانێ لێی ڕزگار بێ، بۆیە داوای ئەوە دەکات ئەو گرینگییەی بەخوێنەر دەدرێ بە (پرۆسەی) خوێندنەوە بدرێ، لە بری گرینگیدانیش بە نووسەر پێشنیازی گرینگیدان بەدەق و نووسراو دەکا، بەمەش دریدا نووسەر لە بۆچوونە مەرگئاوەرەکانی فۆکۆ و بارت دەپارێزێ، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو ئەوانیش لەگەڵ ئەوەدا نییە کە نووسەر ڕێز و شکۆ و دەسکەوتە کلاسیکییەکانی پێشتری پێ بدرێتەوە.

ئێمە لەم باسەدا قسە لەسەر ئەوە ناکەین داخوا تا چەند ڕاستە نووسەر دەسەڵاتی بەسەر زمان و واتای دەقەکەیدا دەشکێ، یا نا. بەڵام پرسیارێکی سەرسوڕهێن و (بەڕای من) کوشندە لە ڕەخنەی نوێ و فۆرمالیست و بنیاتگەرایان بکرێ، ئەوەیە بۆ گوایە نووسەر وێڕای توانا و بەهرە و ڕۆشنبیرییەکەی، بەدەست ڕێزمان و قامووسی زمانەکەیەوە گیر دەخوا و نە دەتوانێ بیانگۆڕێ و نە دەتوانێ لێیان دەرباز بێ، یا لەبەرچی نووسەر ناتوانێ واتا و مەبەست بەدەقە داهێنراو و دەسکردەکەی خۆی بدا؟ کەچی خوێنەر، هەر خوێنەرێک، تەنانەت ئەگەر لە بواری زمانەوان و واتاسازی و مەعریفەی گشتیشدا توانایەکی سادەشی هەبێ دەتوانێ ببێتە خاوەنی دەق و

سەرچاوەی واتا و لە بنیاتە کۆنکریتییەکانی (!) زمانیش دەرباز بێ؟

ئاخۆ ئەمە بۆچوونێکی لۆجیکییە، یا دەشێ بنیاتگەرایان مەبەستیان لە خوێنەر، خوێنەرانی ئاسایی و لەوانەیان نەبێ کە هەر بۆ کات بەسەربردن کتێب دەکڕن و دەق دەخوێننەوە، یا مەبەستیان لە خوێنەری بەربژاری وەکو خۆیان ڕەخنەگرە؟!. ئەگەر واش بێ ئەوە ئەو دەمە گومانی هەوڵێک بۆ کوشتنی (نەک مردنی ئاسایی) نووسەر و داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی دەق و پەیام و واتا و حیکمەتەکانی دانەر دێتە ئاراوە.. کەسانێکمان دێنە بەرچاو کە لە پەنای گەمەکردن بەزمان و وشەبازییەوە دێن دەقێک لە واتا و جوانکارییەکانی بەتاڵ دەکەن و وەک گیاندارێکی کەنراو لە کا پڕ بکەن، ئاوا دەقەکان لەو واتا نامۆیانە دەئاخێنن کە خۆیان ناتوانن لە فۆرمێکی شایستەدا دایان بڕێژن و لە دەقێکی پەسەنددا بەرچاویان بخەن.

سەرنجڕاکێشیش لەناو ئەم باس و جاڕانەدا ئەوەیە نووسەران خۆیان شێڵو ناکەن و بەبێدەنگی و ئارامییەوە لە بەرهەمهێنانی دەقدا بەردەوامن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە.

١- نووسەران لە زیندوویەتی خۆیان دڵنیان و دەزانن ئەو مردنەیان کە لەلایەن بنیاتگەرانەوە جاڕی بۆ دەدرێ مردنێکی ڕەمزیی سەر کاغەز پتر نییە، لە هەمان کاتیشدا پلە و پایە و ڕێز و هەموو دەسکەوت و مافێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقی و شەرعی و یاساییان پارێزراوە.

٢- وەک دریدایش بەڕوونی گوتوویەتی بنیاتگەران بەجاڕدانی مردنی نووسەر هێزێکی گرینگی پێدان و بایەخ پێدانی زۆریان بۆ نووسەران کێش کرد و لە دەرەوەی کات و شوێن و دۆخی کۆمەڵایەتی خۆشیاندا خوێنەرانێکی زۆریان بۆ مسۆگەر کردوون کە بەدۆزینەوەی واتا، یا بەتێئاخنینی واتای نوێوە خۆیان بەدەقەکانیانەوە سەرقاڵ بکەن و بەو شێوەیەش نەک خۆیان بەشەریک بگرە بەناهەق خۆیان بەخودانی دەقەکان بزانن. بەمەش بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن دەقەکان دەوڵەمەنتر و نووسەرانیان تەمەن درێژتر و ناودارتر دەکەن، بەڵام دیاریشە کە دەق پاش چاپ و بڵاوکردنەوە بنیاتێکی کۆنکریتی وەردەگرێ و هەر ئەوە دەمێنێ کە هەیە و ئەوەش کە لەبارەیەوە دەنووسرێ و دەوترێ و دەکرێ لە دەرەوەی دەقەکەدا دەکرێ و لە گونجاوترین دۆخ و لەبارترین هەلدا هەر ئەوەیە کە ئەوانیش لە دەرەوەی ئەو دەقەدا دەبنە دەقێکی تر. بنیاتگەریی خەفەکردن و نادیدەگرتن و لە دواییشدا توانەوەی توانا و بەهرە و حیکمەت و خەون و خەیاڵ و بەرژەوەندییەکانی کەسی تاک (فەرد)ە لەپێناو بەرژەوەندیی توێژ و چین و کۆمەڵگەی کات و شوێن و دۆخێکی تایبەتدا، قوربانیدانە بە (تاک) لەپێناوی (مێگەل)دا، لێرەشەوەیە کە جەماوەری خوێنەر لە نووسەر مەزنتر نیشان دەدرێ، با هەڕەمەکی و نەخوێندەواریش بێ، گرینگ زۆری ژمارەیە (کۆ)یە.

هەر لێرەشەوەیە ئەدەب و هونەر و داهێنان، کە چالاکیی تاکەکەسین، دەکەونە ژێر رکێفی سیاسەتەوە کە وەکو پرۆسە و وەک مەیدانی چالاکیش پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە (کۆ)ەوە هەیە،

ئیتر ئەو کۆیە لە هەرچ ئاستێکدا بێت و چەندیش نەخوێندەوار و نا هۆشیاریش بێت ئەوەندە ئاسانتر ڕازی دەکرێ و ساناتر ئاراستە دەکرێ.

ڕەگوڕیشەی ئەمەش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بەگشتی و فەلسەفەی مارکیەت بەتایبەتی. زۆریش چاوەڕوان کراوە سۆسیۆلۆجیا لەپێناوی پاراستنی خودی کایە مەعریفییەکەیدا قوربانیی بەهەموو دیاردەیەکی فەردانی بدا، سیاسییەکانیش کە کار لەسەر کۆنترۆڵکردنی تاک دەکەن لەناو کۆمەڵدا، زۆر ئاساییە لەلایان لە دژی هەموو چالاکییەکی تاکە کەسیی بوەستن و پووچی بکەنەوە، بۆیە هەردەم گوتومە و دەیڵێم ڕەخنەی تیۆری سیاسەتی ئەدەب نەک ڕەخنەی ئەدەبی.

سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بەباری ئاسۆیی و ستونیشدا کار لەسەر پێوەندیی نێوان کۆمەڵ و ئەدەبدا دەکا، باسی کاریگەریی کۆمەڵ دەکا لەسەر ئەدەب، بەڵام بەتەنیا لە ڕووی نەفعیی سیاسییەوە باسی کاریگەریی ئەدەب لەسەر کۆمەڵگە دەکا.

سۆسیۆلۆجیای ئەدەب میتۆدێکی شیکاریی گرینگە، توانی سەرنج بۆ گرفتەکان ڕابکێشێ، بەڵام نەیتوانی لەو ئاستە تێ پەڕێ و پێشنیازی چارەسەر بکا، یا باپیاسیان بکا، پێمان دەڵێ داهێنەر، نووسەر، یا هونەرمەند چۆن ئەو بەرهەمەی بەرهەم هێناوە، یا چۆن پرۆسەی پێشە هونەرییەکەی دەکات، تا دەگاتە ئاستی شرۆڤە بەربڵاو و مەزنەکانی وەکو ڕادەی کاریگەریی ژێرخانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی بنیاتی گشتی ئەدەب و هونەری چاخەکان سۆسیۆلۆجیای ئەدەب لەسەر چەمکی ئەدەب و چییەتی (ماهییەتی) ئەدەب ناوەستێ و بەسەر ئەو بۆچوونانەدا باز دەدا کە لە بوارەکانی تردا لەم بارەیەوە باون.

سۆسیۆلیستەکان وای بۆ دەچن کە هیچ پارچەیەکی ئەدەب لە زاتی خۆیدا تایبەتمەندیی ئەدەبی نییە. ئەو سیفەتانەش کە لە کات و شوێنێکدا پێیان دەگوترێ (ئەدەب) ئەوانە نە هەمیشەیی و نە بێلایەنیشن، بگرە سیفەتێلێکن کە کەرتێکی دیاریی کۆمەڵ بە دەقی دەدا، ئەویش دیارە بەپێی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی کۆمەڵەکە دەکرێ، نەک لەسەر بنەمای سیفەتە تایبەتییە زاتییەکانی دەقە هونەریی و ئەدەبییەکە، بۆیەکەش ئەدەبیەت و هونەریەتی دەق بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن، دیارە گۆڕانی کات و شوێنیش هەر لەبەر خۆی و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نابنە هۆی هەڵکشان و داکشانی کێرڤی ئەدەبییەت و هونەریەتی بەرهەمەکان و بەرزبوونەوە، یا داشکانی بەهاکانیان، بگرە گۆڕانی کات و شوێن بەواتایەکەی ئەودیویان، واتا گۆڕانی پێکهاتە و سروشت و ئەوجا گۆڕانی بەرژەوەندییە هەمەجۆرەکانی ئەو کەرتە کۆمەڵایەتییەشی کە دەقەکە دووبارە هەڵدەسەنگێنێتەوە، لێرەشەوەیە کە دەگوترێ ئەدەب بێلایەن نییە، کە دەشگوترێ ئەدەب بێلایەن نییە ئەمە بەو واتایەیە کە ئیتر سیاسەت دێتە کایەکەوە، سیاسەت بەواتا گشتگیرەکەیەوە، جا هەر لە ململانێ سادەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ململانێی کەرت و چینە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینی و مەزەبییەکانیشیان پێوە.

بەمەشدا ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی بەپێچەوانەی شەکلانییەکان و وەچە ڕەخنەییەکانی ئەوان لە دەستەکانی بنیاتگەریی و شیعرییەت و قوتابییانی دوسێسێر و زمانەوانەکانی تر کار دەکا، کە سەرجەم لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە دەقی ئەدەبی بەتەنیا (کارکردنە لەناو زماندا)، غافڵ لەوەی کە زمان بە خۆیشی (دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی= سۆسیۆلۆجییە)، وەک مارکس و قوتابییەکانی دوای خۆی پێی لەسەر دادەگرن، تەنانەت ئەوانەشیان کە لە بواری ڕەخنەی بنیاتگەریدا کار دەکەن وەک جۆرج لۆکاچ و لوسیان گوڵدمان ئالتۆسێر و بارت و فۆکۆ و تۆدۆرۆڤ و ئیمبرتۆ ئیکۆ و کەسانی تریش، کاریگەرییان بەقوتابخانە نوێیە ڕەخنەییەکانەوە دیارە.

ئەمە بۆ شەکلانییەکان، بۆ ڕەخنەگرانی ئەکادیمی = کلاسیکیش، کە پێیان وایە ئەدەب تەنیا بەهرە و سروش (ئیلهام)ە، سۆسیۆلیجیای ئەدەب وەڵامی خۆی هەیە و سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەدەب وەک لە ناوەوەی خودی زاتی خۆیدا سیفەتی ئەدەبی نییە، بگرە کەرتە کۆمەڵایەتییە سوودمەندەکانن ئەو بەها هونەری و ئەدەبییەی دەدەنێ، هەر ئاوا لە ئاسمان و لە شوێنێکی بالایشەوە بەسەر کۆمەڵدا ناباریێ و بە بەهای موتڵەقەوە دانابەزێتە خوارەوە، وەک ڕەخنەی کلاسیکی بۆی چووە، بگرە ئەدەب و هونەر زادەی بیری کەڵەکەبووی ناو خەڵکن و لە ناوجەرگەی کۆمەڵەوە پەیدا دەبن و هەر ئەو کۆمەڵەش چ لەسەر ئاستی گشت بێت، یا چین، چ لەسەر ئاستی کەرت و توێژێکی دیاری کراو بێت دەینرخێنن و دەیخوێننەوە و تەنانەت بازاڕی فرۆشتنیشی بۆ گەرم دەکەن، جا ئەو بەرهەمانەی دەبنە جێ بایەخی چینە ئوروستکراتی و بالادەستەکان ئەوە دەبنە (ئەدەبی بالا = بەرز)، ئەوەشی ڕەشە جەماوەرەکە بایەخی دەدەنێ و لێی تێ دەگەن ئەوەشی وەک (ئەدەبی جەماوەری)، یا وەک (ئەدەبی میللی) وەسف دەکرێ، بەواتایەکی تر ئەوە کۆمەڵە دەق بەرهەم دەهێنێ و ئەوە هەر خەڵکیشە دەینرخێنێ و پۆلێنی دەکا و تەمەنی دیاری دەکا. بە گۆڕانی ئەو خەڵکە و گۆڕانی بەرژەوەندییەکانی ئەو خەڵکەشە بەرهەمهێن و بەرهەمهێنراو نێوبانگ دەردەکەن، یا لە بیر دەکرێن، یا ناوبەناو دەبوژێنرێنەوە، وەک ئەوەی بۆ دۆنکیشۆت و کارەکانی شێکسپیر دەکرێ، کاتێک کە کەسانێک، یا کەرتە کۆمەڵایەتییەک پەیدا دەبن و بەرژەوەندییەک لەو بوژاندنەوەیەدا دەبینن، هەر ڕیزبەندییەکیش بۆ دەقە ئەدەبییەکان بکرێ لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین، یا لە هەرە جوان و چاک و سەرکەوتووەوە بۆ هەرە ناشرین و خراپ و شکستخواردوو، وەک سۆسیۆلۆجییەکان دەڵێن، ئەوە گوزارشتە لە بەرژەوەندییەکانی ئەوەی کە ڕیزبەندییەکە ڕێک دەخات، نەک لە ڕاستیی زاتی دەق و بەرهەمەکان، هەرچییەکیش بکرێ لەم ڕووەوە ئەوە بەرەنجامی ململانێی کەرت و چینە کۆمەڵایەتی و ئەتەنییەکانە نەک نرخاندنێکی بێ لایەنانە و مەوزوعی.

(کارڵ مانهایم)ە کە دەڵێ: «هەموو چەمک و... گشت واتا بەرچاوەکان... کاکڵەی ئەزموونی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراون».

لەم تێگە و پێگەیەشەوەیە کە زانایانی سۆسیۆلۆجیا ددان بەڕۆڵی بێ هاوتا و پلە و پایە و

بلیمەتی نووسەران (داهێتنەرانی دەق)یشدا نانێن وەک کەسانێک کە ئەگەر ئەوان نەبن ئیتر کەسی تر نابێ ئەو کارەی ئەوان بکا. بۆیە زۆرێکیشیان وای بۆ دەچن، بۆ ئەوەی ئەدەب پێش بکەوێ دەبێ لە زاراوەکانی وەکو ئەدەب و کاری ئەدەبی (دەقی ئەدەبی) و خودی وشەی (ئەدیب = نووسەر)یش خۆ رزگار بکەین، چونکە ئەو زاراوانە زۆر تایبەتمەند و پڕ ئایدۆلۆجیان و دەبێ زاراوەی بێلایەن و دانەخراوی نامێژوویییان لە جیاتی بەکار ببرێ، وەک: شێوەی ڕۆشنبیریی و بەرهەمی ڕۆشنبیریی و بەرهەمهێنەرانی ڕۆشنبیریی. ئیتر ئەو بەرهەمانە ڕۆمان بن، یا شیعر، یا شانۆنامە، یا چیرۆک.

لەسەر ئەم بناخەیش دەشێ وا تەماشای بەرهەمی ئەدەبی بکرێ وەک ئەوەی کە دەرهاویشتەی داوونەریت و فەرهەنگی کەرتێکی کۆمەڵایەتی بێت، نەک بەرهەمی تاکەکەسیی و لە دیدگایەکی تایبەتی خودێکەوە، بگرە تەنیا گوزارشتێکە لە ئەقڵی جەماعیی ئەو کەرتە دیارییە کۆمەڵایەتییەی کە لە پشتەوەین.

لەم دیدەشەوەیە کە (جیامباتیستا فیکۆ، ١٦٦٨- ١٧٤٤ز)ی ئیتاڵی نکووڵیی لە بوونی کەسی نووسەرێکی وەک (هۆمیرۆس) کرد و گوتی ئەو بەرهەمانەی دەدرێنە پاڵی بەرەنجامی ئەقڵی جەماعی و ڕۆشنبیریی سەرزارەکی گەڵەکەبووی گەلی گریکن و گوزارەن لە ڕۆشنبیریی میللی، نەک بلیمەتی (عەبقەرییەتی) تاکە نووسەرێک. ئەو پێی وابوو کە ئەدەب (ڕوحی) کۆمەڵە و ئەو ژیانی پێ دەدا، بۆیە (ئەدەبی کۆمەڵ) باشترین گوزارە لەو (روح)ە دەکا.

دوای فیکۆ، مەدام دی ستیل (١٧٦٦- ١٨١٧)ی بەڕەگەز سویسری و هایپۆلیت ئەدۆلف تین، (١٨٢٨-١٨٩٣ز) لە فەرەنسا و جەی جی هێردەر-یش لە ئەڵمانیا، کە یەکێکە لە سەرئامەدانی بزاڤی ڕۆمانسییەت، لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەدەب دەبێ لە سیاقی ڕۆشنبیریدا بخوێنرێتەوە. هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە هیگڵ شیکارییەکی لەبارەی پێوەندیی نێوان ڕۆشنبیری و ئەدەبەوە پێشکێش کرد و تێیدا ئەوەی باس کردووە کە چۆن بەها بەنرخ و باڵاکانی ئەو (روح = ڕۆشنبیرییە) خۆیان لە کارە ئەدەبییەکانی زادەی ئەو ڕۆشنبیرییەدا وەدەر دەخەن.

ئەم بۆچوونە هیگڵانییە لە سەدەی بیستەمیشدا دەنگدانەوەی لە هزری زانایانی تری سۆسیۆلۆجیدا زۆر بوو، لەوانە هەر بۆ نموونە (لیۆ لۆفیتال، ١٩٠٠- ١٩٩٣ز) لە پێڕەوکارانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئەڵمانی، بەتایبەت لەو شیکارییەدا کە لەسەر ڕۆمان و شانۆنامەکانی سەدەی شازدە و دوای سەدەی ناوبراو، لە (١٩٧٥ز)دا پێشکێشی کرد. هەروەها وەک (ماکس ویبەر -١٨٦٤- ١٩٢٠ز)ی ئەڵمانی، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی سۆسیۆلۆجیای نوێ، کە پێی وابوو ئەدەب لە ڕۆئاوادا پێشکەوتووترە لە چاو ئەدەبی شارستانییەکانی تر، چونکە ڕۆشنبیری لە ڕۆئاوادا پێشکەوتووترە.

هەر لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری ئەڵمانیدا دەتوانین ئاماژە بە زانایانی سۆسیۆلۆجی تری وەک:

(هینریش ولفلین، ١٨٦٤– ١٩٤٥ز)ی سویسرایی بکەین کە بانگەشەی بۆ (مێژووی ئەدەب بەبێ ناوبردن)ی نووسەران دەکرد، یا زانایانی وەک ئیرۆن پانۆفسکی (١٨٩٢– ١٩٨٦ز) و ئارنۆڵد هاوزەر (١٨٩٢– ١٩٧٨ز)ی بەریتانی بەڕەگەز هەنگاری بەنیوبانگ بدەین، کە قسەکانی (فیکۆ)ی لەبارەی هۆمیرۆسەوە دووبارە دەکردەوە. لەو نموونە کلاسیکیانە دەشێین ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکانی (ئایان وات)یش بدەین لەبارەی ڕۆمانی ئینگلیزییەوە، بەتایبەتیش لەسەر کارەکانی (دیفۆ) و (ریچاردسۆن). وات شێوەی ڕۆمانی بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەگێڕایەوە کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گشتیی ئەو قۆناخەدا هاتبوو. لێکدانەوەکانی مارکس و مارکسیزمەکانی پاش ئەویش نەک هەر لەم لێکدانەوانەی فیکۆ و پێڕەوکارانی بیر و بۆچوونەکانی ئەو دوور نەبوون، بگرە پشتیوانییەکیش بوون بۆ بیروڕاکانیان، بەتایبەت لەگەڵ تێزەکانی وەک ژێرخانی ئابووری و سەرخانی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵایەتی بەهەموو واتا فراوانە ڕۆشنبیریی و سیاسی و پێوەندی و داوونەریتەکانییەوە، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیە بەلای وەچەکانی دواتری مارکیسزمە دیماگۆگییەکانەوە جیاوازی لە نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆجیا دا نەما و (ئەدیب) بوونە (مامان)ی دەقە بەرهەمهێنراوەکانی کەرتە کۆمەڵایەتییەکان و وەک کەرەنای ئایدۆلۆجیای دەسەڵات و چین و کەرتە دەسڕۆکانی کۆمەڵ تەماشا بکرێن و هیچی تر نا.

لەم دیدگەیەشەوەیە کە ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی ناتوانێ وردەکارییە هونەرییەکانی کەسانی نووسەری ناو یەک کۆمەڵگەی یەک قۆناخی مێژوویی ژیانی ڕۆشنبیریی یەک کەرت و یەک چینی کۆمەڵایەتی لە یەکتر جیا بکاتەوە، لە کاتێکدا هەموو خوێنەرێکی ئاسایی ئەو ڕاستییە دەزانێ کە هیچ دەق و توانای تاکەکەسیی هیچ نووسەرێکی سەر بەیەک قۆناخ لە یەک ئاستی هونەریدا نین. بەواتایەکی تر ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی بەهرەی داهێنەر و ڕادە و توانای بەدەنگەوەچوونی داهێنەر بۆ بارە ڕۆشنبیرییەکە ناخوێنێتەوە، ئەمە وێڕای ئاڵۆزیی خودی واتای ڕۆشنگەریی چ وەک زاراوە و چ وەک ئەو میکانیزمەی کە گوایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پرۆسەی داهێنان دەبێ، لە سەرێکی تریشەوە سۆسیۆلۆجیای ئەدەب دێت ڕۆڵی نووسەر لە بەرهەمهێنانی کاری ئەدەبی دەسڕێتەوە، کەچی ڕۆڵێکی لە ڕادەبەدەر نائاسایی بەجەماوەر دەدا لە بەرهەمهێنانی دەق و تەنانەت لە نرخاندنیشیدا، یەکە پێوەریشی بۆ ئەم بۆچوونە تەنیا بازاڕی کڕین و فرۆشتن، واتا بەکاڵاکردنی (بەسلعەکردنی) بەرهەمە ئەدەبییەکانە، کە جگە لە ئەدەبییەتی دەق، باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پروپاگەندە و شتی تریش کاریگەریی زۆریان لەسەر هەیە، وەک شێوەی دیزاین و ڕەنگ و سروشتی بابەتەکان و لە هەمووشی ترسناکتر سادەیی و سانایی شێوە و شێوازی زمانی بەرهەمەکانە، کە وا دەکەن جەماوەری نیمچە خوێندەوار ڕووی لێ بکەن، ئەو خوێنەرانەی کە نەکەرەستە و نە توانای فیکری و نە خواستی پێویستیشیان هەیە بۆ کڕین و خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە (کلیمنت گرینبێرگ) لە نووسینێکیدا (١٩٣٩ز) بۆ ئەوەی لە ئەدەبی میللی و ئەدەبی جەماوەریی جیای بکاتەوە ناوی لێ نا (ئەدەبی پێشڕەو = تەلیعی)، کە

نووسەران حیکمەت و فەلسەفە و هزرێکی قووڵتر و لە داڕشتنیشیدا زمانێکی پڕ جوانکاری و وردەکاری بەخەرج دەدەن، لە مەبەستیشدا پەیامێکی دوورتر دەدەنە چاو، کە بەدواداچوون و تێگەیشتنی لە وزە و گرینگیپێدانی خوێنەری بێ ئەزموون بەدوورە.

سۆسیۆلۆجیستە مارکسییەکانی دواتر ئەگەرچی بەدرەنگ وەختیشەوە بوو، لە بەردەم ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا جارێکی تر بەسۆسیۆلۆجیای ئەدەبدا چوونەوە و هەندێکیان هەوڵی ئەوەیان دا چەمکەکە لەو بۆچوونە کاڵە دەرباز بکەن، کە ئەدەب ڕاستەوخۆ بەبنەمای ژێرخانی ئابووری و سەرخانی کۆمەڵایەتیەوە گرێ دەدا و وای نیشان دەدا کە گوایە ئەو کارە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بەبێ نووسەری بەهرەدار و بەبێ نووسەری بەئەزموونیش لەوانەیە ڕوو بدەن. لەوانەش بەرچاوترین زانا و فەیلەسووفێکی هاوچاخ (جۆرج لوکاچ – ١٩٢٣ – ١٩٧١ز)ی هەنگارییە، کە هات و گوتی، بنەما مادییەکە ڕاستەوخۆ سەرخانی ڕۆشنبری بەرهەم ناهێنێ و بۆ ئەوەی ئەوە بکا زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی گشتگیر پێویستن کە سەرتاپای کۆمەڵ بگرنەوە و هەندێ فاکتەریش پێویستن بێنە کایەکەوە و یارمەتی ئەو کارە بدەن کە ئەو بە (فاکتەری یارمەتیدەر) ناوی بردوون و لە چێوەی سیستەمە گشتییە ئابووری و سیاسییەکاندا دەیانبینێ و پێی وایە ئەوانە کاریگەرییان لەسەر جۆر و چۆنیەتی و چەندایەتی ئەدەب دەبێ و ئەدەبیش کاریگەریی لەسەریان دەبێ.

دیاریشە کە لۆکاچ نەک هەر وەڵامی هەموو پرسیارەکانی پێ نەدرایەوە و بگرە نەیتوانی ئەدەب لە پاشکۆیەتی ڕاستەوخۆی ژێرخانە ئابووریەکەش دەربکا، بگرە فاکتەری بارە سیاسییەکەیشی وەکو ژێرخانی دووەم، پێش ئەدەب خست، لە کاتێکدا مارکسییەکانی پێش خۆی ئەدەب و سیاسەتیان وەک دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ هەژمار دەکرد، کە لەسەر بنەمای ئابووری بنیات دەنرێن.

بەپێی ئەمەش بکەین بۆ تێگەیشتنی کارە ئەدەبییەکان و چۆنیەتیی بەرهەمهێنانیشیان، ئەوا پێویست دەکا لە پێشدا و لە چوارچێوەی قەوارەیەکی گشتیی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا لە پێوەندییەکانی نێوان بوارە سیاسی و ئابووری و سیستەمەکانی پەروەردە و بواری بەرهەمهێنانی ئەدەب بنۆڕین ئەوجا لە خودی دەق.

لێرەشەوە ئیتر مارکسیزمێکی تر (یۆدۆر ئادرنۆ) پەیدا بوو، کە بەگەڕانەوەی بۆ کارەکانی گەورە زانایانی سۆسیۆلۆجیای وەک (هێربەرت سبنسەر – ١٨٩٧ – ١٩٦١ز) و (ئیمیل دۆرکایم – ١٨٩٣ – ١٩٨٤ز)، بیرۆکەی چەمک و زاراوەی جیهانی ئەدەبی بەرەهەندێکی نوێ باوەوە بووژاندەوە.

گەوهەری بۆچوونەکەشی لە وەدابوو کە لە جیاتی لێکۆڵینەوەی گشتی ڕووکەش لە پێوەندییەکانی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ، بێین لە پێوەندییەکانی نێوان جیهانی ئەدەب و (دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تر بکۆڵینەوە. جیهانی ئەدەب بەو واتایەی کە دنیایەکی، یا کەونێکی گچکەی

خودان تایبەتمەندی و کێشە و بایەخدانی خۆیەتی، بەڵام لە بوارەکانی تر و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تر دابڕاو نییە و هەریەکەیان ئەگەرچی ڕاستەوخۆیش کاری تێ ناکەن، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەنگی تێدا دەدەنەوە. وەک تۆڕی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ساغکردنەوەی بەرهەم لەناو بازاڕ و خوێنەراندا، لەوێوە پەلی بۆ تەکنەلۆجیای چاپ و دیزاین و ڕەنگ و دەرهێنانی هونەری و کتێبخانە و پێشانگەی کتێب و سیستەمی خەڵات و بەخشیش و موکافەئە و ڕەخنە و سازدانی کۆڕ و سیمینار و فیستیڤاڵی سالانە و وەرزی و تایبەتیش دەهاوێ، ئیتر ڕاستەوخۆ و زیندوو بێت یا لە ڕێی دەزگاکانی میدیای بینراو و بیستراو و خوێنراوەوە بێت یا ئەلکترۆنی.

لەم سالانەی دواییەشدا دوو زانای سۆسیۆلۆجی تری هەرە کاریگەری ئەم بواری جیهانی ئەدەبە (پییەر بۆردیۆ) و (هاوەرد بێکەر)یش بەگوڕ هاتنە کایەی (بەرهەمهێنانی ئەدەبی)ەوە، بۆردیۆ کۆمەڵێک پێوەندی و ناکۆکیی تری لە بوارەکەدا ورووژاند کە پێوەستن بە ململانییە ئەدەبییەکانی وەکو ئەوەی کە لە نێوان نوێخوازان و کۆنەخوازان و پێشڕەوان (ئەوانەی ئەدەب بەرهەم دەهێنن) و نووسەرە تەقلیدییەکان (ئەوانەی کاری ئەدەبیی جەماوەری، یا میللی بەرهەم دەهێنن)دا هەیە.

بێکەریش بایەخی بەکاریگەریی قوتابخانە ئەدەبییەکان و هۆڵەکانی پێشاندان و کتێبخانە و ڕەخنەگران و ئەو عەرزانە دا کە لەسەر لاپەڕەی کۆوار و ڕۆژنامەکان و میدیاکانی ترەوە بۆ کارە ئەدەبی و هونەرییەکان دەکرێن و خۆ بەجیاکردنەوە و هەڵاوێردانی دەقی چاک و سەرکەوتوو و خراپەوە خەریک دەکەن و خوێنەر و وەرگریان لێ نێزیک یا دوور دەخەنەوە، بەتایبەتی ئەو ڕەخنەگرانەیان کە لەئەنجامی ئەزموونی زۆر و تاقیکردنەوەوە دەسەڵاتێکی بەرچاویان لەسەر چێژی گشتی خەڵک و خوێنەر هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەشمان زانی کە زانایانی سۆسیۆلۆجی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە دەقی ئەدەبی هەر بەخۆی ناتوانێ چاکی خۆی لە یەکەم ساتەوە ڕابگەیەنێ و بۆ ئەوە پێویستی بە ڕای ئەو کەرتە کۆمەڵایەتییە هەیە کە گوزارە لە بەرژەوەندییان دەکا، ئەویش زۆرجاران یەکێک (ڕەخنەگرێک) ئەو کارە بەنوێنەرایەتییان دەکا. وەکو گوتمان سۆسیۆلۆجیستەکان متمانەیان بەزانایەکی جوانناسیش نییە کە وەکو (کانت) پێیان وایە دەق نابێ بەبۆچوون و نیازی پێشوەختە و دوور لە بنەماکانی جوانکاریی بخوێنرێتەوە، ئەوان دەڵێن، کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵ زەوقیشیان جیاوازە، بۆیە هەرگیز لەسەر ئەدەبی چاک و خراپیش کۆک نابن و وەک (هێربەرت گانز) دەڵێ، بۆیە ئەوەی پێداویستی و حەزی هەندێ کەسی پێ تێر دەبێ بڕی کەسانی تر ناشکێنێ.

بۆردینۆ بڕوای وایە لە چین و کەرتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەی بەسەر زەوقی گشتی خەڵکدا زاڵە و کەرت و چینەکانی تر لە ڕووی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە دەچەوسێنێتەوە، ئەوە چینی بالادەستی برژاوی ناوەڕاستی کۆمەڵە، کە بەهۆی دەسەلاتە مادییەکانەوە بەردەوام دەسەلاتی ڕۆشنبیری خۆ

بەسەر چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تردا دەسەپێن و ڕێز و سنووری (هابیتۆس = سروشتی رۆشنبیریی) ئەوانی تر دەبەزێ.

ڕەخنەی ئەدەبی لە سەرێکەوە دەیەوێ بچێتەوە سەر داهێنان و هونەر، لە سەرێکی تریشەوە دەیەوێ ببێتە زانست، زانستی ئەدەب، بۆ ئەم مەبەستەش دەیەوێ سوود لە زانستەکان ببینێ، یەکێک لەوانەش زانستی سۆسیۆلۆجییە، دیارە ئەمەش کارێکی بێ گرفت نییە، بەتایبەت کە زانیمان سۆسیۆلۆجیا بۆ خۆیشی زانستێکی کۆنکرێتی نییە وەکو زانستە ئەزموونگەرییەکانی وەک فیزیک و ماتماتیک و... ئەوانی تر. سۆسیۆلۆجیا ناتوانێ ئەو میکانیزمەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی پێ دەکرێ بەکاری ئەدەبی و بۆ مرۆڤێک ئەوەی پێ دەکرێ و بۆ هەموو مرۆڤە (نووسەرەکان) وەکو یەکتر ئەو کارە ئەنجام نادەن و کارە ئەدەبییەکانی یەک توێژی، یا چینی کۆمەڵایەتیی سەر بەیەک قۆناغ، لە یەک ئاستی هونەریدا نین و بەیەک ئاراستەی دیاریکراودا ناڕۆن تەنانەت ئەگەر لەسەر یەک بابەتیش بدوێن، هەروەها بۆ ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان دوو بەرهەم و دوو نووسەر و وردەکاری و تایبەتمەندییەکانیشیاندا هەیە، سۆسیۆلۆجیا وەڵامێکی زانستی کۆنکرێتی پێ نییە و زۆرجاریش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە زانایانی سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بۆ خۆیشیان پەنا وەبەر وجودییەت و فرۆیدییەت دەبەن، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە ڕەخنەی مارکسی و بۆچوونەکانی لەمەڕ ململانێی چینایەتی و ژێرخانی ئابووری و سەرخانی کۆمەڵایەتی لە ئاستی شیتاڵکردن و لێکدانەوە و تێگەیشتن و نرخاندنی کارە ئەدەبی و هونەری و بەهاکانیاندا کورت دەهێنن.

دوای سۆسیۆلۆجیستە سەرئامادەکان و دەرکەوتنی ئەو کەموکورتییانەی ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی لە بواری هەڵسەنگاندن و شیکارییکردنی دەقدا نواندنی، وەچەیەکی زانای تر پەیدا بوون کە هەر لەنێو بازنە مارکسییەکەدا بەڵام بەسوود بینین لە شەکلانییە ڕووسەکان و کەڵک دیتن لە زانستی نوێی زمان هەوڵیان دا سۆسیۆلۆجیای ئەدەب لەو گرفتە گەورانە ئاودیو بکەن و ئاسۆیەکی بەرفراوانتری لە بەردەمدا بکەنەوە، لەوانەش:

* ئۆیرباخ، کە پێی وابوو مێژووی واقیعییەت، لە هۆمیرۆسەوە تا بەفێرجینیا وڵف دەگا، مێژوویەکە کە بریتییە یا لە لاساییکردنەوەی نووسەرانی پێشووتر، یا لە دژایەتیکردنیان لەسەر ئاستی شێوازە جیاجیاکانیاندا، ئەو لەژێر کاریگەریی (تاین)دا دەیوت: ئەو میتۆدەی کە نووسەر لەگەڵ واقیعدا کاری پێ دەکا و ئەو دیدگەیەی کە پێی دادەڕێژێ و ئەو شێوازەی کە پێێ وێنە دەکێشێ، قابیلی لێکدانەوە نییە مەگەر تەنیا بەگەڕانەوە بۆ ئەو دۆخ و چاخەی کە نووسەر تێیدا ژیاوە و ئەو هابیتۆسەی کە تێیدا پەروەردە بووە. لەمەشدا کاریگەریی (لیۆ سپێتزەر) و (پییەر فرانکستایل)ی لەمەڕ هونەری شێوەکارییەوە پێوە دیارە و نوقڵانەی پەیدابوونی (رۆڵان بارت)شی لێ دەدا.

* لوسیان گولدمان، بەکاریگەریی (جۆرج لۆکاچ) و بە بنیاتگەرییە پێکهاتەکەی و بەزاراوە و

چەمکی جیهانبینییەوە، کە پێی وابوو تەنیا کەرت و توێژ و چینەکان دەتوانن هەیانبێت و مرۆڤی تاک (مەبەستی لە نووسەر و داهێنەران بوو)، ناشێ و ناتوانن ببنە خودانی (جیهانبینی)ی خۆیان، بەڵام دەتوانن ببنە هەڵگری جیهانبینی ئەو توێژ و چینەی کە سەر بەون. بەمەش جارێکی تر هەموو ڕێچکەکانی بردەوە سەر کۆمەڵ، بەبێ ئەوەیشی پێمان بڵێ مرۆڤی تاک داهێنەر لەبەرچی ناتوانێ خودانی (جیهانبینی) تاکە کەسیی خۆی بێ، یا ئەو تاکە نووسەر و داهێنەرانەی کە سەر بەیەک توێژی کۆمەڵایەتی و خودانی یەک جیهانبینین بۆ ناتوانن بەیەک شێوە و شێواز بنووسن و کاری ئەدەبی و هونەری بەرهەم بهێنن، یا ئەو جیاوازییانەی نێوانیان چۆن و لە چییەوە پەیدا دەبن.

* ڕۆنی جیرار، بەچەمکی (سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی) و بۆچوونەکەی لەمەڕ سێگۆشەی ئارەزوومەندیی (ئارەزوومەند + یارمەتیدەر = هاندەر + ئارەزوولێکراو) لەبارەی پێکهاتەی دەقەوە کە پێی وایە لە (دۆنکیشۆت)ەوە تا بە (گەڕان لە دوای کاتی لە دەسچوو) دەگا بنیاتێکن بۆ کاراکتەر (پاڵەوان)ێک کە وێڵی دوای شتێلێکن ئارەزوویان لەسەرە، بەمەش دەبێ کەسێکی یارمەتیدەر هەبێ بۆ ئەوەی هانیان بدا و دەستیان بگەیەنێتە سەر، دەڵێ: دۆنکیشوت لاساییکردنەوەی ڕۆمانەکانی سوارچاکانە، ئیما بۆڤاری لاساییی کچە کاراکتەرە ڕۆمانسییەکان و جولیان سۆریلییش لاساییی ناپلیۆن دەکەنەوە.

جیرار بڕوای وایە کە مەزنی ڕۆمان بەتەنیا بەند نییە بەبوونی سێگۆشەی ئارەزووەوە، بگرە ڕاگەیاندنی ئەو ئارەزووە بەڕاشکاوی لەوەش گرینگترە، لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ کاراکتەر (پاڵەوان) لە کۆتاییی دەقەکەدا تۆبە بکا و ئاکام یا لە خەڵک دابڕێ، یا خۆی بۆ خزمەتکارییان تەرخان بکا. ڕاستیی ڕۆمان ئاوا بەسەر زەیفی ڕۆمانسییانەدا سەر دەکەوێ، کە ئەدەبی تەمومژاوی و هەرە خراپ لە ڕێی وەهمی بەپیرۆزیی ڕاگرتنی هەڵوێست و حەزەکانەوە دەیانپارێزێ، لە کاتێکدا دەبێ نازناوی پاڵەوانی ڕۆمان بۆ ئەو کەسایەتییە بپارێزرێ، کە لە چوارچێوەی کۆتاییەکی کارەساتاویدا بەسەر ئارەزووە ڕووتەکەدا زاڵ دەبێ و ئاوا دەتوانێ ڕۆمان بنووسێتەوە. بەواتایەکی تر لای جیراریش کاراکتەر دەبێ سەر بەتوێژێکی کۆمەڵایەتی بێت، ئاکام ناسنامە و ئارەزوو تاکەکەسییەکەشی لە دەست بدا و ببێتەوە خزمەتکاری ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە لە پشتەوە بەرپرسە لە پێکهاتەی کەسیی و ڕادە و جۆری وشیاری و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی، دەنا ناتوانێ ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێ.

* ڕۆلان بارت، بەگەڕانەوە بۆ تیۆرە شەش ئەرکەکەی زمان لەکن ڕۆمان جاکۆبسن، کە ئەرکی شیعرییەت یەکێکیانە، بایەخێکی بەرچاوی بەشەکل (فۆرم)ی ئەدەبیدا، کە پێش ئەو و دوای پەیدابوونی (بارت)یش یەکێکە لە خاڵە هەرە لاوازەکانی ڕەخنەی سۆسیۆلۆجیی ئەدەبی کە وەڵامی پرسی جیاوازی و چۆنیەتیی داهێنانی فۆڕمی هونەریی نێوان دوو نووسەر (داهێنەر)ی سەر بەیەک توێژی کۆمەڵایەتی و یەک قۆناخی مێژوویی پێ نادرێتەوە، بارت پێی وایە کە بنیاتی فۆڕم

یەکسەر و ڕاستەوخۆ ناکەوێتە بەر کاریگەریی ژێرخانی کۆمەلایەتی و ئەوەی کار لە ڕیتمی گۆڕانکارییەکانی دەکا گۆڕانکارییەکانی مێژووە، کە دەتوانین بلێین ئەمیش توانای چارەسەری کێشەی فۆرم و دەرکردنی نییە لەژێر رکێفی کۆمەڵ، بەقەد ئەوەی زیادکردنی گەوێکی (قەفێکی) ترە بۆ کارەکە. بارت دانی بەزاتییەت و موڵکییەتی تاکەکەسی و تایبەتمەندیی (شێواز ئیسلوب)دا نا، وەلێ بۆ کەرەستەکانی تری دەق هەر لەناو جوغزی هابیتۆسدا مایەوە.

جگە لە توانا خودییەکانی سۆسیۆلۆجیا و زانستی گشتی زمان و زانستی سایکۆلۆجیا، ڕەخنەی کۆمەلایەتی (سۆسیۆلۆجیای ئەدەب) لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە دەستی بۆ یارمەتی (زانستی ئامار)یش درێژ کرد، کە وەک (شیکاریی ناوەڕۆک)یش نێو دەبرێ، بەتایبەتیش لە ئەمەریکا، لەوانە وەک:

* کارەکەی (ب. بیرلسۆن) و (ب. ج. سالتەر) کە لە ساڵی (١٩٤٦ز)دا لەبارەی ڕاستی ئەو یاسا ئەمەریکاییەوە کردیان، کە دەڵێ: ئەمەریکاییەکان بەهەموو جیاوازییە ئەتەنیەکانییانەوە وەکو یەکتر چانسی ژیانیان هەیە.

بیرلسۆن و سالتەر لە لێکۆڵینەوەکەیاندا کە لەسەر کەسایەتییەکانی چەندان کورتەچیرۆکدا کردبوویان گەیشتبوونە ئەو ڕایەی کە ئەم یاسایە بەگوێرەی پێویست و بەکردەوە جێبەجێ ناکرێ لەناو کۆمەڵدا، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- ژمارەی کەسەکان و دابەشکردنیان بەپێی ئینتیمای نیشتمانی ئەسڵی پێشووتریان و بوونیان لەناو دەقەکاندا ئەوە ساغ دەکەنەوە کە تەنانەت لە ئەدەب و لەسەر کاغەزیشدا ڕەگەزپەرستییەک لە دژی زۆرینەی کەسانی سەر بەهەندێ ئەتەنی دەکرێ.

٢- ئەو کەسانەی کە لە دەقەکانیشدا ڕۆڵیان دەدرێتێ، ڕۆڵی لاوەکی و شەرمئاوەر و قیزەونیان دەدرێتێ.

* کارەکەی (ج - کۆلاجا) و (ر. ن. ویلسۆن) لە ١٩٥٤، کە لەبارەی شیعر و هونەری نیگارکێشیی هاوچاخی ئەمەریکاوە کردیان و گەیشتنە ئەوەی کە بلێین: شیعر و نیگارکێشان زۆرتر بایەخ بە (مرۆڤی دابڕاو)ی تاک و پەڕاوێزکراو دەدەن و گرینگی بەپێوەندییە کۆمەلایەتییەکان نادەن.

* کارەکەی (میلتۆن ئەلبرێخت) کە لە (١٩٦٥ز) دا بلاوی کردەوە، ئەمیش دیسان لەناو سێ ڕۆشنبیریی جودا جودا کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی لێیانەوە بزانێ داخوا لەگەڵ پێوەر و بەهاکانی خێزانی ئەمەریکاییدا دەگونجێن، یا نا، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەندێ سەرچاوەی نائەدەبییەوە لیستێکی (١٠) دە بابەتیی ئامادە کردبوو، دواتر بۆی دەرکەوت دە بابەتەکە، هەریەکە و بەڕێژەیەک لەگەڵ ئەو بەها کۆمەلایەتییانەدا وێک دێنەوە، کە لە ئەمەریکادا باون.

لێرەشەوە ئیدی لێکۆڵینەوەی ئامارییی تەشەنەی کرد تا دوای (٥٠) ساڵ، واتا پاش نێزیکەی نیو سەدە گەیشتە کوردستانیش، ئەگەرچی هەر بە بابەتێک و دووان تینی شکا.

ئەم ئامارکارییە لە بواری شیکاریی ئەدەبی بازاڕی و ئەدەبی میللی و جەماوەریدا لەوانەیە سوودێکی هەبێ، چونکە لە جێی خۆیدا شیکارییەکە بەندە بەدەقی سادە و چەندایەتی و زۆری ژمارە و دووبارەبوونەوەی بابەت و شێواز و ڕستە و وشە و ئەدەبی منداڵان و گۆرانی میللی کرچوکاڵ و ڕۆمانی پۆلیسی... کە بەرهەمی کۆمەڵکارین و گوزارە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەکانی ژیان و داوونەریت و ئایدۆلۆجیا باوەکان دەکەن، بەڵام بۆ (ئەدەبی پێشڕەو، ئەدەبی باڵا) ئەوا ئەو بڕشتەی نییە.

ئەگەر لە (فیکۆ)وە، کە بەڕاشکاوی نکوڵیی لە بوون و پێویستی بوونی نووسەر و داهێنەری تاک دەکرد و کۆمەڵی بەداهێنەری ڕاستەقینە دەزانی، دەڵێم ئەگەر لە فیکۆوە بەمێژوویی سۆسیۆلۆجیای ئەدەبدا بێین و بەسەر لۆکاچ و جیرار و گۆڵدمان و بارت و ئەوانی پێڕەوکارانیان و تا بە (ئیمبرتۆ ئیکۆ)یش دەگەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بەچەندان قۆناغ و گۆڕانکاریی بەرچاودا تێ پەڕیوە و لە هەر قۆناخێکیشدا بەسەر زۆر کۆسپ و تەگەرەدا تێ پەڕیوە کە فیکۆ و لایەنگرانی سەرەتا بەسەر پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵدا سەپاندبوویان، گۆڕانکاریگەلێک کە دیار نییە لە کوێدا دەگیرسێنەوە، چونکە وەک لە مێژووی ڕابردووشیدا دەردەکەوێ سۆسیۆلۆجیای ئەدەب لە پرۆسەیەکی بەردەوامی خۆگونجاندن و خۆنوێکردنەوەدایە و ئەگەر لەسەر ڕاستەهێڵێک تەماشای ڕەوتی مێژووی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بکەین ئەوا لە نێوان سەرەتای هێڵە ڕاستەکە و خاڵی ئێستایدا ئەگەر شتێکی هاوبەش مابێتەوە تەنیا ئەوەیە کە ئەدەب وەک سەرخانی باری کۆمەڵایەتی دەبینرێ، لێرەشەوەیە کە:

یەکەم: سۆسیۆلۆجیای ئەدەب ناتوانێ لە بەهرە و توانای کەسی تاکی داهێنەر بگات، بۆیە نکووڵی لە بوونی دەکا.

دووەم: ناتوانێ لە وردەکاریی جیاوازییەکانی داهێنەرانی سەر بەیەک توێژی کۆمەڵایەتی، سەر بەیەک کات و شوێن بگات.

سێیەم: ناتوانێ لەوە بگات کە چۆن و بۆ و بە چ میکانیزمێک هەندێ بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی هەندێ داهێنەر دەتوانن سنووری کات و شوێن و زمان و تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکانی (هایتۆس)ی کۆمەڵگەی زەمەن و شوێن و قۆناخە جیاوازە مێژووە تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکان ببەزێنن.

چوارەم: سۆسیۆلۆجیای ئەدەب نووسەر پەراوێز دەخا و هەڵسەنگاندنی دەق دەهێڵێتەوە بۆ جەماوەری هەمەچیزەی خوێنەر، یا بەواتایەکی تر نرخاندنی دەق بەڕادەی کڕین و فرۆشتنی بەرهەم و بازاڕەوە دەبەستێ، لێرەشەوە بنەمای بازرگانی بەسەر بنەمای داهێنان و ئەدەبی میللی

بەسەر ئەدەبی داهێنروادا زاڵ دەکا.

پێنجەم: سۆسیۆلۆجیای ئەدەب دەتوانێ باس لە کاریگەریی کۆمەڵ بکا، بەڵام ناتوانێ لە سنووری نەفعیی، لە باسوخواسی زەرەر و زیان و سوودی سیاسی ئەدەب بپەڕێتەوە، بەواتایەکی تر سۆسیۆلۆجیای ئەدەب دەتوانێ بەشێوەیەکی گشتی باسی کاریگەریی کۆمەڵایەتی ئەدەب بکا، بەڵام ناتوانێ بەگوێرەی پێویست باس لە ڕادەی جوانی و هونەریی دەق بکا، بەمەش سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بووە ئامرازێکی داپڵۆسین و سەرکوتکردن بەدەست ڕێژیمە سیاسییە شمولییەکانەوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دژی ئەدەب و ئەدیبان بەکار برا و دەبرێ ئێستایش ئەوەتا ئینجیلەکان بۆ ڕۆشنبیری و ئاین، (موحافەزەکارانی نوێ) بۆ سیاسەت، لە ئەمەریکا سوود لە تیۆرییەکانی (شتراوس) دەبینن هەر وەک چۆن پێشتر نازییەکانی ئەڵمان سوودیان لە فەلسەفەی (نیتچە)بینی و بولشەفییەکانی ڕووسیا و ئەوروپای ڕۆهەڵات و ڕێژیمە شمولییەکانی تر سوودیان لە فەلسەفەی مارکسی بینی بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤی تاک و دامەزراندنی سیستەمی دیکتاتۆری.

شەشەم: سۆسیۆلۆجیای ئەدەب ئەگەرچی لە قۆناخەکانی دواتریشدا نوقمی شەکلانییەت کراوە، بەڵام بۆچوونەکانی لەمەڕ فۆڕم و ڕاستی فەردانییەتی فۆڕم و پێوەندیی نێوان فۆڕم و باری کۆمەڵایەتیی توێژ و چینە کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ئابوورییەوە تەواو دەستەوەستانە و ناتوانێ قەناعەتمان پێ بکا باری ئابووری و دۆخی کۆمەڵایەتی چۆن شەکڵی تایبەت بەئەدەبی ئەو توێژ و چینە کۆمەڵایەتییانە بەرهەم دەهێنن.

حەوتەم: سۆسیۆلۆجیای ئەدەب لە شیکاریی پێوەندیی نێوان ئەدەب و میتۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیاشدا دیسانەوە دەستەوەستانە و ناتوانێ پێمان بڵێ ئەدیبێکی هاوچاخ بە چ میکانیزمێک و چۆن بەپشتبەستن بەدەرهاوێشتەکانی کۆمەڵگەی زەمەن و شوێنێکی دێرین و بە (هابیتۆس)ی کۆمەڵگەیەکی نائامادە و بەسەرچوو دەتوانێ ئەدەب (دەق)ێکی هاوچاخ بەرهەم بهێنێ، ئەگەر ڕاستە ئەدەب زادەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا.

لێرەشەوە دەگەمە ئەو بەرەنجامەی بەڕاشکاوی بڵێم هەموو دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان، هەموو داهێنەران بەئەدیب و هونەرمەندانیشەوە، بەسەرکەوتوو و ناسەرکەوتووشیانەوە، هەموو حاڵەتی تاک و بێ هاوتان و هەر هەوڵێکیش بۆ شیکاری و تێگەیشتنی دەق و داهێنەران بدرێ دەبێ لەو چوارچێوەیەدا بدرێ، نەک بەبڕیار و بۆچوون و میتۆدی پێشوەختەوە، ئەگەرچی هەموو قابیلی سوود لێ دیتنیشن.

ماوە بڵێم سۆسیۆلۆجیای ئەدەب وەکو میتۆدێک بۆ شیکاریکردنی بەجوملەی کۆمەڵە بەرهەمێکی یەک ژانری ئەدەبی، یا سەر بەیەک قوتابخانە، یا بەرهەمی قۆناخێک لەوانەیە کەڵکێکی هەبێ، وەک ئەوەی بارت بۆ چیرۆکیی کورت کردووە بەگشتی، یا وەک ئەوەی پێشتر (پرۆپ) بۆ

حیکایەتی ڕووسیی کردووە، کە داهێنەران سوودێکی ئەوتۆیان لێ نابینن، چونکە زۆرتر لەسەر هێڵە گشتییە هاوبەشەکانی ئەو بەرهەمانە کار دەکەن، نەک تایبەتمەندییەکانیان. لێرەشەوەیە کە سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بۆ شیکاری و تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقی تاک ئەو برشتە ڕێژەیییەشی نامێنێ کە بۆ جوملەکاریی شیکردنەوەی کۆمەڵ دەق هەیەتی، چونکە هەر شیکارییەک لەسەر دەقی تاک بکرێ دەبێ لەسەر خەسڵەتە تایبەتمەند و کەسییەکانی ئەو دەقە بکرێ، دەنا بۆ ناساندنی دەقێک، یا هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەوەندە بەس نییە بڵێی ئەمە بەڕاناوی کەسی یەکەم، یا دووەم... نووسراوە، یا مەنەلۆگ و دیالۆگ و فلاش باک و چاوی کامیرا و یا چیرۆکبێژی ئۆلۆمپی و شاهید عەیان، یا زاتی مەوزوعیی تێیدا بەکار براوە، ئەمانە کەرەستە و شێوازی گێڕانەوە و مڵکیەتی موشاعن (گشتین) و ڕەخنە دەبێ لەسەر ئاستی هونەریی تاکەکەسیی بەکاربردنیان لەلایەن نووسەرە دیاریکراوە بەرهەمهێنەرەکەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکا، ئەگەر نا هەر بەتەنیا بوونیان لە دەقێکدا بەهایەکی هونەریی بۆ مسۆگەر ناکەن، ئەمە ئەگەر نەبنە هۆی شکستیش لە کاتی بەهەڵە، یا بەخراپ بەکاربردنیاندا، بەمەشدا دەردەکەوێ بۆ هەموو ئەو چیرۆکانەی ئەو ڕەگەز و کەرەستانەشیان تێدا بەکار براوە، ئیتر هی یەک نووسەر بن، یا هی کۆمەڵە نووسەرێک، هەموو لە یەک ئاستی هونەریدا نین و نابن.

لێرەشەوە دەگەڕێمەوە سەرەتا و دەڵێم ئەدەب و زانست دەشێ سوود لە یەکتر ببینن، بەڵام هەرگیز نابن بەیەک، یەکتر ناسڕنەوە، جێی یەکتر ناگرنەوە و وەک دوو چالاکیی مرۆڤانە دەمێنن، چونکە ئەدەب ئەدەبە و زانستیش زانست.

هەولێر ٢٠١٠/٩/٥

سەرچاوە:


١- د. عدنان علي رضا الخوي - الاسلوب والاسلوبية - ١٩٩٩.

٢- جاكوب كورك - اللغة في الادب الحديث - ت: ليون يوسف و عزيز عمانوئيل - دار المأمون - بغداد - ١٩٨٩.

٣-روجر فارلر -اللسانيات والرواية - ت لحسن همامة - ١٩٩٧.

٤- شعيب حليفي - شعرية الرواية الفانتاستيكية - ٢٠٠٩.

٥- د. قصي الحسين - سوسيولوجية الادب - بيروت - ٢٠٠٩.

٦- هانس روبيرت ياوس - جمالية التلقى - ت: رشيد بن حدو - ١٩٩٤

٧- گراهام هاف - الاسلوب والاسلوبية - ت: كاظم سعدالدين - ١٩٨٥.

٨- درميجان الرويلي و د. سعد البازعي - دليل الناقد الادبي - المركز الثقافي العربي - بيروت - ط٤ - ٢٠٠٥.

# شێکسپیر

دوکتۆر سەڵاح بابان

ئاسان نییە مرۆ لەبارەی ژیان و ئەدەبی ولیام شێکسپیرەوە بنووسێت بێ ئەوەی شتێک لەبارەی "کریستۆفەر مارلۆ Christopher Marlowe"ی مامۆستای نەنووسێت. لەبەر ئەوە من، لە"مارلۆ"وە دەستی پێ دەکەم.

## کریستۆفەر مارلۆ

مارلۆ، وەکو شێکسپیر، رۆژی لەدایکبوونی بەتەواوی نازانین. بەڵام دەزانین کە ٢٦ی شوبات ١٥٦٤ لە شاری " کانتێربەری Canterbury"ی، لە کڵێسای سانت جۆرج، تەعمید کراوە و ناوی نراوە" کریستۆفەر "Christopher و هەر لەو شارەشدا، لەدایک بووە. باوکی، کە ناوی "جۆن مارلۆ" بووە، پێڵاودروو بووە. دایکی ناوی کاثێرین بووە. دوای ئەوەی کە خوێندنگەی[١] لە کانتێربەری تەواو کردووە، چووە بۆ زانکۆی "کێمبریج "Cambridge. ساڵی ١٥٨٤، تەواوی کردووە و دوای ئەوە بەچەند ساڵێک، باوەڕنامەی ماستەری لە هونەردا، لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە.[٢]

ئەگەر لە ئەدەبی ئینگلیزیدا یەکێک هەبێت لە نووسینی شانۆگەریدا، بالای بگاتە شێکسپیر، تەنیا هەر "مارلۆ"یە. مارلۆ، هەر لە منداڵییەوە زیرەکی و چالاکییەکی زیاد لە ئاسایی پێشان داوە لە"مەودا"ی ئەدەب و رۆشنبیریدا. هێشتا تەلەبە بووە لە کێمبرج، "ئامۆرس Amores"ی لە لاتینییەوە کردووە بەئینگلیزی. ئامۆرس، پەڕتووکێکە لەباری ئەڤین و دڵداری. لە پێنج بەرگ پێک هاتووە. "ئۆڤید "Ovid[٣] نووسیویەتی و ساڵی ١٦پ. ز، بڵاوی کردووەتەوە. لە هەمان کاتدا، یاخۆ کەمێک دوای ئەوە، بەرگی یەکەمی "فەرسالیا Pharsalia "ی، کردووە بەئینگلیزی. فەرسالیا، "لووکان Lucan"،[٤] ساڵی ٦١ د.ز ، لە کاتی حوکمداری "نیرۆن"دا، نووسیویەتی. باسی ئەو شەڕە دەگێڕێتەوە کە لە نێوان یولیەس کەیسەر و پۆمپەی ساڵی ٤٨ پ. ز، لە ناوچەی فەرسالیەس، لە

یۆناندا، رووی داوە. هەر لەو کاتەشدا دەستی کردووە بەنووسینی بەشی یەکەمی "تەیموور لەنگی مەزن". ئەمە، یەکەمین شانۆگەری بووە، لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، کە بەهۆنراوەی بەرەڵا Blank Verse[٥] بنووسرێت.

لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، مارلۆ بەداهێنەری هۆنراوەی بەرەڵا و باوکی تراجیدیی ئینگلیزی و مامۆستای شێکسپیر دادەنرێت. بەتایبەتی لە نووسینی شانۆگەریی مێژوویدا. ئەو دەستی بەو جۆرە نووسینە کرد کە "تەیموور لەنگی مەزن" و "شا ئەدوەردی دووەم"ی نووسی.

دوای ئەوەی بڕوانامەی ماستەر لە هونەردا، وەردەگرێت، ساڵی ١٥٨٦ یان ١٥٨٧، کێمبرج بەجێ دەهێڵێت و دەچێت بۆ لەندەن بەو مەبەستەی کە لەوێدا، لەگەڵ تیپێکی شانۆگەریدا کار بکات. بگرە هەر لەو کاتەشدا، شێکسپیر ستراتفۆردی بەجێ هێشتووە و بەهەمان مەبەستەوە چووە بۆ لەندەن. لەلای زۆرەوە لەوێدا، لە لەندەن، بۆ یەکەمین جار، یەکتریان بینیوە.

کە دەگاتە لەندەن، لەگەڵ تیپی "لۆرد ئەدمیراڵ Lord Admiral"دا کاری کردووە و شانۆگەریی بۆ نووسیون. تا ٣٠ مایسی ١٥٩٣، کە لەبارێکدا، بەدەست هاوڕێیەکی، لە بارودۆخێکی زۆر بەگوماندا، لە تەمەنی ٢٩ساڵیدا، دەکوژرێت.

لەو شەش ساڵەدا، فریا دەکەوێت ئەمانە بنووسێت:

– دیدۆ، بابوو شای قەرتاجەننە ١٥٨٦. (Dido, Queen of Carthage)
که لەگەڵ "تۆماس ناش"دا پێکەوە نووسیوێتی.
– تەیموور لەنگی مەزن. بەشی یەکەم ١٥٨٧ (Tamburlain the Great, part I)
– تەیموور لەنگی مەزن. بەشی دووەم ١٥٨٨ (Tamburlain the Great, part II)
– جوولەکەکەی مالتا. ١٥٨٩ (The Jew of Malta)
– دوکتۆر فاووستەس ١٨٩١ (Doctor Faustus)
– شا ئەدوەردی دووەم ١٨٩٢ (King Edward the Second)
– کوشتارەکەی پاریس ١٨٩٣ (The Massacre at Paris)
– هێرۆ و لێندەر١٥٩٣ (Hero and Leander)(*). داستانێکی گریکیی کۆنە، لە"ئۆڤید"ەوە وەری گرتووە و کردوویەتی بەئینگلیزی. مارلۆ، بەداخەوە، کوژرا پێش ئەوەی تەواوی بکات. دوای پێنج ساڵ، واتە لە ساڵی ١٥٩٨دا، "جۆرج چاپمەن" بۆی تەواو دەکات.

شانۆگەرییەکانی مارلۆ، لە کاتی خۆیدا، هەموویان، زۆر سەرکەوتوو و بەناوبانگ بوون.

## مردنی مارلۆ

لەو کاتەی، کە مارلۆ، هێشتا لە کێمبرج دەیخوێند، یەکێک لە مامۆستاکانی کە ناوی "تۆماس کێت" دەبێت، لەلایەن کڵێساوە بەکافر تاوانبار دەکرێت. هەر لەسەر ئەوە، کڵێسا فەرمانی سووتاندنی دەردەکات و دەسووتێنرێت. چونکە ئەو مامۆستایە هەندێک پێوەندیی هاوڕێیەتیی



کریستۆفەر مارلۆ

هەبووە لەگەڵ "مارڵۆ"دا، هەر لەوساوە، دڵسۆزیی مارڵۆ بۆ کڵێسا، لەژێر گوماندا بووە. بەڵام، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان نابێت لە دژی، وازی لێ دەهێنن و لە دوورەوە ئاگەداری هاتوچۆی خۆی و دۆستەکانی دەبن.

مارڵۆ، ماوەیەک بوو لەگەڵ "تۆماس کید Tomas Kyd"ی هاورێیدا پێکەوە لە ماڵێکدا لە لەندەن دەژیان. " کید"یش شاعیرێکی ناسراو دەبێت و پێکەوە لە هەمان تیپدا کاریان دەکرد.

لە ١٢ مایسی ١٥٩٣دا، " کید"ی هاورێی دەگرن. کە ژوورەکەی دەپشکنن، بابەتێک دەدۆزنەوە، گوایە نووسەرەکەی بەکافر تاوانبار دەکات. دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر، تۆماس کید، ناچار دەکەن کە دان بەوەدا بنێت کە مارڵۆ، خاوەنی ئەو بابەتەیە. ئیتر ئا ئەوە دەکەن بەبەڵگەیەکی گرینگ لە دژی و لە ٢٠ی مایسدا دەیگرن.(٦) بەڵام زوو بەرەڵای دەکەن، بەمەرجێک کە هەموو رۆژێک بچێت بۆ لایان بیبینن، تاکو رۆژی دادگەییکردنی دێت.

دوای ئەوە بە ١٠ رۆژ، ٣٠ی مایس، خۆی و سێ هاورێی دەچن بۆ بارِ. لەوێدا، گوایە شەڕیان دەبێت، مارڵۆ بەدەست هاورێیەکی، کە ناوی "ئینگرام فرایزەر" دەبێت، دەکوژرێت و دوای دوو رۆژ، لە گۆرِێکی نیشانەنەکراوی بێ کێلدا، دەنێژرێت.

پیاوکوژەکە، لە دوای مانگێک بەرەڵا دەکرێت، بەبیانووی ئەوەی، کەبەرگریی لە ژیانی خۆی کردووەو ناچار بووە مارڵۆ بکوژێت.

ئێستاش کەس بەتەواوی نازانێت چۆن و بۆچی مارڵۆ کوژرا و کێ لە دوای ئەو تاوانەوە بووە؟

– ئاخۆ پیاوە ئاینییەکان، ئەو جۆرە کوشتنەیان زیاتر پەسند دەکرد لەوەی بەئاشکرا، شاعیرێکی ئەوەندە بەناوبانگ و خۆشەویست، بسووتێنن، وەکو چۆن مامۆستاکەیان سووتاند؟ یاخۆ

– بەراستی مارڵۆ، بەخەنجەرەوە هێرشی بردووەتە سەر "فرایزەر"ی هاورێی و ئەویش، ناچار بووە، بۆ ئەوەی ژیانی خۆی بپارێزێت، بیکوژێت؟ یاخۆ

– کوژراوەکە، مارڵۆ نەبووە و ئەو تەرمەی کە لە گۆرِە بێ کێلەکەدا نێژراوە، هی ئەو نەبووە. زۆر هەیە کە لەم باوەرِەدان. ئاخۆ بۆچی؟ لە خوارەوە باسی کراوە.



ولیام شێکسپیر

## ولیام شێکسپیر

هەرچەندە میللەتی ئینگلیزی شاعیری باشی زۆرە، بەڵام ولیام شێکسپیر، بەبڕوای زۆر کەس، لە شیعردا، لە هەموویان باشتر و بەناوبانگترە. سەرەڕای ئەوەی کە شێکسپیر، شاعیر بووە؛ شانۆگەریی نووسیوە و ئەکتەریش بووە. هەروەها بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە و خاوەند بەشێکیش بووە لە شانۆی گڵۆب ""Globe، کە یەکێک بووە و ئێستاش یەکێکە لە هەرە بەناوبانگەکانی لەندەن.

شێکسپیر، لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە شاری ستراتفورد، لەدایک بووە، . ستراتفورد، شارێکی بچووکە لەسەر ڕووباری ئەیڤۆن "Avon". نزیکەی سەدوپەنجا کیلۆمەترێک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی لەندەنەوەیە. ڕۆژی لەدایکبوونی بەتەواوی کەس نایزانێت. بەڵام دەزانین کە لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤ دا، بەتەواوی دوو مانگ لە دوای مارڵۆ، لە کڵێسای ستراتفورد، تەعمید کراوە و ناویان لێ ناوە "ولیام".

ئەوسا، بەپێی ئاسایی، سێ ڕۆژ دوای لەدایکبوون منداڵیان تەعمید کردووە. لەبەر ئەوە بەلای زۆرەوە لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا لەدایک بووە. وا ڕێک دەکەوێت کە هەر لەو ڕۆژەشدا، ٢٣ی نیسان، لە یادی ڕۆژی لەدایکبوونیدا، لە ساڵی ١٦١٦دا، لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا، بمرێت و لەو کڵێسایەی تێیدا تەعمید کرابوو، دوای ٥٢ ساڵ بنێژرێت.

****

ولیام، کوڕە گەورەی جۆن شێکسپیر دەبێت. دوو خوشکی دەبێت لە خۆی گەورەتر، سێ برا و دوو خوشکیش، لە خۆی منداڵتر. جۆنی باوکی، بەپیشە، دەستکێشدروو دەبێت. بەڵام، لە هەمان کاتدا کشتوکاڵی دەکرد و بازرگانیشی لە خوری و پێستەدا کردووە. جار بەجار، لە گەنم و جۆشدا.

جۆن، نە لە دەوڵەمەندەکان و نە لە هەژارەکان بووە؛ لە چینی ناوەند بووە. بەڵام ژنەکەی، کە ناوی مێری دەبێت، لە بنەماڵەیەکی خاوەند زەویوزار دەبێت. جۆن، کاتی خۆی لەوان زەویی بەکرێ گرتووە بۆ کشتوکاڵکردن. سەرەڕای ئەوانە، جۆن، چالاکییەکی زۆری لە کار و کردەوەی کۆمەڵگەییدا هەبووە، تا هەڵبژێرراوە بەسەرۆکی شارەوانیی"Mayer"ی شاری ستراتفورد. بۆ کاتێکیش هەڵبژێرراوە ببێت بەدادوەری ئاشتیی شارەکە و لە بارودۆخێکی باشدا خۆی و ژن وماڵەکەی لەو کاتەدا دەژیان.

یەکێک لە خوێندنگە هەرە باشەکانی ئەوسای ئینگلتەرە، لە شاری ستراتفورد دەبێت. ئەو خوێندنگەیە، بۆ منداڵانی کاربەدەستە بەرزەکانی شارەکە، وەکو جۆن شێکسپیر، بەخۆڕایی بووە. لەبەر ئەوە، ولیام شێکسپیر، زۆر لەوە دەچێت کە لەوێ خوێندبێتی. چونکە لەو خوێندنگەیەدا، بایەخیان زۆر بەزمان و ئەدەبی گریکی و لاتینی دەدا و"شێکسپیر"یش بەنووسینەکانیدا دیارە کە پلینی و ئۆڤید و سێنێکا و هۆمیرۆس و "پلووتارخ"ی خوێندبێتەوە و کاریان تێ کردبێت.(٧) ستراتفورد، هەرچەندە، وەکو باسمان کرد، شارێکی گەورە نەبووە و ئێستاش گەورە نییە، بەڵام لەوە دەچێت و دوور نییە بەهۆی ئەو خوێندنگەیەی کە لە سەرەوە باسی کرا، بایەخیان زۆر بەهونەر و شانۆگەری دابووبێت؛ هەر لەوساوە شانۆی هەبووە و شێکسپیر کاتی خۆی پێش ٤٠٠ ساڵ زیاتر، لە یەکێکیاندا ئیشی کردووە.

ساڵی ١٥٧٣، جۆن، باوکی ولیام شێکسپیر، دادگەیی دەکرێت لەسەر ئەوەی، دژی یاسای ئەوسا، بەفائزێکی زۆر وامی بەخەڵک داوە. لە هەمان ساڵدا دیسانەوە دادگەیی دەکرێت، ئەمجارە لەسەر ئەوەی کە وامی لە خەڵک کردووە و نەیداوەتەوە. ئیتر لە دەوروبەری ساڵی ١٥٧٦دا، جۆن، لە بازرگانییەکەیدا، بەتەواوی نابووت دەبێت و پارەیەکی زۆر وامدار دەبێت. بەناچاری هەرچییەکی دەبێت یان دەیفرۆشێت، یان دەیدات بە ڕەهن. بەڵام هەر بەوامداری دەمێنێتەوە. ئیتر هەر ئەوەندەی دەست دەکەوێت کە بەزۆر بتوانێت ماڵ و ژنەکەی بەخێو بکات. بەڵام ئەوەی باش بوو، کە بەجۆرێک توانی، ئەو خانووەی کە منداڵەکانی تێدا لەدایک بووبوون و دەژیان، ئەوەی کە ئێستا،

بەهۆی "ولیام"ی کوڕیەوە، بووە بەیەکێک لە مۆزە گرینگەکانی بەریتانیا، نەهێڵێت بفرۆشرێت.
دوای ئەوە ئیتر جۆن، هەستی بەشەرمەزاری دەکرد و ڕووی نەدەهات خەڵکی ببینێت، بەتایبەتی وامدەرەکانی. لەبەر ئەوە، وردە بەوردە، لە کۆمەڵگە خۆی دەکێشێتەوە.
ئەم نابووتییە، وەکو تیرێکی ژەهراوی، لە دڵی دابێت و زامێکی زۆر بەئازاری تێدا بەجێ هێشت، دەروونی دادەوەشێنێت؛ ژیانی خۆی و ماڵەکەی تەنگ و تاریک دەکات. ئەو "جۆن"ەی کە هەموو کەسێک دەیناسی و ڕێزی دەگرت و خۆشی دەویست، لە ماوەی دوو ساڵدا، بوو بەمرۆڤێکی بێ دۆست و بێ نرخی ریسواکراو. دەستی دایە خواردنەوە و سەرخۆشی و لۆمەکرنی ئەو بەختە ڕەشەی کە گەیاندوویەتە ئەم بارە. شێکسپیر، بێگومان، هەموو ئەوانەی دەبینی. خەفەتی پێ دەخواردن و بەزەییی بەباوکی خۆیدا دەهاتەوە. بەنووسینەکانیدا دیارە کە کاریگەرییان زۆر هەبووە لەسەر دەروون و جۆری بیرکردنەوەی شێکسپیر.(٨) لەو کاتەدا تەمەنی ١٢ ساڵ دەبێت.(٩)
لە ساڵی ١٥٧٧ەوە تا ساڵی ١٥٨٠، کەس بەتەواوی نازانێت، ولیام شێکسپیر لە کوێ ژیاوە و چیی کردووە. لەوە ناچێت کە لەگەڵ کەسوکارانی خۆیدا لە ستراتفورد ژیابێت.
لەبەرئەوەی ولیام کوڕێکی زیرەک بووە، لە خوێندنگەکەیدا، هەموو مامۆستاکانی خۆشیان ویستووە و پێیان خۆش بووە بەجۆرێک یارمەتیی بدەن. زۆر کەس لەو باوەڕەدایە کە بەڕێوەبەری خوێندگەکەی، بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە سەختەی ماڵەوەی ڕزگاری بکات، بەڕەزامەندیی باوکی، لە ماڵی خانەدانێکی ڕۆشنبیردا، دایمەزراندبێت. لەو کاتەدا دامەزراندنی منداڵی زیرەک لە ماڵی

هەواڵنامەی کتێب



ولیام شێکسپیر

خانەدانی ئاوادا، بۆ ئەوەی لە ماڵەکەیدا بژی و کتێبخانەکەی بەکار بهێنێت، شتێکی باو بووە. بەلای زۆرەوە، ئەو خانەدانە، تۆماس هۆفتۆن بووە. ئەگەر ئەویش نەبووبێت، یەکێکی تر بووە. چونکە شێکسپیر، بەنووسینەکانیدا دیارە کە لەو سێ چوار ساڵەدا، زۆر کتێبی بەنرخی خوێندووەتەوە.

ساڵی ١٥٨٢، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، شێکسپیر ژن دەهێنێت. ژنەکەی کە ناوی "ئان هاتەوەی" دەبێت، هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. کاتی مارەکردن، سکی سێ مانگان دەبێت بەیەکەم منداڵی شێکسپیر. دوای شەش مانگ کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن "سوزان" . ساڵی ١٥٨٥ ژنەکەی، کوڕ و کچێکی بە سکێک دەبێت. کوڕەکە ناو دەنێن "هامنێت" و کچەکە "جوودێت". چونکە شێکسپیر پارەی نابێت، بەناچاری، خۆی و ژن و ماڵەکەی لەگەڵ ماڵی دایک و باوکیدا دەژیان.

لە ساڵی ١٥٨٦دا، باوکی بێ ئیش دەمێنێتەوە. بەهۆی ئەو شانۆیەی کە لە شاری ستراتفورددا هەبووە، ساڵی سێ چوار جار، لە لەندەنەوە تیپی شانۆگەری دەهاتن لەوێ تەمسیلیان دەکرد. هەر لەو ساڵەدا، شێکسپیر توانی لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر لەوەوە وردە بەوردە ئیشی بەرەو باشی دەڕوات. لە دواییدا لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا دەچێت بۆ لەندەن. بۆ ئەوەی لەوێ، لە شانۆکانیدا ئیش بکات و شانۆگەرییان بۆ بنووسێت. تا بەرەو ساڵی ١٥٩٢، پێی دەکرێت ئەوەندە پارە کۆ بکاتەوە کە باوکی خۆی لە نابووتی ڕزگار بکات.

ساڵی ١٥٩٦ "هامنێت"، ئەو تاکە کوڕەی کە هەیبوو، نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. بۆ ساڵی دوایی شێکسپیر چیرۆکی "شا جۆن" دەنووسێت. لەوێدا باسی پەژارەی یەکێک دەکات کە جەرگی بەمردنی رۆڵەکەی سووتاوە. ئینجا لە زمانی ئەوەوە، شێکسپیر، باسی سوێداریی دڵی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پەژارە ژووری
ڕۆڵەکەی منی داگیر کردووە،
لە نوێنەکەیدا، لەوێ خەوتووە.
بۆ سەرەوە بێت، یان بۆ خوارەوە،
بۆ هەرچ کوێ بڕۆم، ئەو لەگەڵما دێت.(١٠)
رووشیرینەکەی
ئەو، لەبەر دەکات.(١١)
وتەکانی ئەو، دووبارە دەکات.
هەموو ئەندامە جوانەکانی ئەو،

دەهێنێتەوە بەر دیدەی بیرم؛

لە خۆی، پەیکەری

ئەو، دروست دەکات،

جلوبەرگەکەی دەکاتە بەری.

کەوابێت بۆنەم هەیە ئەگەر من،

شەیدای پەژارە و سوێداریی خۆم بم.

بۆ سـاڵی ١٥٩٢، شـێکسـپـیـر دەبێت بەشـاعـیـر و ئەکـتـەرێکی تەواو بەناوبانگ. لەو کـاتەدا سـەرلەنوێ لە لەندەن تاعوون بڵاو دەبێتـەوە. بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخـۆشـییـە کەم بکرێتـەوە یان کۆنتـرۆڵ بکرێت، بۆ دوو ساڵ هەموو شـانۆکانی لەندەن دادەخرێن. لەو دوو سـاڵەدا شێکسـپـیـر دوو چیرۆکی درێژ بەشیعر دەنووسێت؛

– ڤینۆس و ئەدۆنیس "Venus and Adonis"

– ئەو زۆردارییەی کە لە نامووسی لوکرێشیا کرا[١٢] "The rape of Lucrece"

کە شانۆکان، لە ساڵی ١٥٩٤دا، دەکرێنەوە، شێکسپیر، دەبێت بەیەکێک لە خاوەندەکانی تیپێک بەناوی "چێمبەرلەین". لە ماوەی چوار پێنج ساڵی دواییدا، شـێکسـپیـر فریا دەکەوێت ئەم هەمـوو شانۆگەرییە بۆ تیپەکەی خۆیان بنووسێت[١٣]

– بازرگانیی ڤێنیس"The merchant of Venice"

– خەونی شەوێک لە ناوەڕاستی هاویندا " Midsummer Night Dream"

– ژنە شادمانەکانی وندزەر "The merry wives of Windsor"

– هەراوهوریایەکی زۆر دەربارەی هیچ "Much ado about nothing"

– وەک چۆن پێت خۆشە "As you like it"

– (ریچارد)ی دووەم "Richard the second"

– (هێنری)ی چوارەم "Henry the fourth"

– رۆمیۆ و جوولێت "Romeo and Juliet"

لە سـاڵی ١٥٩٩دا تیپی "چێمبـەرلەین" شـانۆیەکی تایبـەت بۆ خـۆی بینا دەکات لەسـەر کەناری ڕووباری تێمس لە لەندەن. ناوی دەنێن شـانۆی " گڵۆب". ئەو شـانۆیە، ئەوەندە گەورە بووە؛ ٣٠٠٠ کـەسـی ـگـرتووە ـ. ئینـجـا، خـوێنەری بەڕێز، بزانە تا چ ڕادەیەک، هەر لەوسـاوە، شـانۆگـەری لە ئینگلتەرەدا باوی هەبـووە. شابانوو "ئەلیزابێس" یەکێک بووە لەوانەی کە حەزیان لە شـانۆ دەکرد و

بەشێکی زۆری لە شانۆگەرییەکانی شێکسپیری بینیوە. لە ساڵی ١٦٠٣دا، کە ئەلیزابێس دەمرێت، "جێمس"ی یەکەم جێگەی دەگرێت. جێمس، لەوێش زۆرتر حەزی لە هونەر دەکرد. هونەرمەندەکانی، بەتایبەتی شێکسپیری، زۆر لە خۆی نزیک کردبوو. تا داوای لە تیپی "چێمبەرلەین" کرد کە ناوی تیپەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بەتیپی "شا". ئەوانیش، بێگومان، پێیان خۆش بوو؛ بەپێی ئارەزووی شا، ناوی تیپەکەی خۆیان گۆڕی. زۆرجار شا، بانگی دەکردن کە لە کۆشکەکەی خۆیدا تەمسیل بکەن.

لە ساڵی ١٦١١دا لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا شێکسپیر واز لە شانۆگەری دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی "ستراتفورد". لەو کاتەدا شێکسپیر خاوەن سامانێکی زۆر دەبێت. ئەو خانووەی تیایدا دەژیا لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیدا بەتایبەتی بۆ خۆیانی دروست کردبوو.

لە شانۆی " گلۆب"، "فلێچەر"ی هاوڕێی جێگەکەی دەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ و تیپەکە. چیرۆکی "هێنریی هەشتەم" کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦١٣دا تەمسیل کرا لە شانۆی " گلۆب"، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە خۆی و "فلێچەر"ی شاعیر پێکەوە نووسیبێتیان.

لە کاتی یەکەم تەمسیلکردنی ئەم چیرۆکە، شانۆکە گڕ دەگرێت. سەرتاپا هەمووی دەسووتێت. بەڵام خۆشبەختانە کەس ئازاری پێ ناگات. هەر وا بەسووتاوی دەمێنێتەوە تا دوای ٣٨٤ ساڵ، ساڵی ١١٩٩٧، سەرلەنوێ بینا دەکرێتەوە. ئێستا، دیسانەوە، یەکێکە لە شانۆ باشەکانی لەندەن.

ساڵی ١٦٠٧ سوزانی کچی شوو دەکات بەپزیشکێک بەناوی "جۆن هۆڵ". ئەو خانووەی کە سوزان و مێردەکەی تێیدا دەژیان، هێشتا لە ستراتفورد ماوەتەوە و بەیەکێک لە میراتییەکانی شێکسپیر دادەنرێت.

لە ساڵی ١٦١٦دا، چەند مانگێک لە دوای شووکردنی "جوودێت"ی کچی، شێکسپیر دەمرێت.

ئاخر شیعری شێکسپیر گوایە ئەمەیە، کە لەسەر کێلی گۆڕەکەیدا نووسراوە:

هەر لە ڕێی مەسیح، دۆستە باشەکان،
نەکەن دەستکاریی ئەم خۆڵەم بکەن.
ڕەحمەت بێ لەوەی کە ئاگەداریی
جێ و بەردەکانی گۆڕەکەم دەکات.
وە هەزار لەعنەت
لەوەی دەستکاریی
ئێسک و پرووسکی من لێرە دەکات.

هۆی مردنی شێکسپیر، کەس بەتەواوی نایزانێت. بەڵام، بنەماڵەی شێکسپیر، هیچیان زۆر نەژیاون؛ هەرسێ براکەی، کە لە خۆی گەنجتر بوون لە پێش خۆیدا مردن:

" گلبێرت" بە ٤٦ ساڵی، "ریچارد" بە ٣٩ ساڵی، "ئێدمەند" بە ٢٧ ساڵی.

شێکسپیر، لە پێش مردنی، هەموو موڵک و سامانەکانی خۆی دەکات بەوەقف بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بیانفرۆشێت و هەر بەناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە، بۆ نەوەکانی بمێننەوە. بەڵام؛ ئەلیزابێس، کە تاقانە کچی "سوزان"ی کچی دەبێت، لە ساڵی ١٦٧٠دا، بەبێ منداڵ دەمرێت. "جوودێت"ی کچی، سێ منداڵی دەبێت، هەرسێکیان بەگەنجی دەمرن. لەبەر ئەوە لە بنەماڵەی ولیام شێکسپیر، کەس نەمایەوە لەو سامانانە سوود وەربگرێت.

جگە لە نووسینەکانی تری، شێکسپیر ٣٨ شانۆگەریی نووسیوە. ١٨ی لە کاتی ژیانیدا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٦٢٣دا، حەوت ساڵ لە دوای مردنی، دوو لە دۆستە نزیکەکانی، هەموو شانۆگەرییەکانی ئەویان لە یەک کتێبدا بڵاو کردەوە. پێش ئەوە، بەچەند مانگێک، لە هەمان ساڵدا، لەو کڵێسایەی کە تێیدا نێژراوە پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

## شانۆگەرییەکانی شێکسپیر، ئاخۆ شێکسپیر خۆی نووسیوینی؟

ئەم پرسیارە، دەمێکە و لەلایەن زۆر کەسی داناوە، وەکو مارک توەین، چارڵی چاپلن، وێلز و فرۆید، کراوە.[١٤] لەبەر ئەوە دەبێت جۆرە بنچینەیەکی هەبێت.

شێکسپیر، وەکو لە سەرەوە باسی کرا، نەچووەتە زانکۆ و لە کاتی کورێنی و گەنجێتیدا، کەم هەلی گونجاوی هەبووەبۆ فێربوون و خوێندنەوە. لەبەر ئەوە، بەرزێتی پلەی نووسینەکانی، گومان دەخاتە دڵی هەندێک نووسەر و هونەرمەندەوە، کە خۆی ئەوانەی نەنووسیبێت. ئەوەی نووسیبێتی، دەبێت کەسێکی زانا بێت لە مێژوو و فەلسەفە و ئەدەبدا و شارەزا بێت لە جۆری ژیانی بنەماڵەی شا و خانەدانەکانی دەوروبەری.

باشە ئەگەر شێکسپیر خۆی نەینووسیبێت، کێ بۆی نووسیوە؟ لەم مەودایەدا ناوی زۆر کەس هاتووە. بەڵام، بەشی زۆری بەگومانەکان، لەو باوەڕەدان کە کریستۆفەر مارڵۆ، یان فرانسیس بێکۆن،[١٥] بۆیان نووسیبێت. چونکە هەردووکیان لە کێمبرج خوێندوویانە و دەستێکی باڵایان هەبووە لە مێژوو و ئەدەب و فەلسەفەدا، جگە لەوەی کە هەردووکیان شارەزا بوون لە ژیانی بنەماڵەی شا و خانەدانەکانی دەوروبەری.

فرانسیس بێکۆن، هۆیەکی ئەوەندە گرینگی نەبووە کە شانۆگەرییەکانی خۆی بەئاشکرا نەنووسێت و بڵاویان بکاتەوە، جگە لەوەی، کە ڕەنگە ترسابێت، کە شانۆگەری نووسین، لەگەڵ پایەی بەرزیدا نەگونجێت. لەبەر ئەوە داوێتی بەشێکسپیر کە بەناوی خۆیەوە بڵاویان بکاتەوە.

بەڵام مارڵۆ، هۆیەکی تەواو گرینگی هەبووە کە خۆی بشارێتەوە.

چونکە وەکو لە سەرەوە باسی کرا، مارلۆ، زۆری نەمابوو کە بەکافر تاوانبار بکرێت و وەکو "تۆماس کێت"ی مامۆستای، بسووتێنرێت.

ئەگەر وابێت مارلۆ، لە ساڵی ١٥٩٣دا، نەکوژراوە. کوژراوەکە، مارلۆ نەبووە و ئەو تەرمەی کە لە گۆڕە بێ کێلەکەدا نێژراوە، هی ئەو نەبووە.

کەوابێت دوور نییە بەرێککەوت، لەو کاتەدا، کوژراوێکی نەناسراویان دۆزیبووبێتەوە و لە باتی مارلۆ، ئەویان ناشتبووبێت. بۆ ئەوەی خۆی، مارلۆ، بتوانێت رابکات و لە سووتاندن رزگاری ببێت.

ڕووداوی ئاوا، لە مێژوودا، زۆرجار ڕووی داوە. زۆربەی گومانکەرەکان، لەم باوەڕەدان. چونکە بەڵگە زۆرە کە کریستۆفەر مارلۆ و ئەو سێ هاوڕێیەی کە لە بارەکەدا لەگەڵیدا بوون، هەموویان لەو کاتەدا، ئیشیان بۆ ئاسایش کردووە، بەسەرۆکایەتیی "فرانسیس ولسنگهام". فرانسیس ولسنگهام، جگە لەوەی کە سەرۆک و دامەزرێنەری ئەوسای ئاسایش بووە، پایەی لەلای بانووشا ئەلیزابێثەوە، زۆر باڵا بووە؛ وەکو سەرۆک وەزیران وا بووە.

تۆماس ولسنگهام، کە خزمێکی نزیکی فراسیس ولسنگهام بووە و دۆستێکی زۆر نزیکی مارلۆ بووە. لەبەر ئەوە، بۆ تۆماس، بۆ ئەوەی کریستۆفەری دۆستی لە مردن رزگار بکات، گران نەبووە کە ڕووداوێکی ئاوا رێک بخات و بەدزییەوە دۆستەکەی خۆی بنێرێت بۆ ئیتاڵیا و لەوێ خۆی بشارێتەوە و شانۆگەری بنووسێت و بیانێرێت بۆ شێکسپیر. لە پێش مردنی مارلۆ، تا ساڵی ١٥٩٣، شێکسپیر، هیچی ئەوەندە گرینگ نەنووسیبوو جگە لە

– ڤینۆس و ئەدۆنیس "Venus and Adonis"

– ئەو زۆرداریيەی کە لە نامووسی لوکرێشیا کرا "The rape of Lucrece"

هەموو شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی تری، دوای مردنی مارلۆ نووسیوێتی.

ئەوەی زانابێت لە ئەدەبدا، دەزانێت کە شێکسپیر، لە نووسینەکانیدا، زۆر لاسایی مارلۆ دەکاتەوە. لەوە دەچێت خۆی پێی خۆش بووبێت کە خەڵکی ئەوە بزانن؛ زۆرجار چەند دێرێک لە شیعرە بەناوبانگەکانی "مارلۆ"ی خستووەتە ناو شانۆگەرییەکانی خۆی.

تا ئێستا هەندێک هونەرمەند و زانای ناسراو هەن، کە گومان لەوە دەکەن کە شانۆگەرییەکانی شێکسپیر، شێکسپیر خۆی نووسیونی.

بەریتانیا – ٢٦ی کانوونی دووەم ٢٠١١

پەراوێزەکان:

(١) خوێندنگە؛ مەکتەب، قوتابخانە.

(٢) بەشی زۆری ئەم زانیارییانەم لە ئێسکلۆپێدیای بەریتانییەوە وەرگرتووە.

(٣) ئۆڤید (Publius Ovidius 43BC-17AD)؛ یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی رۆمانییەکان، لە

بابەتی ڤێرجل (Virgil 70-19 BC) و هۆرێس (Horace 65-8 BC). لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا، گوایە لەسەر ئەو شیعرە. شەهوانییانەی کە دەینووسی، بەفەرمانی کەیسەری رۆما، ئۆگەستەس، نەفی کراوە بۆ شاری تۆمیس، کە ئێستا ناوی "کۆنستانزا"یە و پایەتەختی "رۆمانیا"یە. ئیتر هەر لەوێشدا لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا، دەمرێت و لە گوندێکدا، نزیکی کۆنستانزا، دەنێژرێت. زۆر لە دواییدا، ساڵی ١٩٣٠، گوندەکە بەناوی ئەوەوە ناودەنێن "ئۆڤیدیو "Ovidiu.

(٤) لووکان (Marcus Lucanus 39-65 AD)؛ شاعیرێکی بەناوبانگی رۆمانییە. مامەکەی "سێنێکا -Seneca 4 65 AD" پەروەردەی کردووە. سێنێکا، رامیار و نووسەر و فەیلەسووفێکی زۆر بەناوبانگ بووە و ئێستاش بەناوبانگە. لووکان و نیرۆن، جگە لەوەی بگرە لە یەک تەمەندا بوون، هەردووکیان زۆر حەزیان لە شیعر و رۆشنبیری دەکرد؛ لووکان، هەر لە منداڵییەوە، شاعیرێکی مەزنی ناسراو بووە و "نیرۆن"یش شیعری نووسیوە. لەبەر ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، زۆر دۆستی یەکتری بوون. لە دواییدا، کە نیرۆن دەبێت بەکەیسەرێکی ستەمکار، ژمارەیەک لە خانەدانەکانی ڕۆما، لە نێوان خۆیاندا رێک دەکەون کە بەهەرچ جۆرێک بێت، دەبێت رۆما، لە نیرۆن رزگار بکەن. لووکان و "سێنێکا"ی مامی، لەو خانەدانانە دەبن. نیرۆن، کە پێی دەزانێت، هەموویان لە خاچ دەدات. بەڵام چونکە سێنێکا، مامۆستای دەبێت و لووکانی کوڕەزای، دۆستی دەبێت، ڕێگەیان دەداتێ کە بەدەستی خۆیان، خۆیان بکوژن. ئەوانیش، بۆ ئەوەی بەبێ ئازار بمرن، دەماری خوێنی قاچەکانی خۆیان دەبڕن و بەو جۆرە دەمرن. لەو کاتەدا، لووکان، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەبێت. هەرکە دەمارەکانی خۆی دەبڕێت، دەست دەکات بەخوێندنەوەی شیعرێکی خۆی. ئەو شیعرەی لە زمانی سەربازێکەوە نووسیبووی، کە لە شەڕەکەی فەرسالیا بریندار دەبێت و بەخوێن لێهاتن دەمرێت. ئیتر هەر ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە هەتاکو خۆشی، وەکو ئەو دەمرێت.

(٥) هۆنراوەی بەرەڵا؛ پەخشانی هونەری یاخۆ شیعری حوڕ.

* چیرۆکی دیدۆ و چیرۆکی هێرۆ و لێندەر، دوانن لە پاشکۆکانی "رۆمیۆ و جولیەت"، وەرگێڕانی سەلاح بابان، لەلایەن "دەزگای ئاراس"ەوە بڵاو کراونەتەوە.

(٦) دوای گرتنی مارلۆ، "کید"ی هەژار، بێ دۆست و هاوڕێ و بێ کار دەمێنێتەوە. تووشی پەستی و دڵتەنگییەکی زۆر دەبێت و لە دوای ساڵێک، لە ١٥٩٤دا، بەوامداری، بەتەنیا و برسێتییەوە دەمرێت.

(٧) پلینی، ئۆڤید، سێنێکا، هۆمیرۆس، پلووتارخ:

– پلینی (Pliny) (Gaius Plinius 62-113) : نووسەرێکی بەناوبەنگی رۆمانییە. هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە تراجیدی نووسیوە.

– ئۆڤید (Publius Ovidius Naso 43BC-43AD) (Ovid) : شاعیرێکی رۆمانییە، تراجیدی (میدیا) یەکێکە لە بەناوبانگەکانی.

– سێنێکا (Seneca) (Lucius Annaeus 4BC-65AD) : لە پەڕاوێزێکدا، لە سەرەوە باسی کراوە.

– هۆمیرۆس (Homer) : شاعیرێکی یۆنانیی زۆر کۆنە لە سەدەی هەشتەمی پ ز. ژیاوە. لە

نووسـینەکانی دوو مـەلحـەمـەی بەناوبانگ هـەیە: یەکێکیـان (ئیلیـادە Iliad )یە، باسـی کـەوتنی شـاری تەروادە دەکات، ئەوەکەی تریان (ئۆدیسا (Odysseus)یە.

– پلووتارخ (Plutarch 46-120) : مێژوونووس و فەیلەسووفێکی یۆنانییە.

(٨) لە دواییدا، لە شـانۆگـەری "شـا لیـیـەر"دا، کە لیـیـەر مـەملەکەتەکـەی خـۆی دەدۆڕێنێت و هیـچی بۆ نامێنێتەوە، شێکسپیر، لە زمانی ئەوەوە، خەفەتی دڵی باوکی خۆی دەردەبڕێت.

(٩) باری منداڵیی شێکسپیر، زۆر لە هیی "چارڵێرس دیکێنس Charles Dickens" دەچێت؛ ئەویش لە تەمەنی دوازدە سـاڵیدا، باوکی نابووت دەبێت و وامـدار دەمـێنێتـەوە. بەهۆی ئەوەوە، بۆ سـاڵێکیش دەخـرێتـە گرتیگەوە. ئەو بارە دایکی ناچار دەکات کە کوڕەکەی بنێرێت لە کارگەیەکی دروستکردنی بۆیاغی پێڵاو کار بکات. لەوێدا، یەکێک لە وەستاکانی ناوی " بۆب فێگن Bob Fagin" دەبێت. لە دواییدا، ئەو ناوە، لە چیرۆکی "ئۆڵیڤەر تویست Oliver Twist"دا بەکار دەهێنێت.

(١٠) ئەو؛ مەبەستی لە پەژارەیە.

(١١) ئەو؛ مەبەستی لە ڕۆڵەکەی خۆیەتی.

(١٢) تارکوین، کوڕی حـەوتەمین شـای ڕۆمـا دەبێت، لە سـەدەی شـەشـەمی پێش لەدایکبوونی مـەسـیـحـدا، شـەوێک بەدزییەوە دەڕوات بۆ ژووری نووستنی لوکرێشیـا ("لوکریس"یشی پێ دەڵێن)، ژنی ئامۆزاکەی خۆی و دەستدرێژی لە ناموسی دەکات. لوکرێشیا، پێش ئەوەی، لە داخا خۆی بکوژێت، بەمێردەکەی و بەباوکی خۆی دەڵێت. ئەم ڕووداوە شـەڕێکی گـەورە دەنێتـەوە لە نێـوان ئەندامـانی بنەمـاڵەی شـادا. گەلەکە، سوود لەو ئاژاوەیە وەردەگرێت و ڕادەپەڕێت لە دژی ڕێژیمی شا. شا، ڕادەکات. ئیتر گەلەکە، خـۆی پەرلەمـانێک هەڵدەبژێرێت حـوکـمی وڵاتەکـە بکات. ئیـتـر بەم جـۆرە، ئەو ڕووداوە دەبێت بەهۆی دامەزراندنی یەکەم ڕێژیمی کۆماری لە ڕۆمادا.

(١٣) لەو کاتەی کە شانۆکانی لەندەن داخرابوون، ساڵی ١٥٩٣ ماڵۆ دەکوژرێت.

(١٤) مارک توەین (Mark Twain 1835-1910) نووسەرێکی بەناوبانگی ئەمەریکاییە.

– چارلی چاپلن (Charlie Chaplin 1889-1977) ئەکتەرێکی کۆمێدیایی ئەمەریکاییە.

– وێڵز (Wells 1866-1946 .G.) نووسەرێکی ئینگلیزییە.

– فرۆید (Sigmund Freud 1858-1939) پزیشکێکی دەروونزانی زۆر بەناوبانگی نەمساوییە.

(١٥) فرانسیس بێکۆن(Francis Bacon 1561-1626) ڕامیار و فەیلەسووف و مێژوونووسێکی زۆر بەناوبانگی ئینگلیـزییە. بەتەمـەن سـێ سـاڵ لە شـێکسـپـیـر و مـارڵۆ گـەورەترە. لە بنەمـاڵـەیەکی خـانەدان بووە و پێوەندییەکی نزیکی هەبووە لەگەڵ بنەماڵەی بانووشا "ئەلزابێث"ی یەکەم و "جێمس"ی یەکەمەوە.

# نامەیەک
# لەبارەی لێبووردەیییەوە

جۆن لۆک

ئەی پیاوە خانەدانەکە[١]، پرسیارت لێ کردووم، ئاخۆ بۆچوونم چییە لەبارەی لێبووردەییی بەرانبەرێنیی (التسامح المتبادل) نێوان مەسیحیگەل، منیش بەکورتی وەڵام دەدەمەوە، وا دیارە ئەوە پێوەری بەرزی کڵێسای ڕاستەقینەیە. خەڵکێک دەتوانن شانازی بەدێرینی شوێنەکان و نازناوگەل و شکۆمەندیی خواپەرستییەکانەوە بکەن، هێندێکی تر بۆیان هەیە خۆ بەچاکی سیستەمەکەیانەوە بابدەن، هەمووانیش بۆیان هەیە بە ڕاست و دروستیی بیروباوەڕیان خۆشحاڵ بن (چونکە هەرکەسە و بیروباوەڕی خۆی بەڕاست و دروست دەزانێ)، تێکڕای ئەم پرسانە و پرسگەلی تری لەم جۆرە، ڕاستت دەوێ، بەڵگەن لەسەر خەباتی خەڵک لە پێناو هێز و دەسەڵاتدا، بەر لەوەی نیشانەگەلێک بن سەبارەت بەکڵێسای مەسیح. ئەوەی خاوەنی ئەمانە بێ، پێویستی بەخۆشەویستی و ڕەحمەت و چاکەی خەڵک بەگشتی، نابێ، مرۆڤێکە، دوورە لە دانان بەبیروباوەڕی مەسیحیدا، بگرە هەر مەسیحی نییە: "پاشاگەلی میللەتان سەرداریان دەبن، وەلێ ئەوە کاری بەسەر ئێوەوە نییە" (ئینجیلی لۆقا، ئیسحاحی ٢٢، دەستەواژەی ٢٥). فریادڕەس وا بەقوتابییەکانی (حوارییە) دەڵێ. وەلێ ئاینی ڕاست، شتێکی ترە: ئاین، بۆ خۆهەڵکێشانی ڕواڵەتی نییە، بۆ باڵادەستیی ئیکلرۆس و توندوتیژی نییە، ئاین، بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵکە بەپێی چاکە و خواناسی. ئەوەی گەرەکێتی بچێتە ژێر بەیداخی مەسیحەوە، دەبێ دەستبەرداری خراپییەکانی، خۆبەزلزانین و حەزەکانی ببێ؛ ئەگەرنا، بەبێ ژیانێکی بێگەرد، ئاکاری پاک، بەزەیی و نەفسناسکی، بێهوودەیە مرۆڤ هەر ناوی مەسیح بڵێتەوە. "تۆ ئەی ئەو کەسەی ڕێگەی ڕاستت گرتووە، پێویستە هانی براکانیشت بدەی بۆ ڕێگەی ڕاست" سەروەر وای بەپوترس گوت (لۆقا ٢٢:

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

٣٢). ئەوەی نەتوانێ خۆی ڕزگار بکات، زەحمەتە بتوانێ باوەڕ بەخەڵکی بێنێ کە زۆر بەتەنگ ڕزگارکردنیانەوەیە. کەس ناکارێ دڵسۆزانە و بەهەموو توانایەوە بکۆشێ تا خەڵک بکاتە مەسیحی، ئەگەر مەسیحیبوون لە ناخی خۆیدا نەچەسپیبێ. کەواتە، گەر بمانەوێ بڕوا بە ئینجیل و قوتابییەکانی مەسیح بکەین، کەس ناتوانێ بەبێ خۆشەویستی، بڵێ مەسیحیم، هەروەها بەبێ ئەو بیروباوەڕەی بە"خۆشەویستی" کار دەکات نەک بە"هێز"[٢].

ئێستە، من هاواری ویژدانی چەوسێنەران، دارکاریکەران و تاڵانچییان و هەموو ئەوانە دەکەم کە بەناوی ئاینەوە خەڵک سەردەبڕن، پێم بڵێن ئاخۆ ئەوەی دەیکەن لە سۆنگەی خۆشەویستی و چاکەوەیە؟! بڕوایان پێ دەکەم، گەر ببینم، ئەو دەمارگیرە سەرگەرمانە، بەهەمان شێواز، برادەر و ناسیاوەکانی خۆشیان سزا دەدەن کاتێک بەرانبەر ڕێنوێنییەکانی ئینجیل هەڵە دەکەن، ئەگەر بیانبینم بەئاگر و ئاسن لە دووی برا خراپەکارەکانیانن، گەر پێشیان بڵێی، ئەوە و خۆشەویستی دەردەبڕن و دەڵێن ئێمە دەمانەوێ بەو ئازار و دارکارییە، نەفسەکان ڕزگار بکەین.

گەر وەک دەڵێن، بەهۆی خۆشەویستی و چاکەوە ماڵەکانیان بەتاڵان دەبەن، لاشەکانیان دەشێوێنن، زیندان و برسێتییان بەسەردا دەسەپێنن، بەناوی باوەڕداری و ڕزگاربوونیان لەو دنیا، لەم دنیا، لەنێویان دەبەن، ئەدی بۆچی لەنێویاندا "زینا، فێڵبازی، دڵپیسی و هەموو ئەو پرسانەی شایستەی کافرانن، بەربڵاوە، وەک پەیامبەر دەڵێ (پۆڵس لە نامەکەیدا بۆ خەڵکی ڕۆما، ژمارە ١)؟"

باشە، ئەم پرسانە و هاوشێوەکانیان، زۆرتر دژبەر نین لەگەڵ نەمریی خوا، بێگەردیی کڵێسا و ڕزگاربوونی نەفسگەلدا، وەک لە هەر بیروباوەڕێکی تر کە لەگەڵ بڕیارەکانی کڵێسا یان جێبەجێنەکردنی هەر پەرستنێکی تردا نایەتەوە؟ ئەم هەموو سەرگەرمییە لە پێناو خوا، کڵێسا و ڕزگاربوونی نەفسگەلدا بۆچی، ئەم هەموو غیرەتە ڕاستەقینەیە چییە کە دەگاتە ئەوەی خەڵک بەزیندوویەتی بسووتێنرێ؟ بۆچی ئەو سەرگەرمییە سزای خراپە و گەندەڵی و داوێنپیسی نادات کە بەشایەتی هەمووان ئەو شتانە بەتەواوی دژی بیروباوەڕی مەسیحین؟ بۆچی هیچ گرینگی بەم پرسانە نادرێ، کەچی بەهەموو توانایەکەوە، هەر خەریکی دنەدانن، سزای ئەوانە بدرێ کە جیاوازییەکانیان پێوەندیی بەپرسگەلێکی وردی ئەوتۆوە هەیە کە خەڵکە ڕەشۆکییەکە هەر تێیان ناگەن، یان پێوەندیی بەپێڕەوکردنی هێندێک ڕێوڕەسمەوە هەیە؟ باشە، کام لەو دوو بەرەیەی سەبارەت بەو پرسگەلە، مشتومڕیانە، لەسەر هەقن، کامیان سەرقاڵی هەرتووقییەت و لاملێن – ئەو وەڵامە نازانین تا ئەو ڕۆژەی بڕیار لە ناکۆکیی نێوانیان دەدرێ. ئەو کەسەی دوای یەسووعی مەسیح بکەوێ، باوەڕی بەبانگەکەی هەبێ و مەشخەڵی ئەو بەرز بکاتەوە، هەرتووقی نییە، تەنانەت گەر واز لە باوک و دایکی، ڕێوڕەسمەکانی وڵاتەکەی، ژیانی گشتی و نێو کۆمەڵگەش، بێنێ.

سەرەڕای ئەوەی ناگردیی نێوان کۆمەڵەکان، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ڕزگاربوونی نەفسەکاندا، وەلێ "زینا، خراپە، پیسی، هەوەسبازی و بتپەرستی و هاوشێوەکانیان"، کردارگەلێکی جەستەیین، پەیامبەر پۆڵس لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئەو کەسەی ئەو کردارانە ئەنجام بدات، لە خێروبێری خوا

بێبەرییە" (نامەیەک بۆ خەڵکی گلاتییە ٥:١٩ – ٢١). بۆیە ئەوەی بەدڵسۆزییەوە بۆ دەستکەوتنی خێروبێری خوا دەکۆشێ، لەو بڕوایەشدایە ئەرکێتی بکۆشێ و بپارێتەوە، نابێ کەمتر لەو تێکۆشانەی تەماشای هەوڵی بنبڕکردنی ئەو کارە خراپانە بدات و لە پێشتری بزانێ، وەک لە هەوڵی نەهێشتنی کۆمەڵە ئایینییە جیاوازەکان. بەڵام گەر پێچەوانەی ئەمە کاری کرد، هاوکات بەهەمان دڵڕەقی و دژایەتی مایەوە بەرانبەر ئەوانەی لە بیروباوەڕدا لێی جیاوازن و چاوی پۆشی لەو هەموو کردارە خراپە کە شایستەی یەکێک نین بڵێ مەسیحیم، با بەردەوام ناوی کڵێساشی لەسەر دەم بێ، ئەوە دەیسەلمێنی هاوار بۆ کەسێکی تر دەکات نەک بۆ گەورەییی خوا.

ئەوەی بەلامەوە سەیرە و تووشی شۆکم دەکات و خەڵکی تریش تووشی شۆک دەکات، ئەوەیە؛ کەسێک گوایە زۆر مەبەستێتی نەفسێک ڕزگار بکات، بەبیانووی گێڕانەوەی بۆ سەر ڕێی ڕاست، ئازاری دەدا یان ناچاری دەکات بیروباوەڕی بگۆڕێ. هەرگیز کەس باوەڕ ناکات، سەرچاوەی هەڵوێستێکی ئەوها، خۆشەویستی و چاکە بێ. گەر یەکێک مەزەندەی کرد کە پێویستە خەڵک، بەشمشێر و ئاگر، هێندێک بیروباوەڕ وەربگرن و ناچار بکرێن خواپەرستییەکی جیاواز لەوەی خۆیان باوەڕیان پێیەتی، ئەنجام بدەن، یان پێی وابێ دەتوانێ بیروباوەڕی هەرتووقییەکان بگۆڕێ و ناچاریان بکات بچنە سەر بیروباوەڕێک کە باوەڕیان پێی نییە، دەتوانێ ئەو کردارانە بکات کە ئینجیل ڕێگەی بەهیچ مەسیحییەک نەداوە ئەنجامیان بدات، هیچ باوەڕدارێکیش لە خۆی قبووڵ ناکات، هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەو پیاوە دەیەوێ زۆرترین خەڵک لە دەوری خۆی گرد بکاتەوە کە بیروباوەڕیان وەک ئەو بێ. ئەم کارانە بکات و مەبەستیشی بێ کڵێساکەی مەسیحی بێ، ئەوە کێیە بڕوا بە شتی وا بکات؟ بۆیە هیچ سەیر نییە خەڵکێک – هەرچی بڵێن – لە پێناو پێشکەوتنی ئاینی ڕاستەقینە و کڵێسای مەسیحیدا، خەبات ناکەن، بگرە چەککگەلێک بەکار دێنن کە زۆر دوورە لە سەربازەیلی مەسیحییان. ئەگەر ئەوان، وەک سەرکردە ڕزگارکارەکەمان، بەڕاستی گەرەکیانە نەفسگەل ڕزگار بن، دەبێ شوێنپێی ئەو هەڵگرن و چاو لەو نموونە کاملە بکەن کە شازادەی ئاشتی دایڕشتووە و کەسە نێزیکەکانی دەوروبەریشی ناردووە تا میللەتان ناچار بکەن و لە دەوری کڵێسایان گرد بکەنەوە، بێ هەڵگرتنی شمشێر و بەکاربردنی هێز، بەڵکە بەئینجیل، بەنامەی ئاشتی، بەرەفتاری جوان. خۆ ئەگەر وا پێویستی بکردایە، کافران بەزەبری چەک بهێنرێنە ژێر بار، ئەگەر بویسترایە کوێر و لاملەکان لە سەرلێشێواوی، بەسەربازەیلی چەکدار بگەڕێنرێنەوە، خۆ ئاسانتر بوو، ئەو کارە، سەربازەیلی ئاسمان جێبەجێی بکەن، لە هەموو پارێزەرێکی کڵێساش باشتریان جێبەجێ دەکرد، چەندی بەهێزیش بێ.

لێبووردەیی لە نێوان ئەو کەسانەی بیروباوەڕی ئاینییان جیاوازە، پرسێکە؛ ئینجیل و عەقڵ لێی ڕازی دەبن، بگرە شتێکی سەیرە بەلای خەڵکەوە، مرۆڤ لەم ڕۆژە ڕووناکەدا، چاوی نەبینێ. لۆمەی لووتبەرزی و چاولێبوونی هێندێک ناکەم، لۆمەی سەرگەرمی زبر و خراپ و هەڵچوونی خەڵکێکیش ناکەم. ئاخر ئەوانە، هەڵەگەلێکن لەوانەیە لە کاروباری مرۆڤایەتیدا، ڕیشەکێش نەکرێن. بەڵام

کەسێکیش نییە حەز بکات بەو خەسڵەتانە بناسرێ، کەسیش نییە ئەو هەڵانە، سەری لێ نەشێوێن و هەوڵ نەدا لە ڕێی شاردنەوە و ڕەنگکردنەوەی و ناولێنانێکی ترەوە، بەچاکە باسی نەکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ڕێزگرتنی دەوڵەت و یاساگەل نەکاتە بیانووی چەوساندنەوە و دڵڕەقییەکی پێچەوانەی مەسیحییەت، – بەپێچەوانەشەوە، بۆ ئەوەی، هێندێک کەس، بەناوی ئاینەوە، هەوڵی قووتاربوون لە سزای تاوانکارییەکانیان نەدەن، – لە پێناو ئەوەی کەس، هیچ شتێک، بەسەر خۆی و کەسی تردا، نەسەپێنێ، بەناوی ئەوەی گوایە دڵسۆزی شازادەیە، یان بەناوی ئەوەی باوەڕدارێکی ڕاستگۆیە. – دەڵێم، لە پێناو هەموو ئەمانەدا، پێویستە کاروبارە ئاینییەکان لە کاروبارە مەدەنییەکان جیا بکەینەوە. سنووری ورد لە نێوان کڵێسا و دەوڵەت دابنێین، گەر نا، بەهیچ شێوەیەک ناکۆکیگەلی نێوان ئەوانەی بەڕاستی بەتەنگ ڕزگارکردنی نەفسگەل و ڕزگارکردنی دەوڵەتەوەن لەگەڵ ئەوانەی هەر بەدەمی دەڵێن گوایە بەتەنگ نەفسگەلەوەن و لە خەمی دەوڵەتدان، چارەسەر نابێ.

## سنووری دەسەڵاتی فەرمانڕەوای مەدەنی

پێم وایە، دەوڵەت، کۆمەڵە خەڵکێکن لە پێناو تەنیا ئامانجێکدا کە بریتییە لە پاراستنی خێروبێرە مەدەنییەکانیان، گرد بوونەتەوە. مەبەستم لە "خێروبێرە مەدەنییەکان": ژیان، ئازادی، پاراستنی جەستە و دوورگرتنی لە ئازار، دەستخستنی ماڵی دەرەکی، وەک: خاک، پارە، ماڵ،... هتد.

ئەرکی فەرمانڕەوای مەدەنییە، – لە ڕێی یاساگەلێکەوە کە بەیەکسانی بەسەر هەمووواندا جێبەجێ بکرێ – سەروماڵی تێکڕای گەل، یەکە یەکەیان، بەباشترین شێوە بپارێزێ و دەستخستنی ژێرخانی ژیانیان بۆ دابین بکات. خۆ ئەگەر کەسێک ویستی ئەو یاسایانە بەشێوەیەکی ناڕەوا ببەزێنێ، دەبێ ئەو بوێرییەی سەرکوت بکرێ لە ڕێی ترس و سزادانەوە. سزاش بریتییە لە بێبەریکردنی لە هەموو یان بەشێک لەو خێروبێرەی مافی خۆی بوو، بگرە ئەرکی بوو، ئەگەر وای نەکردایە. بەڵام چونکە کەس بەویستی خۆی ڕازی نابێ لە بەشێکی ئەو خێروبێرە بێبەش بکرێ، یان ڕاستتر بڵێین لە ژیان و ئازادی، بۆیە دادگەکان، لە پێناو سزادانی ئەوانەی مافی خەڵکی تر پێشێل دەکەن، چەکدار دەکرێن بە هێزێک کە بریتییە لە کۆی هێزی هەموو تاکەکان.

پێم وایە، هەموو ئەوەی دواتر باسی دەکەین، دەیسەلمێنێ، کە هەموو ئیشی فەرمانڕەوا، تەنیا بریتییە لە پاراستنی ئەو خێروبێرە مەدەنییانەیە. مافەیل و دەسەڵاتی فەرمانڕەوای مەدەنی، تەنیا پاراستنی ئەو خێروبێرە و هەوڵی پەرەپێدانێتی، نابێ لە هیچ بارێکدا، خۆی لە دارەتی کاروباری نەفسەکان بدات[٣].

یەکەم: چونکە نە فەرمانڕەوای مەدەنی و نە هیچ کەسێکی تر، پارێزگاریی نەفسگەلیان پێ نەسپێردراوە، خوای پێی نەسپاردوون، چونکە تا ئێستە نەمانبیستووە خوا ئەو دەسەڵاتەی بەکەسێک دابێ، نەبادا خەڵکانی تر ناچار بکات بچنە سەر ئاینەکەی ئەو. دیسان، نابێ

خەڵکەکەش ئەو دەسەڵاتەیان بەفەرمانڕەوا دابێ، چونکە کەس نییە دەستبەرداری تایبەتمەندیی ژیانی خۆی ببێ و بەناچاری چووبێتە سەر ئاینێک کە یەکێکی تر بەسەریدا سەپاندووە، با ئەو یەکە، شازادە بێ یان کەسێکی ئاسایی[٤]. ئاخر، هیچ کەسێک ناتوانێ، تەنانەت گەر مەبەستیشی بێ، باوەڕ بێنێ بە ئاین یان مەزەبێکی بەزۆر سەپێنراو. باوەڕهێنانە، هێز و کاریگەرییی دەداتە ئەو ئاینە ڕاستەقینەیەی مایەی ڕزگاربوونە؛ چونکە ئەوەی دەیسەلمێنی هەرچییەک بێ، چەندی خۆت وا پێشان بدەی ئەو جۆرە پەرستنانەی ئەو جێبەجێ دەکەی، هەرگیز لە ناخی دڵتەوە بڕوا ناکەی کە ئەوەی دەیکەی، ڕەوایە و خوا لێت ڕازییە، ئەمەش، دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم ڕزگاربوونتدا و باشیش نییە مرۆڤ بیخاتە ئەستۆی خۆی. ئاخر تۆ، بەو شێوازە، لە جیاتی ئەوەی بەئایینداری، گوناهەکانی ترت بسڕیتەوە، بەجۆرێک خوا دەپەرستی، سوور دەزانی لێت ڕازی نابێ، بەمەش، دوو خەتا دەخەیتە سەر گوناهەکانت؛ دووڕوویی و کەمسەرنجدانی گەورەییی خوا.

دووەم: چاودێریکردنی نەفسگەل نابێ لە چوارچێوەی کارەکانی فەرمانڕەوای مەدەنیدا بێ، چونکە هەموو دەسەڵاتێک زۆرەملێیەکی تێدایە، بەڵام ئاینی ڕاستەقینە و ڕزگارکار، بریتییە لە بیروباوەڕی ناخی نەفس، کە بەبێ ئەو، هیچ شتێک لای خوا نرخی نییە؛ ئاخر هەر سروشتی عەقڵی مرۆڤ وایە، هەرگیز ناتوانرێ بەهیچ هێزێکی دەرەکی، ناچار بکرێ. دەتوانی گەر بتەوێ دەست بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکدا بگری، دەتوانی جەستەی زیندانی بکەی و دارکاریشی بکەی، بەڵام گەر بتەوێ لە ڕێی ئەو سزایانەوە حوکمدانی عەقڵی لەسەر شتگەل بگۆڕی، دەستبەتاڵ دەردەچی.

بەڵام لەوەیە بڵێی: ڕەنگە فەرمانڕەوا پەنا بۆ پاساوگەل ببات، بەمەش هەرتووقیگەل ڕادەکێشێ بۆ ڕێگەی ڕاست، ڕزگاریان دەکات. دەبا وابێ! بەڵام لەم پرسەدا، فەرمانڕەوا، وەک خەڵکانی تر وایە. بەفێرکردن، بەپێگەیاندن و ڕاستکردنەوەی هەڵە بەهۆی پاساوگەلەوە، فەرمانڕەوا ئەوە دەکات کە پێویستە هەمووان بیکەن؛ فەرمانڕەوا، ناچار نییە دەستبەرداری مرۆڤێتی و مەسیحییەتی خۆی ببێ. بەڵام خەڵک وا لێ بکەی بڕوا بکەن شتێکە و فەرمان بدەی شتێکی ترە، گەر بەپاساو خەڵک ناچار بکەی شتێکە و بەفەرمان ناچاریان بکەی، شتێکی ترە. ئەمەی دواییان، ئیشی دەسەڵاتی مەدەنییە، بەڵام یەکەمیان ئیرادەی چاک دەیکات. مافی هەموو کەسێکە خەڵک وریا بکاتەوە، ڕێنوێنییان بکات، هەڵەکان ئاشکرا بکات و بەپاساوگەل، هەوڵ بدات خەڵک بڕوا بەبیروباوەڕەکانی بکەن، بەڵام ئەوە ئیشی فەرمانڕەوایە، فەرمانگەل دەربکات و بەنووکی شمشێر خەڵک ناچار بکات. ئەمە، ئەوەیە کە دەمویست بیڵێم: دەسەڵاتی مەدەنی بۆی نییە، بنەماکانی بیروباوەڕهێنان بەهۆی یاساگەلی مەدەنییەوە بسەپێنێ، جا بابەتەکە پێوەندیی بەبیروباوەڕگەلەوە هەبێ یان بەشێوازەکانی خواپەرستی. هێزی یاساگەل، بەبێ سزادان، ون دەبێ، ئەگەر سزاگەلیش بڕیاریان لێ درا، بێهوودەیە و مەگەر چۆن، دەنا بەدەگمەن نەبێ، بڕوا بەکەس ناهێنن. خۆ ئەگەر کەسێک ویستی، بۆ خۆڕزگارکردن، باوەڕ بەئاینێک بێنێ یان دابێک جێبەجێ بکات، دەبێ لە ناخەوە بڕوای

وابێ کە بیروباوەڕەکەی ڕاستە، ئەو پەرستنانەش لای خوا قبووڵن و لێشیان ڕازییە، هیچ سزایەک ناتوانێ بڕواپێکردنێکی لەو جۆرە بدەنە مرۆڤ. گۆڕینی هەستی نەفسێک، پێویستی بەڕووناکاییەکە، سزادانی جەستە ناتوانێ ئەوە بکات.

سێیەم: چاودێریی ڕزگاربوونی نەفسگەل، نابێ ئیشی فەرمانڕەوای مەدەنی بێ، چونکە وا گوتمان دەسەڵاتی یاساگەل و هێزی سزاگەل، دەتوانن نەفسەکان بگۆڕن، لە ڕزگاربوونیاندا سوودی نییە. ئاخر مادامەکی ئاینی ڕاستەقینە، ئاینێکە، مادامەکی ئەو ڕێگەیەی دەگاتە مەنزڵگەی شادی، ڕێگەیەکە، کەواتە چ ئومێدێک هەیە زۆرترین ژمارەی خەڵک بیگەنێ، تەنانەت ئەگەر هەموو مردووانیشمان خستە بارێکەوە هەریەکەیان بتوانن بڕیارگەلی عەقڵ و ویژدانی خۆشیان وەلانێن و کوێرانە دوای بیروباوەڕی شازادەکەیان بکەون و بەگوێرەی یاساگەلی نیشتمانەکەیان خوا بپەرستن؟ بۆچوونە ئاینییەکانی شازادەگەل، بەجۆرێک فرە و لێکتر جیاوازن، هیچ چار نییە، دەبێ ڕێگە و دەرگەی بەهەشت، تەسک بن و بۆ کۆمەڵێک خەڵکی گەلێک کەمی دانیشتوانی هەرێمێک کراوە بن؛ دەبێ خۆشگوزەرانیی هەتاهەتایی و سزای هەتاهەتایی، بەگوێرەی ڕێکەوتی ڕۆژی زاین بێ، ئەمەش تا بڵێی ناماقووڵە و هەرگیز لە خوا ناوەشێتەوە.

تەنیا ئەو هۆکارانە، هۆکارگەلێکی تریش کە دەکرێ لەو ڕووەوە باس بکرێن، پێم وایە بەسە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو سەرئەنجامەی؛ هەموو دەسەڵاتی دەوڵەت، پێوەستە تەنیا بەخێروبێرە مەدەنییەکانەوە، تایبەتە بەبەڕێوەبردنی تەنیا کاروباری دنیایی و مافی ئەوەی نییە، خۆی لە دارەتی هیچ شتێک بدات کە پێوەست بێ بەودنیاوە (ئاخیرەت).

## کڵێسا و سنووری دەسەڵاتی

دەبا ئێستە بزانین کڵێسا چییە. پێم وایە، کڵێسا، کۆمەڵەیەکی ئازادی خەڵکێکە کە بەویست و ئیرادەی خۆیان گرد بوونەتەوە لە پێناو پەرستنی خوادا بەو شێوازەی پێیان وایە کە خوا لێیان وەردەگرێ و ڕزگاربوونیشیان مسۆگەر دەکات.

دەڵێم: "کۆمەڵەیەکی خاوەن ئیرادە"، چونکە هیچ کەس لە سکی دایکییەوە ئەندامی هیچ کڵێسایەک نییە؛ گەر نا، ئەندامێتییەکەی، دروست وەک زەوی، لە باوک و باپیرانیەوە بۆ دەمایەوە، ئەو کاتیش بەبیروباوەڕ قەرداربارى کەسوکارەکەی دەبێ، هیچ شتێکیش لەو بارە ناقۆڵاتر نییە. بەڵکە، دەبێ پرسەکان بەم شێوەیەی دادێ، مەزەندە بکرێن: مرۆڤ، سروشتییانە لە نێوچەوانی نەنووسراوە ئەندامی کڵێسایەک بێ، پابەندی گرووپێکی ئاینی بێ، بگرە ئەو لای خۆیەوە دەچێتە نێو کۆمەڵێکەوە کە لەو باوەڕەدایە لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا پێڕەوی ئاینی ڕاستەقینە دەکات و پەرستنەکانیشی لەلایەن خواوە لێ وەردەگیرێ. تەنیا هۆکارێکیش کە وای لێ دەکات لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا بمێنێتەوە، هەمان هۆکاری چوونە نێو کۆمەڵەکەیە کە بریتییە لە: هۆشیاریی ڕزگاربوون لەو دنیا. خۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵەیەکی لە مەزەبەکەدا بینی، هەستی

بەخوارییەک کرد لە پەرستنەکاندا، دەبێ ئازاد بێ لە دەرچوون لەو کۆمەڵەیە، وەک چۆن لە چوونیدا ئازاد بووە؛ ئاخر هیچ کۆمەڵە و یەککگرتووییەک نییە شیمانەی وازهێنان و لێدوورکەوتنەوەی تێدا نەبێ، مەگەر یەککگرتوویی هەمووان لەبارەی هەوڵی ڕاستەقینە و دڵسۆزانە بۆ ژیانی نەمریی ئەو دنیا. کڵێسا، شوێنی ئەندامگەلێکە بەئارەزووی خۆیان لەو پێناوەدا، گرد بوونەتەوە.

لێرەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەبێ بەشوێن هێزی کڵێسادا بگەڕێین و بزانین لارەملی (خاضع) کامە یاساگەلە.

مادامەکی هەر کۆمەڵەیەک، چەند ئازاد بێ، هۆکاری پێکهاتنەکەشی چەند لاواز بێ، ئەو کۆمەڵەیە، کۆمەڵەی ئەهلی زانست و بایەخداران بێ بەفەلسەفە، یان بازرگانگەلێک بن کە کاسپییەکەیان کۆی کردبێتنەوە، یان کۆمەڵەیەکی دەستبەتاڵ بن و تەنیا بۆ قسەکردن و عەقڵ وەرگرتن، کۆبووبێتنەوە، دەڵێم، مادامەکی هەر کۆمەڵەیەک گەر یاسایەکی نێوەخۆیی نەبێ، یەکسەر هەڵدەوەشێتەوە، کەواتە پێویستە هەموو کۆمەڵەیەک یاسایەکی هەبێ: شوێن و کاتی کۆبوونەوەکانیان دیاری بکات، مەرجەکانی ئەندامبوونی کۆمەڵەکە و لێدەرچوونی دیاری بکات، کارەکان ڕێک بخات و ڕیزبەندییان بکات و کاری لەو جۆرە. وەک باسیشمان کرد، ئەندامبوون تێیدا خۆویستییە، دوورە لە هەموو زەبر و زۆرەملێیەک، بۆیە دارشتنی یاساکانیشی هەر بەدەستی ئەندامانی کۆمەڵەکە خۆیانە یان لانی کەم – ئەڵبەت هەمان مانا دەدات – ئەوانەی کۆمەڵەکە بەئەندامێتییان ڕازی بووە.

بەڵام ڕەنگە بگوترێ، کڵێسایەک نییە بێ قەشەیەک کە دەسەڵاتێکی دەمودەستی لە پەیامبەرانەوە پێ نەدرابێ تا بەڕێوەی ببات.

من یەکەم جار داوا دەکەم ئەو بڕیارەم بۆ ڕوون بکەنەوە کە بەپێی ئەوە، یاسای کڵێسای داناوە. زێدەڕۆیش ناکەم گەر داوا بکەم، لەم پرسە ترسناکەدا، ڕوونکردنەوەکە، بەڕستەگەلێکی ڕوون بنوسرێ. چونکە ڕستە هەیە مانایەکی هەیە کەچی دەکرێ بەمەبەستێکی تر لێک بدرێتەوە، کاتێک مەسیح دەڵێ: "لە هەر کوێیەک دووسێیەک گردبوونەوە، من لەوێم" (ئینجیل مەتتی١٨ : ٥٠)، باشە گەر کۆمەڵەیەک، مەسیحیان لە نێودا بێ، ئیتر چی دەمێنێ بۆ ئەوەی ببێتە کڵێسایەکی ڕاستەقینە. ئەم پرسە بۆ تۆ جێ دێڵم بڕیاری لێ بدەی. ئەوەی لێی دڵنیان، بۆ ڕزگاربوونی ڕاستەقینە هیچ شتێکی تر پێویست نابێ، ئەوەش مەبەستەکەی ئێمە دەپێکێ.

دووەم، تکا دەکەم، سەرنجی ئەوە بدە هەر لە سەرەتاوە، جیاوازی لە نێو ئەوانەدا هەبووە کە دەڵێن فەرمانڕەوایانی کڵێسا، لەلایەن مەسیحەوە، دیاری کراون، ئەو دیاریکردنەش دەبێ لەگەڵ بەردەوامی بەدوای یەکدا هاتنی پەیامبەرێتییدا (التوالی الرسولی)، بەردەوام بێ: وەلێ هەر دەبێ ناکۆکییان، ئازادیی هەڵبژاردنی بۆ خەڵکەکە لێ بکەوێتەوە، بۆیە هەر مرۆڤێک ئازادە بچێتە نێو ئەو کڵێسایەوە کە پێی باشترە.

سێیەم، منیش ڕازیم، تۆ دەتوانی، فەرمانڕەوایەکت هەبێ لەو فەرمانڕەوایانەی بەو زنجیرە بەدوای یەکەدا دیاری دەکرێن، بەو مەرجەی، هاوکات منیش بتوانم، بچمە نێو ئەو کۆمەڵەیەوە کە پێم وایە بەڕاستی ڕزگار دەبم. بەم شێوەیە، ئەو ئازادییە کلێساییەی – تۆ داوای دەکەی – بۆ هەردووکمان باشە، هەردووکمان، فەرمانڕوایەکی دڵخوازی خۆمان دەبێ.

مادامەکی زۆر بەتەنگ کلێساوەی، دەبا ڕێگەم بدرێ بپرسم: بۆ کلێسای ڕاستەقینەی مەسیح وا شیاوتر نییە، مەرجی بەشداریی(٥) لەو پرسانەدا، تەنیا لەواندا، ئەو مەرجانە بن کە گیانی پیرۆز بەڕوونی و بەوشەگەلێکی ڕاشکاوانە لە کتێبی پیرۆزدا وەک مەرجی ڕزگاربوون، باسیان دەکات؛ دیسان دەپرسم: ئەمە باشتر نییە لەوەی خەڵکانێک داهێنان و لێکدانەوەکانی خۆیان بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنن، وەک ئەوەی لای خواوە هاتبن و بڕیاریش لە یاساکانی کلێسا بدەن – وەک ئەوەی بەڕەهایی بۆ بیروباوەڕی مەسیحی زەروور بن، بەمەرجێ لە نێو گوتەکانی خوادا نین، یان لانی کەم فەرمانی پێ نەکردوون بەڕاشکاوانە –؟ ئەوەی بۆ چوونە نێو کلێسایەکەوە داوای شتێک دەکات کە مەسیح وەک مەرجی نەمریی ئەودنیا، باسی نەکردووە، دیارە دەیەوێ کۆمەڵەیەکی هاوبۆچوونی خۆی و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا، پێک بێنێ. بەڵام چۆن بەو کلێسایە دەگوترێ کلێسای مەسیح کاتێک پشت بەمەرجەیلێک دەبەستێ، ئەو مەرجانە نین کە مەسیح دایناون و خەڵکێک وەرناگرێ، لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان، مەسیح لەودنیا وەریان بگرێ؟ بەڵام لەبەر ئەوەی ئێرە شوێنی ئەوە نییە باسی نیشانەکانی کلێسای ڕاستەقینە بکەین، بۆیە بەبیری ئەو کەسانەی دێنمەوە کە زۆر بەجۆش و خرۆشەوە بەرگری لە سرووتەکانی کۆمەڵەکەیان دەکەن، ئەوانەی بەردەوام هاوار دەکەن: کلێسا! کلێسا و هەڵایان ناوەتەوە، ڕەنگە بەهەمان هۆکار، وەک هاوار هاواری زیوینگەرەکانی ئەفسووس لە پێناو دیانای خاتوونەخواوەندیاندا (سفری کارەکانی پەیامبەران، ئیسحاحی١٩) – دەڵێم بیریان دێنمەوە کە ئینجیل، لە زۆر شوێندا باسی ئەوە دەکات، قوتابییە ڕاستەقینەکانی مەسیح، دەبێ مەزندەی چەوسانەوە بکەن و بیچێژن؛ وەلێ ئەوەی کە دەبێ کلێسای ڕاستەقینەی مەسیح خەڵک بچەوسێنێتەوە و لە دوویان بێ و بەزەبری هێز و شمشێر و ئاگر، ناچاریان بکات بچنە سەر بیروباوەڕەکانی، یەک بەباری خۆم، شتی لەو جۆرەم نەخوێندووەتەوە لە هیچ شوێنێکی "سەردەمی تازە"دا.

ئامانجی هەموو کۆمەڵەیەکی ئاینی، وەک گوتم، پەرستنی خوایە، مسۆگەرکردنی نەمریی ئەو دنیاشە لەو ڕێیەوە. بۆیە دەبێ هەموو سیستمێک لە پێناو ئەو ئامانجەدا بێ و یاساگەلی کلێساش لەو چوارچێوەیەدا بن. لەم کۆمەڵەیەدا شتێک نییە یان ناشێ پێوەست بێ بەخێروبێری مەدەنی یان زەوینییەوە، نابێ بەهیچ هۆکارێکیش، هێز بەکار بهێنرێ. چونکە هێز، هەمووی لە دەستی فەرمانڕەوای مەدەنیدایە، دەستخستن و بەکارهێنانی خێروبێرە دەرەکییەکانیش، لە بن دەستی ئەودان.

دەڵێی: باشە گەر کلێسا هێزێکی پەیگیریی نەبێ، چۆن خەڵک ڕەچاوی یاساکانی دەکەن؟

وەڵامی منیش: ئەو بەشە گونجاوەی شتگەلە کە پێویست ناکات پێڕەو بکرێ، مەگەر ڕەگێکی قووڵی لە دەرووندا داکوتابێ و بەویژدانیشەوە بێ. ئەو چەکانەش کە وا دەکەن، ئەندامانی کۆمەڵەکە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن: بانگهێشتنکردن، وریاکردنەوە و ڕێنوێنییە. خۆ ئەگەر گوناهباران بەو ڕێیانە نەگەڕانەوە، سەرلێشێواوان نەگەڕانەوە سەر ڕێگەی ڕاست، هیچ نامێنێتەوە جگە لەوەی ئەو سەرسەختە منجڕانەی (المعاندون العنیدون) ئومێدێک بۆ چاکبوونەوە ناهێڵنەوە، لە کۆمەڵەکە دەربکرێن. ئەمەش، ئەوپەڕی دەسەڵاتی کڵێسایە. تاکە سزاش؛ بڕینی هەر پێوەندییەکە لە نێوان جەستە و ئەندامە بڕاوەکەدا، تا ئەو کەسە سەرکۆنە کراوە، لەنێو کڵێسادا نەمێنێتەوە.

## ئەرکگەلی خەڵک بەرانبەر لێبووردەیی

کاتێک بڕیارێکی وا درا، دەبووایە شەنوکەوێکی ئەرکەکانی پێوەست بەلێبووردەیییەوە بکەین. پێش هەر شتێک دەڵێم:

یەکەم: هیچ کڵێسایەک ناچار نییە، بەناوی لێبووردەیییەوە، کەسێک وەک ئەندامی خۆی بهێڵێتەوە کە – سەرەڕای ئاگەدارکردنەوە – سوور بێ لەسەر پێشێلکردنی یاساگەلی ئەو کۆمەڵەیە، خۆ ئەگەر ڕێگەی پێ درا و سزا نەدرا، ئەوە کۆتاییی کۆمەڵەکەیە، چونکە یاساکانی، تاکە مەرجگەلی بەشدارییی و ڕایەڵەی نێوان ئەندامانێتی. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ بڕیاری بێبەریکردنەکە[٦]، وشەگەلی سووکایەتی و بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی وماڵیی دەرکراوەکەی، تێ نەکەوێ. ئاخر بەکارهێنانی هەموو جۆرە هێزێک، بەدەستی فەرمانڕەوای مەدەنییە، وەک گوتمان، بۆ هیچ کەسێکی تر نییە هێز بەکار بێنێ، مەگەر بۆ پەرچدانەوەی ئەو هێزە بێ کە بەدژی بەکار دێ. بێبەریکردن، نابێ ببێتە هۆکاری لێسەندنەوەی خێروبێرە مەدەنییەکان یان هەر خێروبێرێکی تایبەتی کەسەکە. ئاخر ئەو خێروبێرە (موڵک و ماڵ)، ئی ئەوەیە کە کەسێتییەکی مەدەنیی ژێر سایەی فەرمانڕەوای مەدەنییە.

بێبەریکردن ئەمانە دەگرێتەوە: ئەگەر بڕیاری بێبەریکردنەکە لەلایەن کۆمەڵەکەوە دەرچوو، یەککگرتوویی نێوان جەستەکە (کۆمەڵەکە) و یەکێک لە ئەندامانی هەڵدەوەشێتەوە؛ مادامەکی ئەو یەککگرتوویییەش هەڵوەشایەوە، کەواتە ئەو هاوبەشێتییەش هەڵدەوەشێتەوە کە کۆمەڵەکە دەیداتە ئەندامانی کە هیچ کەس مافێکی مەدەنییانەی تێیدا نییە. ڕاستییەکەی، هیچ زیانێکی مەدەنی بەر بێبەریکراو ناکەوێ، خۆ ئەگەر لە نوێژی ڕۆژی یەکشەمدا، پیاوەکەی کڵێسا، نان و شەرابەکەی نەدایە، لەبەرئەوەیە کە بەپارەی خەڵکی تر کڕدراون، نەک بەپارەی ئەو.

دووەم: هیچ کەسێکی تایبەت بۆی نییە لە هیچ بارێکدا، زیان بە موڵک و ماڵی نامەدەنیی کەسێکی تر بگەیەنێ بەبیانووی ئەوەی ئەو کەسە لەسەر ئاینێکی ترە یان سرووت و پەرستنەکانی جیاوازن. دەبێ هەموو مافەیلە مرۆڤانی و مەدەنییەکان، وەک مافەیلێکی پیرۆز، بێنە پاراستن. ئەو

مافانە، ناکەونە بن باری ئاینەوە؛ دەبێ خۆ دوور بگیرێ لە بەکارهێنانی توندوتیژی یان زیانگەیاندن بەمافی مەسیحی یان هەر کەسێکی تر. دەبێ بنەماکانی دادپەروەری بخرێتە سەر ئەرکەکانی تری وەک چاکە و خۆشەویستی. ئەمە فەرمانی ئینجیل و ڕێنوێنیی عەقڵ و کۆمەڵە. خۆ ئەگەر کەسێک لە ڕێی ڕاست دەرچوو، سەر لە خۆی دەشێوێنێ، هەر خۆشی زەرەرمەند دەبێ. لەبەر ئەوە بۆت نییە سزای بدەی و لە خێروبێری ئەم ژیانە بێبەشی بکەی بەهۆی ئەوەی تۆ لەو باوەڕەدای گوایە لەو دنیا تووشی دەردەسەری دەبێ.

کاتێک باسی لێبووردەییی بەرانبەرێنم کرد کە چۆن ئەو کەسانەی ئاینیان جیاوازە، دەبێ هاوکاریی یەکتر بکەن، هەمان شتیش دەڵێم لەبارەی کڵێسا جیاوازەکانەوە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان، وەک کەسە تایبەتەکانن: هیچ کڵێسایەک لە کڵێسایەکی تر باڵادەستتر نییە، با فەرمانڕەوای مەدەنییش سەر بەیەکێکیان بێ. مادامەکی دەوڵەت ناتوانێ مافێکی تازە بداتە کڵێسا، بۆیە مافێکی تازە نادرێ بەدەوڵەتیش. لەبەر ئەوە، فەرمانڕەوای مەدەنی سەر بەکڵێسایەک بێ یان نا، ئەو کڵێسایە وەک خۆی دەمێنێ، واتە؛ کۆمەڵەیەکی ئازادی خاوەن ئیرادە. کڵێسا، بەئەندامبوونی فەرمانڕەوای مەدەنی، نابێتە خودان هێزی شمشێر، هەروا بەوازهێنانیشی دەسەڵاتەکانی پێشتری نادۆڕێنێ کە برێتین لە فێرکردن و بێبەریکردن. مافێکی نەگۆڕی هەر کۆمەڵەیەکیشە، بیەوێ هەر ئەندامێکی دەربکات کە پێی وایە شایانی دەرکردنە، زیادبوونی ئەندامەکانیشی، مانای پەیداکردنی دەسەڵات نییە بەسەر ئەوانەدا کە ئەندام نین. هەر بۆیە، ئاشتی، دادپەروەری و دۆستایەتی، پرسگەلێکن دەبێ کڵێساگەلی جیاواز لە نێوان خۆیاندا ڕەچاویان بکەن، وەک چۆن تاکەکان وا دەکەن، بێ ئەوەی یەکێک داوا بکات بەسەر یەکێکی تردا باڵادەست بێ.

ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە پێویستی بەنموونەیەک هەیە، با وای دابنێین لە قوستەنتینییە، دوو کڵێسا هەیە، یەکیان سەر بەمەزەبی "لۆمەکەران"(٧)ە، ئەوی تریشیان سەر بەمەزەبی "لۆمەنەکەرانە". ئاخۆ کەسێک بۆی هەیە بڵێ کڵێسایەکیان دەکارێ ئەندامی کڵێساکەی تر لە ئازادی یان موڵک وماڵی بێبەری بکات (وەک ئەوەی لە جێیەکانی تر ڕووی داوە)، چونکە لادەرن و لە بیروباوەڕ و سرووتەکاندا، جیاوازن، یا سزای شاربەدەر یان کوشتنیان بدات، لەوبەریشەوە تورکان، بێدەنگ دانیشتون و دەبینن، مەسیحی، مەسیحی دەچەوسێنێتەوە؟ ئەگەر کڵێسایەک بۆی هەبوو خراپە بەرانبەر ئەوی تر بکات، من دەپرسم، کامەیانە و ئەو مافەی لە کوێ هێنا؟ بێگومان، وەڵامەکە ئەوەیە؛ ئەو کڵێسایەی بیروباوەڕی ڕاستە، دەتوانێ خراپە بەرانبەر کڵێساکەی تر بکات کە کڵێسای لادەران و هەرتووقییەکانە. ئاخر کڵێسا، بیروباوەڕەکەی هەرچۆنێک بێ، هەر خۆی پێ ڕاستە و ئەوانی تری پێ گومڕان. بەو شێوازە، ناکۆکیی نێوان کڵێساگەل لەبارەی ڕاستیی بیروباوەڕ و بێگەردیی پەرستنەکانیانەوە، لە نێوان هەردوولادا هاوسەنگە، هیچ دادوەرێکیش، لە قوستەنتینییە و لە هەر وڵاتێکی تری دنیا، ناتوانێ بڕیار لەوە بدات. لەو پرسەدا، حوکم، دەگەڕێتە

بۆ دادوەری باڵادەست بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا، هەر تەنیا ئەو سزای لادەران دەدات، تا ئەو ڕۆژەش، با ئەو خەڵکە ببینن گوناهێکی چەند گەورەیە، زوڵمیش، دەخەنە سەر گەر سەرلێشێواوییان نەبێ، دەیخەنە سەر خۆبەزلزانینیان، کاتێک بەوپەڕی سەختی و ناشیرینییەوە ئازاری ئەوانی تر دەدەن لەبەرئەوەی بیروباوەڕیان لەوان جیاوازە.

خۆ ئەگەر توانرا بزانرێ بیروباوەڕی کام لایەن ڕاستە، ئەوە ماف ناداتە کڵێسا ڕاستەکە، ئەوانی تر لەنێو بەرێ. چونکە کڵێساکان، هیچ دەسەڵاتێکی دنیاییان نییە، شمشێر و ئاگریش، دوو کەرەسەی گونجاو نین بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە و فێرکردن و گێڕانەوەی خەڵک. لەگەڵ ئەوەشدا با وای دابنێین، فەرمانڕەوای مەدەنی، شمشێری دایە دەست یەکێکیان تا بتوانێ بەڕەزامەندیی ئەو، سزای لادەران بدات، ئاخۆ کەسێ هەیە بڵێ، سوڵتانی تورکی بۆی هەیە کڵێسایەکی مەسیحی باڵادەست بکات بەسەر برا ئاینییەکانی تریدا؟ ئەوەی مەسیحی نەبێ، بۆی نییە مەسیحیگەل بچەوسێنێتەوە سەبارەت بەئاینەکەیان، بۆیە ناتوانێ ئەو دەسەڵاتەش بداتە هیچ کۆمەڵێکی مەسیحی، یەکێک خۆی دەسەڵاتێکی نەبێ، ناتوانێ بیداتە کەسی تریش.

لەوە ڕامێنە، دەبینی هەمان شت بۆ شانشینێکی مەسیحیش هەر وایە. هێزی مەدەنی لە هەموو جێگەیەک وەک یەکە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە لە دەستی شازادەیەکی مەسیحی بێ، ناتوانێ دەسەڵاتی زیاتر بداتە کڵێسایەک، وەک چۆن شازادەیەکی میللەتێکی تریش ناتوانێ ئەوە بکات، واتە؛ ناتوانێ هەرگیز هیچ دەسەڵاتێک بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، شایانی لێ وردبوونەوەیە، کام خەڵکەی بۆ پشتیوانیی ڕاستی و بەرەنگاربوونەوەی ناڕاستی و شیمانەی لێکترازان زۆر بەجۆشە، بەدەگمەن نەبێ جۆش و خرۆشیان لە پێناو خوادا ناجووڵێ، تەنیا ئەو کاتە جۆش و خرۆشی ناخیان دەجووڵێ کە فەرمانڕەوای مەدەنییان لەگەڵدا بێ.

کە کاریش گەیشتە ئەوەی لایەنگیریی فەرمانڕەوای مەدەنی بەهێزیان بکات، دوعا لەسەر ئاشتی و خۆشەویستیی مەسیحی بخوێنە. بۆیە پێویستە هانی لێبووردەییی نێوانیان بدرێ. خۆ ئەگەر خۆیان نەدایە پاڵ دەسەڵاتی مەدەنی، دەتوانن – بەخۆڕاگرتن و جێگیری – خۆیان لە بەردەم تەشەنەکردنی بتپەرستی، ئەفسانە و هەرتووقییەتی دەوروبەریاندا بگرن کە هێندێک جار سەبارەت بەخۆیان و ئاینەکەیان دەیانترسێنێ. ئەوان کە تواناکانی خۆیان بەجۆش و خرۆش و بەدڵی خۆیان ناخەنە گەڕ لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵانەی بەرانبەر تەختی پاشا یان فەرمانڕەوا دەبێتەوە؛ ئەمەش، تاکە ئامرازی دروستە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستی، مەبەستم؛ کاتێک خێر و چاکە و هاوکاریی مرۆڤانە، پاساوگەلی عەقڵانیشبان دەچێتە پاڵ.

لەبەر ئەوە، نە تاکەکان، نە کڵێساگەل، نە دەوڵەتان هیچ ڕەوایان بەدەستەوە نییە تا پەلاماری مافە مەدەنییەکانی ئەوانی تر بدەن و موڵک و ماڵیان تالان بکەن بەنێوی ئاینەوە. ئەوانەی ڕێگەیەکی تریش پێ دەزانن، داوایان لێ دەکەم با بیر لەوە بکەنەوە مرۆڤایەتی بەرەو چ ناکۆکی و شەڕوشۆڕێک دەبەن، چۆن هانی تالانوبڕۆ و کوشتن و ڕق و کینەی هەتاهەتایی دەدەن. ئاشتی و

ئاسوودەیی، بگرە هیچ دۆستایەتییەکی نێوان خەڵک ناچەسپێ و ناشپارێزرێ، ئەگەر ئەو بۆچوونەی پێی وایە سەروەری (دەسەڵات) لوتفێکی خواییە[٨] و ئاین پێویستە بەزەبری چەک بڵاو بکرێتەوە.

سێیەم: با بزانین ئەرکی لێبووردەیی، چی دەخاتە ئەستۆی ئەو کەسانەی خۆیان لە هەموو مرۆڤگەل، لە ڕەشەخەڵکەکە (gens laica)– پێیان خۆشە ئەوهامان پێ بڵێن–، جیا کردووەتەوە، بەو پێیەی سەر بەکڵێسان و وەزیفەیەکی ئاینییان هەیە، جا قەشە بن یان کاهین یان هەر نازناوێکی تریان لەخۆ نابێ. ئەڵبەت باس، باسی ڕەگ و ڕیشەی هێز و پێگەی پیاوانی ئیکلیرۆس نییە. بەڵام دەڵێم، سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیان هەر کوێیەک بێ، مادامەکی کڵێسایە، پێویستە لەنێو کڵێسادا بمێننەوە، نابێ لە هیچ دۆخێکدا دەست لە کاروباری مەدەنی وەردەن، چونکە کڵێسا خۆی، بەتەواوی جیا و جیاوازە لە دەوڵەت و کاروباری مەدەنی، سنووری هەردوولا نەگۆڕە و نابێ بگۆڕێ. ئەوەی ئەم دوو کۆمەڵە کە لە بنچینە و ئامانج و ناوکرۆکدا، تا سەر ئێسک جیاوازن، تێکەڵ بکات؛ ئەوە ئاسمان و زەوی تێکەڵ دەکات، تێکەڵکردنی دوو پرسە کە زۆر دوور و دژبەری یەکترن. بۆیە کەس ناتوانێ، جا پلە و پایەی لە کڵێسادا هەر چییەک بێ، کەسێکی تر بێبەش بکات لەوەی بچێتە نێو کڵێسایەکی ترەوە یان سەر بیروباوەڕێکی تر یان ئازادی زەوت بکات یان دەست بەسەر بەشێک موڵک وماڵیدا بگرێ سەبارەت بەئاینەکەی. ئاخر ئەوەی مافی گشتیی کڵێسا نییە، ناکرێ و بەگوێرەی هیچ یاسایەک، نابێتە مافی هیچ ئەندامێکی کڵێسا.

بەڵام تەنیا هێندە بەس نییە پیاوانی کڵێسا توندوتیژی و تاڵان و جۆرەکانی تری چەوسانەوە پێڕەو نەکەن، ئاخر ئەوەی بڵێ شوێنگرەوەی پەیامبەرم، فێرکردنی خستە ئەستۆی خۆی، ئەرکییەتی گوێگرانی ئاگەدار بکاتەوە لەبارەی ئەرکەکانی ئاشتی و ئیرادەی چاکە بەرانبەر هەموو خەڵک، وەک یەک بەرانبەر لادەر و خاوەن بیروباوەڕی ڕاست، بەرانبەر هەموو ئەوانەی لە بیروباوەڕدا لەگەڵی جیاوازن، وەک ئەوانەی لەگەڵی کۆکن. لەسەری پێویستە، داوا لە هەموو خەڵک بکات، ڕەنگە خاوەن پلە و پایەی دەوڵەتیشیان تێدا بێ، بانگهێشتنیان بکات بۆ خۆشەویستی، نەرمونیانی، لێبووردەیی، هەوڵ بدات ئەو خەڵکە هێور بکاتەوە کە لە پێناو ئاینەکەیاندا یان بوغزاندنی ئەوانی تردا، جۆش و خرۆش و سەرگەرمی گرتوونی. نامەوێ باسی چۆنیەت و چەندایەتیی بەری ئەو هەوڵانە بکەم لە کڵێسا و دەوڵەتدا پێکەوە، باسی ئەو کاتانە بکەم کە دەنگ لە مینبەرەکانەوە بەرز دەبنەوە و داوای ئاشتی و لێبووردەیی دەکەن – دەڵێم نامەوێ وەسپی ئەوە بکەم تا بەخراپە لەبارەی کەسانێکەوە نەدوێم کە نامەوێ کەس لە قەدر و قیمەتیان کەم بکاتەوە، با لەوانیش بێ. بەڵام دەڵێم، پێویستە پرسەکە وابێ. ئاخر ئەگەر یەکێک وەزیفەکەی باسی ئاینی خوا و ڕێنوێنییەکانی ئینجیل بێ، بچێ شتی تریان فێر بکات، ئەوە یان لە کارەکەی خۆیدا نەزانە یان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا کەمتەرخەمە و سەبارەت بەوەش، ڕۆژێک لە بەردەم شازادەی ئاشتیدا، پرسیاری لێ دەکرێ. ئەگەر لەسەر مەسیحیگەل پێویست بێ بیر لە تۆڵەسەندن نەکەنەوە، گەر

حەوت جاران سووکایەتییان پێ بکرێ و هەر سووکایەتییەکیش حەفتا جاران، ئەدی ئەوانەی قەت زیانیان پێ نەگەیشتووە لە کەسەوە، دەبێ چەند هێمن بن، چەند خۆ لە زیانگەیاندن بەکەسانێک خۆ بەدوور بگرن کە هەرگیز زیانیان پێ نەگەیاندوون، دەبێ بەتایبەتی خۆیان لەو کەسانە بەدوور بگرن کە تەنیا سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیانن و هیچی تر، تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە بەگوێرەی بیروباوەڕی خۆیان خوا بپەرستن، جا ئەو پەرستنانەیان هەرچۆنێک بن، گرینگ خۆیان باوەڕیان پێیەتی و پێیان وایە لەو دنیا ڕزگاریان دەکات. هەرچی ئەو پرسانەشە کە بەموڵک و ماڵی دنیایی و جەستەوە پێوەستن، مافی هەر مرۆڤێکە ئازادانە چۆن ڕەفتار دەکات. ئاخر کەس لەوە زویر نابێ، ئاخۆ دراوسێیەکەی کاروباری ماڵی خۆی چۆن بەڕێوە دەبات، یان زەوییەکەی تۆو نەکردووە، یان کچەکەی نەداوە بەکەسێکی شیاو. کەس خۆی بەوەوە بێزار ناکات کابرابەک بێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست کە هەر خەریکی کاری خراپە و بەفیڕۆدانی پارەکانێتی بەخواردنەوە. خەڵک ئازادن، ماڵی خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە یان وێران، پارەی خۆیان بەڕاست و چەپدا خەرج بکەن: ئەوە هەمووی ڕێگە پێ دراوە و کەس خۆی لەو شتانە هەڵناقورتێنێ. بەڵام کاتێک پێش منداڵەکانی ناکەوێ تا بیانباتە سرووتە ئاینییەکان و نهێنییەکانی ئەو سرووتانەیان بۆ باس بکات، ئیتر دراوسێکانی دەکەونە بۆڵەبۆڵە و سەرکۆنەکردن و تۆمەتبارکردن، هەرکەسە و خۆی بۆ سزادانی ئەو (تاوانبارە) ئامادە دەکات، گەر بەسەرگەمەکان بێ، هەر زوو پەلاماری بدەن و تاڵانی بکەن، ئەوەش بەردەوام دەبێ تا کابرا دەگەیەننە بەردەم دادوەر و دەخرێتە گرتیگە، دواتر حوکمی لەداردان یان دەستبەسەرداگرتنی ماڵەکەی دەدرێ. ڕاستە پیاوانی ئاینی سەر بەهەموو کۆمەڵە ئاینییەکان، بۆیان هەیە بەگژ ئەو هەوڵانەدا بچنەوە کە لەگەڵ بیروباوەڕیاندا ناکۆکە، بۆشیان هەیە لەو دۆخانەدا هەرچی دانایی و توانای پاساودانەوە و بڕواپێهێنانیان هەیە بەکاری بێنن؛ بەڵام پێویستە لانی کەم دەست لە کەسەکان نەدەن، نابێ لەبەر لاوازیی پاساوەکانیان، پەنا بۆ توندوتیژی بەرن کە ئەوە کاری دەسەڵاتێکی ترە و لە پیاوانی کڵێسا ناوەشێتەوە. نابێ دەستبەرداری بیروباوەڕ و لێهاتوویی خۆیان بن و هانا بۆ شمشێری دەسەڵات بەرن. ڕەنگە ئەو سەرگەرمییە کە دەبێتە هۆکاری ئاشکرابوونی خۆشەویستییان بۆ ڕاستی، ئەو سەرگەرمییەی تەنیا بەئاگر و ئاسن ڕێنوێنی دەکات، دەڵێم ڕەنگە ئەوە ببێتە هۆکاری ریسواکردنی چاوچنۆکییان و دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە خەمی خۆسەپاندنیان پێش هەر شتێکی ترە.

زۆر زەحمەتە بتوانرێ وا لە خەڵکە عاقڵەکە بکرێ بڕوا بکەن، مرۆڤ لە دڵیەوە ئاواتەخوازە براکانی ڕزگار ببن، بەنیازپاکییەوە هەوڵ دەدات لە دۆزەخی هەتاهەتایی بیانپارێزێ، لە کاتێکدا لەم دنیا دەیانداتە دەست گروکار(جەلاد) تا بەزیندوویەتی بیانسووتێنێ و بەڕوخسارێکی ساردەوە کە ڕازیبوونی پێوە دیارە، تەماشای ئەو دیمەنە تۆقێنەرە بکات.

هەولێر ئەی کتێب

## ئەرکەکانی فەرمانڕەوا لەبارەی لێبووردەییەوە

دواجار هەر دەبێ ئەرکەکانی فەرمانڕەوا لەبارەی لێبووردەییەوە بزانین کە ئەرکگەلێکی زۆر گرینگن.

سەلماندمان کە چاودێریی نەفسگەل، ئیشی فەرمانڕەوا نییە، مادامەکی دەسەڵاتی ئەو تەنیا دانانی یاساگەل و ناچارکردنی خەڵکە کە جێبەجێیان بکەن لە ڕێی سزادانەوە. بەڵام هەر مرۆڤێک دەتوانێ چاکە لەگەڵ براکانیدا بکات، فێریان بکات وریایان بکاتەوە و بەپاساوگەلی باش، بڕوایان پێ بێنێ. بەم شێوازە، هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە ئاگەداری خۆی بێ، کەسیش ناتوانێ ئەو مافەی لێ زەوت بکات. لەوانەیە کەسێک بڵێ: دەبێ شیاوی ئەو چاودێرییە بێ؟ بەڵام گەر کەسێک تەندروستیی خۆی و کاروبارەکانی ماڵەکەی پشتگوێ خست، یان ئەو کاروبارانەی فەرامۆش کرد کە زیاتر کۆمەڵگەی مەدەنی بایەخیان پێ دەدات، ئاخۆ دەبێ فەرمانڕەوای گشتی، بەفەرمانێک ڕێی نەدات هەژار بێ یان نەخۆش بکەوێ؟ یاساگەل هەوڵ دەدەن، چەندی بتوانن، سەر و ماڵی تاکەکان لە پەلاماری کەسانی تر بپارێزن؛ وەلێ ناتوانن کەسەکان لە کەمتەرخەمیی خۆیان و ڕەفتاری خراپیان بپارێزن. ئاخر ناتوانرێ کەس ناچار بکرێ تەندروستیی باش بێ، بەزۆر دەوڵەمەند بێ، خوا بۆ خۆی، خەڵک ڕزگار ناکات، گەر خۆیان نەیانەوێ.

با وای دابنێین، شازادەیەک (فەرمانڕەوایەک) ویستی خەڵکەکەی ناچار بکات دەوڵەمەند بن، تەندروستییان باش بێ، دەتوانێ یاسایەک دەربکات بڵێ دەبێ تەنیا بچنە پزیشکانی ڕۆما، نابێ چ بخۆن ئەو خواردنانە نەبێ کە ئەو پزیشکانە دیاری دەکەن؟ دەبێ بڵێ نابێ یەک کەس دەرمانێک یان خواردنێک بخوات ئەوانە نەبێ کە لە ڤاتیکان یان چێشتخانەیەکی جنێڤ ئامادە کرابێ؟ دوایی، بۆ ئەوەی ژیانی ئەو خەڵکە خۆش بێ پێویستە هەموویان ببنە بازرگان یان موزیکژەن؟ دەبێ بڵێ پێویستە هەمووتان ببنە خاوەنی هۆتێل یان بازرگان، چونکە خەڵکێکی تر بە هۆتێل و بازرگانی دەوڵەمەند بوون و خێزانەکانیان زۆر خۆش دەژین؟ وەلێ تۆ دەڵێی: هەزار ڕێگە هەیە بۆ دەوڵەمەندبوون، بەڵام ڕێگەی ڕزگاربوون یەکێکە. ئەمە قسەیەکی ڕاستە، بەتایبەت ئەگەر ئەوانە کردیان کە خەڵک ناچار دەکەن ئەم ڕێیە و ئەویان بگرنە بەر. چونکە گەر ئامرازەکان زۆریش بن، یەک پاساو بۆ ناچارکردنیان نییە، ئەگەر بەهەموو هێزی خۆم بەڕێوەم بۆ ئۆرشەلیم – بەپێی جوگرافیای پیرۆز – بۆچی لێم بدرێ بەبیانووی ئەوەی پێڵاوم لە پێدا نییە یان قژم بەشێوازێکی دیاریکراو نەبڕیوە یان دەستنوێژم نەشووشتوە؟ یان بەبیانووی ئەوەی لە ڕێگە گۆشت یان خواردنێکی چاکم خواردووە؟ یان بەبیانووی ئەوەی خۆم لە پێچاوپێچەکانی ڕێگە و شیو و دۆڵەکان پاراستووە و بەڕێگەیەکدا ڕۆیشتووم پێچ و قوڕی کەمترە، لەنێو ئەو ڕێگەنەی بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن، یان لەبەرئەوەی هێندێ برادەرم بینی لە ڕێگە، زۆر خاکی نەبوون یان هێندێکی تر زۆر پەست نەبوون، یان شوێن ڕێنوێنێکی تاج لەسەر کەوتم، یان ڕێنوێنەکەم تاج لەسەر نەبووە و عەبا

سپییەکەی نەپۆشیووە؟ گەر جوان ورد بینەوە، دەبینین، ئەم پرسە هیچوپووچانەیە زۆربەی جاران، دژایەتیی نێوان براگەلی مەسیحی دەخولقێنێ، ئەو براگەلەی هەر هەموویان لە پرسە ناوکرۆکەکانی ئایندا کۆکن، ئەو شتە هیچوپووچانەش گەر لە ئەفسانەگەل و دووڕوویییەوە نەئالێنرێن، دەکرێ ڕەچاو بکرێن یان نەکرێت، بێ ئەوەی هیچ زیانێک بەئاین و ئاراستەی نەفسەکان بگەیەنن.

بەڵام با ڕادەستی دەمارگیران ببین، ئەوانەی سەرکۆنەی هەموو شتێک دەکەن کە بەدڵیان نەبێ، گوایە ئەو دۆخانە، ڕێگەگەلێکی جیاوازیان لێ دەبێتەوە، ئاراستەشیان جیاوازن، کەواتە لەمە چی تێ دەگەین؟ تەنیا ڕێگەیەکیان، رێگەی ڕاستیی ڕزگاربوونە، وەلێ لەنێو ئەو هەزار ڕێگەیەی خەڵک دەیانگرنە بەر، تا ئێستە ساغ نەبووەتەوە ڕێگەکەی ڕزگاربوون کامەیانە. چاودێریی دەوڵەت یان مافی سەپاندنی یاساگەل، وا ناکات، فەرمانڕەوا، چاکتر ڕێگە ڕاستەکە بدۆزێتەوە وەک لە خەڵکە ئاساییەکە کە لە ڕێی توێژینەوە و وەکۆڵینەوە دەیدۆزنەوە. با وای دابنێین جەستەم لاوازە و نەخۆشییەکی ترسناکم هەیە، تەنیا یەک چارەسەری هەیە و ئەویش نازاندرێ، دەبێ فەرمانڕەوا چارەسەرێکم بۆ دابنێ، چونکە تەنیا یەک دەرمانم هەیە و ئەو دەرمانەش لەنێو ئەو هەموو دەرمانەدا ناناسرێتەوە؟ ئێستە تاکە ڕێگەیەکم لە پێشە بۆ قوتاربوون لە مردن، ئاخۆ وا باشترە فەرمانڕەوا چ فەرمان دەکات ئەوە بکەم؟ ئەوەی دەبێ هەموو مرۆڤێک لێی بگەڕێ لە پێناو خۆیدا بەتێڕامان و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، بەحسێب بۆ کردن – نابێ حسێب بۆ کردن وا سەیر بکرێ کە تایبەتە بەمرۆڤگەلێک، شازادان، بەهێزتر لەوانی تر، زاین دەبن، بەڵام لە ڕووی سروشتەوە، لەگەڵ لادەرانی تردا یەکسانن. ڕاستییەکەی، لە فەرمانڕەوایی یان هونەری فەرمانڕەواییدا، ماریفەتی لە پرسەکانی تردا زۆر گەرەک نییە، لە هەموو ماریفەتەکان دوورتر؛ ئاینی ڕاستەقینە کامەیە. ئەگەر وا بووایە (واتە بیانزانیبایە ئاینی ڕاستەقینە کامەیە هەر لەبەرئەوەی مافی فەرمانڕەواییان هەیە)، ئەدی بۆچی، فەرمانڕەوایانی دنیا لە کاروباری ئایندا تا بڵێی جیاوازن؟ بگرە با وای دابنێین، ڕێگەی ژیانی نەمری، بەلای شازادەوە ناسراوترە وەک لە خەڵکەکە، یان لانی کەم لەنێو ئەم لێڵاو باوەڕنەکردنەدا، باشتر وایە شوێن قسەکانی فەرمانڕەوا بکەوین. ئەگەر بڵێی: گەر فەرمانڕەوا فەرمانی پێ کردی بژێویی خۆت بەبازرگانی پەیدا بکەی، ڕەتی دەکەیتەوە، چونکە گومان دەکەی لەو ڕێگەیەوە پارە پەیدا بکەی؟ منیش وەڵامت دەدەمەوە: بازرگانی دەکەم وەک شازادە فەرمانی داوە، چونکە ئەگەر زەرەرم کرد، ئەو دەتوانێ قەرەبووی هەوڵ و کاتە لەدەستچووەکەم بەجۆرێکی تر، بۆ بکاتەوە، گەر ڕاست بکات، وەک دەڵێ، گوایە ئەو لە برسێتی و هەژاریم دەپارێزێ، دەتوانێ لە شکستدا باڵم بگرێ و هەڵم سێنێتەوە، ئەگەر هەموو شتێکم لە بازرگانیدا لە دەست دا، جا بەنەزانی بێ یان لە بێبەختی. ئەمە ئەگەر بازرگانی بوو، خۆ ئەگەر بێینە سەر ئەو دنیا، پرسەکە زۆر جیاوازە: ئەگەر لەو بازرگانییەیاندا (ئەو دنیا – ئاخیرەت) زەرەرم کرد، بارم لار بوو، فەرمانڕەوا ناتوانێ – بەهیچ جۆرێک – قەرەبووم بکاتەوە، کارەساتەکەم

کەم بکاتەوە، یان کەمێکیش بێ، خۆشبەختیم بۆ بگێڕێتەوە، نەک بمگێڕێتەوە دۆخی جاران. کەواتە چ گرەنتییەک هەیە بۆ مەلەکووتی ئاسمان؟!

ڕەنگە بڵێی ئێمە ئەو فەرمانڕەوایەتییە گوناهنەکردەیە (الحکم المعصوم) کە لەسەر هەموو خەڵک پێویستە گوێڕایەڵ و لایەنگری بن، نادەینە فەرمانڕەوای مەدەنی، بەڵکە بەکڵێسای ڕەوا دەبینین: ئەوەی کڵێسا بیڵێ، فەرمانڕەوای مەدەنی فەرمان بەهەمووان دەکات پابەندی بن؛ ئەو، دەسەڵاتی خۆی بەکار دەهێنێ تا وا بکات، خەڵک، لە کاروباری ئاینیدا، تەنیا باوەڕ بەوە بکەن کە کڵێسا بڕیاری لێ دەدات، بەم شێوازە، دەسەڵاتی بڕیاردان لە دەستی کڵێسادا دەمێنێتەوە: فەرمانڕەوا، خۆی ملکەچی کڵێسا دەبێ و داوا لە خەڵکیش دەکات ملکەچ بن. وەڵامم بۆ ئەمە: کێیە ئەوە نابینێ، ناوی کڵێسا کە سەروەختی هاوەڵانی مەسیح زۆر بەڕێز بوو، دواتر بۆ خۆڵ لە چاوکردنی خەڵک بەکار دێ؟ هەرچۆنێک بێ، ئێستە ئەو قسانە بەکەڵکمان نایەن. دەڵێم، وەنەبێ فەرمانڕەوا لە خەڵکەکە، زیاتر شارەزای ئەو توولەڕێگەیە بێ کە بەرەو ئاسمان دەچێ، بۆیە ناتوانم، بیکەمە ڕێنوێنیی خۆم، چونکە لەوانەیە هەر هێندەی من شارەزای ئەو ڕێگەیە بێ، دڵنیاشم، خەمی ڕزگاربوونی لە خەمی من کەمترە. نموونەی ئەو پاشایانەی ئیسرائیلیگەل چەند زۆرە کە ئەگەر ئیسرائیلییەکان شوێنیان بکەوتنایە سەریان لێ دەشێوا و ڕێگەی پەرستنی ڕاستەقینەی خوایان ون دەکرد و بتگەلیان دەپەرست، بەمەشماڵی خۆیان وێران دەکرد!، تۆش هاتووی داوام لێ دەکەی ئازا بم و پێم دەڵێی ئێستە هەموو شتەکان دروست و بێوەین، چونکە ئەوەی فەرمانڕەوا فەرمانی پێ دەکات و دارعەسای سزاشی لەو خەڵکە هەڵبڕیوە، فەرمانە ئاینییەکانی خۆی نین، بەڵکە ئی کڵێسان. وەلێ من دەپرسم: کام کڵێسا؟ وا دیارە مەبەست، ئەو کڵێسایەیە کە شازادە لێی ڕازییە. ئەمە مانای وا نییە، هەر بەزەبری هێزی کەمەرشکێن، بەیاسا و سزاگەل، ڕامکێشن بۆ ئەم کڵێسا یان ئەوی تریان و ئەدی ئەوە خۆسەپاندنی فەرمانڕەوا نییە بەسەر کاروبارە ئاینییەکاندا؟! باشە جیاوازیی چییە گەر خۆی ڕاپێچم بکات یان بمداتە دەست کەسێکی تر؟ لە هەردوو بارەکەدا، من لارەملم بۆ ئیرادەی ئەو، ئەویش لە هەردوو بارەکەدا، بڕیار لە ڕزگاربوونم دەدات. بڵێی ئەو جووەی بەفەرمانی پاشا، بتێکی دەپەرست، ئاسوودەتر بووبێ، چونکە پێی گوتراوە، لە کاروباری ئاینیدا، پاشا لەخۆوەڕا قسان ناکات، هەرگیز هیچ شتێک بەخەڵکەکەی خۆی ناڵێ تا ئەنجوومەنی کاهینان و زێوانان بڕیاری لێ نەدەن کە ئەوە فەرمانێکی ڕاستەقینەی خواییە؟ خۆ ئەگەر ئاینی هەر کڵێسایەک ببێتە ئاینی ڕاستەقینە و جێی باوەڕ، تەنیا لەبەرئەوەی کاهین و زێوانان و لایەنگرانیان دەڵێن ئاینەکەیان ڕاست و ڕەوانە و تا پێیان بکرێ داکۆکیی لێ بکەن، ئەدی کام ئاینە دەمێنێتەوە، لار و قەڵب و مەترسیدار بێ؟ گەر گومانێکم لە بیروباوەڕی سۆکنیوسیینییەکان (Sociniani)، یان پەرستنەکانی لایەنگرانی لۆتەر هەبوو، وا باشترە بۆ من بچمە نێو ئەو کڵێسایە یان ئەوی تریان، بەگوێرەی فەرمانی فەرمانڕەوای مەدەنی، چونکە ئەو هیچ بڕیارێک لە کاروباری ئاینیدا نادات بەپێی دەسەڵاتی زانایانی کڵێسا و بەڕاوێژی ئەوان نەبێ؟

با ڕاست بێژین و دان بەوەدا بنێین کە کڵێسا (ئەگەر وەک کۆڕبەندێکی پیاوانی ئاینی وابێ و بڕیاران بدات و شایستەی ئەو ناوە بێ)، فەرمان بۆ دەرباری پاشا دەربکات چاکترە لەوەی دەربار بۆ کڵێسای دەربکات. ئێمە باش دەزانین، باری کڵێسا چۆن بوو لە سەردەمی پاتریارکە ئەرتەدۆکسییەکان یان لە سەردەمی ئەریوسییەکاندا. بەڵام گەر بگوترێ ئەو سەردەمانە زۆر کۆنن، ئێمە دەڵێین، مێژووی ئینگلتەرا، نموونەی نوێمان پێشان دەدات کە چۆن لە سەردەمی فەرمانڕەواییی هینری، ئەدوارد، ماری و ئەلیزابێسدا[٩]، پیاوانی ئاینی تەنیا بەفیکەیەکی شازادە، بڕیارگەل، کەرەسەکانی بیروباوەڕ و شێوازی پەرستنەکانی خۆیان گۆڕیوە. ئەو پاشایانەش، هەریەکەیان بەئارەزووی خۆی فەرمانەکانیان لە کاروباری ئاینیدا دەرکردووە، کەسێک مەگەر شێت بێ، ڕەنگە بڵێم: بێ ئاین بێ، نەڵێ بەگوێکردنی ئەو پاشایانە لە کاروباری ئاینیدا، سووکایەتییە بەویژدان و خواپەرستییەکان. پێویستم بەوە نییە لەوە زیاتریش بڵێم. کە کار گەیشتە ئەوەی، پاشا، بڕیار لە کاروباری ئاین بدات، چ جیاوازییەک نییە لەوەدا کە خۆی ئەو بڕیارە بدات یان پرس و ڕا و ڕاوێژ بە کڵێسا و پیاوانی کڵێسا بکات. بڕیار و ناکۆکی و شەڕوشۆڕی پیاوانی ئاینی ڕوون و ئاشکرایە، بەو بارەوە، ناکرێ بڕیارگەلی پاشا دروستتر بن گەر ئەوانی لە پشتەوە بن و دەنگی ئەوان هەبێ و نەبێ، شتێک ناخاتە سەر دەسەڵاتی مەدەنی. تێبینی دەکرێ، شازادەگەل، کەمتر بەقسەی ئەو پیاوە ئاینییانە دەکەن و نرخێک بۆ بۆچوونەکانیان دادەنێن، ئەگەر لەسەر بیروباوەڕی خۆیان نەبن و پەرستنەکانیان وەک ئەوان نەبن.

بەهەر بارێک، خاڵی سەرەکیی دەستنیشانکردنی بڕیاری یەکلاییکەرەوە لەم پرسەدا، ئەمەیە: گەر تەنانەت بیر و بۆچوونی فەرمانڕەوا لە کاروباری ئاییندا ڕاست بێ، ئەو ڕێگەیەی بانگهێشتنی بۆ دەکات بەڕاستی ئینجیلی بێ، لەو دنیا من ڕزگار ناکات، ئەگەر خۆم لە دڵەوە باوەڕم پێی نەبێ. گەر بەڕێگەیەکدا ڕۆیشتم کە دژی ویژدانی خۆم بوو، هەرگیز نامگەیەنێتە مەزاری خۆشبەختان. لەوانەیە بەپیشەیەک دەوڵەمەند بم ڕقیشم لێی بێتەوە، لەوانەیە بەدەرمانگەلێک چاک ببمەوە، متمانەم پێیان نەبێ؛ وەلێ بەئاینێک ڕزگار نابم، لێی بەگومان بم، یان بەپەرستنێک حەزی لێ نەکەم. باوەڕدار، کەڵک لە ئاکاری ڕووکەشانە نابینێ، باوەڕدار، پێویستی بەباوەڕ و دڵسۆزییەک هەیە لە ناخەوە تا خوا لێی ڕازی بێ. ئەو دەرمانەی دەیخۆی چەند باش بێ، مەرج ئەوەیە گەدەت قبووڵی بکات، هەڵەیە نەخۆشێک ناچار بکەی دەرمانێک بخوات کە ڕەنگە لەشی ئەو دەرمانە بگۆڕێ بۆ ژەهر. ئەو گومانەی لە ئاین دەکرێ هەرچییەک بێ، ئەوەی چەندوچۆن هەڵناگرێ ئەوەیە؛ کە گەیشتیتە ئەو بڕوایەی ئاینێک ناڕاستە، مەحاڵە سوودی لێ ببینی. بۆیە، بێ سەروبەرییە کاتێک فەرمانڕەوا خەڵکەکەی ناچار دەکات باوەڕ بەئاینەکەی ئەو بێنن، گوایە ڕزگاریان دەبێ. ئەوان، گەر باوەڕدار بن، خۆیان دێن، گەر وا نەبن، خۆیان زیانمەندن کە بچنە نێو ئاینەکەشەوە. هەر بۆیە، هەرچەندە هەوڵەکانت نیازچاکانە و چی بکەی تا گیانی خەڵک ڕزگار بکەی، ناتوانی مرۆڤێک ناچار بکەی خۆی ڕزگار بکات، دواجار، هەر دەبێ لێی گەڕێی بۆ خۆی و ویژدانی خۆی.

بەم شێوازە، خەڵکمان لە هەموو بندەستییەک ئازاد کرد لە کاروباری ئاینیدا. ئەوکات دەبێ چی بکەن؟ هەموو خەڵک دەزانن و دەیسەلمێنن کە خوا، دەبێ بەئاشکرا بپەرسترێ: ئەگەرنا، خەڵک بۆ ناچاری کۆبوونەوە گشتییەکان دەکرێن؟ مادامەکی ئازادیی خەڵک، پرسێکی چەسپیوە، دەبێ کۆمەڵێکی کڵێسایی پێک بێنن تا لێی کۆ ببنەوە، نەک تەنیا بۆ ئەوەی ئەدەبگەلی جوان لێکتر فێر بن، بەڵکە بۆ ئەوەی بەئاشکرا خواپەرستی بکەن، پەرستنێک کە پێشانی خوای بەتوانای بدەین؛ دەزانین بۆچی ئەنجامی دەدەین، تا بڕوا بێنین؛ خوا شایستەی ئەو پەرستنانەیە، تا هانی ئەوانی تریش بدەین – لە ڕێگەی بیروباوەڕی بێگەرد، ئاکاری پیرۆز و سرووتگەلی بەحیشمەتەوە – بۆ خۆشویستنی ئاین و ڕاستی، تا پێکەوە بەکۆمەڵ کارێک بکەین کە بەتەنیا ناکرێ.

من ناوی "کڵێساکان"[١٠] کۆمەڵە ئاینییەکان دێنم کە پێویستە فەرمانڕەوا قبووڵیان بکات، چونکە پرسەکە پێوەندیی بەئێمەوە هەیە، سەبارەت بەو خەڵکەی لە کۆمەڵەکاندا گرد بوونەتەوە، بەو شێوەیەی بۆ هەموو مرۆڤێک ڕێگەپێدراو و ڕەوایە، مەبەستم بایەخ بەڕزگارکردنی گیانی بدات: لەم پرسەدا، جیاوازی نییە لە نێوان کڵێسای پاشا و ئەوانی تردا.

بەڵام چۆن زەرووری بوو، لە هەر کڵێسایەکدا، دوو پرس بەتایبەتی بوونیان هەبێ کە بریتین لە: پەرستنی ڕواڵەتی، بیروباوەڕ، دەبێ هەریەکەشیان بەجیا لێی بکۆڵرێتەوە، تا هۆکاری گشتیی لێبووردەیی، باشتر ڕوون ببێتەوە.

أ– فەرمانڕەوا، ناتوانێ، جیا لە کڵێسا خۆیدا یان لە کڵێسایەکی تردا، بەیاسا، پێڕەوکردنی ڕێوڕەسمگەلێک یان سرووتگەلێکی پەرستن، بسەپێنێ، تەنیا لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵانە ئازادن، بگرە لەبەر ئەوەش کە هەر پەرستنێک بۆ خوایە، بۆیە دەبێ مرۆڤەکان بەو شێواز و لەو سنوورەدا ئەنجامی بدەن کە پێیان وایە لای خوا وەردەگیرێ، خۆ ئەگەر مرۆڤگەل تەواو متمانەیان بەخواپەرستییەکەیان نەبێ، خواش لێیان وەرناگرێ. ئەوە دژبەرییە، مرۆڤ ئازاد بکەین لە ئاینداری کە ئامانجەکەی ڕازیکردنی خوایە، بەڵام ناچاری بکەین بەشێوازێک خواپەرستی بکات کە خوا لە خۆی توورە بکات. لەوانەیە پێم بڵێی: تۆ مافێک بەفەرمانڕەوا نادەی کە هەمووان پێی ڕەوا دەبینن، مەبەستم: دەسەڵات بەسەر پرسە ڕێکەکاندا[١١]؟ خۆ ئەگەر ئەو دەسەڵاتەشی لێ بسەندرێتەوە، شتێکی وای بۆ نامێنێتەوە دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ. منیش وەڵامت دەدەمەوە: من دان بەوەدا دەنێم کە پرسە ڕێکەکان، ڕەنگە تەنیا ئەو پرسانەی، دەبێ ملکەچی دەسەڵاتی یاسادانان (= فەرمانڕەوا) بن.

١– بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، فەرمانڕەوا، دەتوانێ چۆنی بۆی لوا، بڕیار لە هەموو پرسە ڕێکەکان بدات. خێری گشتی، بنەما و پێوەری یاسادانانە، خۆ ئەگەر شتێک خێری بۆ کۆمەڵگە نەبێ، با ئەو شتە ڕێکیش بێ، نابێ بخرێتە چوارچێوەی یاساوە.

٢- شــتگەل - تا چەند هەر بەســروشــتی خــۆیان ڕێک بن -، لە چوارچێــوەی دەســەڵاتگەلی فەرمانڕەوا دەردەهێنرێ، ئەگەر کەوتە دەست کڵێسا و خرایە نێو ڕێوڕەسم یان سرووتەکانی خواپەرستییەوە، چونکە کە بووە پەرستن، ئیتر پێوەندیی بەکاروباری مەدەنییەوە نامێنێ، تاکە ئەرکی کڵێسا، ڕزگارکردنی نەفسەکانە، بەرودراوسێ و کۆمەڵگە پێوەندییان بەوەوە نییە ئەم یان ئەو سرووتە پێڕەو کراوە یان نا. پێڕەوکردن یان نەکردنی هەر سرووتێک لەنێو کۆمەڵە ئاینییەکاندا، نە خراپە و نە دەشێ خراپ بێ بۆ سەر و ماڵ و ئازادیی ئەوانی تر. بۆ نموونە: ئەگەر گوتمان شووشتنی منداڵ بەئاو کارێکی ڕێکوپێکە. گریمان، فەرمانڕەوا بۆی هەیە بەیاسا، فەرمانێک دەربکات بۆ شووشتنی منداڵان، بەو مەرجەی بزانێ کە ئەو شووشتنە سوود بەمنداڵ دەگەیەنێ و لە نەخۆشی دەیپارێزێ، پرسەکەش هێندە دەهێنێ یاسایەکی بۆ دەربکرێ. ئاخۆ کەسێک هەیە بڵێ، فەرمانڕەوا بۆی هەیە یاسایەکیش دەربکات بۆ پاکژکردنەوەی (تعمید) منداڵان لەسەر دەستی قەشەیەک و لە گەرماوێکی پیرۆزی تایبەت بەپاکژکردنەوەی گیانەکاندا؟ (یان بەیاسا داوا لە خەڵک بکات سرووتێکی پیرۆز، جا سرووتەکە هەرچۆنێک بێ، پێڕەو بکەن؟)، کێ بێ لە یەکەمین ڕوانینەوە نەزانێ ئێمە لە بەردەم دوو دۆخی جیاوازداین؟ وامان دانا، منداڵەکە، منداڵی کابرایەکی جووە، ئەوە پرسەکە بۆ خۆی ڕوون و ئاشکرایە. کەواتە، هیچ شتێک نییە ڕێ لەوە بگرێ لەنێو خەڵکەکەی فەرمانڕەوادا، جووگەل هەبن. مادامەکی تۆ لاریت نییە لەوەی نابێ خراپە بەرانبەر جوو بکرێ بەوەی ناچار بکرێ - دژی بیروباوەڕی - لە ئاینەکەیدا شتێک بکات کە شتەکە بۆ خۆی ڕێکە، ئاخۆ ئێستەش پێت وایە دەشێ کارێکی ئەوها لەگەڵ مەسیحییەکیشدا بکرێ؟

٣- ئەو پرسانەی هەر بۆ خۆیان پرسگەلێکی ڕێکن، ناشێ بەدەسەڵاتێکی مرۆڤینی یان بڕیارێک بکرێنە پەرستنێکی خوایی تەنیا لەبەرئەوەی ڕێکن. چونکە، پرسگەل، تاووتینی ئەوەیان تێدا نییە تەنیا لەبەرئەوەی ڕێکن، ئیتر ڕەزای خواییان مسۆگەرە، ئاخر هیچ هێز و دەسەڵاتێکی مرۆڤینی نییە، پلە و پایە و دەسکەوتێکی بدەنێ و وای لێ بکەن شایستەی ڕەزامەندیی خوا بێ. لە کاروباری ئاساییی ژیانیشدا، پێڕەوکردنی پرسگەلێکی ڕێکوپێک کە خوا حەرامی نەکردوون، بەپێی شەریعەت، ئازادە، بۆیە بواری تێدا نییە بۆ بڕیارگەل و دەسەڵاتی مرۆڤینی.

بەڵام لە ئاین و کاروبارە پیرۆزەکاندا، هەمان ئازادی نییە. لە خواپەرستیدا، پرسە ڕێکەکان، شەرعی نین، خواش فەرمانی پێ نەکردوون، بەفەرمانی خۆی نەیکردوونەتە بەشێک لە پەرستن. ئەگەر خواوەند بەتووڕەییەوە پرسی: کێ داوای ئەمەی کردووە[١٢]؟ کەس ناوێرێ وەڵام بداتەوە و بڵێ فەرمانڕەوا فەرمانی کردووە. خۆ ئەگەر دەسەڵاتی مەدەنی وا فرەوان بووەوە، چ شتێک لە ئایندا شەرعی نابێ؟ ڕێوڕەسمگەل چۆن تێکەڵ دەبن، چەند شتی پڕوپووچ پشت بەفەرمانی فەرمانڕەوا دەبەستن، با ویژدانیش ڕەتی بکاتەوە، بەسەر بەندەکانی خوادا ناسەپێنرێن؟ چونکە بەشی هەرە زۆری لەسەر بەکاربردنی ئاین دەوەستێ لە کاروبارێکدا کە بۆ خۆیان ڕێکوپێکن؛ هەڵە

نین، لەبەر هیچ هۆیەکیش نا، جگە لەوەی کردەی خوایی نین.

ئاورشێن و بەکارهێنانی نان و شەراب، بۆ خۆیان پرسگەلێکی ڕێکن لە ژیاندا. ئاخۆ کەسێک دەڵێ لە پێناو ئەوەدا، ئەو شتانە، دەکرا، بخرێنە نێو ئاین و ببنە بەشێک لە خواپەرستی، بێ ئەوەی خوا بڕیاری دابێ؟ ئەگەر هەر هێزێکی مرۆڤینی یان مەدەنی توانی ئەوە بکات، بۆچی فەرمان دەرناکات لە کۆبوونەوەیەکی پیرۆزدا، ماسی بخورێ و بیرە بخورێتەوە وەک خواپەرستی؟ بۆچی ڕشتنی خوێنی ئاژەڵی سەربڕدراو لە کڵێساکاندا بەکار ناهێنرێ، یان خۆپاککردنەوە لە گوناهان بەئاو یان ئاگر، یان هەر شتێکی لەو جۆرانە؟ بەڵام ئەم شتانە تا چەند لە دەرەوەی ئاین، ڕێکوپێک بن، ئەگەر بەبێ فەرمانێکی خوایی، خرانە نێو سرووتە پیرۆزەکانەوە، لای خوا بێزراو دەبن، وەک بەکارهێنانی سەگ لە قوربانیدا، ئاخر جیاوازی چییە لە نێوان توولەسەگێک و بزندا لە لایەنی سروشتی خواییەوە کە تا بڵێی سروشتێکی دوورە لە مادەوە، مەگەر خوا خۆی داوای کردبێ ئاژەڵێکی دیاریکراو بکرێتە قوربانی؟ بەم شێوازە، دەبینی شتە ڕێکوپێکەکان، هەرچەندە لە بندەستی فەرمانڕەوای مەدەنی بن، ناشێ بەو هۆیەوە بخرێنە نێو ڕێوڕەسمە پیرۆزەکانەوە و بەسەر کۆمەڵە ئاینییەکاندا بسەپێنرێن، چونکە لەگەڵ بوونیاندا بەپەرستنی پیرۆز، دەمودەست لەوە دەردەچن پێیان بڵێی کارگەلێکی ڕێکوپێکن. ئەوەی خوا دەپەرستێ، بەمەبەستی ڕازیکردنی دەیپەرستێ. وەلێ ناکرێ کارێک بکەین کە یەکێکی تر فەرمانی پێ داوین و ئەو دەڵێ خوا لێی ڕازییە و ڕاستییەکەشی خوا قبووڵی نییە. ئەوە ڕازیکردنی خوا نییە، ئەوە وەستانەوە و سەرپێچییەکە لە زانینەوە دەکرێ کە پێچەوانەی مەبەست و ئامانجگەلی خواپەرستییە.

دەڵێی: ئەگەر لە کاروبارەکانی خواپەرستیدا، هیچ شتێک بۆ مرۆڤ بەجێ نەهێڵدرابێ، ئەدی چۆن کڵێساگەل دەسەڵاتی ڕێکخستنی کات و شوێنی خواپەرستی و لەو شتانە، دەدەنە خەڵکێک؟ منیش وەڵام دەدەمەوە: لە خواپەرستیدا، دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئەوەی بەشێکە لە خواپەرستییەکە خۆی و لە نێوان ئەوەی بۆ جوانکاری یان ئاسانکاری خراوەتە سەر خواپەرستییەکە. بەشەکە، وا دیارە خوا فەرمانی پێ کردووە و لێی ڕازیشە، کەچی زیادەکە، ئەگەرچی ڕەنگە نەشێ لە خواپەرستییەکەدا فەرامۆش بکرێن، بەڵام چونکە بڕیاری خواییان لەبارەوە نییە، دەچنە خانەی پرسگەلی ڕێکوپێکەوە. لەوانە، کات و شوێنی خواپەرستی، داب و دۆخی خواپەرستەکە، چونکە خوا شتێکی لەو بارانەوە دیاری نەکردووە. بۆ نموونە: لای جوو، کات و شوێنی خواپەرستی و دابگەلی خواپەرستان و ئەوانەی بەڕێوەیان دەبەن، هەر تەنیا زیادەیەک نین(*)، بەڵکە بەشێکن لە خواپەرستیی جووان، هەر کەم و زیادەیەک، وا دەکات خەڵک گومانیان لەوە هەبێ خواپەرستییەکەیان تەواو بێ و خوا لێی ڕازی بێ. بەڵام لای مەسیحیگەل، کە ئازادییەکی ئینجیلیانەیان هەیە، ئەوانە زیادەیەکی خواپەرستییەکەن کە بۆ هەر کڵێسایەک هەیە بەمەبەستی سیستم و بەئەدەبی زیاتر، بیانخاتە سەر خواپەرستییەکە؛ وەلێ سەبارەت بەوانەی پێیان وایە ڕۆژی خوا[١٣]، تایبەتە بەخواپەرستی، بۆیە پرسی شوێن، پرسێکی زیادە نییە، بگرە

بەشێکە لە خواپەرستی و ناشێ بگۆڕێ یان فەرامۆش بکرێ.

ب– فـەرمـانڕەوا، نـاتوانێ ڕێ لە سـرووت و ڕێوڕەسـمگەلێک بگرێ کە بە بڕیاری کلـێـسا پێـڕەو دەکرێن، چونکە گـەر ئەوە کرا، کـلێـسا کـۆتاییی دێ، ئاخـر ئامـانج لەوانە، خـواپەرسـتـیـیـە بەئازادی و بەو شێوازەی کلێسا باوەڕی پێیەتی.

دەڵێی: گریمـان گەرەکیـانە منداڵ بکەنە قوربانی، یان – وەک پێشتر بەناهەق مەسیحییەکانیان تۆمـەتبـار دەکرد – دەیانـەوێ بەردەوام بن لەسـەر خـراپەکاری. ئاخـۆ دەکرێ فـەرمـانڕەوا ڕێ بەم جـۆرە کارانە بدات، چونکە لە چوارچێوەی کـۆبوونەوەیەکی ئاینیـدا پێـڕەو دەکرێن؟ منیش وەڵام دەدەمـەوە و دەڵێم: نەخێر ڕەوا نییە و نـابێ، وەلێ ئەگەر بڕیاریان دا گوێرەکەیەک بکەنە قـوربانی، بەڕەوای نازانم ئەوە بەیاسـایەک قـەدەخـە بکرێ. ملیبـۆس(١٤)، بەپێی یاسـا، خـاوەنی گوێرەکـەکە دەتوانێ لە ماڵەکەی خۆیدا سەری ببڕێ و کوێشی بوێ بیسووتێنێ، ئەگەر زیان بەسەروماڵی کەس نەگـەیەنێ، بۆیـە، قـوربـانییـەکـەی بە پەرسـتنی ئاینی دەژمـێـردرێ. بەڵام ئاخـۆ خـوا لێی ڕازییـە، ئەوەیان ئەرکی بەندەکە خۆیەتی لێی ڕامێنێ؛ ڕۆڵی فەرمانڕەوا تەنیا ئەوەیە نەهێڵێ کۆمەڵگە زیانی بەرکـەوێ، سـەرومـاڵی کـەس زیانی پێ نەگـات. بەم شـێـوازە، دەکـرێ ئەوەی لە جـەژن و ئاهـەنگدا خـەرج دەکرێ، بکرێتـە قـوربانی. وەلێ ئەگەر دۆخـی گشـتـی وای خـواست کە بەرژەوەندیی دەوڵەت لەوەدایە تا مـاوەیەکی دیاریکراو مـاڵات سەرنەبڕدرێ، کـاتێک پەتایەک بڵاو دەبێـتەوە و دەویسـترێ مـاڵات زۆر ببنەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدا نییـە کـە فـەرمـانڕەوا بۆی هەیە ڕێ لە خـەڵکەکـەی بگرێ و نەهێڵی بەهیچ جۆرێک ماڵات سـەربڕن؟ بەڵام لەو بارەدا، یاسا، بۆ پرسێکی ئاینی دانەنراوە، بەڵکە بۆ پرسـێکی سـیـاسی، ئەوەی قـەدەخـەیە، قـوربانی نییـە، بگرە سـەربڕینی مـاڵاتـە بەگشـتـی. بەم شێوەیە دەبینی جیاوازییەکە؛ لە نێوان کلێسا و دەوڵەتدایە.

ئەوەی لەنێـو دەوڵـەتدا ڕەوایە، فـەرمـانڕەوا، بۆی نییـە لە کـلـێـسـادا حـەرامی بکات. ئەوەی بۆ هەمـووان ڕێ پێدراوە، ناشێ و ناکرێ لە کۆمەڵەیەکی ئاینیدا ڕێی لێ بگیرێ، ئەگەر کاهینەکانی ئەم گرووپە یان ئەوی تر، ویستیان وەک پرسێکی پیرۆز (ئاینی) بەکاری بێنن. ئەگەر یاسا ڕێی دا، مرۆڤ لە ماڵی خۆیدا نان و شـەراب بخوات، بەدانیشتنەوە یان لـەسـەر چۆک، یاسای مـەدەنی بۆی نییە هەمان کاری لە خواپەرستیدا لێ قەدەخە بکات، سەرەڕای ئەوەی بەکارهێنانی نان و شەراب، لێـرەدا سـەرومڕ جـیـاوازە، ئاخـر لە کلـێـسـادا لە کاتی سـرووتە پیرۆزەکـاندا بەکـار دەهێنرێ و مـانایەکی گـیـانیی هـەیە. ئەو شـتـانەی هەر بۆ خـۆیان زیانمەندن بۆ کـۆمـەڵگە و لە ژیـاندا بەیاساگەلێک لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا، قەدەخە کراون، ڕێگە نادرێ لە سرووتە ئاینییەکانی کلێـسـادا بەکار بهێنرێن، شـایسـتـەی ئەوەش نین سزادانیـان لەسـەر هەڵبگیرێ. بەڵام پێویسـتـە لەسـەر فەرمانڕەوایان تەواو ئاگەدار بن، بانگهێشـتنی بەرژەوەندیی گشـتی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کلێسا نەقۆزنەوە؛ بگرە بەپێچـەوانەوە: ئەوەی لە ژیانی ئاسـاییدا ڕەوا و ڕێگەپێدراوە، لە دەرەوەی بازنەی خـواپەرسـتـیدا، ناکـرێ بەیـاسـایەکی مـەدەنی لـە خـواپـەرسـتـیـدا یان لە شـوێنە

پیرۆزەکاندا، قەدەخە بکرێ.

دەڵێی: چۆنە ئەگەر کڵێسایەک مەیلێکی بتپەرستانەی هەبوو، دەبێ فەرمانڕەوا ڕێگەی بدات؟ وەڵامت دەدەمەوە: ئەوە کام مافە دەدرێتە فەرمانڕەوا تا کڵێسایەکی خودان مەیلێکی بتپەرستانە هەڵوەشێنێتەوە، لە کاتێکدا بەهیچ جۆرێک ئەو مافەی سەبارەت بەکڵێسایەکی خودان بیروباوەڕی دروست نییە؟ بۆیە دەبێ لە بیرت بێ، دەسەڵاتی مەدەنی، لە هەموو جێیەک، هەمان دەسەڵاتە، ئاینی هەر فەرمانڕەوایەکیش، بەلای خۆیەوە، ئاینێکی ڕاست و دروستە. هەر بۆیە، گەر ئەو دەسەڵاتە درایە فەرمانڕەوای مەدەنی لە کاروباری ئاینیدا، وەک ئەوەی لە جنێڤ هەبوو، دەتوانێ بەزەبری هێز و خوێنڕشتن ئەو ئاینە لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشێ کە لە وڵاتی ئەودا ناڕاستە، هەر بەگوێرەی هەمان ماف، فەرمانڕەوایەکەی وڵاتەکەی دراوسێ، دەتوانێ ئاینە دروستەکە، لە ڕەگەوەڕا هەڵتەکێنێ، تا دەگاتە، هەڵتەکاندنی ئاینی مەسیحی لە هیندستان، بۆ نموونە. دەسەڵاتی مەدەنی، یان دەکارێ هەموو شت بەئارەزووی پاشا بگۆڕێ، یان هیچی پێ ناکرێ. ئەگەر ڕێی پێ درا، شتێک بێنێتە نێو ئاینەوە بەزەبری یاسا یان بە هێزی تاقەتپڕووکێن و سزاگەل، ئیتر ناتوانرێ سنوورێکی بۆ دابنرێ؛ بگرە بەهەمان شێواز دەتوانێ چی بەلای خۆیەوە ڕاست بوو، بیسەپێنێ. نابێ بەهۆی ئاینەوە، کەس لە خێروبێرە زەوینییەکانی بێبەش بکرێ. نابێ ئەمەریکاییەکان(١٥) کە بندەستی فەرمانڕەوایەکی مەسیحین، لە ژیان و موڵک و ماڵ بێبەش بکرێن، گوایە باوەڕیان بەئاینی مەسیحی نییە. ئەوانە ئەگەر پێیان وایە خوا لێیان ڕازییە و بەهۆی سرووتەکانی باب و باپیرانیانەوە ڕزگار دەبن، پێویستە لێیان گەڕێن خۆیان و خوای خۆیان.

دەگەڕێمەوە خاڵی دەستپێک، کۆمەڵەیەکی مەسیحی، لە هەموو شت بێبەشن و دێن بۆ وڵاتێکی نامەسیحی؛ غەوارەکان لە خانەخوێکانیان دەپاڕێنەوە، پاروو نانێکیان بدەنێ پێی بژین. خەڵکەکە هاوکارییان دەکەن و ماڵوحاڵیشیان بۆ دادەنێن، هەردوولا یەک دەگرن و گەلێک پێک دێن. ئاینی مەسیحی زێدەتر ڕەگ دادەکوتێ، وەلێ هێشتە نەبووەتە بەهێزترین. ڕۆژگارێکی زۆر ئەو خەڵکە بەئاشتی و دۆستایەتی و متمانە و دادپەروەری ڕادەبوێرن. پاش ماوەیەک، فەرمانڕەوا، دەبێتە مەسیحی، بەمەش، مەسیحیگەل بەهێز دەبن. پشت دەکەنە هەموو ڕێککەوتن و بەڵێننامەیەک، مافە مەدەنییەکان پێشێل دەکرێن و لە سۆنگەی بنبڕکردنی بتپەرستییەوە، دەبینی، ئەو نامەسیحییانەی کە لایەنگری داد و ڕاستین، پابەندی ئاکارگەل و یاساگەلی مەدەنین، سەروماڵ و خاکی باب و باپیرانیان زەوت دەکرێ، ئەگەر واز لە سرووتە کۆنەکانیان نەهێن و سرووتە تازەکان پێڕەو نەکەن کە بەلایانەوە سەیرن. بەئاشکرا دەبینین، سەرگەرمی ئاینی تێکەڵ بەحەزی باڵادەستی، چییان لێ دەکەوێتەوە، دەبینین، چۆن چۆنی ئاین و ڕزگاربوونی نەفسگەل، دەبنە پاساوێکی هەرزان بۆ تاڵانوبڕۆ و چاوچنۆکی.

گەر لەو باوەڕەدای بتپەرستی (کوفر)، دەشێ بەزەبری یاساگەل، سزا، ئاگر و شمشێر، ڕیشەکێش بکرێ، دەتوانی ناوەکە بگۆڕی و خۆت بخەیتە شوێنی ئەوان. ئاخر لە ئەمریکا نابێ

موڵک و ماڵی بتپەرستان زەوت بکرێ هەروەک چۆن لە ئەوروپا، ڕێ نادرێ دەست بەسەر موڵک و ماڵی ئەو مەسیحییانەدا بگیرێ کە بۆچوونیان لەگەڵ کڵێساکانی وڵاتی خۆیاندا لێک ناچێ، هەروەها نابێ بەهۆی ئاینەوە، مافە مەدەنییەکان پێشێل بکرێن یان بگۆڕدرێن.

دەڵێی: بتپەرستی خەتایە (خطیئە)، بۆیە نابێ لێبووردە بین بەرانبەری، منیش وەڵامت دەدەمەوە: گەر بڵێی بتپەرستی خەتایە و پێویستە زۆر بەوردی خۆمانی لێ بپارێزین، ئەم بۆچوونەت ڕاستە، بەڵام گەر بڵێی بتپەرستی خەتایە و پێویستە فەرمانڕەوا سزایان بدات، بۆچوونەکەت هەڵەیە. ئاخر ئیشی فەرمانڕەوا نییە بەیاسا یان بەشمشێرەکەی سزای ئەوانە بدات کە پێی وایە خەتابارن بەرانبەر خوا. هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی ڕەزیلی (گیری) و یارمەتینەدانی لێقەوماوان و ئەو جۆرە شتانە، خەتان. وەلێ کێیە دەڵێ دەبێ فەرمانڕەوا سزایان بدات؟ هۆکارەکەش؛ نە زیان بەمافی خەڵکانی تر دەگەیەنێ نە ئاشتیی گشتی دەشێوێنێ. تەنانەت گەر بەخەتاش بێنە ژماردن، بەسزای یاسایی، ڕێیان لێ ناگیرێ. یاساگەل، هیچ لەبارەی درۆزنان و تەنانەت هەڵگەڕاوان لە بیروباوەڕیان، هیچ ناڵێ، مەگەر لە چەند دۆخێکی دەگمەندا نەبێ کە کارەکە پێوەندیی بەخوا و شوورەییی ئاکارییەوە نەبێ، بەڵکە زیان بەکۆمەڵگە یان پێکەوەژیانی مرۆڤەکان بگەیەنێ. باشە چ دەبێ ئەگەر بەلای پاشایەکی بتپەرست یان موسڵمانەوە، ئاینی مەسیحی، پووچ و کەمسەرنجدانی خوا بێ؟ ئاخۆ بۆی نییە، بەو پاساوە، مەسیحیگەل ڕیشەکێش بکات بەهەمان شێواز؟

دەڵێی: بەپێی شەریعەتی مووسا، پێویستە بتپەرستان (بێ ئاینان) دەربکرێن. وەڵامت دەدەمەوە: بەڵێ، شەریعەتی مووسا وەسا دبێژێ؛ بەڵام ئەوە، بەهیچ جۆرێک مەسیحیگەل پەیگیر ناکات. تۆ بۆت نییە ئەوەی بۆ جوو دانراوە، بیسەپێنی بەسەر هەموو خەڵکدا، پەنابردنیش بۆ جیاکارییە بەناوبانگەکەی – لێرەدا سوودی نییە – نێوان یاسای ئاکاری، دادوەریی و سرووتانی[16]، کەڵکت ناگرێ. دەستەواژەی "ئیسرائیل گوێ بگرە"، مانای وایە، شەریعەتی مووسا، تەنیا بۆ جووە. پێویستە ئەم وەڵامە، وەڵامێکی سەروەمر بێ بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بتپەرستان لەدار بدرێن بەپێی شەریعەتی مووسا. ئەم لایەنە زۆرتر ڕوون دەکەمەوە.

سەروەختی دەوڵەتی جوولەکە، بتپەرستان دوو جۆر بوون. یەکەمیان، ئەوانە بوون کە لەگەڵ ڕێوڕەسمە مووساییەکاندا ڕاهاتبوون و بووبوونە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتە، دواتر لە پەرستنی خواوەندی نەوەی ئیسرائیل پاشگەز بوونەوە، ئەمانە، وەک ناپاک و یاخی و ئەنجامدەری ناپاکیی مەزن، داوەری دەکران. چونکە کۆمەڵگەی جوولەکە، زۆر بەتەواوی جیاواز بوو لە کۆمەڵگەکانی تر لەو ڕووەوە کە کۆمەڵگەیەک بوو لەسەر بنەمای ئاین ڕۆنرا بوو، دەوڵەت، دەوڵەتێکی ئاینی بوو؛ بۆیە و نەدەکرا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان کڵێسا و دەوڵەتدا هەبێ، وەک ئەوەی پاش زاینی مەسیح هاتە ئارا. ئەو یاساگەلەش کە بۆ ئەو گەلە دانرا لەبارەی تەنیا خوایەکەوە کە بەچاو نابینرێ، یاساگەلێکی مەدەنی بوون و بەشێک بوون لە حکوومەتە سیاسییەکەی، خوا بۆ خۆشی دانەری

یاساکان بوو. ئەگەر توانیت، دەوڵەتێکم پێشان بدەی لە جێیەکی ئەم دنیایەدا لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆنرابێ، دان بەوەدا دەنێم کە کلێسا، تێکەڵ بەیاساگەلی مەدەنی بووە، بۆیە دەشێ یان دەبێ بەزەبری شمشێری فەرمانڕەوا، ڕێگە لە خەڵکەکەی بگیرێ، پەرستن و ڕێوڕەسمی بیانی پێڕەو بکەن. بەڵام شتێکی لەم جۆرە لە دەوڵەتێکی مەسیحی سایەی فەرمانڕەواییی ئینجیلدا نییە. من دەیسەلمێنم کە شانشینگەل و شارگەلێک هەن بوونەتە مەسیحی، وەلێ شێوەی فەرمانڕەواییە کۆنەکەیان پاراستووە، مەسیحیش، هیچ شتێکی لەو بارەیەوە لە شەریعەتەکەیدا نەسەپاندووە، ئەو، خەڵکی فێری باوەڕ و ڕەفتارگەلێکی وا کرد کە بەهۆیەوە خەڵکەکە ژیانی نەمرییان دەست بکەوێ، بەڵام دەوڵەتی دانەمەزراند، سیستمێکی تازەی فەرمانڕەواییی تایبەت بەنەتەوەکەی نەهێنا، شمشێری نەدایە دەست هیچ فەرمانڕەوایەک تا خەڵک ناچار بکات، ئەو ئاین و ئەم پەرستن پێڕەو بکەن، ڕێگەی لە خەڵک نەگرت لەسەر هەر ئاینێک بن.

دووەم: بیانی و غەوارەگەلی دەوڵەتەکەی نەوەی ئیسرائیل، ناچار نەکران بەزەبری هێز ڕێوڕەسمە مووساییەکان قەبووڵ بکەن، بگرە بەپێچەوانەوە، هاوکات لەگەڵ هەڕەشەی کوشتن لەو ئیسرائیلییانەی بووبوونە بتپەرست (سفری دەرچوون ٢٢: ٢٠، ٢١)، شەریعەتی مووسا بڕیار دەدات کە نابێ بیانییان تەنگەتاو بکرێن یان بچەوسێنرێنەوە. من دەیسەلمێنم هەقە ئەو حەوت گەلەی خاوەنی خاکی جێژوانی ئیسرائیلییەکان بوون، سەرلەبەریان بنبڕ بکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەنا کە بتپەرست بوون، ئەگەرنا بۆچی لە موئابییەکان و گەلە بتپەرستەکانی تر[١٧] خۆش بوون؟ لەگەڵ ئەوەشدا، خوا بۆ خۆی، بەشێوەیەکی تایبەت، پاشای گەلی عیبرانی بوو، بۆیە لەبەر پەرستنی خواوەندێکی تر لە دەوڵەتەکەیدا، لەسەر خاکی کەنعان، خۆی پێ ڕانەدەگیرا، چونکە ئەو جۆرە پەرستنە، بەڕاستی، ناپاکی بوو بەرانبەر خوا خۆی. ئەم جۆرە چاوپۆشینە، لەگەڵ سەروەریی "یەهوا"دا نەدەهاتەوە کە سەرومرِ سیاسییانە بوو. بۆیە هەر دەبوو هەرچی جۆرەکانی بتپەرستییە بۆ ئەودیو سنوورەکان دوور بخرێنەوە، چونکە ئەوە وەک دانانان بوو بەپاشایەکی تردا، واتە؛ دانانان بەفەرمانڕەواییی خواوەندێکی تردا لە دژی فەرمانڕەوایی و سەروەریی ڕەهای خوا.

هەروەها دەبوو بتپەرستان دەربکرێن تا ئیسرائیلییەکان بەتاقی تەنیا ببنە موڵکداری وڵات. هەر بەو هۆیەشەوە، نەوەکانی عیسۆ، لووت، ئیمیم[١٨] و هۆریم-ی لەنێوبرد، لەبەر ئەوەش، خاکەکەیانی دا بەداگیرکاران، وەک خوێنەر بەئاسانی ئەو باسانە لە ئیسحاحی دووەم لە سفری "یاسادانانی دووەم"دا دەخوێنێتەوە. وەلێ سەرەڕای ئەوەی بتپەرستی لە وڵاتی کەنعان دەرکرا، بەڵام هەموو بتپەرستێک نەکوژرا. یۆشع، بەڵێننامەیەکی لەگەڵ سەرلەبەری بنەماڵەی ڕاحاب، هەموو گەلی جبعۆن[١٩]، مۆر کرد و کەسی لێ نەکوشتن، لە کاتێکدا، لەنێو عیبرانییەکاندا، دیلگەلێکی بتپەرستیان تێدا بوو. داوود و سلێمان، ناوچەگەلێکی زۆریان لە دەرەوەی خاکی جێژوان گرت، تا ڕووباری فورات و کردیانە ویلایەتگەل. بەڵام لە نێو هەموو ئەو دیل و گەلانەدا کە کەوتنە بندەستی عیبرانییەکانەوە، نەمانبینی، وەک خوێندوومەتەوە، یەک بتپەرستیان سزا دابێ، سەرەڕای ئەوەی

هەر هەموویان بتپەرست بوون، کەسیان ناچار نەکرد، بەزەبری هێز و سزادان، بچێتە سەر ئاینی مووسا و خوای ڕاستی بپەرستێ.

خۆ ئەگەر یەکێک بووە جوولەکە و ویستی ببێتە هاووڵاتی، یاساکانی شانشینی ئیسرائیلی قبووڵ دەکرد، واتە؛ هاوکات دەچووە سەر ئاینەکەشیان. بەڵام هەر کەسێک ئەوەی بەئیرادەی و ڕەزای خۆی دەکرد، نەک بەزەبری هێزی فەرمانڕەوا. ملکەچ نەدەبوو، چونکە بەویستی خۆی بووبووە جوو، بگرە ئەوەی بەدەستکەوت دەزانی. هەر کاتیش بووە هاووڵاتی، ملکەچی یاساکانی دەوڵەت دەبوو کە لەنێو خاکی کەنعاندا، بتپەرستی حەرام کردبوو. وەلێ ئەم یاسایە، پێوەندیی بەناوچەگەلی دەرەوەی سنووری کەنعان و گەلانیانەوە نەبوو.

## بیروباوەڕ و کار

ئەوەی لەبارەی خواپەرستیی ڕووکەشەوە گوتمان، بەسە. ئێستە با لە بیروباوەڕ (ئیمان) ورد بینەوە.

هێندێک باوەڕگەلی کڵێسا، کردەنین(عملی) و هێندێکی تریان تیۆرین. هەرچەندە، هەردوو جۆرەکە لەسەر زانینی ڕاستی (حەقیقەت)، وەستاون، وەلێ تیۆرییەکە، بەدەرککردن کۆتاییی دێ و کردەنییەکەش، جۆرێک کاریگەری لەسەر ئیرادە هەیە(*). هەر بۆیە، باوەڕە تیۆرییەکان و کەرەسەکانی بیروباوەڕ (وەک ناویان لێ نراوە) کە تەنیا پێویستیان بەباوەڕ پێهێنانە، ناشێ بەهیچ جۆرێک، لە ڕێی یاسای مەدەنییەوە، بەسەر هیچ کڵێسایەکدا بسەپێنرێن. باشە سوودی چییە یاسایەک بسەپێنرێ کە مرۆڤ نەتوانێ کاری پێ بکات، با حەزیشی لە کارپێکردنی بێ؟ کە بڕوا دێنین بەوەی ئەم پرسە یان ئەوی تریان ڕاستە، ئەوە شتێکە ناچێتە چوارچێوەی ئیرادەمانەوە. زۆر لەسەر ئەو بابەتە ڕۆیشتووم. بۆیە با وای دابنێین مرۆڤ دان بەبڕواداریی خۆیدا دەنێ. خۆ ئەگەر درۆی کرد، ئەوە درۆ لەگەڵ خوا و خەڵکدا دەکات لە پرسی ڕزگاربوونی گیانی خۆیدا! ئای کە ئاینێکی دروستە! ئەگەر فەرمانڕەوا پێی وایە، بەو شێوەیە خەڵک ڕزگار دەکات، وا دیارە شارەزاییەکی ئەوتۆی لە ڕێگەی ڕزگاربوون نییە. خۆ ئەگەر لە پێناو ڕزگاربوونیاندا ئەوە ناکات، ئەدی ئەو هەموو توندییە چییە لە کەرەسەکانی ئایندا تا ئەو ئاستەی بەیاسا بیانسەپێنێ؟

سەرەڕای ئەوەش، فەرمانڕەوا بۆی نییە، نە ڕێ لە بۆچوونگەلێکی تیۆری بگرێ لە هیچ کڵێسایەک نە هەوڵی فێرکردنی بدات، چونکە کاری بەسەر مافە مەدەنییەکانی خەڵکەکەیەوە نییە. ئاخر گەر پاپاییەک (کاتۆلیکی) بڕوای وایە ئەوەی کەسێکی تر پێی دەڵێ نان، بەڕاستییەکەی جەستەی مەسیحە، بەم بڕوایەی زیان لە هاوسێیەکەی نادات. ئەگەر جوویەک بڕوای نییە "سەردەمی تازە" (ئینجیل)، قسەی خوا بێ، بەم بڕوایەی، هیچ مافێکی مەدەنییانەی ناگۆڕێ. ئەگەر بتپەرستێک گومانی لە هەردوو "سەردەمەکە" (تازە و کۆن) هەیە، نابێ سزا بدرێ گوایە هاووڵاتییەکی پاک نییە، دەشێ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و خێروبێری هاووڵاتییان، کاتی بن، جا

مرۆڤ بڕوای بەم پرسانە هەبێ یان نا. من ئامادەم دان بەوەدا بنێم کە ئەو بۆچوونانە هەڵە و ناماقووڵن. وەلێ یاساگەل، هەقی بەسەر ڕاستیی بۆچوونەکانەوە نییە، بەڵکە هەقی بەسەر ئاسایش و سەلامەتیی دەوڵەت و یەکەیەکەی خەڵکەوە هەیە. وا دیارە کەسیش بەم دۆخە خەمبار نابێ. ئاخر ڕاستی گەر لێی بگەڕێی خۆی کارەکەی خۆی ڕاپەڕێنێ، چاکی دەکات. ئەو، نە هاوکاریی هیچ کاربەدەستێکی پێویست بووە و نە پێویستی دەبێ، ئاخر کەم ڕێ دەکەوێ کاربەدەستان بیسەلمێنن یان پێی خۆشحاڵ بن. ڕاستی، هێزیشی پێویست نییە تا بچێتە عەقڵی خەڵکەوە، هەروەسا، بەیاسا فێری خەڵک ناکرێ. هێندە بەسە بۆ ئەم بابەتە. با بچینە سەر بۆچوونە کردەنییەکان.

ڕەفتاری جوان، بەشە کەمەکەی ئایینداری و خواپەرستیی ڕاستەقینە نییە، هەروەها پێوەستە بەژیانی مەدەنییەوە، بەوە، دەوڵەت و نەفسگەلی خەڵکەکەش ڕزگاریان دەبێ. بۆیە، کردارگەلی ئاکاری، هاوکات سەر بەهەردوو دادگەی دیار (دەرەکی) و دادگەی ناوەوەیە (ناوەکی)(٢٠)، ملکەچی هەردوو دەسەڵاتەکەشە: فەرمانڕەوای مەدەنی و فەرمانڕەوای خۆیی، مەبەستم: فەرمانڕەوای مەدەنی و ویژدانە. بۆیە، مەترسیی ئەوە هەیە یەکیان ئەوی تریان ببەزێنێ و ململانێ بکەوێتە نێوان پاسەوانانی ئاشتی و پاسەوانانی گیان. بەڵام گەر پێشوەختە، بەوردی سنووری هەر حکوومەتێک دیاری بکەین، هیچ ئاستەنگێک لەو ڕووەوە نایەتە پێش.

هەر یاسایەک، گیانێکی نەمری هەیە، دەتوانێ مرۆڤ دووچاری شادیی هەتاهەتایی یان دەردەسەریی هەتاهەتایی بکات، ڕزگاربوونی ئەو گیانە، لەسەر کردار و باوەڕی پێویست بۆ ئەو ژیانە وەستاوە تا خوا ڕازی بێ بەو پێیەی فەرمانی داوە. ئەمەشی لێ دەکەوێتەوە:

١- مرۆڤ، دەبێ پێش هەر شتێک، ڕەچاوی ئەو پرسانە بکات، لەسەرێتی، ئەوپەڕی هەوڵ و توانای بخاتە گەڕ، بۆ گەڕان بەشوێنیاندا و جێبەجێکردنیان، چونکە بەهیچ جۆرێک، هیچ شتێک نییە سەر بەم دۆخە کردەنییە بێ و بەراورد بکرێ لەگەڵ هەتاهەتایی (ئەبەدییەت).

٢- مادامەکی مرۆڤ بەپەرستنە هەڵەکانی، مافی خەڵکانی تر پێشێل ناکات و زیانیشیان پێ ناگەیەنێ، مادامەکی، دۆڕاندنی ئەو، زیان لە خۆشحاڵیی کەسانی تر نادات، کەواتە هەوڵی ڕزگاربوونی هەر مرۆڤێک بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. بەڵام نامەوێ وا تێ بگەن کە مەبەستم ئەوەیە هەر ورياکردنەوە و ڕێنوێنییەک نەمێنێ، یان هەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەگەلی خەڵک کە ئەمەیان ئەرکێکی مەزنە لەسەر هەر مەسیحییەک، نەمێنێ. هەر کەسێک دەتوانێ چەندی دەتوانێ ڕێنوێنیی خەڵکی تر بکات یان پاساو بێنێتەوە لە پێناو ڕزگاربوونی کەسێکی تردا، بەڵام نابێ هێز و زۆرەملێ بەکار بهێنرێ، نابێ هیچ شتێکیش بۆ باڵادەستبوون بکرێ. لەم پرسەشدا، کەس ناچار نییە بەقسەی هیچ ڕێنوێنییەکی کەسانی تر بکات مەگەر بەویستی خۆی بیەوێ. پرسی ڕزگاربوونی هەر مرۆڤێکیش، لە دەستی ئەو مرۆڤە خۆیدایە و خۆی بڕیاردەرە، چونکە پرسەکە پێوەندیی بەوەوە هەیە و ڕەفتاریشی زیان بەکەس ناگەیەنێ.

مرۆڤ، جگە لە گیانی نەمری، لەم دنیا ژیانیشی هەیە. ژیانێکە سەروخوار و کۆتاییەکەی دیار نییە، مرۆڤیش بۆ ئەوەی لەم سەرزەوینە بژی، پێویستی بەکەرەسەیلێکە کە دەستخستنیان، ماندوویەتی و دروستکردنی گەرەکە. ئەو شتگەلەی بۆ خۆشبژێوی و خۆشحاڵی زەروورن، لەخۆوەڕا نارِسکن، بۆیە مرۆڤ بایەخیان پێ دەدات و بۆیان ماندوو دەبێ. لەبارێکدا کە خەڵک هێندە کەم بن، زۆربەیان هەوڵ بدەن بەری ڕەنجی خەڵکی تر بخۆن، نەک بەری ماندووبوونی خۆیان، بۆیە ناچارن گرد ببنەوە، بۆ پاراستنی موڵک و ماڵ و سامانیان، هەروەها ئازادی و هێز و تواناشیان کە بەهۆیانەوە دەژین و هاوکاریی یەکتر دەکەن و هەر بەو کۆکردنەوەیەی تواناکانیش، مرۆڤ دەتوانێ شتە بەکەڵکەکانی ژیانی دەستکەوێ. هاوکات، هەوڵ و چاودێریی ڕزگاربوونی هەتاهەتایی هەرکەس بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە دەست کەوتنی، قازانج بەکەسێکی تر ناگەیەنێ و زیانیش؛ هیچ هێزێکیش نییە ئەو ئومێدەی مرۆڤ نەهێڵێ. وەلێ خەڵکی یەک کۆمەڵگەی مەدەنی کە پێکەوە دەژین و بەڵێنیان بەیەکتر داوە شتگەلی ژیان بپارێزن، کەچی دەشێ بەفێڵ یان بەتاڵانبردن بەدەستی هاوکارانیان، لەو شتانە بێبەش بکرێن، یان بەپەلامارێکی دەرەکی. چارەسەری شەڕی دووەمیان، پێوەستە بەسەرەنێزەی چەکەکان، سامان و ژمارەی هاوولاتیانەوە، بەلام چارەسەری شەڕی یەکەمیان، بەیاساگەل و چاودێریی ئەو پرسانە و توانای بەکارهێنانییان کە کۆمەڵگە داویەتییە دەست فەرمانڕەواگەل. ئەمەش بنەوانی پرسەکانە، سنووری دەسەلاتی یاسادانانە، کە دەسەلاتی بالایە[٢١]، لە هەر دەوڵەتێکدا، واتە: پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی و موڵکی تایبەتی هاوولاتییان و هەموو گەل بەرژەوەندییە گشتییەکانی، بەجۆرێک، زەوینە بۆ هەمووان ساز بێ تا لە ئاشتی و خۆشبژێویدا، گەشە بکەن، بەپێی تواناش، دڵنیا بن کە هێزێکی ئەوتۆیان هەیە لە پەلاماری دەرەکییان بپارێزێ.

کە ئەمە بڕیار درا، بەئاسانی لەو مەبەستانە تێ دەگەین؛ بۆچی دەبێ داڕشتنی یاساکان لە دەستی فەرمانڕەوادا بن، واتە؛ خێری گشتی لە کاروبارە زەوینی و دنیاییەکاندا، کە تەنیا هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵگە و تاکە مەبەستی دەوڵەتە هەر کاتێک دامەزرا، لەلایەکی ترەوە، لە کاروباری ئەو دنیادا (ئاخیرەت – دوارِۆژ)، مرۆڤگەل ئازادن: مەبەستم ئەوەیە؛ هەر کەسێک ئازادە هەرچییەک بکات کە بڕوای وایە خوا لێی ڕازی دەبێ، ئەو ڕازیبوونەی، ڕزگاربوونی مرۆڤگەلی لەسەر وەستاوە، چونکە گوێڕایەڵی، ئەرکی مرۆڤە، یەکەمین جار بەرانبەر خوا و دووەمینیش بەرانبەر یاساگەل. لەوانەیە بڵێی: چ دەبێ ئەگەر فەرمانڕەوا فەرمانێکی کرد و بەویژدانی کەسەکان، فەرمانێکی ناڕەوا بوو(*)؟ وەلام دەدەمەوە: ئەگەر دەوڵەت بەنیازپاکی بەڕێوە ببرێ، فەرمانەکانی فەرمانڕەوا لە پێناو خێری گشتیدا بوون، ئەو شتە بەدەگمەن ڕوو دەدات. بەلام گەر ڕێککەوت و ڕووی دا، من بەو کەسە دەڵێم کردارێک نەکات کە ویژدانی پێی دەڵێ کردارێکی خراپە، بەلام دەبێ خۆی لەبەر ئەو سزایەشدا بگرێ کە پێی وایە سزایەکی ناڕەوایە. چونکە بۆچوونی تایبەتی کەسێک لەبارەی یاساکەوە، لە کاروباری سیاسیدا، یان خێری گشتی، هیچ لە

هەواڵنامەی کتێب

پێویستیی پابەندبوونی، کەسەکان بەو یاسایەوە، کەم ناکاتەوە و لێخۆشبوونیشی تێدا نییە. بەڵام گەر یاساکە لەبارەی پرسگەلێکەوە بوو کە دەکەونە دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، بۆ نموونە وەک ئەوەی ڕقی لە گەل بێ، یان لە بەشێکی، یان چوونە نێو ئاینێکی بیانی و پێڕەوکردنی ڕێوڕەسمگەلی نوێ، ئەوانەی بەیاساکە ڕازی نین، دەتوانن پابەندیشی نەبن، چونکە کۆمەڵگەی سیاسی، تەنیا لە پێناو پاراستنی کاروبارە دنیاییەکانی مرۆڤدا دامەزراوە، نەک بۆ مەبەستێکی تر. ئاخر چاودێریی گیان و کاروبارە گیانییەکانی کە ئیشی حکوومەت نین و نابێ لە بندەستی حکوومەتیشدا بن، بۆ هەر کەسێک پارێزراون و تایبەتن بەو. پاراستنی ژیانی و ئەو شتانەی پێوەستن بەژیانییەوە، ئیشی دەوڵەتە، پاراستنیشیان بۆ خاوەنەکەی ئەرکی فەرمانڕەوایە، بۆیە ناشێ ئەو شتگەلە دنیاییانە، لەم مرۆڤە بسەندرێتەوە و بدرێتە ئەوی تر، وەک فەرمانڕەوا پێی خۆشە، ناکرێ موڵکایەتیی تایبەتی لە نێوان هاووڵاتییاندا، تەنانەت بەیاساش، جێگۆڕکێی پێ بکرێ، بەهۆیەک کە بەهیچ جۆرێک پێوەست نییە بەکاروباری مەدەنییەوە، مەبەستم ئاینە، چونکە ئاین، ڕاست بێ یان نا، زیان بەکاروباری دنیاییی هاووڵاتییان ناگەیەنێ کە تەنیا ئەو کاروبارەش ئیشی حکوومەتە.

دیسان دەڵێی: باشە چ دەبێ ئەگەر فەرمانڕەوا پێی وابوو ئەو یاسایە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدایە؟ من وەڵام دەدەمەوە و دەڵێم: وەک چۆن بۆچوونی کەسێنیی هەر کەسێک، گەر هەڵە بوو، لە پاندبوونی بەو یاسایەوە نابوێرێ، هەرواش فەرمانڕەوا بۆی نییە، بۆچوونی کەسێنی – وەک ناوم لێ ناوە – وەک یاسا بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێ، چونکە ئەو مافەی نییە، کۆمەڵگەش نابێ بیداتێ. نەبادا بەڕاستی فەرمانڕەوا ئەوە بکات لە پێناو دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی کەسە نێزیکەکانی و دەستوپێوەندەکەیدا لەسەر حسێبی خەڵکانی تر. ڕەنگە بپرسی: چ دەبێ گەر فەرمانڕەوا لەو باوەڕەدا بوو ئەو دەسەڵاتەی هەیە و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەشدایە، بەڵام خەڵکەکە دژە؟ باشە کێ داوەرییان دەکات؟ منیش وەڵام دەدەمەوە: تەنیا خوا؛ چونکە هیچ حوکمێک لەسەر زەوی لە نێوان یاسادانەر و گەلدا نییە. هەر بۆیە دەڵێم، تەنیا خوا دەتوانێ ناوبژییان بکات، هەر ئەویشە لەو دنیا (ئاخیرەت)، هەر مرۆڤێک شایستەی چی بێ ئەوەی پێ ڕەوا دەبینێ، واتە؛ بەگوێرەی دەستپاکی و چاکەکردنی لە کاتی خواپەرستی و هەوڵ بۆ ئاشتی و خێری گشتیدا.

جا دەڵێی: تا ئەوە ڕوو دەدات، دەبێ چی بکەین؟ منیش وەڵام دەدەمەوە: بایەخی مرۆڤ بەپلەی یەکەم دەبێ بەگیانی خۆی بێ، لە پێناوی ئاشتیدا هەموو هەوڵێک بدات، بەڵام خەڵکێکی کەم وا مەزەندە دەکەن کە دۆخی ئاشتی خراپ دەبێ لە ناوچەگەلێک کە هەموو شتێکیان تێدا بووەتە سارایەکی چۆڵ. خەڵک، دوو ڕێیان لە پێشە بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانیان: ڕێی دادپەروەری و ڕێی هێز؛ بەڵام هەردەم سروشتی شتەکان وایە، یەکێکیان لەو جێیەوە دەست پێ دەکات کە ئەوی تریان کۆتاییی هاتووە. سەرەڕای ئەوە، ئیشی من نییە بزانم ئاخۆ مافی فەرمانڕەوایان لەنێو هەر نەتەوەیەکدا تا کوێ درێژ دەبێتەوە، من تەنیا ئەوە دەبینم کە لە دنیادا چ دەگوزەرێ، لە کاتێکدا

ناوبژیوانێک نییە بڕیار لە ناکۆکییەکان بدات.

لەوانەیە پێم بڵێی: بەو پێیە کەواتە فەرمانڕەوا دەسەڵاتی هەیە و سەر لەوە ناکاتەوە کە ئیرادەی خۆی بسەپێنێ و مەبەستەکانی جێبەجێ بکات. منیش دەڵێم: بەڵێ، ئەوە ڕاستە. ئەو هەوڵانەی فەرمانڕەوا بۆ کاری چاک و دروست ڕەنگە سەر بگرێ، بەڵام مەرج نییە لە پرسە و کارگەلە گوماناوییەکاندا وابێ.

بەڵام بۆ چوونە نێو درێژە و وردەکارییەکانەوە دەڵێم:

یەکەم: فەرمانڕەوا بۆی نییە لێبووردە بێ بەرانبەر باوەڕگەلێک کە لەگەڵ کۆمەڵگە و ئاکاری چاک و پێویست بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیدا ناگونجێن. بەڵام نموونەی ئەوە لە کڵێساکاندا دەگمەنە. ئاخر هیچ گرووپێک شێتێتییان ناگاتە ئەو ئاستەی کە پێی باش بێ باوەڕگەلێک بەناوی باوەڕگەلی ئاینییەوە، فێری خەڵک بکات کە بنچینەکانی کۆمەڵگە بخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەو کاتە دەبێتە مایەی سەرکۆنەکردن لەلایەن هەموو مرۆڤایەتییەوە و بەرژەوەندی و ئاشتی و ناوبانگیشی دەکەوێتە مەترسییەوە.

دووەم: دواتر شەڕێکی شاراوەتر هەیە، بەڵام شەڕێکی زۆر مەترسیدار لەسەر کۆمەڵگە، کاتێک خەڵک، دەستکەوتێک بەخۆیان و لایەنگوانی مەزەبەکەیان بەڕەوا دەبینن کە لەگەڵ یاسای مەدەنیدا ناگونجێ. هەرچەندە بۆ خۆڵ لە چاو کردن، بەقسەی خواروخێچ دەیشێرنەوە. بەدەگمەن نەتەوەیەک دەبینی، ئازایانە و ڕاشکاوانە وا بزانن، بیروباوەڕ(**)، نابێ بپارێزرێ، هەر گرووپێک بۆی هەیە شازادە لەسەر تەخت لابدات، یان وا بزانن هەموو شتێک تایبەتە بەخۆیان و لە بندەستی خۆیاندایە. ئاخر ئەم بیرۆکانە، ئەگەر بەم ڕاشکاوییە بگوترێن، سەرنجی فەرمانڕەوا ڕادەکێشن، چاوی بێداریی دەوڵەت دەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێ لە تەشەنەکردنی ئەم شەڕە شاراوەیەی هەناوی بگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەوەگەلێک دەبینین ئەو قسانە دەکەن، وەلێ بەدەستەواژەیلی تر. ئەگەرنا، مەبەستی ئەوانە چییە کە دەزانن نابێ بەڵێن لەگەڵ هەرتووقییەکاندا بپارێزرێ؟ مانای وایە، بێگومان، مافی خۆیانە بەڵێن هەڵوەشێننەوە؛ چونکە بڕیاریان داوە، هەموو ئەوانەی لەسەر مەزەبی وان نین، هەرتووقین، یان لانی کەم، چ کاتێکیان بەشیاو زانی، دەتوانن بەڵێنەکە هەڵوەشێننەوە. لابردنی پاشاگەل(٢٢)، ئەوەی بڕیاری "بێبەریکردن"یان دراوە، مانای چییە ئەگەر دەستبەسەراگرتنی مافی لادانی پاشاگەل نەبێ، بەمەش، مافی دەرچوواندنی بڕیاری "بێبەریکردن" تایبەت دەکەن تەنیا بەکاهینەکانیان؟ ئەوانەی دەڵێن سەروەری لەسەر لوتف (gratia) دەوەستێ، قسەیەکە دواجار خودانی ئەم بۆچوونە داوا، بگرە بانگەوازی دەستخستی هەموو شت دەکەن، چونکە هێندە خاکی نین تا بڕواهێنان ڕەت بکەنەوە، یان ڕای بگەیەنن کە تەنیا ئەوانن لە خواترس و بڕوادار. ئەوانە و هاوشێوەکانیان، هەرچی دەستکەوت و دەسەڵاتێک هەیە لە کاروباری مەدەنیدا، بەئایندارێکی بیروباوەڕڕاست، واتە بەخۆیانی، ڕەوا دەبینن، یان ئەوانەی بەنێوی ئاینەوە وا پێشان دەدەن، گوایە، هەموو دەسەڵاتێکیان بەسەر ئەو خەڵکانەدا دەشکێ کە لەسەر مەزەبی

ئەوان نین، یان لێی جیا بوونەتەوە ئەوانە مافی ئەوەیان نییە، فەرمانڕەوا لێیان ببوورێ، ئەوانەش کە ڕازی نین بەرانبەر ئەوانەی لە مەزەبەکەیان جیا بوونەتەوە، لێبووردە بن. چونکە مەبەستی ئەوانە و هاوشێوەکانیان، هەر دەرفەتیان بۆ ڕەخسا هێرش بکەنە سەر یاساگەلی دەوڵەت و ئازادیی هاوولاتییان و موڵک وماڵیان، تەنیا بۆ لەخشتەبردنی فەرمانڕەواش، باسی ئازادی و لێبووردەیی دەکەن، تا ئەو کاتەی هێز و هەرەکەتی ئەو هێرشەیان دەبێ.

سێیەم: کڵێسایەک ئەگەر کەسێکی تری وەرگرت، بەو وەرگرتنە، کڵێساکە خۆی بووە خزمەتکار و گوێڕایەڵی شازادەیەکی(ئەمیر) تر و هەق نییە، فەرمانڕەوا لێی ببوورێ. دەنا وەک ئەوە وایە، فەرمانڕەوا، دەسەڵاتێکی بیانیی لەنێو سنووری دەوڵەتەکەیدا قوت کردبێتەوە و ڕێی بەهاوولاتیانی خۆی داوە دژایەتیی دەوڵەتەکەی بکەن. بۆ چارەسەری ئەو شەڕە، جیاکردنەوەی کۆشک و کڵێسا، دەرمانێکی بەسەرچووی بێ کەڵکە، چونکە هەردووکیان، کۆشک و کڵێسا، لە بن دەسەڵاتی ڕەهای هەمان کەسدان، کە نەک دەتوانێ هەرچییەکی بوێ بەسەر کڵێسایدا بسەپێنێ، بەو پێیەی گوایە کاروباری گیانی (ڕۆحانی)ین، بگرە دەیسەپێنێ بەبیانووی ئەوەی سزای جێبەجێنەکردنی دۆزەخە. بێهوودەیە مرۆڤێک تەنیا لە ڕووی ئاینییەوە بڵێ موسڵمانم، لەوە بترازێ، هاوولاتییەکە لە بن دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەکی مەسیحیدا، کەچی هاوکات، گوێڕایەڵی موفتی قوستەنتینییە بێ کە ئەویش لای خۆیەوە بەتەواوی گوێڕایەڵی سوڵتانی عوسمانییە، پێڕەوەکانی ئاینەکەشی بەفەرمانی سوڵتان بەڕێوە دەچێ. وەلێ ئەو تورکەی لەنێو مەسیحییاندا دەژی، زۆرتر حکوومەتی مەسیحی ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر ببینێ، هەمان کەس سەرۆکی کڵێسا و فەرمانڕەوای بالای ولاتیشە.

چوارەم: دواجار، لێبووردەیی بەرانبەر ئەوانەی نکووڵی لە بوونی خوا دەکەن، کاری نەکردەیە و بەهیچ جۆرێک ناگونجێ. چونکە، بەڵێنگەل، ڕێککەوتننامە و سوێندگەل، ڕایەڵەکانی نێو کۆمەلگەی مرۆڤایەتین، هیچ یەکێک لەمانە، ڕێز و حورمەتێکیان نییە بەلای خەڵکی بێ ئاینەوە (ملحد)، ئاخر دوورخستنەوەی خوا، گەر تەنیا بەهزریش بێ، هەموو شتێک حەلاڵ دەکات. سەرەڕای ئەوە، بێ ئاینی، ڕەتکردنەوەی هەموو ئاینێکە، بۆیە بێ ئاین، بۆی نییە بەنێوی ئاینەوە، داوای لێبووردەیی بکات. بەلام هەموو بۆچوونەکانی تر، با هەڵەشیان تێدا بێ، ئەگەر ئامانجیان بالادەستی بەسەر خەڵکانی تر و پارێز (حصانە)ی مەدەنی نەبوو، هیچ پاساوێک نییە بەرانبەر کڵێساکانیان(٢٣)، لێبووردەیی نەنوێنرێ.

ماوەتەوە چەند وشەیەک لەبارەی ئەو کۆمەلانەوە بڵێم کە پێیان وایە توندترین ئاستەنگ دەخەنە سەر ڕێی مەزەبی لێبووردەیی. چونکە بەگشتی، برێتین لە کونجگەلی یاخیبوون و لانەی هەڵهێنانی فەرتەنە(گۆنگەر – فیتنە). ڕەنگە ڕۆژێک وا بووبێتن(٢٤)، بەلام هۆکارەکەی دەرد و دوویەکی خۆیی نەبووە، بەڵکە بەهۆی لێدان و پێشێلکردنی ئازادییەوە بووە، ئەم تۆمەتانە، پێویستە دەمودەست بوەستن، ئەگەر یاسایەک داڕێژرا بۆ لێبووردەیی بەرانبەر ئەوانەی شایستەیانە، تێکڕای کڵێساکان ناچار پەیگیر (الزام) بکات کە بەرانبەر ئەوانی تر، لێبووردە بن، بەو پێیەی لێبووردەیی،

بنەوانی ئازادیی خۆیەتی، تەنانەت بەرانبەر ئەوانەی لە ڕووی ئاینییەوە لێیان جیا بوونەتەوە، یاساکە ئەوەشی تێدا بێ کە نابێ لە کاروباری ئایندا، کەس ناچاری کارێک بکرێ بەهۆی یاسا یان هێزەوە. بڕیاردان لەسەر بنەمایەکی ئەوها، دەبێتە هۆی نەمانی هیچ جۆرە سکاڵا و هاوارهاوارێک سەبارەت بەویژدان، خۆ ئەگەر ئەم هۆکارانەی پشێوی و ڕکابەرییە هەڵگیران، لەنێو ئەو کۆمەڵانەدا کەسانێکی وایان تێدا نییە کەمتر ئاشتیخواز بێ و زیاتر لە هەر کۆمەڵێکی تر، جا هەر کێ بن، حەزی لە تێکدانی ژیانی سیاسی بێ.

بەڵام با بەخێرایی چاوێک بەسەرانی ئەو تۆمەتانەدا بگێڕین.

ئینجا دەڵێی: کۆڕ و کۆمەڵەکان، مەترسین لەسەر دەوڵەت و هەڕەشەن لە ئاشتی. وەڵام دەدەمەوە: ئەگەر پرسەکە ئەوها بێ، ئەدی ڕۆژانە ئەو حەشاماتەی بازاڕ چییە، ئەدی گردبوونەوەکانی نێو دادگەکان، بۆچی خەڵک دەچنە نێو سەندیکاگەلەوە، ئەو قەرەباڵخییەی نێو شارەکان چییە؟ دەڵێی: ئەوانە کۆمەڵگەلێکی مەدەنین، ئەوەی ئێمە پێی ڕازی نین، گردبوونەوەکانی نێو کڵێساگەلە. وەڵام دەدەمەوە: ئاخۆ دەڵێی ئەو کۆبوونەوانەی لە کاروبارە مەدەنییەکانەوە دوورن، دەبێ تێک بدرێن؟! ئینجا دەڵێی: کۆمەڵە مەدەنییەکان، لە کەسانێک پێکهاتوون کە ڕاوبۆچوونی جیاوازیان تێدایە، بەڵام کۆبوونەوەکانی کڵێسا، کۆبوونەوەی کەسانێکە کە هەر هەموویان لەسەر مەزەبێکن. وەڵام دەدەمەوە: ئاخۆ ڕێککەوتن لەبارەی پرسە ئاینییەکان و ڕزگارکردنی گیانەوە، پیلانێکە دژی دەوڵەت؟! خەڵک نەک کەمتر، بگرە زۆرتر کۆک دەبن کاتێک ئازادیی کۆبوونەوەی ئاشکرایان کەم دەکرێتەوە. دیسان دەڵێی: لە کۆمەڵە مەدەنییەکاندا، هەموو مرۆڤێک ئازادە بچێتە ژوورەوە، بەڵام کۆمەڵە ئاینییە نهێنییەکان[٢٥] (Conciliabila)، بۆ پیلانی نهێنی لەبارترن. وەڵام دەدەمەوە: ئەوە ڕاست نییە کە گوایە کۆمەڵە مەدەنییەکان لە بەردەم هەمووواندا کراوەن، چونکە سەندیکاگەل و هاوشێوەکانیان، بەو شێوەیە نین. خۆ ئەگەر مەبەست هێندێ کۆمەڵی ئاینی تایبەتی بێ، من دەپرسم: لەوەدا دەبێ لۆمەی کێ بکرێ، کێن ئەوەیان دەوێ، کێن ڕێ لە بەئاشکراییبوونی دەگرن؟ ئینجا دەڵێی: بەشداری (Communio) لە کاروباری ئاینیدا، بەهێزترین ڕایەڵەی نێوەخۆییی نێوان عەقڵی خەڵکە، بۆیە مەترسیدارترینیانە. وەڵام دەدەمەوە: ئەمەش بەشێک نییە لە دەوڵەت، ئەدی سەرۆکی هەموو گەل نییە؟ لەبەر ئەوە لێگەڕێن با ڕاشکاوانە قسان بکەین. فەرمانڕەوا، لە کڵێساکانی تر دەترسێ، بەڵام لەو کڵێسایەی خۆی سەر بەوە، ناترسێ، چونکە مەرایی بۆ ئەمیان دەکات و لەوی تریان دڕدۆنگە. وەک منداڵی خۆی مامەڵەی ئەمیان دەکات و نازی دەکێشێ، وەک کۆیلەش لەگەڵ ئەوی تریان هەڵسوکەوت دەکات، سەرەڕای ئەوەی ڕەوتاری لایەنگرانی هیچ کەموکورتییەکی تێدا نییە، وەلێ بەکاری قورس، بەندکردن، ماڵ داگیرکردن و کوشتن، پاداشتیان دەداتەوە. مەرایی بۆ کڵێسایەک دەکات و کڵێساکانی تر دەچەوسێنێتەوە لە هەموو بۆنەکاندا. دەبا دۆخەکە ئاوەژوو بکاتەوە، یان کارێک بکات، تێکڕای هاووڵاتییان، لە مافە مەدەنییەکاندا یەکسان بن، ئەوکات، هیچ بیانوویەک بەدەستەوە نامێنێ، لە کۆمەڵە ئاینییەکان

زیاتر بترسی وەک لە کۆمەڵەکانی تر: چونکە ئەگەر خەڵک بیریان لە فەرتەنەنانەوە کردەوە، ئەوە ئاین نییە دەبێتە پاڵنەریان، بەڵکە کوێرەوەریی خەڵکە ستەمدیدەکەیە. خەڵکی دەوڵەتە دادپەروەر و میانڕۆکان، بەئاشتی و ئاسوودەیی دەژین؛ وەلێ خەڵکی ئەو دەوڵەتانەی لە بن جەور و ستەمدا دەناڵێنن، نێچیرێکی هەمیشەیی ناکۆکی و ململانێگەلن. من دەزانم فەرتەنە زۆرن، لە زۆریشیاندا، ئاین دەکرێتە بیانوو؛ ئاخر خەڵکێکی زۆر سەبارەت بەئاینیان سزا دەدرێن، بەڵام بڕوام پێ بکە، ئەم ئاکارە، تایبەت نییە تەنیا بەکۆمەڵە کڵێسایی و ئاینییەکان، بگرە ئاکاری هەموو ئەو خەڵکەیە کە لە بن زوڵم و زۆردا دەنرکێن، بۆیە ناچارن بارە گرانەکە لە کۆڵی خۆیان بکەنەوە. ڕات چییە با جارێ ئاین لەولاوە دانێین، ئەگەر بەگوێرەی جەستە جیاکاریمان کرد، قژڕەشە چاو کەوییەکانمان خستە شوێنی زاڵمان، بەجۆرێک نەتوانن ئازادانە بکڕن و بفرۆشن، ڕێگەشیان پێ نەدرێ لە هونەر و پیشەسازیدا کار بکەن، باوکان نەنوانن ڕۆڵەکانیان بەخێو و پەروەردە بکەن، ڕێی بازاڕیان لێ بگیرێ، حوکمەکانی دادگەیان لەسەر توند بکەن پێت وانییە دادوەر ترسی زیاتر دەبێ لەوانەی زوڵمی لێکچوونی قژ و چاویان یەکیان دەخات، لەوانەی ئاین یەکی خستوون؟ هێندێک لە کۆمپانیاگەلی بازرگانیدا لە پێناو قازانج و ساماندا یەک دەگرن؛ هێندێکی تر لە پێناو خۆشگوزەرانی و بەسەربردنی کات یەک دەگرن، خەڵکێکی تر هاوسێ یان هاوشاری یەکیان دەخات، خەڵکێکیش ڕێوڕەسمەکانی ئاین گردیان دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی گەل لەسەر یاخیبوون و فەرتەنە یەک دەخات: ستەم و چەوسانەوەیە.

دیسان دەڵێی: چی، دەتەوێ خەڵک کۆ بنەوە و ئەرکە ئاینییەکانیان جێبەجێ بکەن بێ ئەوەی فەرمانڕەوا ڕازی بێ یان بێ ئیرادەی ئەو؟ وەڵام دەدەمەوە، باشە بۆ دژی ئیرادەی ئەوە؟ کارەکەی ئەو خەڵکە، ئەرکە و ڕەواشە. دەڵێی: دژی ئیرادەی فەرمانڕەوا؟ ئاخر ئەمەیە منی تێک داوە؛ ئەمە سەرچاوەی شەڕە و کارەساتی بەسەر وڵاتماندا هێناوە. باشە بۆچی ڕەوایی گردبوونەوەکانی کڵێسا لە ڕەوایی گردبوونەوەکانی شانۆ یان یاریگە کەمترە؟ گردبوونەوە لە کڵێسا، خراپتر و قەرەباڵغتر نییە لە هیچ جێیەکی تر. دواجار هەموو پرسەکە دەگەڕێتەوە بۆ: ئەوانە سووکایەتییان پێ دەکرێ بۆیە دان بەخۆیاندا ناگرن. جیاکارییە یاساییە زاڵمانەکان هەڵگرە لەسەریان، یاساکان بگۆڕە، سزاکانی سەریان هەڵوەشێنەوە، هەموو شت دروست و ڕێک دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش، ئەوانەی لە ئاینی فەرمانڕەوا جیا دەبنەوە، خۆیان وا دێتە پێش چاو ڕێزیان زیاترە، بۆیە دەبێ زیاتر پارێزگاری لە ئاشتیی وڵات بکەن، چونکە بارودۆخیان لە هەموو شوێنێک چاکترە، هەموو کۆمەڵە جیابووەکان، وەک پارێزەرانی ئاشتیی گشتی، زیاتر ئاگەداری هەڵسوکەوتی ئەوانی تر دەبن، پیلان لە شتی تازە ناکات، نایەوێ شتەکانی حکوومەت بگۆڕێ، چونکە چاویان لە ژیانێکی باشتر لەوەی ئێستایان نابێ، مەبەستم؛ یەکسانییانە لەگەڵ برا هاونیشتمانەکانیان لە سایەی فەرمانڕەواییەکی دادپەروەر و میانڕۆدا.

ئەگەر کڵێسای هاوئاینی فەرمانڕەوا، پشتیوانی سەرەکیی حکوومەتی مەدەنی بێ، بەتەنیا

هۆکـارێک – وەک پێـشـتـر باسـمـان کرد – ئەوەیش ئەوەیە کـە فـەرمـانڕەوا پیـاوێکی چاکـە و یاساکانیش وەک خۆی لەبارن – دەزانی دەوڵەت چەند مەزنتر و تۆکمەتر دەبێ کاتێک خەڵکەکەی، جـا سـەر بەهـەر کـڵـێسـایەک بن، هەست بەهەمـان چاودێریی فـەرمـانڕەوا و یەکسـانیی بەردەم یاسـاگەل دەکەن، بێ ئەوەی بەهۆی ئاینەوە جیا بکرێنەوە! ئەودەمـە، تەنیا تاوانبـاران و تێکدەرانی ئاشتیی مەدەنی، لە یاساکان دەترسێن.

بۆ گەیشتن بەئەنجامێک، دەڵێم ئەوەی داوای دەکەین، ئەو مافانەن کە دراونەتە هاوولاتییانی تر. ئاخۆ ڕێ بەخواپەرستی دەدرێ بەشێوازی ڕۆمـا؟ دەبا ڕێ بەشێوازی جنێڤیش بدرێ[٢٦]. گەر ڕێ بەزمـانی لاتین دەدرێ لە بازاڕدا، دەبا ڕێ بدرێ لە کلێسـاشـدا قسـەی پێ بکرێ. ئەگـەر کەسـێک بۆی هەیە لە مـاڵی خـۆیدا، بچەمێـتـەوە، هەسـتێ، دانیشـێ، وا و وا بجـووڵێتـەوە، جلکی سپی یان ڕەش بپـۆشـێ، کـورت بێ یان درێژ؟ کـەواتە نـابێ خـواردنـی نان، یان خـواردنەوەی شــەراب، یان خۆشووشتن بەئاو لە کلێسادا، قەدەخە بکرێن، با ئەوانەی یاسا لە ژیانی ئاساییدا ڕێیان پێ دەدا، بۆ کلێساکانیش لە خواپەرستیدا، ڕێپێدراو بن. نابێ ڕێ بدرێ بەو هۆیانەوە، زیان بەسەر و ماڵ و سامـانی خەڵکێک بگەیەندرێ. لە وڵاتی خۆت ڕێ بەکلێسایەک دەدەی کە بەسیستمی شێخایەتی (Presbyterorum) بەڕێوە دەچێ، ئەدی بۆچی ڕێ بەکلێسایەکی سیستمی قەشایەتی[٢٧] نادەی بۆ ئەو کەسانەی ئەوەیان دەوێ؟ دەسـەڵاتی کلێسا، لە دەسـتی تاکەکەسێکدا بێ یان چەند کەسێک، جیـاوازیی نییـە، چونکە هیچ پێوەندییەکی بەکاروبـاری مـەدەنییـەوە نییـە، دەسـەڵاتێکی بەزۆر و بێتـاقەتکەریشی نییە، سـامـان و دەسکەوتگەلی سـالانە، پێوەندیی بەسیستمی کلێساوە نییـە و تاقیکردنەوەکانیش سەلماندوویانە، گردبوونەوەکانی کلێسا و ڕێنوێنیگەل، بەپێی یاسا ڕێگەیان پێ دراوە. خـۆ ئەگەر ڕێی گردبوونەوە بەکلێسـایەک یان بێ ئاینان دەدەی، بۆچی بەهەمـووانی نادەی؟ ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکی ئاینیدا، پیلانێک داڕێژرا دژی ئاشـتیی گشـتی، پێویسـتە بەهەمـان ئەو شـێوازە سـەرکوت بکرێ ئەگەر ئەو پیلانە لە بـازاڕدا دابڕێژرایە، ئەگـەر ڕێنوێنیـیـەکی کلـێسـا فەرتەنەیەکی نایەوە، پێویسـتە سزاکەی وەک ئەو فەرتـەنانە بێ کە لـە بازاڕدا دەنرێنەوە، نابێ ئەو کۆبوونەوە و گردبوونەوانە ببنە مینبـەر و لانەی پاراسـتنی پیـلانگێڕان و فـەرتەنەچییـان. لەلایەکی ترەوە، نابێ ڕەوایەتیی کـۆبوونەوەکانی کلێسـا لە ڕەوایەتییی هۆڵەکانی کۆبوونەوە (Curia) کەمتر بێ، هـەروەها نابێ کـۆبوونەوەی هـێندێک هـاوولاتی لە کـۆبوونەوەی هـاوولاتیگەلێکی تر گـومـانی زیاتری لێ بکرێ. نابـێ کەسێک بەهەڵەی خـەڵکی تر بسـووتێ و ببێتـە جێی گومـان، مرۆڤ، دەبێ تەنیـا هەڵەی خـۆی بخـرێتــە ئەسـتـۆی. ئاژاوەگـێـڕان، خـوێنڕێژان، بکوژان، دزان، چەتەگـەل، زیناکاران، درۆزنان، زمانلێدەران و هاوشێوەکانیـان، سەر بەهەر کلێسـایەک بن، نیشـتمـانی یان نانیشـتمـانی، دەبێ سـزا بدرێن و نەهێڵدرێن. بەڵام ئەوانەی خاوەنی باوەڕێکی بێوەین، ڕەفتاریان پاک و بێ خـەوشـە، دەبێ لەگەڵ برا هـاوولاتییـەکانیـاندا یەکسـان بن. ئەگەر ڕێ بەخـەڵکێک دەدرێ کـۆبوونەوەی فـرەوان سـاز بکەن، جـەژنان بگێـڕن، خـواپەرسـتـیی بەکـۆمـەڵ و گوتـار بخـوێننەوە

پێویستە وەک ئەوان، ڕێ بەهەموو ئەو ڕێوڕەسمانە بدرێ بۆ لۆمەکەران(Remonstranti) و لۆمەنەکەران یان دژەلۆمەکاران (Antiremonstranti) و لۆتەرییەکان و تازەکارانی پاکژی (Anabaptistate) و سۆکینانییەکان (Sociniani).

بۆ ئەوەی ڕاستی بڵێین، وەک هەر مرۆڤێکی تر، نابێ بێ ئاین یان موسڵمان یان جوو، بەهۆی ئاینیانەوە، لە دەوڵەت دوور بخرێنەوە. ئینجیل فەرمانی شتی وای نەکردووە. کڵێسا کە فەرمان بەو کەسانە نادات لە دەرەوەی کڵێسان، (نامەی یەکەم بۆ خەڵکی کۆرنتۆس، دەستەواژەی ١٢، ١٣)، ئەوەی ناوێ. دەوڵەت کە خەڵک وەک خەڵکێکی بێوەی و کارگوزار تەماشا دەکات، پێویستی بەوە نییە. باشە ڕێ بەبتپەرستان دەدەی لە وڵاتەکەتدا بازرگانی بکەن، ئەدی ڕێی ڕێوڕەسم و سرووتەکانیان بۆچی لێ دەگری؟ ڕێ بەجوو دەدەی ماڵوحاڵی تایبەتیان هەبێ؛ ئەدی بۆچی ڕێ بەپەرستگەکانیان نادەی؟ بڵێی باوەڕەکەیان زۆر خراپ و ناڕاستتر و خواپەرستییەکەیان ناشیرنتر بێ، کۆبوونەوەشیان ئەگەر لە پەرستگەکانیان بێ مەترسیدارترە وەک لەوەی لە ماڵە تایبەتەکانیاندا بێ؟ ئەگەر ڕێی ئەم جۆرە پرسانە بدرێ بە جوو و بتپەرستان، ئاخۆ دەبێ دۆخی مەسیحیگەل لە دەوڵەتێکی مەسیحیدا خراپتر بێ؟ دیسان دەڵێی: بەڵێ بەدڵنیاییەوە، چونکە ئەمان (مەسیحیگەل)، فەرتەنەچیتر و ئاژاوەچیتر و شەڕانگێزترن. منیش وەڵام دەدەمەوە: ئاخۆ ئەوە هەڵەی ئاینی مەسیحییە؟ گەر وابێ، کەواتە ئاینی مەسیحی، خراپترین ئاینە، نابێ خەڵک ببنە مەسیحی، نابێ دەوڵەتیش لێبووردە بێ بەرانبەری. ئاخر گەر ئەوە گیان و سروشتی ئاینی مەسیحی بێ، تێکدەر و وێرانکەری ئاشتیی مەدەنی بێ، کەواتە ئەو کڵێسایەی فەرمانڕەواشی لەسەرە و چاودێریی دەکات، هەموو کات بێوەی نییە. بەڵام هەرگیز ناشێ شتێکی ئەوها بەرانبەر ئاینێک بڵێین کە دژی چاوچنۆکی، هەڵپەهەڵپ، ناکۆکی، ململانێ و حەزە دنیاییەکانە، ئاینێک، لە هەموو ئاینەکانی تر زیاتر داوای خاکەڕایی و ئاشتی دەکات. لەبەر ئەوە، پێویستە بەشوێن ئەو هۆکارەدا بگەڕێین کە وای کردووە ئەم هەموو شەڕە بدرێتە پاڵ ئەو ئاینە و ئاینەکەش دابەزێنرێ بۆ ئاستی ئەو شەڕانە. گەر بەوردی بڕوانین، دەبینین هەموو هۆکارەکە ئەو بابەتەیە کە من باسی دەکەم. جیاوازیی بیر و بۆچوونەکان نییە کە ئاینەکە ناتوانێ خۆی لێ لابدات، بەڵکە نالێبووردەییە بەرانبەر ئەوانەی بیر و بۆچوونیان جیاوازە – کە دەتوانرا لێبووردە بێ بەرانبەریان –، ئەو بابەتەیش نەدەبووە هۆکاری ئەو هەموو ناکۆکی و شەڕوشۆڕەی دنیای مەسیحی بێ بەهۆی ئاینەوە. سەرانی کڵێسا، بەبرەودانیان بەچڵێسی و حەزی باڵادەستبوون و بەکارهێنانی هەموو کەرەسەیەک لە پێناو وروژاندن و خرۆشاندنی فەرمانڕەوا و چاوچنۆکییەکانی، تا ئەو ئاستەی لە بەردەمیاندا خۆی پێ ڕانەگیرێ، گەلیش، کە هەردەم بەلای ئەفسانەگەلدا دایدەشکێنێ و مەیلی لێیانە، بۆیە بێ عەقڵە، دەڵێم: وروژاندن و خرۆشاندنی فەرمانڕەوا و گەل پێکەوە بەدژی ئەو کڵێساگەلانەی (مەزەبگەلانەی) لەگەڵ کڵێسادا جیاوازن و ڕێنوێنیکردنی خەڵک – ئەڵبەت پێچەوانەی یاساگەلی ئینجیل و خۆشەویستی و چاکە – گوایە ڕووتاندنەوەی لادەران (جیابووەکان – Schismaticos) و هەرتووقییەکان (بیدعەکاران – Hereticos) و لەنێوبردنیان، ئەرکێکی ئاینییە،

بەمەش دوو پرسی زۆر جیاوازیان تێکەڵی یەکتر کرد: کڵێسا و دەوڵەت.

بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکێک کە بە کار و ڕەنجی خۆی موڵک وماڵێکیان پەیدا کردبێ، ڕازی نابن لێیان بسەندرێتەوە و ببنە نێچیری توندوتیژی و تاڵانچێتیی خەڵکێکی تر کە پرسێکی لەگەڵ هیچ ڕاستییەکی مرۆڤێنی و خواییدا نایەتەوە، بەتایبەت ئەگەر کارێکی ئەوتۆیان نەکردبێ کە شایستەی هیچ گلەیییەک بن؛ - کاتێکیش پرسەکە، پێوەندیی بەیاسای مەدەنییەوە نەبێ، بگرە پێوەندیی بەویژدانی هەر کەسێک و ڕزگاربوونی گیانییەوە هەبێ، ڕزگاربوونێک کە تەنیا کەسەکە خۆی لە بەردەم خوادا لێی بەرپرسیارە -، باشە دەبێ پێشبینیی چی بکەین جگە لەوەی ئەو خەڵکەی کە بێزار بوون، بگەنە ئەو بڕوایەی کە هێز بەهێز نەبێ لاناچێ و دەست بدەنە چەکەکانیان بۆ بەرگری لە خۆیان، چەکێک کە دەبێ تەنیا بۆ ڕێگرتن لە تاوانکاری بەکار بهێنرێ، نەک بەهۆی ئاینەوە؟ ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەر بەم شێوەیە بوون و بەڵگەی مێژووییش لەو بارەیەوە زۆرە، وا دیارە لە داهاتووشدا دووبارە دەبنەوە، مادامەکی چەوسانەوە بەهۆی ئاینەوە هەر لە ئارادا ماوە، مادامەکی، ئەوانەی دەبوو بانگخوازانی ئاشتی و پێکەوەگونجان بن، کەچی داوا لە خەڵک دەکەن چەکەکانیان بکەنە شانیان و بەهەموو هێزیان دەهۆڵی شەڕ دەکوتن. مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ، فەرمانڕەوایان، چۆن بەرانبەر ئەو تێکدەرانەی ئاشتیی گشتی، دان بەخۆیاندا دەگرن، ئەگەر بەڵێنی هاوبەشی چنینەوەی دەستکەوتەکان پێ نەدرابێ، ئەو فەرمانڕەوایانە زۆربەی جاران، حەز و لووتبەرزیی خەڵکی تر دەخەنە خزمەتی هێز و دەسەڵاتیانەوە. کێ بێ نەبینێ کە ئەو خەڵکە "چاکە" هەرگیز خزمەتکاری ئینجیل نەبوون، هێندەی خزمەتکاری حکوومەت بوون، مەراییان بۆ هەڵپەهەڵپی شازادان و بالادەستیی بەهێزان کردووە، هەموو توانایان خستبووە گەڕ بۆ چەسپاندنی جەور و ستەم لە دەوڵەتدا، ئەو جەور و ستەمەی نەیانتوانی لە کڵێسادا بیچەسپێنن سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانیان؟ ئەو دۆخە، هەر دەبێ ڕێککەوتنی نێوان کڵێسا و دەوڵەت بێ، خۆ ئەگەر هەریەکەیان لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا بمایاتەوە - یەکێکیان بایەخی بەخۆشبژێویی دنیایی بدایە و ئەوی تریشیان بایەخی بەڕزگارکردنی نەفسەکان - هەرگیز ناکۆکی نەدەکەوتە نێوانیانەوە. "بەڵام مرۆڤ شەرم دەکات باسی ئەو پرسە شوورەییە بکات"(٢٨).

بەڵکە خوای بەتوانا دواجار کارێک بکات ئەو خەڵکە پێڕەوی ئینجیلی ئاشتی بکەن، وا لە فەرمانڕەوا مەدەنییەکانیش بکات - زۆرتر بەتەنگی ئەوەوە بن کە ویژدانیان و شەریعەتی خوا زۆرتر لەگەڵ یەکتر بگونجێن وەک لەوەی بەیاساگەلێکی دەستکردی مرۆڤ، ئەو خەڵکە دەستوپێوەند بکەن -، وەک باوکیان لێ بێ بۆ وڵاتەکانیان، ڕێنوێنی و هەوڵەکانیان، لە پێناو خۆشبژێویی مەدەنیی گشتیی ڕۆڵەکانیاندا بێ، ئەوانەیان نەبێ کە ناخپیس و شەڕانگێز و لە خوا نەترسن، خوا، وا لە پیاوانی کڵێسا بکات کە بەخۆیان دەڵێن جێگرەوە و پێڕەوکارانی پەیامبەران، خۆیان لە سیاسەت هەڵنەقورتێنن، بەئاشتی و خاکەڕایی خۆیان بۆ ڕزگاربوونی نەفسگەل تەرخان بکەن و... خواتان لەگەڵ.

## جیاوازیی نێوان هەرتووقییەت و جیابوونەوە

## "الفارق بين الهرطقه والانشقاق"

لەوانەیە زیادکردنی ئەم چەند وشەیە لەبارەی هەرتووقییەت و جیابوونەوەوە، لە جێی خۆیدا نەبێ. موسڵمانێک، نابێتە هەرتووقی بەلای مەسیحییەکەوە، خۆ ئەگەر کەسێک وازی لە ئاینی مەسیحی هێنا و بووە موسڵمان، نابێتە هەرتووقی یان جیابووەوە، بەڵکە بەهەڵگەڕاوە و کافر[٢٩] (مرتد وکافر– apostate et infidelis) دێتە ژماردن[*]، کەس گومانی لەمە نییە؛ بەم شێوەیە، دەبینین، خەڵکێک کە ئاینەکەیان لە یەکتر جیاواز بێ، بەلای یەکترەوە، بەهەرتووقی و جیابووەوە نایەنە ژماردن. بۆیە دەبێ لەوە وەکۆڵین: کێن ئەوانەی لەسەر ئاینێکن؟ لەم بابەتەدا، ڕوون و ئاشکرایە، ئەوانەی بیروباوەڕیان وەک یەکە و شێوازێک خواپەرستی دەکەن، سەر بەئاینێکن، بەڵام ئەوانەی یەک بنەمای بیروباوەڕ و خواپەرستییان نییە، سەر بەئاینگەلی جیاوازن. ئاخر کە هەموو شتێکی پێوەست بەئاینێکەوە لە بنەماکەیەوەڕا دیار بێ، کەواتە، ئەوانەی لەسەر ئەو بنەمایانە ڕێکن، لەسەر ئاینێکیش ڕێک دەکەون، پێچەوانەکەشی بەپێچەوانەوەیە. تورکان و مەسیحیگەل، لەسەر دوو ئاینی جیاوازن، چونکە ئەمانەی دوایی دەڵێن، "کتێبی پیرۆز"[**]، بنەمای ئاینەکەمانە، وەلێ ئەوانەی یەکەم دەڵێن، قورئان، بنەمای ئاینەکەمانە. هەر لەبەر ئەو هۆکارە: "مەسیحی"، دەشێ ئاینزای جیاواز بگرێتەوە، پاپاییەکان، لۆتەرییەکان، هەرچەندە لەو لایەنەوە کە بەناوی مەسیحەوە، باوەڕ دێنن، مەسیحین، بەڵام لەسەر هەمان ئاین نین، چونکە لۆتەرییەکان، تەنیا دان بەکتێبی پیرۆزدا دەنێن وەک بنەما و بنچینەی ئاینەکەیان، بەڵام پاپاییەکان، لەگەڵ داننانیاندا بەکتێبی پیرۆز، گوتە و بڕیارگەلی پاپاکانیش، دەکەنە بنەمای ئاینەکەیان. نەسرانییەکانی قدیس یۆحنا، وەک پێیان دەگوترێ، نەسرانییەکانی شاری جنێڤ، سەرەڕای ئەوەی بەهەموویان دەگوترێ نەسارا یان نەسرانی، بەڵام لەسەر دوو ئاینی جیاوازن، چونکە ئەمانەی دواییان، کتێبی پیرۆز بنەما و مەرجەعییانە، کەچی ئەوانەی یەکەمیان، هێندێک دابگەل (traditions) و نازانم چییان کردووەتە بنەمای ئاینەکەیان.

بەسەلماندنی ئەوانەی باسمان کردن، کەواتە:

١– هەرتووقییەت، جیابوونەوەیەکە لە بەشدارییی لە کڵێسادا، لە نێوان خەڵکێک کە سەر بەیەک ئاینن، بەهۆی باوەڕگەلێکەوە کە ناچنەوە سەر هەمان بنەما.

٢– لە نێوان ئەوانەی دان تەنیا بەکتێبی پیرۆزدا دەنێن وەک بنەمای بیروباوەڕیان: هەرتووقییەت، جیابوونەوەیەکە لە بەشداری لە کڵێسادا، بەهۆی باوەڕگەلێکەوە کە بەوشەگەلی ڕوون و ئاشکرا لە کتێبی پیرۆزدا نەهاتوون.

ئەم جیابوونەوەیەش، بەدوو شێوەیە:

١– کاتێک خۆی لەوانی تر کە زۆرینەن یان لایەنی بەهێزن جیا دەکاتەوە، بەهۆی چاودێریی

فەرمانڕەواوە، ئەوەش بەدەرکردن و دوورخستنەوەیان لە خۆی، چونکە بڕوایان بە هێندێک باوەڕ نییە کە پشت بەکتێبی پیرۆز نابەستن. ئاخر نە کەمیی ژمارەی جیابووەوەکان، نە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، وا ناکەن کەسێک پێڕەوی هەرتووقییەت بکات، بەڵکە تەنیا کاتێک هەرتووقییە کە کڵێسا بکات بەچەند بەشێکەوە، ناوێک دابهێنێ و نیشانەکانی جیاکاری دابنێ، بەئیرادەی خۆشی و بەهۆی ئەو باوەڕانەوە، جیا بێتەوە.

٢– کاتێک مرۆڤ خۆی لە بەشداریی کڵێسایەک جیا دەکاتەوە، چونکە ئەو کڵێسایە بەئاشکرا دان بەباوەڕگەلێکدا نانێ کە کتێبی پیرۆز، بەوشەگەلی ڕوون، تۆماری نەکردوون.

ئەم هەردوو گرووپە، هەرتووقین، چونکە لە پرسگەلێکی بنچینەیی لایان داوە، بەمنجەڕی و سووربوون و زانینەوە لادەدەن. ئەوانە لادەدەن چونکە ئەوانی تر تەنیا کتێبی پیرۆزیان کردووەتە تاکە بنەمای باوەڕهێنان، ئەمانیش، دەیانەوێ بنچینەیەکی تر بخەنە سەری کە بریتین لە پرسگەلێک، لە هیچ جێیەکی کتێبی پیرۆزدا ناویان نەهاتووە، ئەوانی تریش، ئەوەیان بۆ ناسەلمێنن، یان ئەوان دەردەکەن، یان خۆیان جیا دەبنەوە. گوێش بەوە نادەن گەر پێیان بڵێی وشە و بنەماگەلی بیروباوەڕەکەیان، کتێبی پیرۆز ڕازی دەکات و مەیلەو بیروباوەڕە(٣٠)، چونکە گەر بەوشەگەلی کتێبی پیرۆز گوزارەیان لێ بکرێ، هیچ مشتومڕێک دروست نابێ، هەموو ئەو باوەڕانەش کە لەم جۆرەن، باوەڕگەلی بنچینەیین، چونکە ڕاسپاردەی خوایین. بەڵام گەر گوتت کەرەسەکانت کە دەتەوێ بسەلمێنرێن، لێکەوتەوە و بەرئەنجامی کتێبی پیرۆزن، کارێکی چاک دەکەی گەر تۆ بڕوا بێنی و بیسەلمێنی ئەوەی بەلای تۆوە لەگەڵ بیروباوەڕدا دێتەوە، واتە لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا: بەڵام زۆر خراپ دەکەی گەر بتەوێ بیسەپێنی بەسەر خەڵکی تردا، کە بەلایانەوە باوەڕگەلێکی ڕاستوڕەوانی نێو کتێبی پیرۆز نین؛ بۆیە دەبێتە هەرتووقی، گەر لێکترازان و جیابوونەوەیەکت بەهۆی ئەو باوەڕانەوە دروست کرد، باوەڕگەلێک؛ نە بنچینەیین و نە دەبنە بنچینەیی. چونکە لەو باوەڕەدا نیم، کەس هێندە شێت بێ، بەلێکدانەوەکانی خۆی بۆ کتێبی پیرۆز و ئەو ئەنجامانەی دەستی دەکەون، بڵێ ئەوانە قسەی خوان، یان تەنانەت بەرئەنجامەکانی خۆی و دەقەکانی کتێبی پیرۆز بخاتە ئاستێکەوە. من دڵنیام، پرسگەلێک هەن بەڕوونی لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا دێنەوە، بەجۆرێک کەس گومان نەکات کە لەو هەڵێنجراون، کەواتە ئەو پرسگەلە مشتومڕ هەڵناگرن. بەڵام نابێ بەسەر کەسی تردا بسەپێنرێ وەک بڵێی بنەماگەلێکی پێویستن بۆ باوەڕهێنان یان بیروباوەڕ، چونکە ئەوە بەرئەنجامی لێکدانەوەی عەقڵی تۆن و بەلای تۆوە لەگەڵ بنەمای بیروباوەڕدا کۆکن؛ مەگەر پێت ڕاست بێ کە خەڵکانی تریش بۆیان هەیە بیر و بۆچوونەکانیان بەسەرتدا بسەپێنن و بڕوا بێنی بەهەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی لۆتەرییەکان، کالڤنییەکان، لۆمەکاران، تازەکارانی پاکژی و گرووپەکانی تر، ئەو بیر و بۆچوونانەی، داهێنەرانی سیمبول و مەزەبگەل و سەلماندنگەلی بیروباوەڕ وا فێر بوون، ڕایان بگەیەنن و بیانسەپێنن بەسەر لایەنگرانیاندا، وەک بڵێی بەرئەنجامگەلێکی زەرووری و ڕاستن لە کتێبی پیرۆز. تەنیا هێندەم لە دەست دێ، سەرسام بم بەڕووقایمیی بێ پاکانەی ئەوانەی پێیان وایە دەتوانن، جوانتر و ڕێکتر لە

گیانی پیرۆز کە حیکمەتێکی بێ سنوور و هەتاهەتاییە، ئەو پرسگەلە ڕوون بکەنەوە کە بۆ ڕزگاربوون زەروورن.

باسکردنی هەرتووقییەت کە بەگوێرەی بەکارهێنانی باوی وشەکە، پێوەستە بەباوەڕگەلەوە، با بەس بێ و ئێستە دێمە سەر جیابوونەوە کە زۆر لە یەکتر نێزیکن، بەلای منەوە، هەردوو وشەکە، مانای: جیابوونەوەیەکی هەرزەکارانە لە کۆمەڵی کڵێسا بەهۆی پرسگەلێکی نازەروورەوە. بەڵام مادامەکی، بەکارهێنانەکەیان وا ڕۆیشتووە کە هەرتووقییەت، پێوەستە بەهەڵەکان لە بیروباوەڕدا و جیابوونەوە (Schisma) پێوەستە بەهەڵەکان لە خواپەرستی و سیستمدا، پێویستە لەسەرمان بەگوێرەی ئەو جیاوازییە بڕۆین.

جیابوونەوە، بەو هۆیانەی پێشتر باسمان کردن، شتێکی تر نییە جگە لەوەی کەسێک بەهۆی پرسێکی نازەروورییەوە لە خواپەرستی یان سیستمی کڵێسادا، لە کڵێسایەک جیا دەبێتەوە. بەڵام هیچ شتێک لە خواپەرستی و سیستمی کڵێسادا، بۆ بەشداریی مەسیحی زەرووری نین، مەگەر ئەوەی مەسیح، خاوەنی شەرعەکە، یان پەیامبەرە مەسیحییەکان بەوەحی گیانی پیرۆز و بەوشەگەلی ڕوون، فەرمانیان پێ کردووە.

بەگشتی، ئەوەی نکووڵی لە شتێک ناکات کە بەوشەگەلی ڕوون خوا باسی کردووە، کەلێنێکیش بەهۆی پرسێکەوە دروست ناکات کە لە دەقی پیرۆزدا نەهاتووە ناشێ ببێتە هەرتووقی یان جیاخواز، با هەر مەزهەبێکیش لەو مەزهەبانەی بەخۆیان دەڵێن مەسیحی، تانەی لێ بدەن، سەرەڕای ئەوەش کە هێندێک یان هەر هەموویان بڵێن، فڕی بەئاینی مەسیحییەوە نەماوە.

هەموو ئەمەی نووسیم دەکرا باشتر و جوانتر بێ، بەڵام کەسێکی وریای وەک تۆ، ئەم ئاماژانەی بەسە.

پەڕاوێزەکان:

١– فلیپ ڤان لیمبۆرش (1633 - 1712) Philip van Limborch، هاوڕێی گیانی بەگیانی لۆک بوو، ئەو کەسەی بۆ ماوەی سێ ساڵ تاکەکەس بوو ئاگەداری "نامەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە" بوو. (و. ع).

٢– ئاماژەیە بۆ دەستەواژەیەکی قدیس پۆڵس لە نامەکەیدا بۆ دانیشتوانی گلاتییە (دەستەواژەی ژمارە ٦).

٣– واتە؛ کاروباری ئاینی. (و. ع).

٤– مەبەست تاکێکی ئاساییی خەڵکە ڕەشۆکەکەی وڵاتە. (و. ع).

٥– بەشداریی Communio: واتە؛ ڕێککەوتنی کۆمەڵە کەسێک لەسەر باوەڕێک لە کڵێسا یان مەزهەبێک؛ باوەڕی هاوبەشیی نێوان کۆمەڵەیەکی ئاینی. (و. ع).

٦– بێبەریکردن excommunication: دەرکردن لە کڵێسا، بێبەریکراو لە ئەندامێتیی کڵێسا دەردەکرێ. بێبەریکردن دوو جۆرە: گەورە: دەرکردنی یەکجارەکی لە کڵێسا، بچووک: بێبەرکراو بۆی نییە بەشداری بکات لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا. (و. ع).

٧– لۆمەکەران Remonstrants: لایەنگرانی یەعقووب ئەرمینیۆس (Arminius) کە کاڵڤنییەکانی نەرمتر

کردەوە. پاش مردنی (١٦٣٠)، کالڤنییەکان، لە ناوچەی خودا لە هۆڵەندا، کۆبوونەوە و پوختەی ڕێنوێنییەکانیان نوسییەوە، لەوێدا تۆماریان کرد کە مرۆڤ پێویستی بەلوتفی خوا هەیە، داوای لێبووردن و خۆپاککردنەوەش لەسەر هەمووان فەرزە. فرەنسکۆس گۆمارس (Gomarus) ڕازی نەبوو، ئەوەبوو لایەنگرانی ناویان لێ نرا (لۆمەنەکەران) و پابەندبوونی تەواوی خۆیان بەمەزهبی کالڤنییەوە دووپات کردەوە. پێکهەڵپژانی زۆر کەوتە نێوان هەردوو کۆمەڵەکەوە و بووە هۆکاری دەستێوەردانی دەسەڵاتی مەدەنی. (و. ع).

٨- ئەمە بۆچوونی چاکسازیخوازی ئاینی، ویڵفە (Wyliffe) (دەوروبەری ١٣٣٠ - ١٣٨٤). بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، سەروەری، واتە مافی پێڕەوکردنی دەسەڵات، موڵکداری، پێدراوی خوان، خواش ئەو مافەی تەنیا بەوانە ڕەوا بینیوە کە بەر لوتفی دەکەون و بەو لوتفەش پیرۆز دەبن. بۆیە پیاوە ئاینییە ناجۆرەکان، ئەم مافەیان لە دەست داوە، فەرمانڕەوایانی مەدەنی دەتوانن بێبەشیان بکەن لەو مافانە بێ ئەوەی لەوە بترسن ئەوانیش "بێبەری"یان بکەن، چونکە "بێبەریکردن" تەنیا بەهۆکارێکی ئاینی و ڕۆحانییانە دەبێ. ڕەنگە لۆک مەبەستی شوێنکەوتنی باوەڕی پاشایەتیی پێنجەم یان ئەلفییەکان بێ، بەگوێرەی ئەو باوەڕە، دەسەڵات، بەو زووانە دەکەوێتە دەستی ئەولیاکان، ئەوەش سەرچاوەی نیگەرانیی حکوومەتی کرۆمۆیڵ بوو. (و. ع).

٩- هینریی هەشتەم (لە ١٥٠٩ەوە حوکمی کرد تا ١٥٤٧)، ئەدواردی شەشەم (لە ١٥٤٧ەوە حوکمی کرد تا ١٥٥٣)، ماریی یەکەم (لە ١٥٥٣ەوە حوکمی کرد تا ١٥٥٨) و ئەلیزابێسی یەکەم (لە ١٥٥٨ەوە حوکمی کرد تا ١٦٠٣). هینریی هەشتەم دەسەڵاتی پاپای هەڵوەشاندەوە؛ ئەدواردی شەشەم، لە سەردەمی ئەمدا کتێبی دووەمی نوێژەکان دانرا ساڵی ١٥٥٢ و بووە تاکە کتێبی نوێژ کە کڵێسای ئینگلتەرا دانی پێدا بنێ؛ ماریی یەکەم، کاتۆلیکی بوو، بڕیاری گەڕانەوەی پاپای دا بۆ ئینگلتەرا؛ ئەلیزابێسی یەکەم، یاساگەلێکی زۆر توندی بەدژی کاتۆلێک دەرکرد. (و. ع).

١٠- تێبینی دەکرێ وشەی "کڵێسا" لە سەرلەبەری نامەکەی جۆن لۆک دا، بەمانای "کۆمەڵەی ئاینی" دێ بەگشتی و لە هەر ئاینێکدا. (و. ع).

١١- پرسە ڕێکەکان res adiaphoras: ئەو کارانەی نە چاکن نە خراپ. لە لاهووتی مەسیحیدا بەو کارانە دەگوترێ کە فەرمانی خوایان لەبارەوە نییە، وەلێ حەرامیشی نەکردوون، لە خواپەرستییەکانیشدا، بەو کردارانە دەگوترێ کە پێڕەوکردنیان زەرووری نین بۆ ڕزگاربوون، ئاخر چ دەخۆی و چی لەبەر دەکەی، پێوەندییان بەڕزگاربوونەوە نییە. لە پێشەکیی "کتێبی نوێژ"ی کڵێسای ئینگلیزیدا، دەبینین شێوازە تایبەتەکانی خواپەرستی و ڕێوڕەسم و بۆنەکان، پرسگەلێکی خۆیان لە خۆیاندا ڕێکن بەلای کڵێساوە و دەشێ بگۆڕدرێن. لۆک، لە نامەیەکدا لەبارەی "فەرمانڕەواییی مەدەنی"یەوە (ساڵی ١٦٦٠)، لەو باوەڕەدایە، هەموو ئەو شتانەی ناچنە نێو یاسای سروشتەوە کە ئیرادەی خوایە، پرسگەلێکی ڕێکن. هەروەها دەڵێ، فەرمانڕەوای مەدەنی مافی هەیە لە پرسگەلە ڕێکەکانی نێو خواپەرستییەکاندا، یاسا داڕێژێ ئەگەر پێوەست بوو بەسیستەمی گشتی و ئاسایشەوە. بەڵام لەو توێژینەوەیەدا کە ساڵی ١٦٦٧ نووسیویەتی، لۆک، پێی وایە ڕێوڕەسمگەلی خواپەرستی، هەڕەشە نین بۆ سەر ئاسایش، بۆیە دەبێ خواپەرستان ئازاد بکرێن چۆن خواپەرستیی خۆیان دەکەن، بیکەن. (و. ع).

١٢– ئاماژە بەوەی لە سفری ئیشعیادا هاتووە ١: ١٢. (و. ع).

(×)– مەبەست ئەوانە شتگەلێک نین هەر باوەڕدارێک چۆنی ویست و کەی ویستی ئەنجامیان بدات، ئەوانەش کە سەرپەرشتیاری ئەو سرووت و ڕێوڕەسمە خواییانە دەکەن دەبێ کۆمەڵێک مەرجیان تێدا بێ، بەکورتی: شتگەلێک نین بەگوێرەی شوێن و کات و ڕۆژگار و ویستی کەسەکان بگۆڕێن. (و. ک).

١٣– ئەو ڕۆژەی تایبەت کراوە بەخواپەرستی، لای مەسیحییەکان یەکشەمووانە. (و. ع).

١٤– ئاماژەیە بۆ: شوانکارەییی سێیەم، سروودی١: لەڤەرجیل: "ئەم مێگەلە ئی کێیە؟ ئی ملیبۆسە؟" (و. ع).

١٥– ئاماژەیە بۆ دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا، پێش ئەوەی ئەورووپاییەکان ئەمەریکا داگیر بکەن.(و. ع).

١٦– ئەم جیاکارییە لە شەریعەتی مووسادا لەلایەن قدیس تۆما ئەکوینییەوە دانراوە ("پوختەی لاهووت"، بەشی یەکەم، دەروازەی دووەم، پرسی ژمارە ٩٩، بڕگەکانی ٢ – ٤)، هێندێک نووسەر وەریان گرتووە لەوانە هووکەر"Hooker" سیاسەتی کڵێسا" ٣: ١٠، ١١). لەوێدا، ڕەخنەی لە کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان گرتووە بەو پێیەی یاسای سرووتانی لە شەریعەتی مووسادا ڕەت کراوەتەوە (منسوخ)، بەڵام ناکۆکییەک هەبوو لەبارەی ئاخۆ مەسیحییەکان پەیگیرن بەیاسای ئاکاری و دادوەریی شەریعەتی مووساوە یان نا. لۆک، پێی وابوو هەرسێ یاساکەی شەریعەتی مووسا، بەسەر مەسیحییەکاندا جێبەجێ نابن. (و. ع).

١٧– بڕوانە لەبارەی حەوت گەلەکەوە سفری دەرچوون ٧: ١؛ سفری ژمارەکان ٣٣: ٥٠ و دواتر. بەڵام لێبووردن لە مووئابییەکان لە سفری یاسادانانی دووەمدا ٢: ٩دا هاتووە. (و. ع).

١٨– ئیمیم: دانیشتوانە ڕەسەنەکانی مووئاب (یاسادانانی دووەم ٢: ١٠ و دواتر) شا کدۆر لاعۆمەر و پاشاکانی هاوکاری، لە دەشتی قەرتاییمدا شکاندنیان. عیسۆ، کوڕی ئیسحاق و ڕیقا کە جمکەبرای یەعقووبە هەر خوتی ئیسرائیلە. (و. ع).

١٩– لۆک دوو چیرۆکی جیاواز تێکەڵ دەکات: چیرۆکی ڕاحاب (سفری یۆشع ٢: ١ –٢١)، چیرۆکی گەلی جبعۆن (یۆشع ٩: ٣ – ٢٧). (و. ع).

(*)– لە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەدا نووسراوە (الاراده الآیین)، ئەو نیوە ڕستەیەم پێشانی دۆستگەلێکی زۆر شارەزا لە زمانی عەرەبی و وەستا لە ڕێزمانەکەیدا دا، چەندی فەرهەنگان گەڕام، نەگەیشتمە مانای ڕاستەقینەی وشەی دووەم (الآیین) و مەبەستی وەرگێڕ لەو وشەیە وەک ئەوەی لێرەدا نووسیویەتی، نەگەیشتمە ئەوەش، گەر هەڵەی چاپ بێ، وشە ڕاستەکەی دەبێ چی بێ. بۆیە ناچار ( ئیرادە)کەم نووسی و ئەوم فەرامۆش کرد. (و. ک).

٢٠– دادگەی ناوەکی forum internum: ویژدان و لەخۆپێچانەوە، دادگەی دەرەکیش یان دیار externum: ئەو دادگە گشتییەی دادگەگەلی کڵێسا ئەنجامی دەدەن، بەگوێرەی لاهووتی مەسیحی. (و. ع).

٢١– لۆک، بڕوای بەباڵادەستی و سەروەریی دەسەڵاتی یاسادانان هەبوو. بڕوانە "باسی دووەم لەبارەی حکوومەتەوە" بڕگەی ١٣٤، هەروەها نامەیەک لەبارەی فەرمانڕەوای مەدەنی (بڵاڤۆکی Viano لە: کتێبگەلێکی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە، تۆرینۆ ساڵی ١٩٦٠). (و. ع).

(*)- له وه‌رگێڕانه عه‌ره‌بییه‌که‌دا نووسراوه (ڕه‌وا بوو)، وه‌لێ پاش خوێندنه‌وه‌ی ته‌واوی بڕگه‌كه پێم وایه وه‌رگێڕ یان بلاڤكاره‌كه هه‌ڵه‌یان كردووه و (ڕه‌وا نه‌بوو)، ڕاسته. (و. ك).

(**)- له عه‌ره‌بییه‌که‌دا نووسراوه (ئیمان واته بیروباوه‌ڕ)، پێم وایه دیسان هه‌ڵه‌یه وه‌ك له بڕگه‌كانی دواتردا ده‌رده‌كه‌وێ، (به‌ڵێن - عه‌هد) ڕاسته بۆ ئه‌و ڕسته‌یه، وه‌لێ بۆ ده‌ستپاكیی وه‌رگێڕانه‌كه، كوردییه‌كه‌م وه‌ك عه‌ره‌بییه‌كه دانایه‌وه. (و. ك).

٢٢- به‌بۆچوونی قدیس تۆما ("پوخته‌ی لاهووتی"، به‌شی ١، ده‌روازه‌ی ١، پرسی ١٢، بڕگه‌ی ٢)، ئه‌گه‌ر پاشا له ئاینه‌كه‌ی هه‌ڵگه‌ڕایه‌وه، له ته‌خت لاده‌برێ و ناشێ فه‌رمانڕه‌وایی خه‌ڵك بكات. ئه‌م بۆچوونه له‌و حوكمه‌ی پاپا بیۆسی پێنجه‌مدا هه‌بوو كه ساڵی ١٥٧٠ شاژنه ئه‌لیزابێسی یه‌كه‌می پێ لابرا. (و. ع)

٢٣- سه‌رنج بده مه‌به‌ست له وشه‌ی كڵێسا یان كڵێساگه‌ل له هه‌موو جێیه‌كی ئه‌م كتێبه‌دا: مه‌زه‌ب، مه‌زه‌بگه‌ل، كۆمه‌ڵه‌ی ئاینی جا سه‌ر به‌هه‌ر ئاینێك بێ. (و. ع).

٢٤- له‌وانه‌یه لۆك، لێره‌دا ئاماژه به‌كۆمه‌ڵه‌ی پاشایانه‌ی پێنجه‌م یان كۆمه‌ڵه‌ی كویكه‌رز بكات، له گه‌نجێتیی ئه‌ودا، فه‌رته‌نه‌ی زۆریان نایه‌وه و له سه‌رده‌می پاشایه‌تیدا له دژایه‌تییاندا، به‌شدار بوو. (و. ع).

٢٥- له‌و ڕۆژگاره‌دا به‌ئینگلیزی پێیان ده‌گوترا Conventicles: برێتی بوون له كۆمه‌ڵه جیابووه‌كانی سه‌رده‌می فه‌رمانڕه‌وایی شارلی دووه‌م و جیمسی دووه‌م له ئینگلته‌را، وه‌ك بیۆریتان، كویكه‌رز،.. تد. (و. ع).

٢٦- شێوازی ڕۆما: كاتۆلیكی. شێوازی جنێڤ: پرۆتستانتی، له‌سه‌ر مه‌زه‌بی كالڤنی. (و. ع).

٢٧- كڵێسای شێخانه‌یی كه ده‌سته‌یه‌ك حوكمی ده‌كه‌ن له پله و پایه‌دا وه‌ك یه‌كن، وه‌ك كڵێسای ئۆسكۆتله‌ندا، به‌ڵام كڵێسای قه‌شایه‌تی، یه‌ك قه‌شه حوكمی ده‌كات. (و. ع).

٢٨- بڕوانه ئۆڤید: "یه‌كه‌مین وه‌رچه‌رخان، دێری ٧٥٨ - ٧٥٩". (و. ع).

٢٩- ئه‌ڵبه‌ت به‌لای مه‌سیحییه‌وه. (و. ع).

(*) له ئاینی ئیسلامیشدا هه‌ر وایه، ئه‌و موسڵمانه‌ی له ئاینه‌كه‌ی هه‌ڵگه‌ڕێته‌وه و بچێته سه‌ر ئاینێكی تر، به‌بیدعه‌كار و جیابووه‌وه نایه‌ته ژماردن، به‌ڵكه ناوی هه‌ڵگه‌ڕاوه و كافر (مرتد و كافر)ی لێ ده‌نرێ و به‌و پێیه‌ش مامه‌ڵه‌ی ده‌كرێ و حوكمی له‌سه‌ر ده‌درێ. (و. ك).

(**) ئینجیل. (و. ك).

٣٠- مه‌یله‌و بیروباوه‌ڕ analogia fidei: گوزاره‌یه‌كی وه‌رگیراوه له نامه‌كه‌ی پۆڵس بۆ دانیشتوانی ڕۆما (١٢: ٦) لاهووتییه‌كان، له سه‌ده‌ی شازده و حه‌ڤده‌مدا به‌كاریان ده‌هێنا، مه‌به‌ستیشیان برێتی بوو له‌وه‌ی؛ ده‌سته‌واژه ناڕوونه هاوشێوه‌كانی كتێبی پیرۆز ده‌بێ به‌جۆرێك لێك بدرێنه‌وه له‌گه‌ڵ ده‌سته‌واژه ڕوونه‌كاندا بێنه‌وه. (و. ع)

**خوێنه‌رانی به‌ڕێز لێبوورده‌یی ڤۆڵتێر چه‌ند به‌شێكی مابوو به‌ڵام له‌به‌رئه‌وه‌ی له ده‌زگای چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی ئاراس دێته وه‌شاندن ئێمه ڕامان گرت. لێبوورده‌یی جۆن لۆك به‌هه‌مان ناونیشان له جێی وی بڵاو ده‌كه‌ینه‌وه. داوای لێبووردن له ئێوه و كاك عه‌بدوڕه‌زاق وه‌رگێڕی بۆ كوردی ده‌كه‌ین.**



هه‌واڵنامه‌ی كتێب

# دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی[١]

## لە (لەیلا و مەجنوون)[٢]ی فوزوولیی بەغدایی[٣] و (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی[٤]دا

د. خالید محەمەد ئەبولحەسەن[٥]

### پێشەکیی وەرگێڕ

ئەمەی لە بەردەستتاندایە، یەکێکە لەو لێکۆڵینەوانەی د. خالید محەمەد، کە وەک دەبینن خوێندنەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوانی دوو چیرۆکی " لەیلا و مەجنوون " و " مەم و زین "ی دوو کەڵەشاعیری وەک " فوزوولیی بەغدایی – کەڵەشاعیر وەک پێی گوتراوە – سوڵتانی شاعیرانی تورک " و " ئەحمەدی خانیی کەڵەشاعیری کورد "دا.

بەپێویستم زانی بەر لەوەی سووکەسەرنج و تێبینیی خۆمتان بخەمە بەرچاو و بەر لەوەی لێکۆڵینەوەکە بخەمە بەردەستی خوێنەری کورد، ئەو چەند دێڕ زانیارییە لەبارەی لێکۆڵەرەوەوە بخەمە بەر دیدی بەڕێزتان:

د. خالید محەمەد ئەبولحەسەن کێیە؟

" د. خالید محەمەد ئەبولحەسەن، ساڵی ١٩٦٩ لە پارێزگەی سوهاج–ی سەعیدی میسردا لەدایک بووە، خوێندنی هەر لەوێ تەواو کردووە و ساڵی ١٩٨٨ چووەتە زانکۆی ئەسیووت و ساڵی ١٩٩٢ لە کۆلێجی ئەدەبیات، زمانی تورکیی لە بەشی زمانە ڕۆهەڵاتییەکاندا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٣ چووەتە زانکۆی عەین شەمس و ساڵی خوێندنی ئامادەییی ماجستێری بەدەست خستووە و ساڵی ١٩٩٨ ماجستێری تەواو کردووە و ئینجا ساڵی ٢٠٠٢ دوکتۆرای تەواو کردووە. ماوەیەکی دوور و درێژ لە زانکۆکانی " ئەسیووت " و " جەنووبولوادی " و " سووهاج "دا کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٦ چووەتە تورکیا و لە پرۆژەی وەرگێڕانی بەڵگە عوسمانییەکانی لەمەڕ دەوڵەتی قەتەر کاری

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

کردووە، هەروەها چەندان وتاری سیاسیی بەزمانی تورکیی نوێ وەرگێڕاوە.

د. خالید، یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی کە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەڵگەنامە عوسمانییەکان دەکات و وەرگێڕانیان چاک دەزانن. چەندان کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە، دیارترینیان ئەمانەن:

١ – ململانێی جوولەکە و ئیسلام لە بەرازیل.

٢ – پیتی لاتینی و تیرۆرکردنی ناسنامەی ئیسلامی لە ڕۆشنبیریی تورکیدا.

٣ – ڕێزمانی تورکیی عوسمانی.

٤ – ڕێزمانی تورکیی نوێ.

٥ – دەستنیشانکەرەوەکانی ململانێی سیاسی لەنێو ڕەوتی عەلمانی و پارتی دادی تورکی دوای بڕیاری دادگە بۆ قەدەغەکردنی.

سەرچاوە: http://ar.wikipedia.org/wiki/

ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەی نێوان شاعیرێکی تورک و شاعیرێکی کورددا کراوە، یەکێکە لە بەرهەمەکانی " د. خالید "، کە بێگومان شایەنی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێ و بخرێتە بەر دەستی لێکۆڵەرەوە و ئەوانەی ئەحمەدی خانییان خۆش دەوێ و حەیرانی ئەدەبەکەین.

بێگومان لێکۆڵەرەوە، وەک پسپۆڕی زمانی تورکی دەقە ڕەسەنەکەی " فوزوولی "ی شاعیری تورکی لە بەردەستدا بووە، کە لە پەراوێزەکاندا تورکییەکانی داناوەتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی کوردیزان نییە، پەنای بردووەتە بەر وەرگێڕانی تورکیی "مەم و زین "ی خانی.

لایەنە بەهێز و ئەرێنییەکەی ئەوەیە کە مامۆستایەکی عەرەبی زانکۆیەکی میسر ئەنجامی داوە و بەڕێزەوە باسی هەردوو شاعیر و نەتەوەکانی دەکا. بەڵام مامۆستا وەک لەو زانیارییە کورتەوە دەردەکەوێ ئەگەر پسپۆڕی زمانی تورکی و عەرەبی بێ، لایەنە نەرێنییەکەی لەوەدایە زمانی کوردی، ئەو زمانەی ئەحمەدی خانی چیرۆکی مەم و زین–ی پێ نووسیوەتەوە نازانێ، بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا پشتی بەدەقی وەرگێڕاوی تورکیی مەم و زین بەستووە.

مامۆستا لەگەڵ ئەو پسپۆڕییەشیدا لە زمانی تورکیدا – وەک لە سەرەوە باس کرا – جاروبارێک لە ڕاڤە و وەرگێڕانەوەی دەقە – بە تورکی وەرگێڕاوەکەی – مەم و زینـی (کە بە ڕای من ــ ئەوەندەی لەو نموونانەدا دێتە بەرچاو کە لێرەدا هێنراونەتەوە – بەوردی و دەقاودەق کراونەتە تورکی)، مامۆستا هەندێک جار کەوتووەتە هەڵە و بەناڕاستی وەری گێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی.

لەبەرئەوەی لەم وەرگێڕانەی خۆمدا، دەقە عەرەبییەکانم لابردووە (کە پێم وابوو کەمتر سوودیان بۆ خوێنەری کورد هەیە!) و دەقە ڕەسەنە کوردییەکەی خۆیم لە جێیان داناوە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی خۆم – بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تورکی و عەرەبی دەزانن و حەز دەکەن ڕاستییەکان بزانن

- حــــەزم كـــرد چەند نموونەيەک (دەڵێم چەند نموونەيەک!) لەوانە بخــــەمـــە بەرچاوان، كـــە كوردييەكانيشم لە جێی خۆيان داناوە، دەتوانن هەرسێ دەقەكە بەراورد بكەن.

١) ئەحمەدی خانی دەڵێ:

ئەنواعێ ميلەل خودان كتێبن

كرمانج تەنێ د بێ حسێبن............... ل/ ١٥ ی دەقی (ن. عەبدوڵڵا) ل/ ٤٧ ی كتێب

دەقە توركييەكە بەمجۆرەيە:

Çe_itli milletler kitap sahibidirler

Yaln_z kürtler nasipsizdirler

دەقە عەرەبييەكە بووەتە:

إنهم يمتلكون كتبا قومية متنوعة

ولكنهم بلا حظ أو نصيب

كە دەبوو وەرگێڕانەكەی بەمجۆرەی خوارەوە بووايە:

إن مختلف الملل يمتلكون الكتب

الوحيدون هم الكرد الذين لا حظ لهم من الكتب

٢) خانی دەڵێ:

تێكدا نە د تاڵبن نە مەتڵووب

ڤێكرا نە موحيببن ئەو نە مەحبووب

بێ بەهرەنە ئەو ژ عيشقبازی

فارغ ژ حەقيقی و مەجازی............... ل/ ١٥ ی دەقی (ن. عەبدوڵڵا) ل/ ٤٧ ی كتێب

دەقە توركييەكە دەڵێ:

Hep birden ne istenilir ne de isterler

Hep beraber ne sevilirler, ne de severler

دەقە عەرەبييەكە بووەتە:

و أنهم جميعاً لا يطلبونه أو يرغبونه

و أنهم جميعاً لا يحبون أو يعشقون

بل إن نصيبهم في العشق معدوم

أصبحوا خالي الوفاض من العشق الحقيقي والظاهري

دەبووايە بڵێ:

پەڕتووكخانەی کتێب

و أنهم جميعاً ليسوا طلاباً للعشق ولا بمطلوبين

و أنهم جميعاً ليسوا محبين ولا محبوبين

لا نصيب لهم من العشق

أصبحوا خالي الوفاض من العشقين الحقيقي والمجازي

تەنانەت وشەی مەجازی " مجازي " بەخۆی چەمکێکی سۆفییانەی پڕ بەپێستی خۆی هەیە، کە مامۆستای ناوبراو واتایەکی تری (الظاهري)ی بۆ داناوە و لە چەمکە سۆفییەکەی دوور خستووەتەوە.

٣) ئەحمەدی خانی دەڵێ:

کەس ناکەتە مەیتەرێ خوە جامی

ڕاناگرتن کەسەک نیزامی........ ل/ ١٦ ن. عەبدوڵلا _ کتێب ل/ ٤٨

دەقە تورکییەکەی لێکۆڵەرەوە پشتی پێ بەستووە دەڵێ:

Kimse seyis olarak bile tutmaz Cami yiئ

Kimse hizmetçili_e de almaz nizami yi

هەواڵنامەی کتێب

پەراوێزی ژمارە ٥٤ ی ل/ ١٩

لە عەرەبییەکەیدا بەمجۆرەی لێ هاتووە:

إن أحداً (من الأكراد) لن يكون سائساً حتى و لو لـ " جامي "

وإن أحداً منهم لن يقوم على الخدمة حتى و لو لـ " نظامي"

لە کاتێکدا دەبووایە بڵێ:

إن أحداً (من الأكراد) لن يقبل بـ " جامي " حتى سائساً أجيراً لديه

وإن أحداً لن يقبل بـ " نظامي " حتى خادماً لديه

**

لەم کارەدا لێکۆڵەرەوە پشتی بەدەقە وەرگێڕاوە تورکییەکەی " مەم و زین " بەستووە، من لە کارەکەمدا وام بەباشتر زانی دەقە کوردییەکەیان دانێمەوە کە هەر لە پەراوێزی ژمارە (٣٩) بەولاوە ئەو دەقانە بەکار هاتوون، لەمەشدا من پشتم بەم چاپە بەستووە (مەم و زین _ پێشەکی و لە چاپدانەوەی: نەجاتی عەبدوڵلا – بڵاوکراوەکانی ئاراس – چاپی یەکەم ٢٠٠٨ هەولێر) کە لە پەراوێزەکاندا ئاماژەم بۆ لاپەڕەکانی چاپە کۆنەکەی ناو کتێبەکە کردووە نەک لاپەڕەی کتێبەکە.

## دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی لە (لەیلا و مەجنوون)ی فوزوولّیی بەغدایی و (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی-دا

گومانی تێدا نییە کە چیرۆکی "لەیلا و مەجنوون" بابەخێکی زۆری لەلایەن شاعیرانی ئیسلامەوە بەزمانە جیاجیاکانیانەوە پێ دراوە[٦]، بەڵام هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بابەتیدا لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر گۆڕاوە، ئەمەش بابەتەکە ورووژێنتر دەکات، ئەوەی شایەنی باسیش بێ ئەوەیە، ئەم بابەتە بایەخێکی زۆری لەلایەن نووسەر و لێکۆڵەرەوانەوە پێ دراوە و گرینگییەکەشی لەوەوە هەڵدەقووڵێ کە بابەتەکەی زۆربەی ئەدەبە ئیسلامییەکان بە یەکەوە پێوەست دەکا.

لەوانەشە ئەو لێکچوونە هاوبەشانەی نێوانی ئەدەبیاتی ئیسلامەتی لە ئاوێتەبوونی هاوبەشی نێو ئەم گەلانەوە بە درێژایی سەردەمە مێژووییە دێرینەکانەوە هەڵهاتووە و دوای ئیسلامەتیش پتەوتر و لەلایەن شارستانییەوە بەرزتر بووە، زەوینەیەکی بەپیتی لە دانوستاندنی ئەدەبیی هاوکارانەی بۆ ورووژاندنی دۆزی سۆفیێتیی هەرە گەورە کە "دۆزی ئەوینی خودایی"یە و چیرۆکی ئەوینی قەیسی کوڕی مولەووەح، مەجنوون "شێت"ی تیرەی عامرییان، بەرامبەر لەیلای عامری کە لەلای عەرەب لە شێوەی ڤینی خاوێنی" عوزری "دەستی پێ کردووە، لە ئەدەبیاتی ئیسلامەتیدا بە گەورەترینی چیرۆکەکانی دڵداری دادەنرێ. ئەگەرچی ناوەڕۆکەکەی لە ئەدەبێکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕاوە، ئەگەر چیرۆکی مەجنوون لای عەرەب هەواڵگەلێکی ورووژێنی بەرجەستە کردبێ و خەڵکەکە گێڕابێتیانەتەوە، - بۆ نموونە - لای ئەدیبە ئێرانییەکان هەرمێنێکی بێ وێنەی بووە و دوای ئەوەی تەنیا هەر دەنگوباسێلێکی پەرت و بڵاوی ڕووت بووە و بێنەشی و ئێش و ئازارچێژی و ئەوین بووە و دواتر خراوەتە شێوەی کاری ئەدەبیی ڕێکوپێک، دواتریش ئەوینی خاوێن لە ئەدەبی فارسیدا بووەتە دەسپێکی بەرەو خۆشەویستیی سۆفییانە. کە لە کارەکانی "نیزامی"دا دەرکەوتووە.[٧]

بەمجۆرە دڵداریی خاوێن "عوزری" و تێدا بێبەش بوون ورووژانی خەیاڵی سۆفییانی لێ کەوتەوە و بیری هەڵیساندن و بیرەیلی جۆراوجۆری داهێنان و لە دەروازە واڵاکەیەوە چووە ناو زانین "عیرفان"ی سۆفیی فارسی. دواتر گواستوویەتییە ئەدەبی عەرەبی و بەشە هاوبەشی هونەری و بیری لێ وەبەر هات.

ئەدەبیاتی ئیسلامەتیی تر - بۆ نموونە ئەدەبی تورکیی ئیسلامی - لە سەرەتادا هەوڵی داوە لەم چیرۆکەدا لاسایی هۆنراوەی شاعیرە[٨] مەزنەکانی فارسەکان بکا، بەڵام ئەم لاساییکردنە گیانی داهێنانی لەلای ئەمانە پەردەپۆش نەکردووە. تورکەکان هەندێکیان هەوڵی ئەوەیان داوە لە شێوە و ناوەڕۆکدا نوێکاری لە چیرۆکەکەدا بکەن. هەروەها ئەوەی لەبارەی لەیلا و مەجنوونەوەیان هۆندووەتەوە بەکەم دانانرێ، ئەوەشی دەخرێتە پاڵ کە توانایی چنینەوەی ئەو چیرۆکە و وێناکردنی لە شێوەیەکی ئەدەبیی پتەودا. بەڵام ئەو پرسیارە بەبایەخەی خۆی دەسەپێنێ ئەوەیە کە: ئاخۆ چیرۆکی لەیلا و مەجنوون لە سنووری داهێنە عەرەب و فارس و تورکەکاندا وەستاوە؟

لەوانەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە قووڵی و فراوانیی ئەدەبییاتی ڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە هەڵقووڵاوە، کە هەروەک فارس و تورک ئەدەبیاتیان هەیە، هەر شێوەزارێک لە زارە تورکییەکان[٩] – بۆ نموونە – ئەدەبێکی هەیە و لە ناوەوە چیرۆکی لەیلا و مەجنوون و چیرۆککگەلێکی سۆفییانەی تر بەخۆیانەوە دەگرن، هەروەها لەو بڕوایەدام ئەگەر لە بازنەی سێ ئەدەبیاتی ئیسلامیی (عەرەبی و فارسی و تورکی)یەوە بچینە دەرەوە ڕووبەڕووی ئەدەبیاتی ئیسلامیی تر دەبینەوە، ڕۆشنبیریی ئیسلامی قووڵتر دەکات و توانستی تێگەیشتنی کۆمەڵە موسڵمانە جیاجیاکانمان پێ دەدا، لەوانەشە ئەدەبی کوردیی ئیسلامی[١٠] یەکێک بێ لەو ئەدەبە ئیسلامییە زۆرە لەبیرکراوانە، لەبەر بارودۆخی سیاسی[١١] یان لەوانەیە لەبەر نەزانینی هەندێک لە لێکۆڵەرەوان لەم جۆرە ڕۆشنبیرییە بەبایەخانە کە ئەوەندەی پێ ناچێ لێکۆڵەرەوە موسڵمانەکان بەجێیان دەهێڵن و یەکسەر لێکۆڵەرەوە ڕۆئاواییەکان لێی دەنیشن، بۆ ئەوەی بۆ خاوەنانی ئەم ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتە ئیسلامییە لەبیرکراوانە ڕوون بکەنەوە خزم و خوێشە موسڵمانەکانیان لە یادیان کردوون، یانیش دوور نییە بۆیان ڕوون بکەنەوە کە خزمانیان بەچاوێکی سووک تەماشای خۆیان و ڕۆشنبیرییان دەکەن، لەم سەرشارەوە ئەم بابەتەم هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی ڕێیەک لە بەردەمی تۆژەرەوان ڕوون بکەمەوە  هەندێک تۆژەرەوە لە بیریان کردووە یان خۆیانیان لێ نەبان کردووە، ئەوەش ڕێی لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی ئیسلامیی کوردی، لە ڕێی چیرۆکێکی هەرە گەورەوە کە زۆربەی لێکۆڵەرەوان دەیزانن، بۆیە ئەوەم بەپەسند زانی نزیکیی نێوان تورک و کورد ڕوون بکەمەوە، سەرەڕای بوونی کەلێنێکی زۆر لە نێوانیاندا لەسەر ئاستی سیاسی و هەروەها بەپەسندم زانی ئەم خوێندنەوەیە لە نێوان دوو میری گەورەدا بکەم ئەمانەش: (فوزووڵیی بەغدایی)ی میری شیعری تورکی، لە هۆنراوەی (لەیلا و مەجنوون)دا و (ئەحمەدی خانی)ی میری شیعری کوردی، لە هۆنراوەی (مەم و زین)[١٢]یدا، بەڵام من بەچاکترم زانی لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی مۆدێرنییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتەکەدا بکەم، بەمەبەستیش تیۆریی دەقێنی گێڕانەوەییی هەڵبژێرم وەک شێوەیەکی نوێ بۆ ڕەخنە لە کاری ئەدەبی گرتن، لەبەرئەوەی هێنانە کایەی ئەم تیۆرییە بەسەر ئەو کارە جۆرە تازەیی و هەمەجۆری بە لێکۆڵینەوەکە دەدا، چونکە بابەتی لەیلا و مەجنوون لەلایەن گەلێک لێکۆڵەرەوە خوێنراوەتەوە،[١٣] وای بۆ دەچم ئەگەر خۆمانی لێ بدەین باشتر وایە تازەکردنەوە لە خوێندنەوەیدا بکەین.

**یەکەم: تەکنیکی دەقئاوێزانی گێڕانەوەییی " لەیلا و مەجنوون " لەلای " فوزووڵیی بەغدایی "دا**

لەگەڵ ئەوەشدا کە عەلی شیرنەوائی[١٤] بەیەکەم کەس دادەنرێ لە ئەدەبی تورکیدا بابەتی "مەجنوون لەیلا "ی بەکار بردووە، کەچی " فوزوولیی بەغدایی "ی میری شیعری تورکی لەو و لەو شاعیرە تورکانەی تری هەر ئەو بابەتەیان بەخامەوە گرتووە جودایە، لەوەی کە شێوەیەکی سۆفییانەی جیاوازی بە هۆنراوە شیعرییەکەی داوە[١٥]، چیرۆکی لەیلا و مەجنوون لەبەر چەند هۆیەک شوێنێکی پەسندی لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا گرتووە، لەمانە ئەو کۆششەیە بۆ یەکەتی و

هەروەها ڕواڵەتێکی تایبەتە لە ڕواڵەتەکانی ئەوین کە دڵدارانی تێدا لێک دابڕاون، بەمەش ئەوین گڕ دەگرێ و ئازار پتر دەبێ. فوزووڵیی بەغدایی لە وێنەکێشانی چیرۆکەکەدا هەڵکەوتووە، ئەگەر دوای باویش کەوتبێ و لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێکە لە داهێنە پەرەپێدەکان لە شێوەی ئەدەبدا، نەیتوانیبێ بەشێوەیەکی تەواو لێی داماڵرێ، ئەمە نوێکردنەوە و داهێنانی ڕەت ناکاتەوە.(١٦)

فوزووڵی لەیلا و مەجنوونی بەپێشەکییەکی سێ چوارینەیی دەست پێ کردووە، کە بابەتەکانی بێ چامەیلی " موناجات و تاکخوداپەرستی و پەسن " نین، هەروەک زۆربەی شاعیرانی سەردەمی ئەدەبی عوسمانیی کۆن(١٧)، کە دەڵێ:

الحـــمـــد لواهب المكارم
والشكر لصـــاحب المراحم
سـبـحـان الله مـا أعظمـه
لا مثيل له ولا شريك يشبهه(١٨)

بەڵام ناوەڕۆکی چیرۆکی لەیلا و مەجنوون، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چیرۆکە ڕەسەنەکەی لای عەرەب نییە ــ تەنیا ئەوانە نەبن کە زیانە پڕ لە سۆفیگەرییەکەی تورکەکانی تێیاندا دەربڕیوە ــ کە ڕووداوەکانی لەو وشەکەلانە خاڵی نین کە لەگەڵ ئەدەبیاتی ئیسلامیدا یەک دەگرنەوە، وشەگەلی " آه و ألم و هجر و وصل و هيام و عشق و وجد.. " هەموو وشەگەلێکی دووبارەبووەوەن.

فوزووڵیی بەغدایی چیرۆکەکەی لە نزیکەی ٣٠٣٦ دێرە شیعر و لە شێوەی دوو بەیت " مثنوی "دا هەڵبەستووە(١٩)، کە ڕووداوەکانی ئەوینی دوو دڵدارەکە لە دێرە شیعری (٤٣٧)ەوە دەستی پێ کردووە و دێرە شیعری ژمارە ٢٩٧٢ کۆتاییی چیرۆکی دوو دڵدارەکەن.

چیرۆکی لەیلا و مەجنوونی فوزووڵی – ڕەنگە فراوانتر بێ وەک لەلای ئەوانی تر ــ کە تیۆرییە تازەکانی وەک دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی هەڵبگرێ، کە بووەتە دۆزێکی بەبایەخی سەردەمی نوێ لەلای زۆرێکی ڕەخنەگران.

دەشێ چیرۆکەکە بوارەکە کراوە بکا لە بەردەمی شیکردنەوەی گێڕانەوەییدا، کە بنەماکانی گێڕانەوەی لە بەردەستدایە و هەروەها ئەو بنەمایانە تەنیا بە گواستنەوەیانەوە لە ئەدەبێکەوە بۆ یەکی تر ڕەخنەی تێ ناخا، مەگەر تەنیا لە گۆڕانکارییەکی کەم نەبێ کە لە جیاوازیی ژینگەکانی داهێنەکانەوە هاتبێتە ئەنجام و هەروەها لە جیاوازیی زمان، لە پێناوی ئەوەدا ڕوانین لە تەوەرەکانی چیرۆکدا (تەوەری داهێنان ــ دەق ــ وەرگر)، لەو کارە بەبایەخانەیە کە دەبێ بەبەرچاوەوە بگیرێ.

" برنا مویرەن "(٢٠)ی لێکۆڵەرەوەی تورک دەڵێ ئەو دەقانەی پێوەستن بە گێڕانەوە/ باسکردن وەک ڕۆمان و کورتە چیرۆک و چیرۆکی میللی و ئەفسانە و هی تر لە ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تر گێڕانەوە هەڵدەگرن دەبێ بەهەموو تەوەرەکانیدا بڕوانرێ (تەوەری داهێنەر، کۆمەڵ، وەرگر،

دەق)[٢١]. ئەوەی زانراویشە ئەوەیە کە ئەو دەقانەی هەموو بنەماکانیان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەوە لە ڕووداودا کۆ دەبێتەوە دەقێلێکن بەبنەمای دەقەوە ئاوێزانن، واتە گێڕانەوە پەسند دەکەن[٢٢]، بەڵام دەمێنێتەوە ئاماژە بەوە بکەین کە فوزووڵی – تەنیا بە نووسینەوەی چیرۆکی لەیلا و مەجنوونیدا – دەقئاوێزانی لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێش خۆی دەکا کە لەیلا و مەجنوونیان هۆندووەتەوە، دەشکرێ خاڵە بەیەکگەیشتنەکان یان دەقئاوێزانی لەمانەدا ڕوون بکەینەوە:

١) دەقئاوێزانی لە هێنانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی هەر ئەو بابەتە دڵدارییانەی کە باون.

٢) دەقئاوێزانی لە هەڵبژاردنی بابەتی ئەوین بۆ هۆنراوە.

٣) دەقئاوێزانی لە ڕێککەوتن لەسەر پەیڕەوی گێڕانەوە.

٤) دەقئاوێزانی لە بەرزبوونەوە بە بابەتەکە لە دەرەتانی ئەوینی خاوێن " عوزری " بۆ دەرەتانی ئەوینی سۆفییانە.

٥) دەقئاوێزانی لەلایەن بەدەستەوەگرتنی بابەتەکە لە شێوەی هۆنراوەی شیعریدا.

٦) دەقئاوێزانی لە کەویکردنی بابەت بۆ چارەکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان تاکانە بن یا هی کۆ.

هەروەها دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە یەکەم شت سەرنجمان ڕادەکێشێ لە دۆزی دەقئاوێزانی گێڕانەوەدا گێڕەرەوەیە یان ئەو خوێنەرەیە کە ئەو دەربڕین و هۆیانەی بنەمای گێڕانەوەیی پێک دەهێنێ، یەکەمین خاڵی پێوەندییە کە لەوەوە دەقەکە بڵاو دەبێتەوە[٢٣] بەڵام دەتوانین خودی مەجنوون بە میانبینێکی کاریگەر دابنێین، بەو پێیەی خاوەنی دەق ئەوە ناکا لەسەر شەقاماندا بوەستێ دەقەکەی بۆ جەماوەر بخوێنێتەوە، بەمەش داهێنەر لە لیستی میانبینی یان لە گەیاندنی گێڕانەوە بەدەر دەبێ، بەڵام ئەوەی لە چیرۆکی مەجنووندا ڕووی داوە تاک و جیاوازە کە داهێنەر یان پاڵەوانی چیرۆکەکە دەورێکی تر ئەنجام دەدا، بەمەش لە نێوانی دەوری خۆی و کەسەکانی ڕۆمانەکەدا و دەوری وەک گێڕەرەوە یان باسکار دەگوازێتەوە، کە لە بیاواندا وێڵ دەبێ و چیرۆکەکەی بۆ هەموو کەسێک بڵاو دەکاتەوە کە دەیبینێ و بەوەش قەیس یەکێک بووە لە پشت چیرۆکەکەیەوە و بووەتە میانبینێک لە و " میانبینییانەی لە کردەوەی گێڕانەوەی کاری ئەدەبیدا ناکرێ دەستبەرداریان بین، چونکە هیچ کارێکی ئەدەبی بێ میانبین / گێڕەوە نییە، کە قەیسی شاعیر لە بیاواندا، بۆ گواستنەوەی چیرۆکەکەی بۆ خەڵکی میانبین بووە.[٢٤]

بەڵام ئەم شاعیرەی ئێستا (واتە: فوزووڵی) کە چیرۆکەکەی لە شێوە کۆتاییەکەیدا گێڕاوەتەوە دەورێکی گەورەشی بووە لە گەمەکردن بە وشەگەلی ڕووداوەکاندا، دەشێ بگاتە ڕادەیەک کە پەیڤ لە ڕەوتەکەی دەربهێنێ دا خۆی ببێتە گێڕەرەوە و پاڵەوانی چیرۆکەکە، ئەمەش لەم شیعرەی خوارەوەی هۆنراوەی لەیلا و مەجنوونیدا دێتە دی؛

لە مندا ئامادەیی ئەوین پترە وەک لە مەجنوون
منم ئەویندار ڕاستگۆ، مەجنوون هەر ناوی هەیە[٢٥]

بۆ مـاوەیەکی کـورتیش بێ، لێـرەدا پاڵەوانـی چیـرۆکە ڕاسـتـەقـینەکـە بـەلاوە دەنێ، ئەمـەش بۆ فـوزووڵی بەخەوش دانانرێ، چونکە ئەو دابەی سۆفییانەی کە لێیانمان زانیوە، ئەوەش ئەوەیە کە کەسـایەتییـەکانی ناو دەق دەنوێنن، هـەیانە خـۆی بەبولبـولی دڵدار دادەنێ، هـەندێکیشـیـان خـۆی دەکـاتە پەپوولەیەک و بەدەوروبەری ئاگـری (وەجـد)دا دەسـووڕێتـەوە، لـەبەر ئەوەش کـە شـاعـیـر ئازارەکانی خۆی دەردەبڕێ، بۆی هەیە ڕووداوەکە، با بۆ چەند کاتێکیش بێ لە گێڕانەوەی ئەدەبیدا بنوێنێ، ئەمـەش بۆ فـوزووڵی بەداهێنـان دادەنرێ چونکە داهـێنەری ڕاسـتـەقـینـە ئەوەیە کـە دەقی ئەدەبی بەمۆرکی خۆی یان بە مۆرکی ئەو ژینگەیەی لە تەکیدا دەژی شەقڵ بکا.

فوزووڵی دان بەوەدا دەنێ کە ئەم چیرۆکەی هۆیەک بووە بۆ دەربڕینی نهێنییە سۆفـییانەکانی و لەیلا و مەجنوون-یش تەنیا لە هۆیەک پتر نەبوونە بۆ ئەوەی پەسنەکانی خوا باس بکا و مەجنوون زمانی نزا و پاڕانەوە بووە لە خودی بالاّ.[٢٦]

فـوزووڵی کـە جێنـاوی (مـەن)ی شـێوەی ئازەری[٢٧] بەکـار دەهـێنێ کـە واتـای (من) دەگـەیەنێ لە بۆچوونی یەک لە ڕەخنەگرە هاوچەرخەکان دەدا کـە دەڵێ: .. وا دیارە لە گێڕانەوەی سەرزارەکی و نووسـراویشـدا جێناوی (هـو) زۆرتر بەکار دەهێنرێ. بەبیری گێڕەرەوەیەکی کۆنەکاندا نەهاتووە ئەوەی یەکەمیان بەکار بهێنێ (مەبەستی جێناوی من-ە) یان دووەمیان (مەبەستی جێناوی تۆ-یە) بەکار بهێنێ.[٢٨]

ئەگـەر خـۆ فـوزووڵی دانی بەوەشـدا نابێ ـ وەکـو پێشـتـر بـاس کـرا ـ کـە ئەم چیـرۆکەی هۆیەک بووە دەربڕینی نهێنییـە سـۆفـییـانەکانی و یان لە هۆیەک پتر نەبووە بۆ بـاسی پەسنەکانی خـوا و مەجنوونیش زمانی (وەجد) و وێڵیی سۆفییانەی بووە و تەنیا ئامرازی خودی پەسنەیلی عیرفانیی کاریگەر بووە بەسـەر دەروونانەوە، بۆ پێشاندانی دۆزە سۆفـییانەکەی، ئێمە لەم دێرانەی خوارەوەدا هـەوڵی وەک پێشـەکیی هـەندێک لە دۆزەکانی گێڕانەوەی نێوان مەجنوون و فوزووڵیی شاعیر بخەینە ڕوو دا سۆسەی شـوێنی شاعیری گێڕەوە و توانستی بەکارهێنانی مەجنوون و چیرۆکەکەی بکەین لە پێشاندانی دۆزە سۆفییانەکەی خۆی.

ڤین لە نێوانی فوزووڵی و قەیسدا:

فوزووڵی دەڵێ:

خۆزگەم بەو ڕۆژانەی هاوڕازی خۆشەویست بووم

فەڕی بەیەکگەیشتنەوەم دەبینی، نازیم بەگیان دەکێشا

گوڵشەنی ژینم خەزانی لێکدابڕانی نەدیبوو

ڕۆژگارم بەشەوی بەجێهێڵان ڕەش نەبووبوو

ئەی دۆستینە! دەوران دەیەوێ من لە مانگڕووەکەم جودا بکاتەوە

دوژمنمە، هیچ ناشزانم من چیم لە دەوران کردووە
ئەگەر گریانی ئەویندارا‌ن بگاتە گەردوونەکان، سوودی چییە
گەیشتن بە مانگرووان، بە گریان نایێتە دی
داغی بە جێهێشتنمت لە ناحەزان دەشاردەوە
چاوم تەڕ دەکرد، ئەگەر بە چاوی بە گریان، دەشارڕایەوە
پێشەکییەک لە زەوق، بە کتێبی تەمەنمدا بەسترا
دەوران نەیهێشت دەمەکانم بەو ناو-ەیەوە ڕەت بێ
ئەی فوزوولی (ئەختەر)ی بەختم گونجاو نەبوو
دەمێک ببمە ئاوەڵ لەگەڵ ئەو مانگی تابانە
کورتەی قسە، ئەو بووە دیلی ئەوین
بەجۆرێک، بووە ڕیسوای ناو خەڵک
ئەوەی ناوی قەیس بوو، بووە مەجنوون
خەم بارودۆخی بەبارێکی دیکە گۆڕی[٢٩]

ئەوەی لە شیعری پێشوودا دەبینرێ بەشێوەیەکی ڕەها ناکرێ بەسەر قەیسدا لێک بدرێتەوە، هەروەها ناکرێ واتەکانی - هەر هەموو - بدرێتە پاڵ فوزوولیی شاعیر، بگرە ئەمە هاوئاهەنگییەکی مێژووییە، دوو ڕۆشنبیری کۆ دەکاتەوە لە ناو بۆتەی ئەوینی خواییدا تواونەتەوە، قەیسی کوڕی مولەووەح - وەک دەزانین - عەرەبە، تایبەتمەندی و نەریتە عەرەبییەکان بەخۆوە دەگرێ، پێم وایە گەلێک لە نەریتی تورک جودایە، مەگەر ئەو داوونەریتانەی ئیسلام لە ناویاندا پەیدای کردوون، کە بیرەکانی ئەو دوو شارستانییەی یەکخستووە، بەڵام نابێ ئەو هاوبەشە سۆفییەمان لە یاد بکەین کە عەرەب و تورکی کۆ کردووەتەوە و ئەمەش لە شیعری پێشووەوە دیارە و ئەگەر ویستمان پێوەندییە دۆستانەکەی نێوانی دوو گێڕەوەکە، قەیس (خاوەنی چیرۆک) و فوزوولی (خاوەنی دۆز) بچەسپێنین، پێویستە بڕوا بەبوونی هێڵێکی هاوبەش بکەین لە نێویاندا، کە بەبوونی گەلێک خاڵ لەسەری جودا دەکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێ جودایی نێوان ژینگەی فوزوولی و ئەوەی قەیس بکەین، کە هەردووکیان دڵدارن، بەڵام جوداوازییان لەنێودایە لە وشەگەلێکی لەم جۆرەدا چڕ دەکرێتەوە: (باخچەی گوڵ، پایز، ئەستێرە، بەخت...) هەموو ئەمانە لە فوزوولی نزیک دەبنەوە و لە قەیس دوور دەکەونەوە بەهۆی جیاوازیی ژینگەیانەوە.

بەڵام هەندێک لایەنی بەیەکگەیشتنەوەی ڕاستەوخۆ هەن (لە پاڵ بابەتی شێتی لە ڤیندا کە پێشتر باسمان لێوە کرد) فوزوولی جەختیان لەسەر دەکا -بەسەربارکردنی کەسایەتیی خۆی- و

هەوڵی نزیککردنەوەی نێوانی گێڕەرەوی خاوەن چیرۆک (قەیس) و گێڕەرەوەی خاوەنی دۆز (فوزووڵی)، ئەمانەیان باس دەکەین:

١- مەی و مەیگێڕ

فوزووڵی دەڵێ:

مەیگێڕ بێنە ئەو مەیی موغانە
دا لەبیر کەین ئەو غەمی جیهانە
وەرە تۆ عەقڵم بەبادە لابە
بێ لە ئەستەمی چەرخی گەردوون بێ ئاگام کە[٣٠]

شیعری پێشوو بەڵگەی کاریگەریی شیعری خودی مەجنوونە لە فوزووڵی، ئەگەر بێتو بزانین قەیس، شیعری هەیە تا ڕادەیەکی زۆر لەم شیعرە دەچێ، قەیس دەڵێ:

أَأَقْطَعُ حَبْلَ الوَصْلِ، فالموتُ دونَهُ
أَمْ أَشربُ كأساً منكم ليس يُشْرَبُ[٣١]

هەروەها دەڵێ:

يسمّونني المجنون حين يرونني
نعم بى من ليلى الغداة جنون[٣٢]

٢- کەعبەی پیرۆز و مەککەی ڕێزلێنراو

فوزووڵی دەڵێ:

ئەی ڕووگە " قیبلە "ی پایەدار و شادمانان
ئەی خاوێنترین پارچە زەویی سەرزەمین
ئەی بنچینەی نێژراوەی گوڵی خواپەرستی
ئەی سندووقی گەوهەرەیلی کامەرانی
.............................
ئەی خودا، تۆ ئەم (حەرەم)ە پڕ لە خاوێنییە
ئەی خودا، تۆ ئەم پەرستگە بەپاکی ئاوەدانە
ئەم بینای ڤینەی ناوەوەم هەمیشەیی بکە
وەک (کابە) بیکە بەبنیاتێکی هەتاهەتایی
............................
ئەو پشت بە خودابەستووەی دەچووە کابە

ئەوانامەی کتێب

بانگی دەکرد و داوای لێبووردنی لێ دەکرد

وەستا، بەبێ وەستان شیعری دەخوێندەوە

هەرگیز گوێی بە هەڵچوونەوەی تۆفانی نەدەدا

فوزووڵی (گێڕەرەوەی دووەم) لە شیعریدا بە قەیسی (گێڕەرەوەی یەکەم) دەگا کە دەڵێ: یادم کردیتەوە کە حاجییان دەنگەدەنگیان بوو لە بەککە (واتە لە مەککە) دا دڵان پڕ لە هەڵچوونن

گوتم، ئێمە لە شارێکی پیرۆزداین بە خودا دڵانی تێدا خاوێن بوونەتەوە

ئەی میهرەبان تۆبەت بۆ دەکەم لەوەی کردوومن کە تاوانەکان دەرکەوتوون

بەڵام لە ڤینی لەیلا و خۆشەویستی و سەرلێدانی تۆبە ناکەم

ئیدی کە دڵیشمی لەلا ڕەهنە چۆن، بۆ تۆ لێی تۆبە دەکەم و پەشیمان دەبمەوە[٣٣]

دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی لە نێوانی ئەو دوو شاعیرەدا _ کە ژینگەش و سەردەمیشیان جودایە – ئەو لێکچوونە تژی لە گیانی خۆشەویستی و دڵدارییە بەر لە خوێنەر ناگرێ، هەرچەند دڵداری لەلای گێڕەرەوەی دووەمدا جودا ببێتەوە کە دڵدارییەکەی بۆ پلەی دڵداریی سۆفییانە بەرز بووەتەوە و بەپشت بە بابەتی پیرۆز و حاجییان بەستنەوە، ئەگەر بەراوردمان لە نێوانیاندا کرد، قووڵاییەک دەبینین هەردوو داهێنەرەکە بەیەکیانەوە پێوەست دەکا، هەموو جیاوازییە ژینگەیی و سەردەمییانە پێشێل دەکا، بۆ ئەوەی گیانێک لە یەکدی تەواوکردنی ڕۆشنبیری لەنێو هەردووکیاندا بخولقێنێ.

ئیدی دەبێ لە بەردەمی ئەم هێما ئیسلامییە گەورەیەدا (کەعبە) وەستانێکی چاک بووەستین، لەلایەن ئەوەوە کە هێمایەکە ژینگەگەلێکی لێک جیاواز بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە و بواری تێکەڵیی ژینگەیی بێ سنوور والا دەکا، کە (کابە) ئەگەرچی هێمایەکە، دەشێ لەلای ئەوانەدا کە موسڵمان نین هیچ نەگەیەنێ بەڵام – لای موسڵمانان _ وەک هەر هێمایەکی تر نییە. بۆ نموونە، درەخت ئەگەر ناوی هێنرا (درەخت) ناشێ لە چییەتی بپرسرێ مەگەر لە بەردەمی سەیرکاراندا بەرجەستە بێ، کە درەخت جۆری زۆرن، بۆیە هەر دەبێ درەختەکە لە بەرچاوی وەرگردا بەرجەستە بکرێ بۆ ئەوەی چییەتیی بۆ دەربکەوێ[٣٤]، هەروەها (کەروێشک)ی گیانلەبەر دەنگی وشەکەی تەواوی چییەتی ناگەیەنێ، مەگەر وەرگر کەروێشکەکەی بینی لە بەردەمیدا قوت بووەتەوە، بۆ ئەوەی شارەزای (ڕەنگەکەی و قەوارەی و جۆرەکەی و.. تاد) بێ[٣٥] بەڵام کابە بەبەراورد ناکرێ وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکان بەراورد بکرێ، چۆن زەوی ڕەگەزێکی تێدا نییە بۆ نموونە، پێی بگوترێ (کابەکان)، وەک دەڵێی درەخت لە پۆلی درەختەکانە و هەروەها.

لەبەر ئەمە، کابە، نێوانی گێڕەرەوەی یەکەم و گێڕەرەوەی دووەمی (قەیس و فوزووڵی)ی ئاوێتە کردووە دا بچنە ناو یەک دۆزەوە کە دۆزی ئەوینە و بۆ ئەوەی کابە وەک هێمایەکی جێگیر نەک بگۆڕ بهێننەوە نێوانیان لە بنەمای گێڕانەوەدا کۆ بکاتەوە، ئەوجا لەمەوە بۆ پێشاندانی دۆزی ئەوین بجووڵێنەوە.

| وێنەی کابە | چەمکی بینراو |
| --- | --- |
| کابە | هێمای دەنگ |

بەپێی ئەوەی باسەکەی ڕابورد، دەکرێ ئەو پێوەستبوونە هاوئاهەنگییەی نێوان دوو گێڕەرەوە، لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١ - گێڕەرەوەی یەکەم (قەیس) دۆزی ئەوینێکی خاوێن (عوزری) دەخاتە بەرباس، سنوورەکەی لەلای ئەوینی خاوێندا کۆتایی نایێ، لێ بەرەو ئەوینی سۆفییانەی ڕەت دەکا.[٣٦]

٢ - گێڕەرەوەی دووەم (فوزووڵی) بۆ خوڵقاندنی بوارێکی بەرفراوانی گێڕانەوە دەکۆشێ، بەچەشنێک کە بوار بۆ بنەماکانی چیرۆکەکە نایەڵێ ئامانجەکانی لە گێڕانەوەکەی تێک بدا، کە دەست لە ڕووداوەکانی وەردەدا تەنیا وەک گێڕەرەوە نا، بگرە وەک گێڕەرەوەیەکی بزوێنەری ئەو ڕووداوانە و دواتریش توانیویەتی جێ دانیشتنێکی بەبایەخی تێدا بگرێ، کە ئەوەش جێی سۆفیی خاوەن دۆزەکەیە.

٣ - دۆزی فوزووڵی لە پیشاندانی دۆزێک بەنموونەیی دادەنرێ لە نێو چیرۆکێکەوە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵدا بێ (لەو سەردەمەدا) دا بتوانێ بگاتە ئاوەزی گەورەترین بڕی خەڵک.

ئەگەر فوزووڵی کۆششی بۆ ئەوە کردبێ لەنێو چیرۆکی لەیلا و مەجنوونەوە دۆزە سۆفییانەکەی بخاتە ڕوو، ئەوە بەکارێکی نزیکتر لە (تازەگەری ــ حەداسە) دادەنرێ و تازەیی بۆ ئەم سەردەمە، کە ئەوەی نووسەرەیلی ئەمڕۆ دەیکەن - بەتایبەتی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس - لە خستنەڕووی دۆزەکانی کۆمەڵ بەولاوە چیی تر نییە، لەنێو چیرۆکێکەوە کە لەوانەیە بوونیشی لە بیرەوەریی خەڵکدا نەبێ، خۆ ئەگەر فوزووڵی توانیبێتی ئەو دۆزە سۆفییانەیەی خۆی بە چیرۆکێکی لە بیرەوەریی خەڵکدا جێگیرەوە پیشان بدا، ئەمە ئەگەر بەڵگەی شتێک بێ، بەڵگەی ئەو توانستە ئەدەبییە نوێکەرەوەیە، کە فوزووڵی لە داهێنەرانی تری سەردەمەکەی خۆی جیا دەکاتەوە، بەو کاری پێشاندانە گێڕانەوەییە ئێجگار بەرزەی دۆزەکەی تێدا ڕەنگ داوەتەوە.

ئەوەی فوزووڵی کردوویەتی وامان لێ دەکا لەو کارە ئەدەبییانە بکۆڵینەوە کە بایەخ بەدۆزێک لە دۆزەکان دەدا و بە چیرۆکێکی ئەدەبیی جێگیری ناو بیرەوەریی خەڵکدا خۆی لێ داوە، یانیش دەشێ بەهێزیی گێڕانەوە لە بیرەوەرییاندا جێگیری کردووە و بایەخی دۆزەکە هەرچەندێکیش ئەم دۆزە، سۆفییانە بێ یان سیاسی و لەوانەیە بەهەڵەشدا نەچووبم ئەگەر بڵێم: دۆزێکی سیاسیی دڕکاوی کە بێنە و بەردەی خۆی هەیە، لە ڕەتکرنەوە و پەسندکردن، وەک دۆزی کورد کە نابێ دوور بێ لە نزیکبوونەوەی ئەدەبی، لە نێوانی ئەم و دۆزی سۆفییانەی پێشتر باس کرا و، نەک لەلایەن بابەت و ناوەڕۆکەوە و بگرە لەلایەن ئەوەی کە دۆزێکی هەرە گەورەیە و خاوەنەکەی لە شێوەی چیرۆکێکی ئەوین و وەجدا هۆنیویەتییەوە، کە لە شێوەی ئەدەبیدا کردوویەتییە چیرۆکێکی

سیاسی و پێم وایە ئەحمەدی خانی (دانەری چیرۆکی مەم و زین) نموونەیەکی نوێی لە شێوەکانی گێڕانەوەی بۆ داناوین و بۆیە وام بەباش زانی ناوبڕێک لە نێو هەر دوو چیرۆکەکەدا (لەیلا و مەجنوون ــ مەم و زین) دانێم، هەرچەندە ئەم دوو چیرۆکە چیرۆکی ئەوین و وەجد و وێڵ بوون، بەڵام ئەمە ڕێی ئەوەم نادا هەردووکیان لێک بدەم بەشێوەیەکی سەرلێشێواو لە نێوانی زۆر دەوڵەمەندی، زۆر دەوڵەمەندیی هەردوو چیرۆکەکە، بۆیە وام بەباش زانی چیرۆکەکەی ئەحمەدی خانی بەشێوەیەکی جودا بخەمە ڕوو دا هەلی دۆزینەوەی ڕادەی لێکچوونی گێڕانەوەی نێوان هەردوو گێڕەرەوە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگر بڕەخسێنم.

**دووەم: ستراتیجییەتی دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی " مەم و زین " لەلای " ئەحمەدی خانیدا "**

گومانی تێدا نییە ئەحمەدی خانیی شاعیری کورد بەیەکێک لە شاعیرە بەرزەکانی ئەدەبی ئیسلامی دادەنرێ، ئەوانەی بەشی خۆیان لە لێکۆڵینەوە بەرنەکەوتووە، کە ئەم شاعیرە بەزناکێکی دیاری ئەدەبی کوردی دادەنرێ و شانازیی میرایەتیی شیعری کوردیی بەدەست هاوردووە، هەروەها لەسەر چەندان نەوەی داهێنانی کوردان بەکاریگەر دادەنرێ. بەلامەوە ئەحمەدی خانی بەتەنیا نییە لەوەی شایەنی خوێندنەوەن، بگرە – لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە – ئەدەبی کوردی بەگشت داهێنەرانیەوە شایەنی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلن.

وام بەلاوە پەسند بوو ئەحمەدی خانیی میری شیعری کوردی، لەبەر بایەخی بەرهەمی ئەدەبی[٣٧]، لەم لێکۆڵینەوەیەمدا بکەمە لایەکی سەرەکی. هەروەها چونکە یەکێکە لەوانەی گەلێک بگرە و بەردەی لەبارەوە ورووژاوە، بەدەستەواژەیەکی وردتر بڵێم، ئەوەی نووسیوونی بەپێی هەوەسی هەندێکان لێک دراوەتەوە و ڕاڤە کراوە، بەتایبەتی لە چیرۆکی شیعریی " مەم و زین "یدا، کە لە شێوە و ناوەڕۆکدا گەلێک لەگەڵ چیرۆکی لەیلا و مەجنوون لەیەک دەچن.

سەرەڕای ئەم هەمووەش، ئەم بگرە و بەردەیە لە بەهای کارەکانی کەم ناکەنەوە، بەتایبەتی بەرهەمی " مەم و زین "ی بابەتی لێکۆڵینەوەکە.

## فرەگێڕەوە، لە " مەم و زین " و تەنگژەی وەرگری جگە لە کورد

مەبەست لە گێڕەوە لەم بارەدا، ئەحمەدی خانیی داهێنەرە (چونکە چیرۆکی مەم و زین دەگێڕێتەوە و خۆی گێڕەرەوەی یەکەمی چیرۆکەکەیە) و هەروەها ئەو نووسەر و توێژەرەوانەی چیرۆکەکە و واتاکانی لێک دەدەنەوە یان شی دەکەنەوە. ئەوانەی دوور نییە واتای هێما بەئارەزووی خۆیان لێک دەدەنەوە بەزمانی تورکیی نوێ ــ زۆربەی زۆری ــ خۆ ئەگەر وەرگری جگە لە کورد لێک دانەوەکانی لە گێڕەرەوەی کورد وەربگرێ، کە لە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لێک دراوەتەوە، ئەگەر گێڕەرەوەی کورد چیرۆکی ئەدەبی بەدۆزی سیاسیی کوردی ببەستێتەوە، هەروەکو گێڕەرەوەی چیرۆکی لەیلا و مەجنوون چیرۆکەکە بە دۆزی سۆفییانەوە دەبەستێتەوە، ئەمە

گرفتەکەیە، چونکە (واتە گێڕەرەوەی لێکدەرەوە) دوور نییە زۆربەی هێماکانی چیرۆکەکە بەئارەزووی خۆی لێکبداتەوە. بەڵام ئەم کارە ڕاستیی لێکدانەوەکانی گێڕەرەوە وەلاوە نانێ، ئەگەر گێڕەرەوەکانی ئەم چیرۆکە زۆر بوون، کە ئەمە بە کردەوە ڕووی داوە، کە زۆربەی ڕەخنەگر و شیکەرەوەکانی چیرۆکی مەم و زین، ئەوانەی شیکردنەوەکان و بەدواداچوونەکانیان بە زمانی تورکیی نوێ نووسیوە (زۆربەشیان کوردن و تورکی دەزانن) لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەحمەدی خانی مەبەستی لە چیرۆکەکەی زیندووکردنەوەی نەتەوەییی کوردان بووە، بەڵام پرسیارێک هەیە خۆی دەسەپێنێ کە: ئاخۆ ڕەخنەگرانی ئەم چیرۆکە زێدەڕۆییان لە لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیاندا کردووە، یان بە بێلایەنی وەستاون؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە خودی چیرۆکەکەوە نەبێ تەواو نابێ. بۆیە باشتر وایە خۆمان لە دەقەکە بدەین و بچینە قووڵاییەوە، ئەو دۆزانە بەبەرچاوەوە بگرین کە خانی لە چیرۆکەکەیدا خستوونیەتە بەرچاو، بەوەی کە گێڕەرەوەی یەکەمە جەخت لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەکا:

١- کورد خاوەنی ڕۆشنبیری و خودان زانیاری و زانستن(٣٨)

مەم و زین بەیەک لە نموونە هەرە چاکەکانی ڕۆشنبیریی کوردی دادەنرێ، کە باری کۆمەڵی کورد و نووزە و خۆشی و ناخۆشی دەردەبڕێ، خانی ویستوویەتی بیسەلمێنێ کە کورد گەلێکی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوانن و ئەدەبێکی دێرینیان هەیە ئامانجەکانیان دەردەخا، ئەگەر هەلیش بۆ ئەم گەلە بڕەخسێ، لە ژیانێکی پڕ لە زانست و خۆشەویستی و ئاشتیدا دەژی، لەم بارەیەوە دەڵێ:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بونیاد
ئەنواعێ میلەل خودان کتێبن
کرمانج تەنێ د بێ حسێبن
هەم ئەهلێ نەزەر نەبێژن کو کرمانج
عیشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج
تێکدا نە د تاڵبن نە مەتڵووب
ڤێکرا نە موحیببن ئەو نە مەحبووب
بێ بەهرەنە ئەو ژ عیشقبازی
فارغ ژ حەقیقی و مەجازی(٣٩)

ئەم شیعرە لە هێما خاڵی نییە، لە کاتێکدا دەبینین بەشێوەیەکی ئاشکرا لەبارەی کوردانەوە دەدوێ، ئەوەش لە سەرەتای ئەم دێرە شیعرانەدایە، کە باسی ئەوە دەکا کوردەکان خودان زانستن، دەبینین کە قسە لە ئەوین دەکا هێما لە بارودۆخی سیاسیی کوردان دەکا و گەیشتن بەئاواتە

سیاسییەکانی کورد – کە زەحمەتە دەست بکەوێ – بە زەحمەتی بە ئەوین گەیشتن پەسن دەکا، ئەوەی لە شیعری پێشوودا سەرنجڕاکێشە لاربوونەوەی شاعیرە بەرەو گیانی سۆفییانە، کە وشەی ئەوین (عیشق) گوزارەیەکی سۆفییانەی هەیە.

٢– هێمای سۆفییانە یان ڤینی خوایی هۆیەکی دەربڕینە لە نەهامەتی (معاناە)ی کورد

خانی مەی و مەیگێڕ لەلایەکەوە و چنگگیریی دەسەڵاتی فەرمانبەدەست لەلایەکەی ترەوە تێکەڵی یەکتری دەکا، دەڵێ:

سـاقی بدە من شـەرابێ گـولگوون
بێ دەنگێ دەف و سـەدایێ قـانوون
دا شـیحنە وو مـوحتـەسیب نەبینن
شـاهی بجـڤن چو غـەم نەمـینن
...........
بێ کـەیف نەشـێم چو ئەز ببـێـژم
دێـوانـە ببـم دوڕان بـڕێـژم
بەدحـال ببم سـرران ب دەر دەم
بێ قـال ژ باتنێ خـەبەر دەم
دا کـەشف ببن ژ من کـەرامـات
مـەشـهـوود ببن لمن مـەقـامـات
......
سـازی دل و گـول بزیر و بەم بت
سـازندەئی عیشـقی زین و مەم بت
شـەرحـا غـەمێ دل بکەم فـەسـانە
زینـی و مـەمـی بکـەم بەهـانە(٤٠)

ئەو شیعرانەی پێشەوە هێمایان لەناویاندا هەڵگرتووە، گێڕەرەوەی یەکەم ویستوویەتی پەیامێک بۆ هەموو گەلی کورد بشێنێ، پێشمان دەکرێ دۆزی کێشەی سیاسیی کورد بەتەوەری سەرەکی دابنێین، هەروەها وشەگەلێک لە شیعری پێشوودا هەیە وەک زناکی ڕووناکن بۆ وەرگر:

(الطبول " دەف "، رجال الامن " شیحنە "، حراس المدینە " موحتەسیب "، ینقشع الغم " غەم نەمینن).

کەچی شاعیر ویستوویەتی وێنەیەکی بانەکی بکێشێ، ئەمەش بە (ساقی "مەیگێڕ "، شەراب "

خواردنەوە "، قەلب " دڵ " ..... تاد)، ئەمەش لە پێناوی بەرگری لە دۆزی کوردان، کە مەی دەکاتە هێمای ڕزگاربوون و بە ئامانج گەیشتن و ڕێیەکی ڕزگاریی کوردان لە کۆتەکانی دیلێتی و بەداردەستبوون، کە قوم و فڕی سەربەخۆییە، لەمەدا دەڵێ:

ساقی ژ بۆ خودێ کەرەم کە
یەک جورعەئی مەی د جامێ جەم کە[٤١]
دا جام ب مەی جیهان نوما بت
هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت[٤٢]

خانی جەخت لەسەر هێما دەکا بەپێوەستکردنی بەندیی سۆفییانە و نەهامەتیی سۆفی لەلایەکەوە و نەهامەتیی کورد لەلایەکەی ترەوە، کە وای لێ کردووە، بەپاڵەوانی ئەم چیرۆکە (مەم) هێما بۆ کوردان و نەهامەتییان بکا.

٣– ئامادەکردنەوەی هێمای ڤینی خوایی

ئینجا لەبارەی هێماکانی ڤینی خوایی لە جیهانی ئیسلامییەوە دەدوێ و دەڵێ:

شیرین تە کرە شەکر ل پەروێز[٤٣]
فەرهاد ژ ڕەنگێ ئەشک خوونڕیز[٤٤]
لەیلا تە کرە بەلا ل قەیسی
ڕامین ب تە ڕام بوو ل وەیسی[٤٥]
یووسوف تە چرا نما زولەیخا[٤٦]
وامیق تە کوسا گەهاندە عەزرا[٤٧][٤٨]......... ل/ ٦ ن. عەبدوڵڵا – کتێب ل/ ٣٨.

ئەم شیعرە بەئاشکرا پێوەندیی ڕۆشنبیریی نێوانی کوردە موسڵمانەکان و کەسوکارە موسڵمانە عەرەب و فارس و تورکەکانیان دەردەبڕێ و...، لێرەشەوە ئەو دەقئاوێزانی گێڕانەوەییە دەست پێ دەکا کە جەخت لەسەر ئەوە دەکا، ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی هەیە لەگەڵ جیابوونەوەی نەتەوەکانیانیشدا، هەموو موسڵمانان بەیەکەوە پێوەست دەکا.

خۆ ئەگەر پتر لە ستراتیجییەتی دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی لای ئەحمەدی خانی قووڵ بووینەوە، دەبینین _ هەروەک داهێنە موسڵمانەکانی تر لە فارس و تورک _ کەلەپوور دەهێنێتەوە و ئامادەی دەکا و.. نەک تەنیا هێماکانی ڤینی خوایی و بەس، بگرە لەناو مێژووی ئیسلامیشدا ڕۆ دەچێ دا لەبارەی هێما مێژووییەکانی لای موسڵمانیشەوە بدوێ.

٤– ئامادەکردنەوەی هێما مێژووییەکان

خانی، لەبارەی کوردانەوە – کە ئەستێرەیان لە بەرزبوونەوەدا بووە – دەڵێ: پایەیان لە سەرکردایەتی و پێشەنگایەتیدا هەبوو:

هەواڵنامەی کتێب

وان گرت ب شیری شەهرێ شوهرەت
تەسخیر کرن بیلادێ هیممەت
هەر میرەکی وان ب بەزلێ حاتەم(٤٩)
هەر میرەکی وان ب ڕەزمێ ڕوستەم(٥٠) (٥١)

بەڵام خانی دەگەڕێتەوە و جارێکی دی شانازی بەنەتەوەکەیەوە دەکا، هەروەک بیەوێ هەندێک لەو هێما مێژووییانە بێنێتە سەر زار، بۆ ئەوەی لایەنی کوردی پێ بەرز بکاتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

کەس ناکەتە مەیتەرێ خوە جامی(٥٢)
ڕاناگرتن کەسەک نیزامی(٥٣)(٥٤)

ئەوجا دەبینین لە چیرۆکی مەم و زین-یدا دەنگی کوردان بەرز دەکاتەوە، خۆی بەگێڕەرەوەیەکی ڕووداوەکانی دادەمەزرێنێ و هەروەک چیرۆکێکی ئەوین بگێڕێتەوە، کەچی لە پشت ئەوینەوە ئەوینێکی تری مەبەستە و بە خۆی ڕای دەگەیەنێ کە ئەم چیرۆکە دەنووسێ و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وەک مرواری " دورِ "یکی شاراوەیە کە لە عابایەوە بەدزی و بەترسەوە دەری دەهێنێ، لەم بارەیەوە دەڵێ:

نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرینم
زینی و مەمێ ژ نو ڤەژینم(٥٥)

پرسیارێک هەیە لەم هەڵوێستەدا خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە: خانی لەو پەیڤە شیعرییەی پێشوویدا دەیەوێ چی بڵێ؟ داخۆ لە دەرکەوتنی ئەم چیرۆکەدا لە خۆی و لەسەر کەسوکاری دەترسا؟! لەبەر چی؟ بێگومان گەیشتووینەتە قۆناغێک لە دڵنیایی کە ئەم چیرۆکە لە تەک سنوورەکانی چیرۆکێکی ئاساییدا ناوەستێ. بگرە بنەماکانی گێڕانەوەی شیعریی تێدا جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی گێڕانەوەکەی خزمەتی دۆزی کوردان و نەهامەتییە سیاسییەکانیان دەکا.

٥- مەم لە زیندانەکەیدا هێمایەکە بۆ کورد لە نەهامەتییدا

لە کاتێکدا کە مەم بەهۆی ئەوینی زینەوە لە گرتیگەدا بووە، تاجەدینی برادەری هەوڵی ئازادکردنەوەی داوە، ئەوەش بەیارمەتیی براکانی، لێرەدا دەبینین گێڕەرەوە ئەم هەڵوێستەی بەهەڵوێستی کوردان بەرامبەر چەوسێنەرانیدا گرێ داوە، خانی دەڵێ:

دەردێ ستیێ خەیالێ زین بوو
تاجدین ژ غەما مەمێ وە دین بوو
هەر لەحزە دگەڵ بران ب شەر بوو
قەسدا د دلێ وی ئەڤ خەبەر بوو

ڕابت ب غـەزەب بچـیـتـە پێش مـیـر
داخـــواز بکەت ممی ب تەقـــســـیـــر
جـــارەک بچن ممی ڕجـــا کـــەت
سـووچ و گـونـەهـی مـــەمی تکا کـەت
دا مـــــیـــــر ژ وەرا برایـێ بـەردەت
یا ئەڤ سـەر و مـالێ تەی ب دەر دەت
...............
گـــورزان بهـــەژین ڕمـــان ب بازین
ئەڤـــرەنگە مـــەمی ژمـــیـــر بخـــوازین
...........
تاجـــدین خـــەبـەرا برای گـــوه کـــر
مــوحکەم د دلێ خـــوەدا بجـــەه کـــر[٥٦]

دەشێ خـانی لەم شـیـعـرانەیدا زۆرێکی لەوانەی ناو دڵی نەشـاردبێـتـەوە، قسـەکـانی لە ڕوونی نزیکترە وەک لە تـەمـاوییـبوون، بەڵام ئەو پێوەندییـەی شـاعـیـر لە نـێوان ناو زیندان دڵداری ناو زیندان (مـەم) و دڵبـەری جـوان (زین)دا پەیدای کـردووە، کـێـشـە و گـفـتـوگـۆ و پرسـیـارەیلێکی زۆر دەورووژێنێ، دەوڵەمـەندییەکی بیری تژی لە سیاسەت بە دەقەکە دەدا، بەڵام بەخۆی (واتە خـانی) پایەی هێـمـای لێرەدا بەرز کردووەتەوە، ئەم ــ بەبۆچوونی من وەک پێشـتریش گوتم ــ دەیەوێ (مەم)ی بـەندکراو ببێتە هێـمای هەمـوو گەلی کوردی بەندی ناو کۆتی نانیـشتـمـان_دا و دەیەوێ (زین) ببێتە هێـمای نیشتـمانی لەدەستچوو و ئاواتەخـوازی کورد، لەلایەکەوە کە پێوەندییـەکی دڵسۆزانەی نێوانی دڵدار و دڵبەر و لەلایەکی ترەوە لە نێوانی کورد و نیشتـمانی لە دەستچوودا و ئەم شیـعرانەی خوارەوە ــ کـە لە دۆزی کـورد و ڕۆڵی سـیـاسی و پایـەیانەوە لە مـێـژوودا دواوە –، مـەبەسـتی ئەم چیـرۆکـە و ئامانجە هەرە بەرزەکەی ڕوون دەکاتەوە.

٦– ئەو ڕۆڵەی کورد لە کێشەی نێوانی عوسمانی – سەفەوی–دا بینیویەتی[٥٧]

کـورد بـەشـداریی تورکی عـوسـمـانـی لە شـەڕی دژی دەوڵەتی سـەفـەوییـاندا کـردووە، ئینـجـا کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو دەوڵەتە و خاکیان بووەتە جێی ململانێ و شەڕی نێوانی ئەم دوو دەوڵەتە و بـۆیە هـەسـتی گـەلی کـورد بەنەبوونی دەوڵـەتێکی سـەربـەخـۆی خـۆیان، وای لێ کـردوون ڕەمەکی گەلی کورد پەنا ببەنە بەر ئەفسـانە و " خانی " جێی تاسەی گەلی کورد بووە و بووەتە ئەو ئامرازەی دەردی دەروون بە بـا دانەوەیەی جۆرە ئامادەییـەکی ڕابردوویان پێ بـدات و تاسـەی ئەوە بکەن دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنن، خانی دەڵێ:

ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان حەسارن
کرمانج هەمی ل چار کەنارن
هەر دوو تەرەفان قوبە یلێ کرمانج
بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج
گوویا کو ل سەر حەددان کلیدن
هەر تایفە سەددەکن سەدیدن(٥٨)

خانی لە شیعری پێشوودا بەرەو دۆزی ململانێی کوردان لە پێناوی وەدەستخستنی نیشتمانێکی سەربەخۆ دەسگیرۆییمان دەکا، بەڵام وشەکانی لەلایەنی ئیماژە و پەنجە بۆ ڕاکێشانەوە دەربڕن. «دەردەبڕن»

حەسار " القلعة " ـــــــــ درکەیە لە هێز و پتەوی = هێزی کوردان

بوونی کوردان لە چوار کەناردا ـــــــ درکەیە لە زۆری و بڵاوبوونەوە و هێز

بوونە ئامانجی تیری کوشندە ـــــــ بەڵگەی ئەوەیە کە کوردان ئامادەی خۆبەختکردن و جێی چەوساندنەوەی هی ترن.

٧- کوردەکان میهرەبان و خودانی مێژوویەکی دێرین

سەرەڕای ئەوەی خانی جەخت ـ وەک لە پێشەوە دەرکەوت ـ لەسەر ئەوە دەکا کە کوردەکان مەتاڵیپارێزەری نەتەوەکانی ترن، هەروەها جەخت لەسەر ئەو پایە بەرزەشیان دەکا کە ئەگەر هەلی سەرکردایەتی و پێشەوایەتییان بۆ برەخسێ هەڵسوکەوتی چاکیان دەبێ و دەتوانن دەست بەسەر نەتەوەکانی تردا بگرن، هەروەک لەم شیعرەیەوە دەردەکەوێ:

غالب نە دبوو ل سەر مە ئەڤ ڕووم
نە دبوونە خەرابەئی د دەست بووم
مەحکووم عەلەیهی و سەعالیک
مەغلووب و موتیعی تورک و تاجیک(٥٩)

هەروەها خانی هەوڵی داوە پشتگیریی بنەماکانی گێڕانەوەی شیعریی پێشتر بکا، بەسرووش وەرگرتن لە مێژووی " سەلاحەدینی ئەیووبی "ی (یەک لە پاڵەوانە کوردە بەناوبانگەکانی ئیسلام) دەڵێ:

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
مێرێنی و غیرەت و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکراد
وان دانە ب شیر و هیممەتی داد(٦٠)

٨– ئەگەر کوردان شایەک یان دەسەڵاتێکیان دەبوو پایەیەکی بڵندیان دەبوو

خانی هەوڵ دەدا بە خەیاڵ بە دەوروبەری خەونی کورداندا بگەڕێ لە دۆزینەوەی نیشتمانێک بۆ خۆیان، شیعریش بۆ خۆی دەکاتە هۆیەک " داردەست " دا ئارەزووی کوردان بورووژێنێ و هەستی خوری ناخیان بەرامبەر ئەم خەونە هەستیارتر دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێ:

گەر دی هەبووا مە پادشاهەک
لائیق بدیا خودێ کولاهەک
تەعیین ببووا ژ بۆ وی تەختەک
زاهیر ڤە د بوو ژ بۆ مە بەختەک
حاسڵ ببووا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتتە دبوو مە ژی ڕەواجەک
غەمخواری دکر ل مە یەتیمان
تێخانە دەر ژ دەست لە ئیمان(٦١)

لەم خەونەیدا بەردەوام دەبێ و نێوانی سیاسەت و ڕۆشنبیری بەیەک پێوەست دەکا و لەم بارەیەوە دەڵێ:

گەر دی هەبووا مە ژی خودانەک
عالی کەرەمەک لەتیفەدانەک
عیلم و هونەر و کەمال و ئیزعان
شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان
ئەڤ جینس ببا لباوی مەعموول
ئەڤ نەقد ببا لنک وی مەقبوول
من دی عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکرا لبانێ گەردوون
بیناڤە روحا مەلێ جزیری
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهێ تەیران(٦٢)
حەتتا بە ئەبەد بمای حەیران(٦٣)

ئینجا خانی ئامانجە سەرەکییەکەی دەردەخا کە ئەوەش ئارەزووی کوردانە کە سەرکردایەتیی موسڵمانان بکەن و خزمەتکار و یاریدەریان لە عەرەب و فارس و تورک هەبێ دا ڕۆڵی

سەرکردانەیان وەک ئەو نەتەوانە ببینن، کە ئەوە باس دەکا موسڵمانان ئەگەر لەنێو خۆیاندا ڕێک کەون و یەک بگرنەوە کوردەکان دەبنە سەرکردەکانی موسڵمانان و لەوانەیە بەمەش ڕۆڵی کوردگەلی سەروبەندی شەڕەکانی سەلاحەدین دەداتە پاڵ کوردان، کە چۆن ئەو ڕۆژەی موسڵمانان هەموو، یەکیان گرت کوردەکان سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامییان کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

گەر دی هەبووا مە ئیتتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەرا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت(٦٤)

خانی ئارەزوویەکی گەرموگوڕی بۆ یەکەتیی موسڵمانان هەیە، ئەمەش خەونی هەموو موسڵمانێکی دڵسۆزی ئاینەکەیەتی و ئەگەر خانی وای پەسند بێ پێشەنگایەتی و سەرورەری بۆ کوردە هاوڕەگەزەکانی بێ، هەست بەچەوسانەوە و زۆرداریکردن نەبێ چیی تر نییە، هەست بەلەدەستچوونی ناسنامە و نیشتیمان. خۆ ئەگەر ئەو موسڵمانانەی لەگەڵ کوردان‌دا دەژین هەستیان پێ بکردایە و هەستیان بەهەستەکانیان بکردایە ـ بێ ئەوەی زیان لە یەکەتیی موسڵمانان بدرێ ـ کوردێک نەیدەوێرا داوای نیشتمانێکی تایبەتی بکا، هەروەک سەلاحەدینی ئەیووبی نەیکردووە و لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەتێکی گەورەی بەدەستەوە بووە، نەتەوەگەلێک لە کورد و عەرەب و هی تری تێدا تێکەڵ بووبوو، کە ئەمەیان ئەمڕۆ ڕۆئاوا لەنێو موسڵمانانی دروست کردووە، بۆ ئەوەی شەقارێک لە نێوانیاندا دروست بکەن، دەست بە ئاینەکەیانەوە گرتنی موسڵمانان نەبێ، نەک بە نەتەوەکانیانەوە، نۆژەن نابێ.. هەروەک سەلاحەدین و هی تر کردوویانە. لەوانەی نەتەوەیان و دەمارگیریی خۆیان لە پێناوی ئاینی ئیسلامیان لە بیر کردووە.

بەهەرحاڵ، دەمێنێتەوە بڵێین، ئەوەی فوزووڵی و خانی لە چیرۆکەکانی " لەیلا و مەجنوون.. و مەم و زین "دا دەریان بڕیوە و ئەو دۆزانەی گێڕاویانەتەوە لە بەرامبەر دوو چیرۆکی بەشێوە چوونیەکمان دادەنێن–شێوەی چیرۆک بەوەی کە چیرۆکی دڵدارین– و واتا–واتای سۆفییانە– و ئامانج.

فوزووڵیی بەغدایی – هەروەک پێشتریش باسمان لێوە کرد ـ لە چیرۆکەکەیدا دەیەوێ هاووڵاتیی موسڵمان بگەیەنێتە ئەنجامی دڵداری و سۆفیگەری و لەوەوە گوزارەیلێ ڕوون دەکاتەوە کە لەو کاتەدا لە گەلێک کەس بزر بووە، ئەو دەیەوێ بیگەڕێنێتەوە ئەو زانستە سۆفییانەیەی وا لە چامەیەکەوە بۆ چامەیەک جەختیان لەسەر دەکا دا بەوە بگاتە ئامانجە هەرە گەورەکەی کە لەو گێڕانەوە شیعرییەیدا چاوی تێ بڕیوە و کە ـ بەبۆچوونی من ـ دەورەدانی موسڵمانانە بەدەوری کەعبەدا وەک هێمایەکی سۆفیی ئەویندار، ئەوەی کە چاوی لە گەیینە بەخۆشەویستیی خواکەی،

خۆزگە گشت موسڵمانان یەکیان دەگرت لە نێوانی کەعبەوە کە یەکەتیی گوزارەییی موسڵمانان دەنوێنێ، کە کەعبە لە گشت لایەک و شوێنێکەوە کەرتەکانی موسڵمانان کۆ دەکاتەوە.

هەروەها خانی چیرۆکە شیعرییەکەی بەگێڕانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردان دەردەبڕێ و نەهامەتیی کوردیش باس دەکا، بەڵام لە کۆتاییدا دان بەوەدا دەنێ کە یەکەتیی ئیسلامی تاکە ڕێیەکی نموونەییە بۆ هەموو موسڵمانان و یەکێکە لە دۆزە هەرە مەزنەکانیان کە بە چیرۆکەکەی باسی لێوە دەکا. خۆ ئەگەر خانی داوا لە کورد دەکا ببێتە سەرکردەی ئەو یەکەتییە، ئەمەش خستنە پاڵ شیانی کوردە بۆ سەرکردایەتی، بە پاڵدانە سەر سەلاحەددینی ئەییووبیی سەرکردە.

هەریەک لە فوزووڵی و خانی داوای یەک شت دەکەن، ئەویش یەکەتیی موسڵمانانە لە نێوانی ئەوینەوە، خانی بەباسکردنی ئەوین دەیەوێ بگاتە ڤینی خوایی و موسڵمانانیشی دەوێ لەنێو خۆیاندا یەک بگرن و هەروەها فوزووڵی کە بەدڵداران و بۆ ئەوانەیی سەر لە ماڵی پیرۆزی خوا "بیت الله الحرام " دەدەن، بە دەوری کەعبەدا کۆ ببنەوە.

فوزووڵی ---- کابە ---- ئەوین ---- یەکەتیی

خانی --- بەدەوری کورددا کۆبوونەوەی موسڵمانان ----- ئەوین ---- یەکەتیی موسڵمانان

ئامانجەکانی فوزوولی لە چیرۆکەکەی هەرچییەک بێ و ئامانجەکانی خانی هەرچەندێک بێ لە "مەم و زین " ـە شاکارەکەی ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو دەقئاوێزانەیە کە شێوەکانی لە خستنەڕووی چیرۆک و گێڕانەوەکەیەوە دەرکەوت و لە خوارەوە خشتەیەکی ڕوونکاری بۆ نموونەگەلێکی دەقئاوێزانی گێڕانەوەییی ناو هەردوو چیرۆکەکە پێشکێش دەکەین:

| چەند نموونەیەک له دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی | لەیلا و مەجنوون | مەم و زین |
|---|---|---|
| ژینگە | ئەم چیرۆکە لە نێوانی مەککە و مەدینەی مونەوەرەدا[٦٥] داوە و چیای سیبان گەواهییەتی. | ئەم چیرۆکە لە ڕۆخی دیجلەدا لە لاپاڵی ڕووی چیاکاندا ڕووی داوە.[٦٦] |
| سەرەتا و یەکەم بە یەکگەیشتن | مەجنوون هەوڵی بینینی لەیلا دەدا لە شێوەی پیرێژنێکدا دەچێتە لای ماڵی لەیلا، یەکدی دەبینن و گوێی لە شیعری لەیلا دەبێ و لە هۆشخۆی دەچێ.[٦٧] | مەم و تاجەدینی برادەری حەزیان لە دوو خوشک، " زین " (خۆشەویستی مەم) و "ستی" (خۆشەویستی تاجەدین) و کە شێوەی دوو کیژ دەپۆشن و کە دەگەنە دڵبەرانیان هەردووک دەبوورێنەوە.[٦٨] |

| | | |
|---|---|---|
| ئاشكرابوونی كار لە ناو خەڵكدا و پاراستنی ئابڕوو بەرەتكردنەوەی شووكردن | كە ئەوینی قەیس و لەیلا ئاشكرا بوو، باوك و براكانی چوونە لای مامی كە باوكی لەیلا بووە و خوازبێنیی لەیلا بۆ مەجنوون سوێندی خوارد نەیداتێ.(٦٩) | " زین "ی دڵبەری " مەم" خوشكی یەك لە میرەكانی كوردستان بووە. كە میر زانی تاجەدینی زاوای دەیەوێ مەم وین بهێنی دوای ئەوەی دڵدارییەكەیان ئاشكرا بوو، میر سوێندی خوارد خوشكی بە مێرد نەدا.(٧٠) |
| ئازار و نەخۆشی و شێتبوون | مەجنوونی لەیلا تووشی ئازار و نەخۆشی و شێتی بوو. | مەمی دڵداری زین تووشی نەخۆشی و ئازار و شێتی هات.(٧١) |
| هەوڵی بە دڵبەر گەیشتن | مەجنوون هەوڵی داوە بە لەیلا بگا و نەیتوانی، بەڵام هەواڵەكانیدەبیست و نامەی بۆ دەنارد.(٧٢) | مەم هەوڵی دا بە زین بگا و بەكردەوە بە ڕێككەوت لەناو باخچەی تەلارەكەدا چاوی پێ كەوت.(٧٣) |
| مەرگی یەك لە دڵدارەكان و هەڵوێستی دڵبەرەكەی دی | دەڵێن لەیلا پێش قەیس مرد، كە قەیس بەمردنی زانی بوورایەوە و چووە گەرەكی لەیلا دوای ئەوەی دەترسا بەوێدا ڕەت بێ داوای لە كەسوكاری لەیلا كرد گۆڕەكەی پێشان بدەن، كە چوو كەوتە سەرگۆڕەكە و دەستی بە گریان كرد.(٧٤) | مەم بەر لە زین مرد و بۆ ناشتنەوەی خەڵكێكی زۆر كۆ بوونەوە و زین لە ناویاندا بووە و غار دەداتە سەر گۆڕ و بەسەریدا كەوت و دەستی بەگریانێكی بەكوڵ كرد.(٧٥) |
| مەرگی دڵبەرەكەی تر و ناشتنەوەی لە تەك خۆشەویستەكەی | قەیس لە بیابان دۆزرایەوە كۆچی دوایی كردبوو، كەسوكارەكەی بردبوویانەوە و خزم و دوور و نزیك بۆی گریاون و دەیشۆرنەوە و لە تەك گۆڕی لەیلا دەینێژن.(٧٦) | دەڵێن زین لە كاتی گریان و شیوەنی بان گۆڕەكەی مەمدا لە كاتی ناشتنەوەیدا كە نوقمی فرمێسك بوو و خەڵكەكە هەوڵیان داوە دڵی بدەنەوە و لەسەر گۆڕ هەڵی بگرن. دەبینن مردووە. ئینجا بەتەك مەمی خۆشەویستیدا دەنێژرێ.(٧٧) |

بەمجۆرە دەردەکەوێ لە خستنە بەرچاوی " فوزوولّی " – کە چیرۆکی مەجنوونی بەپێی ئەوەی لە چیرۆکە عەرەبییەکەدا هەیە هۆندووەتەوە، بەڵام لە شێوەیەکی سۆفییانەدا – لە بنەماکانی گێڕانەوەدا بەچیرۆکی ئەحمەدی خانی دەگا، کە لە نموونەکانی بەراوردی خشتەی پێشووەوە دەبینین، ئەو ژینگەیەی تێیدا رووی داوە و داوونەریتی تایبەت بەهەردوو کۆمەڵگەی عەرەبی و کوردیدا گشتیان دەقئاوێزان و لێک نزیک بوون، کە جۆرە دەقئاوێزانێکی گێڕانەوەیی لەنێو دوو چیرۆکەکەدا دروست کردووە، هەروەک هەڵچنینی دوو چیرۆکەکە لە شێوەیەکی سۆفییانەشدا جۆرە نزیکییەکیان لە نێواندا دروست کردووە.

کورتییەکەی ئەوەیە لێکۆڵینەوەکە لافی ئەوە لێ نادا هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتەی لەخۆ گرتووە، بەڵکو دەڵێ بابەتی " لەیلا و مەجنوون " پێویستی بە کۆمەڵە خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل هەیە، نەک لەبەرئەوەی بابەتێکە بە عەرەب و فورس و تورکەوە پێوەستە و بەس بەڵکوو بەوەی کە بابەتێکیشە نەتەوە جوداجوداکانی موسڵمانان کۆ دەکاتەوە و بیر و بۆچوونی داهێنەرانی موسڵمانان لەگەڵ جیاوازیی نیشتمان و نەتەوەکانیشیاندا یەک دەخا.

پەراوێزەکان:

١– دەقئاوێزان لە شیعردا واتە چەندیەتیی بەناو یەکدیداچوونی دەقەکان. بەوەی کە دەقی دووەم جڵەوی ئەم بەناو یەکدیداچوونە و جۆرەکەی و پلەی لێک نزیکبوونەوە یان دوورکەوتنەوە لە نێوانی دەقەکان بەدەستەوە دەگرێ، هەروەها بڕی بەکارهێنانی " دیلالی " و بنیاتگەری " بونیەوی " لە پانتایی دەقیەتیی دوو دەق، دەقئاوێزانیش بەدەقەکەوە ڕاناوەستێ، بەڵکو پاڵ بۆ دەقئاوێزانیی هەڵوێست و بارودۆخیش دەهاوێ، بەو واتایەی دەبێتە یەک لەو ئامرازە هونەرییە تایبەتییانەی کە لێیەوە پشکنین بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پێوەندییەکانی نێوان نەخشەی گێڕانەوە لە بنیاتی گوتاری شیعری و ئەو هێمایانەی لەبەر تیشکی پێوەندییاندا بە پێکهاتن و بنیاتی گەوهەر " کرۆک "ی دەقدا بەکار دەبرێ.

(محمد زيدان، البنية السردية في النص الشعري، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة ٢٠٠٤ م _ ص. ٤١٤).

دەقئاوێزان بۆ یەکەم جار لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ی ز. دا، لە ڕێی ڕەخنەی فەرەنسییەوە، لە ڕێی جوولیا کرستینا julia Kristina _وە ناسراوە کە لەبارەی باختین _Bakhtin ەوە دواوە.

(Katie Wales, A dictionary of Stylistics, Longman, london and New York, 1990 S.259)

٢– قەیسی کوڕی مولەووەحی کوڕی موزاحیمی عامیریی شاعیری دڵداری ، لە "موتەییەمەکان"، کە بەدڵدارە ئێجگار گیرۆدەکان دەگوترێ خەڵکی نەجدە، شێت نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی بە ئەوینی لەیلاوە وێڵ بووە، ئەو نازناوەی لێ نراوە. ڕۆژێکیان لێیان پرسیوە: هۆی دڵداریی لەیلات چۆن بوو؟ دەڵێ: لە کاتێکدا من لە هەڕەتی سەربەرزی و گەشیی لاویدا بووم بەیارییەوە خەریک بووم، گەمەم لەگەڵ تازەهەڵچوواندا دەکرد تاسەم دەکردن و لێم دوور دەکەوتنەوە، گاڵتەم لەگەڵیاندا دەکرد و ڕوویان نەدەدامێ گوریسی کیژێکی عوزرییان " بنی عذرە " بەستمییەوە، خۆشەویستییەکەی سەرسامی کردم

و دڵدارییەکەی وێڵی کردم.

(أبوالقاسم الحسين بن محمد بن حبيب النيسابوري، عقلاء المجانين، تحقيق أبوهاجر محمد السعيد، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٨٥ م، ص. ٤٧)

٣- فوزووڵی (؟ - ١٥٥٦) بەیەکێک لەو شاعیرە ڕۆشنبیرانە دادەنرێ کە بەشیعرەکانی و پەخشانەکانیەوە توانستێکی هونەرییان لە داهێناندا نواندووە. شێوە زمانی ئازەرییە و لە شاعیرە بیر بڵندەکانە.

BK.. Nihad Sami Banarl, Resimli Türk Edebiyati Tarihi _ 1, M .E .B, _stambul 2001,s .525

٤- لەگەڵ کەمیی زانیاریشدا لەبارەی ئەحمەدی خانی_ی شاعیری کوردەوە. هەندێک لە نووسەران لەسەر ئەوە کۆکن کە لە نێوان ساڵانی (١٥٩١ - ١٥٩٢ی ز)دا ژیاوە و ناوی ئەحمەدی کوڕی شێخ ئیلیاس-ە و لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا هەندێک کەس دەڵێن باوکی ناوی "ڕۆستەم"، یان ڕۆستەم بەگە و سەر بەعەشیرەتی خانییانە و لە شاری بایەزید لەدایک بووە. بڕوانە:

Ferhad Sakeli, Mem u zin de kürt Milliyetçiligi, Doz Bas_m-yay n  ltd .Sti .Sstanbul 1996, s .18.

هەندێکیش دەڵێن ئەحمەدی خانی لە گوندی خانیی هەکاری، یان لە خاناسای_دا لەدایک بووە، هەروەها گوتراوە نازناوی خانی لە ناوی خانییانی عەشیرەتیان وەرگیراوە، لەبارەی فێربوون " پەروەردە "شیەوە دەڵێن عەرەبی و فارسی و تورکیی لە پاڵ زمانی کوردیدا زانیوە و عەرەبیی لە مزگەوتی مورادییەی دەڤەری بایەزیدا خوێندووە، بۆ زانستی پتریش چووەتە ئورفە، ئینجا ئەکسلاَت «دەبێ ئەفلاَت -بێ - وەرگێڕ» و بتلیس و کە بتلیس بنکەیەکی ڕۆشنبیری و زانستیی گەورە بووە خانی لەوێی خوێندووە، هەروەها چووەتە سووریا و میسر و لە ئێرانیشدا ماوەی دە ساڵ ماوەتەوە و شارەزاییییەکی باشی لە فارسیدا پەیدا کردووە و ڕێبازی نهێنیی "باتنی" ناسیوە. هەندێ لە نووسەرانیش، کە عیزەدین ڕەسووڵیش لەوانە، باسی ئەوەیان کردووە، ئەحمەدی خانی ماوەیەکی درێژ لە " جزیر "دا ماوەتەوە و هەندێک لە پەسنەکانی لە کاری ئەدەبیی " مەم و زین "یدا خستووەتە ڕوو. خانی بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی و گیانپەروەری " ڕووحانی " و فەیلەسووف بووە. قوتابخانەیەکی لە بایەزید بۆ فێربوونی زمانی کوردی داناوە، ئەوەی جێی شەرمەزاریشە ئەوەیە کە نووسەرانی کورد هەقی خۆیان بە ئەحمەدی خانی _ وەک داهێنەر و شاعیرێکی گەورە نەداوە، سەیرەکەش ئەوەیە کە ساڵی (١٣٣٥ _ ١٣٣٧ی ک) " مەم و زین " بڵاو کراوەتەوە، نووسەری دەزگاکە، کە ناوی "هەمزە" بووە و پێشەکییەکی تایبەتی بۆ مەم و زین داناوە، داوای لێبووردنی لە نووسینی مێژووی مردنی ئەحمەدی خانیی شاعیری گەورە کردووە، چونکە نەیزانیوە، هەروەها " حوسێن حوزنی "ی نووسەر و مێژوونووسی کوردی گەورە ئەوەی خستووەتە ڕوو کە لە مێژووی مردنی ئەحمەدی خانی دڵنیا نییە. ئەو قسانەی لەبارەی مردنی شاعیری گەورەوە لەگەڵ یەکدیدا ڕێک نین، هەندێک دەڵێن ساڵی (١٦٥٣ی ز) کۆچی دوایی کردووە و لە بایەزید نێژراوە، کەچی " ئەحمەدی سەجادی "، (دەبێ مەبەست عەلائەدینی سەجادی بێ!!) یەکەم کەسە جەختی لەسەر مێژووی مردنی شاعیر کردووە و گوتوویەتی لە نێوانی (١٧٠٦ - ١٧٠٧ی ز)دا بووە. بڕوانە: Bk. Adi geçen eser, s.29 و ئەوەی جەخت لەسەر ڕاستیی ئەو مێژووە دەکا و مێژوویەکی نزیک لەو دادەنێ " عیزەدین ڕەسووڵ "ە کە باسی ئەوەی کردووە کە ئەحمەدی خانی لە نێوانی (١٧٠٧ - ١٧٠٨ی ز) مردووە. بڕوانە:

Faik Bulut, Ehmede Xani in Kaleminden Kürtlerin Bilinmeyen Dünyası.Berfin yayınları, istanbul 2003, s.53.

٥- مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی تورکی لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سووهاج _ لە میسر.

٦- گەلێک شاعیر ئەم چیرۆکەیان هۆندووەتەوە، وەک: " نیزامی گەنجەوی ٥٣٠ _ ٥٩٥ ی ک" ی شاعیری ئێرانی، کە چیرۆکی " لەیلا و مەجنوون "ی بە (٤٧٠٠) دێرە شیعر ساڵی (٥٨٤ ی ک) بە چوار مانگ هۆندووەتەوە و ڕابەرایەتیی هۆندنەوەی چیرۆکی لەیلا و مەجنوون_ی کردووە. بڕوانە:

مجلة التراث العربي - مجلة فصلية تصدر عن إتحاد الكتاب العرب _ دمشق _ العدد ٩٧ _ السنة الرابعة والعشرون - آذار ٢٠٠٥ - آذار ، ١٤٢٥ (حسين جمعة مقال بعنوان " من القواسم المشتركة بين الأدبين العربي والفارسي).

هەروەها بڕوانە:

(AvailableOn;ine)http://www.awu-dum.org/trath/97/turath004-97htm

نیزامی بەڕابەری شیعریی چیرۆکئامێزی ڕۆمانتیکی دادەنرێ لە ئەدەبی فارسیدا، لە پاش فەخرەدین گورگانیی مامۆستای و خاوەنی مەسنەویی " وەیس و ڕامین ".

(إسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، دار الأندلس، بيروت، لبنان ١٩٨١م، ص ١٣٨)

٧- حوسێن جومعە _ چاوگی پێشوو.

٨- لەوانەی لەیلا و مەجنوون_یان هۆندووەتەوە، لە فورس و تورک (نیزامیی گەنجەوی " "١٢٠٤ ی ک مردووە " و "جامی " ١٤١٤ _ ١٤٩٣ ی ز " و " خوسرەوی دەهلەوی " ١٣٢٥ی ز مردووە " و عەلی شیرنەوایی و ئەحمەدی و هەروەها جگە لەمانە لە گەورەشاعیرانی فارس و تورک. بڕوانە:

Muhammet nur Dogan, Fuzuli leyla ve Mecnun. Metin Düzyazı, çeviri, Notlar ve Açıklamalar. Yaoı kredi Yayınları, 4. Baskı: Sstanbul2006. s. 13

تێبینیی وەرگێڕ: لە پەراوێزی ژمارە (٦)دا مێژووی مردنی گەنجەوی بە(٥٩٥)ی کۆچی نووسراوە، کەچی لێرەدا پەراوێزی ژمارە (٨)ی سەرەوە، مێژووەکە بە (١٢٠٤)ی کۆچی نووسراوە.. تەنانەت ئەوەی دواییان بەهەڵەی چاپیش دانێن و بەزاینی بزانین (٥٩٥ی کۆچی- دەکاتە: ١١٩٨ی زاینی) هەروەها (١٢٠٤)ی زاینیش دەکاتە: ٦٠١ی کۆچی).

٩- گەلێک شێوەی پۆلێنکردنی شێوەزارە تورکییەکان هەیە، ئەمانەیان لێ باس دەکەین:

أ- پۆلێن بەپێی شوێنی جوگرافیایی (شێوەگەلی ناوچەی باکوری ئاسیایی _ شێوەگەلی ناوچەی باشوور _ شێوەگەلی ناوچەی ڕۆئاوا _ شێوەگەلی ناوچەی ڕۆهەڵات _ شێوەگەلی ناوچەی باکوری ڕۆئاوایی - شێوەگەلی ناوچەی باشووری ڕۆئاوایی - شێوەگەلی ناوچەی باشووری ڕۆهەڵاتی - شێوەگەلی ناوچەی ناوەڕاست - شێوەگەلی ناوچەی ناوەند).

ب- پۆلێنکردن بەپێی ناوی میللەتان (بەلگار، چەغەتای، گووفاش، هاکاس، قەپچاق، قەپچاقی تورکمانان، تەتەر، تەتەرە ڕەسەنەکان، تەتەری باشوور، مەنگۆلە تەتەرییەکان، تەتەرە ڕەسەنەکان،

تەتەری باکور، تورکە تەتەرییەکان، تورکە تێکەڵەکان، ئەوانەی بەتورکی قسـە دەکەن بەڵام تورک نین، تورکمانەکان، قەپچاقە تورکمانەکان، ئویغوورەکان، ئوێزبەکەکان، یاقووتییەکان).

ئەگەر بەپێی پۆلێنکردنی جوگرافیایی تەماشای شێوەکان بکەین دەبینین بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

– تورکی ئوێزبەک (ژمارەی ئەوانەی بەم شێوەیە دەدوێن نزیکەی ٢١ ملیۆن کەسن و لە ئوێزبەکستان و ئەفغانستان و پاکستان و تاجیکستاندا نیشتەجێن)

– تورکی ئوێزبەک (ژمارەی ئەوانەی بەم شێوەیە دەدوێن نزیکەی ٢١ ملیۆن کەسن)

– تورکی ئویغوور (ژمـارەی ئەوانەی بەم شـێوەیە دەدوێن نزیکـەی ١٧ ملیـۆن کەسن لـە تورکسـتـانی ڕۆهـەڵات و قازاقستان و ڕووسیا _ نیشتەجێن)

– تورکی قـازاق (ژمـارەی ئەوانەی بەم شـێـوەیە دەدوێن نزیکەی ١١ ملیـۆن کـەسن لە قـازاقسـتـان و تورکستانی ڕۆهـەڵاتدا دەژین)

– تورکی قـازاقاڵباق (ژمـارەی ئەوانەی بەم شێوەیە دەدوێن نزیکەی ٦٠٠ هـەزار کـەسن لە ئۆزبەکسـتان نیشتەجێن)

– تورکـی قـرغـیـز (ژمـارەی ئەوانـەی بەم شـێـوەیە دەدوێن نـزیکەی ٣.٣٠٠.٠٠٠ ملیـۆن کـەسـن لە قرغیزستان و تورکستانی ڕۆهـەڵاتدا نیشتەجێن)

– تورکی قـازاق و تەتەری قـرم (ژمـارەی ئەوانەی بەم شـێـوەیە دەدوێن نزیکـەی ١٦ ملیـۆن کـەسن لە تەتەرستانی " ڕووسیا " و قرم " ئۆکرانیا " نیشتەجێن)

– تورکی باشکورد (ژمـارەی ئەوانەی بەم شـێـوەیە دەدوێن نـزیکەی ٢.٥٠٠.٠٠٠ ملیـۆن کـەسن لە باشکوردستانی ڕووسیا نیشتەجێن)

– تورکی نۆجـای (ژمـارەی ئەوانەی بەم شـێـوەیە دەدوێن نزیکەی ٣٠٠.٠٠٠ کەسن لـە قـەفـقـاسـیـای باکوری ڕووسیا نیشتەجێن)

– تورکی قـەرەچای (ژمـارەی ئەوانەی بەم شـێـوەیە دەدوێن نزیکـەی ٤٠٠.٠٠٠ کـەسن لە بـاکـوری قەفقاسیای ڕووسیا نیشتەجێن)

– تورکی مـاڵکار (ژمـارەی ئەوانـەی بەم شـێـوەیە دەدوێن نـزیکەی ٢٠٠.٠٠٠ کـەسن لە بـاکـوری قەفقاسیای ڕووسیا نیشتەجێن)

– تورکی کوێمـوک (ژمـارەی ئەوانەی بەم شێوەیە دەدوێن نزیکەی ٢٢٨.١٧٨ هـەزار کـەسن لە باکوری قەفقاسیای ڕووسیا نیشتەجێن)

– تورکی ئەڵتـای (ژمـارەی ئەوانەی بەم شێوەیە دەدوێن نزیکەی ١٨٠ هـەزار کـەسن لە ناوچەی ئەڵتـایی ئوێزبەکی ڕووسیا نیشتەجێن)

– تورکـی هاکـاس " ئـەباقـان " (ژمـارەی ئەوانەی بـەم شـێـوەیە دەدوێن نزیکەی ١٥٠.٠٠٠ کـەسـن لە ناوچەی هاکاسی ڕووسیا نیشتەجێن)

– تورکی تـوفـا (ژمـارەی ئەوانـەی بەم شـێـوەیـە دەدوێن نزیکەی ٣٠٠.٠٠٠ کـەسن لە ناوچـەی توفـای

ڕووسیا و مەنگۆلستان نیشتەجێن)

بڕوانە:

(Prof. Drs Mehmet Saray,Kırgız Türkleri,Nesil Matbaacılık ve yayıncılık, İstanbul 1993 s.13. )

١٠- ئەدەبی کوردی گەلێک داستانی شیعری و چیرۆک و چیرۆکی میللی-ی تێدایە، کە دەماودەم هاتوون و گێڕەرەوەکان نەوە بەنەوە گواستوویانەتەوە تا گەیشتووەتە ئەم سەردەمەمان، بەمجۆرە گەلێک کەس پەیدا بوون بایەخیان پێیان داوە و لێیان کۆڵیونەتەوە و تۆماریان کردوون و بڵاویان کردوونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی چیرۆک شوێنێکی سەرەکیی گرتووە لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەدەبی کوردی لە چیرۆک خاڵی بێ، کە کورتەچیرۆکیش بە شێوەیەکی زۆر بەرز لەنێو کۆمەڵێک ڕۆمانیشدا پەیدا بووە کە مەرجی چیرۆکی ئەدەبییان بەخۆوە گرتووە و نموونەی ئەمەش زۆرە:

* چیرۆکی (مەم و زین) و داستانی (قەڵای دم دم): ئەمەش ڕۆمانێکە باس و پەسنی بەرگریی قارەمانانەی کورد دەکا لەو قەڵایەدا بەرامبەر لەشکری شا عەباس-ی شای فارس لە سەدەی نۆزدەدا، کە چۆن بەرگریکارانی قەڵاکە بە پیاو و ئافرەت و منداڵەوە مەرگیان هەڵبژارد نەک خۆبەدەستەوەدان.

* چیرۆکی (زەمبیلفرۆش): ئەمەش چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە، باسی پاکیی پیاوی کورد و خاوێنییەتی و دوورییەتی لە نزمی و لادانیەتی لە ناپاکی.. چیرۆکگەل و گێڕانەوەی تری بەناووبانگی وەک سیامەندی ڕۆڵەی چیاوچۆڵ.

لەسەر ئاستی شیعریشدا ئەدەبی کوردی گەنجینەیەکی لە شیعری بەرز تێدایە، چەندان کەڵەشاعیری تێدا هەڵکەوتووە و ناوبانگی بووە، ئەم شاعیرانە هەموو لایەن و مەبەستەکانی شیعریان، لە دڵداری و شانازی و هەستیی نیشتیمانییان بەبەرچاوەوە گرتووە، هەندێک لە دیارترینی شاعیرانیان ئەمانەن:

* شێخ ئەحمەدی خانی (میری شاعیران).

مەلای جزیری: کە شێخ ئەحمەدی جزیریی جزیرە و بۆتان-ە، ساڵی ١١٦٠ی کۆچی مردووە و دیوانێکی بەناوی خۆیەوە جێ هێشتووە.

مەلا ئەحمەدی پاڵو: ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە و حەوت دیوانی جێ هێشتووە، یەکیان نەبێ ئەوانی تر بڵاو نەکراونەتەوە، شیعرەکانی بەڕەوانبێژی و سفت و هێزی دەستەواژەوە زانراوە، چامەیەکی دە هەزار دێڕە شیعریی لە شێوەی کۆمیدیای خوایی دانتی داناوە.

لە شاعیرانی سەردەمیش هەژاری شاعیری بەناوبانگ، کە لە کوردەکانی ئێران و هەروەها کامیران بەدرخان شیعری سیاسیی نووسیوە و هەروەها عەبدوڵلا گۆران. دیارترینیش لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیی سەردەمدا جگەرخوێنە کە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە، خەڵکی شاری قامشلو-وە لە سووریا و هەشت دیوانی جێ هێشتووە تێیاندا باسی ئەو زۆردارییانەی کردووە کە لە کورد کراوە.

(علاء الدين عبدالرزاق جنكو، إطلالة على ملامح الأدب الكردي، مجلة النوروز الكردية، ١٧ / ٣ / ٢٠٠٦ م، ص ٥).

١١- تەگەرەیەکی زۆر بووەتە هۆی وەستانی بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی، لەمانە:

(١) باری ناجێگیریی ئاسایش بەهۆی ئەو شەڕانەی دژی ئەم گەلە ئاشتیخوازە بەرپا کراوە، کە تا

ئەمڕۆش بە خەم و ئازارەكانیەوە خەریكە، هەرچەند گەلێک لە ئەدەبی كوردیی هاوچەرخ دەرهاوێشتەی ئەو ئازارانەن.

(٢) پەرە پێنەدانی زمانی كوردی و هۆیەكەشی قەدەغەكردنی خوێندنی زمانەكە بە قەدەغەكردنێكی دەمارگرژی، بووەتە هۆی كەمیی نووسین و تۆماركردن.

(٣) دەست بەسەرداگرتنی هەژاری و نەداری، كە بووەتە هۆی دووركەوتنەوەی گەلێک كەسی لەوانەی بایەخ بە لێكۆڵینەوەی ئەدەب و لێ توێژینەوە دەدەن.

(٤) دواكەوتن لە دامەزراندنی هۆیەكانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوكردنەوەی ئەدەب و یارمەتیدانی پەرەسەندنەوەی. سەرەڕای دامەزرانی هەندێک كەناڵی تەلەڤزیۆنیی كوردی لە نەوەتەكاندا، كە بەشێوەیەكی زۆر سادە و كەمیش بێ یارمەتیی بڵاوكردنەوەی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی كوردییان داوە. بەمجۆرە دەردەكەوێ كە ئەدەبی كوردی لە هەموو لایەكی پێوەندیی پێوە هەبێ گەلێک دەوڵەمەندە و كاریگەریی ئاینی و هەڵوێستی ئیسلامییانەی بەشێوەیەكی دیار و ئاشكرای پێوە دیارە، بەتایبەتی لە ئەدەبی كۆندا. هەروەها لێرەدا شتێک ماوە دەمەوێ بیڵێم، ئەوەش گرینگیی خوێندنەوەی ئەدەبی كوردی و ناسینەوەیەتی لەلایەن برا عەرەبەكانەوە، بەهۆی ئەو پێوەندییانەی هەردوو گەلەكە بەیەكەوە دەبەستێتەوە كە پێكەوە شارستانیی ئیسلامییان بنیات ناوە، كە ئەمانە لەم بوارەدا لە ڕۆهەڵاتناسە، ڕۆهەڵاتی و ڕۆئاواییش لە پێشترن.

(علاءالدين عبدالرزاق جنك، المرجع السابق، ص ٧)

١٢- مەم و زین بەرامبەر بە لەیلا و مەجنوون ـە لە ئەدەبی توركیدا، لێكۆڵینەوەیەكی كوردیی زۆری لەبارەوە ئەنجام دراوە، لەوانە ئەوەی "ئەیهان جەعفەری"ی لێكۆڵەرەوەی كورد ئەنجامی داوە، كە پتر لە وتارێكی لە كۆواری "نوبهار"دا بڵاو كردووەتەوە و توانیم لە ئەستەمبۆڵ ئەم پیاوە ببینم و بەوەش توانیم زۆربەی بەرهەمەكانی ئەحمەدی خانی بناسم.

(Nubihar,kovara candi Huneri, ( kültür sanat Edebiyat Dergisi ), Havin 2003, Navnisana Name u Nivisan, Fatih, İstanbul 2003.)

١٣- أنظر: عبدالعزيز محمد عوض الله، مجنون ليلى في الأدب الإسلامي _ دراسة أدبية مقارنة للقصة في الأدب العربي والفارسي والتركي، رسالة ماجستير غير منشورة، القاهرة ١٩٨١ م.

١٤- عەلی شیرنواییساڵی (٨٤٤ ی ک / ١٤٤٠ ی ز) دوو چیرۆكی لەیلا و مەجنوون و فەرهاد و شیرین ـی هۆندووەتەوە، ئەمیش شاعیرێكی چەغەتایە (چینێكن لە تورک)، گەلێک كاری ئەدەبیی هەیە وەک " مجالس النفایس " و " محاكمة اللغتین ". بڕوانە:

Agah sırrı, Edebiyat tarihi dersleri, Kanaat kütüphanesi, İstanbul, 1933, s 86

١٥- فوزووڵی دەڵێ، گەلێک شاعیر چیرۆكەكەیان بەشیعر كردووە، بەڵام ئەم لە گێڕانەوەی چیرۆكەكەدا بەو تازەكردنەوانەی هێناونییە ناوەوە لەوانی كە جیاوازە، تەنانەت تازەیەتیی ئەوتۆی هێناوەتەوە نیزامی گەنجەوی بەخۆیشی وای نەكردووە. بڕوانە:

Aras. Gör. Alpay Dogan Yıldız, Eski Bir Bahçenin Yeniden Düzenlenisi, ya da Fuzuli nin Hi-

kaye-i Leyla ve Mecnun u Sunusu, Bilig, Bahar 2004, say_ 29, s.316.

١٦- فـوزووڵی سـاڵی ١٥٣٥ی ز دەسـتی بەهـۆندنەوەی " لەیلا و مـەجنوون " کـردووە، هـەندێک لێکۆڵەرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە جوانترین مەسنەوییە لە زمانی تورکیدا، لەسەر داواکاری و هاندانی ئەو شـاعـیر و زانایانەی هۆندووەتـەوە کە سـاڵی (٩٤١ ی ک / ١٥٣٤ ی ز) لە کـاتی گرتنی بەغدا، لەگەڵ سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا بوونە. بڕوانە:

(الصفصافي أحمد المرسي، دراسات في الشعر التركي حتى بدايات القرن العشرين، الجزء الأول، جامعة عين شمس المكتبة الشرقية، القاهرة ١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢ م ، ص ٧٦.)

١٧- بڕوانە:

خالد محمد أبوالحسن، الموضوعات الدينية في مقدمات دواوين الشعر التركي خلال القرنين التاسع و العاشر الهجريين، الخامس عشر والسادس عشر الميلادين، رسالة ماجستير غير منشورة، سوهاج ١٩٩٨ م.

١٨-

Elhamdü li-vahibi l-mekarim
Ve s-ükrü li-sahibi l-merahim
...............
Sübhanallah zihi hudavend
Bi-sibh ü _erik ü misl ü manend

بڕوانن:

Muhammet Nur Dogn, Adı geçen eser, s28

(*) بۆ ئەوەی شـێوە ڕەسـەنەکـەی نووسـینی فـوزووڵـی بخـەمـە پێش چاوان، لێرەدا ئەو دوو دێرە بە پیتـە عـەرەبییـەکان دەنـووسـمـەوە، دیارە فـوزووڵی زۆربەی زۆری ئەو دوو دێرەی هـەر بـە عـەرەبی نووسـیـوە _ وەک هـەموو شاعیرە کلاسیکییە ڕۆژهەڵاتییەکان (وەرگێڕ):

الحمد لواهب المكارم
والشكر لصاحب المراحم
..............
سبحان الله زهى خداوند
بى شبه و شريک و مثل و مانند

من ئەوەندەم لە دەست هات بەوجۆرەی بکەمە کوردی:

درووت بۆ میهرەبانی بەخش و
سوپاس بۆ خاوەنی بەزەیییەکان
............

خودای شکۆدار کە چەند مەزنە

بێ لەوچوو و بێ هاوبەش و وەک ئەو و هاوتا

١٩- مەسنەوی (مثنوي) وشەیەکە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە و لە شێوەی هونەرێک لە هونەرە شیعرییەکان چووەتە زمانی فارسی و دواتر ئەم هونەرە گواستراوەتەوە زمانی تورکی، بەناوبانگترینی مەسنەوینووسانی (تورک) مەسنەویی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە، لەوانەیە خۆیان لە سێ هەزار دێرە شیعر بدەن. بڕوانە:

Amil Çelebioglu, Türk Edebiyatında Mesnevi, istanbul 1999. s 21-23

* مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی مەسنەوییەکانی بە فارسی نووسیوە، لەبەر ئەوە بە مەسنەوینووسی تورک دانانرێ. هەروەها مەسنەویی مەولانا لە (٢٦٠٠) دێڕە شیعردایە. (وەرگێڕ).

٢٠- بڕنا موران لە ٢٣ی یەنایەری ساڵی ١٩٢١ی ز لە ئەستەمبۆڵ لەدایک بووە، دوای ئەوەی خوێندنی ناوەندیی لە قوتابخانەکانی شەفەق تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەییی لە قوتابخانەی نوور تەواو کردووە و چووەتە زانکۆی ئەستەمبۆڵ، کە خوێندنی لە کۆلێجی ئەدەبیاتدا بەشی زمانی ئینگلیزی خوێندووە و ساڵی ١٩٤٥ هەر لەو کۆلێجەوە دەرچووە، ئینجا هەر لەوێ بە مامۆستای یاریدەر دامەزراوە، ئینجا لە زانکۆی کانبرجی ئینگلتەرا درێژەی بە خوێندنی داوە و بە پلەکاندا سەرکەوتووە تا لە ساڵی ١٩٦٤دا پلەی پرۆفیسۆریی بەدەست هێناوە و ساڵی ١٩٨١ خانەنشین کرا و ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە پایەیەکی ئەدەبیی بەرزی هەیە، بەتایبەتی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە چەندان پاداشتی زانستیی وەرگرتووە، لەمانە پاداشتی دەزگای زمانی تورکی لە ساڵی ١٩٧٣دا. " وتارەیل و گفتوگۆگەلێک لەبارەی ئەدەبەوە "و" ڕوانینێکی ڕەخنەیی لە ڕۆمانی تورکی " لە کارە ڕەخنەییەکانین. بڕوانن:

Berna Moran, Edebiyat üzerine makaleler /röportajlar, iletisim yayınları, istanbul 2004. s 20.

Berna Moran, Türk Romanına elestirel bir bakıs, iletisim yayınları, istanbul 2004. s. 40

٢١ _ بڕوانە:

Berna Moran, Edebiyat Kurumları ve Elestiri, iletisim yayınları, istanbul 1999, s. 10

٢٢ _ بڕوانە:

Serif, Aktas, Roman Sanatı ve Roman incelemesine Giris, Ankara 1991, s. 11

٢٣ _ بڕوانە:

Yavuz Demir, Zaman Zaman içinde Roman Roman içinde Bir ÜstKurmacaOlarak Müsahedat,istanbul.2002, s. 69

٢٤ _ بڕوانە:

Yavuz Demir, İlk Dünem Türk Hikayelerinde Anlatıcılar Tipolojisi, Ankara. 1995 s. 63

٢٥ _ بڕوانە:

Mende Mecnundan füzün asıklık istidadı var

Asık-ı sadıkmenem Mecnunum ancak adı var.

بڕوانن:

Betül Karakurt, Emre Eren, Yusuf Çetinda_ & Neslihan Can, 100 Temel Eser Özetleri, Zambak, izmir 2006, s. 68

٢٦ _ الصفصافی أحمد المرسی، مرجع سابق، ص ٧٦.

٢٧ _ ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە تورک بەهەموو شێوەزارەکانیان بە یەک زمانیان دەنووسی، ئەمەش تا سەدەی سێزدەمی زاین وابووە، دواتر هەر شێوەیەک و دەستیان بەسەربەخۆ بوون کرد، شێوەی ئازەری لە سەدەی سێزدەم و چواردەم دەستی بەدەرکەوتن و شوێنی خۆی کردەوە. بڕوانە:

Prof .Dr .Ahmet Buran & Yrd .Doç .Dr .Ercan Alkaya, Çagdas Türk Lehçeleri, Akçag yayınları. üçüncü Baskı, Ankara 2004, s. 42

٢٨ _ عبد الملك مرتاض، في نظرية الرواية بحث في تقنيات السرد، سلسلة عالم المعرفة الصادرة عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، العدد ٢٤٠، الكويت ١٩٩٨، ص ١٧٥.

٢٩ _ بڕوانە:

هەواڵنامەی کتێب

Ey hos ol günler ki men hem-raz idüm canan ile
Ni’met-i vaslın gürüp nazın çskerdüm can ile
Gürmemisdi gülsen-i aysum hazan-ı tefrika
Olmamısdı tire eyyamum seb*i hicran ile
Meh-vesümden dustlar devrancüda ister meni
Düsmenümdür hiç bilmen n’etmisem devran ile
Yetse ger asıklarun eflake efganı ne sud
Yetmek olmaz mah-vesler vaslına efgan ile
Yasurup sahlardum elden dag-ı hicranın eger
Etmek olsaydı müdara dide-i giryan ile
Zevkden dibace baglandı kitab-ı ömrüme
Koymadı devran geçe evkatum ol unvan ile
Ey Fuzuli ahter-i bahtum müsa’id olmadı
Kim olam bir dem mukarin ol meh-i taban ile
Söz muhtasar ol esir-i sevda
Bir nev’ ile oldı halkarüsva
Kim Kaysiken adı oldı Mecnun
Ahvalini etdi gam diger-gün
( Muhammet nur Dogan, Adı geçen eser, s. 160- 162 )

٣٠- بڕوانە:

Saki getür ol mey-i muganı

Kim unudalım gam-ı cihanı

Kıl aklumı bade ile Zail

Çerhün siteminden eyle gafil

( Muhammet Nur Dogan, adı geçen eser,s.1500.)

٣١ _ بڕوانە:

قيس بن الملوح، ديوان قيس بن الملوح، مجنون ليلي، دراسة وتعليق يسري عبدالغني عبدالله، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٠ م، ص، ١١٩.

٣٢ _ بڕوانە:

قيس بن الملوح، المرجع السابق، ص، ٧٩.

٣٣ _ بڕوانە:

أبوالقاسم الحسن بن محمد بن حبيب النيسابوري، مرجع سابق، ص ٥٢.

٣٤ _ بڕوانە:

Nurettin Koç, Açıklamalı Dilbilgisi Terimleri Sözlügü, inkilap kitabevi, istanbul 1992, s.130-131

٣٥ – بڕوانە:

Prof .Dr .Dogan AKSAN, Anlambilim Konuları ve Türkçenin Anlambilimi, Engin Yayınevi, Ankara 1997, s.34.

٣٦- بڕوانە:

عبدالرزاق بركات، دراسات مقارنة في الشعر العربي والتركي المعاصر، دار عين، القاهرة ٢٠٠٦ م، ص، ٥٨.

٣٧- ئەحمەدی خانی دوای خۆی بەرهەمەیلێکی جێ هێشتووە بایەخی زانستییان بە بەها هەڵناسەنگێنرێ، ئەمانەش کارگەلێکی هەمەجۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا کە عەرەبی و فارسی و تورکی_ی لە پاڵ کوردیدا بەباشی زانیوە، ئەدەبییاتەکەی تەنیا بەکوردی نووسیوە، کارەکانیشی ئەمانەن:

(١) نوبهارا بچووکان ، ئەم کتێبەی ساڵی ١٠٩٤ی ک تەواو کردووە، کە برێتییە لە فەرهەنگێکی عەرەبی _ کوردی لە شێوەی شیعردا و بەسەر ١٤ بەشیدا بەش کردووە، بە پەند و ڕێنوێنی دەستی پێ کردووە، بایەخەکەشی لەوەدایە کە یەکەم فەرهەنگی کوردی _ عەرەبی_یە لە مێژووی زمانی کوردیدا، ئەم فەرهەنگە ٩٥٤ وشەی عەرەبیی لەخۆ گرتووە، لەمەشدا هەوڵی داوە لە ئیبن مالیک بچێ. بڕوانە:

Ferhad Sakeli, Adı geçen eser, s. 32-34.

هەروەها بڕوانە:

(أحمد حلمي القوغي الدياربكري، گلزار أهموكان شرحا نوبهارا بچوكان لأحمدي خاني، إحسان يابنلري، أستانبول ٢٠٠٤ م.)

(٢) كتێبی (شروط الإيمان) ئەمەش كتێبێكی ئاينییە لەبارەی فەرزەكانی گوێڕایەڵی و خواپەرستییەوە.

(٣) " مەم و زین " ئەمەش بەیەك لە بەرهەمە بەناوبانگەكانی كوردان دادەنرێ و هەر ئەمەش بایەخیانی پێ داوە، تا ئێستاش – بەكتێبێكی كوردیی وەك ئەم كتێبە نییە، كە ڕۆشنبیری و ناوبانگی بەكورد دابێ، مەم و زین، داستانێكی دڵداریی گەورە دادەنرێ، كە لە لەیلا و مەجنوون دەچێ، چیرۆكی دڵداری لە نێوان مەمی لاوە كورد و زینی كچە میر دەگێڕێتەوە. بڕوانە: "سەرچاوەی پێشوو "

BK. Adı geçen eser, s.38-37

هەروەها بڕوانە:

vebk.H. Mem, Xani,den Mem,e Bir Buket çiçek, Enstituya Kurdi, Stenbol 1992 s.5.

بەڵام نابێ ئەم چیرۆكە لەگەڵ ئەفسانەی " مەمی ئالان " تێكەڵ بكەین كە ئەفسانەیەكی كوردیی جودایە لە مەم و زین. بڕوانە:

Mem u zin, Ideal Meme Alan Destan Masal, Kürt Enstitüsü yayınları, istanbul 2005, s.11.

ئەم داستانە دوو هەزار و شەش سەد و شەست و یەك دێرە شیعرە و دانسقەترین مرواریی تانجی ئەدەبی كوردی و جوانترین دەقی ڕەوانبێژی و بەرزترین چیرۆكە لە سامانیدا و بەپەندترین وانەیە. بۆیە ئەدەب بۆی هەیە هەتاهەتایە شانازیی پێوە بكا بەهۆیەوە بۆ ئاستی ئەدەبی مەجنوون لەیلای عەرەبی و ڕۆمیۆ و جولێتی ڕۆئاوایی و شیرین و خوسرەوی فارسی و داستانەیلی دیكە بەرز بووەتەوە، كە وەك چرایەكی پرشنگدار لەناو بەرهەمی بیری مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە. ئەم چیرۆكە دەوروبەری ساڵی ١٣٩٣ی زایندا لە جزیرەی بۆتاندا ڕووی داوە، ئەوەی وا بەجزیرەی ئیبن عومەر ناسراوە، ئەوەی دەكەوێتە سەر ڕۆخی ڕووباری دیجلەوە و بە پانتاییەكدا لە نێوانی گردۆلكە كەسكەكانی باكوری عێراق و ڕووداوەكانی لە تەلاری میری ئەم جزیرەیەدا كە میر زەینەدینە ڕووی داوە، كە ئەوساكە و دوای ئەو سەردەمە تا ناوەڕاستی سەردەمی عوسمانی وڵاتی كوردان بەسەر چەند میرنشینییەكدا دابەش بووە و هەریەكەیان لەلایەن میرێكی شایستە و بەهێزەوە بەڕێوە براون. بڕوانە:

(A vailable Online): http://www. Sardam.Info/ Sardam %20 AI%20 Arabi/9/12.htm.

(محمد علي الصويركي، مم و زين روميو و جوليت الأدب الكردي)

ڕووداوەكانی چیرۆكەكە لەبارەی داستانە شیعرییەكەوەیە ئەحمەدی خانیی میری شاعیرانی كورد و شێخی دانا ساڵی ١٥٩١ بەشیعر دایناوە و دواتر د. محەمەد سەعید ڕەمەزانی بۆتانی (محمد سعيد رمضان البوطي) ی سەرۆكی بەشی بیروباوەڕ و ئاینەكان لە زانكۆی دیمەشقدا، وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی و بنیاتە چیرۆكئامێزەكەی داڕشتووەتەوە، كە ڕۆمانێكی مرۆڤانەی دڵداریی كارەساتئامێزی خۆشە، باسی "مەم و زین"ی دوو دڵدار دەكا بەڵام مەم لەلایەن بنەماڵە و باری كۆمەڵایەتییەوە لە ئاستی خۆشەویستەكەیدا نەبووە، كە میری بۆتانـی برای زین بەدڵدارییەكەی زانیوە لە مەم تووڕە بووە و لە گرتیگەی توند كردووە، ئەوەش بە هاندانی بەكۆی دووزمان بەڵام میر لە ترسی یاخیبوونی میللی ناچار بووە ئازادی بكات و بە هاوسەركارییان قایل بێ. بەڵام بۆ ئەمەیان درەنگ بووە، مەمی دڵدار دەمرێ و

دوابەدوای ئەویش زین ـی دڵبەری..

بڕوانە: (علاء الدين عبدالرزاق جنكو، مرجع سابق، ١٧/ ٣ / ٢٠٠٦).

هەروەها:

(A vailable Online): http://www.yek-dem.com/adab%20we%20fan=4-17-3-2006.htm

هەروەها خانی لە مەم و زین ـدا گوتوویەتی ئەم چیرۆکە لەوەی لەیلا و مەجنوون دەچێ.

بڕوانە:

(أحمدي خاني، مم و زين (المسمي بميزان الأدب)، نسخة مخطوطة موجودة بمكتبة نوبهار، أستانبول ص. ٤٨، ٨٤، ١١٤)

(*) ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لە بڕگەی یەکەمی ئەم پەراوێزەی سەرەوەدا، واتە ژمارە (٣) هەڵەیەکی تێ کەوتووە، کە ئەوەیە مەم بەکچە میر و زین بەمیر و لاوی کورد دانراون. (وەرگێڕ).

٣٨- کورد لە چوار بەشی سەرەکی پێک هاتوون، کرمانجی باکور و گۆران لە ناوەڕاست و کەڵهوڕ و لوڕ لە باشوور.

بڕوانە:

Arshak Safrastyan: Kurds and Kurdistan, The harvill Press LTD, - london, 1948.p.22.

لە ڕاستیشدا کەس ناتوانێ نکووڵییان لەوە لێ بکا، ئەگەر ویستمان ناودارانی کورد لە ئیسلامدا بژمێرین بۆمان دەردەکەوێ کە ژمارەیان زۆرە و لە سەرووی هەموو ئەم ناودارانەشدا سەلاحەدینی ئەیووبیی ڕزگارکەرەوەی قودس و جابانی کوردی ـی یاوەر (خوا لێی خۆش بێ) و ئیمام حافزی عێراقی (٧٢٥ _ ٨٠٦ ی ک) و ئیمام ئیبنوسەلاحی شارەزووری – إبن الصلاح الشهرزوري (٥٧٧ _ ٦٤٣ ی ک / ١١٨١ _ ١٢٤٥ ی ز) و حاکم و مێژوونووس ئیبن ئەبیلهەیجا – إبن أبي الهيجاء (٦٢٠ _ ٧٠٠ ی ک / ١٢٢٣ _ ١٣٠١ ی ز) و فارەقیی مێژوونووس (٥١٠ _ دوای ٥٧٧ ی ک) و ڕێزمانناسی گەورە ئیبنولحاجب (٥٧٠ ی ک _ ٦٤٦ ی ک) و مەعرووف ئەلڕەسافیی شاعیر (١٨٧٥ _ ١٩٤٥ ی ز) و ئەبولفیداء ـی مێژوونووس (٦٧٢ _ ٧٣٢ ی ک / ١٢٧٣ _ ١٣٣١ ی ز) و بەدیعوززەمانی نەوڕەسی _ ی جاڕبدەی ئیسلامیی گەورە (١٨٧٣ _ ١٩٦٠ ی ز) و ئیبن خەلیکانی مێژوونووس و گەلێکی تر.

٣٩- مەم و زین – ل/ ١٥ ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا)

٤٠- مەم و زین – ل/ ١٩ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا)

٤١- لەوانەیە مەبەستی میر جەم بێ، وەکو دەشڵێن جەم هەر جەمشید خۆیەتی، کتێبە عەرەبییەکان ناوی " جم الشيذ "ی لێ دەنێن، کە لە شانامەدا کوڕی تەهمورس ـە، ئەم جەم ـە "یان یەما " گەلێک ئەفسانەی ئێرانی و هیندی و سامییان لەبارەوە هەیە. بڕوانە:

(الفردوسي، الشاهنامة، ترجمها نثراً الفتح بن علي البنداري، قارنها بالأصل الفارسي، وأكمل ترجمتها في مواضع، وصححها وعلق عليها، وقدم لها عبدالوهاب عزام، مطبعة دار الكتب المصرية، بالقاهرة، ١٣٥٠ هـ _ ١٩٣٢ م، ج ١، ص ٢١).

٤٢- مەم و زین - ل/ ١٣ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵلا)

٤٣- گێڕەرەوەکان لەبارەی شیرینەوە ناکۆکن، داخۆ فارسە یان ئەرمەنییە یان ڕۆم و خاوەنی شانامە بەفارسی دادەنێ. خاوەنی تاریخ گزیدە_ش دەڵێ کچی شای ئەرمەنییانە، پەرویز حەزی لێ کرد (پەرویز شا ئەوەیە کە نازناوی خوسرەو_ی هەبووە) کە لە دەست هورموزدی باوکی هەڵات، هەندێک لە گێڕەرەوەکانیش دەڵێن کچی قەیسەر (سیزار)ە کە لە شانامەدا ناوی مریەمی لێ نراوە. بڕوانە: (الشاهنامە، ج٢، ص ٢٣٦).

٤٤- شیرین لەگەڵ فەرهاددا چیرۆکێکی تری هەیە کە دەڵێن حەزی لێ کردووە، کە پەروێز ئەوەی بیست داوای لێ کرد چیا سەختەکانی کوردستان هەڵکۆڵێ دا شیرینی بداتێ، کە فەرهاد چوو ئەوە ئەنجام بدا پەروێز کەسێکی نارد بەدرۆ پێی بڵێ شیرین مرد، بەمجۆرە لە داخی ئەوینی وێڵی دەشت و دەر بوو، بۆیە فەرهاد وەک مەجنوونی لەیلای لای عەرەب وایە.

بڕوانە: (الفردوسي، الشاهنامة، ج٢، ص ٢٣٦).

لە پەسنی فەرهاددا گەلێک قسە کراوە، بەتایبەتی لەلایەن شاعیرانەوە، ئەمەش " حوسێن کاتبی"ی خاوەنی کتێبی " نوادر الآثار - دەڵێ:

جهانە گلمگە عشق أولدی باعث    بنم فرهاد إیلە مجنونە ثالث

واتە: ئەڤین بووە هۆی هاتنە سەر زەوی (جیهان)، منم کە لەگەڵ فەرهاددا بووینە سێیەمی مەجنوون.

بڕوانە: (حسین کاتبي، نوادر الآثار، بولاق ١٢٥٦هـ - القبة ١٤٤٣١، ص ٤٧)

٤٥- چیرۆکێکی دڵدارییە فەخری گورگانی " جرجانی "ی شاعیری سوڵتان تۆغروڵ بەگ_ی سەلجووقی هۆندوویەتی.

بڕوانە: (الفردوسي، الشاهنامة، ج ١، ص ٢٦).

٤٦- شاعیران گەلێک لە پەسنی یوسف و زولەیخا_دان، دوور نییە چیرۆکی یوسف و زولەیخا و چیرۆکی ئەوینی تر دەربڕینی خۆشەویستیی خوایی بن کە دڵی سۆفییانی پێ دەلەنگێ.

بڕوانە: (خالد محمد أبوالحسن، خمسة‌ء نرگسي (دراسة أسلوبية)، رسالة دكتوراة غير منشورة، سوهاج ٢٠٠١ م ص ٢٧٨.)

٤٧- چیرۆکێکی دڵدارییە عونسوریی شاعیر (٤٣١ی ک مردووە) بۆ سوڵتان مەحموودی غەزنەویی هۆندووەتەوە.

٤٨- مەم و زین ل/ ٦ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵلا)

٤٩- خواردەیی گەیشتووەتە ڕادەیەک بە بەردەستە (کۆیلە)کەی بڵێ:

أوقد فإن اللیل لیل قَرٌّ    والریح یا واقد ریح صر

علَّ یری نارك من یمر    إن جلبت ضیفاً فأنتَ حر

واتە: ئاگر بکەرەوە شەو شەوێکی ساردە، بایەکەش بایەکی شمەکتەزێنە

بەڵکو کەسێک ڕەت بێ و ئاگرت ببینێ، ئەگەر میوانێکت پێ هات، گەردنت ئازاد دەکەم.

بڕوانە: (عمر الدسوقي، الفتوة عند العرب، أو الفروسية والمثل العليا، مكتبة نهضة مصر بالفجالة، القاهرة، (د _ ت) ص ٧٩).

٥٠- سوارچاک و پاڵەوانێکی ئەفسانەییە، فارس شانازی بە قارەمانیەتییەوە دەکەن و لە شیعریاندا گەلێک ناوی دەهێنن هەروەها تورکیش، وەک باس دەکەن خۆی و حەوت کەس لە میرەکان و هەندێک نۆکەر و سەربازیان لەگەڵدا بووە، دەچنە شوێن ڕاوێکی ئەفراسیاب، کە ئەمە دەبینێ بە ١٣٠ هەزار پیاوەوە بۆیان دەردەکەوێ کە پێیان دەگات، ڕۆستەم و حەوت میرەکە توانییان لەشکری ئەفراسیاب ببەزێنن. بڕوانە:

(الشاهنامة، ج١، ص ١٣٠، ١٣١).

٥١- مەم و زین ل/ ١٤ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا)

٥٢- جامی شاعیر (١٤١٤ - ١٤٩٢) بەیەک لە شاعیرە هەرە گەورەکانی چیرۆکهۆنانی ئەدەبی فارسی دادەنرێ، هەروەها لە زانا گەورەکانیش بووە و بە فارسی و عەرەبی کتێبی داناوە. بڕوانە:

(إسعاد عبدالهادي قنديل، مرجع سابق، ص، ٢٢٣.)

٥٣- نازناوی " الحكيم الكامل " و " الشيخ العرف "ی دراوەتێ لەبەر فرەیی زانستی. بڕوانە:

(إسعاد عبدالهادي قنديل، مرجع سابق، ص ١٣٧.)

٥٤- مەم و زین ل/ ١٦ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا)

٥٥- مەم و زین ل/ ١٩ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا)

٥٦- مەم و زین ل/ ٩٩ _ ١٠١ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا )

٥٧- لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەبارەی ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەویدا هەیە و کتێبی "شەجاعەتنامە "ی " دال محەمەد چەلەبی " نووسەری عوسمانی چاکترینی ئەم کتێبانەیە، کتێبەکە مێژووی سەردەمێکی پڕ بایەخی مێژوویی تۆمار کردووە، کە سەردەمی شەڕەکانی عوسمانییە لەگەڵ سەفەوییەکاندا (١٥٧٨ _ ١٥٨٥ی ز)، هەروەها ئەم کتێبە باسەکەی لەبارەی کەسیەتییەکی سەرکردانە چڕ دەکاتەوە کە کەسیەتیی " عوسمان پاشای ئۆیزدەمیرئۆغلو "وە و قارەمانیەتییەکانی دەژمێرێ. بڕوانە:

Abdülkadir Özcan, Seca’atname/Özdemiroglu Osman Pasa’nın Sark Seferleri 1578 - 1585 /Asafi Dal Mehmed Çelebi,Çamlıca Basım Yayın, istanbul 2006.

٥٨- مەم و زین ل/ ١٤ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا )

٥٩- مەم و زین ل/ ١٣ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا )

٦٠ - مەم و زین ل/ ١٤ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا )

٦١ - مەم و زین ل/ ١٣ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا )

٦٢ _ كورد سەدان شاعیر و نووسەریان لێ هەڵکەوتووە کە ژیانیان لەسەر ڕاژەکردنی زمانی کوردی و ڕۆشنبیریی کورد و مێژوویان داناوە، لەوانە شێخ ئەحمەدی خانیی میری شاعیرانی کورد و شێخ ئەحمەدی جزیری " مەلای جزیری " و پرتەوی هەکاری و فەقێی تەیران و عەلی حەریری و بابا تاهیری هەمەدانی و شەرەفخانی بدلیسیی مێژوونووس..... تاد)، کە ئەمانە بەکۆڵەگەی مێژووی ئەدەبی کوردی دادەنرێن و بەرهەمەکانیان بەبناغەی ڕۆشنبیریی کورد دادەنرێ. بەڵام دەبێ ئاماژە بەخاڵێکی گرینگ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لەلای ئێمەوە بایەخی پێویست بەم کەسایەتییانە نەدراوە و کارەکانیان پشتگوێ خراوە، بەهۆی نەزانیمانەوە بەبەهای بەرهەمەکانیان، تا هەندێک ڕۆهەڵاتناس بەبەهایانی ناساندووین. بڕوانە:

(أوراق كردية، مجلة أنترنتية شهرية تعني بشؤون الثقافة الكردية، شخصية العدد، الشاعر ملا أحمد پالو، ئامادەکردنی : دڵزار ئەمین.)

٦٣- مەم و زین ل/ ١٦ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا )

٦٤- مەم و زین ل/ ١٥ی دەقی ناو کتێبی (ن. عەبدوڵڵا )

٦٥- بڕوانە: قيس بن الملوح، مرجع سابق، ص ٧.

٦٦- بڕوانە: أحمدی خانی، مم و زين، ترجمە وتحقيق: محمد سعيد رمضان البوطی، دار الفكر، دمشق ١٩٨٢ م، ص ٦.

٦٧- بڕوانە : قيس بن الملوح، مرجع سابق، ص ٣٠.

٦٨- بڕوانە: أحمدی خانی، مرجع سابق، ص ١٠.

٦٩- بڕوانە : قيس بن الملوح، مرجع سابق، ص ٣١.

٧٠- بڕوانە: أحمدی خانی، مرجع سابق، ص ٣٩.

٧١- المرجع السابق، ص ٨٠.

٧٢- بڕوانە : قيس بن الملوح، مرجع سابق، ص ١١١.

٧٣- بڕوانە: أحمدی خانی، مرجع سابق، ص ٥٠.

٧٤- بڕوانە : قيس بن الملوح، مرجع سابق، ص ١١٥.

٧٥- بڕوانە: أحمدی خانی، مرجع سابق، ص ٨٢، ٨٣.

٧٦- بڕوانە : قيس بن الملوح، مرجع سابق، ص ١٢٦.

٧٧- بڕوانە: أحمدی خانی، مرجع سابق، ص ٨٣.

***

هەزارنامەی کتێب

سەرچاوە و چاوگەکان

یەکەم: چاوگە عەرەبییەکان

١- أبوالقاسم الحسين بن حبيب النيسابوري، عقلاء المجانين، تحقيق أبوهاجر محمد السعيد، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٨٥ م.

٢- أحمدي خاني، مم و زين، ترجمة وتحقيق: محمد سعيد رمضان البوطي، دار الفكر، دمشق ١٩٨٢ م.

٣- إسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، دار الأندلس، بيروت، لبنان ١٩٨١ م.

٤- الصفصافي أحمد المرسي، دراسات في الشعر التركي حتى بدايات القرن العشرين، الجزء الأول، جامعة عين شمس المكتبة الشرقية، القاهرة ١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢ م.

٥- الفردوسي، الشاهنامة، ترجمها نثراً الفتح بن علي البنداري، قارنها بالأصل الفارسي، وأكمل ترجمتها في مواضع، وصححها وعلق عليها، وقدم لها عبدالوهاب عزام، مطبعة دار الكتب المصرية، بالقاهرة، ١٣٥٠ هـ - ١٩٣٢ م.

٦- خالد محمد أبوالحسن، الموضوعات الدينية في مقدمات دواوين الشعر التركي خلال القرنين ٩ _١٠ الهجرين، ١٥ ، ١٦ الميلادين، (رسالة ماجستير غير منشورة)، سوهاج ١٩٩٨ م.

٧- خالد محمد أبوالحسن، خمسهء نرگسي (دراسة أسلوبية)، رسالة دكتوراه غير منشورة، سوهاج ٢٠٠١ م.

٨- عبدالرزاق بركات، دراسات مقارنة في الشعر العربي والتركي المعاصر، دار عين، القاهرة ٢٠٠٦ م.

٩- عبد العزيز محمد عوض الله، مجنون ليلى في الأدب الأسلامي _ دراسة أدبية مقارنة للقصة في الأدب العربي والفارسي والتركي، رسالة ماجستير غير منشورة، القاهرة ١٩٨١ م.

١٠- عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية بحث في تقنيات السرد، سلسلة عالم المعرفة الصادرة عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، العدد ٢٤٠، الكويت ١٩٩٨.

١١- عمر الدسوقي، الفتوة عند العرب، أو الفروسية والمثل العليا، مكتبة نهضة مصر بالفجالة، القاهرة، (د _ ت) ص ٧٩.

١٢- قيس بن الملوح، ديوان قيس بن الملوح، مجنون ليلى، دراسة يسرى عبدالغني عبدالله، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٩٠ م.

دووەم: دەستنووسە کوردییەکان

١- أحمدي خاني، مم و زين (المسمى بميزان الأدب)، نسخة مخطوطة موجودة بمكتبة نوبهار، أستانبول (د - ت).

سێیەم: چاپکراوە عوسمانییەکان

حسين كاتبي، نوادر الآثار، بولاق ١٢٥٦ هـ - القبة ١٤٤٣١.

چوارەم: چاوگە تورکییە تازەکان


1- Abdülkadir Özcan, Seca'atname/Özdemiroglu Osman Pasa'nın Sark Seferleri 1578-1585 /Asafi Dal Mehmed Çelebi Çamlıca Basım Yayın, istanbul 2006.

2- Agah sırrı, Edebiyat tarihi dersleri, Kanaat kütüphanesi, istanbul, 1933.

3- Ahmet Buran & Yrd.Doç. Dr. Ercan Alkaya, Çagdas Türk Lehçeleri, Akçag yayınları, üçüncü Baskı, Ankara 2004.

4- Amil Çelebioglu, Türk Edebiyatında Mesnevi, istanbul 1999.

5- Aras. Gör. Alpay Dogan Yıldız, Eski Bir Bahçenin Yeniden Düzenlenisi, ya da Fuzuli’nin Hikaye-i Leyla ve Mecnun’u Sunusu, bilig, Bahar / 2004.

6- Berna Moran, Edebiyat üzerine makaleler /röportajlar, iletisim yayınları, istanbul 2004.

7- Berna Moran, Türk Romanına elestirel bir bakıs, iletisim yayınları, istanbul 2004.

8- Berna Moran, Edebiyat Kuramları ve Elestiri, iletisim yayınları, istanbul 1999.

9- Betül Karakurt, Emre Eren, Yusuf Çetindag & Neslihan Can, 100 Temel Eser Özetleri, Zambak, _zmir 2006.

10- Do_an AKSAN, Anlambilim Konuları ve Türkçenin Anlambilimi, Engin Yayınevi, Ankara 1997.

11- Faik Bulut, Ehmedê Xanî'nin Kaleminden, Kürtlerin Bilinmeyen Dünyası, Berfin yayınları, istanbul 2003.

12- Ferhad Sakelî, Mem û zîn'de kürt Milliyet ÇiliGi, Doz Basım-yayın Ltd.sti. istanbul 1996.

13- H. Mem, Mem û zîn, İdeal Memê Alan Destan Masal, Kürt Enstitüsü yayınları, istanbul 2005.

14- H. Mem, Xanî'den Mem'e Bir Buket çiçek, Enstîtuya Kurdî, Stenbol 1992.

15- Mehmet Saray, Kırgz Türkleri, Nesil Matbaacılık ve yayıncılık, istanbul 1993.

16- Muhammet Nur Dogan, Fuzuli Leyla ve Mecnuns. Metin Düzyazı, çeviri, Notlar ve Açıklamalar, Yapı kredi Yayınları, 4. Baskı: istanbul, 2006.

17- Nihad Sami Banarlı, Resimli Türk Edebiyatı Tarihi _ 1, M. E. B, istanbul 2001.

18- Nurettin Koç, Açiklamalı Dilbilgisi Terimleri Sözlügü, inkilap kitabevi, istanbul 1992.

19- Serif, Aktas, Roman Sanatı ve Roman İncelemesine Giris, Ankara 1991.

20- Yavuz Demir, ilk Dönem Türk Hikâyelerinde Anlatıcılar Tipolojisi, Ankara. 1995.

21- Yavuz Demir, Zaman Zaman içinde Roman Roman içinde: Bir Üst Kurmaca Olarak Müsâhedât, istanbul.2002

پێنجەم: چاوگە ئینگلیزییەکان

1- Arshak Safrastyan: Kurds and Kurdistan,The harvill Press LTD, -London, 1948. P.2-

2- Katie Wales, A dictionary of Stylistics, Longman, London and New York, 1990. 22

شەشەم: وەرزییەکان

أ : وەرزانە عەرەبییەکان

١- أوراق كردية، مجلة أنترنتية شهرية تعني بشؤون الثقافة الكردية، شخصية العدد، الشاعر ملا أحمد پالو، إعداد: دلزار أمين.

٢- علاء الدين عبدالرزاق جنكو، إطلالة على ملامح الأدب الكردي، مجلة النوروز الكردية، ١٧/ ٣ / ٢٠٠٦).

٣- مجلة التراث العربي - مجلة فصلية تصدر عن إتحاد الكتاب العرب - دمشق العدد ٩٧ - السنة الرابعة والعشرون - آذار ٢٠٠٥ - آذار ١٤٢٥، مقال لـ(د. حسين جمعة) بعنوان من القواسم المشتركة بين الأدبين العربي والفارسي.

ب: وەرزانە کوردییەکان

1- Nûbihar, kovara çandî Hunerî, (kültür sanat Edebiyat Dergisi), Havîn 2003, Navnîshana Name û Nivîsan, Fatih, -stanbul 2003.

حەوتەم: پێگە تۆڕە ئینتەرنێتییەکان (ئینتەرنێت)

(AvailableOnline)

http://www.amude.net/ewraq/8/shexsiye.html.

http://www.awu-dam.org/trath/97/turath004-97htm

http://www.sardam.info/Sardam%20Al%2

http://www.yek-dem.com/adab%20we%20fan=4-17-3-2006.htm

***

سەرچاوە:

http://www.welateme.net/erebi/7/ehmede_xane.doc

هەوالنامەی کتێب

# حەوت پەیام
# بۆ بەئامانجکردنی کرستیانەکان

د. عەبدولحوسێن شەعبان

بەم دواییيە بەئامانجکردنی کرستیانەکان لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتدا و بەتایبەت لە ڕۆهەڵاتی عەرەبیدا ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەمەش بەپێوەند بەبڵاوبوونەوەی شەپۆلی لە ڕادەبەدەری بەهێزبوون، بەتایبەتی "ئیسلامی سیاسی"، جگە لە سەرهەڵدانی ڕەوتی فەندەمێنتاڵیی توندڕەو و دەمارگیر، ئیتر ئەگەر ناوی ڕێکخراوەکانی ئەلقاعیدە، یا هەر ناوێکی تری لە خۆی نابێ، ئەم بەئامانجکردنەش هاوکات بوو لەگەڵ داگیرکردنی عێراق و کاریگەری و کاردانەوەکانی.

کڵێسا و دێر و شوێنەکانی خواپەرستی و کەسێتییە کرستیانەکان و هاووڵاتیی ئاسایی تووشی تەقینەوە و کاری تیرۆریستی و توندوتیژی هاتن، بەشێوەیەک شوێنەواریان لە دەروونی کرستیانەکاندا جێ هێشتووە و کەشاکێکی (انطباع) وایان دا، بەتایبەت لە ڕۆئاوا، سەبارەت بەپلان و بەرنامەڕێژی بۆ بەئامانجکردنی کرستیانەکان، ئاخۆ مەبەستی ئەو پرۆسانە لەو پەیامانە چین؟! چۆن دەیانخوێنینەوە؟

پەیامی یەکەم؛ ئامانجی ملدانی کرستیانەکانە بەکۆچکردن، ئەو کارەی سەرلەبەری جیهان دەیبینن و تێی دەگەن، بەتایبەتیش کۆمەڵگە ڕۆئاواییيەکان، کە موسڵمانەکان نایانەوێ لە وڵاتانی ڕۆهەڵات لەگەڵ کرستیانەکاندا پێکەوە بژین، ئەنجامی لۆجیکییش چەسپاندنی باوەڕی باوە، بەدەمارگیری و توندڕۆییی موسڵمانان و ڕەتکردنەوەی یەکتر، بگرە بە"دوژمن" دانانیان، تەنانەت ئەگەر لە دانیشتوانی ڕەسەنی وڵاتەکەش بێت و بەپێی یاسای باو و پێڕەوکراو "هاووڵاتی" یش بێ، دەشێت ئەمە پاساوێکی نوێ بێ بۆ تاوانبارکردنی ئیسلام بەتوندوتیژی و تیرۆر، کە ساڵانێکە بازاڕگەرمی بۆ دەکرێ، نەخوازە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری تیرۆریستی، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ڕوویان دا و بووە ئەگەری سەرهەڵدانی چەمکی ئیسلامفۆبیا (واتا تۆقین لە ئیسلام) لە

........................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

ڕۆئاوادا.

پەیامی دووەم؛ بەئامانجکردنی کرستیانەکان لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتدا، هەرچی بگەیەنێت پچڕاندنی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و گەلان دەگەیەنێ، کە وێڕای ناتەواوی و کەلێن و نەرێنییەکان پێکەوە دەژیان، ئەمەش پێوەندە بەماف و یەکسانی و بەهاووڵاتیبوونی تەواو، بەتایبەت هەستی باو لای کرستیانەکان بەجیاکاری بەهۆیەلی یاسایی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و هیی تر. ئەگەر بەنیشانکردنی کرستیانەکان سەروەریی هزری توندڕۆ و کاری دەمارگیری بگەیەنێت، ئەوا ئەوە بەشدار دەبێ لە پترکردنی کۆچی کرستیانان، کە بەتاڵکردنەوەی کۆمەڵگەکانمان لە دیانەکان دەگەیەنێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جاڕی کەمیی هەلی ئازادییە، نەخوازەڵا ئازادیی ڕادەربڕین و مافی بیروباوەڕ و مافی بەشداریی سیاسی.

پەیامی سێیەم؛ پێکەوە نەژیانی ئیسلامی - کرستیانی لە ڕۆهەڵاتدا، واتا ئارەزوونەکردنی پێکەوەژیانی موسڵمانانە لەگەڵ ڕۆئاوای کرستیاندا، ئەمەش ئەو موسڵمانانەی لە ڕۆئاوادان لە بازنەی دوودڵی و گوماندا دادەنێت، نەخوازە پتر لە ١٥ ملیۆن موسڵمان هەن لە ئەوروپا و ژمارەیەکیشیان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و کەنەدا و وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا دەژین.

پەیامی چوارەم؛ بەئامانجکردنی کرستیانەکان لە ڕۆهەڵاتدا دەبێتە بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی موسڵمانەکان کار بۆ بنبڕکردنی ئاینەکانی تر دەکەن، ئەوەی "ئیسرائیل" دەیڵێتەوە، گوایە ململانێی ئەو لەگەڵ عەرەب و موسڵمانەکان، ململانێیەکی ئاینیی دژ بەیەک و لێکدابڕانە، چونکە عەرەب و موسڵمانەکان دەیانەوێ جوولەکە لەناو ببەن و ئاینی جوولەکان ڕەت دەکەنەوە، بەم ئاوایە لایەنی ڕەگەزپەرستیی زایۆنیی دەمارگیر لە ململانێ لەگەڵ عەرەب و موسڵماناندا ون دەبێ، ئەمەش دەڕژێتە ئاوی بەرژەوەندیی "ئیسرائیل"ەوە، کە خاک داگیر دەکات و دانیشتووانەکەی دەردەکات و لە کاتی دروستبوونییەوە تاکو ئێستا خەریکی دوژمنکارییە.

ئەگەر ململانێ لەگەڵ "ئیسرائیل" نیشتمانی و لەسەر خاک بێت، هەروەها لەسەر مافە چەسپاوەکانی گەلی عەرەبی فەڵەستین بێت و مایەی دەستلێدان نەبن و ململانێی ئاینی، یاخۆ ئاسمانی نەبێت، ئەوا بەتەنیا موسڵمانەکان نین بەرەنگاری داگیرکردن دەکەن، بگرە کرستیانەکانیش بەهەمان ڕێژە لە پابەندبوونی نیشتمانی پشکدارییان دەکەن، ئەوەی کە مێژووی بەرگریی فەڵەستینی و سەرکردە دامەزرێنەرەکانی جەختی لەسەر دەکەنەوە، هەروەها بزاڤی نیشتمانی لە فەڵەستین و لبنان و سووریا و ئوردن و میسر و عێراق و هیی تریش.

پەیامی پێنجەم؛ بەئامانجکردنی کرستیانەکان خۆی لە کشانەوەی ڕووبەری دیموکراسی و خراپی ئاستی ئازادییە گشتی و کەسێتییەکاندا دەبینێتەوە، ئەوەی کە کرستیان و موسڵمان و پێکهاتەکانی تر تێیدا بەشدارن، نەخوازە توندڕەوی و پێ لێ درێژکردن هەمووان دەکەنە ئامانج، ئەمەش لەسەر ئاستی جیهانی کەشاکێکی وا دەدا، کە عەرەب و موسڵمانەکان هێشتا لە خوارەوەی پەیژەی دیموکراسی و پەرەپێدانن و هەڵبەت ژینگەیەکی لەم بابەتە هاندەری تیرۆر و توندوتیژی و ستەمکاری و سڕینەوەی ئەوی ترە.

پەیامی شـەشـەم؛ بەئامـانجکردنی کـرسـتـیـانەکـان لە ڕۆهـەڵاتدا و پاڵنانیـان بۆ کـۆچکردن، بەهەدەردانی ئەو توانا زانستی و هزری و هونەری و ئەدەبییانەن کە کرستیانەکان هەیانە، جگە لە توانا ئابووری و کۆمەڵایەتییە مەزنەکان، کە موزاییکی کۆمەڵگەیی و ڕەنگاوڕەنگیی ڕۆشنبیری پێک دەهێنن، ئەمەش زیانێکی گەورە بەمیللەتانی ناوچەکە و توانا مرۆییەکانیان دەگەیەنێ.

پەیامی حەوتەم؛ ناوچەکە بەو تێکەڵییەی بەکرستیان و موسڵمانەوە هەیەتی پاڵپشتییەکی گەورە لەدەست دەدات، کە کرستیانەکان پێشکێشی جیهانی عەرەبی ئیسلامییان دەکرد، نەخوازە ئەوی تایبەتە بەدۆزی فەڵەستینەوە، کرستیانەکانی ڕۆهەڵات، بەتایبەت ئەوانەی لە ڤاتیکانن بەبەهێزی بەرگرییان لە عەرەببوونی فەڵەستین کرد، ڤاتیکانیش بڕیاری دابەشکردنی ڕەت کردەوە، ئەمەش لە زەمانی سەرۆکی ئوسقوفەکانی نیویۆرکەوە هاتووە، لەسەر ئەو بنەمایەی سەرپاکی خاکی فەڵەستین بەلای کرستیانەکانەوە پیرۆزە، ئەمەش پاش ڕاگەیاندنی کۆتایی هێنانی بەریتانیا بەماندانەکەی (أنتداب) بۆ سەر فەڵەستین و ڕەوانەکردنی دۆزەکە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها ئەوەشیان ڕەت کردەوە فەڵەستین بگۆڕێت بەدەوڵەتی جوولەکە، وەکو چۆن لە نامەی وەزیری دەرەوەی ڤاتیکاندا بۆ بەڕێوەبەرانی ئەمەریکا هاتووە، ڕایەکەشی نێزیکتر بوو لەیەک دەوڵەتییەوە بەزۆرینەی عەرەب.

گرینگیدانی ڤاتیکان داهاتووی فەڵەستین جیا نەبوو لە بایەخدانی بەدوارۆژی ئاینی عیسایی ڕۆهەڵاتی و عەرەبی، ئەو کات ئەم هەڵوێستە ڤاتیکانی خستە بەردەم ململانێیەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ڕۆئاوادا، وێڕای دەرککردنی بەوەی "ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی" لە پشت دامەزراندنی "ئیسرائیل"ـەوە بوو، بەتایبەتیش داننانی یەکەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکان پێی، ئیدی لە توانای نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەبوو باز بەسەر ئەم "ڕێکەوتن"ەدا بدا، لێ بڕیاری دا لە بری چۆکدادان بۆ هەڵوێستی نێودەوڵەتی، پشت بەهەڵوێستی کڵێساکانی ڕۆهەڵات ببەستێ.

هەڵوێستی ئەوسای ڤاتیکان ڕەنگی دایەوە بەسەر زۆرێک لە وڵاتە کاسۆلیکییەکانی وەکو: ئیسپانیا و پورتوگال و ئیرلەندا، هەروەها بەسەر هەندێک لە وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتیندا، هەڵبەت ئەو کات ڤاتیکان و ئەو وڵاتانەش پێوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا نەبوو.

ئەمە دوای واژۆکردنی پەیماننامەی کامپ دێڤد و ئاشتبوونەوەی یەکلایەنەی نێوان میسر و ئیسرائیل ١٩٧٨ – ١٩٧٩ ڕووی دا. کە بەنەرێنی ڕەنگی دایەوە و بووە هۆی گەڕانەوەی پێوەندییەکانی نزیکەی سی وڵاتی ئەفریقی لەگەڵ ئیسرائیلدا، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٧٣ و دوای ئەوەش پسابوو، سەرباری وڵاتە سۆشیالیستییەکانی پێشوو، ئەمەش لە دوادواییەکانی ساڵی ١٩٨٩

بەئامانجکردنی دیانەکان و کڵێساکانی ڕۆهەڵات وێڕای هەڵوێستە بنەماخوازەکانیان پتر لە نیشانەیەکی سەرسوڕمان لەبارەی هێزە دەست تێوەردەر و سوودوەرگرەکان لەو پرۆسانەدا دەوروژێنێ، بەتایبەت کرستیانەکان لایەنێک نەبوون لەو ململانێیەی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات ئەنجام دەدرا، هەروەها هیچ پشتگیری و پارێزگاریی ناوخۆیی، یاخۆ دەرەکییان نەبوو، باشە بۆ ئەمە ڕووی دا و گشت ئەمانە ڕوو دەدەن؟

کۆنگرەی ئەلسینۆدس کە بەم دواییە بەسەرۆکایەتیی پاپا بنێدیکتسی شازدەم لە ڤاتیکان بەسترا،

ویستی پرسیاری ڕەوا سەبارەت بەچارەنووسی دیانەکانی ڕۆهەڵات بورووژێنێ، ئەوانەی پێشوەخت هەڵوێست و داهاتوو و چارەنووسی هاوبەشیان بەبرا موسڵمانەکانیانەوە لە یەک نیشتماندا دیار کردووە و بەستووەتەوە، ئیتر بۆ دابەش دەکرێن و لە جەستەی نەتەوەکەیان جیا دەکرێنەوە؟ پاشان چۆن خۆیان و کڵێساکانیان پشکداری لە ڕۆڵی پەرەپێدانیان بکەن، مادامەکی هەستی گشتیی باو جیاکاری و بەئامانجکردنە؟

ئا لێرەوە وای دەبینم پێویستە کارەکە بەوەندەوە نەوەستێ ئەوی ڕوو دەدات ڕەتی بکەیتەوە؟ بگرە دەخوازێت لەسەر ئاستی حکوومەت و گەلان دەستپێشکەریی نیشتمانی بکرێت، سەرجەم ڕەوتە هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دامەزراوە ئاینی و نائاینییەکان تێیدا بەشدار بن، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ پاڵپشتیی بوونی کرستیانەکانی ڕۆهەڵات و شوێنکەوتنی ئەنجامدەران و ڕادەستکردنیان بەدادگە. هەروەها دەخوازێ توانایەکی یاسادانانی عەرەبی بۆ پالاوتنی یاساکان و سیستەمە باوەکان بخرێتە گەڕ سەبارەت بەهەموو ئەوانەی بەهەر هۆیەکەوە بێت پێوەندییان بەجیاکارییەوە هەیە، جگە لەوە پێداچوونەوە بەمیتۆدەکانی خوێندن لە قۆناخە جیا جیاکاندا سەبارەت بەهەموو ئەو شتانەی بەخراپی باسی کرستیانەکان دەکەن و بەکەمیان دەزانن، دەکرێت ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی لەم بارەیەوە بگێڕێ. کارێکی ئاوا یەکلاکەرەوە و خێرا دەخوازێت هەمووان پشتی یەکتر بگرن بۆ پێشکێشکردنی گشت جۆرە پاڵپشتییەکی کاتی و هەمیشەیی بۆ دیانەکان و جەختکردنەوە لەسەر مافیان لە ئازادی و ڕێوڕەسم و سرووتە دینییەکانیان هاوشێوەی موسڵمانەکان و ئەوانی تر، بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک بەهەر هۆیەکەوە بێ، ئەمەش پێویست بەڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و جەختکردنەوە لەسەر مافی بەهاوولاتیبوونی یەکسان و ڕێزگرتن لە گوزەرانی هاوبەش و تایبەتمەندی و ناسنامەی ناسەرەکی لە چوارچێوەی ناسنامەی یەکگرتوو، کە لەسەر هەمەڕەنگی و فرەیی دادەنرێت.

پەیامێکی هاوکاریی پراکتیکی لەم بابەتە، بەرە دەرهێنانە لەژێر پێی ئەو لایەنانەی دەیانەوێ دژ بەعەرەب و موسڵمانان خۆراک بەدەم ئیسلامفۆبیادا بکەن، بەڵکو لەوەش زیاتر بەرە لەبن پێی هێزە توندڕەو و دەمارگیرەکان دەرهێنن، کە دەخوازن دژ بەڕۆئاوا بەنزین بەئاگردا بکەن، بەو پێیەی خراپیی ڕەهایە، هەروەها جیاوازی نەکردن لە نێوان ڕۆئاوایەکی ژیاری و ڕۆشنبیری و مەڵبەندی زانست و تەکنەلۆجیا و ئەدەب و هونەر و ئاوەدانکردنەوە و جوانی و ڕۆئاوایەکی سیاسی، ئایدیۆلۆجیا و بەرژەوەندیی خۆی هەیە و دەیەوێت هەژموون و بەپاشکۆکردن بەسەر عەرەبە موسڵمان و دیانەکان و ئەوانی تردا بسەپێنێ.

ئەگەر دواکەوتبین لە بەرپەرچدانەوەی ڕووداوەکانی ١١ی سپتەمبەری تیرۆریستیی تاوانکاری، هەروەها لە چاکسازی و پەرەپێدان و دیموکراسی و لەناودانی توندڕەوی و دەمارگیری و پێ لێ درێژکردن هەڵنووتاین، ئەوا نرخەکەیمان بەگران دا، لەوەیە هەر دواکەوتنێکی ئەمڕۆ لە وەلامدانەوە بەبەنیشانکردنی کرستیانەکان بەشێوەیەک بارمان دەکات نە ئەمڕۆ و نە سبەینێش توانای هەڵگرتنیمان نەبێ.

# مەسیحییەت و تاکگەری

مۆریس باربیە

## مەسیحییەت ، ئاینی تاک

مەسیحییەت ڕەهۆڵێکی بەرینی لەگەڵ دنیای کۆن و نۆرینە سیاسییەکەیدا پێک هێنا. هەرچەندە مەسیحییەت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەوڵەتشاری کۆنی نەگۆڕی، سەرباری ئەمە دەکرێ بپرسین داخوا، نەبووە دەستێکی پێڤاژۆیەک کە مۆدێرنیتەی سیاسیی لێ کەوتەوە؟ ئاشکرایە کە دەوڵەتشاری کۆن، ئاینی کردبوو بەبەشێک لە پێکهاتەی سەرەکیی خۆی و خودانی کۆمەڵێک یەزدانی تایبەت بوو. بەڵام مەسیحییەت لە دەوڵەتشار تەکییەوە و ئەم پرەنسیپەی هێنایە گۆڕێ کە ئاین خاوەن سەربەخۆییی خۆیەتی و چارەنووسی بەند نییە بەدەوڵەتشارەوە. بەم جۆرە، ئاین بە وەرگرتنی سەربەخۆیی لە سیاسەت، بوو بەخاوەن بارێکی مەعنەوی. عیسا مەسیح لە وتە بەناوبانگەکانی خۆیدا، ڕاشکاوانە ئاماژەی کردووە بە جیاییی نێوان خوا و قەیسەر و هەروەها جیاییی نێوان ئاین و سیاسەت: «کاری قەیسەر بۆ قەیسەر بکەن و کاری خواش بۆ خوا» یا «سنووری فەرمانڕەواییی من لەم جیهانەدا نییە»، بێگومان هەر وەک چۆن خواوەند هەقیقەتێکی پانتر و بەرزترە لەم جیهانە، مەسیحییەتیش لە شاری دنیا، واتە ئیمپراتۆریای ڕۆم، جودایە. لەلایەکی ترەوە، لە کاتێکدا کە ئاین لە سەردەمەکانی کۆندا (تەنانەت لە یەهوودیەتیش)دا، کە بەئاینی ئیتنیکێکی تایبەت دادەنرا، مەسیحیەتیش وەک ئاینێکی خاوەن ڕەوایەتییەکی جیهانی دەرکەوت کە بەردەنگەکانی بەبێ جیاوازی، سەرپاکی ئیتنیک و گەلە جیاوازەکانی دەگرتەوە. لە ڕاستیدا نە ئاینی شارێک یان گەلێکی تایبەت، بگرە ئاینی هەموو تاکێک بەبێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازییەکانی بوو، جیاوازیی لە نێوان جوو و ناجوو، شا و کۆیلە و ژن و پیاودا نەدەکرد. ئەم

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری

تایبەتمەندییە جیهانییەی مەسیحییەت، بواری خۆش کرد بۆ هەڵدان و پەرەسەندنی لە سنووری فەرمانڕەواییی ئیمپراتۆریای ڕۆمدا کە لە چەندان گەلی جیاواز پێک هاتبوو.

مەسیحییەت وەک ئاینێکی مەزنی ئاسمانی و هەڵگری پەیامی جیهانی، لە دوو لایەنەوە، وەک ئاینێکی داهێنەر لە جیهانی کۆندا سەری هەڵدا؛ یەکەم، جودایی و سەربەخۆییی خۆی لە دەوڵەتشار ڕاگەیاند و دووەم بە ڕەچاونەکردنی خاڵە جیاوازەکانی گەلانی جیاجیا، ئامێزی بۆ هەموویان گرتەوە. بەم پێیە، ڕاستەوخۆ کاری نەکردە سەر دەوڵەتشاری کۆن و هەوڵی گۆڕینیشی نەدا. مەسیحییەت کە خەڵکی بۆ ڕێزگرتن لە ڕێوشوێنەکانی دەوڵەتشاری کۆن هان دەدا، سەرەتا لە دەرەوەیدا پەرەی سەند و هەر بۆیە، لە چەند سەدەی سەرەتای سەرهەڵدانیدا، باندۆری زۆری نەکردە سەر ڕێوشوێن و پێکهاتەکەی.

سەرباری ئەمە، وا دیارە کە مەسیحییەت لە سۆنگەی تایبەتمەندییە میتافیزیکی و هەروەها پەیامە جیهانییەکەیەوە، ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی تاک لە هەمبەر دەوڵەتشار دا خۆش کردبێ و بەم جۆرە پرەنسیپێکی هێنابێتە گۆڕێ کە مۆدێرنیتەی سیاسیی لێ کەوتەوە. ئاشکرایە کە مەسیحییەت بەنیاز نەبوو کە بەهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتشار، بەستێنێکی لەبار بۆ ژیانی سەربەخۆی تاک پێک بێنێ. بەڵام چونکە وەک ئاینێکی ئاسمانیی هەڵگری پەیامێکی جیهانی بوو، توانیی تاک لە دەوڵەتشار داببڕێ. لەلایەکەوە، چونکە مەسیحییەت بانگەوازی بۆ خوایەک لەودیو ئەم دنیایەوە دەکرد. ئەوەی دەهاتە سەر ئەم ئاینە، بڕوای بەکاتەکی و ڕێژەییبوونی ژیانی سەر زەوی دێنا و تا ڕادەیەکیش دەستی لێ بەردەدا. لە ڕاستیدا ئەوەی دێتە سەر ئەم دینە پشت دەکاتە دنیا و سەرسامی ژیانی هەریان و میتافیزیکی دەبێ و لە شوێنێکی تردا بەدوای ئاواتەکانیدا دەگەڕێ. ئازادیی مەسیحیی کە کۆتوبەندی دنیایی و نەزمی سیاسی لە دەست و پێ تاکی مەسیحی دەکاتەوە، واتاکەی هەر ئەمەیە[١].

لەلایەکی ترەوە، لە سۆنگەیەوە کە مەسیحییەت ئامێزی بۆ هەموو کەسێک کردبوویەوە و ڕووی دەمی کردبووە هەموو مرۆڤێک، بۆیە شوێنکەوتوانی ئەم ئاینە خۆیان سەربەکۆمەڵگەیەکی زۆر هەراوتر لە دەوڵەتشار دەزانی. ئیتر تاکی باوەڕدار تەنیا ئەندامێکی دەوڵەتشاری دنیایی نەبوو، بگرە دەبوو بە ئەندامی کڵێسا واتە جڤاتێکی مەعنەوی و دنیاداگریش. بەم جۆرە بەدوو شێوە تاک خۆی لە دەوڵەتشار جوێ دەکردەوە: یەکەم بەشێوەیەکی ئەستوونی و لە ڕێگەی بانگەوازێکی میتافیزیکی و بەرزەوە. دووەم، بەشێوەیەکی ئاسۆیی، لە ڕێگەی کرانەوە بەڕووی جیهانی مرۆڤیدا.

زێدەباری ئەمەش، بەپێچەوانەی ئاینە کۆنەکانی تر، مەسیحییەت لە بنڕا ڕووی دەمی لە تاک و ئازادیی تاک بوو و ئەم ئەرکەشی لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە جێبەجێ کرد: بیروباوەڕی مەسیحییەت پشتی بەبڕواهێنانێکی کەسانی و هەڵبژاردنێکی ئازادانە دەبەست و دووەم ئەخلاقی مەسیحی لەسەر بنەمای بەرپرسیاریەتیی تاک دامەزرابوو. کە وابوو ئەم دوولایەنە، پێکەوە ڕێخۆشکەر بوون بۆ هاتنە گۆڕ و گەشانەوەی ئازادیی تاک. لە ئەنجامدا، مەسیحییەت بەدابڕینی تاک لە دەوڵەتشار

و هێنانەگۆڕی ئازادییەکانی، بەستنێکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی، خوڵقاند.

جان جاک ڕۆسۆ، زۆر بەچاکی لەم داهێنانەی مەسیحییەت گەیشتبوو و لەهەمبەر «ئاینی باژێری» کە ئاینی دەوڵەتشار بوو، ناوی «ئاینی مرۆڤ»ی لێ نا[٢]. لە ڕاستیدا، مەسیحییەت ئاینی وڵات یا گەلێکی تایبەت نییە و لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا ڕایەڵی برایەتی پێک دەتەنێ، ئەو کەسانەی کە «وەک منداڵی خوایەکی تاقانە، وەک کەسوکار، سەیری یەکتر دەکەن». بەڵام ئەم ئاینە نە «هیچ پێوەندییەکی تایبەتی بەدەوڵەتەوە یا پێکهاتەی سیاسییەوە هەیە» و نە لە هەوڵی تۆکمەکردنی پێوەندیگەلی کۆمەڵایەتیدایە: «زێدەباری ئەمە، لە جیاتی پێکهێنانی هاودەنگی و هاودڵی لەناو باژێرییەکاندا، پابەندی و سۆزیان بۆ دەوڵەت و کاروباری دنیا لاوازەکان» کەوابوو «ئەمە لە هەموو شتێک پتر لەگەڵ مۆراڵی کۆمەڵایەتیدا ناتەبایە»[٣]. تاکی مەسیحی ئەرکە باژێرییەکانی بەباشی ڕادەپەڕێنێ، بەڵام لە دڵەوە گوێ ناداتە چارەنووسی وڵاتەکەی: «مەسیحییەت ئاینێکە کتومت مەعنەوی کە تەنیا لە خەمی ژیانی میتافیزیکیدایە، بێگومان ئەم جیهانە مادییە نیشتمانی تاکی مەسیحی نییە»[٤]. با ڕوونتر بڵێین، بۆیە ناکرێ «کۆماری مەسیحی» پێک بێ، چونکە هەر دوو وشە پێکهێنەرەکەی ئەم دەستەواژەیە، پێکەوە ناتەبان»[٥].

کەوابوو، مەسیحییەت هەر وەک ئاینی مرۆڤ، بەدابڕینی تاک لە جیهان و لە شار، تەنیا ڕووی دەمی لە تاکە و بۆیە بوار بۆ سەرهەڵدانی تاک لە دنیای مەعنەویدا دەڕەخسێنێ، دەکرێ وای بۆ بچین کە مەسیحییەت بەم کارەی خۆی ڕێگەی لە بەردەم دەرکەوتنی تاک لە بواری مادی لە چوارچێوەی دەوڵەتشاردا واڵا کرد و بەم جۆرە ڕەوشێکی لەباری بۆ تاکگەریی مۆدێرن خوڵقاند. مارکس بەمێتۆدێکی نوێ و لە چوارچێوەی دەقێکی سەرسوڕهێنەردا، لە کتێبی «پرسی جوو»دا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە کە دیارە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، مەسیحییەت بەدابڕینی مرۆڤ لە سەرپاکی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و کردنی بەبوونەوەرێکی گۆشەگیر، دەروونگەر، لە ڕاستیدا تاکی داهێنا. لە ئەنجامدا هەلی بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە لە کۆمەڵێک تاکی بەتەواوی دابڕاو دروست بووبوو، ڕەخساند: «کۆمەڵگەی مەدەنی بەکردەکی تەنیا لە جیهانی مەسیحیدا دەست دەدا. لەژێر ئۆتوریتەی مەسیحییەتدا کە تێکڕای پێوەندییە نیشتمانی، سروشتی، ئەخلاقی و تیۆرییەکان دەکاتە شتێکی نامۆ بەمرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی توانیی خۆی بەتەواوی لە هەژموونی دەوڵەت دەرباز بکا و سەرجەم پێوەندییە جیاجیاکانی مرۆڤ بپچڕێنێ و جێگەکەیان بەخۆپەرستی و چاوچنۆکی پڕ بکاتەوە و جیهانی مرۆڤەکان بکاتە جیهانێکی ئەتۆم ئاسای ئەوتۆ کە وەک دوژمن بکەونە گیانی یەکتر»[٦]. بەواتایەکی تر، ئەوە مەسیحییەت بوو کە بەستێنی بۆ سەرهەڵدانی تاک، گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و جیابوونەوەی لە دەوڵەت خۆش کرد و هەر بەم پێیە هەلومەرجی بۆ هاتنەکایەی مۆدرنیتەی سیاسی دابین کرد.

بەڵام ئەم بۆچوونە، سەرباری لایەنە خاپێنەرەکەی، قەت کەسی پێ قایل نابێ. چونکە ئەگەر وا

بووایە، ئەنجامەکەی دەبووە ئەوە کە مەسیحییەت دەبوو هەر لە سەرەتاوە، جیاییی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیی لێ بکەوتایەتەوە و هەروەها مۆدێرنیتەی سیاسیش دەبوو شانبەشانی مەسیحییەتی ساوا دەربکەوێ. بەڵام هەر وەک دەزانین مۆدێرنیتەی سیاسی زۆر دواتر دەرکەوت و لە ئەنجامدا بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی مارکس، مەسیحییەت نەئاخێزگەی تاکگەریی موودێرنە و نە ئاخێزگەی مودیرنیتەی سیاسی. بەپێچەوانەوە، مەسیحییەت بەدرێژای چەندان سەدە، یەکەم جار لەناو ئیمپراتۆریای ڕۆمادا و پاشان لە چوارچێوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا، وێڕای پاراستن و تەنانەت شیاندنی دەوڵەتی بەر لە مۆدێرن، لە ڕاستیدا خۆی لەگەڵیدا گونجاند.

## ڕوانگەی ئاخێزگەی مەسیحیی تاکباوەڕی

ئەگەرچی مەسیحییەت توانیی تاک لە ژیانی مەعنەوییدا سەربەخۆ بکا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لەلایەنی مادی و دنیاییەوە زۆر لە خەمی خوڵقاندنی تاکێکی سەربەخۆدا بووبێ چونکە نە بۆ گۆڕینی دەوڵەتشار خەباتی کرد نە بۆ سەربەخۆییی تاک، تێ کۆشا. زێدەباری ئەمانە، زۆرجار لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە (ڕوانگەی ئاخێزگەی مەسیحیی تاکباوەڕی) پێیان وایە کە مەسیحییەت ئاخێزگەی تاکگەریی مۆدێرنە و ئەمانە هەندە لە هەوڵی ئەوەدان کە وا لە خەڵک بکەن باوەڕ بەم ڕوانگەیە بێنن، لە هەوڵی سەلماندنی ڕاستی و دروستییەکەیدا نین. بێگومان ئەمە لەبنڕا پشت بەو ڕاستییە دەبەستێ کە مەسیحییەت هەر لە بنەڕەتەوە ڕووی دەمی لە تاکە و گرینگایەتییەکی تایبەت دەداتە ویژدانی تاک. بەڵام لە ڕاستیدا بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەبێ ئەو پێوەندییە بدۆزینەوە کە سەربەخۆییی تاک لە ڕووی مەعنەوییەوە چۆن بوار بۆ سەرهەڵدانی تاک لەم جیهانەدا دەڕەخسێنێ. لوویی دومون، لە ڕێی بەڵگەیەکی تازەوە بۆ دۆزینەوەی ئەم پێوەندییە کەوتە خۆ. لە ڕاستیدا ناوبراو «سەرهەڵدانی مەسیحییانەی تاکباوەڕیی مۆدێرن»[٧] دەخاتە ڕوو ئاخێزگەی تاکباوەڕی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی مەسیحییەت[٨]. ئەگەر ئەم ڕوانگەیە ڕاست بێ دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ڕەگوڕیشەی مۆدێرنیتەی سیاسی، کە سەرهەڵدانی، سەربەخۆییی تاک لە هەمبەر دەوڵەتدا دەسەپێنێ، دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکەکانی بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت. بێگومان هەوڵێک دەبینین کە پشت بە پوختەترین شێوەی خوێندنەوەی ئەم ڕوانگەیە (کە لە هەندێ شوێندا بێ شرۆڤە وەک خۆی دووپات بووەتەوە) دەبەستێ و بۆیە جێی خۆیەتی کە بەوردی ئەم ڕوانگەیە شی بکەینەوە و مووقەڵەشانە هەڵی سەنگێنین.

لوویی دومون بەشێوەیەکی میتۆدیک هەوڵ دەدا کە لەناو مەسیحییەتدا بۆ ڕەگوڕیشەی تاکگەریی مۆدێرن بگەڕێ نەک لە هزری یۆنانی کۆندا. ناوبراو پێی وایە کە لەمەڕ ئەم بابەتە دەبێ «بایەخێکی پتر بە ئاین بدرێ تا فەلسەفە، چونکە ئاین کاریگەریی بەسەر تەڤ جڤاکەوە هەیە و لەگەڵ کرداردا زۆرتر یەک دەگرنەوە»[٩] هەر ناوبراو ڕوانگەکەی خۆی بەڕوونی و بەجارێک دەخاتە ڕوو، بەڵام بەو حاڵەش وریا و لەسەر هەستیشە: «هەرچەندە کۆمەڵێک توخمی تاکباوەڕیی مۆدێرن

لەکن مەسیحییانی دەسپێک و کۆمەڵگەی دەوروبەریدا بەدی دەکرێن، بەڵام ناکرێ پێمان وابێ کتومت هەر ئەو تاکباوەڕییەیە کە ئێستاکە ئێمە بەدیی دەکەین، لە ڕاستیدا، گۆڕانکارییەکی قووڵ و ئاڵۆزی ئەوتۆ فۆڕمی کۆنی تاکباوەڕی لە فۆڕمەکەی ئێستای دادەبڕێ کە نزیکەی حەڤدە سەدەی لە مێژووی مەسیحییەتی ویست تا بگۆڕێ و تەنانەت ڕەنگە بشێ بڵێین کە ئەم پێڤاژۆیە هێشتا لەم سەردەمەشدا بەردەوامە. بەڵام دەبێ دین بەهەوێنی سەرەکیی گشتگیربوونی ئەم فورمووڵە و هەروەها وەرگێڕانی بزانین»[10] بێگومان لە ڕوانگەی دومونەوە، تاکباوەڕیی سەرەتایی «لەناو جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤدا ڕەگی داکوتا» و پاشان «بەخاوی گۆڕا بۆ جۆرێکی تر»، بەواتایەکی تر تاکباوەڕیی یەک بەدوای یەکدا دوو بیچمی جیاوازی وەرگرت کە بریتین لە «تاکی دەرەوەی کۆمەڵگە» و «تاکی ناو کۆمەڵگە».

لوویی دومون ئاخێزگەی تاکباوەڕی دەباتەوە سەر پەڕینەوەی کۆمەڵگەلی یەکسان باوەڕ بەرەو کۆمەڵگەگەلی تاکباوەڕ کە لە جۆری یەکەمدا، سەرلەبەری ئەرکی کۆمەڵایەتی لە سەروو هەموو شتێکەوەیە و لە جۆری دووەمدا تاک بەهای بەرزتر پەیدا دەکا. ناوبراو بۆ شرۆڤەکردنی ئەم پەڕینەوەیە «ڕەبەنە هیندی» بەنموونە دێنێتەوە. لەم نموونەیەدا دەستبەردان لە دنیا، سەربەخۆییەکی ڕەها بە تاک دەدا و هەر ئەم سەربەخۆییەش، بوارێکی وای بۆ دەڕەخسێنێ تا خۆی لە کۆتوبەندی دنیا و ژیانی کۆمەڵایەتی ڕزگار بکا. لەو سۆنگەیەوە کە ڕەبەنی هیندی، لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا دەژی، کەوابوو «تاکی دەرەوەی کۆمەڵ» دەردەکەوێ[11]. ناوبراو پێی وایە کە لە دەسپێکی مەسیحییەتدا هەر تاکباوەڕی بەم چەشنە گەشەی کرد و لە ڕاستیدا هەر لەو کاتەوەیە کە ناوبراو تاکی هەڵکەوتوو لە دەرەوەی کۆمەڵ دەدۆزێتەوە.

ئەم نووسەرە بۆ سەلماندنی ڕوانگەی خۆی، پشت بە بۆچوونەکانی (ئێرنست ترولچ) (١٨٦٥–١٩٢٣)ی خواناس و فەیلەسووفی ئەڵمانی وەک «چاڤکانیی سەرەکی»ی خۆی دەبەستێ، کەوابوو لە ڕوانگەی (ترولچ)ەوە، لەو ڕووەوە کە مەسیحی «تاکێک»ە «پێوەندیی بەخواوە» هەیە، کەوابوو لە مەسیحییەتدا «تاکباوەڕی ڕەها و جیهانگیریی ڕەها» لە بواری پێوەندی لەگەڵ خوادا بەدی دەکرێ[12]. بەپێی بۆچوونی لوویی دومون، «تاکباوەڕیی میتافیزیکی» بەگرێدانی یاسای دنیایی بەبەها ڕەها و باڵاکانەوە لە ڕاستیدا، یاسای دنیایی کردە شتێکی ڕێژەیی و پاشان بەدرێژای مێژوو وێڕای پاڵەپەستۆ و کارتێکەریی لەسەرەخۆ، گۆڕانی بەسەردا هێنا. لە ئەنجامدا ئەم ڕەوتە جیهانی یەکدەست کرد و تەباییی تەواوی لەگەڵ جیهانی مەعنەوی لێ کەوتەوە. لێرە بەدواوە، تاکی هەڵکەوتوو لە دەرەوەی کۆمەڵ، بەشێنەیی، تاکی ناو کۆمەڵگەی خوڵقاند. کۆمەڵگە لەم ڕێگەیەوە، باوەڕەگشتگیرەکەی خۆی دۆڕاند و بوار بۆ سەرهەڵدانی تاکی مۆدێرن ڕەخسا. بەم چەشنە ڕەوتی دیرۆکیی تاکباوەڕی دەخرێتە ڕوو.

لوویی دومون، بزاڤ دەکا تا لە ڕێی شرۆڤەگەلی زانایانەی فەلسەفی، ئایدلۆجی و مێژوویی وەرگیراو لە ترولچەوە، ئەم بۆچوونەی خۆی بەڵگەمەند بکا. ناوبراو بەتایبەت ئاماژە بەم خاڵە دەکا

کە پاش کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پاپاوە لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا، گۆڕانی بەسەر پێوەندیی نێوان یاسای ئاسمانی و یاسای زەوینیدا هێنا و یاسای ئاسمانی لە ڕێی کڵێساوە (کە بۆ خۆشی خەریک بوو دەبووە زەوینی) داوای فەرمانڕەوایی بەسەر جیهاندا دەکرد. لێرەوە تاکی مەسیحی ئیتر پتر خۆی بەکاروباری دنیاییەوە خەریک کرد و لە ئەنجامدا بەتەواوی بەدنیاوە نووسا. «بەتێکەڵبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتری کڵێسا، بەئاوایەکی پێچەوانە، کایەی سیاسی بەڕەنگێکی ڕاستەوخۆتر بوو بەهاوپشک لە بەها ڕەهاکاندا»[١٣] لە ئەنجامدا «ڕێگە بۆ یەکەیەکی سیاسیی تایبەتیش خۆش بوو کە بە لەخۆگرتنی کۆمەڵێک بەهای ڕەها سەرهەڵبدا» کە بەئاشکرا دەوڵەتی مۆدێرنە و لە سۆنگەیەوە کە ڕاست وەک کڵێسا لە کۆمەڵێک تاک پێک هاتووە، دەکرێ ناوی بنێین «کڵێسای گۆڕاو»[١٤] بەم جۆرە بەهاتنی تاکی مەسیحی بۆ ناو دنیای مرۆڤەکان، دەرباز بوون لە تاکی دەرەوەی کۆمەڵ بۆ تاکی ناو کۆمەڵ و سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن وەدی هات. لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی پاراوکسیکاڵ، کارامەترین بەمرۆڤبوونی جیهان لە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا لە هەناوی ئاینێکەوە وەدەردەکەوت کە جیهانی زۆر بەتوندوتۆڵی بە بەها میتافیزیکییەکانەوە گرێ دابوو[١٥].

هەرچەندە میتۆدەکەی لوویی دومون بەمیتۆدێکی وشیارانە و تەنانەت خاپێنەر دێتە بەرچاو، بەڵام زێدەباری وردبینییەکەی بەو حاڵەش بەڕاستی قایلکەر نییە، چونکە کۆمەڵێک کۆسیی دەکەوتە ڕێ کە هەندێکیان لە میتۆدەکەیەوە و هەندێکی تریان لە ڕەگی بۆچوونە دڵخوازەکەیەوە سەرچاوە دەگرن. میتۆدێک کە ناوبراو پشتی پێ دەبەستێ، لەبەر سێ هۆ جێی ڕەزامەندیی نییە. یەکەم، دەبێ بڵێین کە ئەم میتۆدە، لە ڕادەبەدەر داماڵراو و ئەبستراکتە و ڕوانگەیەکی زۆر هەمەکی دەخاتە ڕوو. لە کاتێکدا کە پشت بەکۆمەڵێک پێدراوی بەڵگەدار و مێژوویی زۆر بەرتەسک دەبەستێ. دەقە سوود لێ وەرگیراوەکان نەکەس قایل دەکەن و نەزۆرن. زێدەباری ئەمە، ڕووداوە مێژووییەکان زۆر سەرپێیانە ڕاڤە کراون، بەگوێرەی پێویست لایەنە ئاڵۆزەکەیان ڕەچاو نەکراوە و بەهای زێدە بەهایان پێ دراوە.

لە قۆناخی دووەمدا، هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، سەرپاکی بۆچوون و ڕوانگەکانی خۆی لە بۆچوونەکانی (ئیرنست ترولچ)ەوە وەرگرتوون. هەر وەک دەزانین ئەم نووسەرە، بۆچوونێکی زۆر تایبەتی و بێ هاوتای لەمەڕ مێژووی مەسیحییەت خستووەتە ڕوو. لوویی دومون ڕوانگەکانی ناوبراو، وێڕای زیادکردنی هەندێ خاڵ لێیان، پەسند دەکا و تەنانەت دیانەکە تێگەیشتنێکی یەکلایەنەتر و ساکارتر لە مێژووی کڵێسا دەخاتە بەرچاو. لە ڕاستیدا پێویست بوو ناوبراو پێش ئەوەی ئەم ڕێگەیە بەرزەفڕانەیە بگرێتە بەر، دەبوو گومانی لە ڕاست و دروستیی تێگەیشتنە کەموزۆر تەمومژاوییەکانی ترولچ کردبا و خۆی لە سیستەم سازیی زێدەڕۆیانە و پڕ گەنگەشە پاراستبا. لە ئەنجامدا، لوویی دومون، وەک پسپۆڕ لە شارستانییەتی هیندا، لایەنێکی بەراوردکارانەی بەڕواڵەت باڵکێش دێنێتە گۆڕێ کە لە دۆخی زاهیدی دنیا پەرێزی هیندییەوە وەک

نموونەی تاکی دەرەوەی کۆمەڵگە، وەرگیراوە. هەرچەندە ئەم بەراوردە یارمەتیدەر بێ، بەڵام لە دوو لاوە لاوازە: یەکەم، لە هینددا، دنیاپەرێزی تەڤ جڤاک ناگرێتەوە بەڵکو ژمارەیەکی زۆر کەم باوەڕیان پێی هەیە. کەوابوو ڕەنگە بکرێ زاهیدی دنیاپەرێزی هیندی لەگەڵ ڕەبەندێکی فەلە کە دەست لە دنیا دەشواتەوە یا لەگەڵ زاهیدی چۆڵگەرد کە وەچۆڵ دەکەوێ، بەراورد بکەین، نەک لەگەڵ تێکرای مەسیحییان کە پێکهێنەری کڵێسان. دووەم، ئەگەرچی ڕاستە کە دەکرێ وەک تاکێکی دەرەوەی کۆمەڵگە سەیری زاهیدی دنیاپەرێزی هیندی بکرێ. بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە داخوا ئەم تاکەی دەرەوەی کۆمەڵگە بووەتە تاکێکی کۆمەڵایەتی؟ و ئەگەر وەڵامە ڕاست بوو، دەبێ بزانین ئەم گۆڕانکارییە چۆن پێک هاتووە؟ بێگومان نەک هەر وەڵامی پرسیارێکی ئەوتۆ بەوردی نەدراوەتەوە، بگرە تەنانەت پێچەوانەکەشی زەقتر دەردەکەوێ و ئەمەش بۆ خۆی سنوور و بڕشتی بەراوردکارییەکە بەرتەسک دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر چ گۆڕانێک بەسەر زاهیدی دنیاپەرێزی هیندیدا نەهاتبێ، دەکرێ لە خۆمان بپرسین ئەم گۆڕانە چۆن بەسەر تاکی فەلەدا هاتووە.

## نەبوونی پێوەندی لە نێوان مەسیحییەت و تاکباوەڕیدا

سەرەڕای ئاستەنگە میتۆدولۆجییەکان، دەبێ نیشانەی پرسیار لەسەر ڕاست و دروستیی تیوری گەلاڵەکراو (ئاخێزگەی مەسیحیی تاکباوەری) دابنێین. لەم پێوەندییەدا ئەم سێ پرسیارەی خوارەوە بکەین:

١- داخۆ دەکرێ وەک تاکێکی فراژیی سەیر تاکی مەسیحی بکەین؟

٢- داخوا تاکی مەسیحی، تاکێکی دەرەوەی کۆمەڵگە بووە؟

٣- گەلو توانیویەتی ببێتە تاکێکی کۆمەڵایەتی؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی بزانین کە داخوا چ پێوەندییەکی ڕاستەکی لە نێوان مەسیحییەت و تاکگەریدا هەیە یان نا؟

سەرەتا دەبێ بپرسین کە داخوا مرۆڤی مەسیحی لە سۆنگەی باوەڕەکەیەوە بووە بەتاکێکی ڕاستەکی؟ لە سەرەتای سەرهەڵدانی مەسیحییەتدا، نەک هەر پێی لەسەر ئەم پرسە دانەدەگیرا (هەر بۆیە قسەکردن لەسەر تاکباوەڕیی مەسیحی، شتێکی خۆڕاییە) بگرە بەپێچەوانەوە، پێی لەسەر ئومەتیبوونی مەسیحییەت و ئەندامێتیی تاکی مەسیحی لەناو ئومەتدا دادەگیرا. کڵێسا (شوێنی کۆبوونەوەی شوێنکەوتوانی مەسیح)ە نە پێکەوەدانیشتنی تاکە گۆشەگیرەکان، بگرە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو باوەڕدارانە بوو کە لە ڕێی باوەڕێکی هاوبەشەوە بووبوون بەیەک و ئومەتێکی یەکدەستیان پێک دێنا. ئەم ڕاستییەش هەم لەمەڕ کڵێسا جۆراوجۆرە لۆکاڵییەکان ڕاست بوو هەم لەمەڕ تێکرای ئەو کڵێسایانەی کە دواتر بوون بە کڵێسای گشتی. ئەم لایەنەی ئومەتی بەڕوونی هاوبەشی لە سامانی و هەروەها گریمانەکانی هاوپێوەندیی (بۆ نموونە

کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کڵێسای ئورشەلیم) دەردەخا.

پۆڵسی پاک زۆرجار بە بەراوردکردنی فەلەکان وەک ئەندامانی جەستەیەک، ئاماژەی بە تایبەتمەندیی ئومەتیی ئەوان کردووە. لە ڕاستیدا مەسیحییەکان لە ڕێگەی باوەڕ و غوسڵی تەعمیدەوە، دەبوون بەیەک جەستە و پۆڵسی پاک لەم پێوەندییەدا ئەمەی بۆ قورێنتیان نووسی: «ئێوە جەستەی مەسیحن و هەر کام لە ئێوە بە ئەندامەکانی دادەنرێن»[١٦]. ناوبراو هەروەها بە فەلەکانی ڕۆمای گوت: «ئێمە هەرچەندە زۆریش بین، هەر دەبینە یەک جەستە لە مەسیحدا و هەر کام لە ئێمە ئەندامانی یەکترین»[١٧]. بەم ئاوایە مرۆڤی مەسیحی پتر لە ڕێی ئەندامەتییەکەی لە ئۆمەتی باوەڕداراندا پێناسە دەکرا. تا لە ڕێی هەڵسوکەوتی ڕووتی تاقانەیەوە وەک زاهیدی دنیاپەرێز هیندی. لە ڕاستیدا تاکی مەسحی پتر بە ئەندامی ئومەت یا کڵێسا دادەنرا تا تاکێک کە لەپێناوی پێگەیاندنی کەسیەتیی خۆیدا، واز لە دنیا دێنێ. سەرباری ئەمە، فەلەکان وەک «ئەندامانی جەستەی یەکتر» دادەنران، واتە وەک ئەندامانی یەک جەستە، بەتوندوتۆڵی لێک گرێ درابوون.

لە ئەنجامدا، ئومەتی باوەڕداران کە دەبوون بە «جەستەی مەسیح» لە یەک یەکی مەسیحیەکان بە گرینگتر دادەنران، ڕاست هەر وەک چۆن جەستەی مرۆڤ لە یەکی یەکی ئەندامەکانی بایەخی پترە. کەوابوو کڵێسا یا «جڤاکی باوەڕداران» لە ڕاستیدا کۆمەڵگەیەک نەبوو کە باوەڕی بە تاک و تاکگەلی گۆشەگیر بێ. بەڵکو کۆمەڵگەیەکی کۆباوەڕی لەناو کایەی ئاینیدا پێک دێنایەوە کە ئەندامانی لە ڕێی باوەڕە هاوبەشەکەیانەوە، یەکتییەکی مەعنەوییان پێک هێنابوو و بەتوندوتۆڵی لێک بەسترابوون.

بەپێی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە، ئێمە بەڵگەیەکی ڕوونمان بەدەستەوە نییە تا ئەوە بسەلمێنێ کە چۆن دەکرا مەسیحییەت ببێتە دەسپێکی پرۆسەیەک کە پاشان تاکباوەڕیی مۆدێرنی لێ بکەوێتەوە و هەر بەم پێیە ناکرێ وەک لوویی دومون باسی «سەرەتاکانی مەسیحیی تاکباوەڕیی» بکەین[١٨]. لە ڕاستیدا دەکرێ مێتودەکەی «دومون» لەژێر کاریگەریی (ترولچ)دا بەم شێوەیە لێک بدەینەوە کە ناوبرا هەر لە بنڕا لە چوارچێوەی مرۆڤی مەسیحیدا «پێوەندیی تاک بەخواوە» و هەروەها لە مەسیحییەتدا «تاکباوەڕیی ڕەها» لە پێوەندی لەگەڵ خوادا سەیری پرسەکە دەکا. بەڵام ئەم بۆچوونە تاکباوەڕانەیە لەمەڕ تاکی مەسیحی، پتر لە بۆچوونی پروتستانیزمی لیبراڵی سەدەی نۆزدەوە سەرچاوە دەگرێ تا لە بۆچوونی دەسپێکی مەسیحییەتەوە[١٩]. ئەم بۆچوونە تەنیا دەکرێ لەمەڕ ڕەبەن یا زاهیدی دنیاپەرێز پشتی پێ ببەسترێ کە بۆ گەیشتن بەخوا و گەڕان بەدوای کەماڵدا خۆی لە کۆمەڵگە داببڕێ. بەڵام ناکرێ ئەم حاڵەتە بکەینە حاڵەتێکی گشتی بۆ مرۆڤی مەسیحی، تەنیا لەبەرئەوەی کە مەسیحییە، کەوابوو بۆچوونی تاکباوەڕانە لەمەڕ مرۆڤی مەسیحی زۆر پرسیار هەڵدەگرێ و لە ئەنجامدا بەزەحمەت دەکرێ قەناعەتی پێ بهێنرێ.

لە قۆناخی دووەمدا، دەبێ بپرسین: داخوا مرۆڤی مەسیحی وەک تاکی دەرەوەی کۆمەڵگە، واتە

وەک زاهیدی دنیاپەرێزی هیندی دەرکەوتووە؟ دیارە بەگوێرەی قسەی مەسیح، سنووری دەسەڵاتی خوا پێوەندیی بەم جیهانەوە نییە، چونکە سروشتێکی ئاسمانیی هەیە و لە ژیانی سەرزەوی باشترە. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەم قەڵەمڕە ناکەوێتە دەرەوەی جیهانەوە، واتە بێ ئەوەی کە لە جۆری ئەم جیهانە بێ، لێشی بەدەر نییە دۆخە بۆ مرۆڤی مەسیحی یا باوەڕداریش هەر بەیەک شتە. واتە هەرچەندە کە لەناو کۆمەڵگەدا بژیی، بەڵام نابێتە گوێڕایەڵی ڕوحی کۆمەڵگە، واتە خۆی لە شەڕ دەپارێزێ و کەوابوو ناکەوێتە دەرەوەی کۆمەڵگەوە.

هەندێک لە دەقەکانی ئەنجیل ئەم ڕوانگەیە پشتڕاست دەکەنەوە، بۆ نموونە عیسا لەمەڕ شوێنکەوتوانی خۆی دەڵێ، کە «هەرچەند ئەمانە لەناو کۆمەڵگە دان» بەڵام «بەشێک نین لە کۆمەڵگە». ڕاست چۆن بۆ خۆی سەر بەم جیهانە نییە. ناوبراو نایەوێ «کە ئەوان لە دنیا داببڕێ، بگرە دەیەوێ تا ئەوان لە خراپە بپارێزێ». هەروەها عیسا شوێنکەوتووەکانی خۆی دەنێرێ «بۆ دنیا» هەر وەک چۆن بۆ خۆی «نێردراوە بۆ ئەم دنیا»یە[20] بۆچوونێکی ئەوتۆ کە پێی وایە مرۆڤی مەسیحی سەر بەم دنیایە نییە، ئەوە دەگەیەنێ کە نابێ «دنیا و ئەوەی تێیدایە» و بەتایبەت نابێ دڵ بە «چێژ و خۆشی دنیا» خۆش بکا[21]. پۆڵس و پێترۆسی پاک بەردەوام مووچیاریی مەسیحیگەلی دەسپێکیان دەکرد کە گوێڕایەڵ بن بۆ «دەسەڵاتی بەرپرسیار» و «سەرجەم داوودەزگا مرۆڤییەکان». باج بدەن، دەرهەق بەهەمووان دادپەروەر و بەبەزەیی بن[22]. ئەم چەشنە ئامۆژگارییانە ڕەگوڕیشەیەکی ئاینییان هەیە، واتە لەو سۆنگەیەوە خوا سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە، کەوابوو لەپێناوی ئەودا دەبێ گوێڕایەڵی ئەم دەسەڵاتە بین.

کەوابوو مرۆڤی مەسیحی بەپێچەوانەی زاهیدی دنیاپەرێزی هیندییەوە کە پشتی لە دنیا کردووە، تاکێک نەبوو کە لە کۆمەڵگە دابڕابێ. لە ڕاستیدا بەکرێ بڵێین تاکی مەسیحی، کەسێکی باوەڕدارە نە زاهیدێکی دنیاپەرێز و هەروەها دیارە کە ئەم کێشەیە زۆریش کەمبایەخ نییە، بە کورتی مرۆڤی مەسیحی نەک هەر لە کۆمەڵگە خۆی دوور دەگرت، بگرە لەناو کۆمەڵگەدا دەژیا، بەڵام بزاڤی دەکرد تا نەبێتە بەشێک لێی، واتە تێ دەکۆشا نەکەوێتە داوی دنیاپەرستی و خراپەکارییەوە. ئەم واتا سەرەکییەی مەسیحییەتی سەرەتا، لە کتێبێکی بەناوبانگدا بەناو «پەیامێک بۆ دیوگێنت»[23]. لە سەدەی دووەمی زاینیدا هاتووە.

لە ئەنجامدا، تازە ئەگەر ئەم گریمانەیەمان پێ ڕاست بێ کە مرۆڤی مەسیحی، تاکێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە بووە، دەبێ ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە چۆن بووەتە تاکێکی کۆمەڵایەتی. بەڵگەکەی لوویی دومون لەم بارەیەوە نە بەهێزە و نە قایلکەر. ئەم بەڵگەیە پشت بەو بۆچوونە دەبەستێ کە کڵێسا بەسوودوەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی، زیاتر لە ڕابردوو تێکەڵ بە کاروباری دنیایی بوو، هەورەها دەوڵەتیش گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتی ڕوحانی و بەها ڕەهاکانی لە خۆیدا زەق کردنەوە، هەر وەک چۆن تێوەگلانی کڵێسا بەکاروباری دنیاییەوە، وای لە دەوڵەت کرد کە بەها مەعنەوییەکان قبووڵ بکا، تێکەڵبوونی مرۆڤی مەسیحی بەجیهانی مرۆڤییش، ئەو بوارەی بۆ تاکی دەرەوەی کۆمەڵگە

ڕەخساند تا ببێتە تاکێکی کۆمەڵایەتی. ئەم بەڵگاندنە وای دادەنێ کە کەڵکەڵە و تەماحە سیاسییەکانی کلێسا و (بەتایبەت پاپا) دەوڵەتی بە ئاراستەیەکدا برد کە ببێتە هەڵگری بەها بی بەند و رەهاکان. دیارە کە پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، زەحمەتە. لە ڕاستیدا لێرەدا بەرەو ڕووی ڕوانگەیەکی خودی دەبینەوە تا بابەتی و پتر کاریگەریی ململانەی کەموزۆر بەردەوامی نێوان دەسەڵاتی دنیایی و دەسەڵاتی ئاسمانیی بەسەرەوە کە بەگوێرەی ئەم ململانەیە دەبا دەوڵەت، لە شەڕ و کێشمەکشیدا دابایە لەگەڵ کلێسادا، دەبوو بۆ خۆ دەربازکردن لە هەژموونەکەی و دابینکردنی ئۆتۆنۆمیی خۆی، بێ وچان لە هەڤرکیدا بووایە لە گەڵیدا. بەڵام خاڵی سەرەنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە بەڵگاندنێکی ئەوتۆ بەشێوەیەکی لۆجیکی دەبێ، ئەنجامێکی پارادوکیسکاڵی لێ بکەوێتەوە. واتە هەر کە کلێسا یا پاپا پتر دەسەڵاتی دنیاییی بەکار هێنابا. دەوڵەت پتر ڕووی لە بەها مەعنەوی و میتافیزیکییەکان دەکرد، بەڕادەیەک کە بالادەستبوونی ئاین بەشێوەیەکی دنیاداگر، بەشتێکی باش و پەسند دادەنرێ[٢٤] دیارە کە ئەم ئەنجامە قبووڵنەکراوە لاوازە، کۆمەڵێک بەڵگە دەخاتە ڕوو.

تەنانەت ئەگەر واش دابنێین کە مرۆڤی مەسحی تاکێکی دەرەوەی کۆمەڵگە بووبێ (کە ئەمەش بۆ خۆی باسوخواسی زۆر هەڵدەگرێ)، مرۆڤێکی ئەوتۆ ناتوانێ تەنیا لەبەر مەسیحیبوونەکەی، تاکێکی ناو کۆمەڵگە دروست بکا. هاتنی مرۆڤی مەسیحی بۆ ناو جیهانی مرۆڤەکان. شەرت نییە تاکی ناوکۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. کەوابوو دەبێ بڵێین کە ناکرێ مەسیحییەت بەئاخێزگەی تاکگەریی مۆدێرن بزانین و تاکگەریی مۆدێرن، بەرهەمی تەکینەوە و ململانێی بەردەوامە لە تەک مەسیحییەت و کلێسادا، نەک باندۆری ئەمان (مەسیحییەت و کلێسا) بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤانییەوە. بۆیە، تاکگەریی مۆدێرن نەک لە هەناوی مەسیحییەتەوە، بگرە لە دەرەوەیدا سەری هەڵداوە. هەر بەم پێیەش، دەکرێ بڵێین کە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنیش، دوور و نزیک پێوەندیی بە مەسیحییەتەوە نییە و بەهیچ جۆرێک «بەدەوڵەتێکی شێوەگۆڕاوی کلێسایی» دانانرێ، ڕاست بەو جۆرەی کە بۆ وێنە کەسانی دەرەوەی کۆمەڵگە، بوون بەکەسانی ناو کۆمەڵکە. بەکورتی ئەگەر وابووایە، تەنیا مەسیحییەکان دەبوونە تاکی ناو کۆمەڵگە و دەیانزانی دەوڵەتی مۆدێرن پێک بێنن و لەوەها بارێکدا، دەبوونە خاوەن ئیمتیازێکی تایبەت کە مرۆڤەکانی تر لێی بێ بەشن.

بەڵام لە ڕاستیدا نەک هەر وا نییە، بگرە پێچەوانەکەشی ڕاستە. فەلەکان لە سۆنگەی مەسیحیبوونیانەوە قەت نەبوونەتە ژێدەرێک بۆ تاکگەری و لە ڕاستیدا تاکگەریی مۆدێرن پتر دەسکەوتی ئەو کەسانەیە کە لە کلێسا تەکینەوە و جاروبار بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و گەیشتن بە ئۆتۆنومیی تاکەکەسیی خۆیان، لە دژی مەسیحییەت و کلێسا ڕاپەڕین. دەوڵەتی مۆدێرنیش نەک هەر لە هەناوی مەسیحییەتەوە نەکەوتەوە، بگرە لە دەرەوەی سنوورەکەی و زۆرتر بەپێچەوانەی ویستی ئەو پێک هات. ئەگەر ئاوڕێک مێژووی درێژخایەنی پێوەندیی تەژی لە شەڕ و پێکدادانی دەوڵەت و کلێسا لە ڕۆئاوا بدەینەوە، بەجوانی ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بێگومان دەوڵەت

لە ماوەی چەندان سەدەدا لە ڕێی جیاجیاوە هەوڵی نەهێشتنی هەژموونی کڵێسا یا پاپا و هەروەها وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی داوە.

بەم جۆرە بەپێچەوانەی بۆچوونێک کە لەناو هەندێک کۆڕوکۆمەڵی کاتولیکی یا پروتستانیدا زۆر باو بووە و زۆرجار بەبێ چ ڕاڤە و لێکدانەوەیەک دووپات دەکرێتەوە. دەبێ بڵێین کە مەسیحییەت نە سەرچاوەی تاکگەرییە و نە ئاخێزگەی دەوڵەتی مۆدێرن. ئەگەر وا نییە دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بۆ تاکگەری و دەوڵەتی مۆدێرن نەک لە سەرەتاوە، بگرە چەندان سەدە پاشتر سەریان هەڵدا. لوویی دومون زۆر بەپارێزەوە دان بەوەدادەنێ کە بۆ دەربازبوون لە کۆمەڵگەیەکی کۆباوەڕ بۆ کۆمەڵگەیەکی تاکگەر، وەرچەرخانێکی زۆر درێژخایەن پێویست بوو. ناوبراو پێی وایە کە مەسیحییەت وێڕای ڕەخساندنی بوار بۆ تاکی دەرەوەی کۆمەڵگە بۆ گۆڕانی بە تاکی ناو کۆمەڵگە ڕۆڵێکی کاریگەری لەم بارەیەوە گێڕا. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەش سەرەڕای تەمومژاویبوونەکەی، بۆیە پشتی پێ نابەسترێ کە هەم کۆمەڵێک ئاستەنگی دێنە سەر ڕێ و هەم لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکاندا یەک ناگرێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ناکرێ سەرهەڵدانی تاکی سەربەخۆ و دەوڵەتی مۆدێرن بە دەسکەوتی مەسیحییەت و کڵێسا بزانین[٢٥] ئەگەرچی هاودەنگی لەگەڵ ئەم بۆچوونە لەمەڕ یەکەمین سەدە گەلی سەرهەڵدانی مەسیحییەت و سەدەکانی ناڤین. بەئاسان دێنە بەرچاو. بەڵام دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە داخوا لەمەڕ سەدەکانی دواتر و بەتایبەت سەردەمی ریفۆرمی ئاینیی پروتستانی لە سەدەی شازدەمیشدا ڕاستە؟

پەڕاوێزەکان

١- هانا ئارێنت لەم بارەیەوە جوانی بۆچووە و دەڵێ: «ئازادییەک کە مەسیحییەت دایهێنا، لە ڕاستیدا ئازادبوون بوو لە سیاسەت و هەروەها ئازادیی ژیان و هەڵکەوتنی تەواو لە دەرەوەی ژیانی ئاسایی ناو کۆمەڵگە، بۆ دنیای کۆن دۆخێکی تەواو نامۆ بوو» سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:
Hannah Arendt, La nature du totalitarisme, Paris, Payot, 1990, p. 146.

2- Du contrat social, liv. IV, chap. 8, Œuver complétes, Paris, Gallimard, 1964, t. III, p. 464.

ئاین کە یا گشتییە یا تایبەت، ئەگەر لە ڕووی چۆنیەتیی پێوەندییەوە بە کۆمەڵگەوە، تاوتوێ بکرێ، دەکرێ بکرێتە دوو بەشەوە: ئاینی مرۆڤ و ئاینی باژێری (شهروند).

3- Ibid., p. 465.

4- Ibid., p. 466.

5- Ibid., p. 467.

6- La question juive, Œuvers, Paris, Gallimard, 1982, t. III, p. 379.

لە ڕاستیدا، لەم کتێبەدا، مارکس باسی مەسیحییەتی بەئاوایەکی گشتی و هەروەها باسی مەسیحییەتی سەردەمی خۆی دەکرد نەک باسی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مەسیحییەت.

٧- ئەمە ناوی بابەتێکە کە لە (جارِنامەی) خوارەوەدا چاپ کراوە؛ لە پاڵ ئەم ناونیشانەدا ئەمە نووسراوە، «خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئاخێزگەکانی ئێمە» سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

Le Débat, 15, septembere - october 1981.

8- “Les commencements chrétiens de I’individualisme”, in l’individualisme, paris, Seuil, 1983, p. 33 - 59.

9- Ibid., p. 34.

10- Ibid., p. 34.

پێویستە ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە بەگوێرە ئەم بۆچوونە، تاکگەریی مۆدێرن تەنیا لە سەدەی هەژدەم بەم لاوە بەتەواوی دەرکەوتووە. ئەم ڕوانگەیە هەر دەبینین، ڕاستە.

11- Ibid., p. 36.

12- Ibid., p. 40.

13- Ibid., p. 57.

14- Ibid., p. 58.

15- Ibid., p. 59.

16- Permiére épître aux Corinthiens, 12, 27.

17- Epître aux Romains, 12, 5.

١٨- ئەگەرچی مەسیحییەتی دەسپێک، زۆر بەتەنگ تاکەوە وەک تاک نەبوو، بەڵام بەپێچەوانەوە بایەخی بە چەمکی تاک دەدا؛ دیارە نەک لە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤدا، بگرە لە پێوەندیی لەگەڵ خوادا و بەدوو جۆر:

یەکەم. «تثلیث» (سروشتێکی خوایی لە سێ کەسدا) و لەمەڕ مەسیح. دووەم: (سروشتی خوایی لە یەک کەسدا).

١٩- ئێمە لە شوێنێکی تردا کە بۆ، ڕیفۆرمی ئاینی پروتستانی تەرخان کراوە، پتر لەسەر ڕوانگە تەمومژاوییەکانی ترولچ چووین.

20- Evangile de Jaen, 17, 11. 14 - 16, 18; voir aussi 15, 19.

21- Pwemiére épître de Jaen, 2. 15 - 17.

22- Epître aux Romains, 13, 1 - 7; Epître á Tite, 4, 1 -2; Premiére épître, 2, 13 - 17.

23- Epître á Diognéte

٢٤- لەلایەکی ترەوە، ئەمە هەر ئەو خاڵەیە کە لوویی دومون لەمەڕ باڵادەستیی ئاینیی کالڤن لە ژنێڤ باسی دەکا. سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

Essais sur l’individualisme, op. cit., p. 60.

٢٥- هانا ئارێنت بە میتۆدێکی هاوشێوە و بەلێکدانەوەیەکی ورد حاشا لە تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانەی مەسیحییەت دەکا: «ئەم ڕاستییانە بۆ خۆیان ئەم ڕوانگەیە ڕەت دەکەنەوە کە پەیام و قسەکانی مەسیح لە بنڕا شۆڕشگێڕانەبن (...) چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەر لە سەردەمی مۆدێرن قەت شۆڕشێک بەناو شۆڕشی مەسیحییەت ڕووی نەداوە. بەچەشنێک کە باشترین قسەیەک کە دەکرێ بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی ناوبراو بیکەین ئەوەیە کە «مودێرنییە» پێویست بوو تا تۆی شۆڕشگێڕانەی ئیمان بچێنێ؛ هەروەها ئەم قسەیە ڕاشکاوانە بە مانای ڕاکێشانی بەڵگەکانە بۆ سەلماندنی ویستی کەسانی.

سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن:

H. Arendt, Essais sur la révolution, Paris, Gallimard, 1967, p. 34.

# گریان و ئاین

سەلاح حەسەن پاڵەوان

ئاین وەکو پێویستییەک لە ئەنجامی ئەو هەموو ململانێ مەزنانەی ئابڵووقەی مرۆڤیان دابوو پەیدا بوو، پەیدابوونی ئاین پێویستییەکی سروشتی بوو، پێویستییەک بوو، گەڕانەوە لە کاتی تەنگانە و لەو ساتانەی کە چیی تر مرۆڤ وەڵامی پێ ناهێنێ، بۆ ئەو پرسیارانەی کە ژان و گرفتەکانی کەم دەکەنەوە.

خودی ئاین وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ پێویستیبوونی هەستەکان و ئازارگەیشتن بەهەستەکانی مرۆڤ، ئاینەکان ویستیان ئەو پرسیارانەی مرۆڤ وەڵام بدەنەوە کە بەردەوام لەبارەی چارەنووسی خۆیانەوە دەیانکرد. مرۆڤ پەنای بردە بەر ئاین بۆ ڕێکخستنی ئەو ژیانەی کە پڕ لە تامەزۆریی و خەم و کەساسی و گریان بوو، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا مرۆڤ دەیویست خۆی ڕێک بخات، بۆ نموونە (لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا برێکی زۆر کامڵبوون لە نێوان هەموو شێوە سەرەکییەکانی کولتووردا هەبوو، بۆ نموونە لە نێوان ئاین و بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان، لە نێوان بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی ئابووری لە نێوان ڕێکخستنی ئابووری و تەکنەلۆجیا و لە نێوان ڕەگەزە سیحرئامێزەکان و پراکتیکەکاندا پێوەندییەکی چوونیەک و ڕێکوپێک هەبوو.)[١]

ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت ئاین هەوڵ بووە بۆ وێناکردنی ئەو شتەی کە وێنا ناکرێ، یان ئاین گوتنی شتگەلێک بووە کە گوتنی ئاسان نەبووە، ڕێک دەکرێ وابێت، وزەی مرۆڤ بەردەوام بەدووی ئەوە بووە کە بزانێت چی لە دەوروبەری روو دەدات، کەواتە مرۆڤ هەوڵی داوە لە نێوان هەموو دیاردەکانی سەردەمی خۆی پێوەندییەک بەرپا بکات، پێوەندییەکی پتەو، ئەویش بەمەبەستی خۆلادان لە سەرلێشێواوی و هەڵەشەیی و تێکەڵوپێکەڵی. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکان باس لە کۆمەڵگەی سەرەتایی دەکەن وەک کۆمەڵگەیەک لە ناڕێکی ترساوە، هەر بۆیەش بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆی خەمی خواردووە، ئەمەشی بەکۆمەڵێ شتی گرینگ ئەنجام داوە،

وەک دۆزینەوەی باشترین شێوەی پێکەوەژیان، دوورخستنەوەی ترسناکی، گەڕان بەدووی ئەو هۆکارانەی مرۆڤ تووشی نائومێدی دەکەن، ئاینیش وەکو یەکێک لەو کەرەستانە، هەوڵێک بووە بۆ پڕکردنەوەی ئازارە رۆحییەکان.

بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەی نەدەدۆزرانەوە و ئاشکراکردنی ئەو پرسیارانەی وەڵامیان نەبوو، ئاین هاتە پێشێ، خۆی لە وێزەی ئەو تەنگژە و تەڵەزگانە دا کە مرۆڤ لە بەردەمیدا لە سەرسوڕمانی بەردەوامدا بوو، هەروەها کردنی ئەو دیاردانەی کە نەکرابوو (ئاین هەوڵدان بوو بۆ تەسەورکردنی ئەو شتەی کە تەسەور نەدەکرا، گوتنی ئەو شتەی نەدەکرا تەعبیری لێ بکرێ، ئاین کۆتێک بوو بەرەو ناکۆتایی)[٢]. پێش ئەوەی بچمە نێو زیاتر قووڵبوونەوە لە پێوەندییەکانی ئاین و خەم و ناسۆری و گریان و فرمێسک و هەنسک... هتد، پێویستە لەوە بگەین کە ئاین چییە و چی دەگەیەنێ؟! هەروەها چ پێناسەیەکی بۆ کراوە؟ ئاین بە هەرسێ پێکهاتەکەیەوە کە بڕوا و ریتوێڵ و ئەفسانەیە، پێکهاتەیەکە لە پێناسە و هەوڵێکیشە بۆ دووبارە داگیرسانەوەی ئەو مۆمانەی کوژابوونەوە، ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێ ئاین بڕوابوونە بە هێزێکی مەزن و نوێژکردن و قوربانیدان و پەرستن.

ئاین هەوڵی داوە خوێندنەوەی هەبێت بۆ ئەتوار و ڕەوشتی مرۆڤ، هەوڵی خوێندنەوەی دەرەوە و ناخی مرۆڤی داوە، واتە خوێندنەوەی ئەو هێزانەی پێوەندییەکانی دیاری دەکەن، وەک دەوروبەر و کاریگەرییە دەرەکییەکان و هەروەها بەسەرهاتە ئەفسانەیییەکان کە رۆح دەشۆنەوە یان رۆح بەهەندێ بەسەرهاتی پیرۆز و بەسەرهاتی نامۆئلووف سەرقاڵ دەکەن. بۆیە رۆح لە مەسەلەی ئایندا پێوەستێکی گرینگە، زۆربەی ئاینەکان ڕووبەرێکی فراوانیان بۆ لێکدانەوەی رۆح تەرخان کردووە.

ئاین سەردەمێکە لە دووبارە نووسینەوەی مێژووی رۆحی مرۆڤ، ئەو مێژووەی تێیدا رۆح وەک پێویستییەک لە پێویستییەکانی ئاین خرایە بەردەم لێپرسینەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ دیاردەکانی تر کە ئەمەش بۆ خۆی وای کرد کە ئاین رۆح لە شێوەیەکی تردا ببینێ و شێوەی بەرپرسیاری پێ بدا، رۆح ئەو شتە خەیاڵییەی کە مرۆڤ پێش ئاینەکان تەفسیرێکی تەواوی بۆ نەبوو، لەگەڵ ئایندا ئەو رۆحە بوو بەخاوەنی شووناسنامە، واتە بوو بەخاوەنی بەرپرسیاری لە مامەڵەکردنە ژیارییەکاندا، واتە رۆح سەرەڕای ئەوەی شتێکی ئایدیالیستی بوو، بەڵام لە مەفهوومی ئاینیدا مامەڵەی مادیی لەگەڵدا دەکرا وەکو بەرپرسیاری رۆح بەرامبەر بە کارە شەڕخوازییەکان و بەرپرسیاری بەرامبەر بەلاساری و خراپەکاریدا و هەروەها هۆشیارییەکانی رۆح لە پەشیمانبوونەوە و خۆسەرزەنشتکردن، کە ئەمەش زیاتر لە شێوە مادییەکانیدا کاری پێ دەکرا، نەک لەگەڵ رۆحێکی نەبینراودا، ئەمەش بۆ خۆی وای کرد کە پێوەستی هەست و رۆح پێوەستێکی پتەو بێت بەتایبەت لەنێو کایەی ئاینیدا، ئاین بۆ خۆی سەرچاوەیەکی تایبەتیی دۆزییەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆحدا.

وەک لە سەرەوە خوێندمانەوە هەستکردن بەناکۆتایی، واتە ئەم دیاردەی ناکۆتایییە برێتییە لەو حاڵەتەی کە زەین بەرامبەر بەدیاردەکان ناتوانێ بڕیار بدات، بگرە ڕادەستی بەهەستەکان دەبێت، تەسلیمبوون بەهەستەکان واتە پڕکردنەوەی ناکۆکییەکان، واتە پاڕانەوە و گریانی ڕەبەنێک یان موریدێ یان بڕواهێنەرێک لە بەردەم پەیکەر و هێزی خواکەیدا هەستێکە بەترس، ترسی تۆڵە و شتنەوەی گوناهەکان، هەوڵە بۆ سڕینەوەی بازنە بێهوودەکانی ژیان، ئەو کاتەی ئەو لە بەرامبەری خواکەیدا چاوەڕوانی ئاسوودەیییەکی ڕۆحییە، لە ناخییەوە دەگاتە ئەوەی خوا گوێی بۆ ئازارەکانی هەڵخستووە. ئەمیل دۆرکهاییم لە پێناسەکردنیدا بۆ ئاین دەڵێ: (ئاین ڕێژیمێکی ڕێکوپێکی بڕوا و مومارەسەکانە کە لەبارەی بابەتە پیرۆزەکانەوەیە، لە نێوەندی دنیایی جیای دەکاتەوە و بەکۆمەڵێ شتی جۆراوجۆری مەحرەم دەوری دەدا و ئەم بڕوا و مومارەسانە هەموو ئیماندار و ئەوانەی لە نێوەندیدا کار دەکەن لە کۆمەڵێکی مەعنەویدا کۆیان دەکاتەوە کە پێی دەوترێ کڵێسا.)[٣].
هەروەها لە مەفهومی ئاینە ئاسمانییەکانی تریشدا ئاین بەو شێوەی کە هەیە بۆ کۆکردنەوەی مرۆڤ و دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕۆحی مرۆڤ بووە، نەک تەنیا ئەو پێناسەیەی دۆرکهاییم، بگرە دەشکرێ بوترێ ئاین برێتییە لە دووبارە بەخشینی پێوەندی بەمرۆڤ و ڕۆح. هەستی مرۆڤ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ بۆ نێو پەرستگاکان رادەکێشێت زۆربەی ئاینەکان بەرگری لە هەستی مرۆڤ دەکەن، بەرگری لە توانای مرۆڤ دەکەن، چ وەکو دیاردەیەک کە پێوەستی بەخواپەرستی هەیە لەبارەی پاداشت و تۆڵەوە یاخۆ وەک شێوازێک بۆ وەبیرهێنانەوەی مرۆڤ لەبارەی ئەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی تێکدانی ساتەکانی خۆشحاڵی و هۆکارەکانی پەیدابوونی گریان و بەدبەختی.

دیاردەی ئاینی بەهەر سێ شێوەکەیەوە واتە شێوەی تاکەکەسی و دەستەجەمعی و دەزگاخوازی، هەوڵدانێک بووە بۆ ڕێکخستنی مرۆڤ لەنێو چەند دەزگەیەکی یەکگرتوودا کە هەوڵی بنیاتکردنەوەی ئەو رەوشتانە بووە کە مرۆڤ لە دەستی داوە، هەوڵ بووە بۆ زێدەتر ئاسانکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ، ئەگەر هەندێ جاریش لە ڕێبازەکەی خۆی دەرچووبێت هەوڵێک بووە لە کرۆکی ئەسڵی ئایندا نەبووە، بگرە دەزگاخوازی وای لێ کردووە ببێتە هۆکاری دروستکردنی خەم و گریان، ئاین خودی خۆی هەوڵی ئەوە بووە فرمێسکەکان بسڕێتەوە و خەمەکان بڕەوێنێتەوە و ئەو دەرگە داخراوانەی ڕۆح بکاتەوە، ئەو تارماییيانە بڕەوێنێتەوە کە بەر دیدەی دڵشکاوان دەگرێت، ئەو منداڵە بێ باوکانە هێور کاتەوە کە هەنسکی هەتیوی لە چاوەکانیاندا وەکو باران دەبارێ، هەوڵی ئاین هێورکردنەوەی ئەو شیوەنانە بوو کە لە ئاستی جەستە ئازیزەکاندا بەرپا دەکران، هەوڵی ئاین کوژاندنەوەی ئەو نارەزاییيانە بوو کە مرۆڤ بەرامبەر بەکردەکانی خوا دەریان دەبڕی، هەوڵی ئاین ئاوڕدانەوە بوو لە دڵشکاوان و کەمکردنەوەیان، نەک زیادکردنیان، هەوڵی ئاین بازدان بوو بەسەر ئەو شتانەی ڕێگر بوون لە خواپەرستی وەک گریان و حەسرەت و ناڕازیبوون، کەچی دەبینین لە مێژووی هەندێ ئایندا ئەوەندەی فرمێسک هەیە بەدەگمەن پێکەنینەکان دەبینین، ئاین

بەهەموو شێوەکانی و زەمین و ئاسمانەکانی لە پشتیەوە پەیامی خۆشبەختی بووە، هەوڵێ بووە بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە پەڕاوێزبوون و ڕێکوپێککردنی ئەو خانانەی کە دەوری دابوون، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی دروشمێکی تایبەت بەخۆی و دروشمەکانی تەنیایی هەڵگرێت و لەگەڵ خوای خۆیدا جووت بێت.

ئەم هەموو پەیامەی ئاین لەنێو زەوینەی جێبەجێکردندا وای لێ هاتووە لە زۆر مەودادا ئەرکی مرۆڤی گران کردووە، ئاین بەهەموو لێکدانەوە و هەوڵەکانی خاوەن مەبەست بووە، ئاینێک نابینین بەبێ مەبەست، ئاینێک نابینین هەروا لە خۆیەوە دروست بووبێت، ئەگەر مەبەستێکی لە پشتەوە نەبووبێت، کەمکردنەوەی ئازاری مرۆڤ یەکێک بووە لەو مەبەستانە کە هەوڵی بۆ داوە، هەر بۆیە دەبینین کەمکردنەوەی خەم و گریانیش یەکێک بووە لەو مەبەستانە، کەچی لە ئاینە سەرەتاییەکاندا ئەو مەبەستانە زیاتر قووڵتر و نائاشکراتر بوون، کەچی لە ئاینەکانی بابەتی بودیزم و هیندۆیزم و سیخ و تەنانەت یەزیدی و زەردەشتیدا مەبەستەکان لە پشتی داوا مرۆییەکانەوە خۆیان حەشار داوە، بەڵام هەریەکە و بەشێوەیەک باسی لەو هۆیانە دەکرد کە دەبوونە هۆی دڵتەنگی و ئازار و گریانی مرۆڤ بەڵام لە ناوکدا هەموویان مەبەستیان بەهێزکردنی مرۆڤ بووە بەرامبەر بە ناخۆشییەکان، کەچی هەر ئەم مەبەستانە لە ئاینە ئاسمانییەکاندا بارێکی تر دەگرنە خۆیان و بەشێوەیەکی تر دەخرێنە ڕوو، هەندێک لەو ئاینە ئاسمانییانە باس لە مەبەستەکانی ژان و خەم ناکەن بگرە باس لە هۆکارەکانی ئەو خەم و ژانانە دەکەن و داوا لە مرۆڤ دەکەن تەسلیمی ئەو ژانانە نەبێت و بەهیچ شێوەیەک توخنی گریان و شیوەن نەکەوێت، ئاینە ئاسمانییەکان زیاتر لە ڕوویەکی ناوکۆییەوە تەماشای دیاردەی گریانیان کردووە، بەو شێوەی کە دەربڕینی گریان بۆ مردوو یان شیوەنکردن بۆ ماڵوێرانییەک دەربڕینی نارەزاییە بەرامبەر بەکارەکانی خوا، کە ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە گرینگانەی کە تێیدا گریان بەنارەزایی لە قەڵەم دراوە نەک وەکو پێویستییەک.

ئەگەر لە سەرجەمی ئاینەکان سەرنج بدەین، تێبینی دەکەین بەردەوامییەکی بێ وێنە هەیە لە بۆ گەڕان بەدووی نزیککردنەوەی مرۆڤ لە خۆشییەکان و بەخشینی هیوا بەمرۆڤ، ئەو هیوایەی خۆی لە پاداشتە خۆشەکانی بەهەشتدا دەبینێتەوە، نەک ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو بۆچوونانەی کە پێوەستن بەمەسەلەی ئاینەوە باس لە بەراوردکارییەکانی ئاین دەکەن لە نێوان باشە و خراپەدا، لە نێوان خوا و ئەهریمەندا، ئاین خوای هەبوو ـ لە بەرامبەریشدا پەرستگاری هەبوو، سەرەڕای فرەیی ئاینەکان لە هەمان کاتدا فرەیی خۆشی و ناخۆشییەکانیش بەردەوام هەبوون

مەسەلەی ئاین مەسەلەیەکی هەمیشەیی بوو لەو هەوڵانەدا دەردەکەوێ کە داویانە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بڕوا غەیبییەکان رزگار بکات، کەواتە ئاین بۆ رزگارکردنی مرۆڤ بووە لە ئازارەکانی بەڵام لە هەمان کاتدا لەنێو ئەو بەبیرهێنانەوەدا ژیاندوویەتی ئەو ژیانەی کەم تا زۆر بەشێک بوون لە پێوەندییەکانی رۆژانەی، ئاین نەیویستووە چەوسانەوە و خەمهێنەر بێت، بگرە ویستوویەتی

خەمرەوێن بێت، هەموو ئاینەکان سەرەتای دروستبوونیان بیریان لە خەیاڵ و خەونەکانی مرۆڤ کردووەتەوە، تەنانەت خەمی ژیان و مردن کە یەکێکە لەو خەمانەی بەردەوام مرۆڤ لە مێشکیدا بووە، ئاین ویستوویەتی ئەو خەمە بەخەون بڕەوێنێتەوە، خەونی بەهەشت یەکێکە لە خەم نەخواردن بۆ ژیانی فانی، هەروەها ئەم خەمە وای کردووە بڕێکی زۆر لە مرۆڤ لە بیرکردنەوەی بەردەوامدا بژی لەبارەی خۆشییەکانی ئەو دنیاوە نەک خەمەکانی ئەم دنیا.

با لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ پەیدابوونی ئاینە نووسراوەکان ئەوانەی زیاتر سەروکاریان بە شیعرە ئاین و کەرنەڤاڵە ئاینییەکانەوە هەبووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی پێش زاینیدا ئاینێک لە ناوچەی ئێران و کوردستاندا تەشەنەی کرد، کە تا ئێستا راکان لەسەر ئەوە جێگیر نەبوون، ئاخۆ ئەم ئاینە ئاینی ئاسمانییە یان زەوی، ئاخۆ لە ئاسمانەوە پەیامی بۆ دابەزیوە یان لە زەوییەوە، گشت ئاینەکانی ئەو سەدەیە تەنیا بریتی بوون لە ئاینە ئاساییەکانی زەوی، ئاینی زەردەشتی ئەو ئاینە بوو کە لە ناوچەی کوردستاندا تەشەنەی کرد، ئەم ئاینە وەکو هەموو ئاینەکانی تر لە هەمان سەردەمی نزیکدا پەیدا بوو، ئەم ئاینە وەک ئاینەکانی ئەو کاتەی هاوزەمەنی ئەم بڕوایان بەحیکمەتی مرۆڤ هەبووە، ئەو مرۆڤەی کە دوو شتی تێدایە، لە هەموو شتەکان باش و خراپ، سارد و گەرم، خەون و بێداری، تەنیایی و پێکەوەبوون.

ئاڤێستا بریتیە لە کۆمەڵێ شیعری ئاینی لەبارەی شێواز و بیر و باوەڕی زەردەشتییەوە باس لە سیفەت و تروسکاییەکانی ژیان دەکات، باس لەو خوو و رەوشتانە دەکات کە مرۆڤ لە دنیادا یەخانگیری دەبێتەوە، گوتنی چاک و خووی چاک و نیگا و عەقڵی چاک جارڕدانێک بوو لەو مەملەکەتەی ئەوسای ئەم ناوچەیەدا تەشەنەی کرد، ئەم ئاینە لەبارەی باشە و خواپەرستی و پیرۆزییەوە قسەی کردووە و دژ بەخراپی و دزێوییەکان وەستاوەتەوە، لە گاتاکانا هاتووە کە ئادیتیەهاکان بریتی بوون لە شاکانی ئاسمان، بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵاتی خۆیان فەرمانڕەواییان دەکرد نەک بۆ کاری باشە و خواپەرستی، هەر بۆیە کاتێ کە مرۆڤەکان لە بەرامبەر پاڕانەوەو داواکردنی خێر تووشی نوشستی و نائومێدی دەبوون بە ناچاری پەنایان بۆ خواکان و دەرگەی مەزدا (واتە یەزدان) دەبرد و داوای تۆڵەیان دەکرد، گریان و نزا و پاڕانەوەکانیان دەگەیشتە گوێی هەمووان، زەردەشت ئاهورامزدای بەدروستکەری هەموو شتەکان دادەنا، گاتاکان بریتی بوون لە سروودی عیرفانی، ئەوەی لەم گاتانەدا هاتووە بریتییە لە خستنەڕووی شەڕەکانی نێوان ئورمەزد و ئەهریمەن، (سەرتاسەری ئەدەبیاتی زەردەشتی پڕە لە بەرخوردەکانی نێوان سوپای خێر و سوپای شەڕ، رووناکی و تاریکی، یەزدان و دیوان...)[٤]

مەسەلەی دوالیزم یەکێکە لەو مەسەلانەی لەم ئاینەدا بەجوانی دەرکەوتووە و هیچ کەسێک نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەوەی جیاوازیی نێوان خراپە و چاکە وەک جیاوازیی نێوان پێکەنین و گریان ببینێ، مەرج نییە هەموو گریانێ خراپە بێت و هەموو پێکەنینێ چاکە، (میلەر بڕوای وایە کە زەردەشت سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە لە بەرێنوێنیکردنی خراپە و چاکە، کە تا

ئێستا هیچ کەس سەرکەوتنی لەم جۆرەی بەدەست نەهێناوە. زەردەشت نارِوانێتە فریشتەکان وەک کۆمەڵە بوونەوەرێکی فیزیکی بەخۆیان و باڵە فەنتازییەکانیانەوە بەو شێوەی لە ئەفسانە و شیعرەکاندا بەیان کراوە...)[٥]. ئاینی زەردەشت وەکو واقیعبینییەک دەروانێتە هەموو دیاردە خوایی و مرۆییەکان، هەر بۆیەش مامەڵەکردنی لەگەڵ هەستەکان مامەڵەکردنێکی تایبەتە، خوا بەپێی بۆچوونی ئاینی زەردەشتی عەقڵ و هەستی بەمرۆڤ داوە تا لە ژیاندا بەشێوەیەکی چاک بەکاریان بێنێ و رێگەکانی خۆی بدۆزێتەوە و دزێو لە نادزێوی جودا بکاتەوە، رەش لە سپی و بیناکردن و وێرانکردن لە یەکتری جیا بکاتەوە.

هەر خودی زەردەشت کەسێک بوو هەردەم دەم بەپێکەنین، "لە روایەت و سوونەت و نەقڵی زەردەشتییەکاندا و نووسراوی مێژوونووسانی یۆنانیدا دەبێژن: کاتێ زەردەشت لەدایک بووە، بزەی پێکەنینی لەسەر لێوان بوو. ئەم نووسراوانە دەیسەلمێنن کە ئاینی ئێرانی، لەسەر بناغەی شادی و کامەرانی و ئازادی و خۆش رابواردن دانراوە و غەمباری و پەرۆشی و ماتەمین لەم ئاینەدا نییە"[٦]. هەروەها بەردەوام لە بیرەکانی زەردەشتدا زۆر دیمەن و بیرکردنەوەی چاک و باش دەبینین، ئەو بیرکردنەوە چاک و باشانە بەشێکن لەو تێگەیشتنانەی کە بیرکردنەوەی ژیان دروست دەکەن، نەک ئەمەش ئەو هەموو شتە چاکەکانی پێ باشە کە خۆشی باشترە لە خەم، "کرداری پاک، وتاری پاک، بیرکردنەوەی پاک، دروشمەکانی هەڵبژێردراوی (زەردەشت)ن، بۆ ژیانێکی باش و سەرکەوتووانە و پیرۆز. لەو دروشم و کردەوانە و کارکردن بەوانە فەرمانبەری خۆم و ئیتاعەی خۆم بەبارەگەی ئاهورامەزدا پێشکێش دەکەم"[٧].

مەسەلەی گریان و هەست و هۆش و سۆزداری لەو بابەتانەن لە مەسەلەی باشە و خراپەدا لە ئاینی زەردەشت جێگەی بۆ کراوەتەوە. دیسانەوە ئەگەر لە ئاوێستادا بروانینە هاتی ٣٠ (زەردەشت لە هاتی ٣٠ چەند مەسەلەیەکی بنەرِەتی دەخاتە روو ژێرسازی کراوە و لەو بەشانەی کە دێن ئەمانە تەواو دەکات: خێر و شەرِ دوو هۆکاری داهێنراو و ئەندێشەیین پێوەستن بەئەندێشە و بیری مرۆڤەوە، پێوانەی دیاریکردنی باشە و خراپە زانین و و تێگەیشتنی مرۆڤە و بێ ئیرادە و هەڵبژاردنی سەربەست باشە و خراپە مانایەکیان نابێت..)[٨]. دەتوانین لەو بەشەدا ئەمە بخوێنینەوە "لەم دوو گەوهەرەی سەرەتایی (سپەندمینو) کە ئاسمانی بێ سنوور و بێ برِانەوە وەکو بالاپۆشیی ئەو وایە و، هەموو ئەوانەی کە شاد و خەندان ئاینی چاکیان هەڵبژاردووە و بەکردەوەی باشی خۆیان رەزامەندیی مەزدا ئەهورایان وەدەست هێناوە کامەران دەبن و ئەهریمەن و درۆپەرستەکان و درۆپەروەران بەکردەوەی خراپی خۆیان شەرمەزارن"[٩].

ئێمە لەم لێکدانەوە دەگەینە ئەو راستییەی کە مەسەلەی هەست و سۆز لەلای بیری زەردەشتی، پێوەستە بەعەقڵ و بیر و هۆشەوە، ئەو زۆر بەراشکاوی جەخت لەسەر مەسەلەی خراپە و چاکە دەکات و لە بەرامبەریشیاندا عەقڵ و هۆش و بیرکردنەوە دادەنێت، کەواتە بەرِای ئەو سۆزەکانیش چ گریان، پێکەنین، توورەبوون و ئەو سۆز و سۆزدارییانەی کە تایبەتن بەرۆحی مرۆڤ دەبنە

بەشێک لەو هاوکێشەیە، مرۆڤ بە کۆنترۆڵکردنی عەقڵ کۆنترۆڵی سۆز دەکات، بەتەسلیمنەبوون بە ئارەزوو و سۆز دەتوانێ جیاوازی لە نێوان باشەو خراپە دەستنیشان بکات. لە سەرتاسەری بۆچوونەکانی زەردەشتی سەرچاوەیەکی زەق نییە کە باس لە مەسەلە سۆزدارییەکان بکات، بگرە باس لە مرۆڤ دەکەن وەکو یەکەیەکی تەواو لە عەقڵ و بیرکردنەوە. دیارە سۆزیش لەو پێوەندییەدا مانایەکی تری هەیە.

ئەو ئایینانەی هاوزەمەن و هاوتەمەنی ئایینی زەردەشتی بوون وەک بودیزم و هیندۆسی لە هیند و لاوتسی لە چین، ئەم ئایینانە بە ئایینی رۆحی ناسرا بوون، واتە زیاتر لە رۆحی مرۆڤ نزیک دەبوونەوە، هەر خودی سروشتی ئاینە رۆئاواییەکان سروشتێکی رۆحییان هەبوو، مەسەلەی رۆح باڵاتر بوو لەو تەوژم و بیر و فەلسەفانەی کە لە ناوچەکانی تری دنیادا سەریان هەڵدەدا. بودیزم بەهەمان شێوە لە ناخی خۆیدا جێگەیەکی بۆ هەست و سۆز و پێوەندییە رۆحییەکانی مرۆڤ تەرخان کردبوو، ئەم ئاینانە زیاتر لەسەر بنەماکانی لێکدانەوەی تواناکانی رۆح و کۆنترۆڵکردنی رۆح دامەزرابوون، هەروەها لەم ئاینانەدا پێوەندییەکی ئەوەندە پتەو لە نێوان رەوشت و مەسەلەکانی شەریعەتی ئاینیدا نەبووە، واتە ئەم ئاینانە بەپێچەوانەی ئاینە ئاسمانییەکانەوە زیاتر بەبێ پێوەندی لەگەڵ رەوشتدا کارەکانی خۆیان ئەنجام داوە، واتە سنوورێک هەبووە لە نێوان رەوشت و شەریعەتی ئاینی، هەر بۆ نموونە ئەم ئاینانە زۆرتر لە فەلسەفە دێرینەکانەوە نزیک بوون، فەلسەفەی رەوشت لەگەڵ ئایندا تا رادەیەک یەکیان نەدەگرتەوە، ئاین هەردەم ویستوویەتی سنوورێک بێت لە نێوان شەریعە و رەوشت. کەواتە ئاینی دێرین لە پاڵ یاسا و رێساکانی خۆی نەشیویستووە مەعریفە دەرەکییەکان سەری لێ بشێوێن.

لێرەدا بەسەرهاتێکی ئاینی بەنموونە دەهێنینەوە بەناوی رامایانا Ramayana ئەم بەسەرهاتە لە بەراوردکردنی لەگەڵ مەهاباهارتا نزیکەی چوار کەڕەت بچووکترە، نزیکەی بیست و چوار هەزار تیکە پێک دێنێ، ئەم چیرۆکە بەسەرهاتەکەی نزیکەی پێنج سەد ساڵ پێش زاینی رووی داوە، ئەم کتێبە باس لە راما ناوێک دەکات، دەکرێ هەر ئەم ڕامایە بێت کەسێتیی فیشنووی وەرگرتبێت. ئەم کتێبە بێ ئەندازە لای هیندۆسەکان پیرۆز و خۆشەویستە. (شاعیرەکە لە رامایانا بەنێوی فلاماکی پێشکێش کراوە، فلاماکی هاوڕێی داساراسا... رامایانادا مێژووی رامای کوڕی داساراسای پاشای کۆسالایە)[١٠]. بەسەرهاتەکە بەم شێوەیە لە بەشی یەکەمی ئەم داستانەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە چۆن راما لە پێناوی باوکی چواردە ساڵ خۆی لە پاشایەتی دوور دەخاتەوە. براکەی بهاراتا دەسەڵات دەگرێتە دەست و ئەمیش دەچێتە تاراوگە. لە بەشی دووەمی ئەم داستانە بەسەرهاتی ژیانی راما دەگێڕێتەوە لەگەڵ ژنەکەی سیتا و براکەی لاکسمانە، کە چۆن سیتا لەلایەن دێوە دڕندەکەوە رەفان دەرفێنرێ و چۆن راما بەیارمەتیی مەیموونەکان ژنەکەی لە دەستی دێوە دڕندەکە دەسەنێتەوە.(هەروەها ئەوەش گوتراوە کە چۆن لەلایەن راماوە رەت کراوەتەوە، ئەوێک کە ئەوی کردووە بەقوربانی و لە پاشان بەو هۆیەشەوە ئەو و خۆشی تووشی دڵتەنگی

کـردووه، بەڵام ئەم ئەو کـارەی پێ باشـتر بووه بیکا...)[١١]. ئەوەی مـەبەسـتمـانە لەم چیرۆکـەدا بیـخـەینـە روو ئەو ساتە گـرینگانـەیە کە تێیدا سـۆز و هەسـتەکـان دەورووژێن و دەگـەنـە ترۆپکی تراجیدیا و گریان. لە چەند شـوێنێکی گرینگی ئەم چیرۆکەدا چاومـان بەو دیمەنانە دەکەوێت کە مرۆڤ لە بەردەم گریانەکانیدا خۆی پێ ناگیرێ و خۆی بەدەست ئەو هەموو سـۆز و ناسۆرییە دەدا و بێ ورە لە ئاسـتی دیمەنەکاندا دۆش دادەمێنـێ. پاش ئەوەی لە ڕێی پیرۆزەکـانەوە دەسـاراسـای شـای کۆسـالا ئەو برنجە پیـرۆزە دەرخـواردی هەرسێ ژنەکـەی دەدا، ئەویش بـرنجـەکـان بەسـەر هەرسـێکیـاندا دابەش دەکـات، لە ئەنجـامـدا هەندێکی لێ دەمـێنێـتـەوە و ئەوەش دەدا بـە ژنە قەشەنگەکەی سۆمیترا، لەو سێ ژنە سێ کوڕی دەبێ، راما لە هەموویان دەست کارامەتر و ئازاتر دەبێ، لە هەمـوو شتەکان پێشڕەوە. پاش ئەوەی لە پاڵەوانبازییەکی مەزندا سیتای شـۆخ و شەنگ لەناو هەزاران لاوی ئازادا بەنسیبی ئەو دەبێت، لەگەڵ براکانی مەزنترین شـایی دەگێڕن، کـاتێک باوکی بەهـۆی پیری و پەککەوتەیی لە مـافی پاشـایەتیی خـۆی بۆ رام دادەبەزێ، ئەو کـاتە شـتـێک دەقەومێ کاتێک شا بە دووی Kaikeyiی خێزانیدا دەگەڕێ، دەیبینێ راکشاوە و گریانێکی بەکوڵ دەگری، کە پاشـا لێی دەپرسێ بۆ ئەوەندە خـەمباری، کێ ئازاری داوی و چیت دەوێ، ئەو کـاتە تێ دەگا داواکە چییە، هەرچەند شـا پێی دەڵێ من هەمـوو شتێک دەکەم بۆ ئەوەی خـەم و گریانەکانت بڕەوێنمـەوە ئەویش داوای لێ دەکا، کـوڕەکـەی ئەم Bharata لە جێی رام ببێ بەجێگرەوەی شـا و رامیش ١٤ سـاڵ بۆ وڵاتێکی تر دوور بخرێتـەوە، ئەم داوایە چاوی شا تاریک دەکات، تووڕە دەبێت، چاوەکـانی پڕ دەبن لە فـرمـێـسک، بەڵام کـاتێک لە ڕەبەنەکـانەوە ئەم داوایە دەردەچێت نـاچار تەسلیمی داواکە دەبێت. لاکسمانای دایکی رام ئەم هەواڵە دەبیستێ، ئەوەندە دەگری تا سنووری بوورانەوە. رام دەچێتە لای سیتـای هاوسـەری و بەخـەمەوە پێی دەڵێ، دەبێ بەجێت بێڵم، ئەویش رووی تێ دەکاو پێی دەڵێ: با هاوڕێی ئەم سەفەرەت بم، من بێ تۆ کەس خۆشحاڵم ناکات نە تاج و نە دەسـەڵات و نە ئاسمـان. هەرچەند رام هەوڵی دا رازیی بکات کە لەو سەفـەرە ترسناکە لەگەڵیدا نەیەت، بەڵام سـیـتـای هاوسـەری هەروەک دڵۆپـەی باران لەنێـو کاسـەی گوڵـی لۆتس، فـرمـێـسکە بەکوڵەکانی خـەم بەسەر گۆنایدا شۆڕ دەبنەوە. دواجار رام بڕیاری دا لەگەڵ خۆیدا بیکاتە هاوڕێی سـەفەری. هەروەها لاکسمـانای براشی بەچاوی پڕ فرمێسکی قەتیسمـاو داوای لێ کرد لەگەڵیدا بڕوا، پاش هەوڵێکی زۆر ڕازی بوو بەڵام دایکی رام بەردەوام دەگریا، (لـە نێوان فـرمێـسکەکـاندا هەردوو فرمێسکی دڵتەنگی و خۆشیش تێکەڵ بوون، کاتێک کە بیستی لەم سـەفەرەدا (سیتا)ش هاوڕێی رام دەبێت. بۆ دواجـار دایکە رامی کـوڕی لە باوەش گـرت وەکـو باران فـرمـێـسک بەچاوەکانیدا خوڕەیان کرد. ئەو کاتەی شارەکەشیان بەجێ هێشت هەموو دانیشتوانی ناوچەکە، شـا و دایکی و براکـانی و هەمـوو دانیـشـتـوانی مـەملەکـەتەکـەی باوکی بەدوویاندا گـریان، پاش کۆچکردنیشیان تووشی چەندان رووداوی سەیروسـەمەرە دەبن لەوانـە گرفتی رام لەگەڵ خوشکی یەکێک لە ناودارە خراپەکان، پاش ئەوەی هەوڵ دەدا ئەم نەگبەتییە لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام

سوودی نابێت لەگەڵ (راڤانا)ی برای سورپاناخا ڕووبەڕووی گەورەترین شەڕ دەبنەوە، پاش هەموو هەوڵێک بەسەر (رام)دا سەرناکەوێ بۆیە پەنا دەباتە بەر فێڵێکی تر ئەویش رفاندنی (سیتا)یە، راڤانا لەگەڵ ماریکا رێک دەکەوێ کە چاودێریی راما و براکەی بکات چ کاتێک لە ماڵ چوونە دەرێ بۆ ئەوەی سیتا بڕفێنێ، گەر ئەوان سیتایان هەبێت دەست بەسەر هەموو گەردووندا دەگرن. ماریکا خۆی لە شێوەی ئاسکێکی زۆر جواندا دەردەخات، کاتێ سیتا چاوی بەو ئاسکە جوانە دەکەوێت داوا لە راما دەکات چ بەزیندوویی بێت یان مردوو ئەو ئاسکەی بۆ بێنێ، بەڵام براکەی هۆشداریی رام دەکات کە ئەو کارە نەکات چونکە ئەو ئاسکە ئاسکێکی ئاسایی نییە، بەڵام رام بەدووی ئاسکەکە بۆ ڕاوکردنی دەڕوا داوا لە براکەی دەکات چاوی بە سیتاوە بێ، بەڵام ئاسکەکە لەگەڵ خۆیدا راما دەبا و دەڕوا بۆ جێگەیەکی دوور تا رام بەتەواوی شەکەت دێنێ، تیرێکی بۆ دەهاوێ و لەوێدا ئاسکەکە دەکوژێ و لە پێستەکەیەوە جنۆکەی ماریکا دێنە دەرێ و ناوی لاکسمان و سیتا دەهێنن، لەولاشەوە سیتا دڵی لەسەر ئاگرە و چاوەکانی بۆ راما پڕن لە فرمێسک و داوا لە لاکسمان دەکا بەدووی راما بڕوات و بیدۆزێتەوە، کاتێک لاکسمان دەڕوا، راڤانا فرسەت دەهێنێ و سیتا دەڕفێنێ و بۆ دوورگەی لانکای دەبا. راما هەوڵێکی زۆری دا بیدۆزێتەوە، هەمووان بەونبوون و ڕفاندنی سیتا خەمبار بوون، تەنانەت هەرچی لە سروشت بوو لە یادی سیتا دڵگران بوو. یاتایا باڵندەیەک بوو هەوڵێکی زۆری دا بە شەڕ سیتا لە دەستی راڤانا بسەنێتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا خەڵتانی خوێن دەبێ و، لە سەرەمەرگدا فریای ئەوە دەکەوێ رووداوی رفاندنی سیتا بۆ هەردوو براکەی بگێڕێتەوە، ئەوانیش هەردووکیان چاوەکانیان بۆ لەدەستدانی ئەو هاوڕێ ئازیزەیان پڕ لە فرمێسک دەبێ. راما هەموو کات یارمەتیدەری خەڵکی بوو بۆیە خەڵکیش یارمەتییان دەدا و فریای دەکەوتن. لەشکری مەیموونەکان، بۆ دۆزینەوەی سیتا یارمەتییان دا، (هانومات) گەورەی مەیموونان جێگەکەی سیتای دەدۆزێتەوە، ئەم مەیموونە ئەوەی دانابوو گەر نەیدۆزێتەوە ئەوا لە خەما دەمرێ. بەڵام بۆ رزگارکردنی تەنیا راما دەبێ ئەم کارە ئەنجام بدات. پاشان چیرۆکەکە باسی لەشکرکێشی لە نێوان راما و راڤانا دەکات، سەرەنجام بە یارمەتیی مەیموون و لەشکری مەیموونان راما سەر دەکەوێ و راڤانا دەکوژرێ و سیتاش بۆ باوەشی راما دەگەڕێتەوە.

مەبەست لە خستنەڕووی ئەم چیرۆکە ئاینییە کە زۆر لە ئاینەکان هەمان ئەم شێوە بەسەرهاتەیان تێدایە، برێتییە لە قەوارەی ئەو هەموو خەم و گریان و تراجیدیانەی کە دەیخەنە روو، ئەم بەسەرهاتە بەجارێ پڕە لە رووداوی دڵتەزێن و باسکردنی گریان و فرمێسک. زیاد لە هەموو چیرۆکە مێژوویی و ئاینییەکان باس لە رووداوە دڵتەزێنەکانی ئەو سەردەمە دەکات، نەک ئەمەش زیاد لە چەندان دێر و خوێندنە ئاینییەکانی رامایانا ئاماژە بەگریان دەکەن، باسن لەبارەی دڵتەنگی و تەنیایی و فرمێسک و کۆسکەوتوویییەوە، زۆربەی کەسایەتییەکان بەدەستی، نەهامەتی و سۆزدارییەوە دەناڵێنن، زیاتر قسەکردنە لەبارەی ئازارەکانی رۆحەوە.

ئاینەکانی هیند و ناوچەکانی ئاسیا زیاد لە پێویست وەڵامدانەوەیەکی رۆحین بۆ هەموو ئەو

ئازارانەی کە لەو سەردەمەدا چینە ژێردەست و داماوەکانی گرتبووەوە، باس لە عەشق و نەهامەتیی عاشق و گریانەکانی عاشقە، باس لە دڵشکاندن و دوورکەوتنەوە و بێ بەزەییی ئەو هێزە شەڕانگێزانەن کە بێ سڵکردنەوە ئامادەن فرمێسک لە چاوی هەموو دایک و عاشق و بێکەسێک بڕژێنن، ئەمەش بۆ خۆی ئەو پرسیارە دەورووژێنێ، ئاخۆ ئاینەکانیش بۆ ئەوە هاتوون تا ئەو فرمێسکانە کەم کەنەوە، یان بۆ ئەوە هاتوون تا زیاتر چاوەکان پڕ لە فرمێسک کەن تاوەکو مرۆڤ رۆحی لە دیاردە شەڕانگێزییەکان پاک بێتەوە، یاخۆ فرمێسک شێوازێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە پەرستگاو بڕوا ئاینییەکان نزیک بێتەوە.

یەکێکی تر لەو ئاینانەی کە تێیدا مەسەلەی سۆز بە بەرفراوانی خراوەتە روو، بودیزمە، لەو چیرۆکانەی تا ئێستا لەم بارەیەوە خراونەتە ڕوو دەبینرێ بودیزم سەرەڕای بڕوابوونی بە هێزی عەقڵ و بیرکردنەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێبەری نەبووە لە مەسەلە رۆحی و هەستییەکان، ئەم ئاینە وەکو ئاینەکانی تری رۆهەڵات چرۆی ئەو گوڵانەی لە باخچەکانی هۆشی مرۆڤدا کردووەتەوە، بۆنی ئەو گەڵایانەی بەبەر هەستی بۆنکردنیاندا بڵاو کردووەتەوە، ئەم ئاینە هەوڵ بووە بۆ دووبارە لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت هەوڵ بووە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانی ژیان.

دەبێ ئەم ئاینە پڕ بوو بێت لە باسکردنی رۆحی مرۆڤ و تەعبیر لە ژانە قووڵەکانی و پێوەندییەکانی نێوان سروشت و ژان، مرۆڤ و هەست، بۆیە دەتوانین بڵێین رۆحی ئاینی ئەو سەردەمە رۆحێکی سۆزئامێز بووە، مرۆڤ لە پێوەندیی لەگەڵ سۆزەکانیدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و سۆزیش بۆ خۆی هۆیەک بووە بۆ نزیکبوونەوەی قووڵ لە چەمکە ئاینییەکان، بودیزم وەکو بەشێک لە رۆح توانیوێتی ئەو پرسیارە بکات ئاخۆ مرۆڤ تا چ رادەیەک دەتوانێ بێ هەست مامەڵە لەگەڵ دیاردەکان بکات.

بودیزمیش یاخۆ ئاینی بودی لە سەدەی شەشەمی پێش زاینی پەیدابوو، پیاوێک بەناوی سیدهارتا پەیدا بوو بەڵام لە دواییدا پێی وترا بودا، هەرچەندە هەندێک دەڵێن بودیزم ناکرێ وەک ئاین بژمێردرێ، لەبەرئەوەی زیاتر لە رێچکەیەکی فەلسەفی دەچێت، لەبەرئەوەی لە بودیزمدا خوایەکی ناسراو نییە، ئەوەی بودیزم دەیناسێ برێتییە لە نیرفانا nirvana، بودیزم رۆح ناناسێ، واتە رۆحی تاکەکەس ناناسێ. بۆ نموونە خوا و مرۆڤ هەیە، لە مردندا مرۆڤ هیچی نامێنێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە کارە چاک و خراپەکانێتی، بودیزم پێچەوانەی لاهوتییە، با بڕوانین بزانین لەم پارچەیەدا چۆن بیری خۆی بۆ قوتابییەکانی روون دەکاتەوە: (چاک ئاگەداری ئەو شتانە بن کە پێم لەسەر داگرتوون، ئەو شتانە جیا کەنەوە لەوانەی پێم لەسەر دانەگرتوون، من پێم نەگوتوون جیهان نەمرە، هەروەها نەشمگوتووە جیهان رووداوێکە، هەروەها نەشمگوتووە جیهان دەڕەوێتەوە، ئەوەشم نەگوتووە کە جیهان هەمیشەییە. من نەمگوتووە رۆح و جەستە یەکن. هەروەها نەمگوتووە رێ رۆشنکەر پاش مردن دوای بوونی خۆی دەکەوێ، هەروەها پاش مردن بەدووی بوونی خۆیدا ناگەڕێ)[١٢]. بەهەرحاڵ ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کە بڵێین بودیزمیش وەکو

ئاینەکانی رۆهەڵات، خاوەنی لایەنێکە لە باسکردنی بوونی مرۆڤ وەک پارچەیەک لە ئازار و تێکۆشان، هەروەها باسی هۆکارەکانی ئەو ئازارانە دەکا و رێگەی چارەشیان بۆ دەدۆزێتەوە. (یەکێک لەو راستییانەی بووە هۆی پێکهێنانی بڕوا و شێوازی بودیزم، بەدەوری وشەی Duhkha دەسوورێتەوە کە وشەیەکی سانسکریتییە، زۆرجار بە ژان یان ئازار وەردەگێردرێ. ئەم بەدبەختییە کە لە جیهاندا ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات خودی بوداش ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد و هەروەها وانەکانی بۆ چاککردنەوەی ئەم ئازارانە تەرخان کرد.

لەدایکبوون ئازارە، نەخۆشیش ئازارە، جیابوونەوە لەو کەسەی خۆشمان ئەوێ ئازارە، پیربوون ئازارە، مەرگ ئازارە، هەموو بوونی مرۆڤ لەسەر ئازار و ژان راوەستاوە. لە پاڵ ئەم ئازارە، ژیانی مرۆڤ لەم جیهانەدا لەسەر دوو شت وەستاوە ئەو دوو شتەش (ناجێگیری Anitya و نانەفس Anat-man.)(١٣). کەواتە لەم جیهانەدا کەم مرۆڤ هەیە بەبێ گریان ئازارەکانی بچێتە سەر، کەم دەبینین بەسەرهاتێک لە مێژووی مرۆڤدا لە گریانێکی جەرگبڕ خالی بێت کاتێک لە شتە خۆشەکانی ژیان دوور دەبێت، دەگری کاتێک کەسێکی خۆشەویستی ون دەبێت، یان کەسێکی نزیکی نەخۆشە و لە سەرەمەرگە خەمی بۆ دەخوا و بۆی دەگری. کەواتە فەلسەفەی ئاینی بودیزم لەسەر ئەو راستییە جێگیرە کە مرۆڤ لەگەڵ ژاندا لەسەر ئەم زەوینە ئامادەیە، واتە ئەو ژانە وردە وردە بەرەو ناسینی راستییەکانی دەبات، لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە تێیدا باس لە حیکمەتی بودا کراوە، رۆشنبیری بودیزم ئامادەیە هەروەها تێیدا باس لەو هەستانە کراوە کە مرۆڤ و گیانلەبەران بۆ دەرخستنی حیکمەتەکانیان دەینوێنن. یەکێک لەو گێڕانەوانەی کە بودا باسی دەکات، بریتییە لە گێڕانەوەی عەقڵ و حیکمەتی مرۆڤ، لەم چیرۆکەدا باس لە خەمی مرۆڤ دەکرێت، ئەو خەمەی لە هەندێ کاتدا دەبێتە هۆی مەرگی مرۆڤ، لە چیرۆکێ (ئەو فیلەی شەش دانی عاجی هەیە) وا هاتووە کە شای فیلان دوو ژنی دەبێت ژنێکیان پاش ئەوەی دڵی لە شای فیلان دەشکێ سوێند دەخوات کۆتایی بە ژیان بێنێ و بمرێ و دووبارە زیندوو بێتەوە و تۆڵە لە شای مێردی بکاتەوە، بۆیە بەو شێوەیە دەمرێ و شوو بە شا دەکا، پاشان خۆی نەخۆش دەخا و بۆ چاکبوونەوەی داوای لێ دەکات دانی ئەو فیلەی بۆ بهێنێت و فیلەکەش بکوژێ، ڕاوچییەک ئەم کارە ئەنجام دەدات بەڵام ڕاوچییەکە ناتوانێ ئەم کارە بکا بۆیە بە یارمەتیی خودی فیلەکە دانەکان بۆ پاشا و ژنە دەهێنێتەوە، کە لێی دەپرسن لەبارەی فیلەکەوە، دەڵێ بەڵێ فیلەکەم کوشتووە، ئەو کاتە شا دەبینێ شەش دانی عاجی لە بەردەستدایە ئەویش دەیداتە دەستی ژنە لە پڕ بیرەوەریی کۆنی بەیادا دێتەوە و مێردەکەی بیر دەکەوێتەوە، ئەو کەسەی کە خاوەنی ئەم شەش دانە بوو خۆشەویستی ئەو بوو، بۆیە خەمێکی مەزن دایدەگرێ و هەر ئەو رۆژە دڵی لە خەما دەتەقێ، هەر ئەو رۆژەش دەمرێ. پاش سەد ساڵ هەمان ژن لەدایک بووەوە بەڵام وەکو بودیزمێکی رەبەن. رۆژێکیان لەگەڵ چەند رەبەنێکی تر گوێی لە خوتبەیەکی بودا دەگرت. تەماشای روخساری بودای کرد ئاشتییەکی تێدا دەرکەوت ئەو هەستەی لا دروست بوو کە ئەو ناسیویەتییەوە. لە دواییدا ئەوەی بە مێشکدا هات کە

سـەردەمـێکی زوو دوور، لە لـەشی فیلـێکدا پیـاوەکـەی بووە، بۆیە خـۆشـییـەک سـەرتاپای گـرتەوە، هـەروەها ئەوەشی بۆ دەرکـەوت کە ئەویش هـۆی مردنەکـەی بوو، بۆیە فرمـێسک بەسەر گۆناکانیدا هاتنە خوارێ.

لە بەسـەرهـاتی (خـوای داران) باس لە بڕینەوەی مـەزنترین دار دەکـات، ئەویش خـەمـێکی گـەورە دایدەگرێ نەک بۆ خـۆی بەڵکو بۆ ئەو هـەژارانەی لە پاڵ ئەو درەختـەدا دەحەوانەوە. بودا بەو پێیەی بڕوای بە پێنج هـۆکـارەکانی بوونی کاتی مـرۆڤ بوو، واتە (ئەو پێنج ڕەگەزەی ئەگەر پێکەوە بن ئەو کاتە تاک وەکو بوونەوەرێکی سـەربەخـۆ بەردەوامـیی بەخـۆی دەدا، مێژوو و ڕێڕەوێکی دەبێت جیاواز لە کـەسـانی تر. بەڵام ئەم ڕەگـەزانە جێگـیر نین بەڵکو لە گـۆڕانکاریی بەردەوامـدان..)[١٤] ئەو پێنج ڕەگـەزەش بـرێتین لە جـەسـتـە و ئـیـدراک و هـەسـت و پاڵـپـێـوەنەرەکـان و دادگـەییی زەینی.دیارە مەسـەلەی هـەستیش وەک بەشێکە لەم ڕەگەزانە، مەسـەلەی سـۆز و عاتیفـە و هـەڵچوونیش لە بەشی هـەستەکانن، مـانای وایە بەشێک پێک دێن لەو پێنج ڕەگـەزەی کە هـەمیشـەیی نین و کاتین، گریان و خـەمیش شتێکە مرۆڤ دەخاتە خانەی دواوە، نابێت تەسلیمی بێت.

لێـرەوە ئەم ڕێچکەیە دەشـکێنین و ئەمـجـارەیان ئـاوڕێک لەو ئاینانە دەدەینەوە کە زیاتـر پابەندن بەمـەسـەلەی کـتـێبی خـوایـی و مـەسـەلەی پەیامبـەری و هـێـزەکانی دەرەوەی مـرۆڤ واتە ئەو شـتـانەی زێدەتر مـرۆڤ بە رابردووەوە دەبەسـتنـەوە، واتـە وا لـە مـرۆڤ دەکەن زیاتر لە هەقـیـقەتە ڕۆحـیـیەکـان نزیک بێتەوە.

لە گـەڕانماندا لەنێـو دوو توێی لاپـەڕەکـانی پـەیمانی کـۆن و نـوێ ڕەنگە هـەندێک نموونەمـان لە بابـەتی سـاتەکـانی سـۆزداری بەرچـاو کـەوێت، سـەرەڕای ئـەوەش بەشـێکی زۆری ئەو سـاتە سۆزدارییانەی کە لەو شوێنانەدا هاتوون دەربڕی ژانی تاکەکەسن، بەڵام لە پەیمانی کۆندا چاومان بە ترس و خـەم و گـریانی گـەلێک دەکـەوێت، لە بابەتی هـەڵهـاتن لە دەسـتی زوڵم و زۆرداری، پاشـان تێکشکاندنە ڕۆحییەکان و خیانەت و بێ پەیمانی و...

لە یەکێک لە بەشـەکـانی کـتێبی پیرۆزدا لە هـەمـوو شـتـێکدا گریانێک دەبینین لە (شـیـوەنەکـانی ئیرمیا) دەبینین چۆن (ئەو شارە پڕ میللەتە بە تەنیا دانیشتووە. وەکو بێوەژنێکی مەزنی لێ هاتووە و لەنێـو مـیللەتان. خـاتوونێک لە وڵاتەکـەی خـۆیدا دەبێ باج بدا. لە شـەوا گـریانێک دەگـری و فرمێسکیش بەسـەر رووممـەتەکانیەوە. لە هـەمـوو ئەو خـۆشـەویسـتـانەی کە هـەیبـوو کـەس دڵنەواییی ناکـا. هـەمـوو هـاوڕێکانی غـەدریان لێ کرد و بوون بەدوژمـنی. نازانێ پشـوو چییـە..)[١٥]. بەمـجـۆرە بەردەوامـە لە گێڕانەوەی شـیـوەن بەسـەر ئەو شـارەی پاکـیزەییی پێشـێل کـراوە، هـەروەهـا بەردەوام دەبێ و دەڵێ (ئـەی گـشـت ڕێبـواران لەگـەڵ ئـێـوەمـە بڕوانن تەمـاشـا کـەن بزانـن خـەمـێک هـەیە بەئـەندازەی خـەمـی من، خـوا کـە ئەو ڕۆژەی تووڕە بـوو بەو خـەمـە زەلیـلی کـردم... بەچ شـتـێک ئاگەدارت کەمەوە بەچ شتێک وریات بکەمەوە. بەچیت بشوبهێنم ئەی کوڕی ئورشەلیم.)[١٦]

ئەو گریـان و شـیـوەنانەی لەنێـو تەوراتدا هـەن، گـەلێک زۆرن هـەمـوو باس لە پیسـبـوونی شـاری

پیرۆز دەکەن، ئەو باسانە دەگێڕنەوە کە دەمێکە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ڕاستییەکان لەگەڵ ناڕاستییەکان بەرەو نابوودبوون دەڕۆن، ئەمەش وەلامێکە بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە پەیدابوونی گەلی یەهودەوە سەری هەڵداوە، پەیدابوونی شێوەنەکانی نێو تەورات پێوەستە بەپەیدابوونی یەکەمین گەل کە رووی لە خوا کردبێ و پشتی لە زۆرداران، دەرکەوتنی مووسا لەنێو تەوراتدا باسکردنی فرمێسک هاتووە بە زۆری ئەوەتا لە (پسالمینی ٦ دەڵێت "لە فرمێسکم بێدەنگ مەبە، لەبەرئەوەی من غەریبم لای تۆ، من هاوڕێیانتم، باوکمان هەموو وەک یەکە" هەروەها لە "لەبەرئەوەی من وەک ئێوە نان دەخۆم، ئاوم لەگەڵ فرمێسکدا تێکەڵ دەکەم")[١٧]. هەروەها لە شوێنێکی تریشدا هاتووە، "چەندان جار بە حەزقیا دەڵێم، بەپارێزەری نەتەوەکەم دەڵێم، بەمجۆرە خوا، خوای داود بەباوکتی گوت، من گوێم لە نوێژی تۆ بوو فرمێسکەکانتم بینی"[١٨].

گەر تەماشا بکەین دەبینین تەورات پڕە لە وشەکانی گریان و هەڵڕشتنی فرمێسک و گریانەکانی مرۆڤ، گشت ئەو خەمانەی کە مرۆڤ لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، ئەمە هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە بڕێکی زۆر ئەکسۆدۆس و پسالمن وشا و پریدیکیر هەن کە ئەمانە بەشەکانی نێو تەورات پێک دێنن، ناوی فرمێسک و گریان هاتووە، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشییەی کە نموونەی زۆر هەن لە گریان و هەنسک، بەلام ئەمەش خۆی لە خۆیدا نموونەیەکە کە هەوڵی دەرخستنی نموونەی تراجیدین لە مێژوودا.

بۆ نموونە گەر لە تەورات بڕوانین بەجوانی ئەو بەشانە دەبینین کە باس لە گریان و فرمێسک دەکەن، بۆ نموونە لە ٢٤ ڕستە و ٢٢ بەشدا وشەی گریان هاتووە.

خۆ ژانەکانی مەسیحیش بەشێکە لە مێژووی غەدر و ئازار و ژان بەشێکە لە وردبوونەوە لەو هەموو چەرمەسەرییەی مرۆڤ بە دڵ و گیان هەڵی دەگرێ، وردبوونەوەی مرۆڤە لە ژان وردبوونەوەیە لە مەسەلە هەرە گرینگەکانی پەیدابوونی خەم و ئازار، لەنێو ئینجیلدا گەلێ نموونەی بەیادهێنانەوەی وشەی گریانمان بەرچاو دەکەوێت کە تێهەڵکێشە لەگەڵ مەسەلەی بڕوا و نەمری : لە باوەڕی سەرپەلێک کە بە شێکە لە ئینجیلی مەتتا دەڵێ : (پێتان دەڵێم : خەڵکێکی زۆر لە رۆهەلات و رۆئاواوە دێن و لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب لەناو پادشاهێتی دادەنیشن. بەلام رۆڵەکانی پادشایەتی خۆیان، فڕێ دەدرێنە تاریکیی دەرەوە جا لەوێیە گریان و چرکەچرکی ددان)[١٩]. ئەوەی لە ئینجیلدا هاتووە سەرتاپای گێڕانەوەیە حیکمەتی خوایە گێڕانەوەی تواناکانی خوایە لە نواندنی موعجیزە و گۆڕانکارییەکان، هەوڵە بۆ تێکدانی ئەو بیروباوەڕانەی سەدان ساڵ بوو مرۆڤ لەسەری راهاتبوو، لە ئاینی مەسیحیدا ئەوەی کە زۆرتر ئاماژە بەمەسەلەی گریان و خەم و وێرانی دەکات کوشتن و لە خاچدانی خودی مەسیح خۆیەتی، هەر بۆیە لە وێنەی ئارتۆدۆکسی مەسیحیدا وێنەی مریەمی گریاو دەبینین، یان لە ئیکۆنەکاندا ئیکۆنی گریاوی زۆر دەبینین، مەسیحییەت وەک ئاین دەیویست لە کڵێساکاندا وێنەکێشی راستەقینەی ژیانی پڕ چەرمەسەریی مەسیح بێت، بەلام لەگەڵ ئەو وێنانەدا بەشێک لە ژانی مرۆڤیشی دەگێڕایەوە، واتە

مرۆڤ لە ڕێگەی ئازارەکانی مەسیحەوە ئازارەکانی خۆی دەبینێتەوە.

ئەو ساتانەی کە مەسیح لەلایەن پیاوانی پەرستگەکانی یەهودا و پیاوەکانی پیلاتۆسی سەرکردەی ڕۆمەکان ئەشکەنجە و ئازار دەدرێ، ئەو دیمەنانەی کە تێیدا مریەمی دایک جەرگی پارچە پارچە دەبێت و لە ئاستی ئازاری کوڕەکەیدا بەخوڕ فرمێسک لە چاوەکانیدا دێنە خوارێ دەربڕی ژانی مرۆڤایەتییە نەک تەنیا گریانە بەکوڵەکانی کە تا ئێستاش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەروەها ئازاردانی ویژدانی و فرمێسک ڕشتن و گریانی پەترۆس بەهۆی نکووڵیکردنی پەترۆس لە بۆ عیسا، سێ جار نکووڵیکردنی پەترۆس ئازارێکی گەورە بوو لێی نەدەبووەوە، وەک مێردەزمە دوای کەوتبوو. هەروەها بەدەستەوەدانەکەی لەلایەن یەهوزاش شێوەیەکە لە ئازاری ویژدان، یەهوزا هەرچەندە گریا بۆ ئەو تاوانەی کردبووی بەڵام پاشان بۆ زیاتر خۆئازادکردن لەو هەموو خەم و ئازارە خۆی هەڵواسی.

مێژووی مەسیح وەک تاکەکەس مێژوویەکە باس لە ئازار و زوڵمی مرۆڤ بەرانبەر مرۆڤ دەکات باس لەو ساتانەی کە تێیدا مرۆڤ بەسستی لە بەرامبەر هێزە خواییەکاندا دەوەستێ.

ژیانی مەسیح بەئەندازەی نموونە و حیکمەتەکانی تراجیدیایەکی پڕ لە ئازارە نەک ئەمەش زۆر لەو سەرچاوانەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتوون، باس لە ساتە سۆزدارییەکانی ژیانی مەسیح ناکەن، کە چۆن خەمی ئەو خەمێکی مرۆییانە بووە، سەرەڕای ئەوەش لە زۆر جێگەدا نموونەی سۆزداری لە گریان و خەمخواردنی مرۆڤ و بیرکردنەوە لە ئازاری مرۆڤ دەبینین کە پێوەی دەناڵێنێ. مەسیح هەوڵی داوە لە گریانەکانی مرۆڤ کەم بکاتەوە، هەوڵی داوە کەمترین فرمێسک لە چاوەکانی مرۆڤ بێنە خوارێ، خەمی ئەو گریان و فرمێسکە بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵگە بووە، بیرکردنەوەی ئەو بەمەبەستی وردکردنەوەی ئەو ئازارانە بووە کە مرۆڤ بەرەو دۆزەخی ژیان دەبا، سەربوردەی گێڕانەوەکانی برێتین لە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و باوک کە باوک خۆی لە خوادا دەبینێتەوە، ئاینی مەسیح بە ژیانی مەسیح خۆشیەوە هەوڵێک بووە بۆ پێرستکردنی هەموو ئەو ساتانەی مرۆڤ تێیدا ئازار دەچێژێ، مەسیح بیری لە گریانیش کردووەتەوە وەک یەکێ لە ساتەکانی توانەوەی مرۆڤ.

مەسیحی وەک ئاینێک لە پاش گەشەکردن و تەشەنەکردنی لایەنەکانی و بەربڵاوبوونی بەدنیادا، بوو بەمەنزڵگەی زۆر لەو کەسانەی دەیانویست ڕۆحیان پاک بێتەوە، زۆر لەو کەسانەی ئارەزووەکانیان دەرکردنی ئەو خەمانە بووە کە لە ناخیاندا جێگیر بووە، نەک ئەمەش، بگرە لە شەڕە یەک بەدوای یەکەکانی ئەوروپا و دنیادا زۆربەی زۆری ئەوانەی پێویستیان بەدڵنەوایی و هێوربوونەوەی ڕۆحی دەبوو، ڕوویان دەکردە کڵێساکان بۆ دڵدانەوە و تەسکینی، هەروەها زۆرجار ئەوانەی پێویستیان بە گریان و پاککردنەوەی ڕۆح بوو، ڕوویان دەکردە کڵێساکان، زۆر لە تابلۆکانی سەدەکانی شازدەم و حەڤدە و هەژدەش باس لە فرمێسکی مەسیح دەکەن، ئەوانەی پاش مەسیحیش هاتن، زۆربەی ساتەکانیان بۆ ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ تۆبەکردن تەرخان کرد،

واتە مـرۆڤ بووە سـەرچاوەیەک بۆ دۆزینەوەی گوناھەکـان، ژمـارەیەکی زۆر پیـاوی ئاینی ھـەن کە سات و کاتی خۆیان بەردەوام بۆ پاڕانەوە و گریان لە حوزووری خوادا تەرخان کردووە، ئەویش لە پێناوی پاکبوونەوەی گوناھەکانیـان، پاکبـوونەوەی گوناھ واتە فڕێدانی خراپییەکانی لەش و رۆح، بەپێی زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بواری ئاینی مـەسیحی دەڵێن گریان بریتییە لە دەرچوونی گوناھـەکان ئەو گـوناھانەی کـە مـرۆڤ لە ژیانیـدا کـردوویەتی ئەویش لـە ڕێگەی فـرمـێـسکەوە، فـرمـێـسک رزگــارکــردنی لەشــە لـە شــتــێک کــە ئازاری لـەش دەدات، وا لە لەش دەکــات بێ ئۆقــرە بێت و ئاسـوودەییی لێ ببـڕێت، بۆ ئـەمـەش دەربڕین پێویستـە، بۆیە تاکـە رێگەی دەرکـردنی ئەو ھـەمـوو گـونـاھ و ژانانە لـە رێگەی گــریان و ھـەنسکەکـانەوە دەبێت. بۆ نمـوونە Giannozzo Manetti کـە یەکێکە لە ھیومـانیستـەکـانی سـەدەکانی ناوەڕاست باس لە گریانـەکانی خۆی دەکات لـە کاتی مەرگی کوڕەکەیدا، بیر لەو ساتانەی گریان بۆ مەسیح دەکاتەوە، مەرگی مەسیح ئەو مەرگە بوو کە زۆربەی مرۆڤـەکانی سـەردەمی خۆی ھێنایە گریان، گریانێک تا سـەدە نزیکەکانی ئەم دواییـەش ھـەر بەردەوام بوو، بەردەوامییـەک تەنانەت گـەیشتە سـەر تابلۆی ھونەرمـەندان و پێنووسی زۆربـەی نووسەرە کلاسیکی و مۆدێرنەکان و زۆربەی کڵێساکان بوون بەبنکەیەک بۆ فرمێسکە تاقـانەکانی مـرۆڤ، بۆ ئەو مرۆڤـانەی لە سـاتە دڵتـەزێنەکانی ژیانیـاندا، لەو سـاتانەی رۆحـیان بەرگـەی ئەو درمـانـەی نەدەگرت کـە تێی دەکەوتن، پەنایان بۆ فـرمـێسک دەبرد بۆ شـتـنەوەی چاوەکانیـان ئەو چاوانەی بەدزییەوە دەیانڕوانییە شتێک کە نابێ لێی بڕوانرێ، کڵێسـاکان بوون بەسەرچاوەیەک بۆ داخورپـاندنی ئەو دڵانەی کـە نەیانزانیـوە رەحم چییـە، بوون بە پەناگـەیەک بۆ ئەو فـرمـێـسکانەی نەیانوێراوە لە شوێنە گشتییەکاندا برژێن.

بەمـجۆرە دەتوانین بڵـێین ئاینی مـەسیح لەگـەڵ ئەو درێژبوونەوەی کـە سـەرتاپای سنوورەکـانی داگیر کرد ئاینێکی پڕ لە فرمێسک بوو، ئاینی ژانەکانی مـرۆڤ بـوو، سـەرتاپای ئازاری مـەسیح ئازاری ھێنانە گریانی بەجێماوەکان بوو، ھێنانە گریانی ئەو قوڕگانە بوو کە پێویستیـان بەگریان بوو.

بەڵام لە سـەردەمی بەکـارھێنانی سیـاسـەت لە ناخی مـەسیـحی و ئاینی مـەسیـحی جـۆرە فرمێسکێکی تر پەیدا بوو کـە جیاواز بوو لەو فرمێسکانەی کە پێشتر دەڕژان، قەشـە و رەبەنەکانی مەسیح لە زۆر بەشی دنیادا بوون بەداردەستی سیاسی و کۆڵۆنیالیستەکان و بەشدارییان دەکرد لە چەوسانەوە و کـوشتن و بڕین و ئەمجـارەیان ئەوان بەناوی مـەسیـحییـەوە فرمـێسکی مـیللەتە ھـەژارەکانیـان دەڕشت، وەک ھێرشی ئیسپانیـاییـیەکان بۆ ئەمەریکای لاتین و باشووری ئەمەریکا، ئەو کارانەی ئینگلیز و فەرەنساییـیەکان لەنێو ھۆزە سەرەتاییـیەکانی ئەفەریقا و ئاسیا ئەنجامیان دەدا، پێشڕەوانی مـەسیحی لەو جێگەیانە فتوای ترسناکیان دەردەکرد بۆ سـەرکوتکردنی گـەلان، ئالان دو باتن لە کـتـێـبـێکی مـیـشـیل دومــونتی نموونەیەک دەھـێنێـتـەوە لـەمـەڕ درندەییی ئیسپانیاییـیەکان لە ئەمـەریکای باشـوور ئەو کارانەی کە دەرھەق بە ھیندییە سوورەکـانی ئەوێ

ئەنجامیان داوە، لەوێشدا ئەوان گوێ لە فتوای پیاوانی مەسیح دەگرن و قەسابخانەیەک دروست دەکەن، ڕووبارێک خوێن و ڕووبارێک فرمێسک، دەنووسێ "ویلگانیۆن گەورەی کاتۆلیکەکان، ئەو میللەتەی بەحەیوان لەسەر شێوەی مرۆڤ شوبهاند، قەشەی پەیڕەوانی مەزهەبی کالڤینی پێی وابوو ئەو میللەتە هیچ هەستێکی ڕەوشتییان نییە"[٢٠]. ئەمەش ڕێگەی بۆ سوپای ئیسپانی و پورتوگالی خۆش کرد تا بڕۆن و ئەو وڵاتانە داگیر بکەن، کوشت و کوشتار ئەنجام بدەن و مرۆڤەکانی تووشی مەزنترین خەم و گریان بکەن، منداڵیان بەبەرچاوی دایکیانەوە دەکوشت، ژنانی سکپڕیان سک هەڵدەدڕی، پیاویان لە ژن جودا دەکردەوە و ژنیان لە پیاو، ئەوەندە خەمەکان گەورە بوون زۆر لە ژن و پیاوان دەستیان دەدایە خۆکوشتن، "لەبەرئەوەی پیاوان و ژنان لە یەکتری جودا دەکرانەوە دڵتەنگ و نائومێد دەبوون، زۆر لە هیندییە سوورەکان دەستیان کرد بەخۆکوشتن. بەپێی سەرژمێری لە نێوان سەردەمی لەدایکبوونی فەیلەسووف میشێل دو مونتی ١٥٣٣ تا بڵاوبوونەوەی بەرگی سێیەمی وتارەکانی[٢١] لە ١٥٨٨ سەرژمێری نەتەوە بنەڕەتییەکانی دنیای نوێ لە ٨٠ ملیۆن کەسەوە دابەزی بۆ ١٠ ملیۆن". گەر بەوردی بڕوانینە ئەم لێکدانەوەیە دەبینین کە دڕندایەتی هۆکارەکانی دووربوونەوەی مەسیحییەت بوو لە هێڵە ڕاستەقینەکەی، مەسیحییەک کە پێشتر هۆکاری سڕینەوەی فرمێسک و دروستکردنی خەندە بوو لەسەر لێو، ئەمڕۆ ئەو هۆکاری دروستکردنی فرمێسک و سڕینەوەی خەندەیە.

هەر لە زۆربەی زۆری ئەو کەرنەڤاڵانەی تایبەت بوون بەمەسەلەکانی گریانی نێو ئاینەکاندا و ئەو پەیامبەرانەی لە هەمووان زیاتر ژانی فرمێسکاویی ڕشتووە، دەکرێ بگوترێ ئاینی مەسیحی لە هەمووان زیاتر ویژدانی مرۆڤی هێناوەتە لەرزین، سەرەڕای ئەمەش برێکی زۆر لەو کەسانەی کە بوون بەهەڵگری ئاینی مەسیحی، ئەو ڕاستییەیان لە بەرچاو بوو کە لە دنیادا ژمارەیەکی زۆر کەسانی گریاو هەن کە پێویستە هێور بکرێنەوە، هەر بۆیە تەوژمی ڕۆشنکەرەوەی دڵان پەیدا بوو کە گەشتیان بەنێو جەنگەڵ و کێو و بیاوانەکان دەکرد بەمەبەستی گەڕان بەدووی ئەوانەی بە ژانی ویژدانەوە دەناڵێنن، ئەوانەی لە شەڕدا ئازاریان بینیبوو، هەرچەندە هەندێ لەم هەڵمەتانە مەبەستی ئابووری و سیاسیی لە پشتەوە بوو، بەڵام لە سەرێکی ترەوە هۆکاری دروستکردنی شێوە دڵنەواییەک بوو.

هەروەها ئەو کەسانە هەوڵیان دەدا تا بۆیان بکرێ بچنە لای ئەو ژن و منداڵانەی لەبەر بێ کەسی و لە برسا و لە نەهامەتیدا هەموو خەمی ژیانیان بەکۆڵەوە بوو، یان ئەو پەککەوتانەی لە کوچە و کۆڵان و شوێنە پڕ ئازارەکاندا بەتەنیا بەرەڵا کرابوون کەس گوێی نەدەدایە داوا و ئازارەکانیان. بەئامانجی هەموو ئەمانە برێکی زۆر مرۆڤ لە ڕێی ئەوانەوە فرمێسکەکانیان وشک دەکرانەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی هەوڵێک بوو بەمەبەستی گەیشتن بەمانای ئازارەکانی مرۆڤ.

## گریان و پێکەنینی پاش مەسیح

پاشان قسەکردن لەسەر ئاینی مەسیحی تەنیا لەم خاڵەدا ناوەستێتەوە، ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە ئاینی مەسیحی ویستوویەتی بیورووژێنێ تەنیا لەوەدا نییە کە مەسیح و هاوەڵەکانی خستوویانەتە روو بگرە مەسیحی وەک ئاین ئەوە ئامانجەکەی بوو کە تەسکینی دروست بکات، بەڵام پاشان ئەم ئەرکە لەم ئاینەدا رووی لە ململانێی خوێناوی کرد و لە زۆر شوێنی دنیادا لە جیاتیی ئەوەی گریانەکان بکوژێنێتەوە زیاتر گریانی دروست کرد، شەڕە خوێناوییەکانی قوستەنتین و ئەو شەڕانەی لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستاندا کرا، هەروەها ئەو شەڕانەی بەنێوی ململانێی ئاینی و بڵاوکردنەوەی ئاینیدا ڕوویان دا، هەروەها شەڕی بەنێو بڵاوکردنەوەی ئەم ئاینە لە ڕێگەی کۆڵۆمبوس ئەو هەولانەی لە ئەفریقیا و ئەمەریکای ناوەند و لاتینیدا رووی دا، شەڕی دژ بە هیندییە سوورەکان ئەمانە هەر هەموو لەگەڵ خۆیاندا دەیان و هەزاران فرمێسکیان ڕشت، کە ئەمەش بۆ خۆی سەرەتایەک بوو بۆ دروستکردنی گریانی ڕاستەقینە لە ڕێگەی ئاینەوە.

ئەم ئاینە بۆ ئەوە هات تا فرمێسکەکان وشک بکات نەک زێدەتر فرمێسکی تر بێنێتە کایەوە، بۆ ئەوە دروست بوو تەسکینییەک بەدڵەکاندا بێنێ، بۆ ئەوە بوو تا پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ جوانتر بکات، نەک پێوەندییەکان بشێوێنێ و زێدەتر قووڵتری بکاتەوە. بۆیە ئەو سەردەمە لە مێژووی ئەم ئاینەدا مێژوویەکی فرمێسکاوی بوو، هەروەک چۆن مێژوویەک بوو لەسەر پێڕەوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرچوو ڕووی کردە پێڕەوێک کە پێڕەوی ئەو نەبوو، رووی کردە سەرزەوییەک کە زەویی ئەو نەبوو، هەروەها ئامانجی هاتنی ئەو ئاینە ئامانجێکی ئاشتیخوازانە بوو، بەڵام لە زۆر پارچەی دنیادا ئەو رازە گۆڕا بۆ شێوەیەکی نوێ لە بیرکردنەوە و توندوتیژی و داپڵۆسین.

لادان لە ئامانجی ئاینەکە بەمەبەستی ئاین نەبووە ئەوەندەی بەمەبەستی تر بووە، ئاینەکە لە ڕێڕەوی خۆی دەرنەچوو، بەڵام جێبەجێکەران و شوێن پێهەڵگرانی ئەم ئاینە، ئەو رێگەیەیان بەرەو ئاستێکی تر گۆڕی.

گەشەکردنی گریان لەم زەمەنەی ئەم ئاینە وای کرد کە مرۆڤ بۆ بەرنامەیەک و شێوازێکی تر لە ژیان بگەڕێ، مەبەستی ئەوە بوو کە پێوەندییەکانی خۆی بگۆڕێ.

لە ئیسلامیشدا هەروەک هەموو ئاینەکانی تر کۆمەڵێ دیاردە هەن لەبارەی مامەڵە رۆحییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەری، لە پاڵ ئەمەشدا هیچ ئایەتێک لە ئایەتەکانی ئیسلام بەتەواوی تەرخان نەکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی رۆحی لەبارەی مرۆڤەوە، بۆ لێکۆڵینەوەی لەبارەی ساتە رۆحییە پەتییەکانی مرۆڤ و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەست و نەستەکانیدا، بەڵام لە زۆربەی زۆری ئایەتەکانی قورئان و لە شەریعەشدا واتە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد، باس لە نەفس دەکرێت، نەفس بەمانا گشتییەکەی واتە رۆح و حەز و هەست و چێژ.

قورئان زێدەتر لە ئاینەکانی تر باسی لە سنووردارکردنی سەربەستیی نەفس دەکات، ئەم

سنووردارکردنە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤە بۆ ئەوەی تەسلیمی کردە شەهوەتئامێزەکانی خۆی نەبێت، کۆنترۆڵکردنی ئەو لایەنانەیە کە لە شەیتانی نزیک دەکاتەوە و لە خوای دوور دەخاتەوە، ئاینی ئیسلام بڕوای وایە کە سەرتاپای گوناهەکان لە کۆنترۆڵنەکردنی نەفسەوە پەیدا دەبن، ئەگەر نەفس بەلەسە بوو سەر لە بڕوا تێک دەدات و جێگەیەک بۆ نزیکبوونەوە لە خوا ناهێڵێتەوە، نزیکبوونەوەی ئادەم لە درەختە یاساغەکە یەکەمین تەسلیمبوونی مرۆڤ بوو بەحەزەکانی، هەرچەندە خوا ئاگەداری کردبووە:

(وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ {البقرة/٣٤} وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ) {البقرة/٣٥}

فەرمانمان بەفریشتان دا کڕنووش بۆ ئادەم بەرن، هەموویان کڕنووشیان بۆ ئادەم برد تەنیا ئەهریمەن نەبێ، ئەو کە خۆی بەگەورەتر زانی کڕنووشی نەبرد و سپڵە بوو[٣٤] گوتمان ئادەم تۆ و هاوسەرەکەت بڕۆن لە بەهەشت بژین و هەرچییەک لە هەر شوێنێک دەخۆن بخۆن، تەنیا توخنی ئەو دارە مەکەون، گەر ئەم کارە بکەن دەچنە ریزی زۆردارانەوە[٣٥] شەیتان لە خشتەی بردن و لە بەهەشت بەدەرکردنی دان، گوتمان بچنە سەر زەویی خۆتان دوژمنی خۆتانن، تا ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر زەوی ڕابوێرن[٣٦] ئادەم لەبەر بەرژەوەندیی چەند گوتەیەکی لە خواکەی خۆی پێ گەیشت، ئەوسا تۆبەکەی قبووڵ کرد، هەر خواش خۆی لە پەشیمانان دەبووڕێ و دلۆڤانە."

(فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ }البقرة/٣٦} فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ {البقرة/٣٧})

کەواتە مەسەلەی تەسلیمبوونی مرۆڤ بە حەز تەسلیمبوونێتی بەهەست و سۆزەکانی، نەک ئەمەش بگرە تەسلیمبوونە بە شەیتان، بەتاڵکردنەوەی ئەو هەوڵانەیە کە دەدرێ بۆ ڕێگەگرتن لێی، هەر خۆی خوا لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێمە بە ڕێگەی حەڵاڵ هەموو شتێکمان بۆ ئێوە دابین کردووە بۆچی ئێوە پەنا دەبەنە بەر حەرام، پەنابردنە بەر حەرام یەکێکە لەو هۆیانە کە مرۆڤ بەردەوام لە نێوان دوو ململانێدایە، یەکێکیان ململانێی لایەنی خێر و لایەنی شەڕ، ئەوی تریان ململانێی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆی و دەرەوەی خۆی بەڵام مرۆڤ هەر بەدووی جوانی و حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا دەگەڕێ، لە سورەتی ئەلفرقان هاتووە:

«ئارەزووکردن بۆ ژن و پەیداکردنی نەوەی زۆر و پڕ بەبار لە زێڕ و زیو و ڕەوە ئەسپی بەدروشم و خۆشییەکان و بەروبوومی زەوی، ئەوانە بۆ مرۆڤ ڕازاونەتەوە و مایەی خۆشین لە ژیاندا، بەڵام کاتێ کە دێنەوە بەردەستی خوا، ئەو کاتە دەزانن کە زۆر لەوە باشتر هەیە.»

(زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ {آل عمران/١٤})

بۆیە هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەو شتانە نییە کە لەم دنیادا هەیە بەڵکو هەوڵی ئەو بۆ ئەوەیە کە لە بەهەشتەکەی خوا کە قەولی پێ داوە ئەو بەهەشتەی پڕە لە خۆشییەکان و ڕووباری نەمری و جوانیی نەمر و تەمەنی بێ کۆتایی و حۆری و خۆشییەکانی ژیان.

کەواتە حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ گەلێک جار گەورەتر بووە لەو حەز و ئارەزووانەی کە ئاینەکان ویستوویانە بۆیە مرۆڤ هەردەم لە دەرەوەی حاڵەتە سۆزدارییەکاندا تووشی جۆرێک لە لێکدان بووە لە نێوان ئەوەی کە هەیە و ئەوەی کە دەبێت. مەسەلەی سۆز و سۆزداریش مەسەلەیەکە لە بڕوای ئاینی ئیسلامیدا هەندێک جار دەکەوێتە خانەی حەرام و هەندێ جاریش حەڵاڵ ئەو وشەیەی لە قورئاندا بە زۆری بەرچاو دەکەوێت وشەی (ڕەحم و بەزەیی و یارمەتییە)، لێرەدا مەسەلەی ڕەحم واتە هەستکردن بە ئازاری بەرامبەرەکەت و هەستکردن بە ئازار و ئەشکەنجەکانی برای مرۆڤت ئەم ڕەحمە هەندێک جار بەرەو ئەوەمان دەبات کە فرمێسک لە چاوەکانمان بێتە خوارێ و بگرین و هەنسکی بەزەیی دەربڕین و نەتوانین بەرامبەر بەهەندێ لە ئازارەکان خۆمان بگرین، خوا لە قورئاندا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە ئەو خودی خۆی (واتە خوا) کەسێکی خاوەن بەزەییە و بەزەیی یەکێکە لە سیفەتە مەزنەکانی، کەواتە خودی خوا بەشێکە لەو سۆز و هەستەی لە دەروونی مرۆڤدایە، غەفوور و ڕەحیم یەکێکە لەو وشە زۆرانەی کە زۆرجار لە قورئاندا دووبارە بووەتەوە زیاتر لە ٩٣ جار هاتووە، کەواتە کەسێکی بەزەییدارە بەرامبەر بەوانەی تۆبە دەکەن و داوای یارمەتیی لێ دەکەن هەروەها بڕوایەکی تەواوی بە بەزەیی هەیە.

مەسەلەی خەم و فرمێسکیش یەکێکە لەو مەسەلانە کە لێرەدا دەمەوێ بزانم، ئاخۆ خوا لە چ ڕوویەکەوە لە قورئانەکەیدا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. لە هەندێ جێگەدا قورئان مەسەلەی خەم بۆ دوژمنەکەی بەکار دێنێ وەک شێوەیەک لە ناڕازیبوونیان بەرامبەر بەسەرکەوتنی باوەڕخوازان، ئەوەتا لێرەدا دەڵێ :

"دوژمنان کە دەبینن باوەڕخوازان سەردەکەون ئەوان خەم دایان دەگرێ، گەر ناخۆشییەکتان بەسەر بێت ئەوان شادمان دەبن..."

(إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ {آل عمران/١٢٠} وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {آل عمران/١٢١})

هەروەها لە هەندێ جێگەی تریش بە مرۆڤ دەڵێت گەر تۆ بڕوات بە خوای خۆت هەیە، بەهیچ جۆرێک خەم مەخۆ، واتە خەمخواردن بۆ کەسێکە کە پشت و پەنای نییە:

"نە دڵگران بن و نە دڵخۆش گەر بڕواخواز بن خۆتان بەرزترن......"

(وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {آل عمران/١٣٩} )

ئاماژەکردن بەمەسەلەی خەم و خەمی توندیش لە زۆر جێگەی تردا هاتووە، هەر لە بەشێکی تری ئایەتێکی تریشدا ئاماژە بەو ئازارە گەورەیە دەکات کە مرۆڤ لە ئەنجامی ترس لە دوژمنەکەی لای دروست دەبێت، واتە دروستبوونی ترس پێوەستە بەخەمەوە، رەنگە زۆرجار مرۆڤ لە ترسا گریانی لا دروست بێت، ئەم حاڵەتە بەتایبەت بە زۆری لای منداڵ دەبینرێ، کاتێک لە جێگەیەک بەتەنیا و بەبێ دایک و باوک، هەست بەونبوون دەکات دەست بەگریان دەکات، ئەم گریانەی هەستکردنە بەنەبوونی بەرگریکەر و کەسێک باوەشی پاراستنی بۆ بکاتەوە، ئەم حاڵەتە رەنگە بۆ گەلێکیش راست بێت.

هەروەک لەم ئایەتەدا هاتووە هەر ئاماژەکردنێک بەو حاڵەتە کە تێیدا مرۆڤ بەهۆی لەدەستدانی ئەو خەمە گەورەییی لا دروست دەبێت:

"ئەو کاتەی هەڵدەهاتن و ئاوڕتان لە کەس نەدەدایەوە، لە دواشتانەوە پێغەمبەر بانگی دەکردن، جا خوا پاداشتی خەم هەر بەخەم دەداتەوە، نەک لەبەرئەوەی دڵگران بن بۆ ئەوەی لەدەستتان چووە و ئەوەی کە تووشتان بووە. خوا ئاگەداری ئەو کارانەیە کە دەیکەن(١٥٣) پاش ئەو خەمە ئارامییەکی ناردە سەرتان، کە پڕ لە ئۆقرەییی خەولێکەوتن بوو، بەسەر هەندێکتان هات و ، هەندێکتان هەر تەنیا خۆتان لە بیر بوو، ئێوەش هەروەک خوانەناسەکانی پێشوو بیرتان لە خوا دەکردەوە، دەیانگوت: لەم کارە چیمان بۆ دەکرێ؟ بڵێ هەموو کارێ بەدەستی خوایە. ئەوانە رازی دڵیان لای تۆ ئاشکرا ناکەن، دەڵێن، ئەگەر بەدەست خۆمان بووایە، لێرە نەدەکوژراین، بڵێ ئەگەر ئێوە لە ماڵی خۆشتان بوونایە ئەو کەسانەی کوشتنیان لەسەر نووسراوە........."

(إِذْ تُصْعِدُونَ وَلاَ تَلْوُونَ عَلَي أحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غُمَّاً بِغَمٍّ لِّكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ مَا أَصَابَكُمْ وَاللّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ {آل عمران/١٥٣}ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّن بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاساً يَغْشَي طَآئِفَةً مِّنكُمْ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللّه غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الأَمْرِ مِن شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّه يُخْفُونَ فِي أَنفُسِهِم مَّا لاَ يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحَّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ)

یەکێک لەو بەسەرهاتە ویژدانییانەی کە زیاد لە پێویست باس لە هەستەکانی مرۆڤ دەکات، سوورەتی یوسفە، لەم رووداوە تراجیدیائامێزەی نێو قورئان چاومان بەخەم و گریانێکی زۆر دەکەوێ کاتێک یوسف لەلایەن براکانیەوە، غەدری لێ دەکرێت و فڕێ دەدرێتە نێو بیرێک پاشان براکانی دەگەڕێنەوە لای باوکی و پێی دەڵێن : یوسف گورگ خواردی و ئەمەش کراسە

خوێناوییەکەیەتی، بۆ ئەوەی باوکیان بڕوایان پێ بکات فرمێسکی تیمساحیانە دەڕژێنن، هەر لەو ئایەتەدا گریان و وشەی گریان بەئاشکرا دەبینرێ، با تەماشای ئەم ئایەتە بکەین:

ئێوارانێ بەگریانەوە بۆ لای باوکیان گەڕانەوە(١٦) گوتیان، بابۆ، چووبووین بۆ کێبەرکێ یوسفمان لەلای کەلوپەلەکان بەجێ هێشت و گورگ خواردی، هەرچەندە ئەم دانپێنانەمان بەڕاستیش بێت تۆ بڕوامان پێ ناکەی.

(وَجَاؤُواْ أَبَاهُمْ عِشَاء يَبْكُونَ {يوسف/١٦} قَالُواْ يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لِّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ)

کەواتە باسکردنی گریان لە قورئاندا زۆرجار وەک وشەی گریان هاتووە، وەک لە ئایەتی یوسف بەرچاومان کەوت، کاتێک باوکی یوسف بۆ کوڕە ونبووەکەی دەگری، یان هەندێک جار لە شێوەی خەما دەبینین چ خەمی دوژمنەکانی خوا بێت بۆ دۆڕاندنیان بەرامبەر بە هێزی خوا، یاخۆ خەمی موسڵمانەکان بێت کاتێک لە نوشستی نزیک دەبنەوە، یان هەندێ جار خەمی مرۆڤە بۆ لەدەستدانی رۆڵەکەی کە زۆرجار قورئان لەگەڵ قەزا و قەدەر هاوبەرامبەر دەکات و مرۆڤیش دەبێ لە کۆتاییدا بە سەبر و تەحەمول بێت، بەڵام هەندێ جار مرۆڤ لەبەر بڕوا و کڕنووش بردن بۆ هێزی خوا و پاڕانەوە گریانی لە قوڕگدا دروست دەبێت، وەک لەم ئایەتە بەرچاومان دەکەوێ:

(أُوْلَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَن خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا {مريم/٥٨})

ئەمە و مەسەلەی بەبیرهێنانەوەی وشەی گریان لە قورئاندا، دەکرێ لە سێ تەوەرەوە تەماشای بکەین، یەکەم لە تەوەری، بڕوا و دووەم لە تەوەری گریان وەک شێوازێ بۆ دەربڕینی هەستەکانی ناخ، سێیەم گریان وەک بیرکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی رابردووە تاڵ و ناخۆشەکان، کەواتە بوونی بیری گریان و خەم لەنێو ئاینی ئیسلام پابەندە بەهۆکارەکانی نێوان بڕوا و بێ بڕوایی، هەموو ئەو حاڵەتانەی ناخ کە لەنێو دڵ و دەروونی مرۆڤدایە پابەندە بە دیاردەی بوونی گریانەوە، وەکو هۆکارێک بۆ پاقژبوونەوە و ئاوڕدانەوە لەو شتەی کە پێی دەوترێ خوا و دروستکەر و داهێنەری هەموو شتەکانە. وەک لە سەرەوە بینیمان لە ئاینی ئیسلامیشدا بەتایبەت لە قورئانیشدا جێگەیەک بۆ بەبیرهێنانەوەی مەسەلە رۆحییەکان هەیە بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بەمرۆڤەوە هەیە، چ ژیان بێت یا مردن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە قورئاندا ئاماژەکردن بەگریان پابەندە بە خەم و مردن و ژیانەوەی مرۆڤ، لە هەندێ کاتدا گریان پێچەوانەی حەزەکانی مرۆڤە، هەندێ جاری تریش پێویستە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئاینی ئیسلام خۆی بەو هەموو مێژووە گریانای و ییەی خۆی لە شەڕ و داگیرکردن و بەرپاکردنی شەڕە خوێناوییەکان، بووەتە هۆی هەڵڕشتنی بڕێکی زۆر خوێن کە لە ئەنجامی ئەو هەموو هەولانەدا ئیسلام وەک ئاین بڵاو بووەتەوە شەڕەکان و مێژووی ئەو شەڕە ئیسلامییانە خۆی لە خۆیدا پڕە لە دیاردەی سەیری پڕ تراجیدیا، کە بوونەتە هۆی

سەرهەڵدانی گریانی بە کوڵ و پڕبوونی چاوەکان لە فرمێسک و هەنسکی مەزن و بێوەژنخستنی هەزاران ئافرەت و بێ سۆزبوونی منداڵان، ئاینی ئیسلام بەپێچەوانەی ئاینەکانی ترەوە لە هەمووان زێدەتر خوێنی لە پێناودا ڕژاوە و خوێنی ڕشتووە، تا بتوانێ بەو هەموو بەربڵاوییەدا پەل بهاوێ و بڵاو بێتەوە.

## لاوانەوە و ئیسلام

بەڵام ئاینی ئیسلام ئەوەی پێ خۆش نەبووە کە مرۆڤ لە ڕووداوەکاندا بگرێ و لە ڕووداوەکان و بارە دڵتەزێنەکاندا لاوانەوە ئەنجام بدات، واتە لاوانەوە یەکێ بووە لەو گرفتانەی ئاین قبووڵی نەکردووە مومارەسە بکرێ، مومارەسەکردنی ئەم حاڵەتە دژ بەئارەزووی خوا بووە، پێغەمبەری ئیسلام محەمەد پێی وایە لاوانەوە کارێکە لە کارەکانی جاهیلییەت، هەروەها عومەری کوڕی خەتابیش گوتوویەتی لاوانەوە حەرامە و گوێگرتن بیدعەیە. لاوانەوەش واتە بەگریانەوە دەنگت لەسەر مردوویەک بەرز بکەیتەوە و هەروەها شتێکی لەبارەوە بگێڕیتەوە، هەروەها لاوانەوە کە ئاین قەدەغەی کردووە لەخۆدان و قژڕنین و خۆدادڕانیش دەگرێتەوە.

هەندێ لە بنووسانی قسەکانی پێغەمبەر پێیان وایە ئەوانەی لاوانەوە دەکەن، سەر بەگرووپی جاهیلین واتە ئەو کەسانە کەسانێکن لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە ئەم سیفەتەیان بەمیراتی بۆ ماوەتەوە، پێغەمبەریش لەم بارەیەوە قسەی زۆری کردووە، پێغەمبەریش محەمەد، (لاوێنەر گەر پێش مردنی تۆبە نەکات، ئەوا بەرگێکی قەتران و قەڵغانێ لە گڕ و ئاگری تێبەر دەبێ)، واتە ئەگەر ئەو کەسەی لاوانەوە دەکات، گەر بێتو پێش مەرگی تۆبە نەکات ئەوا خوا لەو دنیا جلوبەرگێکی لە قەترانی دەکاتە بەر و پاشان لەژێر ئەو جلوبەرگەوە گڕی تێ بەردەدا، بۆ ئەوەی گەرمای سووتانەکە توندوتیژ بێت تا ئەو ڕادەیەی، کڵ و کۆی بمرێ، جلەکە لە قەترانە قەترانیش وەکو بەنزین وایە و زوو گڕ دەگرێ، لەو کاتەدا گڕەکە بە هێزێکی مەزن پەنگ دەخواتەوە.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر گوتوویەتی (دوو دەنگ لە دنیا و قیامەتدا نەفرەتیان لێ کراوە، زوڕناژەنینی کاتی نانخواردن و ورتە و دەنگکردن لە ساتی موسیبەتدا). بەپێی لێکدانەوەکان ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر مەبەست لەوەیە کە دەنگی لاواندنەوە شتێکە لە کفر نزیکبوونەوەیە، ورتە و دەنگکردن واتە لاوانەوە و شیوەن دەگەیەنێت، هەندێ جار دەبینین ئافرەت لە کۆڕ و تازییەکاندا دەلاوێنێتەوە.

لە ئاینی ئیسلامدا سنوور بۆ گریان دانراوە، هەروەها گریانیش بەرامبەر بە کاری خوایی، هەر کارێک خوا بۆ سەر مرۆڤی داگرێ، واتە گریان بەرانبەر بەماڵوێرانی و مەرگ و هەر کارێک لەلایەن خواوە بەسەر مرۆڤدا بێت، کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر بڕوا و سستکردنی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خوایی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە بڕوا و مەزهەبەکان لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە، هەندێکیان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاری شیوەن و گریان

بریتییە لە کارێکی هەستیارانە و لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێک دەگۆڕێ، بەڵام گریان هەندێ جار شێوەیەکە لە بەگژداچوونەوەی کارە خواییەکان، بەو بۆچوونانەی کە لەبارەی ئاینەوە کراوە، ئاینی ئیسلام ڕێگر نییە لە گریان و دڵنەوایی و دەربڕینی دڵتەنگی، بەڵام وا پێ دەچێ ئەمە بەگژداچوونەوەی خوو و تێرمەکانی پێش ئیسلام بووبێ، ئەو خووە لای ئافرەتان تا ئەم ساتەش پەیڕەو دەکرێ. لاواندنەوە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا تا ئێستەش بەشێوەی جۆراوجۆر پێڕەو دەکرێت، هەندێ لەو لاواندنەوانە بەشێوەی توند ڕوو دەدەن، هەندێکیان بەئازارەوە هەندێکیشیان بەلەخۆدان و خۆبریندارکردن، لە ڕۆهەڵاتدا لەلای گەلانی عەرەب و فارس و ئەفغان و پاکستان و هەندێ لە میللەتە ئیسلامییەکان پێڕەوی ئەم سیفەتە دەکرێ.

ئافرەتان شیوەن و گریان و لاوانەوە پەیڕەو دەکەن، ڕامکردنی هەست و تێبینییە هەستییەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواریماندا وەک ئاین ممارەسە نەکراوە، گریان وەک کولتوور ممارەسە کراوە، گریان لە تازیە و موسیبەتەکاندا، شتێکە پێوەندیی بەتوانا و لێکدانەوەی هەستەوە هەیە، ئەوەی کە ڕێگرە کولتوور و بیروباوەڕەکانی پیاوەتی و نێرانە و ئەو بابەت و وشانەیە کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، گەر پیاو بگری ناشیرین و کردەی ئەو نییە، ژن دەبێ بگری، ئەگەر پیاوێکیش فرمێسک هەڵڕێژێ دەیخەنە پلەی ژنایەتییەوە، کەواتە ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردەواری پەیڕەو دەکرێ لە بەکارهێنانی گریاندا پێوەندی بەپیاوەتی و ناپیاوییەوە هەیە، دابەشکردنی هەستەکانە لە نێوان نێر و مێ. بۆیە تا ئەم ساتەش ئاین نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە بەردەم دەربڕینی هەست و نووسینەوەی هەستەکان، نەخێر ئاین نەیتوانیوە، هەرچەندە ویستوویەتی ئەو کارە بکات و تا ئەم ساتەش لە هەوڵی ئەوەدایە، دەبینین ئێستاش لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئاینی و لە تازییەکاندا هەڵگرانی بزووتنەوە ئیسلامی و ئسوڵی و سەلەفییەکان دەیانەوێ، بەنێوی ئاینەوە ڕێگر بن لە بەردەم دەربڕین و پێشاندانی هەست، ئەوان دەخوازن ڕێکوپێک شێوازی کوشتنی هەست لە ناخەوە پەرە پێ بدەن، بەهێنانەوەی نموونە و شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پێغەمبەر بەرامبەر هەندێ سیفەتی ناشیرینی سەردەمی ئیسلامی.

ئاینی ئیسلام سەرەڕای ئەوەی خوێنی لە پێناو ڕژاوە و خوێنی ڕشتووە و ئاینێکی پڕ لە خوێن بووە، بەڵام هەندێ لاپەڕەی شاراوە لە مێژووەکەیدا لەبارەی ئەو زوڵم و ناخۆشییانەی هەیە کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شین و گریان و هەڵڕشتنی فرمێسکی بێ تاوانان (کوشتنی هەمزە و شەڕەکانی خەواریج و شەڕە ناوەخۆییەکان و کوشتنی عەلی و شەهیدکردنی حوسەین و خیانەتەکانی مەعاویە و شەڕەکانی عومەری کوڕی خەتاب و لەداردانی حەلاج... تاد)، هەموو ئەمانە نموونەی ئاشکرا و خێران لەو ڕووداوانەی کە دەکرێ مرۆڤ لە ئاستیاندا ڕاوەستێ.

لاوانەوە لە ئیسلامدا دوو شێوە بووە لە سەرەتاکانی ئیسلامدا لاوانەوەی بێدەنگ هەبووە و دەنگدار، پاشان ئەم دەنگە وردە وردە گەیشتووەتە حاڵەتی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هەمەچەشن، هەر بۆیە شێوە شیوەنەکان چوونەتە نێو مەزهەبەکانی سۆفیزم و هەموو ئەو مەزهەبە

ئاینییانەش کە لە سەرچاوەی ئەسڵی ئیسلامەوە گەشەیان کرد، کە ئەمەش بۆ خۆی پرسیاری هەمەچەشنی دروست کرد. پاشان تێگەیشتن لە بۆ مەسەلەی لاوانەوە گەشەی کرد و گەیشتە ئەو ئاستەی کە گشت بەشەکانی تری ژیانی گرتەوە، دەبینین لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بیرکردنەوە شێوە کەم تا زۆر بەکار دێت و چووەتە نێو بەشەکانی ژیان و بیرکردنەوەی کەسەکانەوە، لاوانەوە لە زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان چووەتە نێو گۆرانی و پەرستن و مەقام.

پەراوێزەکان:


١- مرط (مجموعة مقالات)، ١٣٨٨، سازمان چاپ و انتشارات، لا١٨٤.
٢- دين الانسان، فراح سواح ، بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني- منشورات دار علاء الدين، الطبعة الرابعة عام ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢٣.
٣- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٧.
٤- زرتشت ( مزديسنا و حكومت) ، مولف: مهندس جلال الدين آشتياني، ناشر سهامي انتشار، نوبت چاپ: پنجم، ١٣٦٩، لاپەڕە ١٣٩.
٥- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٧.
٦- ئەوێستا، جەلیل دوستخواه، وەرگێڕانی: عومەر فاروقی، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢ ، لاپەڕە ١٠.
٧- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤.
٨- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٦٠.
٩- ئەوێستا، جەلیل دوستخواه، وەرگێڕانی: عومەر فاروقی، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢ ، لاپەڕە ٢٠.
10 -De mooiste verhalen en Legenden van Hindoeisme & Boeddhisme - Merit Rood been, 1988, ui-geverij verba, P 164.
١١- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٦٤.
١٢- دين الانسان، فراح سواح ، بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني- منشورات دار علاء الدين، الطبعة الرابعة عام ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢٨٣.
١٣- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٨٥.
١٤- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٨٧.
١٥- الكتاب المقدس أي العهد القديم و العهد الجديد، وقد ترجم من اللغات الأصلية، دائرة الكتاب المقدس في الشرق الأوسط، لاپەڕە ١١٦٨.
١٦- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٦٩.
17- http://www.statenvertaling.net
١٨- سەرچاوەی پێشوو.
١٩- ئینجیلی پیرۆز مزگێنی پەیمانی نوێی حەزرەتی عیسا، بەشێوەی کوردی سۆرانی، لاپەڕە ١٦.
20- The consolations of philosophy, Alain de botton, penguin books 2000, P 138
٢١- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٠.

# سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئازادی و پێوەندیی بە ئابووریی سیاسییەوە

مووسا غەنی نەژاد

بەشی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

### دەسەڵاتداریەتیی رەها و ئازادی

لە روانگەی "لاک"ەوە بیرۆکەی دەسەڵات و ماف، هاوێرانەکراون و لێک جیا ناکرێنەوە. بەبۆچوونی ناوبراو دەسەڵات بەردەوام لە مافەوە سەرچاوە دەگرێ و جگە لەوەش ناتوانێ هیچ ڕەچەڵەکێکی تری هەبێ. لەم رووەوە، بۆ ئەم فەیلەسووفە ئینگلیزییە دەسەڵاتی سیاسی، تەنیا لە چوارچێوەی یاساکاندا، وەک دەرکەوتەی مافە سروشتی و داڕێژراوەکان پێناسە دەکرێ. رەنگە بتوانین بڵێین کە گرینگترین جیاوازیی نێوان "هابز" و "لاک" هەر لەم خاڵە واتە دەسەڵاتداریەتیی دەسەڵاتی سیاسیدایە. بەپێی بۆچوونی "هابز" دا، کاتێک کە کۆمەڵگەی شارستانی وەک "جەستەی یەکگرتووی سیاسی" دێتە ئاراوە، دەبێتە خاوەن دەسەڵاتداریەتییەکی رەها. واتە چیی تر هیچ دەسەڵاتێکی سەرتر لە "دەسەڵاتی دەسەڵاتدار"(قدرت حاکم) وەک گیانی "جەستەی یەکگرتووی سیاسی" لە ئارادا نییە."لاک" بە توندی دژ بە روانگەیەکی ئەوتۆیە کە پێی وایە دەسەڵاتی سیاسی لە سەرووی ماف و بەو پێیەش لە سەرووی "رەوشتەوە" دادەنێ. وەک "ریمۆن پۆلین" جەختی لەسەر دەکاتەوە، "لاک" بەپێچەوانەی "هابز"ەوە کە پەیتا پەیتا باسی دەسەڵاتداریەتی دەکات، تا ئەو جێگەیەی بۆی بکرێ خۆی لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە دەبوێرێ و زۆر جار وشەی رەها بە واتای "دەسەڵاتی سەرەڕۆ" دا بەکار دێنێ[٢٣]. بە بۆچوونی ناوبراو، هەر دەسەڵاتێکی رەها، لە هەر

---

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری

بنەچە و بنەمایەکەوە سەرچاوەی گرتبێ، هەر گومانی لە سەرە و بۆ ئازادی مەترسیدارە. بە باوەڕی "لاک" ئاوەزی مرۆڤ کە سەرچاوەی یاسای سروشتە دەڵێ هیچ کەس دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر کەسێکی ترەوە نییە. پێکهێنانی حکوومەتی ڕەها و سەرەڕۆیانە مرۆڤ تا ئاستی بوونەوەرە نزم و بێ ئاوەزەکان دادەبەزێنێ[٢٤]. بەبڕوای ناوبراو پێکهێنانی کۆمەڵگەی سیاسی و حکوومەتیش کە پێویستیی ئەو کۆمەڵگەیە ئاکامی ویستی سەربەستی مرۆڤەکانە.

دەسەڵاتی حکوومەت لە کۆی دەسەڵاتی تاکەکەسیی هاوولاتییانەوە سەرچاوە دەگرێ. وەک چۆن دەسەڵاتی تاکەکەسیی سەربەستانەی مرۆڤ ڕەها نییە و بەهۆی یاسای سروشتییەوە سنووردار دەکرێ، هەر بەو پێیە دەسەڵاتی حکوومەتیش ناتوانێ ڕەها بێت و یاسای سروشتی سنوورەکانی دەستنیشان دەکات. ڕوونکردنەوەی ""ریمۆن پۆلین" سەبارەت بە چەمکی ئاڵۆزی یاسای سروشت دەتوانێ تا ڕادەیەک خاڵە ناڕوونەکانی ئەم باسە ڕوون بکاتەوە: " دەسەڵاتی باڵا (حکوومەت) سنووردارە چونکە یاسای سروشت کە لە ڕاستیدا لایەنێکی تری ئازادیی مرۆڤە، ناتوانێ خۆی لەنێوبەری ڕۆڵی خۆی بێ. بە ناوی یاسای سروشتییەوە هەموو کەسێک دەبێ ئازاد بێ، هیچ کەس ئەو ئازادییەی نییە کە لە ئازادی چاوپۆشی بکا. ئەم بەرتەنگییە نە لە پێویستییەکی لۆجیکییەوە سەرچاوە دەگرێ و نە لە وەدیهاتنێکی ڕاستەقینەوە، بەڵکو لە دەروەستبوونێکی ڕەوشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتێک کە کەسێک ڕادەستی کەسێکی تری دەکات ناکرێ پتر لەو دەسەڵاتە بێت کە خۆی بە سەر ژیان و سامانی خۆی و هەروەها ژیان و سامانی کەسانی تردا هەیەتی. دەسەڵاتی سەربەستیی مرۆڤ (ئەنانەت) بەرامبەر بە خودی خۆی، دەسەڵاتێکی گرێدراوە بە دەروەستبوون و یاساوە و بەهیچ شێوەیەک دەسەڵاتێکی دڵخواز (سەرەڕۆیانە ) نییە. کەوابوو دەسەڵاتی باڵای حکوومەتیش وەک مەکۆی دەسەڵاتەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە، ناتوانێ دەسەڵاتێک بەکار بێنێ، پتر لەو دەسەڵاتەی مرۆڤ بەسەر خۆیدا هەیەتی. دەسەڵاتی حکوومەتیش، ڕاست وەک دەسەڵاتی تاکەکان، گرێدراوی یاسای سروشتە و لەلایەن ئەوەوە سنووردار دەکرێتەوە"[٢٥]. "پۆلین" پێی وایە کە هەرچەند دەستەواژەی "مافە هاوێرنەکراوەکانی تاکەکان" لە دەقی نووسراوەکانی "لاک"دا نییە، بەڵام مەبەستی دەربڕینی ئەم چەمکە بووە. مافی پاراستنی ژیان و ئازادی (مافە سروشتییەکان)، بەهۆی سروشتی بوونەوە، لە بوونی مرۆڤ جیا ناکرێنەوە. لایەنێکی تری ئەم مافە سروشتییانە دەروەستبوونی مرۆڤە بە وەدیهێنانیانەوە. مەبەست لە دەروەستبوون لێرەدا، تەنیا دەروەستبوونی ڕەوشتییە کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد. هیچ کەس ناتوانێ بە بیانووی ئازادبوونەوە، شان وەبەر کۆیلەتی بدا و چاو لە ئازادی خۆی بنوقێنێ، بەپێچەوانەش، ئەگەر کەسێک بە نابەدڵی بوو بە کۆیلە، ئەرکی سەرشانیەتی خۆی لەو کۆتە ڕزگار بکا و مافە سروشتییەکانی خۆی وەدی بێنێ. جیانەکراوەبوونی ئازادی لەو ڕووەوە نییە کە ئازادی پێوەندی بە تاکەوە هەیە وەک کەسێکی دیاریکراو، بگرە لەم ڕووەوەیە کە ئازادی پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، وەک بابەتی یاسای سروشت. جیانەکراوەبوونی مافە سروشتییەکان

بەم واتایەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەواو ئازاد نییە. لە راستیدا ئەوەی هاوێرنەکراوە، برێتییە لە یاسای سروشتی کە لە بوونی مرۆڤدا جێی گرتووە، یا بە دیوێکی تردا یاسای عەقلانیی مرۆڤ(٢٦).

ئەم بنەما رەوشتییە کە مرۆڤ رێگەی هەموو کارێکی پێ نەدراوە، لە راستیدا دەربڕی سنوورداربوونی دەسەلاتی سەربەستانەی تاکە کە یاسای سروشتی (ئاوەزی مرۆیی) چوارچێوەکەی دیاری دەکات. لە ڕوانگەی "لاک" دا مرۆڤ بوونەوەرێکە کە تەنانەت بەرامبەر خودی خۆیشی دەسەلاتی رەها یا دەسەلاتی سەربەستانەی بێ سنووری نییە. ئەنجامێکی گرینگ کە لە سنوورداربوونی دەسەلاتی سەربەستانەی تاک دەکەوێتەوە ئەوەیە کە بەپێی ئەم بنەمایە هیچ بنیاتێکی کۆمەلایەتی یا سیاسییش، ناتوانێ لە دەسەلاتێکی رەها بەهرەمەند بێت. چونکە خودی ئەم بنیاتانە بەرهەمی رادەستکردنی بەشێک لە دەسەلاتی سەربەستی تاکەکەسیی هاوولاتییانن. لەم چوارچێوە هزرییەدا، هەرچەشنە دەسەلات یادەسەلاتدارییەتییەکی رەها نیشانەی لادانە لە مافی سروشتی و سەرپێچییە لە یاسای سروشتی (یا خوایی). چەمکی رەها لە دەرەوەی بازنەی دەسەلاتی تاکەکەسی و کۆمەلایەتیی مرۆڤدایە.

پارادۆکسی نێوان ئازادی وەک ماف یا یاسای سروشتی و دەسەلاتدارییەتیی رەها وەک ویستێکی سەرتر لە ئازادی و یاسای سروشتی، چ بەشێوەی دەسەلاتدارییەتیی رەهای پاشا (دێسپۆتیزمی تاکەکەسی) بێت و چ بەشێوەی دەسەلاتدارییەتیی رەهای خەڵک (دێسپۆتیزمی دیموکراتیک)، لە چەقی زۆربەی ئەو باسە سەرەکییانەی سەردەمی نوێدایە کە پێوەندییان بە ئازادییەوە هەیە. هەرچەند ئازادی و دیموکراسی زۆرجار بەشێوەیەکی هاوواتا بەکار دەهێنرێن. بەلام لە راستیدا دوو چەمکی تەواو جیاواز و لە هەندێک نموونەشدا لەوانەیە دژ بە یەک بن. لە دێرەکانی دواتردا ئەم بابەتە روون دەکەینەوە. بەلام بەرلەوە باشترە بزانین "دیموکراسی" چ پێگەیەکی لەلای "لاک" هەیە.

فەیلەسووفی ئێنگلیزی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە باشترین شێوازی حکوومەتی کە دەتوانێ خاوەندارێتی و ئازادییەکانی تاکەکان دەستەبەر بکا برێتییە لە حکوومەتێک کە بە زۆرینەی دەنگەکان هەڵبژێردرابێ(٢٧). بە لە بەرچاوگرتنی فۆرم و نێوەڕۆکی ئەم حکوومەتە دەتوانین بە دیموکراسی (حکوومەتی خەڵک) ناوزەدی بکەین. بەلام پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە ئەو حکوومەتە هەڵبژێردراوەی کە "لاک" مەبەستیەتی لەگەڵ دیموکراسیی (ڕاستەوخۆ) یۆنانیدا کۆمەڵە جیاوازییەکی بنگەهییان هەیە. لە کۆمەڵگەی یۆنانی سەردەمی کلاسیکدا، ئازادییە تاکەکەسییەکان لە ئارادا نین، ئامانجی بالای حکوومەت پاراستنی شارە نەک هاوولاتی. دروستە کە بڕیارە حکوومەتییەکان بە دەنگی راستەوخۆی هاوولاتییان دەدرێن. بەلام ئەوەی لەم بڕیارانەدا رەچاو دەکرێ شار بەگشتی و شکۆ و دەسەلاتەکەیەتی نەک ڕەوشی ژیانی تاکەکەسیی هاوولاتییان. بۆیە نیشتمانپەروەری بە گەورەترین کاراکتەری پۆزەتیڤی هەر یۆنانییەک

دەژمێردرێ. لەم کۆمەڵگەیەدا حکوومەت نە بەپێی مافی تاکەکەسیی هاووڵاتییان، بگرە و لە سەر بنەمای ئەرکەکانیان بەرامبەر بە شار دامەزراوە. حکوومەت بۆی هەیە بە ناوی بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی شار ( کۆمەڵگە)ەوە دەستێوەردانی بچووکترین کاروباری تایبەتیی هاووڵاتییەکی یۆنانی بکا. مافی تاک و بەرژەوەندی تاکەکەسی بەهیچ شێوەیەک رەچاو ناکرێ. ئەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات برێتییە لە زنجیرە ئەرکێکی تایبەت کە دوایین ئامانجی پاراستنی نیشتمان و گەشەپێدانی شکۆ و مەزنایەتییەتی. لەم کۆمەڵگەیەدا، دەسەڵاتداریەتییەکی رەها لە گۆڕێدایە و دەسەڵاتی حکوومەتی هیچ سنوورێک ناناسێ. کەچی لەو حکوومەتە هەڵبژێردراوەیدا کە "لاک" مەبەستیەتی، یەکەم پێکهاتەی حکوومەتی جیاوازە واتە دەنگی خەڵک بەشێوەی راستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی بەکار ناهێنێ بگرە رۆڵی تاک لە هەڵبژاردنی نوێنەردا بەرتەسک دەبێتەوە و دوای هەڵبژاردنی نوێنەر چیی تر ناتوانێ راستەوخۆ دەستێوەردانی کاروباری حکوومەت بکا. بۆیە لە بەرامبەر دیموکراسیی راستەوخۆی یۆنانییەکاندا، دەتوانین ئەم چەشنە حکوومەتە بە دیموکراسیی هەڵبژێردراو یا دیموکراسیی ناڕاستەوخۆ ناوزەد بکەین. پڕ دیارە کە دیموکراسیی راستەوخۆ، تەنیا لە چوارچێوەی هەندێک شار یا کۆمەڵگەی زۆر کەم حەشیمەتدا جێبەجێ دەکرێ و بەکردەوە سیستەمێکی ئەوتۆ لە هیچ کۆمەڵگە یا وڵاتێکدا بە واتای ئەمڕۆییی وشەکەیان وێنا ناکرێت. دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە لە یۆنانی کۆندا رێژەی هاووڵاتییانی هەر شارێک لە چەند هەزار کەس تێ نەدەپەڕی و لەلایەکی تریشەوە، سیستەمی کۆیلەداری ئەو دەرەتانەی بۆ دەرەخساندن کە لە هاووڵاتیبوون زیاتر سەرقاڵییەکی تریان نەبێ، بۆیە دەیانتوانی کاتی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان تەرخان بکەن. حکوومەتی هەڵبژێردراو یا دیموکراسیی ناڕاستەوخۆ تەنیا شێوازی گونجاوی حکوومەتی دیموکراسییە لە کۆمەڵگە و وڵاتە پڕ حەشیمەتە ئەمڕۆیییەکاندا.

جگە لە جیاوازی لە پێکهاتەی حکوومەتیدا کە ئاماژەی پێ کرا، سەبارەت بە نێوەڕۆکی حکوومەت و بابەتی حکوومەتی جیاوازییەکی زۆر گرینگتر هەیە لە نێوان ئەو کۆمەڵگەیەی "لاک" مەبەستیەتی و کۆمەڵگەی یونانی کۆندا. لە بیرۆکەی یۆنانی کلاسیکدا، کۆمەڵگە لە سەرووی تاکدایە و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بە سروشت کۆمەڵایەتی لە بەرچاو دەگیردرێ. لە کاتێکدا کە "لاک" بڕوای بە ڕەسەنایەتیی تاکەکەسیی مرۆڤ هەیە و کۆمەڵگە و حکوومەت بە ئامرازێک دەزانێ بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی تاکەکەسی. تاکەکان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکانیان، دەسەڵاتی سیاسی (حکوومەت) دێننە ئاراوە. لەم رووەوە دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی ئەم ئامانجانەدا نەبێ، رەواییەکی ئەوتۆی نییە. بەپێچەوانەی دیموکراسییەکانی یۆنانی کۆن، لە کۆمەڵگەی سیاسیی "لاک" دا دوو فاقییەتییەک هەیە لە نێوان حکوومەت و خەڵکدا. هەرچەند کە حکوومەت هەڵبژێردراوی خەڵکە، بەڵام دەسەڵاتداریەتیی رەهای نییە. ئەرکی حکوومەت، پاراستنی گیان و ماڵی تاکەکانە. کەمتەرخەمی لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە، یا خراپتر لەوە، پێشێلکردنی

مافە تاکەکەسییەکان لە خۆیدا دەبێتە هۆی لە ڕەواییکەوتنی حکوومەت. بەڵام بەکردەیەکی چ گەرەنتییەک هەیە کە کاتێک حکوومەت بەدەنگی خەڵک هاتە سەر کار و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بەدەنگی خەڵک بکشێتەوە؟ نەمانی ڕەوایی بە واتای هەڵوەشاندنەوەی پراکتیکیی دەسەڵاتی سیاسی نییە. لە ڕوانگەی "لاک"ەوە، هەر کات حکوومەتی هەڵبژێردراوی خەڵک (دیموکراسی) بەپێچەوانەی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان بجووڵێتەوە و بیهەوێ دەست بەسەر سامانەکەیاندا بگرێ یا بیانکات بە کۆیلە و بە کورتی بیهەوێ دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیانە دابمەزرێنێ، ئەو بۆ خۆی دەبێتە هۆی دروستبوونی "دۆخی شەڕ" لە نێوان خۆی و خەڵکدا، بە واتایەکی تر پێشێلکەری مەبەست دەبێ، چونکە مەبەست لە حکوومەت سەقامگیرکردنی ئاشتی و هێمنی و نەهێشتنی دۆخی شەڕە. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، خەڵک نەک هەر ناچار نین گوێڕایەڵی لە حکوومەت بن بگرە ئەم مافەشیان دەبێ کە بەرەنگاری دەسەڵاتی ملهوڕ ببنەوە و تەنانەت بە هەڵوەشاندنەوەی، حکوومەتێکی هەڵبژێردراوی تر بۆ مەبەستی سەقامگیرکردنی راستەقینەی ئاشتی و ئاسایش لە کۆمەڵگە و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی تاکەکان و بەپێی ڕێککەوتنی زۆرینەیان دابمەزرێنن(٢٨).

"لاک" بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆی، دان بە مافی بەرخودان و ڕاپەڕین لە بەرامبەر حکوومەتە چەوسێنەرەکاندا دەنێت، و لە ڕاستیدا چارەیەکی تریشی نییە دەنا بیرۆکە سیاسییەکەی بەرەوڕووی پارادۆکسێکی چارەسەرنەکراو دەبێتەوە. ڕاپەڕین چارەسەری لۆجیکیی کێشەی دەست بەسەرداگرتن و بەکارهێنانی نادادپەروەرانەی دەسەڵاتە، بەڵام سیاسەت، زانستی لۆجیک نییە و هەر لە جێدا لە گەڵ لۆژیک لە واتای تایبەتیی وشەکەدا ناگونجێ.

وەک "مکاولی" پێی خۆش بوو بڵێ : "سیاسەت بۆ خۆی بابەتی پێکهاتن و گونجانە و لۆجیک لە خۆیدا دژی پێکهاتن و سازانە"(٢٩). ڕووخاندنی حکوومەتی چەوسێنەر مافی لۆجیکیی خەڵکە، بەڵام مەرج نییە چارەسەری کێشەکانیشیان بێت، چونکە لەوانەیە هەر حکوومەتێکی ئاڵتەرناتیڤی ڕەوا پاش ماوەیەک ببێتە حکوومەتێکی ناڕەوا. گرێکوێرەیەکە کە لە بیرۆکەی سیاسیی "لاک" دا بەدی دەکرێ. لە ڕاستیدا هەمان کێشەی سەرەکیی دەسەڵات لە هزری سیاسیی نوێدایە ئەویش ئەوەیە کە: داخۆ بە چ شێوەیەک دەتوانین حکوومەتێکی وا ڕێک بخەین کە نەهێڵین دەسەڵات پاوان بکرێ و کەڵکی خراپی لێ وەربگیردرێ؟ ڕاپەڕین لە بەرامبەر دەسەڵاتداری چەوسێنەر، لەگەڵ ئەوەی کە مافی دادپەروەرانەی خەڵکە، بەڵام مەرج نییە چارەسەرێکی گونجاو بێ، چونکە لەوانەیە بە وەلانانی پاوانخوازێک، پاوانخوازێکی تر جێی بگرێتەوە. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، توندوتیژی دەبێتە زنجیرەیەکی لەبڕاننەهاتوو و بە کردەوەش ئەستەمە کۆمەڵگەیەکی سیاسی و هەروەها ئاشتی و ئاسایش جێگیر بکرێ. خۆپاراستن ژیرانەتر، کەم مەترسیتر و ئەرخەیانترە لە چارەسەر، بەتایبەت ئەگەر ئەم دەرمانە هیچ گەرەنتییەکی بۆ سەرهەڵنەدانەوەی نەخۆشییەکە لەگەڵ نەبێ.

## جیاکردنەوە و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان

"مۆنتێسکیۆ" بیرمەندی سیاسیی سەدەی هەژدەی فرەنسا، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە "دیموکراسی" (حکوومەتی زۆرینەی خەڵک) و "ئاریستۆکراسی"(حکوومەتی کەمینەی نەجیبزادە) هیچیان بەشێوەیەکی سروشتی و لە خۆیاندا سیستەمێکی دامەزراو لەسەر بنەمای ئازادی نین. "تەنیا لە حکوومەتە میانەڕۆکاندایە کە ئازادیی سیاسی دەتوانێ بێتە ئاراوە، هەڵبەت نە لە هەموو حکوومەتە میانەڕۆکاندا بگرە تەنیا لەوانەیدا کە کەڵکی خراپ لە دەسەڵات وەرناگرن. بەڵام ئەزموونەکان دەریان خستووە مرۆڤێک کە دەسەڵاتی بەدەستە بەلای وەرگرتنی کەڵکی ئاوەژوو بەلای پەلکێش دەکرێ و ئەم ئارەزوویە تا ئەو کاتەی بەربەست نەکرێ هەر درێژە دەکێشێ.

دەتوانین بڵێین تەنانەت خۆپاراستن و خۆ لە خراپەلادانیش دەبێ سنووردار بکرێتەوە. بۆ ئەوەی کە کەڵکی ئاوەژوو لە دەسەڵات وەرنەگیرێ، دەبێ بە چەشنێک کاروباری حکوومەتی ڕێک بخرێن کە دەسەڵات پێش بە دەسەڵات بگرێ"(٣٠). "مۆنتیسکیۆ" دژایەتیی نێوان ئازادی و دەسەڵات دەکاتە تەوەرەی سەرەکیی کێشەی سیاسی لە دنیای نوێدا و تێ دەکۆشێت کێشەی "لاک" سەبارەت بە کەڵکی ئاوەژوو وەرگرتن لە دەسەڵات چارەسەر بکا. ئەو بەشێوەیەکی تەواو جیاوازتر لە "لاک" کێشەی ئازادی دێنێتە گۆڕێ."لاک" بۆ پێناسەکردنی ئازادی لە مافەوە، وەک پێکهێنەری ئازادی، دەست پێ دەکات، لە کاتێکدا کە "مۆنێسکیۆ" باسی ئازادی لە دەسەڵاتەوە، وەک گرینگترین مەترسی و هەڕەشە بۆ ئازادی، دەست پێ دەکات(٣١). "مۆنێسکیۆ" دەڵێ دەسەڵاتی بێ سنوور، گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئازادی. بەڵام لەلایەکی ترەوە دەسەلات تەنیا بەهۆی دەسەڵاتێکی ترەوە بەرتەسک دەبێتەوە. کەوابوو، تەنیا لە هەلومەرجێکدا ئازادی مسۆگەر دەکرێ کە هاوسەنگییەک لە نێوان ئەو دەسەڵاتانەدا هەبێ کە یەکتر سنووربەند و کۆنترۆڵ دەکەن."مۆنێسکیۆ"ش وەک "لاک" بڕوای بە دوو دەسەڵاتی سەرەکیی سیاسی هەیە: دەسەڵاتی یاسادانان وەک دەربڕی ویستی زۆرینەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کە ئامرازی وەدیهێنانی ویست و ئامانجەکانی زۆرینەیە. فەیلەسووفی فرانسەوی، سەبارەت بە وەدیهاتنی ئازادی، ئەزموونی مێژوویی ئینگلستان لە دوای " شۆڕشی شکۆمەند" کە بەرهەمی هاوسەنگیی نێوان دوو دەسەڵاتەکەی سەرەوە بوو بە ئەزموونێکی هەرە سەرکەوتوو دەزانێ و بیردۆزە بەناوبانگەکەی خۆی واتە " جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان " لەسەر بنەمای ئەم ئەزموونە گرینگە مێژووییە دادەڕێژرێ. پێکهێنانی دوو دەسەڵاتی کەم و زۆر هاوسەنگ لە بەرامبەر یەکتردا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچیان نەتوانن دەسەڵاتداریەتییەکی ڕەها بە دەست بێنن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بەپێچەوانەی رابردوو چیی تر پاشا(دەسەڵاتی بەڕێوەبەری) دەسەڵاتداریەتییەکی ڕەهای نییە. چونکە ئەنجوومەنی نوێنەران چوارچێوەی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی دیاری دەکات بەچەشنێک کە لە بەکردەیەکی ناتوانێ ئەو سنوورانە ببەزێنێ کە ئەنجوومەن بۆی دیاری کردوون. لە بەرامبەردا، ئەنجوومەنی نوێنەرانیش بە لە بەرچاوگرتنی ئەو دەسەلاتە پراکتیکییەی کە

دەسەڵاتی بەڕێوەبەری هەیەتی، ناتوانێ بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو بڕیار بدا. بۆیە دەتوانین بڵێین لە ڕێژیمێکی ئەوتۆدا دەسەڵاتداریەتی هی هیچکام لە دەسەڵاتەکان، (بەڕێوەبەری یا یاسادانان)، نییە، بگرە لە خزمەت پێویستیدایە، واتە پێویستیی بەکارهێنانی دەسەڵاتداریەتی وا دەکات کە زۆربەی بڕیارەکان بە ڕێککەوتنی هەردوو دەسەڵاتەکە و کەوابوو بەبێ بەکارهێنانی دەسەڵاتداریەتیی ڕەها لەلایەن هەرکامیانەوە بدرێت[٣٢]. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم شیمانەیە لە ئارادایە کە ڕەنگە ئازادیی هاووڵاتییان بەرەوڕووی مەترسییەکی نوێ ببێتەوە و ئەویش بریتییە لە ڕێککەوتن و پێکهاتنی دوو دەسەڵاتەکە لەپێناو پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا. ڕاستە کە بە هەبوونی دووقاقیەتی و هاوسەنگی هیچ کام لە دوو دەسەڵاتەکە ناتوانن بەتەنیایی حکوومەتێکی سەرەڕۆیانە دابمەزرێنن. بەڵام ئەگەر ئەم دوو دەسەڵاتە پێکهاتن بارودۆخەکە چۆن دەبێ؟ گەلۆ هیچ فاکتەرێک هەیە کە ڕێگە لەم پێکهاتنە بگرێت؟ "مۆنتێسکیۆ" لە بەشێکی هەرە گرینگی کتێبەکەیدا،"روح القوانین"، دەری دەخا کە ئەگەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتە حکوومەتییەکان دووفاقیەتییەکی تری لە گشت کۆمەڵگە لێ بکەوێتەوە لە دۆخێکی ئەوتۆدا بەکارهێنانی حکوومەت لە ڕێگەی پێکهاتنی دوو دەسەڵاتەکە بەگشتی دەکەوێتە خزمەت دابینکردنی بەرژەوەندی و ئازادییەکانی هاووڵاتییەکانەوە[٣٣]. بە بڕوای ئەو دابەشکردنی حکوومەت بە دوو دەسەڵاتی کەم و زۆر هاوسەنگ و جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمسەڵگەش بە دوو دەستەی جیاواز و تا ڕادەیەک هاوسەنگ دابەش بکرێت، بەچەشنێک کە هەر دەستەیەک لایەنگری لە یەکێک لەم دوو دەسەڵاتە بکا. واتە هەر هاووڵاتییەک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی لە یەکێک لەم دوو جەمسەری دەسەڵاتە نێزیک بکاتەوە. بەم شێوەیە دوو فاقیەتیی سیاسی لەنێو خەڵکیشدا دێتە ئاراوە. بەڵام چون دەسەڵاتداریەتی بەسەر دوو دەسەڵاتی هاوسەنگدا دابەش بووە، بەرئەنجام هاووڵاتییان ناتوانن بە پەنابردنە بەر یەکێک لەم دوو دەسەڵاتە ماف و ئازادییەکانی ئەوانی تر پێشێل بکەن. وتمان کە پێویستبوونی پێکهاتن و ڕێککەوتن، پێویستیی حکوومەتێکە کە بەسەر دوو دەسەڵاتی هاوسەنگدا دابەش کرابێت. لێرەدا ڕەنگە ئەم تێبینییە بێتە گۆڕێ کە هەردەم لەوانەیە ڕێژەی لایەنگرانی یەکێک لەم دوو دەستەیەی پێکهێنەری کۆمەڵگە لەوەی تر زیاتر بێ، لەم کاتەدا دەسەڵاتێک دەتوانێ بە پاڵپشتیی زۆرینەیەک کە لەنێو خەڵکدا بە دەستی هێناوە بەسەر دەسەڵاتەکەی تردا زاڵ بێ و دەسەڵاتداریەتیی ڕەهای خۆی دابمەزرێنێ. "مۆنتیسکیۆ" دەڵێ هاوسەنگیی دوو دەسەڵاتەکە هەردەم بەم هۆیەوە دەپارێزرێ کە ئەم دوو دەسەڵاتە بۆخۆیان نوێنەرانی دوو دەستەی هاوسەنگن لەنێو کۆمەڵگە (لەنێو خەڵک)دا.

ئێستا کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چ گەرەنتییەک هەیە کە هاوسەنگیی نێوان دوو دەستەکەی خەڵک بپارێزرێ؟ وەک " پییێر مەنان" دەڵێ، وەڵامی فەیلەسووفە فرانسییەکە لەم بارەوە گرینگایەتییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لە ڕاستیدا پێشگۆییی نێوەڕۆکی کرداری ڕێژیمە هەڵبژێردراوەکان دەکات لەم دوو سەدەی دوایدا[٣٤]. " مۆنتیسکیۆ" دەنووسێ: لەبەرئەوەی کە هەردوو دەستەکە (خەڵکی کۆمەڵگە) لە کۆمەڵێک مرۆڤی ئازاد پێک هاتوون، ئەگەر یەکیان بیەوێ

بە سەر ئەوی تردا سەر بکەوێ، دیاردەی ئازادی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی سەرکەوتوو لاواز ببێ و لە بەرامبەریشدا هاوولاتییان وەک دەستەگەلێک کە بۆ یارمەتیکردنی جەستەیەکی (لاواز) هاتبێتن، لایەنەکەی تر بەرز دەکەنەوە"(٣٥). مەبەستی لە "دیاردەی ئازادی " کە وەک میکانیزمی ئۆتۆماتیکی پێکهێنەری هاوسەنگی ئاماژەی پێ دەکات، ئەوەیە کە مرۆڤە سەربەستەکان بۆ پاراستنی ئازادی و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیان زۆرجار لە یەکێک لەو دوو لایەنەی دەسەلات کە پێشتر پاڵیان پێوە دابوو، جیا دەبنەوە و روو لەلایەنی رکەبەری دەکەن. ئەم دابڕان و پێوەستبوونەی مرۆڤە ئازادەکان کە بەهێزبوون یا لاوازبوونی یەکێک لە دوو لایەنە (یا دوو پارتە) سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە، لە راستیدا گرینگترین گەرەنتییە بۆ سەقامگیرکردنی بالانسی سیاسی لە نێوان خەڵک و لە رێگەی ئەوانیشەوە لە نێوان دوو دەسەلاتی سەرەکیی دەسەلاتداردا." دیاردەی ئازادی"، بەو چەشنەی ئاماژەمان پێ کرد، پێویستی بە روونکردنەوەیەکی زۆرتر هەیە. ناڕوونیی کێشەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە " مۆنتیسکیۆ" بەچ ئاماژەیەک دەڵێ پارت و لایەن گۆرینی هاوولاتییان و بازدانیان لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر بەبێ ئەملا و ئەولا دەکەوێتە خانەی سەقامگیرکردنی هاوسەنگی لە نێوان دوو دەسەلاتەکە؟ و بۆ بەهێزتربوونی پتری یەکێکیانی لێ ناکەوێتەوە؟ بۆ دەبێ بەهێزبوونی یەکێک لەو دوو پارتە دابڕانی کۆمەڵێک لە هاوولاتییانی لایەنگری لێ بکەوێتەوە کە روو لە پارتە لاوازبووەکە دەکەن؟ ئەم کارە لە رواڵەتدا بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیان و بەپێچەوانەی ئاوەزێکی ساغ و تەندروستە.

"پییێر مەنان" بەشێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش ئەم بیرۆکەیەی " مۆنتیسکیۆ" شرۆڤە دەکات و دەڵێ: " دروستە کە هەر هاوولاتییەک لایەنگری یەکێک لەم دوو دەسەلاتەیە و بەبەهێزکردنی هیوادارە هەندێک قان(امتیاز) بەدەست بێنێ، بەلام هەر ئەم هاوولاتییانە پێش هەموو شتێک ئەندامانی کۆمەڵگەن، کۆمەڵگەیەک کە بۆ خۆی لەو دوو دەسەلاتە جیاوازە، چ ئەو دەسەلاتەی کە لایەنگریی لێ دەکەن و چ ئەو دەسەلاتەی کە رقیان لێیەتی. کەوابوو ئەگەر یەکێک لەم دەسەلاتانە قانێکی لە رادەبەدەر بەدەست بێنێ، هەندێک لە لایەنگرانی ئەو دەسەلاتە، سەرەتا لایەنگران، میانڕۆکانن وەک ئەندامانی کۆمەڵگە و نە وەک لایەنگرانی ئەم دەسەلاتە، هەست بە مەترسی دەکەن لە راستیدا هاوولاتییان بەرژەوەندگەلێکی دووفاقییانەیان هەیە: یەکەم: دەیانەوێ دەسەلات لە خزمەت بەرژەوەندییەکانیاندا بێت و دووەم : ئەوەی کە نایانەوێ دەسەلات قورساییەکی لە رادەبەدەری بخاتە سەر کۆمەڵگە. بۆیە هەستێکی دووفاقییانەیان بەرامبەر بە دەسەلات هەیە: یەکەمیان ئەم هەستەیە کە دەسەلاتێک کە تێڕوانینی پۆزەتیڤی بەرامبەریان هەیە و ئەوانیش پشتگیریی لێ دەکەن، نوێنەر و دەسەلاتی خۆیانە، هەستێکەی تر ئەوەیە کە هەر ئەم دەسەلاتە لە وان جیاوازە، مەودایان لە نێواندا هەیە و ئەوان لە خۆیدا کۆ ناکاتەوە و (بەم تێبینییانەوە) خیانەتیان پێ دەکات. ئاکامی چاوەڕوانکراوی ئەم دوو بەرژەوەندی و ئەم دوو هەستە هاوێرنەکراو و جیایی هەڵنەگرە دەبێتە گەرەنتییەک بۆ ئەوەی کە هاوولاتییان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی یارمەتیی ئەو دەسەلاتە بدەن کە لە رادەبەدەر لاواز بووە. گەمەی دووفاقییانەی هاوولاتییان لەگەڵ

دەسەڵات، لە خودی لۆجیکی نوێنەرایەتیدایە. هەر کە دەسەڵات دەبێتە نوێنەری هاووڵاتی، هاوکات لەگەڵ خواستی یەکبوون، هەستکردن بە (نامۆیی) لە هاووڵاتیدا سەرهەڵدەدات.

ڕژێمێکی ئەوتۆ بێتوانییەکی دوو لایەنە دێنێتە ئاراوە، دابەشکردنی دەسەڵات دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتییان نەتوانن دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بەسەر یەکتردا هەبێ، و لە بەرامبەریشیدا ڕۆیشتنی هاووڵاتییان لە حزبێک (لایەن)ەوە بۆ حزبێکی تر دەسەڵات بێ هێز دەکات. بێ توانایی هاووڵاتییان و بێ توانایی دەسەڵات بەشێوەیەکی بەرامبەر یەکتر مەرجدار و کۆنترۆڵ دەکەن. ئەمەش لە کۆتاییدا هەمان ئەو شتەیە کە مۆنتیسکیۆ بە ئازادی ناوزەدی دەکات"[٣٦]. گرینگترین دەسکەوتی "مۆنتیسکیۆ" لەشیکردنەوەی چۆنیەتیی کارکردی سیستەمی ئازادی پەرلەمانیدایە. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەک خۆی ئازادی دەستەبەر ناکات، بگرە شێوازێکی تایبەت لە بەرئەنجامی جیایی و باڵانسی دەسەڵاتەکانە کە ڕێگە بۆ ئازادی خۆش دەکات. فەیلەسووفی فرانسی بەپێچەوانەی فەیلە سووفانی پێش خۆی، لە نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتی زاڵ یا بە واتایەکی وردتر و ئەمرۆیتر، لە نێوان کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەتدا جیاوازی دادەنێ و بەم پێیە سیستەمی ئازادیی خۆی ڕوون دەکاتەوە. کۆمەڵگەی شارستانی متمانەی بە دەوڵەت نییە و بەردەوام لە بەهێزبوونی هەست بە مەترسی دەکات. لەم ڕووەوە بە دابەشکردنی بە سەر دوو هێزی هاوسەنگدا، دەسەڵاتداریەتیی دەوڵەت ناکاریگەر دەکات و بەردەوام هۆشیار و لەسەر هەستە کە باڵانسی هێزەکان بەشێوەیەکی کاریگەر تێک نەچێت بۆ ئەوەی کە پێش بە سەرهەڵدانی دەسەڵاتداریەتییەکی ڕەها و لەنێوچوونی ئازادی بگرێت. ئەو سیستەمە سیاسییەی کە "مۆنتیسکیۆ" مەبەستیەتی تەنیا لە چوارچێوەی ڕژێمێکی هەڵبژێردراودا، واتە ڕادەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی خەڵک بە نوێنەرانیان، دێتە دی، ڕژێمێک کە تێیدا کاری حکوومەت لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە بە ئەنجام دەگات نەک بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە. لەم ڕووەوە پێویستە جەختی لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لە نێوان دیموکراسیی (حکوومەتی خەڵک) "مۆنتیسکیۆ" لەگەڵ دیموکراسیی یۆنانی کۆندا. میکانیزمی ناکاریگەرکردنی دەسەڵاتداریەتی ڕەها لە دیموکراسیی ڕاستەوخۆی یۆناندا دەرەتانی پراکتیزە بوونی نییە. لە حکوومەتێکی ئەوتۆدا خەڵک ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی بەکار دێنێ، لەباری سیاسییەوە دەسەڵاتداریەتی ڕەهایە و لە بەرامبەریدا هیچ هێزێک نییە کە کۆنترۆڵی بکا یا ڕای بگرێت.

حکوومەت بە هەموو کێشی خۆیەوە، قورسایی دەخاتە سەر هاووڵاتییان و تاکەکان. کەچی لەو دیموکراسییەدا کە "مۆنتیسکیۆ" مەبەستیەتی دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی دەسەڵاتێکی هاوکێشی خۆیەوە ناکاریگەر دەکرێت و هاووڵاتییان ئاسوودە لەم بارە قورسەدا ژیانی خۆیان بەڕێ دەکەن. جیابوونەوەی کۆمەڵگەی شارستانی واتە بیاڤی ئازادییە تاکەکەسییەکانی هاووڵاتییان لە دەوڵەت واتە بیاڤی دەسەڵاتی سیاسی، لە ڕاستیدا دەربڕی ئەم ئاسودەبوونەی هاووڵاتییانە لە باری قورسی حکوومەت. لە دیموکراسیی ڕاستەوخۆی یۆنانیدا کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت لێک جیا نەکراونەتەوە. چونکە لە جێدا کۆمەڵگەی شارستانی لە ئارادا نییە. دیموکراسیی یۆنانی

گشتێکی یەکپارچەیە لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی کە تێیدا ژیانێکی تاکەکەسی و تایبەتیی پارێزراو و بەدوور لە دەست تێوەردانی سیاسی (حکوومەتی) بەدی ناکرێ.

کاتێک کە "مۆنتیسکیۆ" باسی جیاکردنەوە و بالانسی دەسەڵاتەکانی دەکرد، وەک نموونە سیستەمی ئینگلستانی لە سەدەی هەژدەدا لە بەرچاو بوو، کە تێیدا هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان بەشێوەی پێوەندیی هێزەکان لە نێوان دەسەڵاتی بەڕێوەبەری (پاشایەتی) لەلایەک و دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) لەلایەکی ترەوە خۆی دەردەخست. ڕوون و ئاشکرایە کە لە سیستەمە حکوومەتییە نوێیەکاندا کە تێیاندا هەردوو دەسەڵاتەکە نێوەڕۆکێکی هەڵبژاردەییان هەیە، زۆربەی کات پارتی دەسەڵاتدار پارتێکە کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانیشدا (یاسادانان) زۆرینەیە، کەوابوو بەکردەوە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جێبەجێ ناکرێ و تەنیا بارێکی رواڵەتی و ئیداری هەیە. ئەو دوو دەسەڵاتەی کە لەم سیستەمە نوێیە حکوومەتییانەدا بەڕاستی بەرەوڕووی یەکتر دەبنەوە و یەکتر کۆنترۆڵ دەکەن، دوو دەسەڵاتی زۆرینەی دەسەڵاتدار و کەمینەی دژبەر (ئۆپۆزیسیۆن)ن. راستە کە لەم رێژیمانەدا زۆرجار دەسەڵاتداریەتی لە دەستی پارتێکدایە (دەسەڵاتدار) و بە کردەوە و بەشێوەیەکی یاساییش ئۆپۆزیسیۆن رۆڵێکی لە دەسەڵاتداریەتیدا نییە، واتە بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە "مۆنتیسکیۆ" باسی دەکرد دەسەڵات یەکپارچە دەمێنێتەوە و دابەش ناکرێ، بەڵام بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و شیمانەی هاتنە سەر کاری لە هەڵبژاردنێکی نوێدا وا دەکات کە دەسەڵاتی زاڵ لە بڕیارەکانیدا ڕەچاوی ئۆپۆزیسیۆن کە لە راستیدا نوێنەری نیوەکەی تری هاووڵاتییانە بکا و میانڕەو بێت. لە سیستەمە نوێیە حکوومەتییەکاندا، میکانیزمی بالانسی هێزەکان لە نێوان زۆرینەی (دەسەڵاتدار) و ئۆپۆزیسیۆن (خوازیاری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات) لە گەڕدایە و کارەکەشی بەجۆرێکە کە زۆربەی کات زۆرینە بەجیاوازییەکی کەمی دەنگەکانەوە بێتە سەرکار، بەچەشنێک کە رەوایی و دەسەڵاتداریەتیی پارتی دەسەڵاتدار زۆر لەرزۆک بێ و لە پاڵپشتییەکی قایم بەهرەمەند نەبێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ ناتوانێ خۆی بە دەسەڵاتدارێتییەکی رەها بزانێ چونکە نێزیک بە نیوەی کۆمەڵگە راشکاوانە دژ بە دەسەڵاتداریەتییەکەی ئەوە، و بەردەوام لە هەوڵدایە لە رێگەی راکێشانی ئەو دەنگانەوە کە پشتگیریی دەسەڵات دەکەن، بۆ لای خۆی (ئۆپۆزیسیۆن)، دەسەڵاتی زاڵ لە رەوایی بخات. لایەنی دەسەڵاتداریش بۆ قایمکردنی دەسەڵاتەکەی خۆی ناچارە بەڕەچاوکردنی بڕیارگەلێکی نەرم و وازهێنان لە هەندێک لە خواستەکانی خۆی و لایەنگرانی، تێ بکۆشێت هەندێک لە لایەنگرانی نیوەکەی تری کۆمەڵگە واتە ئۆپۆزیسیۆن بۆ لای خۆی رابکێشێت. دەسەڵاتی سیاسی بۆ قایمکردنی پایەدانی خۆی، بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆی دەسەڵاتداریەتییەکەی نەرم و هەموار دەکات. دەسەڵات ناچار دەبێ بۆ پاراستنی خۆی دەسەڵاتەکەی بەرتەسک بکاتەوە. ئەمە هەمان پیلانە کە "مۆنتیسکیۆ" مەبەستی بوو واتە بە لەنێوچوونی بە کردەکیی دەسەڵاتداریەتی رەها، رێگە بۆ لەدایکبوون، دەستەبەر بوون و پتەوبوونی ئازادی خۆش دەبێ.

درێژەی هەیە...

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

1- T/B.MACAULAY,<<Histoired,Angleterre>> ,trd.frs.,Ed..Robert Laffont,paris,1989,tére partie,p.29

2. Idem ,p.28

3. Elie HALEVY,<< Inventires ,le crise sociale et les ideologies nationals>>,Librairie Félix Alcan, paris,1936,p.6

4. J.LOCKE,<<Two Treatises of civil Government>>,(1690) ,Everyman_s London,New York ,1966.

5. Op. cit,BookII, V, 25-51, pp.129-149.

6. Idem,V,27.

7. Idem,II,6/

8. Idem,II,41.

9. Idem,II,46,47.

10. Pierre MANENT, <<histoire intellectuelle du Libéralisme>>,Calman-Lévy,1987,chap.Iv.

11. Leo STRAUSS, <<Natural Right and History>>,University of Chicago Press 1953.chap.V.

12. Locke,op.cit.II,77.

13. Idem,II,6.

14. Idem,II,4.

15. Idem,II,8.

16. Idem,II,13,21.

17. Idem,II,91.

18. Idem,II,94.

19. Idem,II,95-96.

20. Raymond POLIN, <<La politique morale de John Locke>>, PUF, Paris,1960,p.191.

21. Loe STRAUSS , op,cit, chap, VB.

22. R.POLIN,op,cit,p.192.

هەواڵنامەی پێشبڕ

پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

32. Idem,p.199.

24. Locke,op, cit,II,163.

25. Polin,op,cit,p.211.

26. Idem.

27. Locke,op cit, II,8.

28. Idem,II,22.

29. MACAULAY,op.cit,p.

30. MONTESQUIEU,<<De l,esprit des lois>>,(1784),Flammarion,Paris,1979,Livre XI,chap IV,p.293.

31. P.MANENT,op,cit,p.123.

32. Idem,p.129.

33. MONTESQUIEU,op.cit,Liver XIX, chap.XXVII.

34. P.MANENT,op.cit,p.131.

35. MONTESQUIEU,op.cit,p.478.

36. P.MANENT,op.cit.,pp.132-133.

# هێزی سیاسیی میدیای کۆمەڵایەتی

## تەکنۆلۆجیا و کەشی گشتەوەری و گۆڕینی سیاسی

### "ئەوەی لە تونس و لە میسر ڕوو دەدەن میدیای کۆمەڵ تەیاری دەکات"

کلێی شێرکی(١)

لەمیانی دادگاییکردنی سەرۆکی پلیپینی جۆزێف ئێسترادا، لە ١٧ی یەنایری ٢٠٠١، لایەنگرانی لە کۆنگریسی پلیپینی دەنگیان بۆ ئەوەدا کە بەڵگە سەرەکییەکەی دژی سەرۆک پشتگوێ بخەن. کەمتر لە دوو سەعات لە دوای جاڕدانی بڕیارەکە، هەزاران فلیپینۆی تووڕە لەوەی نەکا ڕێگە بدرێ سەرۆکە گەندەڵەکەیان لە فاق دەرچێ، هاتنە سەر خیابانی ئێپیفانۆ دی لۆس سانتۆس کە چوارڕێیانی سەرەکیی مانیلایە و دایان پۆشی. ئەم بزووتنەوە گورجە، تا ڕادەیەک، لە ئەنجامی دەقی ئەم پەیامە تەلەفۆنییەوە بوو کە لە هەموو لایەکەوە ناردرا و تێیدا نووسرا بوو: "بچۆ بۆ ئێدێسا. ڕەش بپۆشە." خێرا قەرەباڵغی پەیدا بوو و لە چەند ڕۆژی پاشتریش پتر لە ملیۆنێک کەس هاتن و بەری هاتوچۆیان لە نێو شاری مانێلادا گرت.

توانستی گشتەوەری ئەم کاردانەوە گەورە و خێرایە – نێزیکەی حەوت ملیۆن پەیامی نووسراو text messaging لەو حەفتەیەدا نێردرا – هێندە یاساسازانی ترساند کە ڕێبازەکەیان گۆڕی و ڕێگەیان دا بەڵگەکە پێشکێش بکرێ. ئیتر چارەنووسی ئێسترادا ڕەش کرا و لە ٢٠ی یەنایری دەرکرا. ئەو ڕووداوە ئەو سەرەتایەی نیشان کرد کە میدیای کۆمەڵایەتی یارمەتی دا بە تۆبزی سەرکردەی وڵاتێک دەربکرێ. ئێسترادا بە خۆی ئۆباڵی ڕووخانەکەی لە ئەستۆی [نەوەی پەیامی نووسراو] دانا.

لەوەتەی لە سەرەتای ١٩٩٠ەکان ئینتەرنێت پەیدا بووە، ئەوانەی لە دنیا بەو تۆڕەوە خەریکن لە چەند ملیۆنێکەوە زێدەیان کردووە و ئێستا چەندان بلیۆن کەس دەبن. هەر لە هەمان کاتیشدا، میدیای کۆمەڵ بووەتە ڕاستییەکی ژیانی کۆمەڵگەی مەدەنیی هەموو دنیا – فرە لایەنی وەک –

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد

هاووڵاتیی ئاسایی و چالاکوانان و ڕێکخراوە حکوومەتییەکان و کۆمپانیاکانی پێوەندی و ڕاژەگوزاری سۆفتوێر و حکوومەتەکانیش - تێیدا چالاکانە بەشداری دەکەن. ئەمەش پرسیارێکی ڕاشکاو ئاراستەی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکا: چۆن ئەو میدیا زۆرەی کۆمەڵایەتی کار لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات و چۆن سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانیش بەرانبەری کار دەداتەوە؟.

لەو دەمەی کە پانتاییی پێوەندی گەورەتر و ئاڵۆزتر و بەشداربووانی پتر دەبێ، تۆڕی دانیشتوان پتر زانیاری وەدەست دەکەوێ و هەلی پتری بۆ دەرەخسێ بۆ ئەوەی لە گوتاری کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکا و بواری ئاسانتریشی بۆ ڕێک دەکەوێ تا هاوپشکیی چالاکی کۆمەڵایەتی بکا. لەلایەنی سیاسییەوەش، وەک ئەوەی کە پرۆتستۆکردنەکەی مانیلا دەری خست، ئەو زێدەبوونەی ئازادییەکان دەتوانێ بە ئاسانی ویستی گشتەوەری بگۆڕێ.

لەو کاتەوە تا ئێستا ستراتیجی پلیپینی گەلێ جاران پێرەو کراوە[٢]. لە هەندێ باردا خۆپێشاندەران لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوون، لە ئیسپانیا لە ٢٠٠٤، کە خۆ پێشاندان بەهۆی پەیامی تەلەفۆنییەوە ڕێک خرا و بە خێرایی خۆزێ ماریا ئازناری سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیایان لە سەر کورسی دەرکرد، چونکە بە نارەوایی ئۆباڵی تەقینەوەکانی مەدریدی بە ئەستۆی جوداخوازەکانی باسک دادا. لە ٢٠٠٩ش، لە مۆڵدۆڤا پرۆتستۆیەکی حەشاماتی بە پەیامی نووسراو و فەیس بووک Facebook و تویتەر Twitterەوە ڕێکخرا و لە ئەنجامدا حزبی شیوعی دەسەڵاتی لە دەست چوو. کڵێسای کاتۆلیکیش لە سەرتاسەری دنیا بێزاری لێ کرا، چونکە شوێنی ئەوانەی کردبووەوە کە منداڵانییان ئەتک کردبوو. پرۆسەکە لە ٢٠٠٢دا دەستی پێ کرد کە دی بۆستن گلۆوب The Boston Globe دەستدرێژییە سێکسییەکانی ناو کڵێسای بڵاو کردەوە و نووچەکەش، وەک ڤایرۆس، لەمیانی چەند سەعاتێکدا هەموو سنوورێکی بەزاند و بڵاو بووەوە.

خۆ نموونەی فرە زۆریش هەنە ئەوە نیشان دەدەن کە چالاکوانەکان هەرەسیان هێناوە، ئەوەی لە ئایاری ٢٠٠٦، لە بێلوڕووس قەوما نموونەی ئەو سەرنەکەوتنە بوو کە پرۆتستۆکانی سەر شەقام (بە هۆی ئیمێڵەوە ڕێک خرا) و لە دژی سەرۆک ئەلێکزاندەر لۆکاشینکۆ ڕژانە سەر شەقامەکان و بیانوویان ئەوە بوو کە سەرۆک ساختەی لە دەنگدانەکەدا کردووە. نارەزایی دەربڕینەکە لۆکاشینکۆی پتر هان دا بۆ ئەوەی میدیای کۆمەڵایەتی وەبن دەستی خۆی بگرێ. لە دەمی خۆپێشاندانەکەی حوزەیرانی ٢٠٠٩ش، کە بزووتنەوەی کەسک لە ئێران کردی، چالاکوانەکان هەموو تەکنۆلۆجیاکانی بەردەستی خۆیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی پرۆتستۆی بە هەڵە ژماردنی دەنگەکانی میر حوسێن مووسەوی بکەن، وەلێ لە کۆتاییدا بە زەبری زۆردار چۆکیان پێ دا. ڕاپەڕینی کراس سوورەکانی تایلاندی ٢٠١٠ بەهەمان ڕێچکۆڵەدا چوو، وەلێ خێراتر: ناقایلەکان زیرەکانە دەگەڵ میدیای کۆمەڵایەتیی نێو شاری بانگکۆکیان گرت، تا حکوومەتی تای بە زەبری کوشتن، بڵاوەی بە پرۆتستۆکاران کرد.

بەکارهێنانی ئامێرەکانی میدیای کۆمەڵایەتی _ وەک پەیامی نووسراو و ئیمێل و گۆڕینەوەی وێنە photo sharing و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان social networking و هاوشێوەیان _ تاکە یەک ئەنجامێکی نییە کە لە پێشوەختەدا بۆی ڕێک خرابێ. بۆیە ئەو کۆششانەی کراون بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی لە کردەوەی سیاسیدا دەستنیشان بکەن فرە کەڕەت بە کورتە چیرۆکێک کۆتاییی هاتووە. ئەگەر ئێوەش نشووستی هێنانی ئەو خۆپێشاندانانەی بێلاڕووسییەکان بۆ دەرکردنی لۆکاشێنکۆ بە کارێکی نایاب بزانن، ئەوە حەتمەن ئەزموونەکەی مۆڵدۆڤییان بەیاخیبوون ناس دەکەن، پێچەوانەکەشی دەگونجێ. ئەستەمیشە ئەنجامی کارێکی ئەزموونگەری لەم بابەتە بزاندرێ، چونکە لە لایەکییەوە ئەم ئامێرانە گەلەک نوێنە و لەلایەکی تریشەوە نموونەی شیاوی فرە دەگمەنن. گونجاوترین بەرجەستەکردنی ئەم هەوڵانەی بەم دواییانە دراون بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە وەڵام بدرێتەوە: ئاخۆ ئامێرە دیجیتاڵەکان، دیموکراسی بەهێز دەکەن؟ (وەک ئەوانەی یاقوب گرۆشێک و فیلیپ هاوەرد) کە دەڵێن ئایا ڕەنگ نییە ئەم ئامێرانە لە ماوەی کورتدا ئازار بگەیەنن و لە ماوەی درێژخایەندا سوودیان ببێ – و بۆیە کاریگەریی ئەوپەڕیان لەو ویلایەتانەدا دەبێ کە کەشی گشتەوەری سنوورێک بۆ کردەوەکانی میری دادەنێ.

لەگەڵ ئەم تۆمارە تێکەڵ و پێکەڵ و لەو دەمەشدا کە زۆربەی حکوومەتە ئۆتۆریتاییەکان و (بەشێوەیەکی ترسناکیش، ژمارەیەکی پتری حکوومەتە دیموکراتییەکان) هەوڵ دەدەن ڕێگەی ئەم ئامێرانە لە خەڵکی بگرن، بەڵام هێشتا میدیای کۆمەڵ ئامێرەکانی ڕێکخستنی نزیکەی هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی دنیا پێک دێنێ. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ڕەوشتەش، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیکردنی "ئازادی ئینەترنێت"ی بە ئەرکێکی خۆی دەزانێ و وەک ئامانجێکی سیاسەتێکی تایبەتیش پێڕەوی دەکات. سیاسەتێکی گونجاوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان کە مکوڕە لەسەر ئەوەی مرۆ بتوانێ بە ئازادی ئینتەرنێت بەکار بێنێ، چونکە لەگەڵ ئەو ئامانجە ستراتیجییەی بەهێزکردنی کۆمەڵی مەدەنی لە سەرتاسەری دنیادا دەگونجێ و هەروەها چونکە لەگەڵ باوڕە ئەمەریکاییەکانی تایبەت بە ئازادی ناو دڵ دەربڕینیش ڕێک دەکەوێ. بەڵام ئەو هەوڵانەی بۆ لغاوکردنی هزرۆکەی ئازادی ئینتەرنێت دەدرێ بۆ ئەوەی تەنیا ئامانجە کورتخایەنەکانی پێ ڕەها بکرێ _ بەتایبەتیش ئەوانەی کە پێوەندییان بە وڵاتێکی تایبەتەوە یان بە یارمەتیدانی گرووپێکی یاخییەوە هەبێ یان هانی گۆڕینی ڕێژیمێک بدا _ ئەمانە لەگینن کە کاریگەر نەبن. جا کە هەرسیش دێنن، بەرئەنجامەکانیان فرە پڕمەترسی دەبن.

هەرچەندە سەربردەی دەرکردنی ئێسترادا و ڕووداوە هاوشێوەکانی تر وای لە چاودێران کرد دا بە چڕی زەینی ئەو هێزە بدەن کە پرۆتستۆی جەماوەری لە ڕووخاندنی حکوومەتاندا هەیەتی و دەسەڵاتی میدیای کۆمەڵایەتی لە پشتیوانیکردنی لە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هاتووە و گۆڕانی کەشی گشتیش بە ساڵ و دە ساڵە دەپێودرێ نەک ئەوە بێ بە حەفتە و بە مانگ بژمێردرێ. پێویستە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئازادی ئینتەرنێت بکاتە ئامانج و بیپارێزێ و

بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بە سیستەمێکی بێ لایەنی بهێڵێتەوە و ڕێ نەدا بکرێتە ئامێرێکی سیاسی بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەوڵەت بە دەوڵەت بپێکێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە پێشکەوتن پەیتا پەیتا دێتە کایەوە و خۆ جێی سەرسوڕمانیش نییە کە لە بن دەستی زۆربەی ڕێژیمە ئۆتۆریتارییەکان (دکتاتۆرییەکان)دا، پێشکەوتن لەسەرەخۆتر دەکرێ.

## مەترسییەکانی ئازادیی ئینتەرنێت

لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠، وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕوونی کردەوە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان هانی ئازادی ئینتەرنێت، لە هەندەران، دەدا. خانمی کلنتن جەختی لە چەند جۆرە ئازادییەک کردەوە، لەوانە ئازادی گەیشتنە زانیارییەکان (وەک ئەوەی بتوانی لەناو ئێران ویکیپیدیا و گۆگڵ بە کار بێنن) و ئازادیی هاووڵاتیی سادە بۆ ئەوەی بتوانێ میدیای گشتی خۆیان وەبەرهەم بێنن (وەک ئەوەی چالاکوانانی بێرمی بتوانن بلۆگ[٣] بوەشێنن) و ئازادی هاووڵاتییان بۆ ئەوە بتوانن لەگەڵ یەکتریدا بئاخێون (وەک ئەوەی گشتەوەری چینی بتوانن بێ دەست تێوەردان پەیامی دەمودەستە بۆ یەکتری بنێرن).

لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوە بوو کە کلنتن جاڕی دا داراییی پێویست بۆ پێشخستنی ئەو ئامێرانە تەرخان دەکات کە بۆ ئەوە ڕێک خراون تا دووبارە ئینتەرنێت لەو وڵاتانەدا بکەنەوە کە ئینتەرنێتیان قەدەخە کردووە. ئەم ڕێبازە گرینگەی تایبەت بە ئازادی ئینتەرنێت تەرکیز لەوە دەکات کە نەهێلێ دەوڵەتان چاودێری تۆڕە دەرەکییەکانی وەک گۆگڵ Google و یوتیوب You-Tube و دی نیویۆرک تایمز The New York Times بکەن. ئەم پلانە بەشێوەیەکی لاوەکی بایەخ بە گوتاری هاووڵاتییان دەدات و هێشتا لەمەش کەمتر گوێ بەو میدیا دیجیتاڵە دەدا کە بۆ مەبەستی کەسێتی یان کۆمەڵایەتی بەکار دێ. بەپێی ئەم بۆچوونە، واشنتن دەتوانێ و لە سەریشی پێویستە وەڵامی بە پەلە و ڕاستەخۆی ئەو چاودێریکردنانە بداتەوە کە ڕژیمە ئۆتۆریتارییەکان دەیکەن.

دیدی گۆڕانکاری لە ڕێگەی ئامێر لەلایەنی سیاسییەوە سەرنجڕاکێشە و کارایە، بەڵام زۆربەی بە مسۆگەری هەڵەیە. ئەم بۆچوونە هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە نرخە ڕاستەکەی خۆی بەهادارتر هەڵدەسەنگێنێ، کەچی ئەو میدیایەی بوار بە هاووڵاتییان دەدا تا بە نهێنی پێوەندی لە نێوان خۆیاندا بکەن، لە خۆی کەم بەهاتری دەخەملێنێ. بەهای گەیشتنە زانیارییەکان لە خۆی بەهادارتر دەناسێ، بەتایبەتیش ئەو زانیارییانەی لە ڕۆئاوادا کراوە، کەچی بەهای ئەو ئامێرانەی بۆ ڕێکخستنی ناوەخۆ بەکار دێ، لە بەهایە ڕاستییەکەی خۆی کەمتر دەخەملێنێ. لە هەمان کاتیشدا لە بەها ڕاستییەکەی پتر، بایەخ بە کۆمپیوتەر دەدا و هەر لەو دەمەیشدا گرینگییەتی ئامێرە سادەترەکانی وەک تەلەفۆنی مۆبایل کەمتر لە خۆی دەنرخێنێ.

ڕەنگە ڕێبازی گۆڕانکاری لە ڕێگەی ئامێریش مەترسی هەبێ. زەینی ئەو هەرەسهێنانە

سەرتاسەرییە بدە کە تووشی پێشنیازی بە فێڵ چاودێریکردنی ناسراو بە هێیستاک Haystack هات. بە قسەی ئەو کەسەی هێیستاکی داهێناوە بۆ ئەوە بووە تا "یەک بە یەک چاودێری ئەو ڕۆکارانە بکا کە ڕێژیمی (ئێرانی) بۆ چاودێری پیادەیان دەکات." لە واشنتن، زۆریان بە ئامێرەکەدا هەڵگوت و تەنانەت حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانیش ڕێی دا بۆ ئەوەی هەناردەی دەرەوە بکرێ. بەڵام پرۆگرامەکە هەرگیز بە چاکی تاقی نەکرابووەوە و کە پسپۆڕانی ئاسایش تاقییان کردەوە، بۆیان دەرکەوت کە سیستەمەکە نەک هەر تەنیا نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بۆ شاردنەوەی پەیامەکان لە حکوومەتان بپێکێ، بگرە بە قسەی توێژەوانێک وای کرد کە، "دوژمن بتوانێ بەکارهێنەرانیشی بدۆزێتەوە." بەپێچەوانەشیەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانییەکی کەمی لە فریگێیت Freegate کرد کە یەکێک لە سەرکەوتووترین پرۆگرامی سۆفتوێری دژی چاودێریکردنە، چونکە لەلایەکەوە بەهۆی دواکەوتنی کاری ئاسایی بیورۆکراتی و لەلایەکی تریشەوە، چونکە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان وشیارە نەکا پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و چین بشێوێنێ: ئامێرەکە لە بنەڕەتدا فالون گۆنگ دروستی کردبوو، ئەو فالون گۆنگە بزووتنەوەیەکی ڕوحییە و حکوومەتی چینی بە [مەزەبی شەیتان] ناویان دێنێ. ئەو ڕکەبەرییەی فریگێیت و هێیستاک تووشی بوون ئەوە بەدەر دەخات کە چەند ئەستەمە بتوانی میدیای کۆمەڵایەتی بکەیە چەک تا ئامانجە سیاسییە نزیکخایەنەکانی تایبەت بە وڵاتێکی دیار وەدەست بێنی.

ئەو ڕێ ئاسانییەی میدیای نوێ بۆ باشتر پشکداریکردن دەیکا، بە ڕاستی دەتوانێ وەک چاپەمەنی و ڕاژەگوزاری پۆستە و تێلیگراف و تەلەفۆن پێشتر چۆن پێشکێشیان کردبوو، ئەمەش ئاوا ئەو ئازادییانە ڕەها بکا کە کلنتن ناوی بردن. یەک لەو نیگەرانییانەی سەبارەت بە هزرۆکەی بەکارهێنانی میدیای نوێ ئەوەیە کە هەرکێ هەڵدەستێتەوە بە ئاسانی بۆ مەبەستی بازرگانی و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕابواردن بەکاری دێنێ، بەڵام خۆ ئەمە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن دەگونجێ. لە ١٥٠٠ەکاندا، ئەوانەی کە ڕۆمانی مێبازی و نێربازییان دەخوێندەوە گەلەک لەوانە پتر بوون کە "نەوەت و پێنج توێژینەوەی زانستی Ninety-five "Theses یەکەی مارتن لوپهریان دەخوێندەوە و پێش شۆڕشە ئەمەریکاییش ئەوانەی کە [ئالماناکی ڕیچەردی هەژار Poor Rich-ard's Almanack]یان دەخوێندە هەژماریان گەلە لە هەژماری ئەوانە فرەتر بوو کە کاری کۆمیتەکانی نوێنەران Committees of Correspondence یان دەخوێندەوە. وەلێ ئەو کارە سیاسییانە هێشتا کاریگەریی سیاسی بێ ئەندازەیان هەر ماوە.

چۆن لوثەر پشتی بە چاپخانە نوێیە کارامەکانی بەست بۆ ئەوەی بەرهەڵستی کلێسای کاتۆلیکی بکا و چۆن شۆڕقانە ئەمەریکاییەکان هزری خۆیانیان بەهۆی بەکارهێنانی ڕاژەگوزاری پۆستە، کە بنیامین فرانکلن پێشتر ڕێکی خستبوو، نوێ و بڵاو کردەوە، ئەمڕۆش بزووتنەوە یاخییەکان بەهەمان شێوە هەموو هۆیەکی گونجاو بەکار دێنن بۆ ئەوەی هزر و بۆ چوونەکانیان لە

چوارچێوە بگرن و چالاکییەکانیان ڕێک بخەن. هەرگیز ناگونجێ باسی دۆڕاندنی حزبی شیوعی مۆلدۆڤی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ دا بکەین بێ ئەوەی ئاماژە بۆ بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل و ئامێرەکانی هێڵی ئینتەرنێت بکەین کە بەرهەڵستکارانی بەکاریان هێنا. حکوومەتە ئۆتۆریتارییەکان پێوەندی لە نێوان هاوولاتییانی خۆیدا دەخنکێنێ، چونکە، بە ڕاستی، دەترسێ، کە ئەگەر دانیشتوان باشتر ڕێک بخرێن ئەو کات دەتوانن کردەوەکانی خۆیان بکەن و کەسیش ناتوانێ چاودێرییان بکا.

هەرچەندە ئەم ڕاستیە بنچینەییە _ کە ئازادی پێوەندیکاری بۆ ئازادی سیاسی باشە– بەڵام هێشتا ڕێبازە ئامێر ئامێزەکە گرفت بەندە. چونکە ئەستەمە مرۆیە دەرەکییەکان بتوانن لە بەرهەڵستی ناوەخۆیی بگەن. هەر پشتیوانی لێکردنێکی بیانیش، جا با بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئاشتیش بێ، هەر مەترسی خۆی لێ دەکرێ، چونکی کەسانێکی بیانی ئاراستەی پشتیوانی کردنەکە دەکەن. دەشێ بەرهەڵستکاران ڕووبەڕووی کرداری ئاوا ببنەوە کە پێشتر نەکراوە. خواستی حکوومەتەکان لە ئازادی ئینتەرنێت لە هەندەران، ولاتێکەوە بۆ ولاتێک دەگۆڕێ و ئەمەش بە گرینگی پێوەندی نێوان هەردوو لادا بەندە و هۆیەکانیشی بە زۆری دەبنە هۆی ئەوەی کە گاڵتەجاڕی بە خواستەکە بکرێ.

ئەوەی دڵخۆشکەرە کاتێک کە بیر لە میدیای کۆمەلایەتی دەکەینەوە، ئەوەیە کە ئامێری دوورخایەن پێک دێن و دەتوانن کۆمەڵگەی سڤیل و کەشی گشتی بەهێز بکەن. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە بیانوو بە ئازادی ئینتەرنێت دەگرن، دەشێ ناوی بۆچوونی "ژینگەیی "لەمە بنێین. بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە، گۆڕانکاریی باش لە ژیانی هەر ولاتێک، بە گۆڕانی ڕێژیم بۆ بەرەو دیموکراسی بردنیشەوە، لە پاش گۆڕانێکی بە هێزی کەشی گشتی دێت نەک ئەوەی کە لە پێشیدا ڕوو بدا. ئەمە بۆ ئەوە نییە بلێی کە بزووتنەوە جەماوەرییەکان نەتوانن لە داهاتوودا، بە سەرکەوتوویی ئەم ئامێرانە بە مەبەستی ڕێکخستن یان تەنانەت بۆ ڕووخاندنی حکوومەتەکانیان بەکار بێنن، بگرە زێتر بۆ ئەوەیە کە هەوڵەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ ئاراستەکردنی ئەم بەکارهێنانانە ڕەنگە پتر زیانی لێ بکەوێتەوە نەک چاکەی بە دواوەدا بێ. لەبەر ئەم ڕۆشناییەدا وەدەردەکەوێ کە ئازادی ئینتەرنێت گەمەیەکی دوور و درێژە کە دەبێ ڕەچاو بکرێ و بەو لایەنەیەوە پشتیوانی بکرێ کە ئەجێندایەکی جودای هەیە و هەر بە تەنیا دەروازەیەکی نوێ نییە بخرێتە سەر ئەو ئازادییە سیاسییە بنەڕەتییانەی کە لە پێشتردا هەبوون.

## شانۆی دارمان

هەر مشتومڕێکی سەبارەت بە کارێکی سیاسی لە ڕێژیمێکی سەرکوتکاردا بکرێ، پێویستە ئەو ڕووخانە لە نەکاوەی شیوعییەکانی ئەوروپای ڕۆهەلات لە ١٩٨٩ بەهەند هەڵبگرێ و پاشتریش داتەپینی یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا ڕەچاو بکا. بە درێژاییی سالانی شەڕێ سارد، ولاتە

یەککگرتووەکان گەلێک خۆی بە پێشخستنی ئامێرەکانی گەیاندنەوە ماندوو کرد، لەوانە وێستگەی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکای خستە کار و دیوەخانێکی ئەمەریکایی لە مۆسکۆدا کردەوە [لەو دیوەخانەیەدا بوو نیکسن و خرۆچۆڤ "دەودەوانێیەکەی ناو ناندین"یان کرد] و چەندان ئامێرە زیرۆکس بە قاچاغ گەیەندرایە ئەودیوی پەردەی ئاسنین بۆ ئەوەی یارمەتی چاپەمەنی نهێنی یان سامزدات samizdat بدا. لەگەڵ ئەم هەموو بایەخەی بە پێوەندییەکان درا هێشتا خۆ کۆتایی شەڕی سارد لە ئەنجامی ڕاپەڕینی بیستەرە یاخیبووەکانی دەنگی ئەمەریکا نەهات، بگرە بەهۆی گۆڕانی ئابوورییەوە بوو. کە نرخی نەوت دابەزی و بەهای گەنم هەستا، ئیتر بواری ئەوە نەما سۆڤیەت نەوت بە گران بفرۆشێ و دانەوێڵە بە هەرزانی بکڕێ. لە ئەنجامدا، کرێملن ناچار بوو قەرد لە ڕۆئاوا وەربگرێ، ئەگەر حکوومەتیش لە ڕێی سەربازییەوە دەستی لە کاروباری دەوڵەتە نا ـ ڕووسیاییەکان وەربدایە، قەردەکان تووشی مەترسی دەهاتن و ڕەنگبوو پێی نەدرابا. لە ١٩٨٩، دەشێ بڵێین توانستی هاوولاتییان بۆ پێوەندیکردن تا ڕادەیەکی زۆر نەدەگونجا، چونکە بەپێچەوانەی هێزی ئابووری ئەوانەوە بوو.

بەڵام کە وا بوو، ئاخۆ بۆچی ئەو دەوڵەتانەی لە پەنای پەردەی ئاسنیدا بوون، ڕێگەیان نەدا کە گەلەکانیان لە برسانا بمرن؟ لە پاش هەموو شتێک، دەرکەوت ئەوەی دەگوترا کە هەموو ولاتێک تەنیا سێ ژەم خواردن لە شۆڕشدا، دوور بوو، لە سەدەی بیستەمیندا زۆر بە نادروست دەرچوو و دەرکەوت کە تەنانەت با ملیۆنەها کەسیش لە برساندا بمرن، هێشتاش سەرکردەکان هەر دەتوانن لێی دەرچن. لە ١٩٣٠یەکاندا ستالین ئەمەی کرد و لە ١٩٦٠ەکانیشدا [ماو] و لەم دوو دە ساڵەی دواییشدا، کم ژۆنگ ئیل وەسای بۆی چووە سەر. بەڵام جیاوازی نێوان ئەم کێشانە ئەوە بوو کە سەرکردەکانی ئاڵمانیای ڕۆهەلات و چێکۆسلۆڤاکیا و ئەوانی تریش، ڕووبەڕووی ئەو کۆمەڵگەیانەیان بوونەوە کە هێندە بەهێز بوون تا بتوانن بەرگە بگرن. خۆپێشاندانەکانی هەموو حەفتەیەک لە ئەڵمانیای ڕۆهەلات دەکرا و بەڵگەنامەی ٧٧ی بزووتنەوەی مەدەنی لە چێکۆسلۆڤاکیا و بزووتنەوەی هاریکاری Solidarity لە پۆلۆنیا بە ڕەهایی بە حکوومەتەکانیان نیشان دا کە دەتوانن چاوەڕێ بن.

ئەم گرووپانە توانییان بە ئامێرە ساکارەکانی کۆپیکردن، دۆکیومێنتێکی ئەدەبی و سیاسی ئاوەها دابهێنن کە جێی ڕێژیمە کۆمیونیستەکانی گرتەوە. ئیفلاسبوونی سیاسی و لەویش گرینگتر ئیفلاسبوونی ئابووری ئەو ولاتانە چیی تر لە کن کۆمەڵێکی زۆری هاوولاتییەکانیان شاردراوە نەبوو، بگرە لەلایان بووبووە حەقیقەت و ئیتر لە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمانە نەما فەرمانی هێزە سەربازییەکانیان بدەن تا بەرەنگاری ئەو هێزە زەبەلاحەی گەل ببنەوە.

بەم چەشنە، پارسەنگی هێزی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی نەما و بووە هۆی ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان بە ئاشتییانە کۆنترۆڵ لە دەست بدەن و بڕووخێن. دەوڵەت ئەو توانایەی نەما هێز بەکار بێنێ. کۆمەڵگەی مەدەنیش کە پێشتر بەرگەی توندوتیژیی میری گرتبوو بەهێزتر بووبوو. کە

کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرکەوت، زۆر لەو کەسایەتییانەی بەرهەڵستی ڕێژیمە کۆمۆنیستییەکانیان دەکرد، سەرکردایەتی سیاسی ئەو وڵاتانەیان وەرگرت. لە پۆلاندە تادوژ مازۆویسکی و لە چێکۆسلۆڤاکیاش ڤاسلاڤ هاڤێل وەدەر کەوتن. ئامێرەکانی گەیاندن لە سەردەمی شەڕی ساردا حکوومەتەکانیان نەڕووخاندن، وەلێ یارمەتیی خەڵکییان دا بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەوڵەت وەربگرن لە کاتێکدا کە دەوڵەتەکە لاواز بوو.

ئەو هزرۆکەیەی کە دەڵێ میدیا، هەر لە دەنگی ئەمەریکاوەڕا تا دەگاتە سامزدات، ڕۆڵی پشتیوانی لێکردن لە گۆڕانی کۆمەڵ دەکات و ئەمەش لە ڕێگەی بەهێزکردنی کەشی گشتییەوە دێت، ئەمە ڕۆڵی مێژوویی چاپخانەکان دووبارە دەکاتەوە. لەم بارەیەشەوە، فەیلەسووفی ئەڵمانی جێرگن هابرماس لە کتێبەکەی ١٩٦٢ی بە نێوی The Structural Transformation of the Public Sphere گۆڕانی پەیکەرەی کەشی گشتیدا باس لەوە دەکات کە چاپخانەکان بواری مشتومڕ و ڕێککەوتنیان لە نێوان ئەو هاوولاتییانەدا خۆش کرد کە تێهەڵچووی سیاسەت بوون و ئەمەش ئەوروپای دیموکراتیزە کرد بەر لەوەی دەوڵەتەکان دیموکراتیزە ببن. پاشتر زانایانی وەک ئاسا بریگز و ئێلیزابێت ئێنشتاین و پۆوڵ ستار، پەرەیان بەم بینەوبەردەیە دا.

پێویستە ئازادی سیاسی شان بەشانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی وەسا بڕوا کە بایی هێندە خوێندەوار بێ و بایی ئەوەش پێوەندی توندی بە یەکەوە هەبێ تا بتوانێ ئەو کێشانەی دێتە بەردەست، تاووتوێیان بکا. لە توێژینەوەیەکی ناودار کە هەردووک کۆمەڵناس ئێلیهو کاتز و پۆوڵ لازارسفیڵد، لە دوای هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی وڵاتە یەککگرتووەکان لە ١٩٤٨دا کردیان، بۆیان دەرکەوت کە میدیای جەماوەری بە تاقی تەنیا مێشکی خەڵکی ناگۆڕێ، بەڵکو لە بری ئەودا، پرۆسەیەکی دوو بڕگەیی هەیە. میدیا، یەکەم جار، هزر و بۆچوونەکان دەگوازێتەوە و ئینجا پاشان برادەران و ئەندامانی خێزان و ناسیاران، لەنێو خۆیاندا تەتەڵەی دەکەن. لەم هەنگاوەی دووەمینەدایە کە هەنگاوێکی کۆمەلایەتییە، هزرە سیاسییەکانی تێدا دروست دەبن. ئا لەم هەنگاوەدایە کە ئینتەرنێت بە گشتی و میدیای کۆمەلایەتیش بەتایبەتی، دەتوانن شت بگۆڕن. ئینتەرنێتیش وەک چاپخانە، بەتەنیا بەکاربردنی میدیا بڵاو ناکاتەوە، بگرە میدیاش وەبەرهەم دێنێ. ڕێگە بۆ خەڵکی خۆش دەکات بۆ ئەوەی بەنهێنی و بە ئاشکراش بە دەستە هزر و بۆچوونی جودا دەرببڕێ و تاووتوێشیان بکا.

کەشێکی گشتی پێشکەوتوو، لەو شوێنەی کە ڕای گشتی پشت بە میدیا و بە دەمەتەقێ دەبەستێ و لەسەرەخۆ گەشە دەکات، ناووکی بۆچوونی ژینگەی ئازادی ئینتەرنێت پێک دێنێ. بیرۆکەی ژینگەیی بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکە خۆ بە گەورە زانینەیە کە دەڵێ ڕۆئاوا کلیلەی سەرچاوەی دیموکراسی هەڵگرتووە _ و ئەگەر بکرابا و ئەو دەوڵەتە ئۆتۆکراتانەی کە تا ئێستاش هەر ماون برماابان _ ئەم بیرۆکەیە وا دەخەملێنێ کە بەپێی بڵاو کردنەوە و پشتگرتنی هزر و بۆچوونەکان، گۆڕانکارییەکی کەم لە کەشی گشتیدا پەیدا دەبێ. لەلایەنی سیاسییەوەش، گەیشتن

بە زانیارییەکان، زۆر گرینگی لە گەیشتن بە دەمەتەقێ کەمترە. سەرباری ئەمەش، زۆر لەگینە کەشێکی گشتی لە ئەنجامی ناقایلبوونی خەڵکی لە کێشە ئابوورییەکان یان لە شێوەی بەڕێوەچوونی ڕۆژانەدا پەیدا ببێ نەک لە پەیڕەوکردنی هزرە سیاسییە ڕووتەکانەوە سەرهەڵبدات.

با تەماشای نموونەیەکی زیندوو بکەین، حکوومەتی چینی ئێستا مەترسییەکی گەورەتری لە خواستەکانی یوگۆر و تێبینییەکانی داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، لە سەردا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە چینی ناوەندی زۆرینەی هان Hanەکان دەیانەوێ ناچاری بکەن بۆ ئەوەی ستانداردەکانی دیموکراسی پێڕەو بکا و گەندەڵی حکوومەتە ناوەخۆییەکانیش کەمتر بکەنەوە. بە هەر هەمان شێوەش، بانگێشتەی یەک ملیۆن واژوو، کە ڕێکخراوێکی ئافرەتانی ئێرانییە و جەخت لەسەر پووچەڵکردنەوەی ئەو یاسایانە دەکات کە دژی ژنانن، تا ئێستا، لە بە لیبراڵ کردنی ڕەوشتی حکوومەتی ئێرانی ، زۆر لە بزووتنەوەی کەسکی بەرهەڵستکار سەرکەوتووتر بووە.

بۆ ئەوانەی بە گەشبینی چاودێری خۆپێشاندانەکان دەکەن، ئەمە ڕێگەچارەیەکی لاوازە، وەلێ کاری ئەزموونی و هیی هزرینیش وەسا نیشان دەدەن کە خۆنیشاندانەکان، ئەگەر هەبن، کۆتایی بە پرۆسەیەکی درێژخایەن دێنن، نەک شوێنی پرۆسەکە دەگرنەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانیش بۆ ئەوەی بە ڕاستی پابەندی چاککردنی ئازادیی سیاسی لە هەموو دنیادا ببێ، پێویستە لە سەری جەخت لە سەر ئەو پرۆسەیە بکا کە تەنیا لەنێو کەشێکی گشتیی بەهێزدا سەرهەڵدەدات.

## گرفتی پارێزگارەکان

ئەو گرووپانەی بە ڕێکوپێکی کار دەکەن و کارەکانیشیان بە چاکی ڕێک دەخەن، جا چ کارگوزار بن یان چ حکوومەتەکان بن، هەموو کات ئیشەکانیان لە ئەوانەی ناڕێکن باشتر بەڕێوە دەچێ: زووتر لە کاری بە کۆمەڵ دەئاڵێن چونکە ڕێی خۆیان دەناسن و دەزانن ئەندامەکانی خۆیان بە چ ئاراستەیەکدا ببەن. میدیای کۆمەڵ دەتوانێ قەرەبووی ناڕێکی ئەو گرووپانە بداتەوە و بەهای ڕێکخستنیانیش کەم بکاتەوە. بزووتنەوەی دژە ئیسترادا لە پلیپین ڕێگەیەکی ئاسانی بۆ ناردنی دەقی پەیامەکان بەکار هێنا بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی خەڵک کۆ بکاتەوە بێ ئەوەی نە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنێکی ستاندارد و نە پێویستیشی بە کات بێ. لە ئەنجامی ئەمەدا، گرووپە دۆڕاوە گەورەکان دەتوانن ئێستا کارەکانیان بە جۆرێک رێک بخەن و بزووتنەوە پرۆتستۆئامێزەکانیان یەک بخەن هەڵمەتی میدیای جەماوەری ئاوا بحەلێنن کە پێشتر تەنیا ڕێکخراوە فەرمییەکان دەیانتوانی بیکەن. سەبارەت بە بزووتنەوە سیاسییەکانیش، شێوەیەکی سەرەکی خۆ ڕێکخستنیان ئەوەیە کە عەسکەر پێی دەڵێن [وریایی گشتی shared awareness] ئەویش بریتییە لە توانستی هەر تاکە ئەندامێکی هەر گرووپێک بۆ ئەوەی نەک هەر تەنیا لە بارودۆخە بەردەستەکان تێ بگا، بەڵکو ئەوەش تێ بگا کە هەموو ئەوانی تریش وەک خۆی ئاسا تێ دەگەن. میدیای کۆمەڵ بەهۆی بڵاوکردنەوەی پەیامان بە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، وریایی گشتی پتر دەکا. ئەو پرۆتستۆیانەی

لە ئیسپانیا، لە دژی ئازنار کران، زۆر بە خێرایی بە ئەوپەڕ گەیشت، چونکە ئەو ملیۆنەها کەسانەی پەیامەکانیان پەخش دەکرد سەر بەهیچ ڕێکخراوێکی هەرەمی نەبوون.

ئەو پرۆتستۆکارییانەی لە دژی گەندەڵی لە چین کران، لە پاش ئەو بوومەلەرزە کوشندەیەی ئایاری ۲۰۰۸ دا کرا کە لە سیچوان ڕووی دا، ئەوانیش نموونەیەکی تری ئەو ڕێکخستنە وێکڕاییەنە. پرۆتستۆکاران لە داباوکان پێک هاتبوون، بەتایبەتیش ئەو دایکانە بوون کە تاقانەکانیان لەو قوتابخانانەدا لە دەست دابوون کە لە ئەنجامی پیلانە خراپەکانی نێوان کۆمپانیاکانی بناسازی و حکوومەتە لۆکاڵەکانەوە، بە خراپی قیت کرابوون. بەر لە زەمینلەرزەکە، گەندەڵی لە پیشەی تەلارسازیدا نهێنییەکی ئاشکرا بوو. بەڵام کە قوتابخانەکان ڕمان، هاووڵاتییان دەستیان پێ کرد لەنێو خۆیاندا بەڵگەکانی زیانەکان و پرۆتستۆکارییەکانیان بەهۆی ئامێرەکانی میدیای کۆمەڵ بڵاو بکەنەوە. ئەنجامەکانی گەندەڵی میری بە ڕاشکاوی وەدەرکەوت و لە نهێنییەکی ئاشکراوە گۆڕا و شێوەی هەقیقەتێکی گشتیی وەرگرت.

لە سەرەتادا، حکوومەتی چینی ڕێگەی دا تا ئەو ڕاپۆرتانە بڵاو ببنەوە کە سەبارەت بە پرۆتستۆکانی پاش زەمینلەرزەکە کران، بەڵام کە وەدەرکەوت خۆپێشاندەران داوای چاکسازی ڕاستەقینەی ناوخۆیان دەکرد و هەر خواستی قەرەبووکردنەوەیان نەبوو، ئیتر لە حوزەیران، کتوپڕ لە بڕیارەکەی خۆی پاشکەز بووەوە و هێزەکانی ئاسایش دەستیان پێ کرد خۆپێشاندەران بگرن و هەڕەشە لە ڕۆنامەوانان بکەن. بە بۆچوونی حکوومەت هەڕەشەکە لەوەدا نەبوو کە هاووڵاتییان لە گەندەڵی وەئاگا هاتن، چونکە لە ماوەیەکی کورتخایەندا، حکوومەت هیچی پێ نەدەکرا تا بیکات. بێیژینگ لە شیمانەی کاریگەرییەکانی دەترسا ئەگەر ئەم ئاگەدارییە بڵاو ببووایەتەوەوە: جا یان دەبوو چاکسازییەکەی بکردایە یانیش بەشێوەیەک وەڵامی بداتەوە کە ڕەنگبوو ژمارەی پتری هاووڵاتییانی وشت بکردایە. لە دوای هەموو شتێکیشدا، بەر بڵاوی تەلەفۆنی بە کامیرا نەیهێشت حکوومەت بتوانێ توندتر و بەربڵاوتر خۆنیشاندەران سەرکوت بکا بێ ئەوەی بە بەڵگە نیشان نەدرێ.

ئەم مەرجەی وریایی گشتییە کە لە هەموو دەوڵەتێکی هاوچەرخدا بە چاکی دیارە، گرفتی دیکتاتۆر the dictator's dilemma پەیدا دەکا، ڕەنگە پسپۆڕی ڕۆژنامەوانی (بریگز) وردتر وەسفی کردبێ کە دەڵێ: گرفتی پارێزگاران [the conservative dilemma] و بۆ ئەمەش ئەو ناوەی لێ ناو چونکە هەر تەنیا لەگەڵ ئۆتۆکراتەکان ناگۆنجێ، بەشکو لەگەڵ حکوومەتە دیموکراتەکان و سەرکردە ئاینی و پیشەوەرانیش دەحەلێ. گرفتەکە لە میدیای تازەوە سەری هەڵداوە چونکە ئەو میدیایە ڕێگەی ئاسان کردووە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بە ئاسانی بتوانێ گوتار بخوێنێتەوە و کۆبوونەوەش بکا. لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئەم میدیایەشدا بە فۆتۆکپیەر و ئینتەرنێتەوەش، ئەو دەوڵەتەی لێ ڕاهاتبوو کە خۆی قۆرغی گوتاری گشتی بکا، ئێستێکە ناچارە بایەخ بەو جیاوازییە بدا کە لە نێوان بۆچوونەکانی خۆی و هزری گشتیدا پەیدا دەبێ. دوو

وەڵامدانەوەکەی گرفتی پارێزگاران چاودێریکردن و پاگەندەکردنە. بەڵام هیچ کام لەمانە هەندەی ئەوەندە کاریگەر نییە کە هاووڵاتییان دەمکوت بکەی. دەوڵەت یان سێنسەری ڕەخنەکان دەکات یانیش پاگەندەی پێویست بۆ خۆی دەکات، بەڵام ئەم هەردوو کردەوانە سەربارییان لە بن بارییان گرانترە و لەوە بەهادارترن کە هیچ ڕەخنەگرێکی نەبێ تا بێدەنگی بکا یان خێرا وەڵامی بداتەوە. بەڵام ئەگەر حکوومەت هەستا ئینتەرنێتی داخست یان مۆبایل فۆنی قەدەخە کرد، مەترسی پەیدابوونی توندڕۆیی لە دژی هاووڵاتییە لایەنگرەکانی حکوومەتی لێ دەکرێ یان زیان بە ئابووری دەگەیەنێ.

گرفتی پارێزگاران لە بەشێکیدا بە هۆی ئەوەوە پەیدا دەبێ کە گوتاری سیاسی و گوتاری ناسیاسی هێندە لە یەکترییەوە دوور نینە. زۆربەی ئەو کچە هەرزەکارە کۆرییانەی کە لە باخی چیۆنگیچیۆنی سیۆڵی، لە ٢٠٠٨ دا هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی ناقایلی خۆیان لە هاوردەکردنی گۆشتی گای لە وڵاتە یەککگرتووەکان دەرببڕن، بەهۆی ئەو مشتومڕەوە توندڕۆ کرابوون کە لەسەر ماڵپەڕیی تایبەتیی دۆنگ بانگ شن کی (دبشک)، کە باندێکی کوڕانی کۆریای باشوورە کرابوو. دبشک گرووپێکی سیاسی نییە و خۆپێشاندەرانیش ئاکتەری سیاسی دیار نەبوون. وەلێ ئەو کۆمەڵەی سەر ئینتەرنێت کە نزیکەی ٨٠٠,٠٠٠ ئەندامی هەیە، هەنگاوی دووەمی لە پرۆسە دوو هەنگاوییەکەی کاتز و لازارسفێڵدی گەورە کرد، ئەمەش بەوەوە هاتە کایەوە کە ڕێگەی بە ئەندامەکانی خۆی دا تا لە ڕێگەی وتوێژەوە، هزرەهای سیاسی دروست بکەن.

نەریتی گشتیش لەلای خۆیەوەڕا، لە ڕێی شاردنەوەی پتر بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵ بۆ مەبەستی سیاسی، گرفتی پارێزگاران گەورە دەکات. ئەو ئامێرانەی کە بەتایبەتی بۆ بەکارهێنانی یاخییان ڕێکخراون، لەلایەنی سیاسییەوە، دەوڵەت دەتوانێ بە ئاسانی دایان بخات، کەچی ئەو ئامێرانەی بە بەرفرەوانی دێنە بەکارهێنان، زۆر بە ئەستەمتر سێنسەر دەکرێن بێ ئەوەی مەترسییان لێ بکرێ کە کۆمەڵانی گەورەتر بەرەو سیاسەت نەبەن کە پێشتر فرییان بەسەر سیاسەتەوە نەبووە. سەرۆکی ناوەندی هارڤاردز بێکمەن بۆ ئینتەرنێت و کۆمەڵ، ئیتان زوکەرمەن ئەمە بە هزربەندی کتکە نەرموڵەی چالاکی نمرەیی the cute cat theory of digital activism. ئەو ئامێرە تایبەتانەی بۆ ئەوە دروست کراون تا سێنسەرگەری حکوومەت ببەزێنن (وەک سێرڤەرەکانی پرۆکسی)[٤] دەشێ بەپێی سزایەکی سیاسی سووکەوە دابخرێن، بەڵام ئامێرە فرەوانترکان کە خەڵکانێکی زۆرتر بەکاریان دێنن و وێنەی پشیلە نەرموڵەکان وێکڕا دەبینن، ئەمانە بە ئەستەمتر دادەخرێن.

لەبەر ئەم هۆیانەیە کە خۆخەریککردن بە میدیای کۆمەڵ، بەگشتی، بە کارێکی ژیرانەتر لەوە دەناسرێ کە بچی خۆت بە ئامێرە هەرە سیاسییەکانەوە خەریک بکەی بۆ ئەوەی حوکمڕانیی خۆت بەهێز بێ. شێوەی گوتاری ئازاد لە بنەڕەتدا سیاسییە و لەوە دوورە هەموو دنیا لێی پشکدار بێ. کە وڵاتە یەکگرتووەکان گوتاری ئازاد دەکاتە ئامانجی هەرە سەرەوەی خۆی، دەبێ ڕەچاوی ئەوەش

بکا کە ئەو ئامانجەی لە وڵاتە هاوپەیمانە دیموکراتییەکانیشی جێی دەبێتەوە و جێبوونەوەکەشی لە وڵاتە هاوپەیمانە نادیموکراتییەکانی کەمتر دەبێ و هێشتا کەمتریش لە وڵاتە نادیموکراتەکانی کە هاوپەیمانی نین پێشوازیی لێ دەکرێ. بەڵام نزیکەی هەموو وڵاتانی دنیا دەیانەوێ ئابوورییان گەشە بکا. چونکە حکوومەتەکان ئەو گەشەکردنە دەخەنە مەترسییەوە کاتێ کە ئەو تەکنۆلۆجییانە قەدەخە دەکەن کە دەشێ بۆ هەر دوو مەبەستی ڕێکخستنی سیاسی و ئابووری وەکار بێن، بۆیە پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکان دەست بداتە بەر هاندەرە ئابوورییەکانی وڵاتان تا بهێڵێ بە بەربڵاوی میدیا بەکار بێ. واتا، حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ کار بۆ ئەو مەرجانە بکا کە گرفتی پارێزەکان گەورەتر دەکەن و دەخوازن دەوڵەتان قازانج بکەن نەک هەر باسی چاکی ئازادی بکەن، وەک ڕێگەیەک بۆ ئەوەی کەشێکی گشتی بەهێز لە وڵاتدا یان دابهێنێ یان بەهێزی بکا.

گومان لێکردن لە میدیای کۆمەڵ

بەگشتی، دوو مشتومڕ لە دژی ئەو هزرۆکەیە هەیە کە دەڵێ میدیای کۆمەڵ سیاسەتی نەتەوەیی دەگۆڕێ. یەکەمیان ئەوەیە کە ئامێرەکان بە خۆیان کاریگەر نینە و دووەمیشیان ئەوەیە کە چەند خراپییان بۆ دیموکراتیزەکردن هەیە، هەندەش چاکەیان بۆی دەبێ، چونکە حکوومەتە سەرکوتکارەکان لە بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە شارەزاتر دەبن بۆ ئەوەی یاخییان پێیان سەرکوت بکەن.

ئەوانەی ڕەخنە لە ناکاریگەریی دەگرن، یەکێکیان ماڵکۆڵم گلادویلە کە بەم دواییانە پێشنیارێکی[٤] لە دی نیویۆرکەر The New Yorker دا بڵاو کردەوە و تێیدا تەرکیز لەسەر ئەوانە دەکات کە بە زاراوەی (سلاکتیڤیزم slacktivism)[٥] ناوی لێ نراوە و لەوێ پشکداران دەیانەوێ بە هۆی چالاکی هەرزانبەها گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن، وەک ئەوەی بچن لە فێیس بووک Facebook پێوەندی بە گرووپی سەیڤ دارفور Save Darfurەوە بکەن کە لەمێژە دروشمیان هەڵگرتووە، وەلێ هیچ کارێکی بە سوودیان نەکردووە. ڕەخنەگر ڕاستە، بەڵام چەقی دەسەڵاتی میدیای کۆمەڵ ناپێکێ. ڕاستە ئەوانەی بە ئاستەم پابەند دەبن ناتوانن ڕێگە بەرەو جیهانێکی باشتر بکەنەوە، بەڵام خۆ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوانەی پابەند دەبن ناتوانن میدیای کۆمەڵ بەشێوەیەکی کاریگەر بەکار بێنن. ئەو بزووتنەوە ڕەخنەئامێزانەی ئێستێکانە دەکرێن _ بە ئەو بزووتنەوەیەی لە دژی چالاکوانە توندڕۆیە هیندییەکان لە ٢٠٠٩ و خۆنیشاندانەکانی دژی گۆشتی گا لە کۆریای باشوور لە ٢٠٠٨ و خۆپێشاندانی دژی قانوونەکانی پەروەردە لە چیلێ لە ٢٠٠٦ _ هەموویان میدیای کۆمەڵیان بەکار هێنا نەک بۆ ئەوەی شوێنی کردەوەی دنیای ڕاستی بگرێتەوە بگرە وەک ڕێگەیەک بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەکان بووە. لە ئەنجامدا، هەموو ئەو خۆپێشاندانانە پشکداربووەکانی ڕووبەڕووی هەڕەشەی توندوتیژی کردەوە و هەندێ جاریش بە ڕاستی تووشی بوون. لە ڕاستیدا، بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە (بەتایبەتیش تەلەفۆنی مۆبایل) بۆ ڕێکخستن و بەڵگەسازکردنی کردەوەی دنیای ڕاستی، هێندە جیهانییە کە ڕەنگە لە داهاتوودا بەشێکی هەموو

بزووتنەوە سیاسییەکانی پاشەڕۆژ پێک بێنێ.

ئەمە دیارە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو بزووتنەوە سیاسییەی ئەم ئامێرانە وەکار دێنێ سەر دەکەوێ، چونکە دەوڵەت هێشتا ئەو هێزەی لە دەست نەداوە بۆ ئەوەی کاردانەوەی ببێ. ئەمەش ئاماژە بۆ ڕەخنەی دووەمینی میدیای کۆمەڵ دەکات کە، وەک ئامێرێک، گەلەک جیدیتر، بۆ چاککردنی سیاسی بەکار دێت _ بەتایبەتیش ئەوە کە دەوڵەت فرە هۆی پێشکەوتوو بۆ چاودێریکردن و ڕێگرتن وەدەست دێنێ یان هاوپشکیی دەستنیشانکردنی ئەو ئامێرانە دەکات. زانایان ڕێبێکا ماککینن لە دەزگەی نیو ئەمێریکەن فاوندەیشن، و ییڤگینی مۆرۆزۆڤ لە پەیمانگەی کۆمەڵی کراوە Open Society Institute مشتومڕی ئەوەیانە کە بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵ تەنیا بۆ ئەوەی ڕێژیمە ئۆتۆریتارییەکان بەهێزتر بکەن بەهەمان ئەو شێوەیەی کە دەتوانن لاوازیشی بکەن. حکوومەتی چینی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی چەند سیستەمێکی تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی ئەو هەڕەشە سیاسییانەی لە میدیای کۆمەڵەوە دێن، بەشێوەیەکی پڕبەپێست، پەرە پێ بدا. لەمانە کەم بایەختر پرۆگرامی سێنسەری و چاودێری بە کامێرایە. حکوومەت بە چاکی ئەوەش دەزانێ کە هەڕەشەکان ڕووبەڕووی شەرعییەتی دەبنەوە لە ناوەوەی دەوڵەتەوەڕا دێن و بۆیە داخستنی ماڵپەڕی نیویۆرک تایمزی کاریگەریی کەمی لە کەمکردنەوەی ژانی ئەو دایکانەدا هەیە کە داخی خۆیان لە دەست گەندەڵی دەردەبڕن.

لە ناوەندی ۱۹۹۰ەکاندا، لە پارزوونگ filter دانێکی ئاسایی ئەو ئینتەرنێتەی دێت، سیستەمی چینی پێش خراوە و کراوەتە ئەو چەشنە کردارە پێشکەوتووەی کە نەک هەر تەنیا زانیارییەکانی دەرەکی سنووردار دەکات، بگرە تێکەولێکەی ئەخلاقییاتی نەتەوەپەرستی و گشتەوەریش بەکار دێنێ بۆ ئەوەی کارمەندانی سیرڤەرەکانی تۆڕی چینی هان بدا تا سێنسەری خۆیان بکەن. چونکە دەوڵەت دەیەوێ نەهێڵێ زانیارییەکان کاریگەری هاودەمی سیاسییان هەبێ، بۆیە پێویستی بە سێنسەرکردنێکی سەرتاسەری ئینتەرنێت نییە، بگرە تەنیا پێویستییەتی ڕێگەی گەیشتن بە زانیارییەکان تەسک بکاتەوە.

دەوڵەتە ئۆتۆریتارییەکان بە فرەیی تۆڕەکانی پێوەندییەکان دادەخەن تا نەهێڵن یاخییەکان بتوانن لە یەک کاتدا کار بکەن و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ڕووداوێک لە کاتێکی گونجاودا بوەشێن. ئەم ستراتیجییە گرفتی پارێزگارەکانیش چالاک دەکات و مەترسی ئەوەش دروست دەکات کە، لە ململانێیەکی سیاسی گەورەدا، بۆ ماوەیەکی کورتخایەن دانیشتوان بگۆڕێ. کە حکوومەتی بەحرێنی، گۆگڵی قەدەخە کرد لە پاش ئەوەی هێڵکارییەکی بڵاو کردەوە و تێیدا ئەوەی نیشان دابوو کە بنەماڵەی شای بەحرێنی ڕووبەرێک زەویی گشتیی بۆ خۆی داگیر کردبوو، نەخشەکە بە ناو خەڵکیدا بڵاو بووەوە، بەڵام کە بەحرێنییەکان نەخشەکەیان لەسەر گۆگڵی دیت هێشتا وشتتر بوون. جا نووچەکە فرە بە خێرایی وەشا و حکوومەتی ناچار کرد تەنیا دوای چوار ڕۆژ زەوییەکە دووبارە بۆ هاووڵاتییان ئازاد بکاتەوە.

ئێستـا، ئەم جۆرە دەستبەسەرداگرتنە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ بمینێتەوە، گرفتی پتر بۆ حکوومەتان دروست دەکات. کە خۆپێشاندەرانی دژی حکوومەت لە ٢٠١٠ دا بنگکۆکیان گرت، بوونیان ناوچەی بازرگانی بنگکۆکی پەشۆکاند، بەڵام کاردانەوەی میری، برینی بەشێکی زۆری ژێرخانی پێوەندییەکانی تای Thai کاریگەریی لە هاووڵاتییانی دووری پایتەختیش کرد. ڕێبازەکە هێشتا گرفتی پتر بۆ میری دروست دەکات _ ئابوورییەکی هاوچەرخ نابێ ئەگەر تەلەفۆنێکی کارا نەبێ _ و جا بۆیە توانای ئەوەی نابێ پێوەندییەکان لە ناوچەیەکی فرەوان یان بۆ ماوەیەکی زۆر ببڕێ.

لە هەموو حاڵەتێکی توندتری بەکارهێنانی ئامێرەکانی میدیای کۆمەڵ بابەتی ژیان و مردنە، وەک ئەوەی کە فەرمانی کوشتنی بۆ تۆمارساز blogger حوسێن درەخشانی لە ئێران درا (پاشان بۆ ١٩ ساڵ و نیو زیندانی کەم کرایەوە) یان ئەوەی (ئۆلەگ بەبەنین)ی دامەزرێنەری ماڵپەڕی ئۆپۆزیسیۆنی بێلەڕووسی (بەشی ٩٧) بەشێوەیەکی پڕ لە گومانەوە خنکێندرا. باشترین هۆی کردەوە ئامێز بۆ ئەوەی بیر بکەینەوە کە میدیای کۆمەڵ دەتوانێ یارمەتی گۆڕانکاریی سیاسی بدا ئەوەیە کە هەردوو لایەنی یاخییەکان و حکوومەتەکان وا مەزەندە دەکەن کە دەتوانن ئەوە بکەن. لە هەموو دنیادا، چالاکوانەکان باوەڕیان بە یەکەتیی ئەم ئامێرانە هەیە و هەنگاو بۆ ئەوە دەهاوێژن کە بەو پێیە بەکاریان بێنن. و ئەو حکوومەتانەی کار دەگەڵ ئامێرەکانی هزری میدیای کۆمەڵیشدا دەکەن، حکوومەتی بەهێزن و دەیانەوێ لە بواری کاردانەوەیاندا هەترەسی بەکارهێنەرانیان ببەن یان بیانگرن یان بانشیان بکەن یانیش بیانکوژن. وڵاتە یەکگرتووەکان بێ ئەوەی بەپێچەوانەی هەموو ئاڵۆزییە سیاسییەکان بێ، دەتوانێ بە یەک ڕێگە گرفتی پارێزگارەکان گەورە بکا، ئەویش ئەوەی داوای ئازادکردنی ئەو هاووڵاتییانە بکا کە لەبەر بەکارهێنانی میدیا بەم ڕێگەیانە، گیراون. هەر شتێکی کە بەرپەرچی توندترین هەڕەشەی توندوتیژی دەوڵەت لە دژی ئەو هاووڵاتییانەی دەداتەوە کە ئەم ئامێرانە بەکار دێنن، گرفتی پارێزگاران پتر دەکات.

## ڕەچاوکردنی درێژخایەن

بەو ڕادەیەی وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخ بە ئازادیی ئینتەرنێت، وەک ئامێرێکی هونەری حوکمکردن، دەدا، دەبێ بەهەمان ڕادەش بایەخی ئامێرەکانی دژە سێنسەرکردن کەم بکاتەوە: بەتایبەتیش ئەوانەی لە دژی ڕێژیمێکی دەستنیشانکراودا بەکار دێن و بەگشتیتر، پشتیوانی لە گوتاری گشتیی ناوخۆ و کۆبوونەوەکان بکا. دەرگەی گەیشتن بە زانیارییەکان گرینگە، بەڵام خۆ ڕێگەی سەرەکی نییە بۆ ئەوەی میدیای کۆمەڵ فەرمانداره ئۆتۆکراتەکان بوەستێنێ یان سوودی دیموکراسی بە هاووڵاتییان بگەینێ. پشتیوانی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو ئامێر و هەڵمەتانەی کە ئاراستەی ڕێژیمێکی دیارکراو دەکرێ مەترسی پەیاکردنی ئەو جۆرە پشتەوشار بوونەوەییان لێ دەکرێ کە ڕەنگە لەگەڵ بنەمایەکانی ئارامی و ڕێبازە جیهانییەکان نەگونجێ.

ئەمە وا پێویست دەکا کە ئامانجەکانی وەزارەتی دەرەوە، سەبارەت بە ئازادیی ئینتەرنێت، دووبارە ڕێک بخرێنەوە. دەبێ مسۆگەرکردنی پێوەندییە کەسێتی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو دانیشتوانی هەر دەوڵەتێک سەردەفتەری هەموو ئامانجەکان بێ و بە وردی پێڕەو بکرێ و توانستی گوتاری ئاشکرای تاکە کەسی هاووڵاتییان بە وردی مسۆگەر ببێ. ئەم دووبارە ڕێکخستنەوەیە ئەو ڕاستییە ڕەنگ دەداتەوە کە ئەمە کۆمەڵێکی شارستانی بەهێزە _ لەوێدا هاووڵاتییان دەتوانن کۆبوونەوەی خۆیان بکەن _ نەک هەر دەروازەی گۆگڵ یان یوتیوبیان بۆ واڵا بێ کە ئەمەش تا ئەوپەڕ کاریگەر دەبێ و زۆر لە حکوومەت دەکا بۆ ئەوەی خزمەتی هاووڵاتییانی بکا.

وەک نموونەیەکی عەمەلیی، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ زۆر ئاگای لەو ڕۆکارانەی میسر بێ کە ئێستا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناردنی ئەو پەیامانەی کە بۆ کۆمەڵ ڕەوان دەکرێن، خەڵکەکەی ناچار کردووە تا مۆڵەت وەربگرن و خەریکیشە ئازادی ڕۆژنامەوانی بەرتەسکتر دەکات. پشتگیریی ئازادی ئەو کۆبوونەوانەی لە شێوەی پەیام ناردنن، ئەرکێکی ناوەندی هزرێنەی دیموکراسی ئەمەریکاییە و وەک ئەوەی ئازادی ڕۆژنامەوانی وایە. بەهەمان شێوە، ئەوەی کۆریای باکور سەپاندوویەتییە سەر هاووڵاتییەکانی بۆ ئەوەی دەبێ ناوی ڕاستی خۆیان تۆمار بکەن تا هەندێ لە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتیان بۆ ببێ، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی تواناییان کەم بکاتەوە نەکا وەک خۆپێشاندانەکەی ساڵی ٢٠٠٨ لە سۆڵ کارەکانیان ڕێک بخەن و دەوڵەت بحەپەسێنن. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان ناقابیلی خۆی وەک ئەوەی بەرانبەر بە چین کردی، لەم سیاسەتەش نیشان نەدا، ڕەنگە توانستی خۆی بخاتە مەترسییەوە و نەتوانێ ئیتر مشتومڕ لەسەر ئەوە بکا کە ئازادیی ئینتەرنێت نموونەیەکی باڵای جیهانییە aglobal ideal.

هەرچەندە بۆ حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەستەمتر دەبێ، وەلێ کارێکی بنەڕەتییە، ئەگەر سیاسەتێک دابڕێژێ بۆ ئەوەی هاریکاری ئەو کۆمپانیا تایبەت و ڕێکخراوانە بکا کە تۆڕی گشتی ئینتەرنێت هەڵدەسووڕێنن. ئەو سێرڤسانەی بارەگاکانیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانە، فێیس بووک و تویتەر و ویکیپیدیان و ئەوانەش کە بنکەکانیان لەوبەر دەریاوەن، QQ (خزمەتگوزارییەکی پەیامناردنی خێرای چینییە) و ویکیلیکس (دەروازەی دزەپێکردنی بەڵگەنامانە و بارەگایەکەی لە سوێدە) و توینتی (تۆڕێکی کۆمەڵایەتی ئیسپانییە) و ناڤەر (تۆڕێکی کۆریاییە)، ئەوانە بە زۆری بۆ گوتاری سیاسی و دەمەتەقێ و خۆڕێکخستن بەکار دەهێندرێن. هەڵگر carrierە بێتەل wire-lessەکانی دنیا بە تەلەفۆنی مۆبایل پەیامی نووسراو و وێنە و ڤیدیۆ لە ڕێگەی ئەو سایتانەوە دەگوازێتەوە. ئاخۆ ئەم قەبارانە پێشبینی دەکرێ تا چەند بتوانێ پشتیوانی ئازادیی قسەکردن و کۆبوونەوەی بەکارهێنەرانیان بکەن؟.

کێشەکە لێرە دەگەڵ پرسی ئازادی قسەکردنی تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان هاوشێوەیە، بە مەرجێ ئەو قسانە لە شوێنە بازرگانییەکاندا بکرێن، ئاخۆ چ جۆرە پرۆتستۆکردنێکی وەک ئەوانە دەشێ لەنێو بازاڕێکی کاڵاکڕیندا بکرێ. ئەگەر باش بێ یان خراپ، ئەو مێزگەردانەی پشتیوانی

کەشی تۆڕە بەگشتی کراوەکان دەکەن بەنهێنی ئامادە دەکرێن و بەڕێوەش دەبردرێن: کلنتن پەیمانی دا ولاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە کار بکا، بەلام ناگونجێ ئەگەر چوارچێوەیەکی قانوونیی وای بۆ رێک نەخرێ وەک ئەوەی کە لە دنیای ڕاستیدا بۆ قسەکردن و کارکردن هەیە. بەدواداچوونی ئەخلاقیی ئەو پەیمانە بەس دەبێ بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئاکتەرە بازرگانییەکان بێنن تا پشتیوانیی ئازادیی قسەکردن و کۆبوونەوە بکەن.

بوونی جۆرە تاکتیکێکی نەرمڕۆی نمرەیی digital کورت خایەن کە بکرێ لە دژی ڕێژیمە جیاوازەکان، لە کاتی جودادا، بەکار بێ، باشە. وەلێ پێویستییەکانی هونەری حوکمڕانی لە دنیای هەقیقیدا، واتەی ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەنگە ئەوەی تۆ دەتەوێ شیاو نەبێ. چالاکوانەکانی ڕێژیمە سەرکوتکەر و دیموکراتیکەکان ئینتەرنێت و ئامێرە پێوەندارەکانی بۆ کار لێکردن لە گۆڕانکارییەکانی ولاتەکانیان بەکار دێنن، بەلام توانستی واشنتن بۆ شێوەسازیی یان سێرەلێگرتنی ئەم گۆڕانانە سنووردارە. جا لە بری ئەوە، پێویستە واشنتن پلانێکی گشتیی تر پێڕەو بکا و پشتیوانی ئازادیی قسەکردن و ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادە کۆڕ و کۆبوونەوە لە هەموو شوێنێکدا بگرێ. دەشبێ تێ بگا کە پێشکەوتن لەسەرەخۆ وەدەست دێ.

ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە بری بایەخدان بە گرینگێتی کاریگەریی میدیای کۆمەڵ لەسەر کەشی گشتی، بایەخ بە خەڵکەکە بدا بۆ ئەوەی بتوانێ لە ماوەیەکی دوورخایەندا سوود لەو ئامێرە باشانە وەربگرێ _ هەرچەندە ڕەنگە ئەمە ئەوە بگەیەنێ کە دەبێ لە ماوەی نزیکخایەن بە نائومێدی پایل بن.

پەراوێزەکان:

١- کلێی شێرکی پرۆفێسەری میدیای نوێ New Mediaە لە زانکۆی نیویۆرک و کتێبی [زێدەکی زانستی: داهێنان و دەستبلاوی لە چەرخێکی پێوەندیدا]شی داناوە.

٢- ئەوەی لە تونس و میسر ڕوو دەدەن بەشێکی کاری ئەم میدیایەی کۆمەڵە.

٣- بلۆگ blog ئەو پەڕەی ئینتەرنێتە کە زانیاری سەبارەت بە بابەتێکی تایبەتی بلا دەکاتەوە و هەموو کات زانیاریی نوێ لە سەرەوەی لاپەڕەکە پەخش دەکا.

٤- پرۆکسی: ئەوەیە کە ڕێگە بۆ کەسێک خۆش بکەی تا کارێک لە بری خۆت بۆ تۆ بکا.

٥- شل و خاو.

سەرچاوە:

کۆواری کاروباری دەرەوە Foreign Affairs ژمارەی یەنایر و فبرایری ٢٠١١ و لەم ماڵپەڕەدا بلا بووەتەوە

http://www.foreignaffairs.com/articles/67038/clay-shirky/the-political-power-of-social-media

# ئاین و ناسنامەی تاک

## کۆمەڵگەکان لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا

دوکتۆر کازم عەلەمداری

ئەم بابەتە بەشێکە لە کتێبی "برخورد تمدنها و گفتوگوی تمدنها"ی دوکتۆر کازم عەلەمداری، کە تێیدا خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ کتێبی "پێکدادانی ژیارەکان"ی بیـــرمەند و ستراتیجیستی ئەمەریکایی سامۆئیل هانتنگتۆن (١٩٢٧ – ٢٠٠٨) دەکات، کـــە لە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە و بۆ ٣٩ زمان وەرگێڕدراوە، تێیدا پێشبینیی پێکدادان لە نێوان "ژیاری ئیسلامی" و "ژیاری رۆئاوا" دەکات.

نووسەر پێی وایە هانتنگتۆن لە کتێبەکەیدا ستراتیجێکی بۆ ئیدارەی ئەمەریکا لە قۆناخی پاش رووخانی بلۆکی رۆهەڵات و کۆتاهاتنی شەڕی سارد داناوە، بەشێوەیەک گەرەنتیی باڵادەستیی ئەمەریکا لە دنیادا بکا، ئەویش لە رێی گەڵاڵەکردنی سیناریۆی شەڕێکی وەهمیی ژیاری–ئاینی لە نێوان رۆهەڵات و رۆئاوادا.

هانتنگتۆن ئاین بە بناخەی ژیارەکان دادەنێ و بەم پێیەش ژیاری رۆئاوا ژیارێکی مەسیحی، ژیاری وڵاتانی موسڵمانان ژیارێکی ئیسلامی و ژیاری چین ژیارێکی کۆنفۆشیۆسییە و... هتد. ناوبراو راشکاوانە دەڵێ "ئاین سەنتەریترین تایبەتمەندیی پێناسەی ژیارە".

هانتینگتۆن، باز بەسەر رۆڵی جیاوازی و ناکۆکییە ئەتنی و مەزهەبی و سیاسییەکانی نێوان وڵاتانی سەر بە هەریەک لەو ژیارانەدا دەدات، لە کاتێکدا هەندێ جار پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی سەر بە بلۆکی ئیسلامی ـبۆ نموونە– گرژتر و خوێناویترە لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتێکی ئیسلامی و یەکێکی رۆئاوایی. شەڕی ٨ ساڵەی عێراق – ئێران نموونەیەکی زیندووە.

عەلەمداری پێی وایە ستراتیجیستە ئەمەریکاییەکە بەهەڵەدا چووە لەوەدا کە (ئاین)ی بە

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عومەر عەلی غەفوور

بناخەی ناسنامەی تاکەکان و کۆمەڵگەکان لە دنیای مۆدێرندا داناوە، مەبەستی لەوەیش ڕێگەخۆشکردنە بۆ شەڕێک کە بۆ مسۆگەرکردنی باڵادەستیی ئەمەریکا لە دنیای دوای سەردەمی دووجەمسەری پێویستە. جگە لەوەیش دەیەوێ ئۆباڵی دواکەوتن و کێشەکانی وڵاتانی ئیسلامی بخاتە ئەستۆی ئاینەکەیانەوە.

ئەمە لە کاتێکدا لە دنیای مۆدێرندا ئاین تاکە پێکهێنەری ناسنامەی تاک و کۆمەڵگە جیاوازەکان نییە، بگرە دیاریکەری تری نوێ بوونەتە بناخەی ناسنامە، ئەوەتا لە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی ئەمەریکادا -کە لەچاو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا ئاینیترە- پرسیار لە ناسنامەی ئاینی ناکرێ، هەردوو حزبی گەورە و سەرەکیی ئەمەریکا (دیموکرات و کۆماریخوازەکان)، ناسنامەی ئاینییان نییە. ئاینیبوون یان ئاینی-نەبوونی تاکەکان وەک مەرجی بوونە ئەندام لە حزبەکاندا لە بەرچاو ناگیرێ. لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئاین زیاتر ڕۆڵێکی لاوەکی و رواڵەتی و تەشریفاتیی هەیە. ئیدی چۆن ئاین بناخەی ناسنامەی ئەمەریکایە؟.

ئەو پێی وایە سروشتی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتە ئیسلامییەکان، هەروەها نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەڵگەی ئەوەیە بەرژەوەندیی سیاسی و بەهاکانی دنیای مۆدێرن، نەک ئاین، بناخەی ناسنامەی دنیای مۆدێرنە و کۆکردنەوەی هەموو وڵاتانی ئیسلامی لە بۆتەی ژیارێکدا، کە هەڵگری یەک ناسنامە و هەڵوێست بن شتێکی نالۆجیکی و خەیاڵییە. هەروەک پێی وایە ئەمڕۆ تەنیا یەک ژیار هەیە، کە هەمووان تێیدا بەشدارن. ململانەیش لە نێوان ژیاری مۆدێرن و ژیاری پێش مۆدێرنێتەدایە.

هانتنگتۆن لە کتێبەکەیدا دەڵێ "ئەمڕۆ نۆ ژیار یاخۆ شارستانییەت لە دنیادا هەن، کە بریتین لە ژیارەکانی ڕۆژئاوا، ئەمەریکای لاتین، ئەفریقیا، ئیسلام، هیند، چین، ئۆرسۆزۆکس، بوودایی و ژاپۆن. هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە لە نێوان ئەو نۆ ژیارەدا سێ ژیاریان دژ بە یەکترن: ژیاری ڕۆژئاوا لەلایەک و ژیاری ئیسلام و چین لەلایەکی ترەوە. بەڵام لەنێو ئەو سێیەدا، بەهۆی ناکۆکیی ئاینەکانیانەوە ئەگەری ڕوودانی پێکدادان لە نێوان ژیاری ڕۆژئاوا و ئیسلام لەئارادایە. عومەر

***

ئیسلام بە درێژاییی ١٤ سەدەی مێژووی خۆی هیچ کات وەک سەردەمی مۆدێرنێتە لەگەڵ ململانەی کولتوورێکی تر یان ڕکابەرێکی هێندە بەهێزدا ڕووبەڕوو نەبووەتەوە. لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا بەهۆی گەشەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری ژیاری مۆدێرنی ڕۆژئاوا بۆ یەکەمین جار ململانێی بنچینەیی ڕووبەڕووی ئیسلام بووەتەوە وەک چۆن ئەو ململانەیە سەرەتا بەرۆکی ئاینەکانی تری گرت، لەوانە مەسیحییەت و ئەوانی لە ناوەوە گۆڕی، بەڵام پێش ئەوەی ڕۆژئاوا بەرەو گۆڕینی ئیسلام هەنگاو بنێ موسڵمانانی پێشڕەو لە وێنەی سەید جەمالەدینی ئەسەد ئەبادی (ئەفغانی) و محەمەد عەبدە (شێخولئیسلام) خۆیان بەپیری ژیاری ڕۆژئاواوە چوون و هەوڵیان دا دنیای ئیسلامیش بە دەستکەوتە نوێکانی ڕۆژئاوا ئاشنا بکەن.

هەر لەو سەردەمەدایە ئیسلامی نەریتی، کە سەدان ساڵ گیرۆدەی ململانەی ناوەخۆیی بوو، لەگەڵ ژیاری ئەوروپا دەکەوێتە ململانەوە، ئەو ژیارە جیاواز لە بۆچوونەکەی هانتنگتۆن (کە ئاین بە بناغەی ژیارەکانی دنیا دادەنێ و لەوێشەوە پێشبینیی ململانە و پێکدادانی ژیاری رۆئاوایی «مەسیحی» لەلایەک و ژیاری ئیسلامی «جیهانی ئیسلام وەک کۆیەک» و ژیاری کۆنفۆشیوسی لەلایەکی تر دەکات) ژیارێکی مەسیحی نەبوو، چونکە بەهاکانی مەسیحییەتیش لە جۆری هەمان بەهاکانی ئیسلام بوون. ئەوەی بەشێوەیەکی جۆرایەتی هەم لەگەڵ مەسیحییەت و هەم لەگەڵ ئیسلامدا جیاوازە ژیاری نائاینی و سیکیولار و مرۆڤتەوەرە (خولگە و سەنتەرەکەی مرۆڤە). هەمان کولتوور مەسیحییەتی پەلکێشی ململانە کرد و سەرەنجام ئەو ئاینەی گۆڕی و لە قاڵبی دا، لە کایەی گشتییەوە گواستییەوە بۆ کایەی ژیانی تایبەت و مەعنەویی تاکەکان.

ئێستە ژیاری مۆدێرن ڕاستەوخۆ بۆ هەمان مەبەست رووی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان کردووە. هەژموون پەیداکردنی مۆدێرنێتە لە وڵاتە ئیسلامییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کاردانەوەی کۆنەپارێز و نەریتگەرایانی ئاینی بەدوای خۆیدا هێنا. گەشەکردنی ژیاری مۆدێرن لەرێی بەجیهانیبوونەوە ئاینە نەریتگەراکان دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانەی ناوەخۆیی لەو ئاینانەدا، بەجۆرێک کە پێویستە وەک مەسیحییەت هەموارکردن و ریفۆرم قبووڵ بکەن، یان ئەوەتا لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دنیا کەنارگیر دەبن، یاخۆ بۆ مانەوەیان پەنا بۆ زەبروزەنگ دەبەن.

بەڵام جیاواز لە بیرکردنەوەی هانتنگتۆن، تەنیا کاریگەری و پاڵەپەستۆی یەکلایەنەی ژیاری نوێی رۆئاوا نییە کە موسڵمانانی دووچاری ململانە کردووە، کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە ناوەوەی خۆیشیاندا دەرگیری ململانەن و خوازیاری قبووڵکردنی تایبەتمەندییەکانی دنیای مۆدێرنن. پرۆسەی چاوگێڕانەوە بە ئیسلامی کۆنەخوازدا بەتایبەت دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و بەکردەوە ئەزموونکردنی حکوومەتی ئاینی رووی لە زیادی کردووە.

ئەگەر حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتادا زۆر لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی تری خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و مەیلی هاوشێوەی لە وڵاتانی تریشدا دروست کرد، بە دەرکەوتنی ناکاراییی تێکەڵکردنی  ئاین و دەوڵەت و بەد بەکارهێنانە سیاسی و داراییەکان و چەندان شێوەی کۆنترۆڵکردنی زۆرەملێیانەی دەسەڵات (هەموو ئەوانە لەژێر پەردەی ئایندا) کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ناوی خۆیەوە گۆڕیوە ئەم جارە ئیسلامی نەریتگەرا و بنیاتگەرا لەناو خۆیەوە بەتوندی ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە.

"پرۆتستانیزمی ئیسلامی، بە رەتکردنەوەی هەر جۆرە ناوەندێک لە نێوان مرۆڤی ئاینپێڕەو و خوادا (پیاوانی ئاینی) و هەروەها لە رێی ڕووبەڕووبوونەوەی داوونەریتە پڕوپووچەکانەوە بەهێز بووە.

بزاڤی مەشرووتییەت لە ئێران لەلایەن بیرمەندانی ئەو سەردەمەوە وەک میرزا ئاغا خان

کرمانی، فەتحعەلی ئاخوندزادە، عەبدولڕەحیم تالیبۆف تەبریزی و زەینولعابدین مراغەییەوە تەرح کرابوو. پێش شۆڕشی ١٩٧٩، کەسانی وەک عەلی شەریعەتی و مەهدی بازرگان بەجۆرێکی تر بە دوای ئەو بابەتەدا چوون. دوای شۆڕش نوێخوازی و نوێگەری لە مەودایەکی فراوانتر و قووڵتردا لەلایەن بیرمەندانی ئاینی و ئەو کەسانەی کە شۆڕش و حکومەتی ئیسلامییان ئەزموون کردبوو، گۆڕا بۆ چەندان باسوخواس و لێکۆڵینەوەی جیدی و بنچینەیی لە کۆمەڵگە. ئەم گۆڕانکارییە، هاوشێوەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کاریان لە موسڵمانانی وڵاتانی تریش کرد.

جۆن ئەسپۆزیتۆ، ئیسلامناسی ناسراوی ئەمەریکایی دەنووسێ "لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا، لە ئەفریقیای باکورەوە تا باشووری رۆهەڵاتی ئاسیا، موسڵمانان سەرگەرمی بەرهەمهێنانی تەفسیرگەلی نوێ و روانگە و بۆچوونی فرەلایەنخوازانە و هەمەگیر و لێبووردە (تۆلێرانت)ن لەسەر بناخەی قبوولکردنی بەرابەریی مرۆڤەکان و باوەڕ و بەها هاوبەشەکان، هەروەها قبووڵکردنی جیاوازییە ئاینی و کولتوورییەکان، کە مەرج نییە لەگەڵیاندا تەبا و کۆک بێ".

بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەم کێشمەکێش و پاڵەپەستۆ هاوکاتانە، لە ئەنجامدا بەرەو یەک ئاراستە دەچن. رەنگە بە دوو پاڵنەری جودا بووبن، بەڵام هەمان ئاراستەیان گرتووەتە بەر، ئەوەیش لە تایبەتمەندییەکانی دنیای مۆدێرنە.

ئەم گۆڕانکارییە جیهانییە زۆر بەهێزە، بەجۆرێک ئەگەر ڕێگرییەک وەک ڕێگریی گوزاشتکردنی نەریتانە بۆ ئاین، لەو ڕێگەیەدا هەبێ، ئەوا چارەیەک لە کردنەوەی ئەو ڕێگەیە هیچی تر نییە.

### ئاخۆ ئاین تەوەری ناسنامەی تاکەکانە؟

گومانی تێدا نییە کە ئاین گرینگیی تایبەتی لە کۆمەڵگەکاندا هەیە. ناسینی کۆمەڵگە و تاکەکان بەبێ لە بەرچاوگرتنی پێگە و رۆڵی ئاین، ناتەواوە. بەڵام تاکەکان هەموو کات چەند ناسنامەیەکیان هەیە. ئاینداری، بێ ئاینی یان جۆری ئەو ئاینەی هەڵیان بژاردووە، بێشک بەشێکە لە ناسنامەی تاکەکان، بەڵام قەت تەوەری ناسنامەی ئەوان نییە.

ئاین لە سەردەمی پێش مۆدێرنێتەدا زیاتر و لە دنیای مۆدێرندا نەقشی کەمتری لە ناسنامەی تاکەکاندا هەیە. لە سەردەمی پێش مۆدێرنێتەدا، جیاواز لە دنیای مۆدێرن، تاکەکان بە ناسنامەی بنەماڵەیی و خێڵەکی و تائیفییان دەناسرانەوە. ئەڵبەت ئەم دۆخە بە واتای لاوازبوونی ڕۆڵی ئاین نییە لە سەردەمی نوێدا.

لە دنیای مۆدێرندا تاکەکان سەربەخۆ لە ناسنامە نیشتمانییەکان، زیاتر بە ناسنامەی بە دەستهاتووی خۆیانەوە وەک پیشەکەیان دەناسرێنەوە. بۆ نموونە لە دەورەی پێش مۆدێرنێتەدا زەید کوڕی عەمرە، زەینەب هاوشیری عەباسە، لە دنیای مۆدێرندا زەید یان زەینەب مامۆستایە، کوتاڵفرۆشە، نەخشەسازە و.. هتد.

لە دنیای پێش مۆدێرنێتەدا ئاین ئەرکە، لە دنیای مۆدێرندا ئاین هەڵبژاردنە. لە دنیای پێش

مۆدێرنێتەدا ئاین  بە زەبری شمشێر گەشە دەکات، لە دنیای مۆدێرندا بە راگەیاندن. ئەگەر ئاین لە سیاسەت جیا بکرێتەوە رێگە مۆدێرنەکەی بڵاوکردنەوەی ئاین، واتە راگەیاندن، جێی رێگە کۆنەکە، واتە شمشێر، دەگرێتەوە.

سامۆئیل هانتنگتۆن هەوڵی داوە تاکەکان و کۆمەڵگەکان لە روانگەی ناسنامەی ئاینییانەوە بناسێنێ، بۆیە لەم کاتەدا ئەگەر دواکەوتوویی و هەژاری لەو کۆمەڵگەیەدا هەبێ، بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئاینەکە. ئەگەر توندوتیژی هەبێ، ماف پێشێلکردن هەبێ، توندوتیژی دژی ژنان هەبێ، لە گەردنی ئایندایە و ئەوەیش هەڵبژاردنی خۆیانە. بەدوای ئەم بەڵگەرێژییەدا ئەوان دەیانەوێ بڵێن ناکۆکییە جیهانییەکان ناکۆکی و جیاوازیی ئاینین. ئاینێکی دیایکراو لە مانەوەی هەندێ لە کۆمەڵگە جیهانییەکان بە دواکەوتوویی بەرپرسە و ئاینێکی تر هۆکاری پێشکەوتن بووە. هەر لەم روانگەیەوە هەموو ململانە و رکابەرییەکانی جیهانیش بە مملانەی ئاین دادەنێ.

ئەو لە زمانی رۆنالد رۆبینسۆنەوە دەنووسێ "ململانە ئاینییەکانی دنیا، گەرانەوە بۆ پیرۆزییەکان، کاردانەوەی خەڵکە بۆ ئەو جیهانەی بووەتە جوگرافیایەکی یەکانگیر".

ئەڵبەت ئەم بۆچوونە لێکدانەوەیەکی ورد و راستی ئەو ململانە هەنوکەییانەی دنیا نییە، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە دەورانی پێش مۆدێرنێتەدا، واتە لەو کاتەی ژیارە جیاوازەکان ململانەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد و بوونی یەک ژیار یان یەک شوێن بۆ هەموو خەڵکی جیهان وێنا نەدەکرا، دۆخەکە زۆر تا کەم بەهەمان جۆر بووە. کاتێ کۆمەڵگەکان دووچاری ململانەی توندوتیژ دەبنەوە، وەک شەڕ، ئاین بەئاسانی دەتوانێ ببێتە دەسکەلایەک بۆ خۆشکردنی ئاگری ئەو ململانەیە. بەم پێیە ئاین ئامرازی دەسەڵاتگەرای تاقمی دەسەڵاتدارە. لە هەلومەرجی ئاساییدا وا نییە و خەڵک بەهۆی جیاوازیی بیروباوەڕی ئاینییەوە توندوتیژی بەرامبەر یەکتر بەکار ناهێنن، بەتایبەت لە دنیای مۆدێرندا، کە خەڵک لە هەڵبژاردنی ئاینی خۆیاندا ئازادن، مەگەر سەرکردە ئاینییەکان ئەوان بۆ ئەو مەیدانە پەلکێش بکەن.

لەمڕۆدا لە ئەمەریکا و ئەوروپا کەمتر دەتوانرێ خەڵک لەبارەی بیروباوەڕی ئاینییانەوە لە دژی ئەوانی تر ببزوێنرێن. لەم سەردەمەدا، جیاواز لە رابردوو، سەربازانی ئەمەریکایی و ئەوروپایی نە بە ناوی بەرگری لە مەسیحییەت، بگرە بەناوی بەرگری لە ئازادی، دیموکراسی، سەرمایەداری (کاپیتالیزم) و ژیاری نوێوە دەچنە شەڕەوە. بەڵام شەڕی خاچپەرستەکان کە شەڕێکی داگیرکارانە بوو، بە شەڕی ئاینی ناسراوە.

نە شەڕی یەکەمی جیهانی و نە دووەم، لەژێر دروشمی بەرگریکردن لە ئایندا ئەنجام نەدراون، سی ساڵ شەڕ لە ڤێتنام بەناوی بەرگریکردن لە مەسیحییەت نەبوو، بگرە بەناوی بەرگری لە ئازادی، سەرمایەداری و دیموکراسی لە دژی کۆمیۆنیزم بوون. بەڵام بەگژاچوونەوەی کۆمیۆنیزم لە وڵاتی نەریتگەرا و دواکەوتوودا لەژێر ناوی بەرگری لە ئاین لە دژی بێدینی، ئەنجام دەدرێ. بەم

پێیە شرۆڤەکەی هانتینگتۆن لەبارەی ناسنامەی ئاینی و تەیارکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا راست نییە.

ناتوانرێ هەمان پێوەر کە ئوسامە بنلادن بۆ جۆشدانی توندڕۆیان بەکاریان دێنێ، لە رۆئاوایش راست و پراکتیکی بێ. شەڕی بنلادن لە دژی ئەمەریکا لە بنچینەدا شەڕێکی سیاسییە، نەک ئاینی. ئاین، دروشم و ئایدیۆلۆجیای رێکخستن و ئاراستەکردنی ئەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەسانێک کە ئەو پێی وایە بێڕێزی بەبەهاکانی ئاینەکەی دەکەن، بەڵام ئاشکرایە کەس بە ئەندازەی خۆی یارمەتیی نابووتکردنی ئیسلامی نەداوە.

پەنابردن بۆ زۆرلێکردن و توندوتیژی لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا کۆتای پێ هاتووە.

شەڕەکانی خاچپەرستەکان کولتووری سەردەمی پێش مۆدێرنێتە و ئاینتەوەر بوون، دنیای نوێ دنیای مرۆڤتەوەرە، واتە لەم سەردەمەدا مافەکانی تاکەکان، لەوانە مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی ئاین، لە هەر شتێکی تر گرینگترە.

لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەمەریکادا، هاووڵاتییان دەتوانن لەسەر بەکارهێنانی ئاین لەلایەن دەوڵەتەوە، لە دادگە سکاڵا لە دژی دەوڵەت تۆمار بکەن. بۆ نموونە هاووڵاتییەکی ئەمەریکایی بەناوی مایکڵ نیودو بەهۆی بوونی دەستەواژەی "نەتەوەیەک لە سایەی خوادا"(Anation under God) لە بەیاننامەی "وەفاداری بۆ ئەمەریکا"دا کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێ، لە دادگە سکاڵای تۆمار کرد و دادگەی باڵا دوای لێکۆڵینەوە ئەو رستەیەی بە ناکۆک لە یەکەمین پاشکۆی دەستووری ئەمەریکا، واتە چاودێریکردنی مافەکانی تاک، دانا و لە بەرژەوەندیی مایکل نیودو بڕیاری دا. بناغەی سکاڵاکەی مایکل ئەوە بوو ئەو رستەیە لەگەڵ بنەمای جیایی ئاین لە دەوڵەتدا ناکۆکە.

رۆژی دوای راگەیاندنی بڕیارەکەی دادگە، کۆنگریسی ئەمەریکا لە کاردانەوەی بڕیارەکەی دادگەدا ــ کە سەربەخۆ لە دەسەڵاتەکەی تر کار دەکات– بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بڕیارە، دانیشتنی خۆی بە خوێندنەوەی هاوجەمیی بەیاننامەی وەفاداری بۆ ئەمەریکا دەستی پێ کرد. ئەو کارە نیشانی دەدات کە چۆن سیاسەتمەداران هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان ئاین بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بەکار بێنن. ئەو دەستەواژەیە لە ساڵی ١٩٥٤دا بۆ بەیاننامەی وەفاداری زیاد کرا و کۆنگرێس پەسەندی کرد. خوێندنەوەی بەکۆمەڵی بەیاننامەی وەفاداری لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێسەوە پاڵپشتییەکی روون و سیمبولێک بوو بۆ بڕیارەکەی ساڵی ١٩٥٤.

لە سەردەمێکدا ئەگەر پرسیار لە تاکەکان بکرایە لەبارەی ئاینیانەوە، خۆیانیان بە موسڵمان، مەسیحی، جوولەکە، بوودایی، بێدین و هی تر دەناساند، بەڵام لە هەلومەجی تردا، لە شوێنی کار، زانکۆ، گەشتەکان و شوێنە گەشتەوەرییەکان، تەنانەت لە گۆڕەپانی شەڕدا تاکەکان بە ناسنامەی ئاینییان ناناسرێنەوە. کاتێ دوو کۆمەڵگەی موسڵمان لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دێن، هەر یەکێکیان ئەوی تریان بە کافر تۆمەتبار دەکات. بەڵام ئەوە روونە کە شەڕ نە بەهۆی کافری و موسڵمانبوونی ئەوانەوە دەستی پێ کردووە و نە بەو هۆیەشەوە بەردەوام دەبێ. کەسێکی ئێرانی لە وڵاتانی تردا

خۆی وەک ئێرانی دەناسێنێ نەک موسڵمان. هەروەها کەسێکی فرەنسایی، رووسیایی، بەرازیلی، ئەمەریکایی، چینی هیچ کامیان خۆیان بە ناسنامەی ئاینی یان بێدینییان ناناسێنن. کەسانی شارنشین پێش لە هەر شتێک بە کار و پیشەکەیانەوە دەناسرێنەوە. کەسێکی گوندنشین بەهۆی لێکچوونی کاری جووتیارانەوە، بەناوی گوندەکانیانەوە خۆ دەناسێنن.

لەو دنیایی پرۆفیسۆر هانتنگتۆن تێیدا دەژی، واتە ئەمەریکا، پرسیار لە هیچ کەس ناکرێ ئاخۆ باوەڕی بە چ ئاینێک هەیە یان نا. دوای کار و پیشە، یەکەمین جیاکەرەوەی ناسنامەی تاک، ناوی شار یاخۆ شوێنی نیشتەجێبوونیەتی. هانتنگتۆن دەزانێ کە جیاواز لە کۆمەڵگە نەریتییەکان، لە کۆمەڵگە نوێیەکانی وەک ئەمەریکادا لە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیدا ناوی ئاینی تاکەکان نەبراوە، ئیدی چۆن هەوڵ دەدات ئاین بە تەوەری ناسنامەی تاکەکان بناسێنێ؟. هانتنگتۆن کۆمەڵگەی مۆدێرن بە پێوەرەکانی سەردەمی پێش مۆدێرنێتە وەک پشکنینی باوەڕ (ئەنگیزاسیۆن) لە رۆئاوا یا لە هەندێ لە کۆمەڵگە نەریتییەکان کە تاکەکان بە زەبری شەلاق ناچار بە باوەڕی ئاینی دەکرێن یان بەهۆی جیاوازیی ئاینییەوە سزا دەدرێن، یەکسان دەکات.

بەڵگەیەکی تری نائاینیبوونی ناسنامەی بنچینەیی رۆئاواییەکان، لەوانە ئەمەریکاییەکان کە لەچاو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا ئاینیتررن، ئەوەیە هەردوو حزبی گەورە و سەرەکیی ئەمەریکا (دیموکرات و کۆماریخوازەکان)، کە تا رادەیەکی زۆر دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەیان کۆنترۆڵ کردووە، ناسنامەی ئاینییان نییە. واتە ئاینیبوون یان ئاینی–نەبوونی تاکەکان وەک مەرجی بوونە ئەندام لە حزبدا لەبەرچاو ناگیرێ. لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئاین زیاتر رۆڵێکی لاوەکی و رواڵەتی و تەشریفاتی هەیە. ئەمە پێشانی دەدات کە سیاسەتی ناوەخۆی ئەمەریکا لەسەر بناخەی ئاین دانەڕێژراوە ئەگەرچی دینداریی کاندیدەکان فاکتەرێکی گرینگە. سیاسەتی ئەمەریکا سیاسەتێکی ئاینی نییە، بەڵام سیاسەتمەداران دەتوانن بۆ بزواندنی سۆزی خەڵک رەنگ و بۆیەکی ئاینی بەو سیاسەتە بدەن.

چەندە لە کۆمەڵگەی نەریتگەرا داببڕێین، هێندە زیاتر لە کۆمەڵگەی مۆدێرن نێزیک دەبینەوە و رۆڵی ئاینی بەزۆرەملێ (إجباري) کەمتر و رۆڵی ئاینی بەئارەزوو (إختیاري) زیاتر دەبێ. هانتنگتۆن تایبەتمەندیی نەریتگەرایانەی هەندێ لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە نادروستی بەسەر دنیادا گشتاندووە. لە شەڕی عێراق – ئێراندا دوو روانگە بۆ سروشتی ئەو شەڕە دەخرانە روو: یەکێکیان ناوی دەنا شەڕی بەرگری لە ئیسلام و ئەوی تریان ناوی دەنا شەڕی بەرگری لە ئێران. بەڵام بە کردەوە روون بووەوە، کاتێ سەربازیی عێراقی لە خاکی ئێران کرانە دەرەوە، شەڕەکە واتا نەتەوەییەکەی لەدەست دا و دواتر لەژێر بەیداخی بەرگری لە ئیسلام و ناردنە دەرەوەی شۆڕشدا درێژەی پێ درا. ئازادکردنی شاری خورەمشار لەژێر دەستی سوپای عێراق لووتکەی سەرکەوتنی ئێران بوو. عێراق سەربازانی خۆی زیاتر بە دروشمی نەتەوەیی و کەمتر بە دروشمی ئاینی رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرد. لە بەرامبەر ئەمەدا تەنانەت دژایەتی و کێشمەکێش لە نێوان دوو

کۆمەڵگەدا کە لە قۆناخی گواستنەوە بەرەو مۆدێرنێتەدان، دیاردەی نوێی نەتەوە و ناسنامەی نیشتمانیی ئێران لە بەرامبەر ناسنامەی نیشتمانیی عێراقدا بە پلەی بالاتر و گرینگتر لە ئاین – کە لای هەردوو وڵات هاوبەشە و هەردوو بەشێکن لە دنیای ئیسلام– گەیشتووە. بەم شێوەیە وێڕای دروشمە ئاینییەکان، شەڕی نێوان دوو گەلی موسڵمان بوو و جیاوازیی ئاین هۆکاری دەستپێکردنی شەڕ نەبوو، هەروەها کۆتاهاتنی شەڕەکەیش بە رێککەوتنێکی ئاینی نەبوو. بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهیچ شێوەیەک باسی ئاینی هەردوو گەلی بە زاردا نەهاتووە.

شەڕی عێراق – ئێران، وەک هەموو شەڕەکانی تر، زادەی جیاوازیی سیاسی بوو. بەهەمان شێوە کە سەربازانی کوێتی لە بەرامبەر سوپای عێراقدا بەرگرییان لە خاکی خۆیان دەکرد، ئەگەرچی هەردوولا موسڵمان و عەرەبیش بوون. فەڵەستینییەکان بۆ ئازادیی خاکەکەیان شەڕ دەکەن. ئەوان ناڵێن ئیسرائیل ئاینی ئیسلامی داگیر کردووە، یان دەیەوێ ئەوان لە ئاینەکەیان وەرگێڕێ. هەروەها ئیسرائیلیش نیازێکی وای نییە. فاشیزم لە شەڕی جیهانیی دووەمدا نەک بۆ بەهێزکردن و برەوپێدانی مەسیحییەت کاری نەدەکرد، بگرە بە دوای داگیرکردنی وڵاتانی دنیادا شەڕی لەگەڵ مەسیحییەکاندا دەکرد.

هەموو ئەم نموونانە دەری دەخەن کە ئاین بناخەی ناسنامە و کۆمەڵگە و تاکەکان نییە.

ئەگەر ناسنامەی بنەڕەتیی خەڵک لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئاین نییە، ئەی چییە؟ لە سەرەوە ئاماژەمان بە چەند جۆریی ناسنامەی کەسەکان کرد و ئەوەیشمان گوت کە ناسنامەی نەتەوەیی و بەرگری لە بەها نوێیەکان بایەخی زیاتری وەرگرتووە. بەها مۆدێرنەکان کار بۆ لاوازکردنی ناسنامەی بنەڕەتیی تاکەکان و کۆمەڵگە ناکەن، بگرە کار بۆ بەهێزکردنیان دەکەن. بە دەربڕینێکی تر مۆدێرنێتە ناسنامەیەکی رۆشن و دروست لەسەر بناخەی مافی هاووڵاتیبوونی تاکەکان و ئازادیی هەڵبژاردن، کە ئازادیی ئاین بەشێکە لێی، بە مرۆڤ و کۆمەڵ دەدا.

ناکۆکییە ناوەخۆییەکانی کۆمەڵگە روو لە گەشەکان لەبارەی ئەم خواست و بەهایانەوەیە. ئەم خواستە لەگەڵ ژیاری نوێدا کۆکە. هەمان خواستگەلی یاسایی هۆکاری قبووڵکردنی تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنێتەیە. پێویستە بپرسی: ئاخۆ خەڵک قبووڵکردن و بەدەستهێنانی مافە یاسایی و هاووڵاتیبوونەکانی خۆی ناتەبا لەگەڵ دینداریی خۆیدا دەبینێ، تا لەبەر خاتری یەکێکیان ئەوی تریان فەرامۆش بکا؟ وەڵام رۆشنە. ئاین لە رووی هەڵبژاردن و عەقڵانییەتەوە رێک لەگەڵ بەدەستهێنانی مافی هاووڵاتیبووندایە. تەنیا کەسانێ کە خوازیارن لە هەردوو رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ئایینداری لەسەر خەڵک قورس بکەن، مۆدێرنێتە بە ناکۆک لەگەڵ ئایندا دەبینن، چونکە مۆدێرنێتە ئەو مافە لە هەندێ لە رابەرە ئاینییەکان دەسەنێتەوە کە روانگەیەکی تایبەت بۆ ئاین بەسەر خەڵک و کۆمەڵگەدا بسەپێنن.

سەرچاوە: کتێبی "برخورد تمدنها و گفتوگوی تمدنها"، دوکتۆر کازم عەلەمداری، چاپ دووەم، لا٨١–٩٠

### چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕۆماننووسی ئێرانی

# مەحموود دەوڵەت ئابادی

سازدانی: ئەندریاس فانیزادە

لەم چاوپێکەوتنەدا کە ئەندریاس فانیزادە لەگەڵ نووسەری ئێرانی مەحموود دەوڵەت ئابادی سازی کردووە، مەحموود دەوڵەت ئابادی قسە و باسی خۆی لەبارەی شکستی ڕاپەڕین و نارەزاییە سەوزەکەی ئێرانەوە و هەروەها لەبارەی ئەدەب و سانسۆر لە دەوڵەتی ئاینسالارەوە (تیۆکرات) دەکات.

ئەدەب نابێت لەناو سیاسەتی ڕۆژانەدا کورت بکرێتەوە. کاری تایبەتیی میدیا ئەوەیە کە ڕۆژانە هەواڵی باری گشتیی وڵات بڵاو بکاتەوە، لێ ئەدەب کارێکی تری هەیە.

ئەمڕۆ کولتووری ئێمە بۆگەن بووە.

"مەحموود دەوڵەت ئابادی"


* بەڕێز دەوڵەت ئابادی ئاخۆ بۆ ئێوە زۆر زەحمەت بوو، کە ڤیزایەک وەربگرن بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتی ئەڵمانیا بکەن؟

– هیچ کێشەیەکی تازە و چاوەڕواننەکراو ڕووی نەدا. ڕاستە زۆر کێشەی بچووکی بیرۆکراتیم تووش بوو، بەڵام ئێمەی ئێرانی ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئەم کێشانە ڕاهاتووین.

* ئاخۆ لە ئێران کاتێک کەسێک بیەوێت ڤیزەیەکی دەست بکەوێت و سەردانی دەرەوەی وڵات بکات، ڕووبەڕووی چی دەبێتەوە؟

– ئەگەر کەسێک ڤیزایەکی هەبێت، ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی دەتوانێ سەفەری دەرەوەی وڵات

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



بکات. لێ گەر هاتوو ئەو کەسە سەفەری دەرەوەی وڵاتی لێ قەدەغە کرابێت، ئەو کەسە کاتێک بەوە دەزانێت کە دەچێتە باڵەفڕگە، لەوێ ناهێڵن سەفەر بکات و ئاگەداری دەکەنەوە کە بۆی نییە سەفەری دەرەوەی وڵات بکات.

* کاتێک لە ئەڵمانیا بوون، لە سیمینارێکدا کە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانە نوێکەتان ("Colonel" Der.، جەنابی عەقید) ساز کرابوو، وتتان پێ دەچێت لە پاش پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێراندا ڕەوشی سانسۆرکردن بەرەو باشی بڕوات. ئاخۆ کەی ڕۆمانەکەتان لە ئێران چاپ و بڵاو دەکرێتەوە؟

– دیارە من ئاواتەخواز بووم کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و دوور لە ساختە بەڕێوە بچووایە، کە بە دڵنیاییەوە گەر بەو شێوەیە بووایە، ئەوا هەلومەرجێکی تر لە ئێراندا دروست دەبوو. لەو کاتەدا چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی لەو جۆرەی کتێبەکەی منیش کارێکی ئاسایی دەبوو. لێ بەداخەوە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەو شێوەیە دەرنەچوو و تووشی گەلێک کێشە و ئاڵۆزی بوو. زۆرێکیش لە کێشە و بارە گشتییەکان بەرەو ئاڵۆزتر و خراپتر ڕۆیشتن. من هێشتا هەر ئاواتەخوازم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبەکەم لە ئێران چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

* ڕۆمانە نوێکەتان "Der Colonel"، کارێکی زۆر دڵسووتێنە. ئەم ڕۆمانە کە لە کۆمەڵە باسێکی (کۆمەڵایەتی، خێزان، پیاوسالاری، توندوتیژی) لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لەخۆ دەگرێت. بۆچی جارێکی تر گەڕانەوە و خۆتان بەقۆناخەکانی پێشووتر سەرقاڵ کردووە؟

– دیارە ئەم ڕۆمانە پێش چەند ساڵێک پێش ئێستا، دەستنووسەکەیم پێشکێش بەدەزگای سانسۆری ئێرانی کردبوو، بەواتایەکی تر ئەم ڕۆمانە باسی ڕووداوەکانی پێش ئێستا دەکات. ئەم ڕۆمانە ٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا نووسیومە. لێ من هەموو کاتێک دوام دەخست، چونکە حەزم نەدەکرد ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەکو وتارێکی سیاسی بخوێنرێتەوە. هەر بۆیە خۆم لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی دوا خست. بەبڕوای من، ئەدەب نابێت لەناو سیاسەتی ڕۆژانەدا کورت بکرێتەوە. کاری تایبەتیی میدیا ئەوەیە کە ڕۆژانە هەواڵی باری گشتیی وڵات بڵاو بکاتەوە، لێ ئەدەب کارێکی تری هەیە.


* لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانتدا وتت، کە دەزگای سانسۆری ئێرانی، کتێبەکەتیان وەکو کارێکی نایاب وەسپ کردووە؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆتان نییە ئەم کارە لە ئێران چاپ و بڵاو بکرێتەوە. ئاخۆ ئەمە زەنگێکی گاڵتەئامێز و هیچ و پووچ نییە؟

– ئەمە بۆ من کارێکی هیچ و پووچ نییە، بگرە کارێکی دژ بەیەک و دژوارە، بەداخەوە ئەمە ماوەیەکی زۆرە لە ئێراندا خۆی سەپاندووە و، باری کولتووریی ئێمەش بەرێوە دەبات. ئەو کەسانەی کە دەستنووسی رۆمانەکەی منیان خوێندبووەوە و لێیان کۆڵی بووەوە، بەکارێکی ئەدەبی تۆماریان کردبوو، هەروەها بەیەکێک لە کارە ئەدەبییە نایابەکانیان وەسپ کردبوو. لێ لە بەرامبەردا دەبێت ئەوان وەکو فەرمانبەرێکی حکوومەتی هەڵسوکەوت بکەن و لە ڕووی ئایدیۆلۆجیاییەوە دژی بوەستنەوە، هەر بۆیە نووسیبوویان وا باشترە ئەم رۆمانە لە ئێران چاپ و بڵاو نەکرێتەوە.

* ئاخۆ ئێوە لەو کاتەدا کە وەڵامەکەتان وەرگرتەوە چۆن هەڵوەستەتان کرد؟ ئاخۆ توانیتان لە ئێراندا ئەم نووسینە ڕابگرن؟ ئاخۆ هیچ دەزگایەکی کولتووری هەیە، کە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا نەبێت؟

– هیچ ڕێگەیەک نییە کە بتوانیت ئەم رۆمانە بڵاو بکەیتەوە یان بیخوێنیتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە مرۆڤ دەکارێت، لەگەڵ چەند کەسێکی هاوڕێ و دۆستی خۆی، لە ماڵێکدا، ئەم رۆمانەیان بۆ بخوێنیتەوە. لێ بڵاوکردنەوەی کارێکی نایاسایی دەبێت، کاتێکیش بتەوێت رۆمانەکە بیخوێنیتەوە، ئەوا یەکسەر دەزگای سانسۆری ئێرانی پەیدا دەبێت و ڕێگەت لێ دەگرن.

* لە پاش پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا، لە ئێران کۆمەڵێکی زۆری خۆپێشاندان و ناڕەزایی، بۆ ماوەی چەندان هەفتە تەواوی ئێرانی گرتەوە. لە دەرەوە خەڵکی پێیان وابوو، کە لە ئێران بزاڤێکی ئۆپۆزسیۆنی نوێ لەدایک بووە، کە دژی ئەو بیروباوەڕ و کولتوورەیە کە شۆڕشی ١٩٧٩ لەگەڵ خۆی هێناویەتی. ئەم بزاڤەش لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا دەرچووە. ئاخۆ ئێوە بۆچوونتان بۆ ئەم بزاڤی ناڕەزاییانە چۆن بوو؟




– ناتوانین ئەم باری نائارامی و ناڕەزاییانە بیخەینە ناو قاڵبی شۆڕشەوە، هەروەها ناشتوانین بەهەمان باری ١٩٧٩ی دابنێین. بەڵکە ئەم بارە برێتی بوو لە کۆمەڵێک بزاڤی ناڕەزایی ئاشتیخوازانە، کە هەموویان بەپێی یاسا و دەستووری وڵات ڕێگەی پێ درابوو واتە کارێکی نایاسایی نەبوون، لە هەمان کاتیشدا دژی بەکارهێنانی خراپیی دەستوور و یاسا بوو. گەر ئەم بارە بە شۆڕش وەسپ و شرۆڤە بکەین، بەبڕوای من تەنیا ئاواتێک و بیرێکی خەیاڵاوییە.

* چۆن لە کاتی ناڕەزاییەکاندا ژیانتان بەسەر

دەبرد؟ ئاخۆ خۆتان بەشداریتان لە نارەزاییەکانتان دەکرد و دەچوونە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان؟ یان ئەوە بۆ ئێوە کارێکی ترسناک بوو؟

– دیارە من خۆم نەمتوانی بەشداریی نارەزایی و خۆپێشاندانەکان بکەم، بەلام بەوردی چاودێریم دەکرد و هەروەها لەسەریم دەنووسی. هەروەها وتارێکم لەسەر ئەم خۆپێشاندانانە نووسی و لە ڕۆژنامەی Die Zeit بڵاو کردەوە. من لەو کاتەدا زۆر دەترسام، کە سەرانی وڵات لە دژی خۆپێشاندەران و خەڵکی نارازی، توندوتیژیی زۆر و چەک بەکار بهێنن. هەر بۆیە من خۆم لەم بارە دوور گرت و بەشداریی خۆپێشاندانەکان نەبووم.

* ئاخۆ ئەمە شتێکی سەیر نییە، کە پیاوێکی وەکو حوسێن مووساوی، کە بەشدار بووە لەو ڕژێمە داپڵۆسێنەر و خوێنمژەی کە ساڵی ١٩٨٠ دروست بوو، ئەمڕۆ ئەم پیاوە ببێتە هیوای ئۆپۆزسیۆن و ئێرانی نوێ؟

– دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بۆگەنبوونی کولتووری ئێمە، پاشان ئەم جووڵانەوەیە خۆی لە خۆیەوە بوو، سەربەخۆ بوو. ئەم جووڵانەوەیەش پێویستی بەپێشەوایەک، سیمبولێک هەیە و مووساویش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە باشترین شانسیان هەبوو، کە لەگەڵ یاسا و ریالیتێتی ئەم بزاڤەدا بگونجێت و ببێت بەباشترین کاندیدی جووڵانەوەکە. بەبڕوای من، تەنانەت مووساوی بۆ خودی خۆشی، ئەو هێز و دینامیکییەی خەڵکی چاوەڕوان نەدەکرد، من لەو باوەڕەدام کە کەس چاوەڕێی ئەم ئەنجامە نەبوو.

* ئێوە لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا، دژی سەرکوتکردن و زەبروزەنگی دەسەڵات ڕاوەستان، هەروەها دوو ساڵیش زیندانی کران. ئاخۆ ڕەوشی ئێستای ئێران چۆن دەبینیت، پاش ئەوەی هەموو نارەزاییەکان لەناوبران و سەرکوت کران؟

– جیاوازییەکی ئێجگار گەورە هەیە. ڕژێمی شا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، سیستەمێکی سەرکوتکەرانە بوو. شا دەیویست بەشێوەیەکی سیستەماتیکی هەموو بزاڤێکی نارازی و ئۆپۆزسیۆن سەرکوت بکات و لەناو بەرێت. لێ ئێستا هەلومەرجەکە جۆرێکی ترە. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێرانی بەسەر دوو بەش یان گرووپ دابەش بووە. هەر گرووپە و دژی گرووپەکەی ترە. ئەم هەلومەرجەی ئەمڕۆ لە چاو هەلومەرجی پێشوودا زۆر نێگەتیڤانەیە، چونکە ئەو کات بەجوانی و ڕوونی سنوورەکان دیار بوون. ئەمەش بارەکە زۆر ئاڵۆز و زەحمەتتر دەکات. لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٧٠دا، ڕژێمێکی دیکتاتۆری دروست بوو، کە سیستەمێکی داخراو و سەرکوتکەرانە لە دژی تەواوی گەل وەستابوو. لێ ئەمڕۆ بارەکە بەرەو دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ دوو بەش دەچێت.

* ئەوەی لە دەرەوە جێگەی شانازی و ڕێزێکی گەورە بوو، بەشداربوونی خەڵکانێکی زۆری ئێرانی لە خۆپێشاندان و نارەزاییەکاندا، لە کاتێکدا هەموو



دەزانین چەندە نارەزایی دەربرین لە ئێراندا، ترسناک و هەرەشەئامێزە. بەبڕوای ئێوە ئەم ئازایەتی و هێز و گیانی شۆڕشگێڕییە لە کوێوە هات؟

– ئێوە نابێت ئەوەتان لە بیر بچێت، ئەوانەی کە ئەمڕۆ ڕاپەڕیون و خۆپێشاندان دەکەن، کوڕ و کچی ئەو نەوەیەن، کە بەسنگێکی ڕووتەوە شەڕی دژی هێرش و پەلاماری عێراقی سەدام حوسێن وەستانەوە و بەرگرییان لە وڵاتەکەی خۆیان کرد. ئەوان لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕدا، قوربانیی زۆریان داوە، لە ترسناکترین باری ژیاندا، ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە. هەر بۆیە ئەوان هەروا بەئاسانی قبووڵی ناکەن سووکایەتییان پێ بکرێت. لە هەمان کاتیشدا ئەمە وڵاتی ئەوانە.

* واتە ئەو کەسانەی کە بەشدار بوون لە نارەزاییەکان سەر بەخۆیان بوون، بەڵام پاشتر لێیان وەرگەڕانەوە؟

– بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەم وەرگەڕانەوەیە، بەپرۆسێسێکی دوور و درێژدا تێ پەڕیوە. ئەمان پێشتر هیچ هەلومەرجێک یان بارێکی وایان بۆ نەڕەخسابوو، کە بە ژمارەیەکی زۆر و بەئاشکرا خۆیان ڕێک بخەن و خۆیان بەیان بکەن (ڕابگەیەنن).

* ئەم ساڵ باراک ئۆباما خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی پێ درا. ئاخۆ ئەمە پەیامێکیش نییە بۆ ڕێژیمی ئێران؟

– بەدڵنیاییەوە ئەمە سیگناڵێکی گرینگە بۆ حکوومەتی ئێران، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە هەڵسوکەوت بکات. بەڵام بۆ من، کە کەسێکم خۆم لە ناوەڕاستدا دەبینمەوە، دەتوانم پێشنیازی ئەوە بۆ باراک ئۆباما بکەم، کە ئەم پەیامە بەشێوەیەکی یەک لایەنانە تەفسیر نەکات. بەدڵنیاییەوە من دەنگ بەم ڕێژیمەی ئێران نادەم. لێ گەر ئۆباما بیەوێت لە پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێت، دەبێت بەوپەڕی ڕاشکاوانە و جیدییەتەوە، ئێران وەکو نەتەوەیەک و دەوڵەتێکی سەربەخۆ قبووڵ بکات.

* مەحمـوود ئەحمـەدی نەژاد، زۆر حەزی لێیە دروشـمی ئەنتی سـامی (دژە جـوولەکـە) بەکـار بهـێنێت. ئاخـۆ گـەلی ئێـران لەم بارەیەوە چۆنی دەبینن؟ ئاخـۆ بەڕاستی هیچ جۆرێک لە بزاڤی ئەنتی سامی لە ئێراندا بوونی هەیە؟

– دیارە زەحمەتە بزانیت بۆچی ئەحمەدی نەژاد ئەم جۆرە دروشمانە بەکار دەهێنێت. من لێی تێ ناگەم. لێ من بەهەموو شێوەیەک دژی ئەم دروشمانەم و بەهیچ شێوەیەکیش ئەم قسانە قبووڵ ناکەم. بەڵام نابێت ئەم لێدوانانە، وەکو بیانوویەک لە دژی ئێران بەخراپترین شێوە بەکار بهێنرێت. ئێمە پێویستیمان بەئیرادەیەکە کە گیانی لێک تێگەیشتن دروست بکات و من زۆر دڵنیام کە ئێمە دەتوانین ئەم کـارە بەئەنجام بگەیەنین. لە هەمان کاتیشدا زۆر گرینگە، کە خەڵکی پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی بکات.

* ئاخۆ کولتوور لەم ڕووداوانەی دواییدا چ ڕۆڵێکی بینی؟ من وا هەست دەکەم و گەیشتوومەتە قەناعەتێک، بۆ نموونە کاتێک سەیری ئەو فیلمانە دەکەم کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە ئێران بەرهەم هێنراون، قسە و باسی سەرەکییان لەسەر ئەوەیە، کە کێ بە ڕاستی و تەواوەتی ئێران کۆ دەکاتەوە. هەروەها گەڕانەوە بۆ داوونەریتی کۆن و، پرسی دەسەڵاتی نەتەوەیی و زلهێزی ئێران لە ناوچەکەدا. ئاخۆ هەموو ئەمانە بریتی نین لە پرۆگرامێکی کۆنەپارێزی؟

– بەدڵنیاییەوە ئەم ڕێسایە بوونی هەیە و ئەمەش ئێجگار بەوە بەهێز کراوە، کە ئێمە بەهیچ جۆرێک خاوەنی میدیای ئازاد نین. سنوور و چوارچێوەی گفتوگۆکان، هەمووی لە سەرەوە دادەنرێت، هەر بۆیە ئێستا باسەکان زۆر ئاینی و ناسیۆنالیستین. کەس ناتوانێت ئازادانە گفتوگۆ لەسەر پرسی کولتووری بکات. هەروەها ئێمە ناتوانین باسی مێژووی ئێران و ڕووداوەکانی پێشووتر بکەین. تۆ سەیری ئەوە بکە، من لە ئەڵمانیا دەتوانم ڕۆمانەکەم بخوێنمەوە و باسی لێوە بکەم، بەڵام لە ئێران ناتوانم. ئەم نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕینەش، ڕووبەڕووی کاردانەوەیەکی توند دەبێتەوە. پارادۆکسی گەورە لەوەدایە، کە خەڵکانێک بۆیان هەیە چییان حەز لێ بێت بیڵێن، بەڵام خەڵکانێکی تر بۆیان نییە قسە بکەن و دەبێت بێدەنگ بن.

**چەند دێڕێک لەسەر مەحموود**

مەحموود دەوڵەت ئابادی لە ساڵی ١٩٤٠ لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران لەدایک بووە. ئەمڕۆ بەیەکێک لە باشترین و ناسراوترین ڕۆماننووسی ئێران دێتە ژماردن.. ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن دەزگای Zürcher Unionsverlag ڕۆمانی "Der Colonel"، (جەنابی عەقید) کراوە بەئەڵمانی. دیارە جگە لەم ڕۆمانە، کۆمەڵێک ڕۆمانی تری نووسیوە.

سەرچاوە: www.Qantara.De.Interview mit Mahmud Doulatabadi

# ڕستەیەک

میلان کۆندێرا

## بەشی چوارەم

لە «سێبەری خەسێنەری گارتای پیاوچاک»دا ڕستەیەکی کافکام هێناوەتەوە، یەکێک لەو ڕستانەی، من وام بۆ دەردەکەوێ سەرجەمی ڕەسەنیەتیی شیعری ڕۆمانەکانی تێدا خەست بووەتەوە: ڕستەی بەشی سێیەمی کۆشک، لەو شوێنەدا کە کافکا وەسفی جووتبوونی (ک.) و فریدای تێدا دەکا. بۆ ئەوەی جوانییەکی تایبەتی هونەری کافکا بەتەواوی پێشان بدەم، وام بەباش زانی، لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا کار بکەم و وەرگێڕانێکی ڕەونووسانەی هەتا بکرێ دەستپاکم بەرهەم هێنا، لە جیاتیی ئەوەی ئەو وەرگێڕانە فرەنسییانە بەکار بهێنم کە لە ئارادان. جیاوازییەکانی نێوان ڕستەیەکی کافکا لە دەقی وەرگێڕانەکانیەوە بۆ ئەم لێ وردبوونەوانە ڕێنوێنییان کردم:

### وەرگێڕانەکان

با بەوەرگێڕانەکاندا بچینەوە. یەکەمیان هی ساڵی ١٩٣٨ی ڤیالیتایە: «بەسەعات لەوێ بوون، بەسەعات هەناسە تێکەڵ، ترپەی دڵی هەردووک، بەدرێژاییی ئەو ماوەیە (ک.) بێ وچان هەستی بەبزربوونی خۆی دەکرد، هەستی بەوە دەکرد کە زۆر دوور کەوتووەتەوە، کەسێکیش نییە پێش وی هەندە ڕێی کردبێت، لە غەریباتی، لە وڵاتێک تا هەواکەشی بەهەوای زێدی وی نەدەچوو، لەو شوێنەی کە تاراوگە ئینسان دەخنکێنێت و لەو شوێنەی کە ناتوانرێت هیچ بکرێت، لە ناوەند ئیغرایەکی شێت کە تەنیا هەنگاوی بەردەوام و ونبوونی زیاتر دەمێنێتەوە.»(١)

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەرەنگ

هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ دەیزانی، کە ڤیالێتە بەرامبەر کافکا ئازادییەکی زۆری بەخۆی داوە؛ لەبەر ئەوە پەخشخانەی گالیمار ویستی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکانی کافکا لە حەوتەوانەدا بەوەرگێڕانەکانیدا بچنەوە. بەڵام میراتگرەکانی ڤیالێتە بوونە کۆسپ؛ بەو جۆرە گەیشتنە چارەسەرێکی هەتا ئەو کاتە لە ئارادا نەبوو: ڕۆمانەکانی کافکا بەپەخشە هەڵەکارییەکانی ڤیالێتەوە چاپ کران، لە کاتێکدا سەرپەرشتیار کلود داڤید لە کۆتایی کتێبەکەدا ڕاستکردنەوەکانی خۆی لە شێوەی تێبینییەکی باوەڕنەکردەنی زۆردا بڵاو کردەوە. لەبەر ئەوە خوێنەر ناچارە، هەردەم لە کتێبەکەدا لاپەڕە ئەمدیو و ئەودیو بکا، بۆ ئەوەی لە مێشکی خۆیدا وەرگێڕانێکی «باش» بەرهەم بهێنێ. هاوپێوەستکردنی وەرگێڕانەکەی ڤیالێتە لەگەڵ ڕاستکردنەوەکانی کۆتایی کتێبەکە لە بنەمادا وەرگێڕانێکی دووەمی فرەنسی پێک دەهێنن، کە من لەبەر ئاسانی، تەنیا بەناوی داڤید ناوزەدی دەکەم:

«بەسەعات مانەوە لەوێ، بەسەعات هەناسەیان تێکەڵ دەبوو، ترپەی دڵیان تێکەڵ دەبوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیە (ک.) بێ وچان هەستی بەوە دەکرد کە بزر دەبێت، کە ڕۆ چووەتە شوێنێکی هەند دوور کە پێشتر کەسی نەگەیشتووتێ ؛ لە وڵاتێکی غەریب، لە شوێنێک کە هەواکەشی بەهەوای زێدی وی نەدەچوو، غوربەتی ئەو وڵاتە دەیخنکاند، سەرەڕای ئەمەش، لەنێو ئیغرای شێتدا، تەنیا هەر هەنگاو بەرەو دوورتر مابووەوە، هەردەم بزر بوون»

خزمەتی گەورەی بێرنهارد لۆرتۆلارییە، کە ئەو لە ئەو وەرگێڕانانەی لە بەردەستتدا بوون زۆر ناڕازی بوو و ڕۆمانەکانی کافکای سەرلەنوێ وەرگێڕا. وەرگێڕانی کۆشک هی ساڵی ١٩٨٤ە:

«لەوێ بەسەعات مانەوە، بەسەعات هەناسە تێکەڵ، دڵیان پێکەوە لێی دەدا، بەدرێژایی ئەو ماوەیە (ک.) هەستێکی بەردەوامی بەبزربوون لەلا گەڵاڵە دەبوو، تا هەستی بەوە دەکرد هەندە دوور کەوتووەتەوە کە کەسی تر پێش وی نەگەیشتووەتە ئەو ئاقاری غەریبە، تا هەواش یەک دەنک بەهەوای زێدی وی نەدەچوو، لەو شوێنەی کە بەهۆی غوربەتییەوە تەنیا هەر خنکاندن دەمایەوە، تەنانەت هیچی تر نەدەکرا، لە نێو ئەو شێتییە ئیغراگەیێنە تەنیا ڕۆیشتن و زیاتر بزربوون نەبێت»

لێرەدا ڕستەکە بەدەقی ئەسڵی:

«لەوێ چەندان سەعات بە سەرچوون، چەندان سەعاتی هەناسەی هاوبەش، دڵ لێدانی هاوبەش، چەندان سەعات، کە (ک.) هەردەم ئەو هەستەی هەبوو، ڕێ ون دەکا یان ئەوەندە بە قووڵی لە نامۆییدایە، کە پێش ئەو هیچ مرۆڤێک تێیدا نەبووە، نامۆییەک، کە تەنانەت هەوایش پێکهاتەی هەوای وڵاتی تێدا نییە، کە مرۆڤ لە نامۆییدا دەخنکێ و لە لاسدانە بێ ماناکانیدا مرۆڤ هیچی تری بۆ ناکرێ جگە لەوەی لە ڕۆیشتن بەردەوام بێ، بەردەوام ڕێ ون کا.»

## خوازە

هەموو ڕستەکە جگە لە خوازە (مەجاز)ێکی درێژ زیاتر هیچی تر نییە. هیچ شتێک لەوە پتر داوا لە وەرگێڕێک ناکا جگە لە بەدیقەتی لە وەرگێڕانی خوازە. لەوێدا مرۆڤ دەگا بەکانگای دڵی

ڕەسەنایەتیی شاعیرانەی نووسەرێک. یەکەم وشەی ڤیالێتە هەڵەی تێدا دەکا «senfoncer» (چوونە ناوەوە)یە: «il s`était enfoncé» (ئەو هێندە چووبووە ناوەوە). لای کافکا (ک.) ناچێتە ناوەوە، ئەو لە «ناویدایە». وشەی «خستنە ناوەوە» خوازەکە دەشێوێنێ: زۆر توند بەکردە واقیعییەکەیەوە دەبەستێ (لە کاتی جووتبووندا مرۆڤ دەیخاتە ناوەوە) و بەمەیش ئاستی ئەبستراکتگەرای لێ دەدزێ (ڕەوشی بوونی خوازەکەی کافکا داواکاریی مادی، بێدارکردنەوەی وێنا یان بەسەرهاتی بینینی جووتبوون بەرز ناکاتەوە). داڤید، کە ڤیالێتا ڕاست دەکاتەوە، کردارەکە دەهێڵێتەوە: «خستنە ناوەوە». تەنانەت لۆرتۆلاری (دەستپاکترینی هەرسێکیان) خۆی لە وشەی «بوون» لادەدا و بە «savencer vers» (چوونە پێشەوە) جێی دەکاتەوە.

لەلای کافکا (ک.) لە کاتی جووتبووندا «لە نامۆییدایە»؛ کافکا دووجار وشەکە دووبارە دەکاتەوە، لە سێیەم جاردا هەڵهێنجراوەکەی «نامۆیی» بەکار دەهێنێ: لە هەوای نامۆییدا مرۆڤ لە نامۆییدا دەخنکێ. هەموو وەرگێڕەکان لە کاتی ئەم سێبارەکردنەوەدا شەرمەزار دەبن: لەبەر ئەوە ڤیالێتا تەنیا یەک جار گوزارشتی «à létranger» (لە نامۆییدا) بەکار دەهێنێ و لە جیاتیی «à étrangeté» (نامۆیی) گوزارشتێکی تر بەکار دەهێنێ: «devait étouffer dexil où lon» (ئەو شوێنەی مرۆڤ لە تاراوگەدا دەخنکێ). بەڵام لەلای کافکا لە هیچ شوێنێکدا باسی تاراوگە لە ئارادا نییە. تاراوگە و نامۆیی چەمکگەلی جیاوازن. لە کاتێکدا (ک.) لەگەڵ فریدا جووت دەبێ، لە هیچ ماڵێک دەرنەکراوە، دوور نەخراوەتەوە(واتە جێگەی بەزەیی نییە)؛ ئەو لەو شوێنە، کە بەئارەزووی خۆی لێیەتی، ئەو لەوێیە، چونکە پڕکێشی دەکا، لەوێ بێ. وشەی «تاراوگە» خەرمانەیەکی قوربانیزەدەیی، ئازارچەشتن بەخوازە دەدا، سۆزگەرا، میلۆدراماگەرای دەکا.

ڤیالێتە و داڤید وشەی «ڕۆیشتن» (aller) بەوشەی «هەنگاونان، مارشکردن» دەگۆڕن. کە «ڕۆیشتن» ببێتە «مارشکردن» گوزارشتگەریی بەراورد بەهێزتر دەبێ و خوازەکەیش کەمۆکەیەک ناچیز دەبێ (ئەوەی سەرقاڵی جووتبوونە دەبێتە مارشکەر). ئەم لایەنە ناچیزە لە بنەمادا خراپ نییە (من خۆم زۆر حەزم لە خوازەی ناچیزە و زۆرجار ناچارم، دژی وەرگێڕەکانم بەرگرییان لێ بکەم)، بەڵام بێگومان لێرەدا کافکا مەبەستی ناچیزە نەبووە.

وشەی «نامۆیی» تاقە شتێکە وەکو وشە وەرناگێڕدرێ. لە زمانی ئەڵمانیدا «نامۆیی» تەنیا «وڵاتێکی نامۆ» ناگەیەنێ، بگرە بەشێوەیەکی گشتیتر و ئەبستراکتتر: هەموو شتێک، «کە نامۆیە»، «واقیعێکی نامۆ، جیهانێکی نامۆ». ئەگەر مرۆڤ «لە نامۆییدا» بە «à létranger» وەربگێڕێ، ئەمە لە فرەنسیدا، وەکو ئەوە وایە لای کافکا وشەی «وڵاتی بێگانە» نووسرابێ. ئەو فریوەی، وشەی «نامۆیی» لەبەر بە دیقەتییەکی گەورەتری مەدلوولی لە ڕێی وەسفکردنی خەسڵەتەکانیەوە بەدوو وشەی فرەنسی وەربگێڕدرێ، بۆ من مایەی تێگەیشتن دەردەکەوێ؛ بەڵام لە هەموو چارەسەرە بەرجەستەکاندا (ڤیالێتە: لە نامۆییدا، لە وڵاتێکدا، کە)؛ داڤید: (لە وڵاتێکی نامۆدا)؛ لۆرتۆلاری: (لە دەڤەرە نامۆکاندا) خوازەکە جارێکی تر ئاستی ئەبستراکتگەری ون دەکا، کە لای کافکا هەیەتی و لایەنی «گەڕیدەیی» پتر جەختی لێ دەکرێتەوە، لە جیاتیی چەپەر بکرێ.

مرۆڤ دەبێ ئەو وێنایە ڕاست بکاتەوە، گوایە کافکا حەزی لە خوازە نەبووە؛ ئەو حەزی لە چەشنێکی دیاریکراوی خوازە نەبوو، بەڵام یەکێکە لە داهێنەرە گەورەکانی ئەو خوازانە، کە من بە بوونگەرا یان دیاردەگەرا ناوزەدی دەکەم. کاتێ ڤێرلین دەڵێ: «ئومێد وەکو پووشێک لە تەویلەدا دەبریسکێتەوە»، ئەمە فەنتازیایەکی شیعریی زۆر نایابە. لە پەخشانی کافکادا بێگومان مایەی بیرلێکردنەوە نییە. چونکە ئەو شتەی کافکا بە دڵنیاییەوە حەزی لێی نەبوو، بەشیعرکردنی پەخشانی ڕۆمان بوو.

فەنتازیای خوازەیی کافکا لە هی ڤێرلین یان ڕیلکە کەمتر دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام شیعری نەبوو، ئەمە واتە: تەنیا لەو ویستەوە سەرچاوەی گرتووە شفرە بکاتەوە، تێ بگا، پەی بەمانای ڕەفتاری کەسەکان ببا، پەی بەمانای ئەو بارودۆخانە ببا، کە تێیدان.

با بیر لە دیمەنێکی تری خۆشەویستی لە نێوان دایکە هێنتیەن و ئێشدا لە ڕۆمانی خەوڕۆکانی برۆخدا بکەینەوە: «ئێستا ژنەکە لێوی لە لێوەکانی ئەو توند کرد، کە لە گەڕاندا بوون، وەکو کەڵبەی ئاژەڵێک بەسەر شووشەیەکەوە و، ئێش زۆر تووڕە بوو، کە ژنەکە ڕۆحی، بۆ ئەوەی پیاوەکە نەبێتە خاوەنی، لە پشتی دانە لە یەکتر توندکراوەکانەوە بەند کردبوو.»

وشەکانی «کەڵبەی ئاژەڵێک» و «شووشە» خزمەتی ئەوە ناکەن، بە بەراوردێک وێنەیەکی دیدەیی دیمەنەکە دەربخەن، بگرە درک بەباری بوونی ئێش بکرێ، کە تەنانەت لە هاوئامێزیی خۆشەویستیشدا، بەشێوەیەکی لە ڕوونکردنەوە نەهاتوو (وەکو لە کاتی شووشەیەکەوە) لە دۆستەکەی جودا دەمێنێتەوە، بێ توانا لەوەی ببێتە خاوەنی ڕۆحە (لە پشتی دانە لەیەک توندکراوەکانیەوە) بەندەکەیەوە. بارێکی زۆر سەخت یان تەنیا لە ڕێی خوازە پەی پێ براوەوە.

لە سەرەتای بەشی چوارەمی کۆشکدا بۆ جاری دووەم جووتبوون لە نێوان (ک.) و فریدادا ڕوو دەدا؛ ئەویش لە تەنیا یەک ڕستەدا (خوازەیەکی بۆ ڕستە فراوان بوو) وەسف دەکرێ: «ژنەکە بەدوای شتێکدا دەگەڕا، پیاوەکەیش بەدوای شتێکدا دەگەڕا، تووڕە، سەروچاو بە یەکداداو، بەسەری سینەی ئەوی تر کون دەکا، گەڕان، لە ئامێزگرتن و جەستە بە سەریەکدادانەکانیان ئەرکەکانیانی لە بیر نەبردنەوە، بگرە ئەو ئەرکەی بیر خستنەوە، بگەڕێن، وەکو سەگان بە دڕدۆنگییەوە پێ لە زەوی دەسوون، ئاوا پێیان لە جەستەی یەکتر دەسوو و، داماو و بێ ئومێد بوو، ناکام بوو، بۆ ئەوەی هێشتا دوا ئاسوودەیی بگەڕێننەوە، هەندێ جار زمانیان بە پانی بەسەر ڕوخساری ئەوی تردا دەهێنا.»

وەکو چۆن لە خوازەی یەکەم جووتبووندا «نامۆ» و «نامۆیی» وشەکلیل بوون، لێرەدا «گەڕان» و «پێ بەزەویدا خشاندن»ن. ئەم وشانە بۆ وێنەیەکی دیدەیی ڕووداوەکە لە ئارادا نین، بگرە بۆ حاڵەتێکی بوونگەرای لە ناولێنان نەهاتوو. کە داڤید وەردەگێڕێ: (وەکو چۆن سەگ بە دڕدۆنگییەوە چڕنووکەکانیان بە زەویدا دەچەقاند، نینۆکی پەنجەی دەستیان بەجەستەی یەکتردا دەچەقاند)،

نەک تەنیا لەگەڵ ئەسڵەکەدا دەستپاک نییە (کافکا نە باسی چرنووک دەکا نە باسی نینۆکی کونکەری پەنجە دەکا)، خوازەکانیش لە بواری بوونگەراییەوە دەخاتە بواری وەسفی بیناییەوە؛ وەرگێڕانەکە سەر بە ئیستاتیکایەکی ترە وەکو لە ئەسڵەکەی کافکا.

(ئەم جێگۆکێ ئیستاتیکییە لە بەشی کۆتاییی ڕستەکەدا ئاشکراتر دەبێ: کافکا دەڵێ: «هەندێ جار زمانیان بە پانی بەسەر ڕوخساری ئەوی تردا دەهێنا»؛ ئەم ئەنجامگیرییە ورد و بێلایەنە لای داڤید دەگۆڕێتە سەر ئەم خوازە گوزارشتگەرایە: «بەلێدانی زمان ڕوخساری یەکتریان بەر قامچی دەدا.»

## تێبینی لەبارەی هاوواتاکردنی سیستەماتیکیەوە

ئەو پێویستییەی، لە جیاتیی وشەیەکی ئاشکراتری، ساناتری، بێلایەنتر وشەیەکی تر بەکار بهێنرێ (بوون– چوونە ناوەوە؛ ڕۆیشتن– مارشکردن، بەسەردا ڕۆیشتن– بەر قامچیدان)، مرۆڤ دەتوانێ وەکو کرداری خۆنەویست و بیرلێنەکراوەی هاوواتاکردن ناوزەدی بکا– کردارێکی خۆنەویست و بیرلێنەکراوەی نزیکەی هەموو وەرگێڕەکان. ئازووخەیەکی گەورەی هاوواتا هەبوون بەشێکە لە لێهاتوویی «شێوەی جوان»؛ ئەگەر لە بڕگەیەکی هەمان دەقدا دووجار وشەی «غەمگینی» هاتبێ، کە (وەکو کاریگەری لەسەر بوونی جوانیی پێویست هەستپێکردن) ئەم دووبارەبوونەوەیە چقڵێکە لە چاوی وەرگێڕەکەدا، هەوڵ دەدا دووەمیان وەکو «میلانخۆلیا» وەربگێڕێ. بەڵام لەوەیش زیاتر: ئەم هاوواتاکردنە هێندە بەقووڵی لە ڕۆحی وەرگێڕدا هەڵکۆڵراوە، کە یەکسەر هاوواتایەک هەڵدەبژێرێ: بە «میلانخۆلیا» وەری دەگێڕێ، ئەگەر لە دەقە ئەسڵییەکەدا «غەمگینیی» نووسرابێ و، «غەمگینی» دەنووسێ، ئەگەر «میلانخۆلیا» نووسرابێ.

با بەبێ تەوس پێی لێ نێین: دۆخی وەرگێڕ ناوازە سەختە: دەبێ بۆ نووسەرێک دڵسۆز بێ و لە هەمان کاتدا خودی خۆی بمێنێتەوە؛ چۆن دەتوانێ ئەمە مەیسەر بکا؟ ئەو دەیەوێ (لە بەئاگایی یان بێ ئاگایی) داناییی خۆی بخاتە ناو دەقەکەوە؛ لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی دنەی خۆی بدات، بڕیار بۆ وشەیەک دەدا، کە بە ڕواڵەت خیانەت لە نووسەر ناکا وێڕای ئەوەیش شایەدیی دەستپێشخەریی خۆی دەدا. جارێکی تر لە پێداچوونەوەی دەقێکی کورتی خۆمدا ئەوەم بۆ دەردەکەوێ: من «دانەر» دەنووسم، وەرگێڕەکە بە «نووسەر» وەری دەگێڕێ؛ من «نووسەر» دەنووسم، ئەو بە «ڕۆماننووس» وەری دەگێڕێ؛ من «ڕۆماننووس» دەنووسم، ئەو «دانەر» وەری دەگێڕێ؛ ئەگەر من «کۆپلە» دەنووسم، ئەو بە «شیعر» وەری دەگێڕێ؛ کە من «شیعر» دەنووسم ئەو بە «هەڵبەست» وەریدەگێڕێ. کافکا دەڵێ «ڕۆیشتن» وەرگێڕەکان دەڵێن «مارش». کافکا دەڵێ «هیچ پێکهاتەیەکی نا»، وەرگێڕەکان «هیچ کام لە پێکهاتەکانی نا»، «هیچ شتێکی هاوبەش نا»، «هیچ یەکێک لە پێکهاتەکانی». کافکا دەڵێ: «ئەو هەستەت هەبێ ڕێ ون کەی»، دوو وەرگێڕ دەڵێن «سووسەی ئەو هەستە بکەی...»، لە کاتێکدا سێیەم (لۆرتۆلاری)، بەمانای وشە وەری دەگێڕێ

(هەقیشە) و بەجۆرێک ئەو بەڵگەیە بەدەستەوە دەدا، کە بەهیچ جۆرێ پێویست ناکا، «هەست» بە «سووسە» جێ بکەیتەوە. ئەم کردەی هاوواتاکردنە بەڕووکەش بێوەی دەردەکەوێ، بەڵام ڕەوشی سیستەماتیکی بیرۆکەکانی دەقە ئەسڵییەکە بەبێ چەند و چوون کاڵ دەکەنەوە. ئەی بەشێوەیەکی گشتی، نەفرەتی، لەبەرچی؟ بۆچی نابێ مرۆڤ بڵێ «ڕۆیشتن»، ئەگەر دانەر خۆی «ڕۆیشتن» بنووسێ؟ ئەی وەرگێڕە بەڕێزەکان، ئێمە هاوواتا مەکەن!.

## دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشە

با سەیری کردارەکانی ڕستەکە بکەین. کافکا بڕیاری بۆ کرداری زۆر سادە و سەرەتایی داوە: بەسەرچوون، چوون (٢ جار)، هەبوون (٢ جار)، بە هەڵە ڕۆیشتن (٢جار)، بوون، کردن، خنکان، بوون (دەبێ)، توانین.

وەرگێڕەکان ئەو مەیلەیان هەیە، گەنجینەی وشە دەوڵەمەند بکەن: (دەستبەرداری هەستکردن نەبوون)، لە جیاتیی «هەبوون»؛ (چوونە ناوەوە)، (بردنە پێشەوە)، (بەشێکی ڕێگەکە ڕۆیشتن)، لە جیاتیی «بوون»؛ (مارشکردن)، لە جیاتیی «ڕۆیشتن»، (دۆزینەوە)، لە جیاتیی «هەبوون».

(با جەخت لەوە بکەینەوە، وەرگێڕەکانی هەموو جیهان هەست بەچی ترسێک لە وشەگەلی «بوون» و «هەبوون» دەکەن! ئەوەی ڕێی تێ‌بچێ دەیکەن، بۆ ئەوەی بە وشەیەک جێی بگرنەوە، کە ئەوان کەمتر بە بێ بایەخی دەزانن.)

ئەم مەیلە لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆجییەوە مایەی تێگەیشتنە: وەرگێڕ بەچی هەڵدەسەنگێنرێ؟ بەدەستپاکیی بەرامبەر شێوازی دانەرەکە؟ ئەمە بەتەواوی ئەو شتەیە کە خوێنەرانی وڵاتەکەی ناتوانن ئەوەی پێ هەڵسەنگێنن. لە جیاتیی ئەمە دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشە خۆکرد لەلایەن جەماوەرەوە وەکو بەها درکی پێ دەکرێ، وەکو دەستکەوت، وەکو بەڵگەی وەستایی و سەلیقەی وەرگێڕ. بەڵام دەوڵەمەندیی گەنجینەی وشە خۆی لە خۆیدا بەها بەرجەستە ناکا. مەودای گەنجینەی وشە وابەستەی چڕیی ئیستاتیکییە، کە لە ڕێیەوە بەرهەم ڕێک دەخرێ. گەنجینەی وشەی کارلۆس فوێنتەس سەرسووڕهێنەرانە دەوڵەمەندە. بەپێچەوانەوە گەنجینەی وشەی هەمینگوەی سنورردارە. جوانیی پەخشانی فوێنتەس لە دەوڵەمەندی، ئەوەی هەمینگوەی لە سنوورداریی گەنجینەی وشەدایە.

گەنجینەی وشەی کافکایش هەروەها پاشەکەوتکەرە. ئەم پاشەکەوتکارییە زۆرجار وەکو سۆفیگەریی کافکا ڕوون کراوەتەوە. وەکو ڕەفتاری دژە ئیستاتیکی. بێ پەروایی سەبارەت بە جوانی. یان وەکو ئەو ئەرکەی، کە بەرامبەر ئەڵمانی پراگ بەجێی هێنا، کە لە دەستی دەوروبەری نزیکە گەڵ هەڵپڕووسکێنرابوو، بە کاوەخۆ وشک دەبووەوە. کەس نەیویست دانی پێدا بنێ، کە ئەم ڕووتەنییەی گەنجینەی وشەی کافکا چڕیی ئیستاتیکی کەشف دەکا، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی جوانیی پەخشانی ئەوە.

## تێبینیی گشتی لەبارەی کێشەی سەروەریەوە

بەرزترین سەروەری بۆ وەرگێڕ دەبێ شێوازی کەسایەتیی دانەر بێ. بەڵام زۆربەی وەرگێڕەکان گوێڕایەڵی سەروەرییەکی ترن: گوێڕایەڵی شێوازی دانپێدانراوی گشتی «فرەنسیی جوان» (ئەڵمانیی جوان، ئینگلیزیی جوان)ن، واتە ئەو فەرەنسییەی (ئەڵمانییەی، ئینگلیزییەی)، کە مرۆڤ لە دواناوەندی فێری دەبێ. وەرگێڕ خۆی وەکو پەیامبەری ئەم سەروەرییە لای دانەری بێگانەزمان سەیر دەکا. هەڵەکە لێرەدایە: هەموو دانەرێکی کەمێک بە بەها سنووری «شێوازی جوان» دەبەزێنێ و ڕەسەنایەتیی هونەرەکەی لەم سنووربەزاندنەدایە (و ڕەوایەتیبوونیشی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ). کۆششی یەکەمی وەرگێڕ دەبێ لەوە پێک بێ، لەم سنووربەزاندنە تێ بگا. ئەمە قورس نییە، ئەگەر سنووربەزاندنەکە ڕوون بێ، بۆ نموونە وەکو لای ڕابلێ، جۆیس، سێلین دەیبینین. بەڵام دانەرگەل هەن، کە لە لایان سنووربەزاندنی «شێوازی جوان» ئاگەدارانەیە، بە حاڵ دیارە، شاراوەیە، پەنهانە، لەم حاڵەتەدا ئاسان نییە پەی پێ ببرێ. بەڵام هەر لەبەرئەوەیە ئەوەندە گرینگترە.

### دووبارەبوونەوە

| | | |
|---|---|---|
| چەندان سەعات | ٣ جار | چەندبارەبوونەوە لە هەموو وەرگێڕانەکاندا هێڵراوەتەوە؛ |
| بەیەکەوەبوون | ٢ جار | دووبارەبوونەوە لە هەموو وەرگێڕانەکاندا ڕیشەکێش کراوە؛ |
| ڕێگە ونکردن | ٢ جار | لە هەموو وەرگێڕانەکاندا هێڵراەتەوە؛ |
| نامۆیی | ٢ جار | ئەمجا جارێک نامۆگەرایی– لای ڤیالێ، «نامۆ» تەنیا یەک جار، «نامۆیی» بە «تاراوگە» جێگۆڕکێی پێ کراوە؛ لای داڤید و لای لۆرتۆلاری: جارێک «نامۆ» (ئاوەڵناو)، جارێک «نامۆیی»؛ |
| هەوا | ٢ جار | لە هەموو وەرگێڕانەکاندا دووبارەکردنەوەکە هێڵراوەتەوە؛ |
| هەبوون | ٢ جار | دووبارەکردنەوە لە هیچ وەرگێڕانێکدا لە ئارادا نییە؛ |
| بەردەوام | ٢ جار | ئەم دووبارەکردنەوەیە لای ڤیالیە لە ڕێی دووبارەکردنەوەی وشەی «درێژەپێدان» جێگۆڕکێی پێ کراوە؛ لای داڤید لە ڕێی دووبارەکردنەوەی (لاواز)ی وشەی «هەردەم»ەوە؛ لای لۆرتۆلاری دووبارەکردنەوە ون بووە؛ |
| ڕۆیشتن، بەسەرچوون | | ئەم دووبارەکردنەوەیە (لە ڕاستیدا هێڵانەوەی زۆر سەختە) لای هەموو وەرگێڕەکان ون بووە. |

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامگیری دەکرێ، کە وەرگێڕەکان (بە گوێڕایەڵبوون بۆ مامۆستاکانی دواناوەندی) ئەو مەیلەیان هەیە، دووبارەکردنەوە سنووردار بکەن.

## مانای دەلالیی دووبارەکردنەوەیەک

دووجار نامۆیی، یەک جار نامۆگەری: بەهۆی ئەم دووبارەکردنەوە دانەر وشەیەک دەخاتە ناو دەقەکەیەوە، کە خەسڵەتی چەمکێکی کلیلئاسا، گەڵاڵەیەکی هەیە. ئەگەر دانەر، بەدەستپێکردن لەم وشەیەوە، تاودانەوەیەکی درێژ پەرە پێ بدا، دووبارەکردنەوەی هەمان وشە لە ڕوانگەیەکی دەلالی و مەنتیقییەوە پێویستە. با وێنای ئەوە بکەین، کە وەرگێڕێکی هایدێگەر، بۆ ئەوەی خۆی لە دووبارەبوونەوە لابدا، بۆ «بوون»، جارێک «بوون»، ئەمجا «لە ئارادابوون»، ئەمجا «ژیان»، دواییتر «ژیانی مرۆڤ» و لە کۆتاییدا «لێرەدابوون» دەنووسێ. لەبەرئەوەی مرۆڤ هەرگیز نازانێ، ئاخۆ هایدێگەر باسی یەک شتی جیاواز ناولێنراو دەکا یان باسی شتی جیاواز دەکا، لە جیاتیی دەقێکی زۆر مەنتیقی تێکچڕژانێکی چەمکی دەست دەکەوێ. پەخشانی ڕۆمان (بێگومان من باسی ئەو ڕۆمانانە دەکەم کە شایانی ئەم ناوەن) پێویستی بەهەمان توندی هەیە (بڕگەی تێڕامان یان خوازەگەرا).

## سەرنجێکی تر لەبارەی پێویستییەوە، دووبارەکردنەوە بهێڵرێتەوە

کەمێک دواییتر لە هەمان لاپەڕەی کۆشکدا: «... بەدەنگێکی قووڵی، فەرماندەرانە– بێ پەروا بانگی فریدا کرا. فریدا، (ک.) بەگوێی فریدادا گوتی و بەو جۆرە بانگەکەی گەیاند.»

وەرگێڕەکان دەیانەوێ خۆیان لە سێبارەکردنەوەی ناوی فریدا لادەن:

ڤیالیتە: («بەگوێی کچە پێشخزمەتەکەدا گوتی»).

داڤید: («(ک.) بەگوێی هاوسەرەکەیدا گوتی»).

ئەم ناوانەی جێگەی فریدا دەگرنەوە چەند هەڵەن! با مرۆڤ سەرنج بدا، کە (ک.) لە سەرجەمی دەقەکەی کۆشکدا هەردەم (ک.)یە. لە دیالۆگدا ئەوانی تر دەتوانن «پێوەر» یان لەوانەیە بتوانن شتی تری پێ بڵێن، بەڵام کافکا خۆی، گێڕەرەوە، هەرگیز (ک.) بەوشەی تری وەکو: نامۆکە، هاتووەکە، کوڕە لاوەکە یان نازانم چی ناو نابا. (ک.) جگە لە (ک.) هیچی تر نییە و نەک هەر تەنیا ئەو، هەموو کەسەکان لای کافکا تەنیا یەک ناویان هەیە، تەنیا یەک ناوزەدکردن.

واتا فریدا فریدایە؛ نەک دۆست، نەک مەعشوقە، نەک هاوسەر، نەک کارەکەر، نەک پێشخزمەت، نەک قەحپە، نەک کیژۆڵە، نەک کچە هاوڕێ. فریدا.

## بەهای میلۆدی دووبارەکردنەوە

چرکەساتگەلێک هەن، پەخشانی کافکا هەڵدەکشێ و دەبێتە گۆرانی. ئەمەیش بۆ ئەو دوو ڕستەیە دروستە، کە من ئاماژەم بۆ کردن. (با سەرنجی ئەوە بدەین، کە ئەم ڕستانە بەجوانییەکی ناوازە وەسفی کردەی جووتبوونن؛ ئەمە لەبارەی مانای ئێرۆتیکا بۆ کافکا سەد جار پتر دەڵێ وەکو لە

هەموو توێژینەوە بیۆگرافییەکان. بەڵام با ئەمە واز لێ بێنین.) پەخشانی کافکا هەڵدەکشێ، بە دوو باڵ هەڵگیراون: چڕیی فەنتازیای خوازەیی و میلۆدیای سۆزهەژێن.

لێرەدا جوانیی میلۆدی پابەندی دووبارەکردنەوەی وشەکانە؛ ڕستەکە بەوە دەست پێ دەکا: «لەوێ چەندان سەعات بەسەرچوون، چەندان سەعاتی بەیەکەوە هەناسەدان، بەیەکەوە دڵ لێدان، چەندان سەعات....» لە نۆ وشەدا پێنج چەند پات بوونەوە. لە ناوەڕاستی ڕستەکەدا: دووبارەبوونەوەی وشەی نامۆیی و وشەی نامۆگەرایی. لە کۆتاییی ڕستەکەشدا دووبارەکردنەوەیەکی تر: «... زۆرتر چوون، زۆرتر ڕێگە ونکردن.» ئەم چەندبارەکردنەوانە خێراییەکە هێواش دەکەنەوە و هاوئاوازییەکی نۆستالجی دەدەنە ڕستەکە.

لە ڕستەکەی تردا، کردەی جووتبوونی دووەمی (ک.)، بنەماگەی هاوشێوەی دووبارەکردنەوە بەخۆوە دەبینێ: کرداری «گەڕان» چوار پات دەکرێتەوە، وشەی «شتێک» دووجار، وشەی «جەستە» دووجار، کرداری «پێ لە زەوی خشاندن» دووجار؛ با ئامرازی لێکدەری «و»مان لە بیر نەچێ، کە بەپێچەوانەی هەموو جوانییەکی ڕستەسازییەوە چواربارە دەکرێتەوە.

ڕستەکە دەست پێ دەکا: «ژنەکە بەدوای شتێکدا دەگەڕا و پیاوەکەش بەدوای شتێکدا دەگەڕا ...» ڤیالێتە بەتەواوی شتێکی تر دەڵێ: «ژنەکە بەدوای شتێکی تریشدا دەگەڕا.» داڤید ڕاستی دەکاتەوە: «ژنەکە بەدوای شتێکدا دەگەڕا و پیاوەکەش لەلای خۆیەوە دەگەڕا.» سەیرە: مرۆڤ پێی خۆشترە بڵێ: «ئەویش لەلای خۆیەوە»، لە بریی دووبارەکردنەوەی سانای کافکا بنووسێتەوە: «ژنەکە بەدوای شتێکدا دەگەڕا و پیاوەکەش بەدوای شتێکدا دەگەڕا ...»

## هونەری دووبارەکردنەوە

هونەرێکی دووبارەکردنەوە لە ئارادایە. بێگومان دووبارەکردنەوەی خراپی، بێ سەلیقە هەن (ئەگەر لە کاتی وەسفکردنی خواردندا لە دوو ڕستەدا سێ جار وشەگەلی «کورسی» یان «چەنگاڵ» هتد بخوێنیتەوە). ڕێسا: ئەگەر وشەیەک دووبارە بکرێتەوە، ئەمە ڕوو دەدا، لەبەرئەوەی ئەم وشەیە گرینگە، لەبەرئەوەی مرۆڤ، لەناو یەک بڕگەدا، لە یەک لاپەڕەدا، زایەڵەکەی و ماناکەی جەخت لێ دەکاتەوە.

## لە بابەت لادان: نموونەیەک بۆ جوانیی دووبارەکردنەوە

چیرۆکە زۆر کورتەکەی هەمینگوای (لاپەڕە و نیوێک)، ژنە خوێنەرێک دەنووسێ کراوەتە سێ بەشەوە: ١) بڕگەیەکی کورت، وەسفی ژنێک دەکا، کە نامە دەنووسێ، «بەبێ ئەوەی پێویست بکا هیچ شتێک خەت پێدا بهێنێ یان بینووسێتەوە»؛ ٢) نامەکە خۆی، کە ژنەکە تیایدا باسی نەخۆشیی کۆئەندامی زاوزێی مێردەکەی دەکا؛ ٣) ئەم مۆنۆلۆگەی ناوەوە، کە من دەینووسمەوە:

«بە خۆی گوت، لەوانەیە بتوانێ پێم بڵێ، چی دروستە. لەوانەیە بتوانێ پێم بڵێ. لە وێنەکەی

ڕۆژنامـەکەدا وا دەردەکـەوێ، وەکو بیـزانێ. بەڕاسـتی نایاب دیارە. هەمـوو ڕۆژێک بـەیەکێ دەڵێ، دەبێ چی بکا. دەبێ بیـزانـێ. من دەمـەوێ ئەوە بکەم، کـە دروسـتـە. بەڵام کـاتێکی هێندە درێژە. کـاتێکی درێژە. کـاتێکی درێژ بـوو. خوایە، کـاتێکی چەند درێژ بوو. دەبوو بۆ ئەو شـوێنە بڕوا کـە ناردبوویان؛ من دەزانم، بەڵام نازانم، بۆ دەبوو تـووشـی بێ. ئاخ، خـوای گـەورە، حـەزم دەکـرد، کـە تووشی نەبووایە. بۆ من گرینگ نییـە، چی کردووە، کە تووشـی بووە. بەڵام، خـوای گـەورە، حـەزم دەکـرد، کـە هـەرگـیـز تووشی نـەبووایە. بەوە دەچـێ، کـە مـەرج نەبوو تـووشـی ببێ. مـن نازانم چی بکەم- خـوای گـەورە، حــەزم دەکـرد هـیـچ نەخــۆشـیـیـەکی نـەبووایە. نـازانم، بۆ دەبوو تـووشـی نەخۆشییەک ببێ.»

مـیلۆدی ئەفسـوونی ئەم برگەیە تەنیا لەسـەر دووبارەکردنەوە بینا کراوە. ئەمـە کارامـەیی نییـە (وەکو سـەروا لە شیـعردا)، ئەمانە پتر سەرچاوەکەیان لە زمانی ڕۆژانەی قسەکردندایـە، لە زمانی کار تێدانەکراودا.

منیش ئەمەی دەخـەمە سەر: من وام بۆ دەردەکەوێ ئەم چیرۆکە بچووکە لە مێژووی پەخشاندا حـاڵەتێکی زۆر دانسـقـە بێ، کە چڕیی مـۆسـیـقـا جـەوهـەرییـە: بەبێ ئەم مـیلۆدییـە هـەمـوو دەقـەکە تەواوی ڕەوایەتیبوونی خۆی لە دەست دەدا.

### هەناسە

بەقسـەی کافکا خـۆی چیرۆکی درێژی بڕیاری دادگـەی لە یەک تاقە شـەودا نووسیوە، بـەبێ پچڕان، واتە ناوازە خێرا، بەوەی جڵەوی داوەتە دەسـتی فەنتازیایەکی کۆنـترۆڵ نەکراوەوە. خێرایی، کە بۆ سوریالیسـتـەکان دواییـتر بووە میـتۆدی پەیڕەوکردن (نووسـینی ئەوتـۆمـاتیکی) و ئەوەی شـیـاو کرد، کۆنترۆڵی عـەقڵانی لە نەستی دەربهێنرێ و فـەنتازیا بـتەقێنرێتەوە، لای کـافکا تـا ڕادەیەک هـەمـان دەور دەبینێ.

ئەم «خـێـراییـیـە مـیـتـۆدییـە» فـانتـازیای کـافکای بێـدار کـردەوە و وەکـو ڕووبارێک ڕێ دەکـا، ڕووباری خــەون، کـە لە کـۆتایی بـەشـێکدا هـێـور دەبێـتــەوە. ئەم هـەناسـە درێژەی فــەنتـازیا لە کاراکتەری ڕستەسازیدا ڕەنگ دەداتەوە: لە ڕۆمانەکانی کافکادا دوو خاڵ (:) بەکردەیی نییە (جگە لە قسە ڕۆتینی ئاسا، ڕاسـتـەوخۆ دەسـتپێکەکانی) و تەنیـا ژمـارەیەکی ناوازە خـاکەڕای خـاڵوبۆر (؛). ئەگـەر مرۆڤ بەدەسـتنووسـەکەدا بچێتەوە (لە چاپی سـەرپەرشتیکراو، فیشـەر ١٩٨٢) مرۆڤ ئەنجـامگیـریی ئەوە دەکـا، کـە تەنانەت بەپێی ڕێسـای ڕسـتـەسـازیی وێرگـوڵە (،) پێـویسـتـەکـان دانەنراون. دەقــەکـە بەسـەر بڕگـەیەکی زۆر کـەمـدا دابـەش کـراوە. ئەم مـەیلە، خـانەبەنـدیی کـەم بکرێتـەوە- بڕگەی کـەم، پشـووی گرینگی کەم (لە کـاتـی خـوێندنەوەی دەسـتنووسـەکـەدا تەنانەت کافکا زۆر جـار خاڵی کردووەتە وێرگوڵ)، هێمای کەم، کە بینای مەنتیقیی دەقەکە دەربخەن (دوو خـاڵ، خـاڵوبۆر)-، بەجـەوهـەر سـەر بەشـێوازی کـافکـایە؛ لە هـەمـان کـاتدا زەدەکردنێکی بەردەوامی

«شێوازی جوان»ە لە زمانی ئەڵمانیدا (هەروەکو «شێوازی جوان»ی هەموو ئەو زمانانەی کافکای بۆ وەرگێڕدراوە).

کافکا قاڵبی چاپی کۆتایی بۆ کۆشک نەسازاندبوو و، مرۆڤ دەتوانێ گریمانەی ئەوە بکا، کە هێشتا ئەم یان ئەو چاککردنەوەی لە خاڵبەندیشدا بکردایە. من لە ئەنجامی ئەوە ڕانەچەنیوم (بێگومان شاگەشکەش نیم)، کە ماکس برۆد وەکو یەکەم سەرپەرشتیاری کارەکانی کافکا، بۆ ئەوەی دەقەکە پتر بۆ خوێندنەوە بگونجێنێ، جاروبار بڕگەیەکی کردووە یان خاڵوبۆرێکی داناوە. بەڕاستی کاراکتەری گشتیی ڕستەسازیی کافکا تەنانەت لەم چاپەی برۆدیشدا هێشتا بەئاشکرا دەناسرێتەوە و ڕۆمانەکە هەناسەی درێژی دەپارێزێ.

با بگەڕێینەوە بۆ لای ڕستەکەمان لە بەشی سێیەمدا: تا ڕادەیەک درێژە، بەوێرگوڵەوە، بەڵام بەبێ خاڵوبۆر (لە دەستنووسەکە و هەموو چاپە ئەڵمانییەکاندا). ئەوەی من لە ڕستەی قاڵبەکەی ڤیالێتەدا لە هەموو شتێک پتر قەڵس دەکا، لەبەر ئەوە ئەو خاڵوبۆرەیە کە بۆی دانراوە. خاڵوبۆر بۆ کۆتایی بڕگەیەکی مەنتیقییە، بۆ وەستانێکە لە خوێندنەوە، کە داوا لە یەکێک دەکا، دەنگی نزم بکاتەوە، پشوویەکی کورت بدا. ئەم وەستانە دەنگی کافکا دەخنکێنێ (ئەگەرچی لە ڕوانگەی ڕێسای ڕستەسازییەوە دروستە). داڤید لەلای خۆیەوە ڕستەکە دەکاتە سێ بەشەوە، بەدوو خاڵوبۆرەوە. ئەم دوو خاڵوبۆرە هێندە لە شوێنی هەڵە دانراون، وەکو کافکا لە سەرجەمی بەشی سێیەمدا (ئەگەر مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ دەستنووسەکە) تەنیا یەک خاڵوبۆری داناوە. لە چاپەکەی ماکس برۆددا سێزدەیە. ڤیالێتە گەیشتووەتە سی و یەک. لۆرتۆلاری بیست و هەشت، لەگەڵ سی و دوو خاڵیدا.

## وێنەی چاپگەری

مرۆڤ دەتوانێ فڕینە درێژ و مەستکەرەکانی پەخشانی کافکا لە وێنەی چاپگەریی دەقەکەدا ببینێ، کە زۆرجار، تەنیا تاقە بڕگەیەکی «بێ کۆتا»یە، کە زۆرجار تەنانەت بڕگەی دیالۆگەکانیشی لەخۆ گرتووە. لە دەستنووسەکەی کافکادا بەشی سێیەم کراوەتە تەنیا دوو بڕگەی درێژەوە. لە چاپەکەی برۆددا پێنجن. لە وەرگێڕانەکەی ڤیالێتەدا نەوەد. لەوی لۆرتۆلاری نەوەد و پێنج. لە فەرەنسا دابەشکردنێکیان بەسەر ڕۆمانەکانی کافکادا سەپاندووە، کە دابەشکردنی ڕۆمانەکان خۆیان نین: بڕگەی زۆرتر و سەرەنجام کورتتر، کە دێوجامەی بینایەکی مەنتیقیتر، عەقڵانیتر دەکەن، دەقەکە دەکەنە دراما، هەموو بەشی گفتوگۆکان لە دیالۆگەکاندا بە ڕوونی لە یەکتر جودا دەکەنەوە.

ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ هیچ وەرگێڕانێک بۆ زمانێکی تر دابەشکردنی دەقی ڕەسەنی کافکای نەگۆڕیوە. بۆچی وەرگێڕە فرەنسییەکان (هەموو، هاوئاهەنگ) ئەمەیان کردووە؟ دەبێ بۆ ئەمە پاڵنەرێکیان هەبووبێ، بێگومان. چاپی حەوتەوانەی ڕۆمانەکانی کافکا پتر لە پێنج سەد لاپەڕە سەرنج و تێبینییان لەخۆ گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا یەک تێبینی نابینمەوە، کە ئەم پاڵنەرە ناو بهێنێ.

## له کۆتاییدا سەرنجێک سەبارەت
## بە شێوەی نووسینی بچووک و نووسینی گەورە

کافکا هەردەم سوور بووە لەسەر ئەوەی، کە کتێبەکانی بەپیتی زۆر گەورە چاپ بکرێن، ئەمڕۆ ئەمە بەو زەردەخەنە جڵەو بۆ شلکردنەوە باس دەکرێ، کە میزاجی مرۆڤە مەزنەکان دەورووژێنێ. بەڵام لێرەدا هیچ لە ئارادا نییە، کە شایانی زەردەخەنە بێ؛ داواکەی کافکا ڕەوا بوو. مەنتیقی بوو، جیدی بوو، بە ئیستاتیکایەکەوە بەسترابوو یان تەواوتر، پابەندی شێوەی خۆی بوو، پەخشان بڕگەگەری بکا.

نووسەرێک، کە دەقەکەی بۆ بڕگەگەلێکی کورتی فرە بەش بەش دەکا، هێندە زۆر لەسەر پیتی گەورە سوور نابێ: مرۆڤ دەتوانێ دەقێکی زۆر بەش بەشکراو تا ڕادەیەک بەئاسانی بخوێنێتەوە.

پێچەوانەی ئەمە دەقێکە، کە لە بڕگەیەکی بێ کۆتادا ڕێ دەکا، زۆر باش ناخوێنرێتەوە. چاو شوێنگەلێک نادۆزێتەوە، تێیدا بسرەوێ، بتوانێ هێور ببێتەوە، مرۆڤ بەئاسانی دێڕەکان ون دەکا. بۆ ئەوەی بتوانرێ دەقێکی وا بە لەزەتەوە بخوێنرێتەوە (واتە، بەبێ ئەوەی چاو ماندوو بێ)، پێویستی بەپیتگەلێکی تا ڕادەیەک گەورەیە، کە خوێندنەوە خۆش دەکەن و ڕێ بەوە دەدەن، هەر چرکەساتێک بسرەوێ، بۆ ئەوەی لەزەت لە جوانیی ڕستەکان وەرگرێ.

سەیری چاپی کتێبی گیرفانی کۆشک دەکەم، چۆن لە هەموو شوێنێک لە جیهاندا بەچاپکراوی دەردەچن: سیونۆ دێری ناپەسندی بەسەر یەکدا پەستەکراو لەسەر لاپەڕەیەکی بچووک لە بڕگەیەکی بێ کۆتادا: ئەمە ناخوێنرێتەوە؛ یان تەنیا وەکو زانیاری دەخوێنرێتەوە: یان وەکو بەڵگەنامە؛ بەهیچ جۆرێک وەکو دەقێکی بۆ هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی دیاریکراو ناخوێنرێتەوە. لە پاشکۆدا، لەسەر نزیکەی چل لاپەڕە: هەموو ئەو بڕگانەی، کە کافکا لە دەستنووسەکەیدا خەتی پێدا هێناون. مرۆڤ گوێ بە خواستی کافکا نادا، دەقەکەی (لەبەر هۆی ڕەوای ئیستاتیکی) بەپیتی گەورە چاپکراو ببینێ؛ بەڵام هەموو ڕستەکانی دەردەهێنرێ، کە کافکا (لەبەر هۆی ڕەوای ئیستاتیکی) بڕیاری دابوو لەناویان ببا.

لەم بێ پەروایییەی ڕەچاونەکردنی خواستی ئیستاتیکی نووسەر سەرتاپای خەمباریی چارەنووسی پاشەمەرگی بەرهەمی کافکا ڕەنگ دەداتەوە.

پەراوێز:

(١) ئەم دەقانەی میلان کۆندێرا وەکو نموونە دەیانهێنێتەوە هەر بەفرەنسی هێڵرابوونەوە و وەرنەگێڕدرابوونە سەر زمانی ئەڵمانی، منیش پەنام بردە بەر هاوڕێی دێرینم ئەحمەدی مەلا و ئەو لە فرەنسییەوە وەری گێڕان. زۆر سوپاسی دەکەم. (ک. پ)

# ستایشێک بۆ خوێندنەوە و خەیاڵ

ماریۆ ڤارگاس یۆسە

لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە 'پۆلی برودێر یوستینیانۆ' لە قوتابخانەی ''لە سایێ'' La Salle لە کۆچەبامبا (بۆلیڤیا)، فێری خوێندنەوە بووم. ئەمە گرینگترین شتە کە لە هەموو ژیانمدا ڕووی دابێت. نێزیکەی حەفتا ساڵ دواتر بە ڕوونی لە یادمە، چۆن ئەم شێوازە سیحرییە، کە وشە لە کتێبەوە تەرجەمە بکرێ بۆ وێنە، ژیانی منی دەوڵەمەند کرد، بەوەی کە پەرژینەکانی کات و شوێن بڕووخێنم و بەیەکەوە لەگەڵ کاپتێن ''نێمۆ''دا بەبن زەریادا بە جیهاندا گەشت بکەم، لەگەڵ ''دارتاگنان، ئەتۆس، پێرتۆس و ئارامیس''دا دژی ڕووداوەکان ببمەوە، کە لە سەردەمی ''ڕیچێلیو''ی زۆرزاندا، هەڕەشە لە شاژن دەکەن و وەک ''ژان ڤالژان'' بە جەستەی بێ گیانی ''ماریۆس'' بەسەر پشتمەوە بەناو ''گۆڕستانەکانی ژێر زەوی''ی پاریسدا بگەڕێم.

خویندنەوە خەونی کرد بە ژیان و ژیانیشی کرد بە خەون، گەردوونی ئەدەبیشی خستە بەردەستی ئەو مرۆڤە بچووکەی، کە من بووم. دایکم گێڕایەوە، ئەوەی یەکەم جار نووسیم، بەردەوامبوونی چیرۆک بوو کە من خویندبوومەوە، چونکە بەوە دڵگران ببووبووم کە کۆتاییان هاتووە، یان ویستوومە کۆتاییان بگۆڕم. ڕەنگە ئەمە بێت، کە لە هەموو ژیانمدا خۆمم بۆی تەرخان کردووە، بێ ئەوەی پێی بزانم: کە هاوکات من خۆم گەورە دەبووم، کامڵ و پیر دەبووم، وردەوردە ئەو چیرۆکانەیش کە بە هەستخرۆشان و سەربزێوی، منداڵیی منیان داگیر کردبوو، پێ دەگەیشتن.

حەزم دەکرد دایکم لێرە بووایە، ئەو کە شیعرەکانی ''ئەمادۆ نێرڤۆ'' و ''پاپلۆ نێرۆدا''ی دەخوێندەوە چاوەکانی پڕ لە فرمێسک دەبوون و ''پێدرۆ''ی باپیرەیشم (لە دایکەوە) بە لووتە

..................................................................

(*) وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

گەورەکەی و سەری ڕووتاوەیەوە، ئەو کە هەردەم ستایشی شیعرەکانمی دەکرد و "لۆچۆ"ی خاڵیشم زۆر گەرموگوڕ هانی دەدام کە بە ڕۆح و بە گیان خۆم بۆ نووسین تەرخان بکەم، ئەگەرچی لەوێ و ئەوسایش ئەدەب بژێوێکی کەمی بەرهەمهێنەرەکەی دەدا. لە هەموو ژیانمدا کەسی وا لە دەوروبەرم بوون، کە خۆشیان ویستووم و هانیان داوم، ئەوان متمانەی خۆیان تووشی من کردووە، کاتێک من خۆم گومانم هەبووە. لەبەر ئەوان و بێگومان لاملیی خۆم و کەمێک بەختیاربوونیش، توانیومە کاتێکی باشی خۆم بۆ ئەم ئارەزووە، ڕاز و بارە تەرخان بکەم، کە دەبێ بنووسرێ، ژیانێکی هاوتەریب دروست بکەم تێیدا مرۆڤ دەتوانێ لە سەردەمی ناهەمواریدا خۆی بپارێزێت. کە شتی سەیروسەمەرە، سروشتی و هی سروشتیی سەیروسەمەرە دەکات، کە پشێویی بڵاو دەکاتەوە، شتی ناشیرین جوان دەکات، کە سات ئەبەدی دەکات و مردن دەکات بە گاڵتەجاڕییەکی کاتی.

ئاسان نەبوو چیرۆک بنووسیت. کە بیرۆکەکان بوونە وشە لەسەر کاغەزدا سیس بوون، و بیرۆکە و وێنەکانیش هێزی خۆیان لە دەست دەدا. چۆن ژیانیان بێنمەوە بەر؟ باش بوو پێشەنگ هەبوو کە لێیانەوە فێرببیت و وەک ئەوان بکەیت. فلوبێرت فێری کردم کە بەهرە دیسپلینی خۆگر و ددانبەخۆداگریی جیرە. فۆکنێر فێری کردم کە ئەوە فۆرمە – شێوازی نووسین و ستروکتوور– کە بابەتەکان دەوڵەمەند، یان هەژار دەکات. مارتورێل، سێرڤانتێس، دیکینز، بەلزاک، تۆلستۆی، کۆنراد، توماس مان، فێریان کردم کە ڕەهەند و خواست وەک پێگەیشتنی شیواز و ستراتیجیی گێڕانەوە بۆ ڕۆمان گرینگن. سارتەر فێری کردم کە وشە کردەوەیە و کە ڕۆمانێک، شانۆنامەیەک، گوتارێک کە لەبارەی سەردەمەوەیە دەتوانێ ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت. کامۆ و ئۆروێل فێریان کردم کە ئەدەبی بێ موراڵ نامرۆڤانەیە و مارلۆ فێری کردم کە لە سەردەممااندا، هێندەی سەردەمی ئەرگونوتەکان، ئۆدیسە و ئیلیادە قارەمانێتی و داستان هەن.

ئەگەر لەم گوتارەدا پەنا بۆ هەموو ئەو نووسەرانە ببەم کە من کەمێک، یان زۆر قەرزاریانم، ئەوسا سێبەریان لە تاریکیدا دەمانشارنەوە. ئەوان لە ژماردن نایەن. بێجگە لەوەی نهێنییەکانی گێڕانەوەیان بۆ درکاندم، واشیان لێ کردم لە قوڵاییە مرۆڤییەکانیش بکۆڵمەوە، بە داهێنان و ترسناکییەکانی ئەو لە شێتیدا سەرسام ببم. ئەوان هاوڕێیە زۆر هاوکارەکان و یارمەتییەک بوون بۆ پەیامم، لە کتێبەکانی ئەوانیشدا دۆزیمەوە کە لە سەختترین کاتیشدا هیوا هەیە و لەگەڵ ئەوەیشدا ژیان ئەوە دەهێنێت بژیت، ئەگەر نا نەماندەتوانی بخوێنینەوە و بەسەرهات بهۆنینەوە.

هەندێ جار بیرم کردووەتەوە، کە نووسین لە وڵاتێکی وەک هی مندا بە خوێنەری هێندە کەم و نەخوێنەدەوار، هەژار و نادادپەروەریی هێندە زۆرەوە، شێوەیەکی خۆشی خۆویستی نەبێت، تێیدا کولتوور کاری ژمارەیەکی کەمە. بەڵام ئەم گومانە قەت پەیامی منی نەخنکاندووە و هەموو کات بەردەوام بووم لە نووسیندا، لەو سەردەمانەیشدا کە هەوڵدان بۆ بژێوی نێزیکەی هەموو کاتێکی بردم. پێم وایە من ڕاستم کرد، چونکە ئەگەر گەشەی ئەدەب لە کۆمەڵگەیەکدا کە سەرەتا

گەیشتبێتە کولتوورێکی بەرز لە ئازادی، دەوڵەمەندی و دادپەروەری، بەردەوام بێت، ئەوسا قەت بوونی نەدەبوو. ئەمە لەبەر ئەدەب بەپێچەوانەوەیە، ئەو بەئاگاییەی کە ئەو دروستی کردووە، ئەو حەز و هیوایانەی کە ئەو سرووشی داونەتێ و ئەو لە واقیع ناڕازیبوونەی کە ئێمە لە سەفەری خەیاڵێکی جواندا دەگەڕێینەوە، کە ئێستا شارستانیەت کەمتر لەو کاتە زاڵمە، کە حیکایەتخوانەکان بە چیرۆکە خەیاڵییەکانیان دەستیان کرد بەوەی کە ژیان ئینسانی بکەن. بەبێ ئەو کتێبە باشانەی کە دەیانخوێنینەوە، مرۆڤی خراپتر دەبووین، زێتر هاوشێوەی گشتێن، کەمتر نائارام و سەرپێچیکەرین و تەنانەت ئەم ڕوحی رەخنەگرتنەیش، کە ماتۆڕی پێشکەوتنە، بوونی نەدەبوو. ڕێک وەک نووسین، خوێندنەوەیش ناڕەزاییەکە دژی ناتەواویی ژیان. ئەو مرۆڤەی کە لە خەیاڵدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە لێی بێبەشە، ئەو بێ ئەوەی پێویست بکا بڵێ، یان تەنانەت بشزانێ، دەڵێ، کە ژیان بەو شێوەیەی کە هەیە، بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو تینوێتییەی ڕەهابوونە بشکێنرێ، کە بنەچەی ژیانی مرۆڤە و دەبێ باشتر بێت. ئێمە خەیاڵمان پێویستە بۆ ئەوەی بەشێوەیەک بتوانین ئەو هەموو ژیانە بژین کە دەمانەوێ، ئەگەرچی هەر یەک تاکە ژیانیشمان هەیە.

بەبێ خەیاڵ کەمتر لە گرنگیی ئازادی دەگەین بۆ ئەوەی ژیان باش بکا و لەم دۆزەخەیش کە دادەهێنرێت کاتێک زاڵمیک، ئایدیۆلۆجیایەک، یان ئاینێک سووکایەتی بە ئازادی دەکات. ئەوانەی گومانیان هەیە، کە ئەدەب بێجگە لەوەی لەناو خەونبینین بە جوانی و ئاسوودەییەوە دەمانپێچێتەوە، لە هەموو جۆرێکی چەوساندنەوە ئاگەدارمان دەکەنەوە، ئەو کەسانە دەبوو لە خۆیان بپرسن ئەوە بۆ هەموو ڕێژیمەکان کە سەرسەخت هەوڵ دەدەن لە بێشکەوە هەتا گۆڕ، کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی هاونیشتمانیان بکەن، هێندە لە ئەدەب دەترسن کە سێنسور دادەنێن بۆ ئەوەی کپی بکەن و بە گومانی زۆرەوە چاودێریی نووسەرە سەربەخۆکان دەکەن. ئەوان ئەوە دەکەن، چونکە دەزانن چ مەترسییەک دروست دەکەن، ئەگەر ڕێگە بە خەیاڵ بدەن لەناو کتێباندا بیتە گۆ، خەیاڵ چەند فریودەر دەبێ کاتێک خوێنەرەکان ئەو ئازادییەی ئەو دەیهێنێتە ئاراوە و تێیدا دەژین، لەگەڵ ئەو دژڕۆشنگەری و ترسەدا بەراوردیان دەکات کە لە جیهانە حەقیقییەکەدا هەڕەشە لە خۆیان دەکەن. ئەوان خۆیان بیانەوێت یان نا، ئەوە بزانن یان نا، خەیاڵەکان بە چیرۆکی داهێنراو ناڕەزایی بڵاو دەکەنەوە، چونکە ئەوان پێشانمان دەدەن کە جیهان خراپ تێک ئالاوە، کە ژیانی خەیاڵ لە ڕۆتینی ڕۆژانە دەوڵەمەندترە. ئەگەر ئەم ئەزموونانە لە هەست و هۆشی هاووڵاتییاندا ڕەگ دابکوتن، ئەوسا سەخت دەبێ بشێوێنرێن، کە وایان لێ بکرێت درۆ قوت بدەن، کە باریان بەیەکەوە لەگەڵ لێکۆڵەر و زیندانەوانەکاندا لە پشت شیشبەنددا باشتر و دڵنیاترە.

ئەدەبی باش لە نیوان مرۆڤی جودادا پرد دروست دەکات، چونکە خۆشیمان پێ دەدا و ئازارمان دەدا، یان سەرسامبمان دەکات، بەم شێوەیەیش لەبن ڕووی ئەو زمانانەدا، ئەو دەمارگیرییانە و ئەو باوەڕ و داوونەریتانەدا کە لە یەکتریمان جودا دەکەن، کۆمان دەکاتەوە. کاتێک نەهەنگە سپییە گەورەکە لەبن زەریادا ''ئەهابی کاپتن'' لە گۆڕ دەنێت، خوێنەر لە تۆکیۆ، لیمە و تیمبوکتو هەست بەهەمان دڵسووتان دەکات. کاتێک ''ئێما بۆڤاری'' زەڕنیخەکە قووت دەدات، کاتێک ''ئانا کارێنینا''

خۆی هەڵدەداتە بن شەمەندەفەرەکە و کاتێک ''ژولیێن سورێل'' دەچێتە سەر تەختی قەنارە، کاتێک دوکتۆر ''ژووان دالمان''ی هێژا لە ''ئێل سور'' لە پامپاس لە فرۆشگە دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بەرانبەر بە چەقۆی پیاوکوژەکە ببێتەوە، یان کاتێک ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو دانیشتوانی گوندی ''کۆمالا'' لە ''پێدرۆ پارامۆ''دا مردوون، ئەوسا خوێنەرەکان وەک یەکتری مووچڕکیان پێ دادێت، ئەوجا ئەگەر بودا، کۆنفیوشوس، مەسیح، یان (الله) بپەرستن، یان هیچ خوایەک نەپەرستن، ئەوجا ئەگەر جاکێت و بۆینباخ، جەللابە، کیمونۆ، یان شەرواڵی کورتی تا سەر ئەژنۆ بپۆشن. ئەدەب لە ناوجەرگەی ئەو جیاوازیانەی مرۆڤایەتییدا خوشک و برایەتییەک دروست دەکات و سنوورەکانی نێوان مرۆڤ دەسڕێتەوە، کە نەزانی، ئایدیۆلۆجی، ئاین، زمان و گەمژەیی تەواو، دروستی کردووە.

هەموو سەردەمێک ترسناکیی خۆی هەیە، هی ئێمە خۆمان دەمارگیر و تیرۆرستی خۆکوژی هەیە، وەچەیەکی کۆنن، کە باوەڕیان وایە بە کوشتن دەچنە بەهەشت و کە خوێنی مرۆڤی بێتاوان ناحەقی گشتی پاک دەکاتەوە، نادادپەروەریی ناهێڵێ و ڕاستی بەسەر تێگەیشتنی هەڵەدا سەر دەکەوێت. هەموو ڕۆژێک لە شوێنی جودای جیهاندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەبنە قوربانیی دەستی ئەوانەی کە پێیان وایە ڕاستی ڕەها لای ئەوانە. وامان دەزانی بە ڕووخانی ئیمپراتۆرە توتالیتارەکان، بەیەکەوەژیان، ئاشتی، پلورالیزم و مافی مرۆڤ دێتە ئاراوە و جیهانیش گەلکوژی، داگیرکردن و شەڕی پاکتاوکردن لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. ئەمانە هیچیان ڕوویان نەدا. شێوەی نوێی بەربەری بڵاو دەبێتەوە، کە دەمارگیری جۆشی دەدات، بەرانبەر بە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆکوژەکانیش ناکرێت حسێب بۆ ئەوە نەکرێ کە ڕۆژێک دەستەیەکی بچووک لە ''جیهان ئازادکەر''ی شێت کارەساتێکی ئەتۆمی دەخوڵقێنێ. دەبێ بەگژیاندا بچینەوە، دژیان خەبات بکەین و بەسەریاندا سەربکەوین. ئەوان زۆر نیین، کەچی گرمەی تاوانیان بەسەر جیهاندا بڵاو دەبێتەوە، کەچی ئێمە لەو زیندەخەونانە دەترسین کە ئەوان دەماندەنێ. نابێت ڕێگە بدەین ئەوانە هەترشمان ببەن، کە دەیانەوێ ئەو ئازادییەمان زەوت بکەن کە لە ماوەی گەشەی لەسەرخۆی شارستانیدا خەباتمان بۆی کردووە. با بەرگری لەم دیموکراتییەلیبراڵە بکەین کە بەهەموو سنوورداریەکیشییەوە هێشتا پلورالیزمی سیاسی، بەیەکەوژیان، تولێرانس، مافی مرۆڤ، ڕێز لە ڕەخنە، کۆمەڵگەی قانوون، هەڵبژاردنی ئازاد، دەستەڵات گۆڕین، دەگەیەنێت، هەموو ئەو شتانەی ئێمەی لەناو ژیانیکی سەخت دەرهێنا و لەو ژیانە خۆش و باشەی (بەڵام قەت پێی ناگەین) نێزیک کردینەوە، کە ئەدەب دای دەهێنێ، ئەوەی کە ئێمە ناتوانین دروستی بکەین، بە خەیاڵکردن، نووسینەوە و خوێندنەوەی نەبێ. بەوەی کە دژی ئەو دەمارگیرە پیاوکوژانە ببینەوە، بەرگری لە مافی خۆمان دەکەین کە خەون ببینین و خەونەکانمان بهێنینە دی.

لە تەمەنی گەنجیمدا وەک زۆر نووسەری نەوی خۆم مارکسی بووم، باوەڕیشم وا بوو کە سۆسیالیزم چارەسەر بوو دژی ئەو چەوساندنەوە و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییانەی کە وڵاتی من و ئەمەریکای لاتین و هەموو جیهانی سێیەمی ئازار دەدا. بێهیواییم لە ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت و کۆلێکتیڤیزم و گۆڕانم لەوەی ببم بەم دیموکراتەلیبراڵەی کە ئەمڕۆ وام (کە هەوڵ دەدەم وا بم) درێژ

و سەخت بوو، لەسەرخۆ بوو، لەوانە لە شۆڕشی کوباییەوە هات، کە لە سەرەتا سەرنجی منی ڕاکێشابوو، بۆ مودێلی تاکرەو و ستوونیی سۆڤیەتی گۆڕا. شاهیدیی ئەو بەرهەڵستکارانەی کە توانییان بەناو تەلبەندی دەوری ''گولاک''دا ڕزگار بن، لە داگیرکردنی چیکوسلۆڤاکیا لەلایەن پەیمانی وارشۆوە و بەهۆی بیرمەندی وەک ''ڕەیمۆند ئارۆن، ژان- فرانچۆیس ڕێڤێل، ئیسایا بەرلین و کارل پۆپەر، کە وایان لێ کردم کولتووری دیموکراتی و کۆمەڵگەی کراوە بەرز بنرخێنم. ئەو مامۆستایانە پێشەنگی ڕۆشنبینی و بوێری بوون، کاتێک نوخبەی ڕۆشنبیری رۆئاوا، وا دیار بوو لەبەر بێبەرپرسیاریەتی، یان هەڵپەرستی کەوتبوونە بەر سیحری سۆسیالیزمی سۆڤیەتییەوە، تەنانەت هی گۆمی خوێناویی شۆڕشی کولتووریی ''چین''یشەوە.

بە منداڵی خەونم بەوەوە دەدی ڕۆژێک لە ڕۆژان بچمە پاریس، چونکە ئەدەبی فەرەنسی تاساندبوومی و وام دەزانی ئەگەر بکرێ لەوی بژیم و هەمان هەوا هەڵبمژم کە بەلزاک، ستێندال، بۆدلێر و پرۆست هەڵیا مژیوە، ئەوسا دەبم بە نووسەرێکی تەواو، چونکە ئەگەر لە پێروو دەرنەچم، ئەوا تەنیا نووسەرێکی بەقەست دەبم، ئەوانەی هەر بۆ خۆیان دەنووسن. ئەوەی ڕاستی بێ دەبێ سوپاسی فرەنسا و کولتووری فرەنسی بکەم بۆ زانیاریی لەبیرنەکراو، کە ئەدەب تەنیا پەیام نییە، بگرە دیسیپلین، کار و بەرگەگرتنیشە. لەو سەردەمەدا لەوێ ژیام، کە سارتەر و کامۆ دەژیان و دەیاننووسی، هاودەم بوو لەگەڵ یۆنسکۆ، بێکت، باتایل و سیۆران، بە دۆزینەوەی شانۆی برێخت و فیلمەکانی بێرگمان، شانۆی میللی نەتەوەییی ژان ڤیلەر و ''شانۆی ئۆدیۆن''ی ژان لویس، شەپۆلی نوێ و ڕۆمانی نوێ و گوتارەکانی ئەندرێ مالرۆ کە شاکاری ئەدەبی بوون، ڕەنگە باشترین نواندنی شانۆیی ئەو سەردەمی ئەوروپایش، کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکانی جەنەراڵ ''دێگۆل'' و فلاشەکان بووبن. بەڵام ئەوەی کە من زۆر سوپاسگوزاری فرەنسام، دۆزینەوەی ئەمەریکای لاتینە. لەوێ فێر بووم کە پێروو بەشێک بوو لە خێزانێکی گەورە، کە مێژوو، جوگرافیا، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەت بەیەکەوەی بەستبوونەوە، شێوازێکی تایبەتە کە وا بێتو ئەو زمانە خۆشەیش کە من پێی دەدوام و دەمنووسی. ڕێک لەو ساڵانیشدا ئەدەبێکی نوێ و خۆش دەرکەوت. لەوێ ''بورخێس، ئۆکتاڤیۆ پاز، کۆرتازار، گارسیا مارکیز، فوێنتێس، کابرێرە ئینفانت، ڕۆلفۆ، ئۆنێتی، سەرپێنتیر، ئیدوارد، دۆنوسۆ'' و زۆری ترم خوێندەوە، کە بە بەرهەمەکانیان شۆڕشیان لە هونەری گێڕانەوە بە زمانی ئیسپانیدا کرد و بەهۆی ئەمەوە ئەوروپا و بەشێکی گەورەی جیهان بۆیان دەرکەوت، کە ئەمەریکای لاتین تەنیا کیشوەرێکی بە کودەتای سەربازی، ئۆپەرێتی میر، شەڕوانی ڕیش درێژ و سەمای مامبۆ و چەچەچا بە ئامێری مارکاسەوە نەبوو، بەڵکە هزر و دەربڕینی هونەری و خەیاڵی ئەدەبیش بوو، کە زۆر ڕەنگین بوو و زمانێکی جیهانی دەدوا.

ئەگەرچی لەو کاتەوە ڕووداوی ناخۆشیش ڕووی داوە، ئەمەریکای لاتین هەر بۆ پێشەوە ڕۆیشتووە، بەڵام وەک کە ''چێسەر ڤالێیۆ'' لە شیعرێکی بەناوبانگیدا دەڵێ، ''برایان، هێشتا گەلێک شت ماوە بکرێت''. دیکتاتۆرمان لە جاران کەمتر هەیە، تەنیا کوبا و یاوەرە خەیاڵخاوەکانی ئەون، ڤێنزوێلا و چەند دیموکراتییەکی ڕووکەشی پوپولیستیی گاڵتەجاڕی وەک لە بولیڤیا و نیکەراگوادا

هەیە. بەڵام لە تەواوی بەشەکانی تری کیشوەرەکەدا، دیموکراتی باش پێڕەو دەکرێت، پشتگیریی گەورەی میللی هەیە و بۆ یەکەم جاریشە لە مێژووماندا، لە بەرازیل، ئوروگوای، پێروو، کۆلۆمبیا، کۆماری دۆمینسکی، مەکسیکۆ و نێزیکەی لە هەموو ناوەڕاستی ئەمەریکادا– چەپڕەوێک و ڕاسترەوێکمان هەیە کە ڕێز لە کۆمەڵگەی قانوون، ئازادیی ڕا، هەڵبژاردنی ئازاد و گۆڕانی دەستەڵات دەگرن. ئەمە ڕێگەی ڕاستە و ئەگەر ئەمەریکای لاتین لەسەری بەردەوام بێت، دژی تەشەنەی گەندەڵی ببێتەوە و بەردەوام بێت و خۆی لە جیهاندا بگونجێ، ئەوسا ناوچەکە کۆتایی بەوە دەهێنێت کە کیشوەرێکی دواڕۆژ بێت و لە بریدا دەبێتە کیشوەرێکی هاودەم.

قەت لە ئەوروپا یان لە شوێنێکی تر خۆم بە بێگانە نەزانیوە. لە هەموو ئەو شوێنانەی کە ژیاوم، لە پاریس، لەندەن، بەرشێلۆنە، مەدرید، بەرلین، واشینتۆن، نیویۆرک، بەرازیل، یان کۆماری دۆمێنیکان هەستم کردووە لە ماڵی خۆمم. هەردەم پەسێوێکی لاچەپم دۆزیوەتەوە توانیومە تێیدا بەئازادی بژیم و کار بکەم، فێری شت ببم، خەون ببینم، دۆست و برادەر ببینم، کتێبی باش بخوێنمەوە و بابەت بدۆزمەوە و لەبارەیەوە بنووسم. ئەگەرچی من بێ مەبەست گۆڕاوم بۆ هاونیشتیمانییەکی جیهانی، هەستم بۆ ئەوە نییە کە خەڵک بە "ڕەگ"، پێوەندیی نێوان من و وڵاتم ناوی دەبا، کز بووبێت کە گرینگییەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە ئەگەر وا بووایە، ئەوا ئیتر ئەزموونی پێروویيم وەک نووسەر سرووشی پێ نەدەدام و بەردەوام لە ڕۆمانەکانمدا دەرنەدەکەوتن، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە وا دیارن کە دوور لە پێروو ڕوو دەدەن. ڕاستتر من پێم وایە زۆر مانەوەم لە دەرەوەی ئەو وڵاتەی تێیدا لەدایک بووم، ئەو پێوەندییانەی بەهێزتر کردووە و بە ڕوانگەیەکی ڕوونتر و نوستالجییەک کە تێ دەگات جیاوازی لە نێوان کاتی و بنەچەییدا بکا، کاملی دەکات، بۆ ئەوەی یادەوەرییەکان ڕەونەقی خۆیان بهێڵنەوە. نابێت خۆشەویستیی نیشتمان ئەرکێک بێت، بگرە دەبێ وەک هەموو خۆشەویستییەکی تر لە دڵەوە هەڵبقوڵێت، وەک ئەو ئەشقەی دوو ئاشق، دایک و باوک و منداڵ و هاوڕێی خۆشەویست بەیەک دەگەیەنێ.

لە ناخمدا پێرووم هەڵگرتووە، چونکە لەوێ لەدایک بووم و گەورە بووم و پەروەردە کرام، لەوێیش بە منداڵی و گەنجی ئەو ئەزموونانەم وەرگرتن کە کەسایەتیی منیان دروست کرد و لە ژیاندا پەیامیان داومەتێ و چونکە لەوێ خۆشەویستیم کردووە، ڕقم بووەتەوە، چێژم وەرگرتووە، ئازارم چەشتووە و خەونم بینیوە. ئەوەی لە پێروو ڕوو دەدات زێتر پێوەندیی بە منەوە هەیە، زێتر کارم لێ دەکات و ئازارم دەدات، لەوەی کە لە وڵاتی تردا ڕوو دەدات. ئەوە شتێک نییە من هەوڵم بۆی دابێت، یان لەسەر خۆمم سەپاندبێ، هەر لەخۆوە وایە. بەشێک لە هاووڵاتییەکانم بە خیانەت لە نیشتمان تاوانباریان کردووم، خەریکبوو ڕەگەزنامەم لێ بستێننەوە، کە لە سەردەمی دوا دیکتاتۆردا داوام لە حکوومەتە دیموکراتەکانی جیهان کرد بە ئابلۆقەی سیاسی و ئابووری سزای ڕێژیمەکە بدەن، –کە من هەردەم دژی هەموو جۆرە دیکتاتۆرەکان وام کردووە، ئەوجا هەر کێ بوو بێت: پینوشێت، فیدێل کاسترۆ، تاڵیبانەکان لە ئەفغانستان، ئیمامەکان لە ئێران، ڕێژیمی

ئاپارتایدی باشووری ئەفریقا و یان زاڵمە یونیفۆڕم لەبەرەکانی بورمە (ئێستا ناوی میانمارە). دیسان وا دەکەمەوە، ئەگەر پێروو _ ئەگەر بەخت یارمان بێت و پێروویییەکان ڕێگەی لێ نەگرن– جارێکی تریش ببێتەوە قوربانی کودەتایەک کە دیموکراتیی ساوای ئێمەی تێک بشکێنێ. ئەمە کاردانەوەی تووڕەیی و لە ناکاوی پیرێکی پەککەوتە نەبوو، وەک کە لەناو هەندێ بنووساندا کە لە بیرتەسکیی خۆیانەوە دەڕواننە خەڵکی تر وای پێ دەڵێن. کردارێک بوو لەگەڵ باوەڕم دەگونجا، کە دیکتاتۆرییەت نوێنەرایەتیی خراپەکاریی ڕەها دەکات بۆ وڵاتێک، سەرچاوەیەکی زۆرداری و گەندەڵییە و برینی قووڵ دەنێتەوە کە زۆر دەبات هەتا سارێژ دەبێت، دوارۆژی ژەهراوی دەکات و ئاکار و مێتودی زیانگەیێن دادەهێنێ، کە چەندان نەوە دەمیننەوە و بنیاتنانەوەی دیموکراتی دوا دەخەن. بۆیە دەبێت بێ دوودڵی، بەهەموو ئامرازێکی بەردەست، بە هی ئابلۆقەی ئابووریش، دژی دیکتاتۆرییەتەکان خەبات بکرێت. گوناحە کە حکوومەتە دیموکراتەکان نموونەی باش نابن و پشتگیریی هەموو ئەوانە ناکەن کە وەک ''خانمە سپیپۆشەکان''ی کوبا، بەگژداچوونەوەی ڤێنزوێلا، ئاونگ سان سو کی و لیو خیاوبۆ، بەگژ دیکتاتۆرییەتەکاندا دەچنەوە و زۆرجار وا دەردەکەوێ، کەمتر پشتگری ئەوانن لەوەی هی جەللادەکانیان بن. ئەم مرۆڤە بوێرانە، بەوەی بۆ ئازادیی خۆیان خەبات دەکەن، بۆ ئازادی ئێمەیشی دەکەن.

هاونیشتمانییەکم، ''خۆسێ ماریا ئەرگویداس'' گوتوویەتی، کە پێروو شوێنی ''خوێنی هەموو جیهانە''. بڕوا ناکەم فۆرمولەیەکی تر هەبێت کە باشتر پێناسەی ئێمە بکا. ئەمە ئێمەین و لەگەڵماندایە، هەموو پێروویییەک بیەوێت، یان نا: کۆی داوونەریت، ڕەگەز، باوەڕی ئاینی و کولتووری هەموو گۆشەیەکی جیهانە. من خۆم شانازی بەوەوە دەکەم کە خۆم بە میراتگرێکی کولتووری ''پرێهی ئیسپانی''دەزانم کە کەوایان دەچنی و لە ''نازکە و پاراکاس''دا کڵاوی پەڕەمووچیان دەدروی و ''موچیکە''یان دادەتاشی و سیرامیکی کولتووری ''ئینکا'' کە لە مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهاندا پێشان دەدرێن و ماچوو پیکچۆ، گران چیمۆ، چان چان، کوێلاپ، سیپان و گۆڕی جادووکەر و خۆر و مانگیان دروست دەکرد، شانازی بەوەیشەوە دەکەم کە میراتگری ئیسپانییەکانیشم، کە بە ئەسپەکانیانەوە، بە شمشیر و زینیانەوە، داوونەریتی جوو – مەسیحی، ڕێنێسانس، سێرڤانتیس، کویڤیدۆ، گۆنگورەیان بەخشییە پێروو و گریک و ڕۆما، ئەم زاراوە سەختەی ''کەستیلیانی''یش کە زنجیرە چیای ئاند خاوی کردەوە. شانازیش بەوەوە دەکەم کە لەگەڵ ئیسپانیادا، ئەفریقایش بە هێزی خۆیەوە، بە مۆسیقا و خەیاڵی بەزەوقی خۆیەوە وڵاتی ڕەنگینمان دەوڵەمەند بکا. ئەگەر کەمێک ڕووی هەڵبکرێنین، دەبینین پێروو، ڕێک وەک چیرۆکی ''ئالیف''ی بورخیس هەموو جیهانە بە بچووکی. چ دەستکەوتێکی بێهاوتایە بۆ وڵاتێک کە یەک ئایدەنتیتی نەبێت، چونکە هەموویانی هەیە.

داگیرکردنی ئەمەریکا، وەک هەموو داگیرکردنێک بە ستەم و بە زەبر بوو، ڕەخنەیشی لێ دەگرین، بەڵام بێ ئەوەی ئەوەمان لە بیر بچێ، کە ئەوانەی ئەو تاڵان و کوشتارانەیان کرد بەشی

زۆری  باپیرانی خۆمان بوون، ئەو ئیسپانیاییانەی چووبوونە ئەمەریکا و لەوێ جێنشین بووبوون، نەک ئەوانەی لە وڵاتی خۆیاندا مانەوە. ئەم ڕەخنەیە، ئەگەر بێلایەن بێ، دەبێ ڕەخنە لەخۆگرتن بێت. چونکە کە دووسەد ساڵ لەمەوبەر لە ئیسپانیا جودا بووینەوە، لە بری ئەو دەستدرێژییەی جاران، هیندییەکان ڕزگار بکەین و دادپەروەری دابهێنین، ئەوانەی لەو وڵاتانەی جاران کۆلۆنیال بوون دەستەڵاتیان وەرگرت، وەک "کۆنکیستدارەکان" بەردەوام بوون لە کۆلۆنییەکانی پێشوو وەک "کۆنگوسیتادۆرەکان" بێ ڕەحمانە و چاوبرسیانە بیانچەوسێننەوە و لە هەندێک وڵاتدا کەم بوونەوە یان پاکتاو کران. با زۆر بە ڕوونی بڵێم: دووسەد ساڵە ڕزگارکردنی خەڵکە ڕەسەنەکە تەواو بەرپرسیاریەتی ئێمە بووە، ئێمەیش نەمان کردووە. ئەمە وەک ئەرکێکی پشتگوێخراو، لە هەموو ئەمەریکای لاتین دەمێنێتەوە. یەک تاکە وڵاتیش لەم شەرمەزاری و بێ ئابڕوویییە بەدەر نییە.

من ئیسپانیام هێندەی پێروو خۆش دەوێت و قەرزارییشم بۆ ئەم وڵاتە هێندەی سوپاسمەندیەتیم بۆی گەورەیە. ئەگەر لەبەر ئیسپانیا نەبووایە، ئەوا قەت نەدەگەیشتمە سەر ئەم سەکۆیە، یان نووسەرێکی ناسراو دەبووم و ڕەنگە وەک زۆر هاوڕێی بەدبەختم لەناو دۆزەخی بێ پەخشکار، بێ خەڵات یان خوێنەر، دەخولامەوە، هەتا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان (کەمێک دڵدانەوە) لە دواڕۆژدا بەهرەیان بدۆزرێتەوە. هەموو کتێبەکانم لە ئیسپانیادا بڵاو کرانەوە، بە زێدەوە ڕێزم لێ نراوە، هاوڕێی وەک "کارلۆس بارال، کارمێن بالسێلس" و زۆری تر، هەموو شتێکیان کرد بۆ ئەوەی کتێبەکانم خوێنەریان هەبێ. ئیسپانیایش ڕەگەزنامەی دووەمی پێ دام، لە کاتێکدا ترسی ئەوە هەبوو ڕەگەزنامەی خۆم لەدەست بدەم. هیچ کاتێک بچوکترین کێشەم لە نێوان ئەوەی کە پێروویی بم و پەساپۆرتی ئیسپانیاییم هەبێ نەبووە، چونکە هەموو کات هەستم کردووە کە ئیسپانیا و پێروو دوو ڕووی یەک شتن، ئەمەیش نەک هەر لە کەسی منی ناگرینگدا، بگرە لە بواری گرینگی وەک مێژوو، زمان و کولتووردا.

لە هەموو ئەو ساڵانەی لەسەر خاکی ئیسپانیادا ژیاوم لە بەر ڕووناکییەکی تایبەتدا ئەو پێنج ساڵەم لە بیرە کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا لە بەرشێلۆنەی خۆشەویستم گوزەراندم. هێشتا دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ مابوو و هەر خەڵکی گوللەباران دەکرد، بەڵام فوسیلێکی سواو بوو و بەتایبەتیش لە بواری کولتووردا بێتوانا بوو کۆنترۆڵی جارانی بهێڵێتەوە. کون و کەلەبەری تێ کەوت و سێنسور نەیتوانی بیانگرێت، لەوێوە کۆمەڵگەی ئیسپانی هزری نوێ، کتێب، خەیاڵ و بەهای هونەری و فۆرمیی هەڵمژی کە تا ئەو کات وەک شتی ڕووخێنەر قەدەخە بوون. هیچ شارێک وەک بەرشێلۆنە هێندە زۆر سوودی لە سەرەتای ئەم کرانەوەیەدا نەبینی، یان هێندەی ئەو وا بە چڕی بە بیر و داهێنانی هونەری لە هەموو بوارێکدا نەپەنما. بەرشێلۆنە بوو بە پێتەختی کولتووریی ئیسپانیا، ئەو شوێنە بوو دەبوو لەوێ بیت بۆ ئەوەی شنەبای ئەو ئازادییەی بەڕێوە بوو هەڵبمژیت. بەجۆرێک، لەبەر ئەو هەموو شێوەکار و نووسەرانە، ئەو هەموو پەخشکەر و هونەرمەندە

ئەمەریکای لاتینییەی لەوێ گیرسابوونەوە، یان دەهاتن و دەچوون، بووبوو بە پێتەختی کولتووریی ئەمەریکای لاتینیش، چونکە دەبوو لەوێ بیت، ئەگەر بتویستبایە ببیت بە شاعیر، ڕۆماننووس، شیوەکار یان کۆمپۆسیتۆری هاودەم. بۆ من بوو بە چەند ساڵێکی فەرامۆشنەکراوی بە هاوڕێیەتی، دۆستایەتی، دەسیسە و کاری ڕۆشنبیریی بە بەرهەم. وەک ''پاریس''ی جاران، بەرشێلۆنە منارەیەکی بابل بوو، شارێکی نێونەتەوەیی جیهانی بوو، جۆشوخرۆشدەر بوو لەوێ بژیت و کار بکەیت، یەکەم جاریش لەوێ لە پاش شەڕی ناوەخۆدا نووسەرانی ئیسپانیایی و ئەمەریکای لاتینی بوون بە دۆست و برادەری یەکتری، هەستیان کرد لە هەمان داوونەریت هاوبەشن و لە بزووتنەوەیەک و بە باوەڕێکی هاوبەشەوە یەکیان گرت: کە کۆتایی دیکتاتۆرییەت نێزیک بووەتەوە و لە ئیسپانیای دیموکراتیدا کولتوور ڕۆڵی سەرەکیی دەبێ.

ئەگەرچی تەواو بەم شێوەیەیشی لێ نەهات، ئەوا تێپەڕینی ئیسپانیا لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراتی یەکێک لە پروسێسە مێژووییە باشەکانی سەردەممان بووە، کە ئەوە پێشان دەدات کە کاتێک ئەقڵ و هۆش لە ئارادا بێت و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش لە پێناو بەرژەوەندیی هاوبەشدا بەسەر ئەقڵییەتی دەستەیی خۆیدا زاڵ بێ، ئەوسا وەک لە ڕۆمانی ڕیالیزمی سیحریدا دەکرێت شتی سەیر ڕوو بدا. تێپەڕینی ئیسپانیا لە تاکڕەوییەوە بۆ دەستەڵاتێکی ئازادانە، لە گەشەنەکردووەوە بۆ گەشەکردوو، لە کۆمەڵگەیەکی بە جیاوازیی ئابووری و نادادپەروەریی وەک هی وڵاتە گەشە نەکردووەکانەوە بۆ وڵاتێکی چینی ناوەڕاستەوە، بەچەند ساڵێکی کەم، تێکەڵاوبوونی لەناو ئەورووپادا و خۆگونجاندنی لەگەڵ کولتوورێکی دیموکراتیدا، سەرنجی هەموو جیهانی ڕاکێشا و بوو بە خاڵی وەرچەرخان بۆ نوێبوونەوەی ئیسپانیا. ئەمە بۆ من ئەزموونێکی کاریگەر و دەوڵەمەند بوو، کە لە نێزیکەوە و هەندێ جاریش لە ناوەوە ببینم. با ناسیونالیزم، ئەم تاعوونە بێ دەرمانە لە جیهانی سەردەمدا و لە ئیسپانیاشدا، ئەم گەشەکردنە دڵخۆشکەرە نەڕووخێنێ.

ڕقم لە هەموو شێوەیەکی ناسیونالیزم، ناوچەگەریی، کورتبینی و ئایدیۆلۆجیای پەڕگیر – یان ڕاستتر لە ئاین– دەبێتەوە، کە ئاسۆی ڕووناکبیریی سنووردار دەکات و لە سینەیدا بیری چەوتی ئێتنیکی و ڕەگەزپەرستی بەخێو دەکات، چونکە ئەو لە ناکاو مەسەلەیەکی وەک زێدی لەدایکبوونی خۆی بۆ پڕ بەهاترین شت و دەستکەوتێکی ئەخلاقی ئونتۆلۆگی بەرز دەکاتەوە. ناسیونالیزم، هاوشان لەگەڵ ئاین سەرچاوەی ترسناکترین خوێنڕێژین لە مێژوودا، وەک هەردوو شەڕی جیهانی و ئەو قەسابییەی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا دەکرێت. ناسیونالیزم لە هەموو شتێک زێتر یاریدەدەری ئەوە بووە، کە ئەمەریکای لاتین پارچەپارچە ببێت، لە شەڕ و ناکۆکیی بێماندا خوێنی لێ ڕژاوە و مەبلەغی خەیاڵی بە کڕینی چەک بەفیڕۆ داوە، لە بری ئەوەی قوتابخانە، کتێبخانە و نەخۆشخانە دروست بکا.

پیاو ئەو ناسیونالیزمە گوێ تەپە و بێهەستیی ئەو بۆ ''ئەویتر'' کە هەردەم تۆوێکی زەبروزەنگ بووە، لەگەڵ نیشتیمانپەروەریی تێکەڵ نەکات، کە وەفادارییەکی تەندروست و دڵارامە بۆ ئەو

وڵاتەی مرۆڤ تێیدا چاوی کردووەتەوە، لەوێ باوک و باپیرانی ژیاون و خەونە سەرەتاییەکانی خۆی دەرکەوتوون، ناوچەیەکی باش شارەزای شوێنەکان و خزم و کەس و ڕووداوەکانیش کە بۆ یادەوەرییەکان دەبنە جێگەی حەوانەوە و دژی تەنیاییش دەبنە قەڵغان. نیشتمان تەنیا ئاڵاکان و سروودە نەتەوەییەکان نییە، هوتافکێشان نییە بە قارەمانە هەڵبژاردراوەکان، بەڵکە چەند ژینگەیەک و مرۆڤە، کە یادەوەرییەکانمان ئاوەدان دەکەنەوە و بە حوزن و هەستێکی گەرموگوڕ ڕەنگیان دەکەن کە لە هەر شوێنێک بین، ماڵێک هەر هەیە دەتوانین بۆی بگەڕێینەوە..

بۆ من پێروو ئەو ''ئاریکوپا''یەیە لێی لەدایک بووم بەڵام قەت تێیدا نەژیام، شارێک کە دایکم، دایکوباوکی دایکم و خاڵەکانم بە یادەوەریی و غەریبییەکانیانەوە فێریان کردم بیناسم، چونکە هەموو خزم و کەسەکانم هەردەم پێڕەوی داوونەریتی ناوچەکەیان کردووە و لە سەردەمی ژیانی ناجێگیریاندا ''شارە سپییەکە''یان لە ناخیاندا هەڵگرتووە. ''پیورە''ی بیابانە بە دارهەنجیر و کەرە بەستەزمانەکانییەوە کە لە تەمەنی گەنجیمدا خەڵکی ناوچەکە بە ''گوێدرێژ'' ناویان دەبردن – ناولێنانێکی جوان و خەمگینە– لەوێ بۆم دەرکەوت کە ئەوە لەقلەق نەبوو کە بە منداڵی ساواوە دەهات، بگرە جووتە ئاشق دروستی دەکردن، کە شتی ترسناک دەکەن و کە گوناحێکی گەورەیە. قوتابخانەی ''سان میگایل'' و شانۆی ''قاریێ''یە، یەکەم جار لەوێ نمایشی شانۆنامەیەکم بینی، کە خۆم نووسیبووم. گۆشەی شەقامی ''دێگۆ فێرێ و کۆلۆن'' ە لە گەڕەکی میارفلورێس لە لیمە _ کە ئێمە ڕاهاتبووین بە ''گەرەکە ئاسوودەکە'' ناوی بهێنین– لەوێ پانترۆنە کورتەکەم بە هی درێژ گۆڕی، یەکەم جگەرەم کێشا و فێری سەماکردن بووم، فێر بووم ئاشق بم و چاوبازی لەگەڵ کچاندا بکەم. ئەو بارەگە تۆزاوی و خراپەی ڕۆژنامەی ''لە کرۆنیکا''یە، لەوێ یەکەم جار لە تەمەنی شازدە ساڵیدا توانای خۆمم وەک ڕۆژنامەوان تاقی کردەوە، پیشەیەک کە لەگەڵ ئەدەبدا نێزیکەی لە هەموو ژیانمدا مەشغوڵیان کردووم و وەکو کتێبیش وای لێ کردووم زێتر بژیم، زێتر لەبارەی جیهانەوە بزانم و لەگەڵ مرۆڤی هەموو لایەک و هەموو جۆرێکیش، هی زۆر باش و دڵگەورە، هی خراپ و قێزەوەن، هەڵسوکەوت بکەم. قوتابخانەی ''لیۆنسیۆ پرادۆ'' ی سەربازییە، تێیدا فێر بووم، کە پێروو ئەو پەسێوە بچووکەی چینی ناوەڕاست نییە، کە من تا ئەو کاتە داخراو و پارێزراو تێیدا ژیاوم، بەڵکە وڵاتێکی گەورە و کۆن بوو، تووڕە بوو، ناهاوسەنگ بوو و هەموو کێشەکانی کۆمەڵگە هەژاندبووی. زیندانە نهێنییەکانی حزبە لە ''کاهیدیس''، لەوێ لە زانکۆی ''سان کارۆ''دا، ئێمە چەند قوتابییەک پلانی شۆڕشی جیهانمان دانا. پێروویش هاوڕێکانمن لەناو ڕێکخراوی ''ئازادیی جوڵانەوە''ی لیبراڵدا، کە لە ماوەی سێ ساڵدا، لەناو بۆمبا، بێکارەبایی و تیرۆرکاریدا، لەگەڵ مندا کاریان کرد بۆ ئەوەی بەرگری لە دیموکراتی و کولتووریی ئازادی بکەین

پێروو پاتریسیایە، ئامۆزای لووتبەرز و خۆڕاگرم، کە بەختم یار بوو چلوپێنج ساڵ لەمەوبەر ببین بە هاوسەر و هەتا ئێستایش بەرگەی ئەو ماتبوون، ترس و شالاوی میزاجی ناخۆشم دەگرێ، کە کۆمەکی من دەکەن بنووسم. بەبێ ئەو لەمێژبوو ژیانم لەناو گێژاوێکی بەهەڵەشەدا تێیدا چووبوو و

نە ئەلڤارۆ، گۆنزالۆ، مۆرگانە، یان ئەو شەش نەوەیەیش کە ژیانمان درێژ و خۆش دەکەن، بوونیان نەدەبوو. ئەو هەموو شتێک دەکات و باشیشیان دەکات. گرفتەکان چارەسەر دەکات، باری ئابووری بەڕێوە دەبات، لەناو بێسەروبەریدا ڕێک دەخات، ڕۆژنامەوان و خۆڕاپێشکەرەکان دوور دەخاتەوە، بەرگری لە ئارامیی کارکردنم دەکات، بڕیار لەسەر کۆبوونەوە و سەفەرەکان دەدا، جلوبەرگ دەخاتە ناو جانتا و دەریان دەهێنێ، هێندە بەخشندەیشە تەنانەت کاتێک گازاندەیشم لێ دەکات باشترین پیاهەڵدانم پێ دەڵێ کە هەیە: "ماریۆ تۆ تەنیا بۆ نووسین باشیت".

با بگەڕێینەوە سەر ئەدەب. بۆ من بەهەشتی منداڵی ئەفسانەی ئەدەبی نییە، بگرە واقیعێکە کە من بینیومە و چێژم لێی وەرگرتووە: سەرەتا لە خانووە گەورە سێ حەوشەکەی خێزانماندا لە کوچەبامبا، لەوێ بەیەکەوە لەگەڵ ئامۆزاکان و هاوڕێیەکانی قوتابخانەدا دەمانتوانی سەرکێشییەکانی تەرەزان و سەلگاری بکەینەوە، دواییش لە سەرای "پێورە"دا، شەمشەمەکوێرەکان لە بنمیچ نووستبوون، سێبەری بێدەنگبوون، لەم بالاخەنە بە خۆر هەڵقرچاوەوە شەوانی ساماڵیان پڕ دەکرد. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا نووسین یارییەک بوو، کە خێزانەکەمان ستایشیان دەکردم، شتێکی تری خۆش بوو کە چەپڵەم پێی وەرگرت، منی کچەزا، خوشکەزا، بێ باوکەکە، چونکە باوکم مردبوو و لە ئاسمان بوو. وێنەی پیاوێکی بالابەرز و ڕێک بە جلوبەرگی سوپای دەریاییەوە، مێزی تەنیشت قەرەوێڵەی ڕازاندبوومەوە و کە بەرلەوەی بنووم دوعام بۆی دەکرد و ماچم دەکرد. بەیانییەک لە پیورە، کە هێشتا باش بەخۆ ناهتبوومەوە، دایکم درکاندی کە لە ڕاستیدا ئەم پیاوە لە ژیاندایە و هەر ئەمڕۆیش دەڕۆین بۆ لای ئەو لە لیمەیە و لەگەڵ ئەو دەژین. من یازدە ساڵ بووم، لەو کاتەوە هەموو شتێک گۆڕا. پاکیی منداڵانەم لەدەست چوو و تەنیایی، دەستەڵات، ژیانی گەوران و ترسم بۆ دەرکەوت. خوێندنەوە بوو بە ڕزگاربوونم، خوێندنەوەی کتێبی باش، خۆپاراستن بوو لەم جیهانانەی تێیاندا ژیان خۆش و چڕ بوو، سەرکێشی لەدوای سەرکێشی بوو، لەوێ دەمتوانی هەست بکەم دیسان ئازاد و دڵخۆشم. بەدزییەوەیش بنووسیت، وەک کە کاتێک مرۆڤ خۆی بۆ کارێکی شەرمبار و ئارەزوویەکی قەدەخە، تەرخان دەکات. ئیتر ئەدەب یارییەک نەبوو. بوو بەشیوازێکی بەرگریکردن دژی نەهامەتیی ژیان، نارەزایی دەربڕین، یاخیبوون، هەڵاتن بوو لەوەی بەرگە ناگیرێت: شێوازی من بوو بۆ مانەوە. لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆیش، لە هەموو ئەو کاتانەی هەستم بە خەم کردووە، یان داڕووخاوم و خەریک بووە بێهیوا ببم، ئەمە کە بە ڕوح و بە گیان خۆم بۆ کاری نووسین تەرخان بکەم، ڕووناکیی کۆتاییی توونێل بووە، ئەو پارچە تەختەیە بووە، کە یارمەتیی کەسی کەشتیی نقوومبوو دەدات بگاتە کەنار.

ئەگەرچی ئەمە بە زۆر هەوڵ و کۆشش لەسەرم دەکەوێ و پێویستی بە عەرەقە و فرمێسکە و لەگەڵ ئەوەیشدا منیش وەک هەموو نووسەرێک هەندێ جار ئیفلیجی هەڕەشەم لێ دەکات و خەیاڵ وشک دەبێت، هیچ شتێک لە ژیاندا خۆشییەکی وای پێ نەداوم، وەک کە بە مانگ و ساڵ بە

داڕشتنی ڕۆمانێکەوە دەبەمە سەر، هەر لە سەرچاوە نادیارەکانیدا لە وێنەیەکی ڕووداوێک کە بیر هەڵی گرتووە، کە بووەتە نیگەرانییەک، حەماسیەتێک، خەیاڵێک و پاشان بۆ پڕۆژەیەک و بڕیارێک گەشەی کردووە کە هەوڵ بدرێت ئەم جیهانە جنۆکەییە تەماوییە بگۆڕێت بۆ چیرۆکێک. فلوبێرت گوتی: ''نووسین شێوازێکی ژیانە''. بەڵێ، زۆر ڕاستە. شێوازێکی ژیانە بە وەهم و ئاسوودەیی و بە ئاگرێکی بە بریسکە لەناو سەردا، لەگەڵ وشە سەختەکان ململانێ بکەیت هەتا کەوی دەکرێن، لەم جیهانە گەورەیە بکۆڵیتەوە، وەک گەڕۆکێک کە بەدوای دەستکەوتێکی سەرنجڕاکێشدا دەگەڕێت، کە دەتوانێت وزە بدەیتە ئەو خەیاڵە چرۆکردووە و ئەو ئارەزووە نەوسنەی ڕۆمانێکیش تێر بکا، کە گەشە دەکات و دەیەوێت هەموو چیرۆکەکان قووت بدا. کە لە بەردەم ڕۆمانێکدا هەست بە گێژبوون بکەیت، کە بەڕێگەوەیە لەدایک ببێت، کە شێوە وەردەگرێت و پێ دەچێ لەگەڵ خەڵکی تر، کە دەجووڵێنەوە، ڕەفتار دەکەن، هەستیان هەیە و داوای ڕێز و خۆشەویستی دەکەن، ژیانی خۆی دەژیت، کە ئیتر ناتوانی بە ئارەزووی خۆت لەوە کاریگەر بیت بەشێوەیەکی تایبەت ڕەفتار بکەن، یان خواستی ئازادییان زەوت بکەیت، بێ ئەوەی نەیانکوژیت، بێ ئەوەی ڕۆمانەکە توانای باوەڕپێکردنی خۆی لەدەست نەدات، ئەمە ئەزموونێکە کە هەتا ئێستایش ڕێک وەک یەکەم جار دەمحەپەسێنێ، هێندە کامڵ و گێژکەرە، وەک کە بەڕۆژ، بە حەفتە و بە مانگ و هەردەم ژنی خۆتت خۆش بوێت.

کاتێک باسی بەرهەمی ئەدەبی دەکەم، زۆر باسی ڕۆمانم کردووە و کەم باسی شانۆم کردووە، کە یەکێک لە فۆڕمە گرینگەکانیەتی. بێگومان ئەمەیش زۆر ناڕەوایە. شانۆ یەکەم خۆشەویستیم بوو، هەر لەو دەمەی گەنجیمەوە لە لیمە ''مردنی بەقاڵێک''ی ئارتوور میللەرم لە ''شانۆی سێگورە'' بینی، نمایشێک بوو کە هیچ ئاگام لە جوڵانەوەی خۆم نەما و وای لێ کردم یەکسەر درامایەک لەبارەی ''هیندییە ئینکاکان''ەوە بنووسم. ئەگەر لە ساڵانی پەنجاکاندا لە لیمە بزووتنەوەیەکی شانۆیی هەبووایە، ئەوا دەبووم بە دراماتۆرگ، نەک ڕۆماننووس. ئەوە نەبوو و وای لێ کردم هەر زێتر بچمە سەر گێڕانەوە. بەڵام خۆشەویستیم بۆ شانۆ قەت نەمرد، لە بەر سێبەری ڕۆمانەکاندا وەک سەرنجڕاکێشەر و تاسەیەک بێ خەم خەواڵوو بوو، بەتایبەتی کە شانۆگەرییەکی باشم دەبینی. لە کۆتاییی ساڵانی حەفتادا یادەوەرییەکی لامل سرووشی پێ دام، هی پورێکی سەد ساڵی بوو، کە پێی دەگوترا ''مامێ'' و لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا پێوەندیی لەگەڵ ژیانی دەوروبەریدا پچڕاند، بۆ ئەوەی پەنا بۆ یادەوەرییەکان و خەیاڵ بباتەوە. منیش بەتەواوی هەستم کرد، کە چارەنووسی ئەم چیرۆکە بۆ شانۆ دانراوە، کە تەنیا لەسەر شانۆ ئەو ژیان و ڕەونەقەی دەبێت، کە تایبەتمەندیی تێکستی ئەدەبیی سەرکەوتوو نیشان دەدات. بە لەرزەلەرزی گەرموگوڕیی تازەکارەییەوە نووسیم و زۆر چێژم وەرگرت کە بە ''نۆڕما ئەلێندرۆ'' لە ڕۆڵی سەرەکییدا لەسەر شانۆدا بینیم، کە من لەو کاتەوە زۆرجار لە بۆشاییی نێوان دوو ڕۆمان، یان دوو گوتاردا گەڕاومەتەوە سەری. لەگەڵ ئەوەیشدا قەت زەینم بۆ ئەوە نەچوو، کە من خۆم لە تەمەنی حەفتا

سالّیدا بچمە (یان ڕاستتر خۆم ڕابکێشمە) سەر شانۆ. ئەم مجازەفەیە وای لێ کردم کە بۆ یەکەم جار، بە جەستە و بە هۆش هەست پێ بکەم ئەوە بۆ کەسێک کە لە هەموو ژیانیدا بەرهەمی ئەدەبیی نووسیوە، چ موعجیزەیەکە، کە چەند سەعاتێک کەسایەتی واقیعی بداتە کەسە خەیاڵییەکان و لە بەرچاوی بینەردا خەیاڵی خۆی بژی. قەت ناتوانم بەپێی پێویست سوپاسی هاوڕێکانم، ڕێژیسۆر ''خوان ئولێ'' و خاتوو ''ئەیتانا سانچێس گیۆن''ی ئەکتەر بکەم، چونکە ئەوان هانیان دام ئەم ئەزموونە زۆر گەورەیەیان لەگەڵ بەش بکەم (ئەو ترس و لەرزەیش کە لەگەڵیدایە).

ئەدەب گێڕانەوەیەکی ناڕاستی ژیانە، لەگەڵ ئەوەیشدا یارمەتیمان دەدات باشتر تێی بگەین، کە شارەزای ئەو کونج و کەلەبەرانە ببین کە لێی لەدایک دەبین، دەگەڕێین و دەمرین. بۆ ئەو نەهامەتی و تووڕەبوونەی ژیانە ڕاستەقینەکە تووشمان دەکات، قەرەبوومان دەکاتەوە، لەبەر ئەویش بەلانی کەمەوە تا ڕادەیەک ئەو ''ئەلفوبێی وێنەیی''یانەی کە ژیان بۆ زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ وایە، لێک دەینەوە، بەتایبەتیش بۆ ئێمە کە گومانمان لە دڵنیایی زێترە و کە ددان بەوەدا دەنێین کە بەرانبەر بە بابەتی وەک غەیب، چارەنووسی تاکەکەس و گشتی، ڕوح، مانا، یان بێمانایی مێژوو و مەودا و سنووردارێتی بیرکردنەوەی ئەقڵانییەت، دەستەوەستاوین.

من هەموو کات ئەوە سەرنجی ڕاکێشاوم کە ئەو ساتە نادیارە بێنمە بەرچاوم کاتێک باوک و باپیرانمان، کە هێشتان لە ئاژەڵ زێتر نەبوون، زمانێکیان گرت کە ڕێگەی پێ دان لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ بکەن، لە ئەشکەوتەکانیشدا، لە دەوری ئاگردانەکاندا، لە شەوانی پڕ لە مەترسیدا – برووسکە، هەورەتریشقە، ئاژەڵی دڕندەی مۆڕەکردوو– دەستیان بە هۆنینەوەی چیرۆک کردووە و بۆ یەکترییان گێڕاوەتەوە. ئەمە بوو بە خاڵی یەکلاکەرەوەی چارەنووسمان، چونکە لەناو ئەم کۆمەڵە بوونەوەرە دواکەوتووانەدا کە دەنگ و خەیاڵی حیکایەتخوان کۆی کردبوونەوە، شارستانی لەدایک بوو، ئەم ڕەوتە درێژە، کە وردەوردە ئێمەی کرد بە مرۆڤ و وای لێ کردین ئەو تاکەسەکە سەربەخۆیە بدۆزینەوە و لەناو ڕەوەکەدا دەری بهێنین، کە زانیاری، هونەر، ماف و ئازادی بڕوێنین، کە لە سروشت، جەستەی مرۆڤ و بۆشاییەکان بکۆڵینەوە و بچینە ناو ئەستێران. داستانەکان، ئەفسانەکان، چیرۆکە خەیاڵییەکان و کەسە ئەفسانەییەکان، کە یەکەم جار وەک مۆسیقایەکی نوێ بۆ بیسەرەکان دەنگیان هات، کە لە مەترسی و عاجباتییەکانی جیهانێک ترسان، تێیدا هەموو شتێک نەناسراو و ترسناک بوو، دەبێت وەک خۆ خستنە ناو ئاوەوە بووبێت، ئارامییەکی خۆش بووبێت بۆ ڕوحەکان کە هەردەم لە ئامادەباشییدا بوون، کە ژیان تەنیا مانای خواردن، خۆپاراستن لە توخمەکان و کوشتن و جووتبوون بوو. کە دەستیان پێ کرد بەیەکەوە خەون ببینن، کە حیکایەتەکان هانی دابوون خەونی وەک یەکتری ببینن، ئیتر چیی تر بۆ مانەوە وابەستەی کاری سەخت نەبوون لەگەڵ بەرداشدا، ژیانیان بوو بە خەون، چێژ، خەیاڵ و خواستی شۆڕشگێڕی: سنووری خۆیان بشکێنن، بیگۆڕن و باشتری بکەن، خەبات بکەن بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو خواست و خەیاڵانەدا بن، کە سرووشیان لە ژیانی کەسانی ناو حیکایەتەکانەوە وەرگرتووە و لە هەموو

شتێکی نەناسراوی دەوروبەری خۆیان بکۆڵنەوە.

ئەم پروسێسە بێپچڕانە دەوڵەمەندتر بوو، کە هونەری نووسین لەدایک بوو و دەتوانرا چیرۆکەکان نەک هەر ببیسترێن، بگرە بخوێنرێنەوەیش و گەیشتنە ئەو مانەوەیەی کە ئەدەب پێیان دەدا. بۆیە دەبێت سەرسەختانە، هەتا ئەو کاتەی باوەڕ بە نەوە نوێیەکان دەهێنین بڵێینەوە: ئەدەب لە سەرگەرمکردن زێترە، لە مەشقێکی ئەقڵی زێترە کە هەستیاریمان زێتر دەکات و هەستیشمان بۆ ڕەخنە بەئاگا دێنێت. مەرجێکی پێویستە بۆ ئەوەی شارستانی بمێنێتەوە، خۆی نوێ بکاتەوە و شتە باشەکانی مرۆڤایەتیمان بپارێزێ. بۆ ئەوەی نەکەوینەوە ناو بەربەریەتی کەموکوڕیی لێککەیشتن و ژیانیش لای ئەو پسپۆڕانە بچووک بکرێتەوە بۆ پراگماتیزم، کە شت لە قووڵاییدا دەبینن، بەڵام بێ زانیارین لەوەی چی بەدەوریانەوەیە، چی ڕوو دەدات و دەیانهێڵێتەوە. بۆ ئەوەی ئێمە لەوەی کە ئەو مەکینانەی کە دروستمان کردوون و خزمەتی خۆمانیان پێ دەکەین، نەبین بە خولام و کۆیلەی ئەوان. لەبەرئەوەیش کە دنیایەکی بێ ئەدەب، دنیایەکی بێ هیوا، بێ پێشەنگ و نادروست دەبێت، جیهانێکی لە ڕۆبۆت دەبێ، کە ئەوەی زەوت کردووە کە مرۆڤ دەکات بە ئینسانی: توانای ئەوەی کە لە خۆمان بێینە دەرەوە و بچینە ناو کەسێکی ترەوە، کەسی تر کە خەونەکانمان دروستی کردووە.

لە ئەشکەوتەوە بۆ بالاخانەی بەرز، لە کوتکەوە بۆ چەکە کۆکوژەکان، لە ژیانی دووبارەبووەوەی خێڵەوە بۆ چاخی گلۆبالیزەکردن، خەیاڵەکانی ئەدەب ئەزموونەکانی مرۆڤی زۆر زێتر کردووە و ڕێگەی لە ئێمەی مرۆڤیش گرتووە بکەوینە ناو داوی داڕووخانی، گۆشەگیری و بێهیواییەوە. هیچ شتێک هێندە نیگەرانیی نەچاندووە، هێندە خەیاڵ و ئاسەمانی تێکەڵ نەکردووە، وەک ئەو ژیانە درۆیەی کە ئێمە بەیارمەتیی ئەدەب دەیخەینە سەر ژیانی خۆمان بۆ ئەوەی سەربزێوییە گەورەکان و ناهەمواری ببینین کە ژیانی ڕاستی قەت پێمان نادا. درۆیەکانی ئەدەب بە ئێمەی خوێنەر دەبنە ڕاستی، کە گۆڕاوین، ئالوودەی حەزین و لەپێناو خەیاڵیشدا کەوتووینەتە ناو ناکۆکییەکی هەمیشەییەوە. بە سیحرێک وامان لێ دەکات کە خەون بەو شتەوە ببینین هەمانبێت، کە لێی بێبەشین، ئەوە بین کە نین، بگەینە ئەو ژیانە مەحاڵەی لەوێ وەک خواوەندەکانی "پاگانیزم" هەست بکەین هی سەر زەوین و هاوکاتیش ئەبەدین، ئەدەب باوەڕمان بەو ناڕازیبوون و یاخیبوونە پێ دەهێنێت، کە لە پشت هەموو پێشکەوتنێکەوەیە، کە کۆمەکی کردووە ئەم توندوتیژییەی ژیانی مرۆڤ کەم بکاتەوە. بۆ ئەوەی توندوتیژی کەم بکرێتەوە، نەک بنبڕ بکرێ. چونکە خۆشبەختانە قەت مێژوومان کۆتاییی نایەت. بۆیە پێویستە بەردەوام بین کە خەون ببینین، کە بخوێنینەوە و بنووسین: کاریگەرترین مێتودە کە دۆزیومانەتەوە بۆ ئەوەی فەنابوونمان ئاسان بکەین، بەسەر ڕەوڕەوەی مێژوودا سەربکەوین و ئەو شتەی کە مەحاڵە بکرێ، بیکەین.

©NOBELSTIFTELSEN 2010

تێبینی: گوتاری ماریۆ ڤارگاس یۆسە، لە ٢٠١٠/١٢/٧ لە بارەگەی ئەکادیمیای سوێدی خوێندییەوە

# هونەری ئورارتو(١)

لە ســـایەی ئەو بەرهەمـــانەی لە ئەنجـــامی هـەڵکۆڵینەوەکـــانی "تۆپراککەلێ" و "ئاڵتنتـــەپە" و "کارمیربولۆر"دا دەست کەوتوون، دەشێ بیرێکیان لێ هەڵێنجێن. کۆنترین بەرهەمێکی ئورارتو کە بەدەســتــمـان گـەیشـتـبێ: یەکـەم لە " ئارگشـتـی " و دووەم لە " سـاردوز " کـە سـەرو مـەتاڵێک و کڵاوئاسنێکیان لێ دۆزراوەتەوە، مـەتاڵەکە نـاوی ئەو شایەی خاوەنەکەیەتی و وێنەی چەندان جۆر مرۆڤی لەسەرە.

هەواڵنامەی کتێب





دەسکی ئەو مەنجەڵانەی لە شێوەی نیوەی سەرەوەی لەشی مرۆدایە، کە لە هەڵکۆڵینەوەکانی تۆپڕاککەلێدا دەرکەوتوون، هی کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی بەر لە زاین. هەروەها بەشێکی بایەخداری ئەو شمەکانەی هەر لە هەڵکۆڵینەوەکانی تۆپڕاککەلێدا دەست کەوتوون ئەو پەیکەرۆکە بروونزییانەن کە بەشێکن لە کارەکانی ڕازاندنەوەی تەختی پەیکەری خوداوەندێک. وەک لە تۆپەڵە

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

پرچیانەوە تێ دەگەین، بەرهەمی ئورارتوی بەشێوەی "ستایلی " ئاشووری سەدەی حەوتەمن. ئەو مەنجەڵە بروونزییانەی لە ئاڵتنتەپەدا دۆزراونەتەوە و لە شوێنی دەسکەکانیان سەری چوار گایان لەسەرە، هی سەرەتای سەدەی حەوتەمن. بەشی زۆری ئەو مەتاڵانەی لە تۆپڕاککەلێ بەدەست خراون ئێستاکە لە مۆزەخانەکانی بەرلین و بەرریتانیادان، بەشی زۆریان لە دوا سەردەمانی دەوڵەتی ئورارتودا دروست کراون. لەسەر ئەوەیاندا کە لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە، ناوی ڕوساسی سێیەمی کوڕی ئەریمەنا، واتە ناوی دوا شای ئورارتوی لەسەردایە. وا دیارە ئەم شایە لە کۆتاییی سەدەی حەوتەمی پێش زاین، یانیش لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایندا ژیاوە. هەروەها میدالیایەک کە شانۆ / سەکۆی ڕێز و خەڵاتکردن پێشان دەدا، خواروژوور دەبێ لە سەردەمی مەتاڵەکاندا دروست کرابن.

هەواڵنامەی کتێب

کە لە بەرهەمەکانی ئورارتو ورد دەبینەوە دەبینین، دەشێ هەندێ شێوەی تایبەت بەوان دەستنیشان بکەین. لە بەرهەمە بڕوونزییەکانی ئورارتودا بەتایبەتی ستایلی لە شێوەی ئەڵقەدا بەرچاو دەکەون. لە وێنەکانی شێردا، لە بەشی سەرەوەی پێچی یاڵەکانی سەر ملیان لە شێوەی ئەڵقەیەکدا کۆتاییان دێ و گوێیەکان پێک دەهێنن، یان لێوی خوارەوە دیسان لە شێوەی ئەڵقەدا، بۆ ژێر چەنە لوول دراونەتەوە. وێنەکردنی کلک، لە شێوەی بازنەیەکی خڕدا و لە بەشی سەرەوەی ماسوولکەی پێدا کە بەخڕۆکەیەکی بچووک ڕازێنراوەتەوە، هێنانە بەرهەمی جۆرە ستایلێکی ئەڵقەیین. هەر ئەو شێوە ڕازاندنەوە ئەڵقەییە، لە شێوەکانی گادا، لە تۆپەڵە قژیاندا، لە یاڵ و لەو قوردێلانەی بە کلکدا دەبەسترێنەوە، لە دوو لایاندا دەبینرێن. لە ترۆپکی ئەو سێگۆشانەی سەر سنگی ئەو پەیکەرۆکانەدا کە نیوەی سەرەوەی لەشی ئافرەتە، کە ئەرکی دەسکیان ئەنجام داوە، لە مەنجەڵی گەورەی بڕوونزییاندا، خڕیلەی بچووکی ڕازاندنەوە، لە شێوەی ئەڵقەدا، هەریەکە و دیاردەیەکی بەمۆدەکردنی ئەو شێوەیەن. وەک ئەوەی ستایلی ئەڵقە لە بەرهەمەکانی سەدەی هەشتەمی پێش زایندا دەردەکەوێ، لە سەدەی حەوتەمیشدا درێژەی هەیە. بەڵام لە شێرەکانی سەدەکانی حەوتەم و شەشەمدا لە جێی ستایلی ئەڵقە بە پەنماوی دروستکردنی هەندێک لە ئەندامەکانیانمان بەرچاو دەکەون. ئەم ستایلە "خڕ" ەش وەک ستایلێکی تایبەت بە بەرهەمە

ئورارتوییەکان دەردەکەون. لە سەری مرۆڤان، یانیش لە لەشی ئاژەڵاندا، کارێکی تری تایبەت بە ئورارتوییان دەستنیشانی بەشی ناوەوەیان تەواو دەکا. بەئەڵقە، یانیش بەشێوەی ماسی – نوێندا بۆ ڕازاندنەوە پڕ کراوەتەوە و بەهێڵەیلی تەریب شێوەیان پێ دراوە.





کار لە چاوەکانی مرۆڤیش، لە بەرهەمەکانی ئورارتودا تایبەتمەندییەکی دەداتێ، کە تەماشا دەکرێ، کەنارەکانی پێڵوەکانی چاوەکان بەرەو تەنیشتەکان بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی بەتیژی درێژ کراونەتەوە. لە ڕووی زانستی هێڵە سەرەکییەکانی دەموچاو " فیزیۆنۆمی "شەوە، لە وێنەکێشراوەکانی مرۆڤی ئورارتودا دەشێ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیی زۆر بەبایەخ بچەسپێنرێ. شێوەکانی مرۆڤەیلی سەر مەنجەڵە برونزینەکان یانیش ئەگەر سەرنج لە شێوە ستایلی ئەو ژنە خوداوەندەی لەبان بەردێکدا داتاشراوە و لە شاری " عادلجەواز "(٢) دۆزراوەتەوە بدەین، لووت هەر لە نێوچاوانەوە بەشێوەیەکی بە هێز بۆ پێشەوە دەرچووە و دەبینین لە گێڕییەکی زانراودایە. هەر ئەو لووتە لە وێنەی ئەو ژنانەی لەسەر شەش مێدالیای تردا هەن.

بە لێ وردبوونەوە لەو بەرهەمانەی لە دەڤەری وان دەرکەوتوون، دەتوانین تایبەتمەندییەکانی هونەری ئورارتو بهێنینە گۆڕێ. بەمەج ۆرە لە ڕووی جۆری کار لە شێوە ئەڵقە و برۆ و کەنارەکانی پێڵوی چاو و پرۆفایلی ڕوو، لەگەڵ ئەو شێوە برونزییە مرۆڤانەیەی لە گۆڕەکانی ئەتروسک (Etrusk)دا دۆزراونەتەوە و ئەوانەی لە وڵاتی ئورارتو دۆزراونەتەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەر یەکن. بەرهەمێکی گریفن(٣) و گایەک کە لە یۆنان دۆزراونەتەوە، دیسانەوە لە ڕووی پێشاندانی شێوەی ڕازاندنەوەی تایبەت بە ئورارتووە، دەبێ بۆمان هەبێ هەریەکەیان بە بەرهەمێکی ئورارتو دابنێین. لە گۆڕەکانی ئەتروسکییاندا، ئەو مەنجەڵانەش کە بەتایبەتی لە شوێنە پیرۆزەکەی یۆنانیاندا دۆزراونەتەوە و کەنارەکانی بە سەرە شێر یان سەرە گریفن ڕازاونەتەوە، لە ڕووی پێشاندانی ستایلێکی حتیت _ ئارامییەوە، دەبێ لە باکوری سووریا، یانیش لە شوێنێکی باشووری ڕۆئاوای ئەنادۆڵەوە دەرهێنرابن. ئەم گریفن و شێرە، لە جیهانی ئارکیۆلۆجیدا هەر لە کۆنەوە بە بەرهەمی یۆنانی دانراون. چونکە دەرنەکەوتنی جۆرەکانی شێر و

گریفن لە ڕۆهەڵاتدا زانایانی هێنابووە سەر ئەو بڕوایە و تا ئەمڕۆ بە چاوی یۆنانییەوە سەیریان کردوون. لە کاتێکدا پەیکەرسازانی شێوەکانی گریفن یان گریفنە مەنجەڵ ڕازێنەوەکان لە ناوەندەکانی یۆنان و ئەتروسکدا لە سەرەتای سەدەی حەوتەمدا بەشێوەیەکی کاتی دەردەکەون. لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایندا، لە پێشدا لە جیهانی ڕۆئاوادا هیچ شمەکێکی بەشێوەی گریفن، بوونی نەبووە. وەک لە تیۆگۆنیای[٤] هیسیۆدەوە تێ دەگەین، شێوەگەلی وەک گریفن و کیمێرا[٥] لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمدا نەزانراون. بەرابەر بەمە ئەم شێوە مەنجەڵانە و ئەو گریفنانەی دەیانڕازێننەوە، لە جیهانی ڕۆهەڵاتدا هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە زانراون. لە بەشی حتیتی درەنگدا گریفنەکانی هێللینییان دەبینین لە هونەری حتیتەکانەوە هاتووە. ئەو " مرۆڤەمەل "انەی لەنێو ئەو بەرهەمانەی لە ساکچەگوێزدا دۆزراونەتەوە، کە جوانترین نموونەکانی هونەری حتیتیی درەنگن و ئەو گریفنەی لەنێو هەڵکۆڵراوەکانی ئەنقەرەدایە گومانی نییە کە، لەژێر کاریگەریی هەر ئەو کارگەیەدا هاتووەتە گۆڕێ، ئەگەر بەراوردێکیان لەگەڵ ئەو گریفنە برۆنزینانەی لە یۆنان و ناوەندەکانی ئەتروسکییاندا دۆزراونەتەوە بکەین، لێچوونێکی زۆر گەورەیان لە نێوانیاندا دەبینین.




پڕ بایەخترین تایبەتمەندیی گریفنەکانی داتاشراوەکانی حتیت، پێشاندانی شێوەیەکە لە نێوان شێر و مەلدایە. چەناگەی خوارەوەی چەناگەی شێرێکە، مل و باڵەکانی دواوە، لەگەڵ چرچ و لۆچەکانی ژێر چاوەکان و شێوەکانی برۆ و چاوەکانیش لە وێنەی شێرەکانەوە وەرگیراون، بەرامبەر بەمە چەناگەی سەرەوە کە لە شێوەی دەنووکدایە و دوو سەری لە شێوەی حەلەزوونی ئەو تووکەی ملی دەڕازێنێتەوە، تایبەتمەندیی مەلە. لە کاتێکدا گوێ، گوێیەکی خوارەوە دەنوێنێ. لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایندا، وێنەکردنی گریفن وەک شتێکی هەنووکەیی لە ناوەندەکانی یۆنان و ئەتروسکییەکان، دەرکەوتبوو، لەسەر ئەو هەڵبژاردانەی لەمانەی دواوە وەرگیراون، ئارایشی لە شێوەی مووروودان، لە خستنە شێوەی خڕۆکەی ئەو شێوە شەیتانۆکانەی نموونەکانی " ساکچەگوێزی " دەری خستوون، هاتووەتە گۆڕێ.

بەم جۆرە بەپێچەوانەی ئەوەی بیری لێ کرابووەوە، نموونەکانی یۆنان و ئەتروسکی، بەرهەمی یۆنان نەبووە، ئەو بەرهەمانە لە بنکەکانی حتیتەوە براونەتە ئەو جێیە.



ئەو سەرە شێرانەش لە نموونەی گریفندا ئەو جۆرە مەنجەڵانە دەڕازێننەوە کە لە یۆنان و لە ئەتروریا دۆزراونەتەوە هەر بەرهەمی حتیتن. ئەو شێرانەی ئەو مەنجەڵانە دەڕازێننەوە کە لە گۆڕەکانی میرە ئەتروسکییەکاندا دۆزراونەتەوە، لە ڕووی شێوەکانی نێوچەوان و ژێرچاو و سەر لووت و برۆ و چاوەکان ئەوەندەی دەکرێ دەمە کراوەکان، دانە بڕندەکان و بەگشتی لە ڕووی شێوەکانی سەرەکانیان نزیکن لە شێرەکانی " ساکچەگوێزی ". هەر ئەو مەنجەڵانە کە لە شێوەی قووچەکدان، ئەو سفینکسە(٦) وێنەدارانەی پێیەکانیان دەڕازێننەوە قۆپیەیەکی ئەوسفینکسانەی داتاشراوەکانی " ساکچەگوێزی"ن. سەرکڵاوی ئارامی و کڵاوئارا لەگەڵ قۆچەکانی ئەو سفینکسانەی لە پێی ئەو مەنجەڵانەی لە گۆڕی ئەتروسکییاندا دۆزراونەتەوە، پرچ و ڕیشیشیان بەئەگریجە لوولدراوەکانیان هەروەک سفینکسەکانی " ساکچەگوێزی "ن. هەر ئەو قۆچانەی شەپقە ئارامییەکان و لەگەڵ کڵاوارا خڕەکان، لە شێوەی خوداوەندانی داتاشراوەکانی ئیفریزەکانیش بەرچاو دەکەون. شێوەی ڕووی سفینکسەکانی ئەو مەنجەڵانەی لە ئەتروریا دۆزراونەتەوە و لووتە لە شێوە (سیمیتیک)ەکانیش لە شێوەکانی خوداوەند و شایەکانی داتاشراوەکانی ئیفریزدا هەن لەیەک دەچن. ئەم بەراوردکارییانە لەگەڵ سفینکس و شێر و وێنەکانی گریفنی سەر ئەو مەنجەڵانەی لە ئەتروریا دۆزراونەتەوە، ڕوونی دەکەنەوە کە بەرهەمێکی بەئارامیبووی حتیتییە. مێژووی ئەو مەنجەڵە مۆرک ئورارتوییەکانی ئەو گریفنەی لە یۆنان و ئەتروریا دۆزراونەتەوە و بە نەخشە شێرەکان ڕازاونەتەوە ، دەکەوێتە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زاین. بەپێی ئەم بەرهەمانە هەروەک ئەوەی دەشێ کارمەندە حیتیتەکان لە بەڕێوەبەرێتیی ئاشووریشدا کاریان کردبێ. ڕەتبوونەوەشیان لە وڵاتی ئورارتو و نیشتەجێبوونیان لەوێ لە سنووری شیاودایە. چونکە یەک لە پسپۆڕەکانی پەیکەرتاشیی سەردەمی حتیتی درەنگ تا ئەنقەرە گەیشتووە و لە ساڵانی حەفت سەددا بیناکانی میرانی فریجەکانی ڕازاندووەتەوە. بیرکردنەوە لەوەی هەر بەو شێوەیە هەندێک لە کارمەندانی حتیتەکان لەگەڵ هونەرمەندانی ئورارتو هاوکارییان کردووە و گریفن و سەرە شێر و مەنجەڵی ڕازاوەیان بەرهەم هێناوە، ئەمانەیان بە یۆنانییان و ئەرتورياييیەکان فرۆشتووە، نزیکی بڕوا پێکردنە.

له ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵدا ئەم پسپۆڕە کارمەندانە بەلای جیهانی ڕۆئاوا، ئەم شوێنەوارە هونەرییانەیان لە سالانی ٧١٠ _ ٦٨٥ی پێش زاین بەرهەم هێنراون. لە یۆنانیش لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زاین ئەو مەنجەلانەی بە سەرە زەلام ڕازێنراونەتەوە لە شێوەی نموونەی جواندا کۆپییان لێ کراوە، بەلام ماوەیەک دواتر دەبینین ئەم مۆدەیە دەستی لێ هەڵگیراوە.



سەرچاوە:

http://www.lahuti.com/forum/urartu-sanati-87831.html

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

( ١ ) ئورارتو: دەوڵەتێک بووە لە ڕۆهەلاتی ئەنادۆڵی ئەمرۆ، دەسەلاتیان لە باکوری خرۆئاوای ئێران و بەشێکی بچووکی عێراق و لە باشوورەوەش تا دۆڵی ئاراس ڕادەگەیی، پایەتەختەکەی شاری ( توشپا ) بووە، واتە ( وان )ی ئەمرۆ، بەهێزترین سەردەمی ئەم دەوڵەتی ئورارتویە، لە سەدەکانی ٨ _ ٧ ی پێش زایندا بووە.


( ٢ ) عادلجەواز: شارۆکەیەکی کوردە لەسەر ڕۆخی باکوری گۆلی وان و لە باشووری ئەرزەڕۆمدا.

( ٣ ) گریفن: لە فەرهەنگی ئینگلیزیی " المورد الوسیط "دا (griffin ): واتە: ئاژەڵێکی ئەفسانەییە نیوەی باز و نیوەی شێرە. کەچی گریفۆن (griffin) واتە: سەگێکی گچکەی بە ڕەسەن بەلچیکییە. لە وتارەکەدا نووسرابوو (grifon) بۆیە ئەوەی یەکەمیانم دانا.

( ٤ ) تیۆگۆنیا: باس و لێکۆڵینەوە لە ڕەسەنی خوداوەندان.

( ٥ ) کیمێرا: ئافەریدەیەکی خەیاڵییە سەری لە شێوەی شێردایە و لەشی لە شێوەی مەڕدایە و کلکەکەشی لە شێوەی ماردایە. وەرگێڕ

( ٦ ) سفینکس: ئافەریدەیەکی خەیاڵییە، بە سەر شێرە و بە لەش مرۆڤە.



## شێوەکار
# خەسرەو محەمەد

هەوانامەی کتێب

ئا: رۆستەم ئاغالە

خەسرەو نەوەی سالانی هەشتاکانە و هاورێکانی کە لەو سەردەمەدا لە گرووپێک دەچوون. هەروەک لەو ساتەوە تا ئێستا هاورێکانی، کەسە چالاکەکانی بوارەکەن لە کوردستان و لە سلێمانی بەتایبەتی.

کاک خەسرەو پێناسەی خوێندکارە چالاک و بەتواناکانی یەکەم گرووپی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووە لە ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٨٥ کە ساڵی دەرچوونی دەکات. ئەوان لە سالانێکی پڕ لە کێشە و ناخۆشیی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیی ئەو کاتە ژیاون.

جیاکردنەوەی تابلۆکانی ئەو، لە کاری شێوەکارەکانی تر زۆر ئاسانە و ئەوەی یەک جار کاری ئەوی بینیبێ لە دووەم جاردا جیاوازی لە کاری بەراوردکراودا دەکات. هەرچەندە ئەو زیرەکانە سوودی لە شێوازی کاری مامۆستا و چەند هاورێیەکی وەرگرتووە وەک هەموومان.

ئەو تابلۆیانەی کە لە هەشتاکاندا نیگاری کێشاون... هەڵگری پێناسەی (هونەری بەرەنگاربوونەوەن) هونەرێکە هەڵگری کێشەیەکە، کێشەی نەتەوەیەکی بێ ماف و مالوێران کراوە.

واته بەهۆی ئەو کارانەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو دەتوانین بڵێین کاری هەشتاکانی تا ساڵانی ١٩٩٨ی، نموونەی کاری «هونەری بەرەنگاربوونەوەن». لە تۆماری هونەری هەرێمەکەماندا. وەک ئەو کارانەی دەبنە پێشەنگ بۆ کاری سەرکەوتووی خەسرەو محەمەد.

خەسرەو فیگەری سەیر و نەبیندراوی وەک هاوڕێیەکەی (کەمال محەمەد)ی نیگارکێشی، کێشاوە و زۆرجار زۆر بۆ سەرەوە بەرز بووەتەوە. بەکێشانی پۆرترێتی فیگەرەکان بەشێواندن و تێکشکاندنیان تا لەو سەرەوە کارێکی نوێ و پڕ لە ئەفراندن دروست بکات. بۆیە ئەو خوڵقێنەری شێوازێکی نوێ و کوردی بووە، لەو سەردەمەدا دەربڕین لە شێواز و تەکنیک و ئاراستەکردنی بەتوانایەکی ئەکادیمیی باش، هۆکار بووە بۆ سەرکەوتنی و ئەفراندنی تابلۆکانی.

هەرچەندە ئەو لە ساڵی ٢٠٠٠وە فیگەری فرێ داوە لەناو کارەکانیدا. بەڵام شوێنەوار و جلوبەرگ و قوماش بەتۆپەڵ و مشکیی سەر و کفنی دزراو و نەدزراو لە بۆشاییدا دەیهێنێ و دەیبات، کە هەست دەکەیت شەڕ دەکرێ و بایەکی بەهێز هەڵی کردووە... کارەسات ڕوو دەدات. هەروەها هەندێ لەو کارانەی ئەبستراکتی ڕووتن کە دەچنە خانەی (ئەبستراکتی ئاوازدارەوە) قوماش بەتۆپەڵ و تێک ئاڵۆسکاو بەگرووپی تۆنی یەک ڕەنگ بەسێبەر و ڕووناکییەکی بەتین، نیگاری کێشاوە. کە زۆر لە شێوەکاران هەڵدێن و خۆیان گێل دەکەن لە وردەکاری چرچ و لۆچی قوماشەکان، کەچی ئەو شۆڕ بووەتەوە ناو وردەکارییەکانی و تێیدا دەمێنێتەوە.

من ناتوانم بڵێم لەخۆوە کێشاویەتی ئەو کارانە... هەرچەندە «ئەگەر هونەرمەند هەندێ جار لەخۆوە شت نەکات، ناتوانێ داهێنان بخوڵقێنێ».


بۆیە داهێنان لەخۆوە دروست دەبێ. بەڵام پێشینەی شاراوەی بەبێ ئاگای ئێمە هەیە لە مێشک و دەروونماندا. بەڵام دووبارە کاک خەسرەو هەر کێشە و بابەتێکی مرۆیی و نەتەوەیی ڕووماڵ دەکات.

یەک لەو تابلۆ سەرکەوتووانەی ئەو هاوڕێیەم (شەڕی جنۆکانە) کە جووڵەی فیگەری مرۆڤەکان و جنۆکەکان تولە باڵای جنۆکەکان و سەرچۆپیی شاییی لۆغانیان لەگەڵ مرۆڤەکان بەستووە و ڕەنگی سەرانسەری تابلۆکە بە شین داپۆشراوە و هارمۆنی شینەکە کەشی ناو کارەکەی لە ترسدا نوقم کردووە. کە بەشێکە لە سەرکەوتنی ئەو کارە.

هەروەها زۆر لە گرتەی سینەمایی دەچێ لە گرتەی فیلمەکانی «ستیڤن سبیلبرخ» دەچێ کەشی ترس و بوونەوەری نەبیندراودا. ئەو کارە سووریالیزمە لە فیگەر و واقیعیشە لە ناوەڕۆکدا.

خەسرەو کەسایەتییەکی سادە و پڕ لە باس و هەواڵ و بزاوی تێدایە و کەسێکی چالاکە لە نیگارکێشاندا و پیاوێکی کاسبە لە بازاڕدا.

ئەو شێوەکارێکە کەمتر خۆی دەنوێنێت، بەڵام زۆریش پەرواوەی هونەر دەکات.



بەخشینی گیان – ڕەنگی زەیتی ٢٠٠٩ ٨٠×٥٠سم



٧٠×٥٠سم

شەڕی پەڕۆکان – ڕەنگی چەور– ٢٠٠٨



٧٠×٥٠سم سروشتی شوێنەوار – ڕەگی چەور – ٢٠٠٨




دڵۆپە خوێنە شینەکان – ڕەنگی چەور – ٢٠٠٠ ٨٠×٦٠سم



سەماو لەخۆچوون – ڕەنگی چەور– ٢٠٠٧ ٧٠×٥٠سم



٨٠×١٠٠سم    ڕۆیشتنی ڕۆحی شەهید – ڕەنگی چەور – ٢٠٠٨



رۆژی گەش – ڕەنگی چەور – ٢٠٠٨ ١٠٠×٧٠سم



شین بۆ مردن – ڕەنگی زەیت – ٢٠٠٩ ١٠٠×٧٠سم



شەڕی کرێکارەکان – ڕەنگی چەور – ٢٠٠٧ ٩٥×٨٠سم



خۆشەویستی یەك لایەن – ڕەنگی زەیتی – ٢٠٠٩ ٧٠×٥٠سم




ڕۆژانی توند و تیژی – ڕەنگی زەیتی – ٢٠١٠      ٧٠×٥٠سم



پەلاماردان – ڕەنگی زەیتی – ٢٠٠٧ ٧٠×٥٠سم



په‌لاماردان – ڕه‌نگی زه‌یتی – ٢٠٠٧ ٧٠×٥٠سم



ڕقی شاخ – ڕەنگی زەیتی – ١٩٨٩ ٧٠×٩٠سم

# گۆرانیی گۆرانییان

حەزرەتی سولەیمان

''گۆرانیی گۆرانیـان'' یەکێکە لە کتێبەکانی ئینجیل (پەیمانی کۆن). کتێبێکی پیرۆزی ئاینی جوو و مەسیحییە. کتێبەکە بە عیبری کۆن نووسراوە. من لە دوو تەرجەمەی جودای ئەم شیعرەوە بۆ سوێدی، تەرجەمەی کوردیم کردووە.

ئەم شیعرە باسی خۆشەویستیی نێوان بووک و زاوایەک دەکات، چەند ئاشقی یەکترین و چۆن گۆرانی بەسەر یەکتریدا دەڵێن. لای جووەکان بە خۆشەویستیی خوا بۆ ئیسرائیل تەفسیر دەکرێ و لای مەسیحییەکانیش بە خۆشەویستی نێوان حەزرەتی مەسیح و کڵێسا تەفسیر دەکرێ.

ئەم شیعرە، ئاسەواری بەسەر ئەدەبی ئەورووپاییـیەوە هەیە و زۆر نووسەر سرووشیان لێ وەرگرتووە. دەکرێ بە ''سروودی نەی''ی مەولانا جەلالودینی ڕۆمی بچوێنین. کە هەردووکیان شیعری خۆشەویستی و تاسەی بەیەکگەیشتنن.

**گۆرانیی گۆرانییان ١: ١ –١٧**

١گۆرانیی گۆرانییان، لەلایەن 'سولەیمان'ـەوە

٢{بووک} دەمەوێ لە دەمی ئەو ماچ بخۆمەوە!

– ئەوینی تۆ لە شەراب خۆشترە.

٣بۆنی شیلەکانت خۆشن،

ناوت وەک شیلەی ڕژاوە

............................................................

(*) وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

بۆیە کیژۆڵان خۆشیان دەوێی.
٤لەگەڵ خۆتم ببە، با پەلە بکەین،
شا بۆ ژووری خۆتم ببە.
پێت شاد و ئاسوودە دەبین
لە شەرابیش زێتر ستایشی ئەوینت دەکەین.
بەڕاستی خۆشیان دەوێی.

٥من ڕەش و جوانم،
ئەی کچانی ئورشەلیم،
ڕەش وەک ڕەشماڵی قیدار
وەک کەپرەکانی سولەیمان.
٦حەقتان بەوەدا نەبێ کە ڕەشم،
کە خۆر سووتاندوومیەتی.
کوڕەکانی دایکم سەرکۆنەیان کردم
دایان نام پاسەوانی ڕەزەکان بم.
پاسەوانیی ڕەزی خۆمم نەکرد.

٧ پێم بڵێ تۆ، کە ڕوحم خۆشیدەوێی،
لە کوێ مێگەلت دەلەوەڕێنیت و
نیوەڕۆیان لە کوێ پشوویان پێ دەدەی.
هەتا ون نەبم و
بە ڕەشپۆشی بچمە ناو مێگەلی هاوڕێکانت.
٨{زاوا} ئەی جوانی ناو ژنان،
ئەوە نازانی!
هەر شوونی مەڕەکان هەڵبگرە و
با کاژیلەکانت
لە هەواری شوانان بلەوەڕێن.

هەوالنامەی کتێب

٩ بە ئەسپێکی بەرگالیسکەی فیرعەونت دەچوێنم،
خۆشەویستم.
١٠ ڕوومەتە جوانەکانت بە بەردەپیرۆزە و
ملت بە مرواری دەڕازێنرێتەوە
١١گەردانەی لە زێڕی بە موورووی زیوت
بۆ دروست دەکەین.

١٢ {بووک} وەختێک شا لەسەر جێگەی خۆی دەڕازێ
'ناردین'م بۆنی خۆی دەپرژێنێ.
١٣ خۆشەویستەکەم وەک دەسکێک 'مور'ە
لەنێوان مەمکەکانمدا.
١٤ خۆشەویستەکەم دەسکێک گوڵە خەنەی
ناو ڕەزی "عین جدی"ە.

هەواڵنامەی کتێب

١٥ {زاوا} چەند جوانی خۆشەویستم،
چەند جوانی!
چاوەکانت کۆترن.
١٦ {بووک} خۆشەویستم چەند جوانی،
تۆ شیرینی!
هەواریشمان بژوێنە.
١٧ کۆڵەکەی خانوومان دارمازووە،
سەربانیشمان دارسرووە.

**گۆرانیی گۆرانییان ٢: ١ –١٧**

١من نێرگزی دەشتی شارۆن و
سۆسەنی ناو دۆڵانم.
٢ {زاوا} وەک سۆسەنی ناو دڕکانە
خۆشەویستی من لەناو کچان.

٣ {بووک} وەک دارسێوی ناو دارستانە
خۆشەویستی من لەناو کوڕان.
لەبەر سێبەری دابنیشم، چێژ دەبینم من
مێوەیشی شیرینە لە دەمی من.

٤ لەبن ئاڵای ئەوینیدا
بۆ خانەی بادەم دەبا.
٥بە دەنکە مێوژان وزەم پێ دەدا
بە سێوان هێزم دێنێتە بەر
من بە ئەشق نەخۆشم.

٦ باسکی چەپی لەبن سەرم بێ،
هیی ڕاستیشی لە باوەشم بنێ.
٧ کچەکانی ئورشەلیم،
بە ئاسک و کەڵەکێوییەکانی دەشت پەیمانتان دەدەمێ
ئەوین بێزار و بێدار نەکەم
هەتا خۆی نەیەوێ.
٨ گوێ بگرە، وا خۆشەویستەکەم دێت!
ئەوەتا،
بەسەر چیاکاندا هەڵدەگەڕێ،
بەسەر گردەکاندا هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ.
٩ خۆشەویستەکەم وەک ئاسکێکە،
وەک بزنەکێوییەکە.
وا لە بەر ماڵمان وەستاوە،
لە پەنجەرەوە چاو دەگێڕێ و
بەناو شیشەبەندەوە سەیر دەکات.

١٠ {زاوا} خۆشەویستەکەم وەڵامی دایەوە و پێی گوتم:

هەواڵنامەی کتێب

''وەرە، خۆشەویستم
کچی جوان وەرە دەرەوە!''
١١ زستان نەما
کاتی باران بەسەرچووە
١٢ گوڵزار زەوی داپۆشیوە
سەردەمی گۆرانییە
لە وڵاتمان دەنگی کۆترەباریکە دێت
١٣ بەری هەنجیران گەییوە
دارمێوەکان بۆنیان دێ.
هەستە وەرە خۆشەویستم
کچی ڕند وەرە دەرەوە!
١٤ ئەی کۆترەکەی ناو خەڕەندەکانی چیام
لەناو حەشارگەی سەر گاشەبەردان
لێم گەڕێ با شێوەت ببینم
لێم گەڕێ با گوێم لە دەنگی تۆ ببێ!
چونکە دەنگت خۆشە،
شێوەت جوانە.

١٥ {کۆرس} ڕێوییەکانمان بۆ بگرە،
ڕێوییە بچووکەکان،
ئەوانەی بەناو ڕەزان وەربوونە،
چونکە ڕەزەکانمان شکۆفەیان کردووە.

١٦ {بووک} خۆشەویستەکەم هیی منە و منیش هیی ئەو
ئەو کە لەناو سۆسەنان مێگەلی دەلەوەڕێنێ.
١٧ خۆشەویستم، هەتا ڕۆژ دەبێتەوە و
سێبەرەکان ڕادەکەن،
وەکو ئاسک، وەکو بزنەکێوییەکی بچووک

بەسەر ئەم چیا بۆندارانەدا، هەڵببەزە و داببەزە.

**گۆرانیی گۆرانییان ٣: ١ –١١**

١شەوان لەسەر جێگەمدا
بۆ ئەو کەسەی ڕۆحم خۆشی دەوێ دەگەڕێم.
دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.
٢دەمەوێ ڕاببم و لەناو شار
بە شەقام و گۆرەپانەکاندا بگەڕێم و
ئەو کەسە بدۆزمەوە کە ڕۆحم خۆشی دەوێ.
دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.
٣پاسەوانەکان، ئەوانەی لە شار دەسووڕێنەوە
دەمبیننەوە.
''ئەو کەسەتان بینیوە، کە ڕۆحی من خۆشی دەوێ؟''
٤هێشتا تەواو لێیان جوودا نەبووبوومەوە،
ئەو کەسەی ڕۆحم خۆشی دەوێ، دەدۆزمەوە
دەیگرم و بەری نادەم
هەتا نەیبەمە ماڵی دایکم و
ئەو ژوورەی ماڵی ئەو، منی تێدا زاند.

٥کچەکانی ئورشەلیم،
بە ئاسک و کەڵەکێوییەکانی دەشت پەیمانتان دەدەمێ
ئەوین بێزار و بێدار نەکەم
هەتا خۆی نەیەوێ.

٦{کۆرس} ئەو ژنە کێیە وا لە بیابانەوە،
وەک کۆڵەکەیەکی لە دووکەڵ،
بە بۆنوبەرامی "مور" و بخوور و
بە هەموو بۆنەکانی عەتارەوە دێ؟

هەزارنامەی کتێب

٧تەماشا بکەن ئەوە تەختی "سولەیمان"ە!
شەست قارەمان لە قارەمانەکانی ئیسرائیل،
بەدەوریيەوەن.
٨هەموویان شمشیردارن و
مەشقی شەڕیشیان کردووە،
هەر یەکەیان شمشێریان بە لانێکەوەیە،
دژی مەترسییەکانی شەو.
٩شا سولەیمان تەختەکەی
لە داری لبنان دروست کرد
١٠ ئەستوون لە زیو
پشت لە زێڕ
دۆشەک لە قوماشی وەنەوشەیی
ڕووی ناوەوەیشی، کچەکانی ئورشەلیم
بە ئەشقەوە ڕازاندوویانەتەوە.
١١کچەکانی زایۆن وەرنە دەرەوە و
تەماشای شا سولەیمان و
ئەو تاجە بکەن کە دایکی
لە ڕۆژی زەماوەندی ئەو،
لە ڕۆژی دڵخۆشیی ئەودا لە سەری دانا

هەوڵنامەی کتێب

**گۆرانیی گۆرانییان ٤: ١ –١٦**

١{زاوا} چەند جوانی، خۆشەویستم
چەند جوانی!
چاوەکانت کۆترن
لەبن ڕووبەندد ا.
قژت وەک پەزێک بزنە
کە بەسەر چیای "جلعاد"دا هەڵدەگەڕێ.

٢ددانەکانت وەک مێگەلێک مەڕی تازە بڕاوەن،
کە لەناو ئاو هاتوونەتە دەرەوە،
هەموویان جمکەیان زاندووە و
هیچیان بێ کاریلە نین.
٣وەک بەنی سوورە لێوەکانی تۆ،
دەمت جوانە.
وەک قاشێک هەنارە لاجانگی تۆ
لەبن چارشێودا.
٤وەک منارەی داودە ملی تۆ
بە چین چین بەردەوە،
هەزار قەلغانی پێدا هەڵواسراوە،
تیردانی هەموو قارەمانەکانیش.
٥وەک جووتێک ئاسکی بچووکن، مەمکەکانی تۆ
دوو جمکە ئاسکن
لەناو سۆسەندا دەلەوەڕێن.
٦هەتا ڕۆژ دەبێتەوە و
سێبەرەکان ڕادەکەن.
دەمەوێ بچمە چیای مور و
گردی بۆنخۆش.
٧هەموو شتێکت جوانە، خۆشەویستم
هیچ خەوشێکت نییە.

٨لە لبنانەوە لەگەڵم وەرە، ئەی بووک،
لە لبنانەوە وەرە!
لە لووتکەی 'ئەمانە'،
لە دوندی "شنیر و حەڕموون"،
لە لانەی شێران
لە چیای پڵنگان وەرە خوارەوە.



هەواڵنامەی کتێب

٩خوشکێ، بووکێ، تۆ دڵت بردووم،
بە یەک تاکە نیگای چاوەکانت دڵت بردووم،
بە یەک تاکە ئەڵقەی گەردانەت.
١٠ ئەوینت چەند جوانە
خوشکێ، بووکێ
ئەوینت لە بادە خۆشترە!
شیلەت لە هەموو بۆنێک خۆشترە!
١١ بووکێ، لێوەکانت وەک شەمێ،
هەنگوینیان لێ دەچۆڕێ.
هەنگوین و شیرت لەبن زمانە
بۆنی جلوبەرگت وەک بۆنی لبنانە

١٢ باخێکی بە پەرژینە خوشک و بووکی من،
باخچەیەکی بە پەرژینە، کانییەکی سەرداپۆشراوە.
١٣ پێستت باخی دارهەنارە،
بە مێوەی خۆش و
گوڵە خەنە و "ناردین"ەوە،
١٤ بە ناردین و زەعفەران، بە کالموس و دارچین و
هەموو جۆرە درەختێکی بۆندارەوە
بە مورِ و "ئەلوە" و
هەموو جۆرە بەهاراتێکی بۆنخۆشەوە.
١٥ تۆ کانیی باخیت،
بیرێکی ئاو سازگاریت،
جۆگەلەی لبنانیت.

١٦ {بووک} ئەی بای باکور رِابە! بای باشوور وەرە!
بەناو باخچەکەمدا هەڵبکەن

هەتا بۆنە خۆشەکانی بڵاو ببنەوە!
با خۆشەویستەکەم بێتە ناو باخی خۆی و
مێوە خۆشەکانی بخوا!

**گۆرانیی گۆرانییان ٥: ١ –١٦**

١{زاوا} هاتوومەتە ناو باخەکەم
خوشکێ، بووکێ
مورِ و بەهاراتی خۆم چنیوە
شەمێ و هەنگوینی خۆم خواردووە
شەراب و شیری خۆم خواردووەتەوە.

{کۆرس} بخۆن ئەی هاوڕێیان!
بخۆنەوە و خۆتان مەست بکەن ئەی خۆشەویستان!

هەزارنامەی کتێب

٢{بووک} نووستووم، بەڵام دڵم بێدارە.
دەنگێک دێت، خۆشەویستەکەمە لێ دەدا:
"لێم بکەرەوە خوشکێ، خۆشەویستم،
ئەی کۆترەکەم، ئەی هەموو شتێکم!
چونکە قژم بە ئاونگ شێدارە و
پرچە لوولەکانیشم بە دڵۆپەی شەو تەڕن."
٣ بنکراسەکەمم داکەندووە
دیسان لەبەری بکەمەوە؟
پێیەکانم شووشتوون
دیسان پیسیان بکەمەوە؟
٤ خۆشەویستەکەم دەستی لە دەرزی دەرگەوە دەردێنێ و
من هەناوم دەهەژێ.
٥ هەستامەوە، بۆ ئەوەی لە خۆشەویستەکەم بکەمەوە،
دەستم موریان لێ دەچۆڕا و

موری شلی پەنجەکانم دەڕژێنە سەر قوفڵەکەوە.
٦ لە خۆشەویستەکەم دەکەمەوە
بەڵام خۆشەویستەکەم رووی وەرگێرابوو و رۆیشتبوو.
ڕۆحم دەرچووبوو، وەختێک هاتە گۆ.
بۆی دەگەڕێم، نایدۆزمەوە،
بانگی دەکەم، وەڵام ناداتەوە.
٧ پاسەوانەکان، ئەوانەی لە شار دەگەڕێن،
دەمبیننەوە.
لێم دەدەن، زامدارم دەکەن.
پاسەوانەکانی شوورە لەچکم لەسەر لا دەبەن.
٨ کچەکانی ئورشەلیم سوێندتان دەدەم:
ئەگەر خۆشەویستەکەمتان دۆزییەوە،
پێی بڵێن
من نەخۆشی ئەوینم!

٩ {کۆرس} خۆشەویستەکەت چی لە خۆشەویستی تر جودایە
ئەی لە هەموو ژنان جوانتر؟
خۆشەویستەکەت چی لە خۆشەویستی تر جودایە،
هەتا وا سوێندمان بدەیت؟

١٠ {بووک} خۆشەویستەکەم سوور و سپییە.
لەناو دە هەزاران دیارە.
١١ سەری ئەو جوانترین زێڕە.
قژە لوولەکانی لە هێشووە خورما دەچن،
وەک قەلەڕەشکەن.
١٢ چاوەکانی وەک کۆترن
لە لێوار جۆگەلەی بە خوڕەدا
لەناو شیر خۆیان دەشۆن،

لە ڕۆخیدا هەڵدەنیشن.
١٣ ڕوومەتی وەک مێرگی بە گوڵزارە،
هەموو جۆرە ڕووەکێکی لێ دەڕوێ.
لێوەکانی سۆسەنن و
شیلەی موڕیان لێ دەچۆڕێ.
١٤ باسکەکانی گۆچانی زێڕن
بە بەردەتراویلکە نەخش کراون.
زگی قاشێک عاجە
بە مرواری داپۆشراوە.
١٥ ڕانەکانی کۆڵەکەی لە مەڕمەڕن
بە بناغەی زێڕەوە.
شێوەی وەک لبنانە،
وەک دارمازووەکانی ئەوێ خۆگرن.
١٦ شەویلکەی ئەو شیرینییە
هەموو شتێکی ئەو خۆشە.
وایە خۆشەویستی من
وایە خۆشەویستترین کەسی من،
ئەی کچانی ئورشەلیم

هەوالنامەی کتێب

**گۆرانیی گۆرانییان ٦: ١ –١٣**

١{کۆرس} خۆشەویستەکەت بۆ کوێ چووە،
ئەی جوانی ناو ژنان؟
بۆ کوێ سەری هەڵگرتووە؟
با لەگەڵ تۆ لێی بگەڕێین؟
٢{بووک} خۆشەویستەکەم چووەتە ناو باخەکەی،
ناو مێرگە بۆندارەکەی.
لەوێ مێگەلی خۆی دەلەوەڕێنێ و
سۆسەن دەچنێ.

٣من هیی خۆشەویستەکەمم و ئەویش هیی منە،
ئەو کە لەناو سۆسەندا مێگەلی دەلەوەڕێنێ.

٤{زاوا} خۆشەویستم، تۆ وەک "تیرسە" جوانی،
وەک ئورشەلیم خۆشی
وەک سوپای ئەستێرە ترسناکی.
٥نیگات لەسەرم لادە
سەرگەردانم دەکا.
قژت وەک مێگەلێک بزنە،
کە بە "جلعاد"دا هەڵدەگەڕێ.
٦ددانەکانت وەک مێگەلێک مەڕن
لەناو ئاو هاتوونەتە دەرەوە،
هەموویان جمکەیان زاندووە و
هیچیان بێ کاریلە نیین.
٧وەک قاشێک هەنارە لاجانگی تۆ
لەبن چارشێودا.
٨شەست شاژن و
هەشتا ژنی نهێنی و
بێژماریش کچی گەنج هەن.
٩بەڵام ئەو تاکانەیە، کۆترەکەم
بێ خەوشەکەم.
ئەو تاکانەی دایکییەتی،
تاکانەی ئەو کەسەیە زاندوویەتی.
کچەکان دەیبینن و بە خۆشییەوە ستایشی دەکەن،
شاژنەکان و ژنە نهێنییەکان ستایشی دەکەن.
١٠ "ئەو ژنە کێیە وەک گزنگ تیشک دەدا،
وەک مانگ جوانە
وەک خۆر پاکە

هەوڵنامەی کتێب

وەک سوپای ئەستێرە ترسناکی.

١١چوومە ناو باخی دارگوێز

هەتا ببینم لە بژوێندایە دۆڵ

هەتا بزانم: ئایا دارمێوەکان چرۆیان دەرکردووە و

دارهەنارەکان گوڵیان کردووە؟

١٢ بەر لەوەی هەست بە ئەمە بکەم،

ڕۆحم گەیاندمیە ناو گالیسکەی میللەتی بەڕەوشتم.

١٣ {کۆرس} وا وەرەوە دەی وا وەرەوە،

کچە 'شولیس'ی وا وەرە، بگەڕێوە با بتبینین!

{بووک} بۆ دەتانەوێ، کچە شولیسی ببینن،

کە لەوێ لەناو ئەڵقەدا سەما دەکات؟

هەوالنامەی کتێب

**گۆرانیی گۆرانییان ٧: ١ –١٣**

١{زاوا} پێیەکانت لەناو سۆلدا چەند جوانن،

ئەی ڕەسەنزادە!

خڕیی سێبەندەکانت وەک خشڵێکە

دەستی هونەرمەند نەخشاندوویەتی.

٢ناوکت جامێکی خڕە

با قەت خاڵی نەبێ لە شەراب!

زگت خەرمانە گەنمێکی بڵندە

سۆسەن دەوریان تەنیوە.

٣مەمکەکانت وەک دوو بێچووە کەڵەکێوین،

وەک دوو جمکە ئاسکن.

٤ملت منارەیەکە لە عاج.

چاوەکانت وەک ئاوبەندەکانی "حەشبوون"ن

لە دەروازەی "بەت ڕەبیم"دا .

لووتت وەک منارەی لبنانە

ڕووی لە دیمەشق کردووە.
٥سەرت وەک "کەرمل" بڵند هەڵچووە.
پرچی سەرت وەنەوشەییە
شا لەناو گروازەکانیدا بەندە.
٦چەند جوانی، چەند ڕندی
ئەی خۆشەویستم و بەختیارییم.
٧بالآت لە هیی دارخورما و
مەمکەکانت لە هێشوو دەچن.
٨دەڵێم: "بەسەر ئەم دارخورمایەدا هەڵدەگەڕێم و
چڵەپۆپەی دەگرم".
با مەمکەکانت وەک هێشوەترێ،
بۆنی هەناسەت وەک بۆنی سێو بێ.
٩دەمت وەک خۆشترین شەراب.
لەسەرخۆ لە خۆشەویستەکەمەوە
بچۆڕێتە سەر دەمی من و
ددان و لێوەکانم تەڕ بکەن.

هەوالنامەی کتێب

١٠{بووک} من هیی خۆشەویستەکەمم،
هەوەسی ئەویش بۆ منە.

١١وەرە خۆشەویستم،
وەرە با بچینە ئەم دەشتودەرە و
لەناو بنچکە خەنان بنووین.
١٢ بەیانیان زوو لە خەو ڕابین و بچینە ناو ڕەزان،
بزانین: دارمێوەکان چرۆیان دەرکردووە؟
گوڵەکان شکۆفەیان کردووە؟
دارهەنارەکان گوڵیان کردووە؟
لەوێ، ئەوینی خۆمت دەدەمێ.

١٣ سێوەکانی ئەوین بۆنیان دێت،
لە بەردەرگەماندا مێوەی خۆش،
هیی کۆن و تازە دانراون.
خۆشەویستم، بۆ تۆم هەڵگرتوون.

**گۆرانیی گۆرانییان ٨: ١ –١٤**

١خۆ ئەگەر برامیش بوایت،
کە بە مەمکی دایکم گۆش دەکرایت!
ئەگەر لە دەرەوە بمبینیبوایت،
ماچم دەکردیت و کەس بێڕێزیی پێ نەدەکردم.
٢ئەوسا دەمبردیتە ماڵی دایکم
ماڵی ئەو کە منی پەروەردە کردووە.
لەوێ بادەی بە تامم و
شەربەتی دارهەنارەکانم دەدایتێ.

٣باسکی چەپی لەبن سەرم بێ،
هی ڕاستیشی لە باوەشم بنێ.
٤پەیمانتان دەدەمێ، کچەکانی ئورشەلیم
ئەوین بێزار و بێدار نەکەم
هەتا خۆی نەیەوێ.

٥{کۆرس} ئەوە ژنە کێیە وا لە بیابانەوە دێت و
خۆی بەسەر خۆشەویستەکەیدا لار کردووەتەوە؟

{بووک} لەبن دارسێودا بێدارم کردیتەوە،
لەوێ دایکت زگی بە تۆ گرت،
لەوێ ئەو کە تۆی زاند، زگی گرت.

٦وەک مۆرێک لە سەر دڵتدا، هەڵم بگرە،

هەوڵنامەی کتێب

وەک مۆرێک لەسەر باسکتدا .
چونکە ئەوین وەک مەرگ بەهێزە.
تاسە وەک گۆڕ سەختە،
کڵپەکانی، گڕی ئاگرن،
بەگرمەگرمن.
٧ئاوی زۆر ناتوانێت ئەوین خامۆش بکا ،
ڕووبار ناتوانێ رای بماڵێ.
ئەگەر کەسێک بەهای خانووەکەی بۆ خۆشەویستی دابنێت،
کێ سووکایەتی پێ دەکات؟

٨{کۆرس} خوشکێکی بچووکمان هەیە،
هێشتا مەمکی نەهاتووە.
چی لە خوشکمان بکەین
ئەو ڕۆژەی خوازبێنی دێت؟
٩ئەگەر شوورە بێت
بورجی زیوی لەسەر دروست دەکەین،
بەڵام ئەگەر دەرگە بێت
بە تەختەیەکی دارمازوو دەیگرین.
١٠ {بووک} من شوورەم،
مەمکەکانم وەک بورجن.
بەڵام لە بەرچاوی ئەودا
ئاشتیخوازم.

١١{زاوا} سولەیمان لە بەعل هاموون
ڕەزێکی هەبوو.
ڕەزەکەی بۆ پاسەوانەکان بەجێ هێشت.
هەر یەکێکیان هەزار دراوی زیویان
بە مێوەکان دەست دەکەوت.
١٢ من ڕەزی خۆمم لە بەردەستە.
سولەیمان، هەزارەکەی خۆت بهێڵەوە و

هەوڵنامەی کتێب

دووسەدیان بدە پاسەوانی میوەکان.

١٣ تۆ کە لەناو ڕەزیت،
هاوڕێکان گوێیان لە دەنگتە،
با گوێم لێت بێت بڵێی:
١٤"خۆشەویستم پەلە بکە،
وەک ئاسکێک، یان کەڵەکیوییەکی بچووک
بۆ ناو ئەو چیا بۆندارانە".

پەراوێز

١:٥ قیدار: ناوێکی سامییە. کوڕی حەزرەتی ئیسماعیل بوو. سەرۆکهۆزێک بوو بەم ناوەوە. کە هۆزێکی زۆر ناوداری عەرەب بوون و لەبن ڕەشماڵی ڕەشدا دەژیان.

١:١٢ ناردین: گیایەکی بۆنخۆشە و لە بەرزاییی چیا دەڕوێ. بە لاتینی و زۆر زمانی تر پێی دەڵێن نەردووس.

١:١٣ مور: ناوی درەختێکی شیلە بۆنخۆشە. بە لاتینی و گریکی و عەرەبیش وای پێ دەڵێن. murr(h)a, وەک دارەبەن و داربنێشت شیلەی هەیە و لە شیلەکەدا، بۆنوبەرام دەروست دەکرێت.

١:١٤ عین جدی: واحەیەکە لە کەنار دەریای مردوو.

٤:١ جلعاد: چیایەکە لە ڕۆژئاوای ئوردن. ناوێکی عیبرییە، بە مانای ڕەق و زبر دێت.

٤:٨ ئەممانە: ناوە عیبرییەکەی "چیای لوبنان"ە. ناوی لبنانیش لە زمانە سامییەکاندا، بە مانای "سپی، یان شێوەی ماست" دێت، چونکە دوندی بە بەفر داپۆشراوە.

شنیر و حەڕموون: ناوی دوو دوندی چیان.

٤:١٤ کالموس: ناوە لاتینییەکەی جۆرە قامیشێکی خۆنخۆشە. Acorus calamus

ئەلوە: ڕووەکێکە شیلەی تێدایە و دەرمان و بۆنی لێ دروست دەکرێت. Aloe vera ناوە لاتینییەکەیەتی.

٦:٤ تیرسە: شارێکە کەنعانییەکان دروستیان کردووە، دوای مردنی سولەیمان پێتەختی ئیسرائیل بوو. دەگوترێ شارێکی زۆر جوانە.

٦:٨ ژنی نهێنی: لە ناموسی یەهوودیدا، (شەریعەتی یەهوودی) ژنی شەرعین، بەڵام پلە و پایەیان وەک هیی ژنی گەورەی ماڵ نییە. ناموس وشەیەکی گریکییە و هاومانای شەریعەیە. لە ئەدەبیاتی یەهوودیدا، دەگوترێ ناموسی مووسا، واتە شەریعەتی مووسا.

٦:١٣ شولیس: ناوێکە لە "شونم"ەوە هاتووە، Shunem کە شارێکی کەنعانییەکان بوو.

٧:٤ حەشبوون: شارێکی سەردەمی ئەنتیک بوو.

٧:٥ کەرمل: زنجیرە چیایەکە.

٨:١١ بعل هامون: شوێنێکە تێیدا حەزرەتی سولەیمان ڕەزێکی گەورەی هەبوو.

# فەلسەفەی جیاوازیی میراتی ژن و مێرد لە ئاین و نەتەوەکاندا

عەسکەری ئیسلام پوور

یەکەم جار پێش دەستپێکردنی بابەتەکە ئاماژە بەمانای وشەی میرات دەکەین. میرات یانی ئەو شتەی کە لە کەسەکان بەجێ دەمێنێ و میراتگر ئەو کەسەیە کە میراتی بۆ بەجێ دەمێنێ.

لەو کاتەوەی مرۆڤ لە مانای موڵکداری تێگەیشت و ژیانی بەکۆمەڵ دەستی پێ کرد، هەرکەس کە کۆچی دوایی دەکرد موڵک وماڵەکەی لەلایەن کەسانی ترەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. پێش هاتنی ئاینی ئیسلام لەناو هەموو گەل و نەتەوەکانی دنیادا بەپێی دەسەڵات بوو و هەرکەس دەسەڵات و توانای زیاتر بووایە، موڵکی کەسەکانی بۆ خۆی دەبرد و ژن و منداڵیانی بێ بەش دەکرد.

لێرەدا بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بابەتەکە بەشێوەیەکی گشتی چاو دەخشێنین بەمێژووی میراتی ژن لەناو هەموو گەل و نەتەوە جیاوازەکان پێش هاتنی ئیسلام:

### ١- میراتی ژن لە سەردەمی رۆمدا:

رۆمییەکان لەگەڵ ئەوەی شارستانیەتیی روناکیان بووە، بەڵام ژنیان بەموڵک و ماڵی پیاو دەزانی و ژنانیان بەگیاندارێکی لاواز و ناتەواو دەزانی. ئەوان بۆ بنەماڵە سەربەخۆییەکی کۆمەڵایەتی تایبەت قایل بوون، سەربەخۆییەک کە کاریگەریی حکوومەت لەسەر مافی ئەندامانی ئەو بنەماڵە لە بەرامبەر یەکتردا بپارێزێ. لە راستیدا هەر بنەماڵەیەک لە بواری یاسای تاوان و سیاسی سەربەخۆ بوو و هەر بۆیە ئەندامانی بنەماڵە گوێڕایەڵی گەورەی بنەماڵە بوون و هەموو کەسەکان وەک منداڵ، ژن و کەنیزەکان لەژێر فەرمانڕەوایی گەورەی ماڵدا بوون و تا کاتێک


(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد رەحیم

گەورەی مـاڵ بوو، ئەوان خـاوەنی هیچ نەبـوون. کـاتێک یەکـێک لە کچ یـا کـوڕەکـانی ئەو بنەمـاڵەیە موڵکێکی بەپرسی گەورەی مـاڵ بۆ خۆی هـەڵگرتایە و بەهۆی هـەر شـتێکەوە کۆچی دوایی بکردایە، ئەوا گەورە و سـەرپەرشتیاری ماڵ، ئەو توانایەی هـەبوو کە هـەموو میرات و موڵکی ئەوان بۆ خۆی هـەڵبگرێ.

بەپێی دوازدە یاسـای نووسـراو لەلایەن ژوسـتی نینانووس، ئیـمـپـراتۆری رۆم، کـە یەکـێک لە کۆنترین بـەڵگە مێـژووییـیەکانی مـافـیی رۆمـە، کچـان و ژنان بەتەواوی لە مـیرات بێبـەش بوون و مـیرات تەنیـا بە کـوڕەکان دەدرا . هـیچ کـەس مـافی ئەوەی نەبوو کـە تەنانەت کچی خـۆی کـە مێردی نەکردووە بکاتە میراتگری خۆی. ئەگـەر باوکێک چەند کچێکی هـەبووایە ناچار بوو بۆ یەکێک لەوان مێردێک هەڵبژێرێ، بۆ ئەوەی زاواکەی بکاتە میراتگری خۆی.

لە رۆمی کـۆندا ژن لە میـرات بێبـەش بوو و دەبووایە لەژێر فـەرمـانی باوک، هـاوسـەر، برا ، کـوڕ یا یەکێک لە خزمانی پیاو سەر بەهاوسەرەکەی بمایەتەوە.

بەپێی ئەو شتانەی لە سەرەوە باس کران ئاشکرایە کە لە شـارستانیەتی رۆمدا بەهیچ شێوەیەک میراتییان بەکچ، هـاوسەر، دایک و خوشک نەدەدا ، چونکە بەم جۆرە موڵک و دارایی لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر دەگوازرایەوە و بەو جۆرەی کە باسمان کرد رێزێکی تایبەتیان لە سەربەخۆیی بنەماڵە دەگرت، نەیاندەتوانی ئەو شتە قبووڵ بکەن.



**٢- میراتی ژن لە شارستانیەتی یۆناندا:**

یۆنانییەکان شارستانیەتێکی گەشاوەیان بوو. ئەفلاتوون و ئەرەستۆ وەک کەسانی دیاری ئەو شارستانییەتە کۆنە پێیان وابوو کە ژن تەنیا بۆ خزمەتکردن بەپیاو و بەردەوامبوونی نەوە دروست بووە و کەسایەتیەکی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هەیە.

لە شارستانیەتی یۆناندا، میراتی بنەماڵە بەمنداڵانی کوڕ دەدرا و ژنان و کچان بەتەواوی لە میرات بێبەش دەکران. هەڵبەت پاش ماوەیەکی زۆر، ڕێگەیەکی تایبەت بۆ پێدانی میرات بەکچان و ئافرەتان دیاری کرا بۆ نموونە بۆ ئەوەی کچ بتوانێ میراتی بەر بکەوێ بنەماڵەکە کوڕێکیان بەکوڕی خۆیان هەڵدەبژارد دواتر کچەکەی خۆیان دەدایە و بەم جۆرە ژن و مێرد لە میراتەکەدا دەبوونە هاوبەش و بەم جۆرە کچە لە ماڵە باوانی میراتی بۆ بەجێ دەما یان ئەوەی لە ڕێگەی وەسیەتکردنەوە میراتێک بۆ ژن و کچ بەجێ دەما.

**٣- میراتی ژن لە هیندستان، میسر، چین و ژاپۆن:**

پێش هاتنی ئیسلام بێبەشکردنی ژنان لە میرات تەنیا لە ڕۆم و یۆناندا نەبوو، بگرە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەو کات وەک هیندستان، چین، ژاپۆن و هەروەها میسر کە شارستانیەتێکی کۆنە دەبینرا. لە میسردا میرات بۆ برای گەورەی بنەماڵە بەجێ دەما و برایان و خوشکانی تری دەبووایە ژیانێکی هاوبەشیان لەژێر سەرۆکایەتیی برا گەورەدا دەست پێ بکردایە و بەم جۆرەش ژنان لە میرات بێبەش بوون.

لە شارستانیەتی هیندستان بەپێی یاسای "مانۆ" ژنان لە میرات بێبەش بوون. بەپێی ئەم یاسایانە پاش مردنی باوک، دارایی و موڵکی بەمیرات بەکوڕەکانی دەدرا و هەر کاتێک کەسەکە کوڕی نەبووایە و منداڵەکانی کچ بووایەن، دەبووایە یەکێک لە کچەکانی منداڵی کوڕی بووایە و بەم جۆرە منداڵە کوڕەکە دەبووە میراتگری بنەماڵەی دایکی.

لەناو چەند هۆزێکی هیندستانی، ژن پاش هاوسەرەکەی دەدرا بەکەسێکی تر یان ئەوەی بەپێی ڕێوڕەسمی "ساتی" ژنەکە لەگەڵ تەرمی هاوسەرەکەیەوە دەخرایە ناو ئاگر یان دەیانخنکاند و لەگەڵ تەرمی هاوسەرەکەی لە گۆڕیان دەنا و ئەمەیان بەوەفاداری و ڕێزێک لەلایەن ژنی هیندی بۆ هاوسەرەکەی ناو دەبرد. لە ژمارەیەکی تر لە هۆزە هیندستانییەکان ئافرەت وەک ئاژەڵ بوو و لەناو میراتگرەکان دابەش دەکران.

لە چین و ژاپۆن بەتایبەت لە سەردەمی کۆنفۆسیوس، باوک خاوەنی ژن و منداڵان بوو و بگرە مافی کوشتنی ئەوانیشی هەبوو. زۆرجار ژن ناچار بوو بۆ پێشاندانی خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەی خۆی بکوژێ. دایکان بەردەوام ئاواتخوازی بوونی منداڵی کوڕ بوون. ژنان و کچان



لە میرات بێبەش بوون و ئەگەر هەموو منداڵانی پیاوێک کچ بووایە، ئەوا کەسەکە ناچار بوو کەسێک بەکوڕی خۆی قبووڵ بکا و هەموو میراتەکەی پێ دەدا.

**٤- میراتی ژن لە ئەورووپا:**

بەپێی یاسای ئەورووپا لەسەر بنەمای هاوخوێنی (consanyvinite) هەرکەس بەپێی خوێن لە کەسەکە نێزیکتر بێ، میراتەکە تەنیا بۆ ئەو دەبێ.

ئەم بۆچوونە لە زۆربەی وڵاتاندا تا سەدەکانی ئەم دواییە بەردەوام بوو بەجۆرێک کە لە یاسای فرەنسادا هیچ مافێک بۆ ژن دەستەبەر نەدەکرا. یاسای شارستانی ناپلیۆن ژنی خستە ناو ریزی میراتگرەکانەوە، هەڵبەت تەنیا لە کاتێکدا کە تا دوازدە پشت نەیانتوانیایە میرات وەربگرن، میراتەکە بەر ژن دەکەوت. هەر بۆیە زۆر کەم بوون ئەو ژنانەی کە لە موڵک و داراییی هاوسەرەکانیان شتێکیان بەرکەوتایە. دوا جار لەم یاسایەدا لە ساڵی مانگی مارسی ١٨٩١دا میراتێکی دیاریکراو بۆ ژن پێشبینی کرا بۆ ئەوەی لە میراتی هاوسەرەکەی بێبەش نەبێ.

لە بەریتانیاش هەموو ماڵ و داراییی باوک بەکوڕی گەورە دەگەیشت و ئەگەر باوک منداڵی گەورەی کوڕی نەبووایە، میراتەکە بەمنداڵانی کوڕ دەدرا.

**٥- میراتی ژن لە سەردەمی جەهالەتدا:**

دۆخی ژن لە سەردەمی جاهلییەت لەناو عەرەبەکاندا لە هەر سەردەمێکی تر دڵتەزێنتر بوو. ژن لەناو ئەواندا وەک کاڵا و شتومەک کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا و لە هەر جۆرە مافێکی

کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، بگرە لە میراتیش بەتەواوی بێبەش دەکران.

میراتی کەسەکە تەنیا بە بەهێزترین کوڕەکانی ئەو ماڵە دەدرا، کە توانای سوارکاری لەسەر ئەسپی شەڕی و بەرگری لە بنەماڵەیان بووایە و بەم جۆرە کوڕە بچووکەکانیش لە میرات بێبەش دەبوون.

عەرەبەکانی سەردەمی جاهلییەت ژنانیان لە میرات بێبەش دەکرد و ئەوانیان بەموڵک و دارایی خۆیان دەزانی و وەک بەشە ماڵ داگیریان دەکرد.

بۆ نموونە لەو کاتەدا ئەگەر پیاوێک لە هاوسەرێکی تری کوڕێکی تری هەبووایە، لە کاتی مردندا کوڕەکە جلەکەی خۆی دەخستە سەر ماڵ یا روخساری ژنی باوکی و بەم جۆرە دەیتوانی بیکا بە خێزانی خۆی یاخۆ تا کۆتاییی ژیانی ژنەکە لەژێر ڕکێفی ئەو دەبوو.

وەک دەوترێ بێبەشکردنی ژنان لەناو عەرەبدا چەند هۆکارێکی بوو: هۆکاری سەرەکی رێگەگرتن لە گواستنەوەی دارایی و سامان لە بنەماڵەیەک بۆ بنەماڵەیەکی تر بوو، چونکە ئەوان رۆڵی ئافرەتیان لە دروستکردنی منداڵ بەلاواز دەزانی. ئەوان پێیان وابوو منداڵی کوڕەکانیان ئەندامی بنەماڵەی ئەوانە، بەڵام منداڵی کچەکانیان ئەندامی بنەماڵەی باوکی زاواکەیانە. لەمبارەوە شێعرێکی سەردەمی جاهلییەت هەیە کە دەڵێ:

منداڵانی کوڕەکانمان منداڵی ئێمەن، بەڵام منداڵانی کچەکانمان منداڵی پیاوی بێگانەن. هەر بۆیە لەسەر ئەو بیرۆکەیە میراتیان بەکچ نەدەدا چ بگا بە منداڵانی کچەکانیان. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بێبەشکردنی ژنان لە میرات لەناو عەرەبەکاندا، بۆ لاوازی لە شەڕدا دەگەڕایەوە و بەپێی شیعری عەرەبدا کەسێک کە ناتوانێ شمشێر بەدەست بگرێ و بەرگری لە هۆز بکا، نابێ میراتی بەرکەوێ.

### ٦- میراتی ژن لە ئێران:

لە شارستانییەتی ئکۆنی ئێرانییەکاندا، ژن بەشێک بوو لە موڵک و دارایی خاوەنەکەی بوو. لەناو ئارییایەکاندا بێبەشکردنی کچ لە میرات بووبووە نەریت، بەڵام کاتێ باوک کۆچی دوایی بکردایە و هێشتا کچەکەی مێردی نەکردبووایە ئەوە کچەکە دەیتوانی تەنیا نیوەی کوڕی ئەو بنەماڵەیە میراتی بەرکەوێ. زۆرجار دەبینرا لەناو ژناندا ئەو ژنەی کە لەلایەن هاوسەرەکەی زیاتر خۆشەویست بوو وەک کوڕێکی مێردەکەی هەموو میراتەکەی پێ دەگەیشت و ژنەکانی تر بێبەش دەبوون.

هەروەها لە شارستانییەتی کۆنی ئێراندا بۆ ئەوەی ئەو کچانەی کە مێردیان کردووە دارایی و موڵکی باوک بۆ دەرەوەی بنەماڵە نەگوازنەوە لە میرات بێبەش دەبوون، بەڵام بەو کچانەی کە مێردیان نەکردبوو نیوەی کوڕەکانیان بەردەکەوت.

## میراتی ژن لە ئاینە ئاسمانییەکاندا

ئاینی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام لە ئاینە بەناوبانگەکانی خوان و بەبڕوای شیعەکان کە ئاینی زەردەشت خاوەنی یەکێک لە کتێبە ئاسمانییەکانە، بۆیە لە ئاینەکانی خوایە. لێرەدا تیشک دەخەینە سەر سێ ئاینی جوولەکە، مەسیحی و زەردەشتی.

### ١- میراتی ژن لە ئاینی جوولەکە:

بەپێی ئاینی جوولەکە ژن لە میرات بێبەش دەکرا. بەپێی کتێبی تەورات تا منداڵی کوڕ، کچ میراتی بەر ناکەوێ و ئەگەر خاوەن سامان بێ کوڕ بێ ئەوجا، میراتەکەی بەکچەکانی دەگا.

بەشێوەیەکی گشتی بێبەشکردنی ژن لە میرات لە ئاینی جوولەکە بریتییە لە:

أ) هەر کات کەسێک کۆچی دوایی بکا و باوک و دایکی زیندووبن، تەنیا باوک خۆی لە پلەی دووەمدا دێ بۆ وەرگرتنی میراتی کوڕەکەی، بەڵام دایکی کوڕەکە بەهەموو شێوەیەک لە وەرگرتنی میراتی کوڕەکەی بێبەش دەبێ.

ب) ئەگەر کەسی خاوەن دارایی و موڵک کۆچی دوایی بکا و منداڵ یان کوڕەزای کوڕی هەبێ، کچەکانی لە میرات بێبەش دەبن، بەڵام ئەو کچانەی کە لە کاتی بوونی باوکیان مێردیان نەکردووە، تا ئەو کاتەی مێرد دەکەن براکانیان دەبێ هەموو پێداویستی و خەرجی پەروەردەیان لە ئەستۆ بگرن و ئەو کاتەی بەمێردیان دەدەن دەبێ شتیان بۆ بکڕن بۆ ئەوەی بیبەن بۆ ماڵی



مێـردیان. نابێ نرخـی ئەو شـتـانەی بۆ هـەر یەک لە کـچـەکـان دەکرێدرێ لە یەک لە دەی بـەشـە میـراتی کوڕەکان کـەمـتـر بێ و هـەروەها باوکـەکـان دەتوانن بەپێی وەسـیـەتکردن بڕی مـیـراتی کچەکانیان بەنیوەی میراتی کوڕەکانیان دابنێن.

ج) هـەرچەند ژن لە پلەی یەکـەمـە بۆ وەرگرتنی مـیـراتی هـاوسـەرەکـەی، بەڵام ئەمـە لە کاتێکدایە کە هـاوسـەرەکـەی منداڵی نەبێ، بەڵام ئـەگـەر مـنداڵی هـەبێ، ژنەکـە تەنیـا مـافی ئەوەی هـەیە ببێـتـە خـاوەنی ئەو مـارەی و شـتـانەی کە هێناویەتیـیـە مـاڵی هاوسـەرەکەی کـە لە راسـتـیـدا هـیـی خـۆیەتی. بەڵام ئـەگـەر مـنداڵی نەبێ ئـەوا جگە لە مـارەیی و ئەو شـتـانەی هێناویەتیـیـە مـاڵی هـاوسـەرەکەی دەبێتە خاوەنی چواریەکی موڵک و دارایی هـاوسـەرەکەی.

**٢- میراتی ژن لە ئاینی مەسیحی:**

لە ئاینـی حـەزرەتی مـەسـیـحـدا حـەوت یاسـای تەورات جـێی بڕوا و مـتـمـانەیە، چونکە بەپێی گوتەکانی کتێبی ئینجیل، مەسیح وتوویەتی "من نەهاتووم تا شتێک لە یاساکانی تەورات بگۆڕم، بۆیە لە کتێبی ئەواندا شتێک لەبارەی میرات نابینین.

**٣- میراتی ژن لە ئاینی زەردەشت:**

ئەو هۆکارانەی کە لە ئاینی زەردەشت دەبنە هۆی بێبەشکردنی ژن لە میرات بریتین لە:

أ) بەپێی یاسای فـەرمی کاروباری شارسـتانیی زەردەشتییەکان، کاتێک ژن و مێرد لە ڕووداوێکدا پێکەوە بمـــرن یان ئـەگەر تەنـــیـا یەکێک لەوان کۆچی دوایی بکا، دابەشکردنی مـیـرات لە نێوان ئەواندا بەپـــێی رەگـــەزیان دەگۆڕێ و هـەر کوڕێک دوو ئەوەندەی کچێک مـیـراتی لە باوک بەر دەکـــەوێ، بەڵام ئەو میــــراتەی کە لە دایک بۆ منداڵەکانی بەجێ دەمێنێ بەشی کوڕ و کچ یەکـسـانە. لێـرەدا دەبینـین کـە ژن بەجـــۆرێک لە وەرگـــرتنی مـیـراتی بـاوک لە چاو براکـەی تەنیـا نیـوەی ئەوی پێ دەبرێ و لە مـیـراتی دایکیـشـی وەک بـــراکـەی مـیـراتی بەر دەکەوێ.

ب) ئەگەر موڵک و دارایی پیاوێکی کۆچکردوو لەناو خوشک و براکاندا دابەش بکرێ، دەبێ بەشی هـەر برایـەک دوو ئەوەندەی خـوشکەکـەی بێ، بەڵام ئەگـەر کـەسـە کـۆچکردووەکـە ئافـرەت بێ میراتی خوشک و برا دەبێ یەکسان دابەشە بکرێ.

ج) ئەگەر مـیرات بە پوور و مـامێک بگات، ئەگەر کـەسی کۆچکردوو پیـاو بێ مامـەکە دوو ئەوەندەی پوورەکـە مـیـراتی پێ دەگات، بەڵام ئـەگەر کۆچکردووەکـە ژن بێ ئەوا مـیـراتی مـام و پوورەکـە پێکەوە یەکسان دەبن.

د) ئەگەر کەسە کۆچکردووەکە پیاو بێ میراتەکە بۆ خاڵ و پوور مابێتەوە، خاڵەکە دوو ئەوەندەی پوورەکە میراتی بەر دەکەوێ و ئەگەر کۆچکردووەکە ژن بێ ئەوە میراتی خاڵ و پوورەکە یەکسان دەبێ.

هـ) ئەگەر موڵک و دارایی کەسە کۆچکردووەکە لە نێوان خاڵ و مام دابەش بکرێ، بنەماڵەی باوک قسەی یەکەم دەکەن و میراتەکە بەمام دەگات.

و) ئەگەر باپیر و داپیر ببنە میراتگر و دارایی و موڵکەی پیاوی کۆچکردوو بەسەریان دابەش بکرێ، باپیرەکە دوو ئەوەندەی داپیر میراتی بەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر هەردوو میراتگری ئافرەتێک بن بڕی میراتەکەی یەکسان دەبێ.

بەم جۆرە بۆمان ئاشکرا دەبێ کە لە ئاینی زەردەشتدا ئەگەر کەسە کۆچکردووەکە پیاو بێ ئەوا پیاو دوو هێندەی ژن میراتی بەر دەکەوێ، بەڵام بەناوی دایک و باوک بەشێوەی یەکسان میراتیان پێ دەگات.

هەروەها ئەگەر تەنیا ژن و مێرد میراتگربن ئەوا بەشێوەی یەکسان میراتیان بەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر پیاوێک کۆچی دوایی بکا و منداڵی لە دوا بەجێ بمێنێ، میراتی هاوسەرەکەی یەک لەسەر شەش دەبێ. بەڵام ئەگەر کەسە کۆچکردووەکە ئافرەت بێ و منداڵیشی هەبێ، بەشی هاوسەرەکەی لەگەڵ بەشی کچ و کوڕەکەی یەکسان دەبێ.

بەپێی یاسای شارستانی زەردەشتی لە کاتی ساسانییەکان: هەر کاتێک کچێک پاش مردنی باوکی بێتە دنیاوە، خەرجی زەماوندەکەی لە دارایی و موڵکی باوکی دەبێ بدرێ. بەم جۆرە ئاشکرا دەبێ کە پێدانی میرات لە ئاینی زەردەشتدا پێوەندی بەڕەگەزەوە هەیە.

## میراتی ژن لە ئاینی ئیسلامدا

بەهاتنی ئاینی ئیسلام، دۆخی ژن پێی خستە ناو قۆناخێکی نوێوە و بەم جۆرە لە هەموو مافە تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بەشدار بوو.

ئیسلام بوونی ئافرەتی بەشێوەی کۆیلە قەدەخە کرد.

میراتگری ژن بەپێی ئاینی ئیسلام لە دنیای ئەو کاتدا قبووڵ نەدەکرا و بۆ نەتەوە و گەلەکانی ئەو کات شتێکی نوێ بوو. لەو سەردەمەدا کەسێک بەناوی ئەوەس بینی سابت کۆچی دوایی کرد و پاش ئەو ژنێک و چەند کچ و کوڕی بچووک بەجێ مان.

پاش مردنی ناوبراو کوڕە مامەکانی هەموو میراتی ئەو پیاوەیان بۆ خۆیان برد و هیچیان بەژن و منداڵەکانی نەدا. ئەوان لەلای پێغەمبەری خوا سکاڵایان کرد و پێغەمبەر ٩ کوڕە مامی ئەوەسی بانگهێشت کرد و ئەوان وتیان "لەبەرئەوەی منداڵەکانی مامەان بچووکن و ناتوانن شمشێر

بەدەست بگرن، بۆیە ئێمە دەبێ پارێزگاری لەوان بکەین و هەر بۆیە میراتی مامماں بەئێمە دەگات و ئەوان لە میرات بێبەش دەبن".

هەر بۆیە ئاینی پیرۆز دابەزی و هەر بۆیە میرات بەهەموو ئەندامانی بنەماڵە بەکچ و کوڕ، لاواز و بەتوانا و بگرە بەمنداڵی ناو سکی دایکیش دەگات و کەس بێبەش نابێ. بەپێی یاسای ئیسلام ژن لە هەریەک لەم پۆستانە کچ بوون، دایک و خوشک بوون لە میرات پشکی دەبێ.

## فەلسەفەی جیاوازی میراتی ژن و مێرد

ئیسلام وەرگرتنی میراتی بەپێی ژن و پیاو بوون دیاری نەکردووە، بگرە بەپێی بەرپرسیاریەتیی ماڵی و ئەو دۆخەی کە هەردووکیان لە بنەماڵەدا هەیانە دیاری کراوە. بۆیە بەشە میرات جیاوازە.

کەمبوونی بەشە میراتی ژن بە بەراورد لەگەڵ پیاودا بەهۆی ئەوەوە نییە کە ئیسلام قورسایی و کەسایەتی ژن رەچاو ناکات، بگرە بۆ هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە و پسپۆڕانی بواری ئابووری پێیان وایە کە بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی تەندروست بۆ ئەوەی لە هەر ناکۆکی و لەناوچۆنێک پارێزراو بێ دەبێ "هەر کەس بەپێی پێویستی خۆی" هاوکاری دارایی وەربگرێ.

لە ئاینی ئیسلامدا هاتووە کە ژن وەک پیاو خاوەنی روحێکی تەواوی مرۆڤییە و خاوەن بڕیارە و هەروەها کەسایەتیشی وەک پیاوە و رۆڵی ژن لە خێزاندا زیاتر و گرینگتر لە پیاو دەزانێ و رێزگرتن لە ژن بە "گەورەیی" و بێ حورمەتیکردنیش بەژن بە"نەزانین" ناو دەبات. یاسای میرات لە ئاینی ئیسلامدا بەپێی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رەوانی دامەزراوە و تێیدا بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییی ژن و پیاو رەچاو کراوە و ئەگەر لە سیستەمی مافی ئیسلامییەوە بڕوانینە یاسای میرات، بەشی ژن کە هیچ بەرپرسیاریەتییەکی ماڵی لەسەر نییە، زۆر دادوەرانە دیاری کراوە و هەموو کەموکوڕییەکان بۆ لێ تێ نەگەیشتن لە یاساکانی ئاینی ئیسلامە.

سەرچاوە: http://www.askdin.com/showthread.php?t=91

# ناميلكەيەك بۆ رۆژنامەنووسان

## ٣-٣

لەلايەن: رۆژنامەنووسانی بێ سنوور بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی
نەتەوە يەكگرتووەكان: ڕێكخراوی پەروەردەیی، زانستی و كولتووری

بەشی نۆیەم

### ترۆمای دەروونی: چارەكردنی پاڵەپەستۆی ترۆمایی

ئەم ڕێبەرە لەلایەن سەنتەری دارت "Dart"ەوە ئامادە كراوە.

هەواڵنامەی ئێستێر

### پێشەكی

ئەو رۆژنامەنووسانەی لە ناوچەی مەترسیداردا كار دەكەن حاڵەتگەلی جەرگسووتان، توندوتیژی و لەدەستدانی قووڵیی كەسانی. دوور مەبینە پەیامنێران بەچاوی خۆیان مردن یان هێرشكردن ببینن. هۆشیاریی كاریگەریی ترۆمای دەروونی زۆر گرینگە بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرتی كاریگەر و بێلایەن. پاڵەپەستۆی ترۆمایی رەنگە هۆشیاریی سەلامەتیی پێویست بێ یان بڕیاری هەڵەی لێ بكەوێتەوە، بگرە لە حاڵەتی زۆر توندا پەیامنێر لە چوارچێوەی كارەكەی بباتە دەرەوە. هەندێ زانیاریی بنەڕەتی دەتوانێ بەرگەگرتن لە پەیامنێر زیاتر بكا و تێگەیشتنێكی باش بدات بە پەیامنێر لەبارەی ئەزموونی ئەو شتانەی ترۆما دروست دەكەن.

### ترۆما چییە؟

پسپۆڕانی تەندروستیی ئەقڵی ڕووداوێك بە ترۆما دادەنێن كاتێ یەكێك مردن، بریندار بوون، هەڕەی كوشتن بەچاوی خۆی دەبینێ یان هەر مەترسییەك بۆ سەر جەستەیان كە ترس زیاتر

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

بکات، یان حاڵەتی ترس و تۆقین و تەنگانە. تەقینەوە، هێرشی توند، زۆرەگێ، ئازار، کارەساتی سروشتی یان ڕووداوگەلی جیدی، هەموو ئەمانە سیناریۆی گشتین و دەکرێ تووشی رۆژنامەنووس بێتەوە. دووری و شوێنی جوگرافی گرینگ نییە: بینینی ئیمازی مردن و برینداربوون بە بەردەوامی، یان کاتێ یەکێک بەوە دەزانێ کە یەکێکی نزیکی تووشی زیانێکی گەورە بووە لەوانەیە تووشی ترۆما بێ.

رەگی کاردانەوەگەل بۆ ترۆما لەناو سیستەمی بایۆلۆجیی مرۆدایە. کاتێ یەکێ تووشی هەڕەشەیەک دەبێتەوە، مێشک چەند هۆرمۆنێک دەردەدا وەک هۆرمۆنی ئەدرینالین. کاردانەوەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ:

* ئاگەداریی زیاد لە پێویست یان هەستی ئامادەبوون

* کاردانەوەی شەڕ و فڕین ... بەرزبوونەوەی لێدانی دڵ، وشکبوونەوەی دەم، گوو و میزبەخۆداکردن، ئارەقدەردان... تاد.

* لەدەستدانی هەستکردن و سەرسوڕان (هەستی جودابوون لە ڕووی دەروونییەوە لە ڕووداوەکە یان لاشەی یەکێک)

* بزوانی سۆز.

ئەمانە وەڵامدانەوەی ئاساین بۆ حاڵەتگەلی نائاسایی، هەندێ جار ڕەنگە یارمەتیی مانەوە بدەن. ئەم کاردانەوانە دوای چەند رۆژێک یان هەفتەیەکی ڕووداوەکە نامێنن.

بەڵام هەندێ جار خەمۆکی زیاتر دەخایەنێ و لەوانەیە کەسەکە هەست بەگۆڕان بکات بەهۆی کێڵانی ڕووداوەکان لە ڕێگەی تایبەتی و ئەم حاڵەتانەی خوارەوەی تووش بێت:

* بیرەوەری پەرشوبڵاو، لە مۆتەکە بگرە تا دەگاتە بیرهاتنەوەی شتە ناخۆشەکانی ڕووداوەکە.

* خەوزڕان (بەرزبوونەوەی لێدانی دڵ و ئارەقکردن بەشەوان و... تاد.)

* کاردانەوەی زیاد لە پێویست بۆ ڕووداوگەلی رۆژانە، تەرکیزی نامێنێ، هەڵچوون و تووڕەبوونی نائاسایی.

* شێوانی سۆز، گۆشەگیر و نایەوێت هیچ شتێکی ناخۆشی بەبیر بێتەوە یان هەست دەکات زۆر دوورە لە خۆشەویستانی.

کاتێ ئەو کاردانەوانە بۆ ماوەی مانگێک یان زیاتر بەردەوام دەبن، ڕەنگە ئەمە نیشانەی برینداربوونی دەروونی بێ. پسپۆڕان پێناسەی "تێکچوون و پاڵەپەستۆی دوای ترۆما" دەکەن بەتێکەڵبوونی خەوزڕان، نەنووستن و شێوان، بەڵام گۆڕانکاریی تری وەک خەمۆکی یان تووڕەبوون لەوانەیە دەرکەوێت. زەحمەتە بزانی ئەمە بەسەر کێ دێ و کەی تووشی دەبێ. تەنانەت ئەو رۆژنامەنووسانەی ماوەی چەندان ساڵ ئەزموونیان لە کاری مەیدانی هەیە، هەروەها ئەوانەی کە هاوکارەکانیان بەبێ سۆز ناویان دەبەن ڕەنگە تووشی ئەو حاڵەتانە بن.

## ترۆما و ڕۆژنامەنووسان

زۆربەی کارمەندانی میدیا لە کاتی ترس و تۆقیندا بەرگەگرتنێکی باش پێشان دەدەن. عادەتەن ڕۆژنامەنووسان لایەنێک هەڵدەبژێرن کاتێ دوای چیرۆکێکی توند دەکەون، لایەنەکەش ئەوەیە ئاخۆ کارەکە بکەن یانیش نەیکەن، لەوانەشە تووشی چەندان ئیختیاری تر ببنەوە. توخمی کۆنترۆڵ لەوانەیە هەستی ئەوەیان پێ بدات کە لەناو کاردان و کەمێک خۆیان بپارێزن، بەڵام ئەوە نابێتە پاراستنی یەکجارەکی.

ڕاستی ئەوەیە، توێژینەوەی نوێ دەری خستووە کە ڕۆژنامەنووسان لەوانەیە تووشی بریندار بوونی سۆز ببن وەک سەربازان یان ئاگرکوژێنەرەوان یانیش ئەوانەی لە پێشەوەی تراژیدیایەک کار دەکەن. توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠٠٢ دەری خستووە کە لە سەتا ٢٨,٢ی ئەوانەی بۆ ماوەی ١٥ ئەزموونی کاریان هەیە تووشی ئەو حاڵەتانەی ترۆما دەبن کە لە سەرەوە باس کراون. توێژینەوەی تر ڕێژەیەکی کەمتر پێشان دەدەن بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو پێشان دەدات لەمەڕ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕۆژانە کار لەسەر ڕووداوە ناوەخۆییەکان دەکەن.

پاڵەپەستۆی ترۆما کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر ڕۆژنامەنووسان هەیە. توێژینەوە پێشانی دەدات کە بەردەوام تووشی حاڵەتی تۆقین بێتەوە، لەوانەیە کەمتر تووشی ترۆما بێت. بیرەوەریی بەربڵاو، نەمانی تەرکیز، نووستنی بەزەحمەت، تووڕەبوون، گۆشەگیری ئەمانە هەمووی دەوەستنە سەر پێوەندی و توانا و بڕیاری نوێی ڕۆژنامەنووسان. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە PTSD زیندانی هەتاهەتایی نییە کە هەندێ وای بۆ دەچن. چارەسەری باش دەکات، هەروەها توێژینەوە پێشانی دەدەن بەرگەگرتنی ئەمانە باشتر دەبن ئەگەر یەکێک ئاگەداری خۆی بێت. بەڵام ڕۆژنامەنووس دەبێ ئاگای لە کاریگەریی ترۆما هەبێ و تێی بگات.

### خۆپاراستن

پاڵەپەستۆی ترۆمایی دروست دەبێ بەهۆی ئاوێتەبوونی ڕووداوێکی توندوتیژ. هەرچەندە جیاوازە لە پاڵەپەستۆی گشتی، بەڵام هەندێ لە سیفەتەکانیان وێک دەچن. بۆیە پاڵەپەستۆی ڕۆژانە، دوا ژوان، ململانەی کەسانی، شۆکیی کولتووری، گومانی دارایی... و لەوانەیە ترۆما خراپتر بکەن. پێوەری کردەنی هەن کە ڕۆژنامەنووسان دەتوانن وەریان بگرن بۆ پاراستنی تەندروستییان لە کاتی کار و دوای کاریش.

### پێش کار

ڕاهێنان و ئامادەکردن: بەڵگە پێشانی دەدات کە ئەوانەی لە ڕووی ئەقڵییەوە ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتگەل زیاتر دەتوانن کۆنترۆڵی سۆزیان بکەن. هەموو جۆرە ئامادەکارییەک

ڕاهێنانی لەسەر ژینگەی شەڕانگێز، پێشخستنی تواناکان، لێکۆڵینەوە لە مێژوو و کولتووری ناوچەکە هەروەها هۆشیاریی ترۆما دەتوانێ بتپارێزێت، پاڵەپەستۆی گشتی کەم بکاتەوە و بەرگەگرتن زیاد بکات.

## تۆڕی یەکترناسین

پێش ئەوەی بچیە شوێنەکە، پێوەندی بەوانی ترەوە بکە لە ناوچەکە بۆ ئەوەی تۆڕێکی پێوەندیت هەبێ لەوێ. ڕۆژنامەنووسان، کارمەندانی مرۆیی، ستافی یوئێن لەناوچەکە و ئەوانی تر دەتوانن یارمەتیت بدەن لە ڕووی کۆمەڵایەتیی کاری لۆجیستییەوە. ڕەنگە ئەمە گرینگ بێ بۆ فریلانسەری تەنیا یان ڕۆژنامەنووسانی ناو بەرەی سەربازی.

## پێشتر بەسەر شتەکاندا بڕۆ

وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندنی مەترسییەکە، پرسیار لە هاوکارانت بکە لە ناوچەکە بزانە بارودۆخی هەنووکە چۆنە. لە هەر شتێک نیگەرانی دەستنیشان بکە و لەگەڵیان باس بکە بۆ ئەوەی زانیاریت پێ بدەن پێش ئەوەی بچی.

## پلانێکی پێوەندی ئامادە بکە

پێشتر قسە لەگەڵ کۆتاکەتەکانت بکە چۆن پێوەندی دەکرێ لەگەڵ خێزان و هاوڕێیان لە حاڵەتێکدا ئەگەر شتێکت بەسەر هات. لە حاڵەتی تەنگژەدا، تۆ دەتەوێ بزانی کە شتەکان هەموو بەباشی دێنە بەڕێوەبردن.

## کێشت دابەزێنە

وەرزش بەرگەی پاڵەپەستۆ زیاتر دەکا.

## پرسگەلی ناوەخۆ لە بیر مەکە

کاتێک تەرخان بکە بۆ خێزان، هاوڕێیان و خۆشەویستان. باری داراییت ڕێک بخە، شتەکانت لەو شوێنە دابنێ کە بۆی دەگەڕێیەوە.

## تەواو دڵنیابە لەوەی کە ئامادەی بۆ دەرچوون

بەڵگە پێشانی دەدا کە تووشبوونی مەترسی بە بەردەوامی و ترۆما بەبێ ئامادەکی زیاتر بێهێز دەکا بۆ PTSD. ئەگەر هەستت کرد کە پاڵەپەستۆت لەسەرە بۆ ڕۆیشتن، یان کاتەکە لەبار نییە لە ڕووی سۆزەوە، ئەوا ئەو کارە مەکە.

هەولێرنامەی کتێب

## له کاتی کار

تەماشای جەستەی خۆت بکە

– باش بخۆ و بخەوە. (تەنانەت سەربازان و هێزگەلی تایبەتیش ئەمە لە بەرچاو دەگرن)

– وەرزش بکە. خۆت لێک بکشێنەوە یان بۆ ماوەی ٣٠ خولەک بڕۆ چونکە ئەمە مگێزت باش دەکا.

– ئاو بخۆوە. وشکبوون دەبێتە هۆی وەستاندنی مێشک.

– لە کحول دوور بکەوە. زۆر خواردنەوە مۆتەکە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو زیاتر دەکات.

– ئاگەداری حەبخواردنی وزەگەیێن بە. کافین ئەدرینالین زیاد دەکا.

گرینگی بەپێداویستییە سۆزییەکانت بدە

– هەندێ کار بکە ڕۆژانە دوور بن لەو کارەکەی دەیکەی. بۆ نموونە: خوێندنەوە، وەرزشکردن یان کاری دەستی. ئەمانە دەتوانن لە پاڵەپەستۆت کەم بکەنەوە.

– هەستەکانت لای یەکێک بدرکێنە. قسە بۆ ئەوانە بکە متمانەت پێیانە، ئەگەر کەس نەبوو ئەوا هەوڵ بدە وتارێ: بنووسە.

– هەرگیز بایەخ و گرینگیی پێکەنین لە بیر مەکە.

– هەناسەی قووڵ بدە، بەتایبەتی ئەگەر دڵتەنگ بووی. (هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشە، پاشان وردە وردە بیدەوە)

– هەوڵ بدە بەشێوەیەکی تر حاڵتگەلی ناخۆش ببینی. ژیانی پێدا بنێ چی ڕووی دا، بەڵام دواتر لیستێک شتی پۆزەتیڤ بنووسە. تەرکیز بکە سەر ئەو شتانەی کە لە داهاتوودا دەتوانی کۆنترۆڵیان بکە. جەخت مەکە سەر ئەو شتانەی بەهەڵە چوونە ڕێوە، ئەمە بێهێزت دەکات.

یارمەتیی ئەوانی تر بدە

– پێوەندیی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو فاکتەرانەی ترۆما کەم دەکاتەوە بەڵام ئەمە واتە توانای یارمەتیدان و وەرگرتنت تێدا هەبێ.

– تووشبوو بەترۆما زووتر چاک دەبنەوە ئەگەر هاوکارانیان پۆزەتیڤ و یارمەتیدەر بن. ئاگات لە گلەییکردن هەبێ.

– گوێ بگرە، هەستەکانت مەکێڵە، گوێ مەدە بەوانی تر چۆن بیر دەکەنەوە و هەست دەکەن.

– سەرکردە بە. ڕێگە بەخۆت و هاوکارانت بدە ماوەی چاکبوونەوە کەم بکەوە.

– ئەگەر یەکێک پێی زەحمەت بوو ڕابێ، پێیان بڵێ تەرکیز لەسەر شتی گران نەکەن، با کار بەکۆمەڵ بکەن. چالاکی هەردەم دەتپارێزێت.

– کولتووری جیاواز ڕەنگە ڕێگەی جیاوازیان هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ترۆما و خەمناکی. ڕێز

لەمە بگرە.

لەسەرچاوەکانت بگە

تێگەیشتن لەوەی چۆن ترۆما کار لە کەسانی تر دەکا لەوانەیە یارمەتیت بدا لە نەکردنی هەڵەی ڕۆژنامەوانی. لەوانەیە هەندێ کەس تووشی بن و ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەقڵیان، لەوانەیە هەندێک تەنیا وێنەیان بیر بێتەوە. دیمانە لەگەڵ تووشبووی بەترۆما زانینی دەوێ چونکە هەستیارە. لەم ماوە کورتەدا کات نییە بەدرێژی باسی بکەین. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم وارگەیە بکە: www.dartcenre.org.

## دوای کار

هەندێ جار نەنووسینی چیرۆکێک زەحمەتترین کارە. ئەگەر کارێک نەکەی، لەوانەیە کارەکانی دواترت هیچ مانایەکیان نەبێ، لەوانەیە هەست بەتاوان بکەی چونکە کارەکە بەمەترسییەکەت بۆ کەسانی تر بەجێ هێشتووە. بیرکردنەوە لە کەسانی تر گرفتی خۆی هەیە. خەڵک توانای جیاوازییان هەیە لە گوێگرتن لە وەسفی ترۆما و لەوانەیە باسی نەکەن یانیش لە بایەخی کەم بکەنەوە. لەوانەیە ڕۆژنامەنووسان شەرم بکەن لە باسکردنی بابەتێک کە ڕەنگە خێزان و هاوڕێیانیان نیگەران بکەن لەبارەی سەلامەتییانەوە. ئەمانەی خوارەوە چەند پێشنیازێکن بۆ مامەڵەکرن لەگەڵ کاتی چیرۆک و دوای چیرۆکەکە:

– هەندێ ڕۆژنامەنووس حەز دەکەن ڕۆژێک یان دووان وەرگرن بۆ بەتاڵبوونەوە پێش ئەوەی بگەڕێنەوە. (یەکەم جار بۆ هاوکارەکەت یان خێزانەکەن شێ بکەوە مەبەستت چییە لەم کارە).

– کاتێ لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە ژیانی وڵاتی خۆت ڕەنگە فاکتەرێکی بەهێز بێ، بەڵام هەوڵ دە ئەوەندە عەودالی گەڕانەوە مەبە. ئەگەر ماوەیەکی زۆر بێ دوور بی لە ماڵەوە، لەوانەیە ئەوانی تر لە شوێنێکی جیاواز بن لە ژیانیاندا: لەوانەیە نەتوانێ لەو شوێنەی بەجێت هێشتووە هەر لەوێش هەڵی گرییەوە.

– پێوەندی لەگەڵ ئەوانە دابنێ کە هەمان ئەزموونیان هەبووە. قسەکردن یان چوونە دەر بۆ دەربڕینی ئەوەی لە ناختدایە زۆر لە مەسەلەکە دەگۆڕێت.

– هەردەم ئاگەداری تەندروستیی ئەقڵت بە. قەت درەنگ نییە داوای یارمەتی بکەی.

## تێبینییەک بۆ بەڕێوەبەر و نووسیاران

پلانێکی باش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ترۆما ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پاراستنی ستافەکەت. لەسەر نووسیارانە بەکورتی باسی ترۆما بکەن بۆ ستاف بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی. بۆ سەرچاوە و زانیاریی زیاتر پێوەندی بکەن بەسەنتەری دارت لە وارگەی www.dartcentre.org.

### پێوەندییەکان لەگەڵ ICRC

* ICRC ڕێکخراوێکی تایبەتیی نێودەوڵەتییە لەژێر یاسای سویسرایی لە ١٨٦٣ دامەزراوە. ICRC، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی خاچی سوور و کۆمەڵگەیلی مانگی سوور و کۆمەڵگەیلی خاچی سووری نیشتمانی و مانگی سوور، هەموو ئەمانە خاچی سووری نێودەوڵەتی و بزووتنەوەی مانگی سوور پێک دێنن.

* ICRC یارمەتیی ڕۆژنامەنووسان دەدا ئەگەر ڕۆژنامەنووس وەک سڤیل هەڕەشەی لێ کرا یانیش لە ڕێگەی پیشەکەیەوە. بەڵام، ڕێسای کارکردنی توندە و هاریکاریکردنی واتە ڕێزگرتن لەم بنەمایانەی خوارەوە:

– ئازاد و بەمتمانە، ئەمانە وای کردووە ڕێکخراوەکە بگاتە ئەو شوێنانەی کە داخراون بە ڕووی خەڵکەوە. ("ICRC ئازادانە و بەمتمانەوە مامەڵە لەگەڵ کەیسەکان دەکات. لە بەرابەردا، داوا لە هاوکارانی دەکا کە بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکان بکەن. وێڕای ئەمەش، ICRC بەشدار نییە لە کامپینی ڕۆژنامەوانی و لێدوان و کردە گشتییەکانی تری پێوەست بەکەیسی ڕۆژنامەنووسان کە ڕێکخراوەکە وەریان دەگرێت. ئەم شێوازی کارکردنە بەهۆی بنەمای بێلایەنییەوەیە کە هەردەم ڕێنوێنیی کارەکانی دەکات.

– بەردەوامی: (ICRC بۆ ماوەیەکی درێژ کاری خۆی لە بوارەکەدا دەکات.)

– بێلایەنی: (ICRC قسەی نییە لەسەر هۆکارەیلی گرتن و بەندکردن و داوای ئازادکردنی ئەوانەش ناکات بەندن بەکەیسەکەوە. تاکە مەبەستی سەردانیکردنی بەندییەکان مەبەستێکی مرۆییە: واتە دەکۆڵێتەوە لە پرسگەلی بزرکردن، ئازاردان و مامەڵەی خراپ، کەلوپەل و کەشوهەوای دەروونی بەسەر دەکاتەوە، یارمەتی بەندییەکان دەدا ئەگەر لە هەر شوێنێک پێویستی کرد، داوا لە دەسەڵاتداران دەکا ئەو بارانە باشتر بکەن.")

* لە هەندێ حاڵەتدا، ICRC یارمەتیی تایبەت پێشکێشی ڕۆژنامەنووسان دەکات:

– لە ناوچەیلی شەڕ لە سەرانسەری دنیادا ICRC ڕۆژنامەنووسان دەپارێزێت وەک هەر هاووڵاتییەکی سڤیل. مادەی ٧٩ی پرۆتۆکۆلی زیادەی ١ی ١٩٧٧ دەڵێ:

"١– ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کاری بەمەترسی دەکەن لە ناوچەی شەڕ بە هاووڵاتی دێنە حسێبکردن وەک پێناس کراوە لە مادەی ٥٠ پەرەگرافی یەکەم.

"٢– بۆیە دێنە پاراستن بەپێی پەیمانەکان و ئەم پرۆتۆکۆلە بەمەرجێک هیچ کارێکی نابەجێ نەکەن کار لە هاووڵاتیبوونیان بکات و بەبێ ڕەچاوکردنی مافی پەیامنێری شەڕ کە لەگەڵ هێزەیلی

چەکدارن بۆ سوودگەیاندن کە ئەمەش هاتووە لە مادەی ٤ . ٤ی سێیەم پەیمان.

"٣- لەوانەیە ناسنامەیان پێ بدرێت کە لەلایەن وڵاتی خۆیان بۆیان دەردەچێت، یان لەو وڵاتەی کە بارەگەی کەناڵەکەی لێیە و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو کەسە ڕۆژنامەنووسە."

بەڵام، پەیامنێرانی شەڕ بارودۆخی تایبەتییان هەیە. پەیامنێرانی شەڕ بریتین لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە مافیان هەیە لەگەڵ هێزەیلی چەکداری وڵاتی خۆیان بن. هێزەیلی چەکدار لەسەریانە ناسنامەیان بۆ بکەن. هەڵگری ئەو ناسنامەیە کە دەکەوێتە بن دەست دوژمن بەدیلی شەڕ دێتە حسێبکردن. بۆیە پەیامنێرانی شەڕ دێنە پاراستن لە ڕێگەی سێیەم پەیمانی جنێڤی ١٩٤٩ کە لەبارەی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ دیلی شەڕ. بەڵام، هیچ پاراستنێکی تایبەتیان نییە کە دەچنە ئەو ناوچانەی کە کردەی سەربازییان لێ دێتە ئەنجامدان.

دەتوانی پێوەندی بکەی بە بارەگەی سەرەکیی ڕێکخراوەکە. ئەمە ژمارەی کاتی تەنگانەیە ٤١٧٩٢١٧٣٢٨٥+ بۆ هاوڕێیان و کەسوکاری ڕۆژنامەنووسی ژێر هەڕەشە. خێزانی ڕۆژنامەنووس، بەڕێوەبەر یان ڕێکخراوی پرۆفێشناڵ بۆی داوا لە ICRC بکا تەداخول بکات. ئەو کەسەی تەلەفۆن دەکا دەبێ زۆرترین زانیاری لەسەر کەیسەکە بدا، بڵێ چی کراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تر.

هەوالنامەی کتێب

### بەشی یازدەم

## دۆکیومێنتەیلی بنەڕەتی ئازادیی ڕۆژنامەوانی

بنەمای ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەلایەن یاسای نێودەوڵەتییەوە دانی پێدانراوە. یاسای نێودەوڵەتی ئەمانە دەگرێتەوە، پێناسەیلی گشتی، دەقی هەرێمی و یاسادانانی نیشتمانی (ماف و داوونەریت، دەستوور، یاسا و ڕێسا).

مافی گەڕان بەدوای زانیاری و وەرگرتنی لە مادەی ١٩ی جاڕی گەردوونیی مافەیلی مرۆ هاتووە کە لە ١٠ی دیسێمبەری ١٩٤٨ لەلایەن یوئێنەوە هاتە ناساندن. ئەم مافە دووبارە هاتووەتە نووسین لە پەیمانی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەیلی سڤیل و سیاسیی ١٦ دیسێمبەری ١٩٦٦ و لە چەندان دەستوور و پەیمانی تری هەرێمیشدا هاتووە، وەک مادەی ١٠ی پەیمانی ئەورووپایی بۆ پاراستنی مافەیلی مرۆ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ٤ نۆڤێمبەری ١٩٥٠، مادەی ١٣ی پەیمانی ئەمەریکایی- نێودەوڵەتی لەسەر مافەیلی مرۆ لە ٢٢ نۆڤێمبەری ١٩٦٩ و مادەی ٩ی دەستووری ئەفریقیایی لەسەر مافەیلی مرۆ و گەلان لە ١٢ تەمووزی ١٩٨١ ئەمانەی خوارەوە چەند بەشێکن:

**دۆکیومێنتی یەکەم**

**جاڕنامەی گەردوونیی مافەیلی مرۆ**

**لە ١٠ دیسێبمەری ١٩٤٨ ڕاگەیەنرا**

مادەی ١٩ هەموو کەس مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕای هەیە، ئەم مافە ئەمانە دەگرێتەوە: ئازادیی ڕادەربڕین بێ تەداخولکردن و گەڕان بەدوای زانیاری و وەرگرتنی و زانیاری و بیرۆکە لە ڕێگەی هەر کەناڵێکی میدیایی بێ بەبێ سنوور.

**دۆکیومێنتی ٢**

پەیمانی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەیلی سڤیل و سیاسییەوە

لە ١٦ دیسێمبەری ١٩٦٦ ڕاگەیەنرا، لە ٢٣ ئاداری ١٩٧٦ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە

مادەی ١٩: ١- هەموو کەس مافی بیروڕای هەیە بەبێ تەداخولکردن.

٢- هەموو کەس مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافە، ئەمانە دەگرێتەوە: گەڕان بەدوای زانیاری و وەرگرتنی زانیاری و بیرۆکە لە ڕێگەی هەر کەناڵێکی میدیایی بەبێ سنوور. کەناڵەکە دەنگ بێ، نووسین یان چاپکراو، یان هونەر، یان لە ڕێگەی هەر میدیایەک خۆی هەڵی دەبژێرێ.

٣- پیادەکردنی مافەیل کە هاتووە لە پەرەگرافی دووەمی ئەم مادەیە کە چەندان ئەرک و بەرپرسیارەتیی تێدایە. بۆیە لەوانەیە چەندان پێودانگی بێتەپێش، ئەمانە بەپێی یاسا و بەپێی پێویست دەبن:

١- بۆ ڕێزگرتن لە مافەیل یان سومعەی ئەوانی تر.

٢- بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی یان سیستمی گشتی، یان تەندروستیی گشتی و ئەخلاق.

**دۆکیومێنتی سێیەم**

پەیمانی ئەوروپایی بۆ پاراستنی مافەیلی مرۆ و ئازادییە بنەڕەتییەکان

لە ٤ی نۆڤێمبەری ١٩٥٠ جاڕ درا، لە ٣ی سێپتێمبەری ١٩٥٣ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە.

مادەی ١٠: ١- هەموو کەس مافی ڕادەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئەمانە دەگرێتەوە: ئازادیی ڕادەربڕین بێ تەداخولکردن و گەڕان بەدوای زانیاری و وەرگرتنی و زانیاری و بیرۆکە لە ڕێگەی هەر کەناڵێکی میدیایی بێ بەبێ سنوور. ئەم مادەیە ڕێ لە وڵاتان ناگرێ بۆ داواکردنی مۆڵەتی وەشاندن، تەلەڤزیۆن یان پرۆژەی سینەمایی.

٣- پیادەکردنی ئەو ئازادییانە، چونکە ئەرک و بەرپرسیارەتییان تێدایە، لەوانەیەمەرج و پێودانگیان بۆ دابنرێ یان سزایان بۆ دابنرێ وەک ئەوەی بەپێی یاسا و لە کاتی پێویست باس کراوە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بۆ بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانی، یەکپارچەیی هەرێمی

یان سەلامەتیی گشتی، بۆ نەهێشتنی ئاژاوە یان تاوان، بۆ پاراستنی تەندروستی و ئەخلاق، بۆ پاراستنی سومعە یان مافی ئەوانی تر.

**دۆکیومێنتی ٤**

**پەیمانی ئەمەریکایی-نێودەوڵەتی لەبارەی مافەیلی مرۆوە**

لە ٢٢ی نۆڤێمبەری ١٩٦٩ چاپ درا، لە ١٨ تەمووزی ١٩٧٨ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە

مادەی ١٣: ئازادیی بیروڕادەربڕین.

١- هەموو کەس مافی ئازادیی بیروڕادەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئەمانە دەگرێتەوە: گەڕان بەدوای زانیاری و وەرگرتنی زانیاری و بیرۆکە لە ڕێگەی هەر کەناڵێکی میدیایی بەبێ سنوور. کەناڵەکە دەنگ بێ، نووسین یان چاپکراو، یان هونەر، یان لە ڕێگەی هەر میدیایەک خۆی هەڵی دەبژێرێ.

٢- پیادەکردنی ئەو مافەی کە لە پەرەگرافی پێشوو ئاماژەی پێ کراوە نابێ سانسۆری بخرێتە سەر بەڵام دەکرێ بخرێتە ژێر باری باوەڕکردن، ئەمەش بەپێی یاسا و بەپێی پێویست ڕێک دەخرێ:

(a) ڕێزگرتن لە ماف یان سومعەی ئەوانی تر، یان

(b) پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، سیستمی گشتی، تەندروستی یان ئەخلاقیی گشتی.

٣- مافی ڕادەربڕین نابێ تەلبەند بکرێ بەهۆی میتۆد و ناوەندی ناڕاستەوخۆ، ئەم جۆرە کارانەی حکوومەت یان کۆنترۆڵی تایبەتی بەسەر چاپ، ڕادیۆ، وەشاندن، یان کەلوپەل بۆ وەشاندنی زانیاری، یان بەهەر ناوەندێکی تر کە ببێتە هۆی وەستاندنی گەیاندنی بیروڕا.

٤- بەدەر لە پەرەگرافی دووی سەرەوە، خۆشگوزەرانیی گشتی بەپێی یاسا سانسۆری پێشینە دەکرێ بەمەبەستی پاراستنی ئەخلاق و پاراستنی منداڵ و رواڵ.

٥- هەر پروپاگەندەیەک بۆ شەڕ یان پاڵپشتی بۆ ڕقی نیشتمانی، ڕەگەزی یان ئایتی کە ببێتەوە هی توندوتیژی یان هەر کارێکی نایاسایی لێ بکەوێتەوە بۆ سەر هەر یەکێک یان گرووپێک بەهەر هۆ و مەرامێک بێ وەک ڕەگەز، ڕەنگ، ئاین، زمان یان بنەچەی نیشتمانی ئەوا بەپێی یاسا سزا دەدرێ.

**دۆکیومێنتی ٥**

**دەستووری ئەفەریقیایی مافەیلی مرۆ و گەلان**

لە ١٢ی تەمووزی ١٩٨٢ چاپ درا، لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە.

مادەی ٩: هەموو کەس مافی وەرگرتنی زانیاریی هەیە. هەر تاکێک مافی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوەی ڕای هەیە بەپێی یاسا.

## دۆکیومێنتی سەرەکی لەبارەی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانییەوە

ئەم دۆکیومێنتانە، لە ڕێکخراوەیلی ڕۆژنامەوانی وەرگیراون، باس لە بنەماگەلی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی دەکەن کە بۆ هەموو ئان و ساتێک دەشێ، بەتایبەتی لە کاتی لێکۆڵینەوە لە توندوتیژیی ئازادیی ڕۆژنامەوانی. جاڕی مافەیل و ئەرکەیلی ڕۆژنامەنووسان (بەدەستووری میونیخ ناسراوە) (دۆکیومێنت ١) وەک دەسەڵاتدار پەسند کراوە. نموونە لە دەستووری ئەمەریکایی وێنەی زیاتر دەدەن بەدەستەوە.

### دۆکیومێنت ١

جاڕی مافەیل و ئەرکەیلی ڕۆژنامەنووسان (دەستووری میونیخ)

ئەمە لە میونیخ لە ٢٤ و ٢٥ی نۆڤێمبەری ١٩٧١ هاتە جاڕدان. دواتر لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسانەوە (IFJ) و زۆربەی یەکەتییەکانی ڕۆژنامەنووسان لە ئەورووپا کاری پێ کرا.

هەوالنامەی کتێب

### دیباجە

مافی وەرگرتنی زانیاری، ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنە یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆ. هەموو ماف و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس سەرچاوە دەگرێ لەم مافە گشتییە کە لەبارەی ڕووداو و بۆچوونەکان دێنە باسکردن. بەرپرسیارەتیی ڕۆژنامەنووسان لە هەمبەر خەڵکی گشتی جیاوازە لە هەر بەرپرسیارەتیەکی تر، بەتایبەتی لە هەمبەر بەڕێوەبەران و دەسەڵاتەیلی گشتی. ئەرکی زانیاری تەلبەندیشی تێدایە کە ڕۆژنامەنووسان یەکسەر لەسەر خۆیان دەسەپێنن. ئەمە ئامانجی جاڕنامەی ئەرکەکانە کە لە خوارەوە باس کراون. بەڵام، ڕۆژنامەنووس دەتوانێت ڕێز لەو ئەرکانە بگرێ لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەی تەنیا ئەگەر هەلومەرجی سەربەخۆیی و پرۆفێشناڵ بوونیان هەبێ. ئەمە ئامانجی جاڕنامەی مافەیلە لە خوارەوە باس کراون.

### جاڕنامەی ئەرکەیل

ئەرکەیلی سەرەکیی ڕۆژنامەنووس، کە پێوەستن بەکۆکردنەوەی هەواڵ، نووسیاری و سەرنجدان، برێتین لە:

١- ڕێزگرتن لە ڕاستی، جا هەر ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە بۆ خۆی، ئەمەش لەبەر مافی خەڵک بۆ زانینی ڕاستی.

٢- بەرگریکردن لە ئازادیی زانیاری، سەرنجدان و ڕەخنەگرتن.

٣- تەنێ فاکتەکان بگواستەوە کە سەرچاوەکانیان دەزانێ، نابێ زانیاری کپ بکات یان دەق و

دۆکیومێنت بگۆڕێ.

٤- نابێ ڕێگەی نابەجێ بگرێتە بەر بۆ وەرگرتنی هەواڵ، فۆتۆ و دۆکیومێنت.

٥- دەبێ ڕێز لە تایبەتمەندی بگرێ.

٦- ڕاستکردنەوەی هەر زانیارییەک ئەگەر دەرچوو تەواو نییە.

٧- دەبێ ڕەچاوی نهێنیی پیشەکەی بکات و نابێ ناوی ئەو سەرچاوە بدا کە بەمتمانە زانیاریی پێ داوە.

٨- دەبێ خۆی لەمانە بەدوور بگرێ: دزین، گۆڕین، زڕاندن، تەشهیر و تۆمەتی بێ بنەما، وەرگرتنی بەرتیل لە هەر شێوەیەکی بێ، وەرگرتنی بۆ بڵاوکردنەوە یان شاردنەوەی هەواڵ.

٩- نابێ قەت پیشەی ڕۆژنامەوانی تێکەڵ بکات بەوەی ڕێکلام و فرۆشتن یان پڕوپاگەندە، هەروەها داخوازیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ڕێکلامچییەکان ڕەت بکاتەوە.

١٠- بەرگەی هەموو پاڵەپەستۆیەک بگرێ و فەرمانی نووسیاری لەگوێ بگرێ تەنێ لەو کەسەی کە بەرپرسە لە ستافی نووسیاری.

هەر ڕۆژنامەنووسێک، شایەنی ئەو ناوە بێ، دەبێ ئەرکەکەی بەدڵسۆزییەوە بکات و ڕەچاوی ئەو بنەمایانەی سەرەوە بکات. لە یاسای گشتیی هەر وڵاتێکدا، ڕۆژنامەنووس تەنێ بەگوێی هاوکارانی خۆی دەکات و هەموو جۆرە تەداخولێکی حکوومەت و ئەوانی تر ڕەت دەکاتەوە.

**جاڕی مافەیل**

١- دەرگەی هەموو سەرچاوەیەکی زانیاری ئازادانە کراوەیە بۆ ڕۆژنامەنووسان، مافیان هەیە ئازادانە بەدوای هەر ڕووداوێکی پێوەست بەژیانی گشتیدا بچن. کەواتە، ڕۆژنامەنووس تەنێ لە کەیسی تایبەت و بۆ هۆکاری ڕوون دەرگەی نهێنیی گشتی یان کاروباری تایبەتیان بە ڕوودا دادەخرێ.

٢- ڕۆژنامەنووس مافی هەیە ڕەتی هەر شتێک بکاتەوە پێچەوانەی سیاسەتی گشتیی کەناڵەکەیەتی بەو شێوەی کە لە گرێبەستەکە لەگەڵ کەناڵەکە هاتووە، هەروەها هەر شتێکی تر کە بەڕوونی دیار نەکرابێ لەو سیاسەتە گشتییە.

٣- هیچ ڕۆژنامەنووسێک ناچار ناکرێ کارێکی پرۆفێشناڵ ئەنجام بدا یان ڕایەک دەربڕێ پێچەوانەی قەناعەت یان ویژدانی بێ.

٤- ستافی نووسیاری دەبێ ئاگەدار بکرێنەوە لە هەموو بڕیارێکی گرینگ کە لەوانەیە کاریگەری هەبێ لەسەر ژیانی کەناڵەکە. بەلایەنی کەم دەبێ پرسی پێ بکرێ پێش دانی بڕیار لەبارەی ئەو پرسانەی پێوەستن بەستافی نووسیاری، وەک: دامەزراندن، دەرکردن، گۆڕان و بەرزکردنەوەی ڕۆژنامەنووس.

٥- بەحوکمی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی، ڕۆژنامەنووس مافی هەیە نەک هەر بۆ سوودی

ڕێککەوتنی بەکۆمەڵ بگرە بۆ گرێبەستی تاکەکەی دامەزراندن، مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئەخلاقی و کەلوپەلی کارەکەی، سیستمی مووچە بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مسۆگەرکردنی سەربەخۆییی ئابووری.

**دۆکیومێنت ٢**

چەند بەشێک لە کۆدی ئەخلاقی کۆمەڵگەی ڕۆژنامەنووسانی پرۆفێشناڵی ئەمەریکایی

ڕاستی بزانە و ڕای گەیەنە

ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕاستگۆ بێ، دادوەرانە و بوێر بێ لە کۆکردنەوەی زانیاری، ڕای گەیاندن و لێکدانەوەی.

ڕۆژنامەنووس دەبێ:

- چیرۆک لەبارەی فرەیی و فراوانیی ئەزموونی مرۆ بوێرانە بنووسێ، تەنانەت کاتێ باویش نەبێ.
- بەهای کولتوورییان بزانن و نابێ بەسەر ئەوانی تریدا بسەپێنن.
- نابێ بۆچوونی نەرێی هەبێ لەبارەی ڕەگەز، جێندەر، تەمەن، ئاین، ئیتنی، جوگرافی، عاداتی سێکسی، کەمئەندام، جەستە یان باری کۆمەڵایەتی.
- پشتگیری ئاڵوگۆڕی کراوەی بۆچوون بکات، تەنانەت ئەو بۆچوونانەی ئازاردەرن.
- هەلی دەنگهەڵبڕین بدە بەوانەی دەنگیان ناگاتە هیچ شوێنێک، سەرچاوەیلی ڕەسمی و ناڕەسمیی زانیاری بەیەکسانی دابین دەکرێ.

کەمکردنەوەی ئازار

ڕۆژنامەنووسی بەئەخلاق مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە و بابەت و هاوکارانی دەکات وەک مرۆی شایەن ڕێز.

ڕۆژنامەنووس دەبێ:

- بەوە بزانێت کە کۆکردنەوە و ڕاگەیاندنی زانیاری لەوانەیە ببنە مایەی ئازار و سەرئێشە. چوون بەدوای هەواڵ مۆڵەت نییە بۆ لووتبەرزی.
- چیرۆکەکەی بەتام بێ. نابێ قێزەوەن بێ.

سەربەخۆ کار بکات

ڕۆژنامەنووس دەبێ ئازاد بێ و ئەرکی تری نەبێ جگە لە مافی خەڵک بۆ زانین.

ڕۆژنامەنووس دەبێ:

- بەلاوەنانی ململانەی بەرژەوەندی، ڕاستی و دروستکراو.
- دوور بێ لەو چالاکی و دەزگەیانەی کە لەوانەیە هەڕەشە بن بۆ سەر یەکڕیزی یان متمانەی.
- دیاری، مووچە، دەسهەق، گەشتی بەلاش و مامەڵەی تایبەت ڕەت بکاتەوە، نابێ لە شوێنی تر دامەزرابێ، دەستی لەناو سیاسەت نەبێ و داوودەزگەی حکوومەت نەبێ یان ڕێکخراوەیلی

خزمەتگوزاری چونکە لەوانەیە زیان بەکارەکەی بگەیەنێ.

بەپرسیار بێ

ڕۆژنامەنووس بەپرسیارن لە بەرامبەر خوێنەر و بیسەر و بینەریان، بەرامبەر یەکتریش.

ڕۆژنامەنووس دەبێ:

– داپۆشینی هەواڵ ڕوون و شی بکاتەوە و دیالۆگ بکات لەگەڵ خەڵکی بۆ ئاکاری ڕۆژنامەوانی.

– هانی خەڵک بدا دڵتەنگییان لە دژی میدیا دەربڕن.

**دۆکیومێنتی ٣**

چەند بەشێک لە کۆدی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسانی مالی

بەردەستبوون و بەرگریی فرەیی هەواڵ، ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنە ئازادییەکی بنەڕەتی مرۆیە کە ماف و ئەرک لەخۆ دەگرن کە ئەخلاق و ڕێبەرییە بۆ دەوڵەت، ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی تری میدیا و هاووڵاتییان لە پێوەندی و گەیاندنی هاوبەشیان.

ئەرکەیلی ڕۆژنامەنووس

مادەی ٧: ڕۆژنامەنووسان دەبێ یەکڕیزیی خۆیان پێشان بدەن بۆ ڕەتکردنەوەی هەر مووچەیەکی نابەجێی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. دەبێ هەموو جۆرە مامەڵەیەکی تایبەتی پێوەست بە بڵاوکراوە یان چیرۆکەکەیان ڕەت بکەنەوە.

مادەی ٨: ڕۆژنامەنووس نابێ توندوتیژی و دڕندەیی بڵاو بکاتەوە بەمەبەستی وروژاندن و بزاندنی هەستی ئەوانی تر.

مادەی ٩: ڕۆژنامەنووس نابێ ناوی تەمەن بچووکان بڵاو بکەنەوە، نابێ وێنەیان بڵاو بکەنەوە تا مەترسی نەکەوێتە سەر داهاتوویان.

مادەی ١٣: ڕۆژنامەنووس دەبێ بەرپرسیار بن لەوەی دەینووسن، تەنانەت ئەگەر نادیاریش بن.

**مافەیلی ڕۆژنامەنووس**

مادەی ١: ڕۆژنامەنووس دەبێ ئازاد بێ بگات بە سەرچاوەیلی گشتیی زانیاریی گشتی. تەنێ لە حاڵەتی تایبەت و هۆکاری ڕوون زانیاری نادرێ بەڕۆژنامەنووسان.

مادەی ٢: ڕۆژنامەنووس دەتوانێ فەرمان ڕەت بکاتەوە کە دژی سیاسەتی گشتیی بەڕێوەبەرایەتی وەک ئەوەی لە گرێبەستی کارەکەیدا هاتووە، هەروەها ئەو فەرمانانەی لە یەکێکی دەرەوەی دەستەی فەرماندانەوە بێ.

مادەی ٣: ڕۆژنامەنووس ناچار ناکرێ بۆ کارکردن یان دەربڕینی شتێک پێچەوانەی باوەڕ یان ویژدانی بێ. نابێ زۆریان لێ بکرێ کار قەبوول بکەن کە دژی ستانداردی کارەکەیانە.

مادەی ٤: ڕۆژنامەنووس مافی سەلامەتیی کەسانیان هەیە، پاراستنی یاسایی و ڕێز بۆ

شکۆمەندییان لە سەرانسەری وڵاتدا.

مادەی ٥: ستافی نووسیاری دەبێ ئاگەدار بکرێنەوە لە هەر بڕیارێکی گرینگ کە کار بکاتە سەر کۆمپانیاکە.

مادەی ٦: ڕۆژنامەنووس مافی هەیە پرسیار لە هەر کەسێک بکا بۆ شرۆڤەکردن یان لێدوان لەسەر ڕووداوی لۆکال، نیشتمانی یان نێودەوڵەتی.

## پاشکۆی ١

ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور– پێناسە و پێوەندی

لە هەندێ وڵاتدا، ڕۆژنامەنووس فرێ دەدرێتە گرتیگە بۆ چەندان ساڵ لەسەر وشەیەک یان فۆتۆیەک. بەندکردن یان کوشتنی ڕۆژنامەنووس شایەتێکی گرینگ دەسڕێتەوە بۆ ڕووداو و هەڕەشەیل بۆ سەر مافی ئێمە کە دەبێ لە هەواڵدا باس بکرێ. ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور ڕۆژانە جەنگاوە لە پێناو ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەوەتەی دامەزراندنی لە ١٩٨٥.

لێکۆڵینەوە، دەرخستن و پشتگیری

ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور:

* بەرگری دەکات لە ڕۆژنامەنووسان و هاوکارانی میدیای بەندکراو یان شکاتلێکراو لەبەر کاریان و مامەڵەی خراپ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و ئازاردانیان لە گەلێ وڵاتدا دەخاتە ڕوو.
* شەڕ دەکات لە دژی سانسۆر و ئەو یاسایانەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی دەخەسێنن.
* ساڵانە هاوکاریی مادی دەدا بەزیاتر لە ١٠٠ ڕۆژنامەنووس یان بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی کە لە تەنگانەدان (پارەی پارێزەر و چاودێریی تەندروستی و کەلوپەلیان دەدا) هەروەها بەخێزانەیلی ڕۆژنامەنووسی بەندکراو.
* کار دەکات بۆ باشترکردنی سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ناوچەیلی شەڕ کار دەکەن.

ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور تۆمار کراوە لە فەرەنسا وەک ڕێکخراوێکی ناحکوومەتی و باری ڕاوێژکاری هەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

لە ٢٠٠٥، ڕێکخراوەکە خەڵاتی شاخارۆڤی پەرلەمانی ئەورووپای بردەوە بۆ ئازادیی بیر.

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی

ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور لە هەر پێنج کیشوەر هەیە لە ڕێگەی لقە نیشتمانییەکانی لە (نەمسا، بەلجیکا، کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، سوێد و سویسرا)، نووسینگەکانی: نیویۆرک، برۆکسل و واشنتۆن و زیاتر لە ١٣٠ پەیامنێری تری هەیە لە وڵاتانی تر. ڕێکخراوەکە لە نزیکەوە کار لەگەڵ گرووپی ئازادیی ڕۆژنامەوانیی هەرێمی و لۆکال دەکا کە ئەندامن لە تۆڕی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور، لە ئەفغانستان، بەنگلادیش، بیلاڕووسی، بێرما،

کۆڵۆمبیا، کۆنگی دیموکرات، ئەریتریا، کازاخستان، پاکستان، پیرۆ، رۆمانیا، رووسیا، سۆماڵیا و ئەمەریکا و تونس.

## پاشکۆی ٢

بەرنامەی دڵنیایی بۆ ڕۆژنامەنووسانی فریلانس و فۆتۆگرافەرانی سەر کار

بەحوکمی ئاگەداربوون لە مەترسییەکانی خزمەتگوزاریی زانیاریی گشتی، ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور و ڕێکخراوی Escapade Insurances دڵنیاییی تەندروستیی نێودەوڵەتی دابین دەکەن بۆ فۆتۆگرافەر، ڕۆژنامەنووس و فریلانس کاتێ لەسەر کارن لە دەرەوەی وڵاتیان. پاراستنەیلی لیستکراو لەو دوو پلانەی خوارەوە ٢٤ سەعاتە بۆ هەر کارێکی دەرەوەی وڵاتی ڕۆژنامەنووس، بەناوچە گەرمەکانی ئەمرۆشەوە:

چارەسەری ١: "پلانی سەرەکی" پاراستنی دەسبەجێ لە کاتی تەنگانە دابین دەکات.

چارەسەری ٢: "پلانی درێژخایەن" خزمەتگوزاریی زیاتری تەندروستی دابین دەکا (هەلومەرجی پێشینە، لەناو مارینی سەربازی، ناو سەیارە و ناو باڵەفڕ)، پارەی هیشکە دەدا لە حاڵەتی:

– مردنی کتوپڕ لەکاتی کارکردنی.

– کەمئەندامبوونی یان نەتوانینی کارکردن بەهۆی ڕووداوێکەوە.

وەسفی داپۆشین

هەردوو پلانی خوارەوە مەترسیی ئاکامەیلی کردەی تیرۆر و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی دادەپۆشێ:

تێبینی: پەیامنێر دەبێ لەو ڕووداوانە هەڵوەستە نەکات.

چارەسەری ١: هاوکاریی پەیامنێر= پلانی سەرەکی

ئەم بەرنامەی تەندروستییە جەخت دەکاتە سەر مەترسییە سەرەکییەکان، دێتە کرین بۆ کاری ڕۆژنامەوانی ، ماوەکەی لە ڕۆژێکەوە بۆ ٣٦٥ ڕۆژە.

* سنووری هەرێمی

– سەرانسەری دنیا لە دەرەوەی شوێنی دانیشتنت.

– ڕێژەیەکی بەجیا، لەگەڵ شتی زیادە بۆ وڵاتەیلی پڕ لە مەترسی وەک عێراق، ئەفغانستان، ئیسرائیل، وێست بانک، غەزە، کۆنگۆی دیموکرات، سۆماڵیا- یەمەن، جۆرجیا، فیدراسیۆنی رووسیا (شیشان، داغستان، ئینگوشیتا، ئۆسیتیای باکور)- گۆڕینی بابەت بێ تێبینی.

چارەسەری ٢: هاوکاریی پەیامنێر – پلانی درێژخایەن

ئەمەیان تێچووی پزیشکی دادەپۆشێ لە هەر وڵاتێکی بیانی لە حاڵەتی تەنگانە یان بینینی دوکتۆر. ئەمە هەیە تا تەمەنی ٦٥ساڵی.



هەولێرنامەی شێر

# تووڕەیی میسرییەکان
# پاش ڕاپەڕینەکەی تونس؟

د. عەبدولحوسێن شەعبان

ڕاپەڕینەکەی تونس کە زەینلعابدین بن عەلیی ناچار بەڕۆیشتن کرد، لە سنووری تونس نەوەستایەوە، بگرە بەرەو دەرەوە تەشەنەی کرد، ئەوە بوو زایەڵەی گەلی تونس لە چەندان وڵاتدا دەنگی دایەوە، ڕەنگە بەرجەستەترینیان ئەو بزاڤە میللییە سەرتاسەرییەی میسر بێت، کە یەکەمین بڵێسەی لە ٢٥ی کانوونی دووەم/ یەنایەری ٢٠١١دا بوو.

چۆن ڕاپەڕینی تونس لەخۆوە و بێ پلان بوو، ڕاپەڕینەکەی میسریش بەهەمان شێوە بوو، بۆ نارەزایی دەربڕین لە بەرابەر بێکاری و گەندەڵی و نەبوونی ئازادییەکان. بەم شێوەیە ئەو بڵێسەیەی لە سیدی بو زەید و ئەلقەسرەین و ئەسکەندەرییە و سوێس هەڵگیرسا، بووە ئاگرێکی وا گەورە لە چاوترووکانێکدا گرەکەی پۆلیسخانە و دەزگا ئەمنییەکانی ڕاماڵی، ڕووداوەکە لەناو پشتگیرییەکی میللیی بێ هاوتادا خۆی دووبارە دەکردەوە، لەمپەری ترسی بڕیبوو، کە ساڵانێکی زۆر هەژموونی بەسەریانەوە بوو.

هێزە سیاسی و سەندیکایی و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە میسر هاوتای تونس بەهەموو هاوبەشییە ناسراوەکانیان و بەگشت بۆچوونە جیاوازەکانیانەوە بەپەلە کەوتنە خۆ، تاکو بەکۆمەڵ سووربوونیان لەسەر گۆڕان ڕابگەیەنن، هەرچەندە لە تونس لەنێو سەرسوورمانێکی مەزندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، تاکو ئێستا لە میسردا بەردەوامە لە چوونە پێشەوە و خۆپێشاندان و بەدیهێنانی ئامانجی یەکەمی.

نەبوونی سەرکردایەتییەکی سیاسیی مەیدانی لە هەردوو وڵاتدا و بەردەوامیی دۆخی پشێوی و توندوتیژی، تونس دوای ئەویش میسریان لە بەرابەر دوو هەڵبژاردنی قورسدا سەرپشک کرد، یا

.........................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل



بەرەڵایی، بەتایبەت بەکاری تاڵان و بڕۆ و هەڵکوتانە سەر ماڵان و موڵکی گشتی و تایبەت، یانیش ڕادەستکردنی دەسەڵات بۆ سوپا. هەرچەندە سوپای تونس خۆی تێ هەڵقورتاند، تا کارەکە یەکلا بکاتەوە و پاڵەپەستۆیان بخاتە سەر بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییە میللییەکان، سوپای میسریش کۆشا بۆ هێمنکردنەوەی مەترسییەکان، نەخوازە دوای بزریی دەزگا ئەمنییەکان، ئەگەر تونس یەکەمین ڕاسپێریی هێنایە دی، ئەوا سیمای ئەزموونێکی جیا بەهەموو قورساییەکانییەوە خەریکە لە میسردا دەخەملێت.

ڕاستە بن عەلی حوسنی موبارەک نییە. یەکەمیان "بەناچاری" کاری خۆی یەکلا کردەوە، هەرچی دووەمە وەزارەتەکانی هەڵوەشاندەوە و وەزارەتەیلێکی نوێی پێک هێنان و عومەر سلێمانی بەجێگری خۆی دامەزراند، کە کەسایەتییەکی سەربازییە، ئۆپۆزسیۆنی میسری لەبارەیەوە دەڵێن بەڕێزە، بەڵام ئەوەندە بەس نییە بۆ بەدیهێنانی کرانەوە و چارەسەری گرێی فەرمانڕەوایی، ئەگەر فەرمانڕەوایی بە سێ کەسی سەربازی بەڕێوە بچێت، سەرۆک موبارەک و جەنەراڵ عومەر سلێمانی جێگر و جەنەراڵ ئەحمەد شەفیقی سەرۆک وەزیران، کەچی جەماوەر سوورە لەسەر دەرکردنی ڕێژیم.

بەم ئاوایە نارەزاییە ئاشتی ئامێزەکان خۆیان و ئیرادەیان لە بالاترین پراکتیزەکردنی ڕاستیخوازیدا لە کاتی ناتوندوتیژییەوە سەپاند، هەروەها لە گوزارشتکردن لە بیرورا لە ڕێگەی ئاشتی و بەرەنگاربوونەوەی گوللە بەسینگی ڕووتەوە، لە ئەنجامدا ئەم هەڵبژاردنە بەسەر هەڵبژاردنی پڕ لە توندوتیژیدا سەرکەوت، کە هەردوو ڕێژیمەکە لە تونس و میسر تا دوا سات پێوەی پێوەست بوون.

وەکو نەریتی ڕێژیمە تاکگەراکان هەردوو ڕێژیمی تونسی و میسری پشتیان بەپاڵپشتیی دەرەکی بەستبوو، بەو باوەڕەی بۆ بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکان دەستبەرداری هەندێک شت

ببن، بێ ئاوڕدانەوە لە گرفتەکانی میللەت و خەم و ئازارەکانیان، لە کاردانەوەی میللی دەیانپارێزێت، کە بەکەم سەیرکردن و گوێ پێنەدان و هەستنەکردن بەبەرپرسیارێتی ماماڵەیان لەگەڵدا کردن، ئەمەش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد و بووە هۆی دوورەپەرێزیی هەردوو ڕێژیمەکە و پاشان ڕووخانی یەکەم و بەردەوامبوونی خۆپێشاندان دژ بەدووەم، بەو شێوە مەدەنییە شارستانییە ئاشتییانە ورووژێنەرە.

لە دواییدا بن عەلی لە وانەکە گەیشت، تا بەخۆیدا بگات دوا سەر دەرهێنانیشی بۆ میللەتی ڕاپەڕیوی تونس هانابردنی بوو بۆ لێبووردەیی و لێخۆشبوون، چونکە هەندێک هەبوون "تەفرە"یان دا، لە هەوڵێکدا بۆ مانۆڕکردن تەکتیکی پاشەکشێی ڕێکخراوی هەڵبژارد، تاکو هەندێک داواکاریی میللەت بگرێتە خۆ و جەخت لەسەر "ڕاستگۆیی"ی قسەکانی بکاتەوە، ئیدی بەڵێنی کرانەوە و دابینکردنی ئازادییەکانی دا، بەجەختکردنەوە لەسەر ئەوەی سەرۆکایەتییەک نییە هەتاهەتایی بێت، وای دانابوو سوپا و هێزەکانی ڕۆئاوا، نەخوازە فرەنسا کار بۆ پارێزگاریکردنی بکەن، لێ قسەکانی ترسی میللەتیان نەڕەواندەوە و ئاسوودەییان لە دڵی جەماوەردا نەڕواند، هەروەها سوپا بەرەو لایەنگیریی گەل دژ بەدەسەڵات دەچوو، ڕێژیمی میسری هەرچەندە درەنگیش بوو لە وانەکە گەیشت، سەرۆک موبارەک بەڵێنی دیموکراسیی پتر و چاکسازی و وەڵامدانەوە بەداخوازییەکانی گەلی دا، نەخاسمە ئەوانی زۆر پێویست و بەپەلەن، ئەوی پێوەندە بەڕەوشی قورسی ئابوورییەوە، ئەوی مایەی سەیرە لەو ساتە ئاڵۆزانەدا، فرمانی بەجێگرەکەی دا پێوەندی بەئۆپۆزسیۆنەوە بکات و گوێ لە ڕایەکانیان بگرێت، ئەمەش بەدەر نەبوو لە ئیرادەی دەرەوە، لە لایەنی وڵاتە یەکگرتووەکان و زۆرێک لە وڵاتە ڕۆئاواییەکانەوە گوزارشتی لێ کرا.

محەمەد ئەلغەنووشی بەپێی "ڕاسپێری" دەسەڵاتی وەرگرت، ئەمەش مشتومڕێکی دەستووریی نایەوە، نەخوازە بن عەلی هیچ هیوایەکی گەڕانەوەی وەکو سەرۆک بۆ وڵاتەکەی بۆ نەمایەوە.

لەبەر ئەو ڕێککەوتەی هاوەڵەکانی پشتیان لێ کرد و جەنەراڵ ئەحمەد شەفیق بەپێ سپاردنی موبارەک خۆی سەرۆکایەتیی وەزیرانی گرتە دەست، کە تا نووسینی ئەم وتارە جڵەوی کارەکانی بەدەستەوە گرتووە، ئەگەرچی خەریکە لە پەنجەکانی دەترازێت، لێ گرەوی لەسەر ناوەندەکانی تر کرد، وێڕای پشتگیریی دەرەکی، بەتایبەت بەنائامادەیی سەرۆک موبارەک و ڕێژیمەکەی هاوسەنگیی نێودەوڵەتی لە ناوچەکە لەنگی تێ دەکەوێت، کە دەشێت درزێک بخاتە پێوەندیی میسری – ئیسرائیلییەوە، دووریش نییە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامە ئیمزاکراوەکانی نێوان هەردوو وڵات (کەمپ دێڤد) لە ساڵی ١٩٧٨ – ١٩٧٩ و بۆ پێداچوونەوە بەپرسی فەلەستین، چونکە لە سایەی ئەم ڕەوشەوە ئیسرائیل هەزاران سەربازی ئیسرائیلی لە بەری ئەوبەری غەزە لە ترسی پشتگیریی میسری نوێ بۆ ئەو کەرتە بڵاو کردووەتەوە.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتنیاهۆ لە نیگەرانیی ئیسرائیل لە بەرابەر لاسەنگیی هێزەکان ئاگەداری کردنەوە، کە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل زۆریان باس کرد، چونکە گۆڕینی ئەو




ڕێژیمانەی دەوری ئیسرائیلیان داوە، دوور نییە مەترسییەکی گەورەیان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییی ئیسرائیل لەخۆ گرتبێت، وەک چۆن ئیسرائیل خۆی بازاڕی بۆ گەرم دەکات، لە لایەنی بابەتییەوە دەشێت ڕێژیمە تازەکان پشت بەئەجێندای نوێ ببەستن، کارێ وا بکات بەسیاسەتی ئێستایاندا بچنەوە، ئەمەش یەکێک لە شیمانەکانی تووڕەییی میسرییەکانە.

ڕەنگە ئەو چارەنووسە "کارەساتبارە"ی ڕووبەڕووی زەینلعابدین بن عەلی بووەوە، نەخاسمە درامای گواستنەوەی باڵەفرە سەرۆکایەتییەکەی لە نێوان فڕگەکانی جیهاندا لە زەوییەک دەگەڕا لەسەری بنیشێتەوە، لە ناوەندی ڕەتکردنەوەی زۆربەی وڵاتە ڕۆئاواییییەکان و پشت لێکردنیان، هەر لە فرەنسا و ماڵتەی دراوسێوە تا دەگاتە ئیتالیا، دەلالەتێکی ڕەمزیی هەیە نەک تەنیا بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بگرە ڕوانینە داهاتوو، دوور نییە سێناریۆی وا لەگەڵ سەرۆکەکانی تری ناوچەکەدا، ئەگەر باش لە وانەکە نەگەن دووبارە ببێتەوە.

گەر سەرۆک موبارەک کەللەڕەقتر بێت، دەشێت بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان تووشی پێکدادانی بکەن، سوپا وەکو گەمەکەرێکی سەرەکی خۆی تێ هەڵقورتێنێت، جا ئیتر بۆ خۆی بێت یا بۆ حسێبی یەکێک لە لایەنەکان و کار لە هاوکێشە سیاسییەکە بکات.

هەردوو ڕووداوی تونسی و میسری دەلالەتێکی گرینگ دەخەنە ڕوو، ئەویش ئەوەیە دەستبەسەرداگرتنی ئیرادەی گەل سنووری هەیە، نەخوازە کاتێک لە وزە دەرچوو، ئەو کات گۆڕان دەبێتە کارێکی حەتمی.

هەردوو ڕووداوەکەش پشتیان بە هێزی خۆیی بەست، چارەسەر لە دەرەوەی سنوورەوە زامنی بۆ فەرمانڕەواکان، یاخۆ ئۆپۆزسیۆنەکان دروست ناکات، بگرە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ناسنامەی نیشتمانی و یەکەتیی نیشتمانی، هەروەها یەکەمین وانەی دیموکراسی بەپشێوی دەست پێ ناکات، جا ئەگەر باش بێت یا خراپ، پرۆژەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، یاخۆ نوێ بەپێی چارەسەری دەرەکی نایەتە دی، وەڵامیش بەخواستەکانی میللەتانی ناوچەکە و مافەکانیان ناداتەوە، نەخوازەڵا لە پێشی پێشەوە مافی گەلی عەرەبی فەلەستین لە دەستنیشانکردنی چارەی

خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی وا شایان بەژیان بێت، ئینجا مافی پەناهەندەکان لە گەڕانەوەدا.

هەروەها لە دەلالەتەکانی هەردوو ڕاپەڕینەکەی تونس و میسر، ڕۆڵی گەورەی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیا و گەیاندن بوو، ئیتر هیچ ئامرازێکی سەرکوتکردن ناتوانێت بە ڕووی تەکنەلۆجیای نوێدا بوەستێتەوە، کە توانی کات و شوێن ببەزێنێ و لە ڕێگەی فەیس بوک و تویتەر و ئینتەرنێت و مۆبایلەوە لە چەند ساتێکی کەمی ڕووداوەکەدا وێنە و دەنگ و پیت بۆ ئەوپەڕی دنیا بگوازێتەوە، تاکو وێنەی بوعەزیزی لە چەند چرکەیەکدا لە سیدی بوزەید بۆ گشت شار و گوند و شەقامێک لە تونس و سەرتاپای جیهان دەربهێنێت، تا ڕاپەڕینەکە کڵپە بگرێت و ببێتە هۆی سەرهەڵگرتنی سەرۆک بن عەلی، وەک چۆن وێنەی خۆپێشاندانەکانی لە شارەکانی میسر و شەقام و گەڕەکەکانیەوە بۆ سەرتاپای جیهان گواستەوە، هەڵبەت داخستنی کەناڵی ئەلجەزیرە، یاخۆ بڕینی ئینتەرنێت و مۆبایل لە وەستاندنی هاژەی شەپۆلی ئەو مرۆیانەی داوای گۆڕانیان دەکرد بێ سوود بوو.

تونسی و میسرییەکان بەپلەی نایاب لە بەدیهێنانی شۆڕشی ئاشتیخوازانەدا سەرکەوتن، ئەویش بەشێوازە سەرکەوتووانەکەی کە ناتوندوتیژییە، ئەمەش ئەگەر شتێک بگەیەنێت نیشانەی ئەوەیە، تونسی و میسرییەکان گەیشتوونەتە قۆناغێک لە هۆشیاری و ڕۆشنبیری و نیشتمانپەروەری بۆ پاراستنی نیشتمان لە سووتان و پارێزگاری خوێنی نیشتمانی.

کاتی یەکخستنی ڕەوشەکە و تیمارکردنی زامەکان و ڕزگاربوون لە دیمەنێلی وێرانکردن و شێواندن و بێ ئومێدی هاتووە، بۆ بەرەوپێش ڕێکردن، نیوەی سەرکەوتن هاتووەتە دی و کاری بنیاتنان و پەرەپێدان و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی درێژ دەبێت، کە نیوە گرینگترینەکەی هەموو شەڕێکە.

یەکێتیی نیشتمانی سەرجەم ڕەوت و هێزەکان بەهەموو شێوە و بۆچوونە فەلسەفی و سیاسییەکانیەوە، پشکدار بوون لە پشتگیریکردنی لێشاوی جەماوەری، کە ڕابەریی لاوە تووڕەکانی کرد، نەخوازە بەیەکەتیی ئامانج و بەشبەش نەکردنی داخوازییەکان، حزب و هێزە سیاسی و مەدەنییەکان وێڕای جیاوازیی بۆچوونەکانیان لەسەر ئامانجی هاوبەش پێک گەیشتن، بەمە ئەو دەرفەتەیان لە دەستی دەسەڵاتی هەردوو وڵاتەکە دەرکرد یەکیان لە دژی ئەوی تر بانگ بکەن.

ڕووداوەکانی تونس و میسر دەریان خست لاوان تانوپۆی ڕاپەڕینەکەن، نەخاسمە خوێندەوار و ڕۆڵەکانی چینی ناوەند و خودان بڕوانامە زانکۆییەکان، واتا بەتەنیا نان بزوێنەری بنچینەیی نەبوو، بگرە کەرامەت و هەستکردن بەبێ دادی و فەرامۆشی و بێکاری و نەبوونی ئازادییەکان بناغە بوون بۆ دابەزینی جەماوەری خرۆشاو بۆ سەر شەقامەکان، ئەوی چەندێک چاوەڕوانی درێژە بکێشێت ئیرادەی خۆی هەر دەسەپێنێت.

# ڕەوشی نالەباری میسر

رۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی

**باری گشتیی وڵاتی میسر**

**ڕێژیم**

سەرۆک موبارەک ماوەی ٣٠ ساڵە فەرمانڕەوای میسرە. کاتێک ساڵی ١٩٨١ سەرۆکی پێشوو ئەنوەر سادات لەلایەن ئیسلامییەکانەوە تیرۆر کرا، ئەو دەسەڵاتی سیاسیی میسری گرتە دەست. ڕێژیمی موبارەک پشت بە کۆمەڵێک کۆڵەکەی سەرەکی دەبەستێ. لەوانە: سوپا، پۆلیس، دەزگای هەواڵگری و ئاسایش (مخابرات)، پارتی نیشتمانیی میسری. لە پاش تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات، یاسای باری نائاسایی بەرقەرارە. ئەمەش یارمەتی ڕێژیمی دەدات، کە ئازادیی سیاسی زۆر کەم بکاتەوە و پۆلیس بەئارەزووی خۆی ئازاری خەڵکی بدا.

**ئۆپۆزسیۆن**

ڕاستە ئێستا میدیاکان دەتوانن ئازادانەتر لە پێشووتر بابەت بڵاو بکەنەوە، ئۆپۆزسیۆنیش بەشێوەیەکی سنووردار دەتوانێ خۆی ئۆرگانیزە بکا، بەڵام ناتوانێ بەشێوەیەکی جیدی و ڕاست بەشداری هەڵبژاردنەکان بکا. بەهێزترین باڵی ئۆپۆزسیۆنیش پارتی ئیخوان موسلمینە. بەڵام ئەم خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە زیاتر لە ڕێگەی بەرەی (٦ ئەپریل)وە ئۆرگانیزە دەکرێ، کە زیاتر هێزی گەنج و لیبڕاڵ و ئازاد تێیدا بەشدارن. ئەمانەش هەموویان لە ڕێگەی پلاتفۆرمی ئینتەرنێتی فێیس بووکەوە خۆیان ئۆرگانیزە دەکەن.

---

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



### میدیا

میدیاکان گرینگترین فۆرمن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بۆچوونی نەیارانی ڕێژیمی میسری. کۆمەڵێک ڕۆژنامە و سایتی ئینتەرنێتی ئازاد هەیە، لە پێش هەمووشیانەوە ڕۆژنامەی (مصر الیوم). جگە لەمانیش کەناڵی تیڤی جەزیرە، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لەم وڵاتە، ڕۆژانە هەواڵ و چالاکییەکانی خەڵکی و ئۆپۆزسیۆنی میسری بڵاو دەکاتەوە. هەر بۆیە ڕۆژی یەکشەمە بەتەواوی ئەم کەناڵە لەم وڵاتەدا ڕاگیرا.

### سوپا

هەموو سەرۆکێکی میسر لە پاش شۆڕشی ١٩٥٢وە، بە حوسنی مووبارەکیشەوە، هەموویان لە هێزە چەکدارەکانەوە هاتوون. جێگری نوێی سەرۆک، عومەر سولەیمان کە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریشە، هەروەها سەرۆک وەزیرانی نوێش ئەحمەد شەفیق، هەردووکیان پێشتر جەنەڕاڵی سەربازی بوونە. سوپای میسری دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەتدا. ئەوان خاوەنی دادگەی تایبەت، کۆمپانیای تایبەت، کە زۆرجار بازرگانیی وڵاتیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە. جەنەڕاڵەکان لە بارێکی باشدا ژیان بەسەر دەبەن و لە سەرووی هەموو شتێکن. هەر بۆیە پێیان باش نییە ئەم هەموو دەستکەوتانەیان لە دەست بچێ. لێرەدا دەکرێ پێشبینیی ئەوە بکەین، کە سوپا دژی خەڵکی نارازی و خۆپێشاندەران دەوەستێتەوە و هێزی خۆی لە دژیان بەکار دەهێنێ. لە هەمان کاتیشدا ڕێی تێ دەچێت، کە سوپا دژی فەرمانڕەوای وڵات بوەستێتەوە و بەم شێوەیەش کۆتایی بە قۆناخێکی درێژی ئەم وڵاتە بهێنێت و قۆناخێکی نوێ دەست پێ بکا.

### پۆلیس

لەلایەن هەموو میسرییەکانەوە بەچاوێکی ڕق و سووک و ناشرین سەیر دەکرێ. کارمەندە گەندەڵەکانی کە ڕۆژانە خەڵکی دەستگیر و عەرەبانچییەکان نارەحەت دەکەن. لە بنکەکانی پۆلیس

و گرتووخانەکاندا، خەڵکی تاوانکار و سیاسی بەبێ هۆ ئازار و ئەشکەنجە دەدەن. بەچەندان شێوازی نامرۆڤانە و دوور لە پرەنسیپی دیموکراسییانە، هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی سڤیلی میسردا دەکەن. هەر بۆیە بەشێکی زۆری میسرییەکان ڕقیان لەم دەزگایە دەبێتەوە. بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی تاڵانی و دزییەکی زۆر، کە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا ڕووی دا، خەڵکی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ ئەم دەزگایەش کۆتایی بەم هەرایە نایەت و ئارامی و ئاسایش ناگەڕێتەوە بۆ وڵات.

## موبارەک داوا لە سەرۆک وەزیران دەکات کە ریفۆرم بکا

سەرۆکی میسر حوسنی موبارەک لە نامەیەکدا بەڵێنی دا کە ریفۆرم بکا. سەرۆک وەزیرانی نوێی دەبێ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەم بریارانە جێبەجێ بکا. ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایان گەیاند کە سەرۆکی میسری حوسنی موبارەک، پاش پاڵەپەستۆیەکی زۆری خەڵکی، داوای لە سەرۆک وەزیرانی نوێی (ئەحمەد شەریف) کردووە، کە کۆمەڵێک ریفۆرمی سیاسی بکا. موبارەک لە نمایشێکی تەلەڤزیۆنیدا، لە کاتی وەرگرتنی وەرقەی بوون بە سەرۆک وەزیرانی نوێ وتی:



(من داواکارم لێتان، کە جارێکی تر متمانە بۆ ئابووری وڵاتەکەمان بگەڕێنیتەوە).

پێویستە دەزگاکانی دەوڵەت بپارێزرێ، هەوڵی دژایەتی و لەناوبردنی گەندەڵی بکرێ، هەلی کاری نوێ بۆ بێکارەکان بخووڵقێنرێت. ئەم هەنگاوانە بەگشتی گرینگن بۆ ئەوەی ریفۆرمی سیاسی بەپێی یاسای بنەڕەتی و دەستووری وڵات ئەنجام بدرێت. هەروەها موبارەک ڕای گەیاند کە ئامادەیە (لەگەڵ پارتەکانی تری میسر) گفتوگۆ بکا. ئاژانسی هەواڵی حکوومی (مینا) ڕای گەیاند، کە موبارەک لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا بەسەرۆکی ئەمەریکا (باراک ئۆباما)ی راگەیاند، کە ئامادەیە ریفۆرمی سیاسی لە وڵاتدا بکا. جێگەی ئاماژەیە موبارەک کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە فەرمانڕەوایی میسر دەکات، یەکێکە لە باشترین هاوپەیمانانی ئەمەریکا لە رۆهەڵاتی ناڤین، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل.

## بۆچوونی سیاسییە ئەڵمانییەکان

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەرینە جەماوەرییەکانی میسر، سیاسییە ئەڵمانییەکان ترسێکی زۆریان لێ نیشتووە، کە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەسەڵات بگرنە دەست. وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی فراکسیۆنی (CDU;CSU، پارتی مەسیحی دیموکراتی ئەڵمانی، پارتی مەسیحی سۆسیالی

ئەڵمانی Philipp Missfelder) بە ڕۆژنامەی " Bild- Zeitung ڕاگەیاند:

(هێشتا دیار نییە کە ئۆپۆزسیۆن لە میسر بەرەو کوێ دەڕوات. ئێمە هێشتا بە چاوی پرسیارەوە بۆ ئەوە دەڕوانین، کە ئاخۆ ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین یان ئیسلامییە توندڕەوەکانی تر، سوود لەم ڕاپەڕینە وەردەگرن؟، وڵاتیش بەئاراستەیەک بەرن کە دژی خواستەکانی ئێمە بێ)

پەرلەمانتار و وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی (FDP پارتی لیبراڵی ئەڵمانی) Bijan Djir-Sarai وتی:

(من دەترسم ئیسلامییە توندڕەوەکان ئەم هەلە بقۆزنەوە. میسر بە ئاراستەیەکی پێچەوانە بەرن) پاشان Bijan Djir-Sarai ڕوونی کردەوە، کە ئەو دەترسێ هەمان سیناریۆی ئێران دووبارە بێتەوە. وێنەکانی قاهیرە هەمان وێنەی ساڵی ١٩٧٨ ڕووخانی شای ئێرانمان وەبیر دەهێنێتەوە. ئەو کات ئیسلامییە توندڕەوەکان توانییان دەسەڵات لە ئێران بگرنە دەست.

هەروەها سەوزەکانیش (مەبەستی پارتی سەوزی ئەڵمانییە. وەرگێڕ) زۆر بە دوودڵییەوە سەیری ڕووداوەکانی میسر دەکەن. Juergen Trittin سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزەکان لە پەرلەمانی ئەڵمانیا وتی:

(چەندە لە دروستکردنی سیستەمێکی دیموکراتی و ئابوورییەکی پێشکەوتوو و حکوومەتێکی پاک زوو بکرێت باشترە، بەم شێوەیەش شانسی ئیسلامییەکانیش خراپتر دەبێ. هەر بۆیە باشترە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک موبارەک واز لە دەسەڵات بهێنێ و حکوومەتێکی نوێ دروست بکرێ، کە بەشێوەیەکی دیموکراتی لەلایەن خەڵکی میسرەوە هەڵبژێرێ.)

## بێگانەکان میسر بەجێ دەهێڵن

بەحوکمی بوونی نائارامی و بەرقەرارنەبوونی ئاسایش لە میسر، چەندان وڵات داوایان لە هاووڵاتییانی خۆیان کردووە، کە ئەم وڵاتە جێ بهێڵن. سەفیری ئەمەریکا لە میسر رای گەیاند: (لە رۆژی دووشەمەوە " واتە ٢٠١١/٢/٣١ " دەست دەکەن بە گواستنەوەی هاووڵاتییانی ئەمەریکایی بۆ چەند شوێنێکی ئارام لە ئەوروپا). هەروەها وەزارەتی دەرەوەش (ئەڵمانیا. وەرگێڕ)، داوای لە هاووڵاتییان کرد، ئەوانەی کە ئێستا لە قاهیرە و ئەسکەندەریە و کەنداوی سویس و ناوەوەی میسرن، بە زووترین کات ئەم وڵاتە جێ بهێڵن. جگە لە ئەمەریکا وڵاتانی تریش، کەنەدا، سویسرا، هەنگاوی زیاتریان ناوە. ئەمان داوایان لە هاووڵاتییانیان کرد کە ئێستا لە میسرن، بەزووترین کات بۆ وڵاتێکی نزیک و ئارامتر هەڵبێن. بەرپرسی کۆنسوڵخانەکان لە وەزارەتی درەوەی ئەمەریکا Janice Jacobs وتی: (پێویستە هاووڵاتییە ئەمەریکاییەکان خۆیان پارەی باڵەفرە بدەن، پاشان لە ئەوروپاوە لەسەر حسابی خۆیان بۆ وڵات بگەڕێنەوە). بەڵام وەزیری دەرەوەی کەنەدا ڕای گەیاند، کە ئەوان بلیتی باڵەفرە لە میسرەوە بۆ ئەوروپا، دەدەنە هاووڵاتییانی خۆیان.



جگە لە ئەڵمانیا کۆمەڵێک وڵاتی تر داوایان لە هاووڵاتییان کردووە کە سەردانی میسر نەکەن. لەوانە: ئۆستراليا، بەلجیکا، چین، فرەنسا، فینلاند، پۆلۆنیا، رووسیا و سوێد. ئەمانە هەموو داوایان لە هاووڵاتییانی خۆیان کردووە بەم زووانە سەردانی وڵاتی میسر نەکەن.

هەروەها خەڵکانێکی زۆری میسریش هەوڵی هەڵهاتن و بەجێهێشتن دەدەن، بەتایبەت چینە دەوڵەمەندەکان و خەڵکە بەناوبانگەکانی ئەم وڵاتە. ئەمانە لە ڕێگەی باڵەفڕەی تایبەتی و بلیتی گرانبەهاوە، هەوڵی دەرچوونی خۆیان دەدەن.

هەروەها کۆمپانیا گەورەکانی جیهانیش بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری نەوتدا کار دەکەن، بیر لەوە دەکەنەوە کە لە رۆژانی داهاتوودا، کارمەندەکانی خۆیان لەم وڵاتە بکشێننەوە. دیارە ئەمەش کاریگەریی زۆری بۆ سەر خزمەتگوزاریی جیهانی و بازاڕی نەوت دەبێ. وتەبێژی کۆمپانیای. BP Robert Wine، رای گەیاند (ئێمە ئێستا بیر لەوە دەکەینەوە کە چی بکەین و چۆن خانەوادەکانمان لەم وڵاتە دەر بکەین). جێگەی ئامازەیە ماوەی ٤٠ ساڵە ئەم کۆمپانیایە لەم وڵاتەدا کار دەکات.

هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ و دیپلۆماتی نێونەتەوەییی موحەمەد بەرادعی، بەپێی ئاژانسی هەواڵی رۆیتەر، بووەتە وتەبێژ و نوێنەری ئۆپۆزسیۆن و خۆپێشاندانەکان. بەئامادەبوونی هەزاران کەس لە گۆڕەپانی تەحریر لە قاهیرە رای گەیاند. ئەو لەلایەن بەرەی دژە رێژیمەوە راسپێردراوە کە لەگەڵ سوپای میسر گفتوگۆ بکا، بۆ ئەوەی حکوومەتێکی کاتی دروست بکا، کە هەموو هێزە نیشتمانییەکان تێیدا بەشداربن. جێگەی ئامازەیە محەمەد بەرادعی پێشتر سەرۆکی دەزگای ئەتۆمی جیهان IAEA بوو کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە UN. ئەوەی جێگەی تێڕامان بوو کە توندوتیژی چەند رۆژی پێشوو بەرەو کەمبوونەوە دەچێ. پاشتر بەرادعی لە بەردەم ئاپۆڕەیەکی جەماوەری رای گەیاند (لەم چەند رۆژەی داهاتوودا چاوەڕوانی گۆڕانی گەورە بن). پاشتر وتی (ئێمە تەنیا یەک داواکاریمان هەیە. ئەویش ڕووخان و کۆتاییهاتنی رێژیم و دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ. میسرێکی نوێ). پاشان لەناو ئاپۆڕە جەماوەرییەکەدا، خەڵکی هاواریان دەکرد" گەل داوای ڕووخانی رێژیم دەکات ". بەرادعی بەشێوەیەکی ئاشتییانە خۆی خستە ناو کۆمەڵێک

سەرباز و پۆلیس، هەوڵی قسەکردن و گفتوگۆکردنی لەگەڵ دەدان، هەرچەندە لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا خەڵکیان زۆر ئازار داوە و خەڵکانێکی زۆریشیان کوشتووە و بریندار کردووە.

## دزی و تالآنی

بەهۆی سەرهەڵدانی تالآنی و دزییەکی زۆر، بەپێی هەواڵی تەلەڤزیۆنی حکوومی، پۆلیسی میسری ڕۆژی یەکشەمە رای گەیاند، کە جارێکی تر هێزی خۆیان بە چڕی دەخەنە ناو شەقام و گۆڕەپانەکانی میسر. وەزیری دەرکراوی ناوەخۆی میسر (حەبیب عادلی)، داوای لە هەموو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش کرد، کە ئارامی و ئاسایش لە هەموو میسردا بپارێزن. پاشان تەلەڤزیۆنی حکوومی میسری ڕای گەیاند، کە بریاری قەدەخەکردنی هاتوچۆ یەکەم جار لە کاتژمێر ١٦,٠٠ بۆ ٨ی بەیانی پاشان لە کاتژمێر ١٥,٠٠، هەتا کاتژمێر ٨,٠٠ بەیانی هاتوچۆ قەدەخە کراوە.

حوسنی موبارەک فەرمانڕەوای میسر، داوای لە سەرۆک وەزیرانی نوێ ئەحمەد شەفیق کرد، کە ئارامی و ئاسایش بگەڕێنێتەوە بۆ تەواوی وڵات. ئەم قسانەش لەمیانەی ئەو چاوپێکەوتنەدا بوو کاتێک موبارەک، چاوی بە سەرۆک وەزیرانە تازەکەی کەوت، هەروەک دەزگای هەواڵی حکوومی مینا رای گەیاند. هەروەها موبارەک داوای لە جێگرە نوێکەی (عومەر سولەیمان) کرد، کە (کۆمەڵێک ریفۆرمی سیاسی) بە ئەنجام بگەیەنێ.

## ئەمەریکا و کێشەی میسر

کەسایەتی ناوداری ئۆپۆزسیۆنی میسری محەمەد بەرادعی، داوای لە سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما کرد، کە چیی تر پشتگیری سەرۆک حوسنی موبارەک نەکات. لە یەکێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانی ئەمەریکا، داوای لە حکوومەتی ئەمەریکا کرد، کە زیاتر گرینگی بدا بە خۆپێشاندانەکانی میسر، پاشان وتی:

(باشترە سەرۆک باراک ئۆباما، داوا لە سەرۆک موبارەک بکا و پێی بڵێت " ئێستا کاتی ئەوەیە کە بڕۆیت") ئەمەریکا داوای لە موبارەک کرد کە ریفۆرمی سیاسی بکا، بەڵام بەڕێوبەری پێشووی دەزگای ئەتۆمی جیهان IAEA محەمەد بەرادعی، ئەم هەنگاوەی ئەمەریکای بەکەم زانی. پاشتر وتی: (حکوومەتی ئەمەریکا نابێت چاوەڕێی ئەوە بێ، کە گەلی میسری باوەڕ بە دیکتاتۆرێک بکەن، کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە حوکم دەکات، ئێستا ئەم پیاوە بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێ).

وەزیری دەرەوی ئەمەریکا هیلاری کلینتۆن داوای لە موبارەک کرد، کە هەوڵی جیدیتر بدا بۆ بە دیموکراسیکردنی سیستەمی سیاسیی میسر، بەڵام داوای دەست لە کارکێشانەوەی لێ نەکردووە. جێگەی ئاماژەیە وڵاتی میسر یەکێکە لە هاوپەیمانە گرینگەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ساڵانە نێزیکەی ١,٥ ملیار دۆلار وەکو یارمەتی لە ئەمەریکا وەردەگرێ.

## ئەڵمانیا و کێشەی میسر

وتەبێژی فەرمیی حکوومەتی ئەڵمانیا Steffen Seibert ڕای گەیاند کە، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجیلا مێرکل، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا، داوای لە سەرۆک حوسنی موبارەک کردووە، کە هەوڵ بدا چارەسەرێکی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی بدۆزێتەوە بۆ کێشەکان، هەروەها داوای کردووە کە هێزە چەکدارەکانی میسر، چەک لە دژی خەڵکی سڤیل بەکار نەهێنن. لە هەمان کاتیشدا مێرکل داوای لە موبارەک کردووە، کە ڕێگە بە خۆپیشاندان و ئازادی ڕادەربڕین و میدیای ئازاد بدا. ئەو حکوومەتە نوێیەی کە موبارەک دای ناوە، پێویستە ریفۆرمی گەورە ئەنجام بدا، لە پێش هەمووشیانەوە داخوازییەکانی گەلی میسری دابین بکا، لە پێش هەموویانەوە کێشەی گەنجان (کە بریتییە لە بێکاری و نەبوونی ئازادی) چارەسەر بکا.

وەزیری دەرەوە (Guido Westerwelle) لە بەرنامەی "Bericht aus Berlin", لە کەناڵی تیڤی ARD وتی: (بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لە دژی خۆپیشاندەران، زەرەری زۆری بۆ پرۆسەی سیاسی میسری دەبێت. و دەکرێت ئەمانە لەلایەن هێزە توندڕەوەکان و ئیسلامییەکان بەکار بهێنرێت و سوودی لێ وەربگرن). پاشان ڤێستەڤێلە دووپاتی کردەوە، کە وەزارەتی دەرەوە، داوا لە هاووڵاتییان دەکات کە سەردانی میسر نەکەن، تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە کاری گرینگیان هەیە، بۆیان هەیە سەردانی ئەم وڵاتە بکەن.

هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و پێشەوای ئۆپۆزسیۆنی میسری محەمەد بەرادعی، ڕۆژی یەکشەمە لە نزیک گۆڕەپانی تەحریر (گۆڕەپانی ئازادی) لە قاهیرە دەرکەوت. لە گۆڕەپانەکەدا هەزاران کەس ئامادە بوون و داوای دەست لەکارکێشانەوە و ڕووخانی ڕێژیمی حوسنی موبارەکیان کرد. گۆڕەپانی تەحریر لە چەند ڕۆژی پێشوودا، گرینگترین شوێنی سیاسی میسرە و بووەتە قەڵایەکی سیاسی بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە دژی حکوومەتی موبارەک خۆپیشاندان دەکەن. محەمەد بەرادعی کە حوکمی قەدەخەکردنی هاتووچۆی لەسەرە و لە ماڵەکەی خۆی زیاتر بۆی نییە بچێتە دەرەوە (بەپێی بڕیاری دادگەی حکوومی، هەرچەندە ئەو ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێ ناکات. وەرگێڕ) لە قاهیرە لە ماڵەکەی خۆی، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی (CNN)ی ئەمەریکایی وتی:

(میسر دەسووتێ، ئەم وڵاتە بەرەو ڕووخان و داڕمان دەچێ، لە هەموو شوێنێک تاڵانی دەستی پێ کردووە. هەر بۆیە داوای حکوومەتێکی نیشتمانی کاتی دەکەم) پاشتر ڕوونی کردەوە، کە سوپای میسر ناتوانێ کۆنترۆڵی وڵات بکا. (ئەوەی ئێمە ئێستا پێویستیمان پێیەتی، دروستبوونی حکوومەتێکی نیشتمانیی یەکگرتووە). لە هەمان کاتیشدا جارێکی تر داوای لە سەرۆک حوسنی موبارەک کرد، کە واز لە سەرۆکایەتی بهێنێ. پاشتر وتی: (ئەو لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دەبێ وڵات بەجێ بهێڵێ. لە ماوەی سێ یان چوار ڕۆژی تر کۆتایی بەحوکمی ئەو دێت. میسر پێویستی

بە گۆڕانکارییەکی گەورە هەیە، کە بتوانێ لە سیستەمێکی دیکتاتۆرییەوە بەرەو سیستەمێکی دیموکراسی هەنگاو بنێ).

هێزە ئاسمانییەکانی میسر، چەندان جار بە باڵەفڕەی گەورەوە بە ئاسمانی قاهیرەدا دەفڕن، کە زیاتر بۆ ترساندنی خۆپیشاندەرانە. ئەم فڕۆکانە دەنگە بەرزەکانیان پایتەخت دەهەژێنێ. هەرچەندە لە سەنتەری شاردا، هەزاران کەس خۆپیشاندان دەکەن و بە دەنگی بەرز داوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی میسری حوسنی موبارەک دەکەن.

پێشتر تەلەڤزیۆنی میسری چەند دیمەنێکی پێشان دا، کە سەرۆک حوسنی موبارەک سەردانی بنکەی سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکانی میسری کردووە. هەروەها لە دیمەنێکی تردا چاوی کەوتووە بە جێگرە نوێکەی (عومەر سولەیمان) کە پێشتر سەرۆکی دەزگای هەواڵگری بوو. هەروەها چاوی بە سەرۆک ئەرکانی سوپای میسری سامی عەنان و وەزیری دەرکراوی بەرگری محەمەد حوسێن طەنطاوی کەوتووە.

## ئیخوان موسلمین و راپەڕین

ئیخوان موسلمینی میسر، داوای وازهێنان لە سەرۆک حوسنی موبارەک دەکەن، هەروەها داوایان لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی میسر کردووە، کە حکوومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو دروست بکەن . لەگەڵ وەرگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و سیاسەتمەداری ئۆپۆزسیۆن، محەمەد بەرادعیش گفتوگۆیان کردووە. هەموو ئەمانەش وتەبێژی فەرمیی ئیخوان موسلمین، جەمال ناسر، لە رۆژی یەکشەمە بە میدیاکانی راگەیاند. هەروەها جەمال ناسر وتی:

(ئێمە تەنیا لەگەڵ محەمەد بەرادعی قسە ناکەین، بگرە لەگەڵ هەموو هێزەکانی تریش ئامادەین، گفتوگۆ بکەین). هەروەها جەمال ناسر داوای کرد کە یاسای باری نائاسایی لاببرێت، کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە لە میسر پەیڕەو دەکرێ. هەروەها پێویستە هەموو بەرپرسە کۆنەکانی رژێم و پارتی نیشتمانیی میسری فەرمانڕەوا لەناو ببرێ و لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە. هەروەها پیویستە



لیـژنەیەکی تـایبـەت دابـنرێ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگـەڵ ئەو کـەسـانە بکرێ، کـە دژی خـەڵکی و خۆپێشـاندەران، توندوتیـژییـان بەکار هێناوە. لە هـەمـان کاتیـشدا رای گەیاند کە ئامـادەن لەگەڵ سوپا گفتوگۆ بکەن.

نەیارانی سەرۆکی میسری حوسنی موبارەک لە ماوەی شەش رۆژی پێشـوودا، هەموو رۆژێک لە گۆڕەپانی (تحریر) لە قاهیرە کۆ دەبنەوە. لە ئێوارەی رۆژی یەکشەمەش، دیسـانەوە هـەزاران کەس لە گـۆڕەپـانـی (تحـریر) دژی رێژیمـی مـوبـارەک کـۆ بوونەوە. بەپێی هەندێک سـەرچاوە، ژمـارەی خۆپێشاندەران، لە چاو رۆژانی تر کەمتر بووەتەوە. ئەوەی زۆر بەڕوونی دیاربوو، سـوپا لە هـەموو شوێنێکدا ئامادەبوو، بەڵام هێزی لە دژی خۆپێشاندەران بەکار نەدەهێنا.

## کارەکانی سەفارەتی ئەڵمانی لە قاهیرە

بەحوکمی بوونی نائارامی و سەرهەڵدانی راپەڕین لە میسر، سەفارەتی ئەڵمانی لە قاهیرە، خۆیان ئامـادە کـردووە بۆ کـارئاسـانیکردن و هاوکـاریکردنی ئەو ئەڵمـانانـەی کـە لـەو وڵاتەدان. رۆژی یەکشـەمـە وەزارەتی دەرەوە رای گـەیاند، کـە شـاندێکی تری کارمـەندانی دیپلۆماسـی دەنێرێتـە مـیسـر، بۆ ئەوەی یارمـەتیی کارمـەندانی سـەفارەتی ئەڵمـانـی لە قـاهـیرە بدەن. جێگەی ئاماژەیە ژمارەی کارمـەندانی سـەفارەت دەگاتە ٤٠ کەس. ناردنی ئەم شـاندە نوێیـە، بۆ ئەوەیە هێزوتینی زیاتر بە کارمـەندانی سەفارەت بدا. کۆمپانیای لوفتتانزەی (کۆمپانیایەکی گەورەی باڵەفڕەوانی و گـەشـتـوگـوزارە لە ئەڵمـانیـا و جیـهـان زۆر ناودارە. وەرگێـر)، ڕای گـەیاند کـە رۆژی دووشـەمـە فـڕۆکەیەکی هـەیە لە قـاهیرەوە بۆ فرانکفۆرت. هـەروەک وتەبێژی کۆمپانیاکە ڕای گەیاند، کە جگە لەو باڵەفڕەیە، چەند فڕۆکەیەکی تریشیان ئامادەیە بۆ گواستنەوەی ئەڵمانەکان لە میسر. وەزارەتی دەرەوە ڕای گەیاند، کـە لەگەڵ لوفتتـانزە کۆمـەڵێک بۆنـدیان مـۆر کردووە و بۆ ناردنی بـاڵەفڕە بۆ میسر، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان بگەیەنێتەوە ئەڵمانیا.

## ڕۆڵی سوپا

سـەرۆکی مـیسـری حـوسنی مـوبارەک لە مـاوەی شـەش رۆژی ڕابردوودا کـە خـۆپێـشـاندان دژی رێژیمەکەی دەکرا بێدەنگ بوو، بەڵام تـەلەڤزیۆنی فـەرمـیی مـیسـری نوێترین دیمەنی پێشـان دا، کاتێک موبارەک سەردانی بنکەی سەرکردایەتیی سوپای میسری کرد. لە هـەمان کاتدا بۆ هـەرێمی سـینـا، سـەرۆکی شـارەوانییـەکی نوێی دامـەزراند.. جێگەی ئامـاژەیە لەم سـەردانـەیدا، مـوبارەک لەگـەڵ عـومـەر سـولەیمـانی جـێگری و سـەرۆکی دەزگـای هەواڵگریی مـیـسـری لـەگـەڵ بوو. بەڵام تەلەڤزیۆنی فـەرمـی ڕوونی نەکردەوە، کە سـەرۆک چ بنکەیەکی سـەربـازی بەسـەرکردووەتەوە (واتـە شوێنەکەی دیاری نەکردووە. وەرگێڕ)

## ژمارەی قوربانی و تالآنی و گەشتیارانی بیانی

لە خۆپیشاندانەکانی چەند رۆژی رابردوودا کۆمەڵێک کەس بوونە قوربانی، ژمارەی قوربانییان رۆژی یەکشەمە (٢٠١١/١/٣١) گەیشتە نزیکەی ١٥٠ کەسێک. هەروەها لە چەندان شوێنی تری دەوروبەری قاهیرە، قوربانیی زیاتر بووە، بەتایبەت لە زیندانەکاندا. بەتایبەت کاتێک لە یەکێک لە زیندانەکان، زیندانییەکان هەوڵی دەربازبوونیان داوە و گرتووخانەکە سووتێنراوە. هەروەک دەزگا هەواڵییە عەرەبییەکان بڵاویان کردەوە، لەم رووداوەشدا کۆمەڵێک کەس سووتاون.

هەروەک کەسێک کە رووداوەکانی بینی بوو، بە ئاژانسی هەواڵی dpa راگەیاند، لە قاهیرە کۆمەڵێک ئاژاوەچی و تالآنچی و دز، پەلاماری بینایەی دادگەی سەرەکیی قاهیرەیان داوە و کۆمەڵێک مەلەفی دادگەییان سووتاندووە، کە بەشێکی زۆریان هیی تاوانکارانە. لەناو قاهیرە و دەورووبەری، دز و چەتەکان، باری ئارامی و ئاسایشی شاریان تێک داوە.

لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی قاهیرە، هەزاران بیانی کە لە دەستی تالآنی و هەرای ناو قاهیرە رایان کردووە، چاوەڕێی فرۆکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەم وڵاتە رزگار بکەن. یەکێک لە کارمەندانی فرۆکەخانەکە بە تەلەڤزیۆنی میسری راگەیاند: (ئەوان هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن، تاوەکو خزمەتی گەشتیاران بکەن و کاروبارەکان وەکو رۆژانی ئاسایی بەڕێوە بەرن). لە گەشتەکاندا دواکەوتنی باڵەفرە، تەنیا لە دوانیوەڕۆی شەمەوو و بەیانیی یەکشەمە هەبوو، ئەویش چونکە هاتوچۆکردن بە شەودا قەدەخە بوو.

رۆژی یەکشەمە زۆرێک لە ئەڵمانەکان قاهیرەیان جێ هێشت و بەرەو گەرەکی زەمالیک رایان کرد. ئەم گەرەکە دوورگەیەکی بچووکە لەناو نیل، لە ڕووی ئاسایشەوە زۆر باشە، چونکە سوپا پارێزگاری لێ دەکات. بەشێکی زۆری کۆنسوولخانە و سەفارەتەکانیش لەم گەرەکەن. هەروەها سوپای میسری رۆژی یەکشەمە لە شەرملشێخ لەسەر کەناری دەریای سوور، کە بە قەڵای گەشتیاران دادەنرێ، بە تەواوی کۆنترۆڵی کرد. هەروەها ناوچەی (العریش)یش لە باکوری سینا، هێزێکی سەربازی زۆری تێدایە. جێگەی ئاماژەیە ناوچەی شەرملشێخ، ناوچەیەکی دڵڕفێنی گەشتیارییە، ئەم ناوچەیە لای گەشتیارە ئەڵمانەکان زۆر دڵگیرە. هەرچەندە ئەم ناوچەیە هەتا کۆتاییی هەفتەش هەر ئارام و هێمن بوو. لە کاتێکدا لە ناوچەکانی تری میسر خۆپیشاندان و تالآنی و توندتیژی زۆر سەری هەڵدا، بەلآم ئەم ناوچەیە ئارام بوو.

سەفارەتی ئەمەریکایی لە قاهیرە رۆژی یەکشەمە، داوای لە هەموو ئەمەریکاییەکان کرد، کە وڵاتی میسر جێ بهێڵن. پاشتر سەفیر رای گەیاند ، ئەوان یارمەتی و زانیاری باش دەدەنە هاووڵاتییانیان، بۆ ئەوەی رێگەی باشیان بۆ بدۆزنەوە، بۆ دەربازبوونیان لەم وڵاتە. لە هەمان کاتیشدا سەفارەتی ئەمەریکایی بەیانێکی بڵاو کردەوە، داوای لە هاووڵاتییانی ئەمەریکا کرد، بەهۆی باری نائارامی و نائاسایشەوە، تەنیا بۆ کاری زۆر گرینگ و پێویست نەبێ، سەردانی

ولآتی میسر نەکەن.

هەروەک رۆژی یەکشەمە (واتە ٢٠١١/١/٣١) کەناڵی هەواڵی (العربیة) بلاوی کردەوە، کە سوپای میسری هەتاوەکو ئێستا زیاتر لە ٤٥٠ کەسی بە تۆمەتی دزی و تالآنی گرتووە. تەنیا لە شارەکانی ئەسکەندەریە و ئیسماعیلیە، زیاتر لە ٢٥٠ کەسیان بە تۆمەتی دزی و تاوانکاری گرتووە. کەناڵی تەلەڤزیۆنی حکوومی رای گەیاند، لە گرتووخانەی (وادی النترون)، هەزاران زیندانی هەڵهاتوون، هەروەک چۆن لە گرتووخانەکانی تریش هەمان ڕووداو دووبارە بووەوە. لەو رۆژەی خۆپێشاندانەکان سەری هەڵداوە، هەموو بانک و بۆرسەی میسری داخراوە. هێشتا دیاریش نییە کەی دەکرێتەوە.

## داخستنی کەناڵی جەزیرە

حکوومەتی میسری کەناڵی تەلەڤزیۆنی (الجزیرة)ی لە میسر داخست. هەروەک وەزیری دەرکراوی رۆشنبیری میسری فاروق فقهی بە دەزگای هەواڵی حکوومی (مینا)ی راگەیاند، کە کارکردن و پەخشکردنی کەناڵی جەزیرە لە میسر راگیراوە. ئەم کەناڵە کە لە ولآتی قەتەرەوە وەشان دەکرێ و بنکەی سەرەکییەتی، لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا، بەشێوەیەکی بەردەوام هەواڵی خۆپێشاندان و ناڕەزاییەکانی گەلی میسری لە دژی رژێمی موبارەک بلاو دەکردەوە. ئەلفقهی وتی (هەموو کار و چالاکییەکی جەزیرە راگیراوە) لە رۆژی یەکشەمەوە تەنانەت پشکەکانیشی راگیراوە. هەروەها ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لەم کەناڵەدا کار دەکەن، بۆیان نییە چیی تر کاری رۆژنامەوانی لەم ولآتەدا بکەن. (جێگەی ئاماژەیە کەناڵی جەزیرە لەسەر مانگی دەستکردی نایل سات پەخشی خۆی دەکرد، ئەم مانگە دەستکردەش حکوومەتی میسری خاوەنیەتی. وەرگێڕ)



## پەلاماردانی مۆزەخانەی قاهیرە

لەگەڵ دروستبوونی باری نائارامی لە قاهیرە، کۆمەڵێک کەسی تالانچی پەلاماری مۆزەخانەی قاهیرەیان داوە و دوو مۆمیاش خراپ بووە، هەروەک کەناڵی (العربیة) رای گەیاند. ئەم مۆزەخانەیە، کۆمەڵێک کاری ئارشیۆلۆگیی گرینگی تێدایە، لەوانە مۆمیای ئاڵتوونینی مەلیک توتخامون. شوێنەوارناسێکی میسری بە تەلەڤزیۆنی میسری راگەیاند، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تری دەوری مۆزەخانەکەیان گرتبوو، بۆ ئەوەی پارێزگاری لێ بکەن، بەڵام تالانچییەکان لە سەربانەوە پەتیان بۆ ناو مۆزەخانەکە درێژ کردووەتەوە و چوونەتە ژوورەوە.

## هەڵهاتنی زیندانییان و شکاندنی گرتووخانەکان

لە شەوی یەکشەمەی ڕابوردوو، لە گرتووخانەی وادی ناترون کە نزیکەی ١٠٠ کم لە قاهیرەوە دوورە، زیندانییەکان پەلاماری پۆلیسەکانیان داوە و دەستیان گرتووە بەسەر کۆمەڵێک چەکدا و دەرگەی گرتووخانەکەیان شکاندووە و هەڵهاتوون. کۆی گشتییان دەگاتە نزیکەی ٦ هەزار کەس. جێگەی ئاماژەیە ئەم گرتووخانەیەدا، کۆمەڵێکی زۆری ئیسلامی توندڕەوی تێدابوو، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لەم گرتووخانەیەدان، جگە لەمانیش کۆمەڵێکی تاوانکاری تریش (دز، پیاوکوژ) لەم گرتووخانەیەدا بوون و هەڵهاتوون.

لە گرتووخانەیەکی تریش هەمان ڕووداو دووبارە بووەوە. لە نێزیک شاری فەیووم کە دەکەوێتە باشووری قاهیرەوە، زیندانییەکان پەلاماری پۆلیسەکانیان داوە و بەڕێوبەری پۆلیسخانەکەیان کوشتووە و جەنەڕاڵێکیشیان بە دیل گرتووە و پاشان هەموو زیندانییەکان هەڵهاتوون.

## هەڵهاتنی دەوڵەمەندەکان بۆ دەرەوەی وڵات

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و خۆپێشاندانەکان لە دژی ڕێژیمی حوسنی موبارەک، بەشێکی زۆری چینە دەوڵەمەندەکانی میسری و عەرەبی، میسریان جێ هێشتووە و هەڵهاتوون. هەروەک یەکێک لە کارمەندانی باڵەفڕگەی قاهیرە ڕای گەیاند، کە ١٩ باڵەفڕە لە قاهیرەوە بەرەو دوبەی ڕۆیشتوون، کە بەشیکی زۆریان لە دەوڵەمەندەکانی میسر بوون. جێگەی ئاماژەیە خەڵکی موبارەکی بەوە تاوانبار دەکرد، کە لە سایەی ڕێژیمەکەی ئەودا، چینێکی کەمی میسری دەوڵەمەند دروستبوون، کە هەموو سەروەت و سامانی خەڵکی میسریان دزیوە و زۆرینەی خەڵکیش نان نییە بیخۆن.

سەرچاوە: ئەم وتارە برێتییە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی کە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گەلی میسر نووسیویەتی.

www.Welt.de die Unruhen in Aegypten 30/1/2011

# لە باشووری سوودانەوە
# تاوەکو باکوری عێراق

موراد ئیسماعیلی

لەوانەیە لە سەرەتادا ناوونیشانی ئەو بابەتە هزری خوێنەر بۆ لای ئەوە پەلکێش بکا کە نووسەری ئەو دێڕانە مەبەستیەتی، خوێنەر بۆ گەشتێکی خەیاڵئامێز لە باشووری سوودان لە ئەفریقاوە بۆ باکوری عێراق لە ڕۆئاوای ئاسیا ببات. پێ دەچێ گەشتێکی سەرنجڕاکێش بێ. سەردانی دوو وڵات کە هەڵگری نازناوی "وڵاتی موسڵمانی خاوەن کولتووری زاڵی عەرەبی"ن. دوو وڵات کە لە تەک بوونی زۆرینەیەکی عەرەب زوبان هەمدیس خاوەن کەمینەیەکی نەتەوەیی ــ ئەتنیکی و مەزهەبی زۆر گرینگیشن. دوو وڵات کە بەر لە جارڕدانی سەربەخۆیی، کۆلۆنیال (مستعمرة)ی بەریتانیا بوون. یەکێکیان لە ساڵی ١٩٣٢ی زاینی لە ژێردەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیایی ڕزگاری بوو و سەربەخۆیی وەدەست هێنا و ئەوەی تریان ٢٤ ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ١٩٥٦ی زاینی گەیشتە قۆناخی سەربەخۆیی. دوو وڵات کە بەر لە جارڕدانی سەربەخۆیی، مەیدانی شەڕ و پێکدادانی نێوان باکور و باشووری وڵاتەکانیان بوون بۆ گەیشتن بەئامانج و ئەجێندای سیاسیی جیاواز و تایبەت بەخۆیان، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە لە سوودان، باشوور بۆ گەیشتن بەخواستەکانی خۆی تێ دەکۆشا، بەڵام لە عێراقدا باکور بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسییەکانی خۆی خەباتی دەکرد واتە لە وڵاتی عێراقدا باشوور سەرکوتینەوەی باکوری دەکرد و لە سوودانیش بەپێچەوانەوە باشوور، باکوری دەچەوساندەوە. باشوورییەکانی سوودان لە ساڵی ١٩٥٥ی زاینی واتە ساڵێک بەر لە جارڕدانی سەربەخۆیی سوودان، دەستیان بەئەنجامدانی چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی خۆیان لە دژی حکوومەتی هەژموونگەرای ناوەندی کرد کەچی باکورییەکانی عێراق لە دوای بەکۆتاهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و لە ساڵی

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

١٩١٨ واته ١٤ ساڵ بەر لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی عێراق و تەنانەت ٣ ساڵ پێش دروستبوونی کیانێکی سیاسی بەناوی عێراق، دەستیان بەئەنجامدانی چالاکی و بزاڤی سیاسی و سەربازیی خۆیان کردووە.

باشوورییەکانی سوودان زۆربەیان کریستیان بوون و پابەندی بیروباوەڕە خێڵەکییەکانی خۆیان بوون و لە نەتەوەکانی (دینکا و نۆبەربیجا و نۆئەر)ەوە پێک هاتبوون، بەڵام باکوورییەکانی عێراق، زۆرینەیان خەڵکێکی موسڵمان و سەر بەنەتەوەی کوردن.

چیرۆکێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، چیرۆکی دوو نەتەوە و دوو گەلی خاوەن چەندان خاڵی لێکچوو و هاوبەش، بەڵام ئەمە هەموو لە هەمووی چیرۆکەکە نییە.

زیاتر لە ٨٠٪ی پاشەکەوتی نەوتی سوودان کەوتووەتە ناوچەکانی باشووری ئەو وڵاتەوە، بەڵام لە عێراقدا ٥٠٪ی ئەو ڕێژەیە لە نەوت کەوتووەتە ناوچەکانی باکوری ئەو وڵاتەوە. ئەو دوو ڕێژەیە جێی تیڕوانین و هەڵوەستەکردنن. بێ لەمانەیش لە وڵاتی سوودان ئاراستەی سەرچاوەکانی ئاو و ڕووبارەکان لە باشوورەوە بۆ باکور دەڕوا، کەچی لە وڵاتی عێراقدا ڕێڕەوی ئاوەکان لە باکورەوە بۆ باشوور شۆڕ دەبێتەوە و ئەمەیش بووەتە هۆی دروستبوونی بەهایەکی هایدرۆپۆلیتیکی بۆ بەشی باشوور لە سوودان و بەشی باکور لە عێراقدا. هەروەها لە کۆی ڕووبەری (٢٥٠٥٨١٣) کیلۆمەتر دووجای (کە دەیەمین وڵاتی جیهان لە ڕووی ڕووبەر و پانتاییە) ئەو وڵاتە، (٧٠٠٠٠٠ کیلۆمەتر دووجا)ی ئەو ڕووبەرە هی باشوورییەکانی ئەو وڵاتەیە، واتە نزیکەی ٢٧٪ی خاکی سوودان هی باشوورییەکانی سوودانە. لە کاتێکدا لە کۆی پانتایی عێراق کە ٤٣٧٠٠٠ کیلۆمەتر دووجایە (پەنجا و حەوتەمین وڵاتی دنیا لە ڕووی فراوانی ڕووبەرە) ٧٥٠٠٠ کیلۆمەتر دووجای ئەو پانتاییە خاکی باکورییەکانی ئەو وڵاتەیە، واتە نزیکەی ٢٠٪ی خاکی عێراق.

باکورییەکانی سوودان تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ی زاینی واتە ٥٠ ساڵی ڕەبەق لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە شەڕێکی خوێناویدا بوون کە ئەو شەڕە یەک لە دوای یەکانە سەدان هەزار قوربانییان لێ کەوتەوە، باکورییەکانی عێراقیش تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی واتە زیاتر لە ٨٠ ساڵ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە شەڕ و ململانەدا بوون لەو ماوەیەدا تاوەکو ساڵی ١٩٩١ی زاینی بەشێوەی شەڕێکی گەرم و لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ لە شەڕێکی سارد لە دژی حکوومەتی عێراقدا خەباتیان دەکرد، بەڵام سەرباری ئەو هەموو خاڵە هاوبەش و لێکچووەی نێوانیشیاندا، پێ ناچێ چارەنووس و دواڕۆژێکی هاوشێوە چاوەڕێیان بکا.

باشوورییەکانی سوودان دوای پێنج دەیە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، سەرئەنجام لە ساڵی ٢٠٠٥ زاینی ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی سوودان بە چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها یەکەتیی ئەفریقیا ئیمزا کرد و لەو ڕێککەوتننامەیەدا بێجگە لە پێدانی مافی چارەی خۆنووسین و چەندان ئیمتیازی گەورەی ئابووری

و هەروەها فەراهەمکردنی ئازادییە سیاسی و کولتوورییەکان بۆ خەڵکی باشووری سوودان، بڕیار درا کە دوای تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیەدا واتە لە ساڵی ٢٠١١ی زاینیدا (گشتپرسی)یەک لە باشووری سوودان و لەژێر چاودێریی ڕێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەڕێوە بچێ و تیایدا خەڵکی ئەو ناوچەیە خۆیان بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان لەبارەی جیابوونەوە لە سوودان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە بدەن. ئەو بڕگەیەی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن حکوومەتی ناوەندی سوودان و هەروەها لەلایەن وڵاتانی دراوسێیشەوە پشتگیری و قبووڵ کرا.



نەخشەی ژمارە ١

شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیاییی باشووری سوودان

هەواڵنامەی کتێب




نەخشەی ژمارە ٢

شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیاییی سوودان لە ئەفریقیا



نەخشەی ژمارە ٣

شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستانی عێراق



نەخشەی ژمارە ٤

شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست

بەڵام پرسی باکورییەکانی عێراق کەمێک جیاوازە. ئەوان تاوەکو ساڵی ١٩٩٠ لە چەندان قۆناخی جیاجیادا شەڕێکی خوێناوییان لە دژی هێزە عێراقییەکان چ لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٥٨ و چ لە قۆناخەکانی سەردەمی حوکمی کۆماریدا ئەنجام داوە و چەندان ئەزموونی گرانبەها و جیاجیایان لەبارەی سەرکەوتن و نوشستهێنانەوە وەدەست هێناوە. دوای پرۆسەی شەڕی ئازادکردنی کوێت لە بندەستی هێزە عێراقییەکان لە ساڵانی سەرەتای دەیەی نەوەدی زاینی لەسەر دەستی هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، کوردەکانی عێراق توانییان ئەو هەلە بقۆزنەوە و لە سێ پارێزگای باکوری ئەو وڵاتەدا کە کەوتبوونە سەرووی هێڵی ٣٦ەوە، حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمی پێک بهێنن و بە خۆیان ئیدارەی کاروباری ناوخۆیی ئەو سێ پارێزگایە بکەن، بەڵام ئەو ئیدارە نیوەچڵییە کە لە دوای شەڕی ناوخۆیی کوردەکان لەگەڵ یەکتر بۆ دوو ئیدارەی جیاواز دابەش بووبوو، لەلایەن حکوومەتی ناوەندی و پەرلەمانی ئەو وڵاتەوە دانی پێ نەنرا و ئەوان هەردەم بەدوای دەرفەتێک دەگەڕان کە ئەو هەلومەرجە بۆ دۆخی جاران بگەڕێننەوە. بەڵام بەهۆی لەبارنەبوونی هەلومەرجی نێودەوڵەتی لە

بەرژەوەندیی حکوومەتی عێراق و لەلایەکی تریشەوە پشتگیریکردنی وڵاتە ڕۆئاواییەکان لە ئۆتۆنۆمیی کوردەکان، حکوومەتی عێراق نەیتوانی ئەو ئامانجەی خۆی بپێکێ. ئەو بارودۆخە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی واتە تا کاتی هێرشی ئەمەریکا و ئینگلتەرا بۆ عێراق و لابردن و ڕووخانی حوکمڕانییەتی ڕێژیمی بەعسی و کەمینەی سوننەی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتەوە، درێژەی هەبوو و لە ساڵی ٢٠٠٣ تا بە ئەمڕۆ دەگا، ڕەوشی کوردەکانی عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بووژانەوە و پێشڤەچوونێکی زیاتری بەخۆوە بینیوە لەوانە:

١- حوکمی ئۆتۆنۆمیی ئەوان بۆ فیدرالیزم گۆڕاوە و لە دەستووری ئەو وڵاتەیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە و لەلایەن پارتە سیاسییەکانی تری عێراقیشەوە دانی پێ نراوە.

٢- زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی وەکو یەکێک لە دوو زمانە فەرمییەکەی ئەو وڵاتە دەناسرێ.

٣- بەپێی ڕێژەی بارستاییی خۆیان و ئەو دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتەی کە لە پەرلەمانی ناوەندیی ئێراق هەیانە، توانیویانە چەندان پۆستی کلیلی و هەستیار لە حکوومەتی ناوەندیی عێراق بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. وەکو پۆستی سەرکۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوە و جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و .....

٤- حکوومەتەکەیان لەو سێ پارێزگایەی هەرێمەکەیاندا، بەهێزتر بووە و متمانەیان لە ئاستە ناوخۆیی و ناوەچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبووندایە و توانیویانە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا و پرەنسیپەکانی حکوومەتی ناوەندیی عێراقدا، چەندان کەناڵی پێوەندیی گرینگ لەگەڵ وڵاتانی تر لە بوارە سیاسیی و ئابووری و کولتوورییەکاندا دروست بکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا:

١- هێشتا نزیکەی ٤٠ هەزار کیلۆمەتر دووجا لە خاکی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق لە پارێزگاکانی مووسڵ و کەرکووک و دیالە لە ژێردەستی حکوومەتی ناوەندیدایە و سەرباری جەختکردنەوەی ڕاشکاوانەی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە لە مادەی ١٤٠ی دەستووردا، تاوەکو ئێستا هەنگاوێکی جیدیی ئەوتۆ لەبارەی جێبەجێکردنی ئەو مادە گرینگەی دەستوور بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەلایەن حکوومەتەکانی عەلاوی و جەعفەری و مالیکییەوە نەنراوە.

٢- تاوەکو ئێستایش لەلای زۆرێک لە هاووڵاتییانی عێراق و تەنانەت پارتە شیعە و سوننەکان و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دراوسێی عەرەب و غەیرە عەرەبی ناوچەکەوە، ئەو فیدرالیزمەی کە لە دەستووردا هاتووە و پەسند کراوە، بە فیدرالیزمێکی ئیداری لە قەڵەم دەدرێ نەک ئەو فیدرالیزمە نەتەوەییەی کە کوردەکانی عێراق مەبەستیانە.

٣– تاوەکو ئێستایش گشت وڵاتە دراوسێیەکانی عێراق لەو بارودۆخە تایبەتییەی کە کوردەکان تێیدا دەژین و ئەو دەستکەوتانەی کە وەدەستیان هێناون، ناڕازین و چەندان کۆتوبەند و ئاستەنگ دەخەنە سەر ڕێی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری ئەو وڵاتەوە.

٤– تاوەکو ئێستایش قسەکردن لەسەر جاڕدانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری عێراق هێشتا هەر بەخەون و خەیاڵ لە قەڵەم دەدرێ و ئەو بیرۆکەیە نە لەلایەن حزبە کوردستانییەکان و نەیش لەلایەن هاووڵاتییە عەرەبەکانی عێراق پشتگیریی لێ ناکرێ. هەرچەندە ڕیفراندۆم و گشتپرسییەکی نافەرمی لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکانی کوردستان (NGO) ئەنجام درا و زیاتر لە ٩٥٪ی خەڵکی کوردستانی عێراق دەنگیان بۆ جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دا و ...

لە کۆتاییدا دەبێ بپرسین:

١– ئاخۆ بۆچی خەڵکی باشووری سوودان توانیویانە دوای پێنج دەیە خەبات و تێکۆشان بگەنە لێواری سەربەخۆیی و ڕای گشتیی ناوەخۆیی و نوخبەی دەسەڵاتداری سوودان و وڵاتە دراوسێیەکان و دەسەڵاتە جیهانییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیان ناچار بکەن کە دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە ئەوانیش نەتەوەیەکی جیاوازن و مافی دروستکردنی کیانێکی سیاسی و جوگرافییان هەیە؟، بەڵام کوردەکانی عێراق نەیانتوانیوە ئەو ئامانجە بپێکن؟ ئاخۆ دەبێ سەرکردە سیاسییەکانی کوردەکان لەمە بەرپرسیار بن؟

٢– بۆچی کۆمکاری عەرەبی و یەکەتیی عەرەب و ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی لە بەرامبەر پرسی ڕیفراندۆمی باشووری سوودان و شیمانەی جیابوونەوە و دابەشبوونی ئەو وڵاتە عەرەبییە _ ئیسلامییەدا هەمان ئەو کاردانەوەیان نییە کە لە بەرامبەر خواستی کوردەکانی عێراق هەیانە؟ ئاخۆ تەنیا عێراق بە بەشێک لە خاکی ئیسلامی _ عەرەبی دەژمێردرێ؟

٣– بۆچی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان و دامەزراوەکانی تری مافی مرۆڤ بە هاوکاریی هێزە دەستڕۆیشتووەکانی دنیا پشتگیری و پاڵپشتی لە پرسی سەربەخۆیی باشووری سوودان دەکەن، بەڵام لە بەرامبەر هەمان پرس لە باکوری عێراق بێدەنگی دەنوێنن؟

٤– ئاخۆ لەو بارەیەدا کێ بەرپرسیار و خەتابارە؟ خەڵکی کوردستان یاخۆ سەرکردە و پارتە سیاسییەکان یاخۆ وڵاتە دراوسێ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی COM.RAWANEWS

# لە ئۆزبەکستان
# هەردوو سەفیرەکە هەراسان کرابوون

ئاریک فولاس و کریستیان نیڤ

لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە مێژووییەکی سەرنجڕاکێش و سامانی سروشتیی زۆری هەیە، بەڵام وڵاتی ئۆزبەکستان لەژێر ستەم و دەسەڵاتە توندەکەی سەرۆکەکەیان ئیسلام کریمۆڤ دەناڵێنێ، ئەو شەریکی ڕۆئاوایە و وڵاتەکەی بووەتە مەڵبەندی هێزەکانی پەیمانی ناتۆ، بەتایبەتی ئەو هێزانەی بەرەو ئەفغانستان دەچن، بەڵام جوانترین گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو وڵاتە لەلایەن سەفیری پێشووی بەریتانیایی و دیپلۆماسی ئەڵمانیایی بووە.

هەندێ لە شارەکانی ئۆزبەکستان بریتییە لە کۆمەڵە بەردێکی خەمگینی ریزکراوی چیمەنتۆڕێژی داماو، کە میللەتێکی تێدا دەژیت، بەردەوام هەناسە دەدەن، بەبێ ئەوەی تام لە جوانی و خۆشییەکانی ژیان ببینن. هەندێ لە شارەکانی ئەو وڵاتە تەنیا ناوەکانیان مانای مێژوویەکی ئەفسانەیی دەگەیەنێت، جوگرافیاکەی زۆر جوانە و مێژووەکەی سەرسامیی پێوەیە و ئەندازیارییەکی لەگەڵ هەناسە تێکەڵ بووە، لەوانە سەمەرقەند و بوخاری و خوارزم کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی حەریر لە ئۆزبەکستانەوە بەرەو ئاسیای ناوەڕاستەوە، ئەو شارانە وەک ملوانکەیەکی مەرجان وەستاو، لەناو بیاوانە نزیکەکەوە شارەکان وەک سەراب دیارن، بۆیەش وەک هەوارەکە ئەفسووناوی دیارە.

لەگەڵ دەستی ڕەنگینی وەستاکانی دروستکردنی گومبەتە فەیروزییەکان و قوتابخانە بە فەیفەسائەکان و خانوو و خانە نازدارەکان بەڵگەی بوونی زۆری کۆمەڵ و نەژادی زۆر پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشن کەوا سیمای شانازیی سەدەکانی رابردوو بوونیان هەبووە، لەوانە فارسەکان و گریک و مەغۆل و تورکەکان. لە سەدەی نۆزدەم رووسەکان و بریتانیاییەکان پێشبڕکێیان بوو بۆ

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

بردنەوە و کردنەوەی بنکەی ستراتیجی و سامانە سروشتییەکانی کانزایی لەو ناوچەیەدا، لەودەمانە بەو ململانێیەیان وتبوو (گەمە گەورەکە). پاش ساڵی ١٩٢٠ جۆزێف ستالین نەخشەی ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستی بەرەمەکی و بەئارەزووی خۆی کێشاوە، بۆیەش ئیمڕۆ وا دووبارە ململانێیەکان و ناکۆکییەکان لەو ناوچەیەدا سەرهەڵدەدات. ئۆزبەکستان وڵاتێکە لە هەموو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست سەرژمێرییەکەی زۆرترە کە لە پاش رووخانی سیستەمی یەکەتیی سۆڤیەت دروست بووبوون، (ئیسلام کریموڤ)ی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی لە ئۆزبەکستان لە سەردەمی سۆڤیەت بەئاسانی دەگاتە پۆستی سەرۆک و بەزەبری توندکارییەوە هەموو نەیارەکانی لەناو دەبات. ئەو ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی دەکاتە کەسانی باڵادەستی دەزگا دیارەکانی دەوڵەت، ئیمڕۆش سامانەکەی کۆ دەکاتەوە بیر لەوە دەکاتەوە ئەو ملیار دۆلارەی دەستیان کەوتووە کاریان پێ بکات. ئۆزبەکستان شەشەم وڵاتە لە بەرهەمهێنانی پەمۆ لە جیهان، هەروەها گەنجینەیەکی زۆری سامانی سروشتیی لەو وڵاتەدا هەیە وەک زێڕ و یۆرانیۆ م، کەواتە ئۆزبەکستان دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە.

## پێگەیەکی پشتیوان

لەبەرئەوەی وڵاتەکە دەکەوێتە سەر سنووری ئەفغانستان، بۆیە جێی تێڕوانینی هێزە گەورەکانی جیهان بووە، لەوێ هەموو بنکەکانی پشتیوانیی ئەو شەڕە دژ بە تالیبان کراوە، ئەڵمانەکان گەورەترین بنکەیان لە شارە باشوورییەکانی ئەو وڵاتە داناوە، بۆ نموونە لە شاری ترمز. ئەوان دەیانەوێ هێڵێکی گەیاندنی گاز و پیترۆل لە ئۆزبەکستان بگەیەننە ئەوروپای ڕۆئاوا و بەوەش پێویستییەکانی وزەیان تێر بکەن. زلهێزەکان مەبەستیان لەو ناوچەیە قەڵاچۆکردن و گرتنی ڕێڕەو لە گەیاندنی مادە بێهۆشکەرەکان، چونکە ئەو ناوچەیە بووبووە بواری هەرە دژواری گەیاندن و دەربازبوونی هیرۆین لە جیهان، کە کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی ئیسلامییەکان، ئەوانەش هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کردەوەی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکان ئەنجام بدەن. بەڵام ئیمڕۆ گەمەکە خۆشتر بووە، یاریزانی زۆرتر پەیدا بوون، یاریزانی بەهێز هاتنە ناو گۆڕەپانەکە وەک ئەمەریکا و چین و ئێران و هیند و ئەڵمانیا، هەموویان کۆشش دەکەن کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکەن. لە کۆنەوە نوێنەر و بێگانەکان لەو دەڤەرە ژیاون و رۆڵی گرینگیان هەبووە و ڕاپۆرتیان بۆ وڵاتەکانیان نووسیوە. کەسێکی بەریتانیایی لە دەڤەری نورفلوک (پیاوێکی سۆسیال و تێکۆشەر) لەگەڵ کەسێکی ئەڵمان لە شارۆکەی هۆلس (کەسێکی گۆشەگیر و داخراوی، بەڵام دەکرێ پشتی پێ ببەسترێت و بەئاسانی کارەکانی جێبەجێ دەکات) ئەو دوو کەسە خەونەکەیان دێتە دی و کاریان دەست دەکەوێت، هەردووکیان دەبنە سەفیری وڵاتەکەیان لە پایەتەختی ئۆزبەکستان تاشقەند.

لە ڕۆئاوا ئەوەیان لا گرینگ نییە کە مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتێکی زۆردار دەکەن، یان نا؟ ئاخۆ ئەوانە سازش دەکەن و چاو لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکەی ئەو سەرۆکە دەپۆشن، ئامادەن چاوپۆشی بکەن؟

بێگومـان ئەوانە هەمـووی لە خزمـەتی سـیاسـەتوانـانی ئەوروپاییـەکان و بەرپرسـە سـەربازییـەکانن، بەڵام چالاکوانەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو سەرۆکە زۆردارانە دەبنەوە و ڕەخنەیان لێ دەگرن، ڕێژیمـەکەی شەرمـەزار دەکەن، دیارە حکوومـەتەکانیان مـەبەستیانە کەوا ئەو ڕێکخراوانە حکوومەتەکە تووڕە نەکەن، چونکە پچڕاندنی پێوەندییەکان زیانیان پێ دەگەیەنێت. ئەو دوو دیپلۆماتە ناچارن پێـڕەوی داواکـارییـەکـانی حکوومـەتەکـەیـان بکـەن. سـەفیـری بـەریتـانیـایی (کـریـگ مـۆرای)ی تەمـەن پـەنجـا و یەک سـاڵ و سـەفیـری ئەڵمـانیـاش (فـولگانگ نیـون)ی تەمـەن شـەست و سێ ساڵە چیرۆکەکانیان جیاوازە، وەک یەک ڕەفتار ناکەن، وەک لەو دێرانەوە دیارە.

لە هـاوینی سـاڵی ٢٠٠٢ چەند هـەفتـەیەک بوو نوێنـەری بەریتـانیـایی گەیشتبـووە تاشـقـەند، تازە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی دامـەزراندنە ئیلزامییەکەی لە کۆشکی باکینگهام بۆ کرابوو، ئەو زۆریش بەو پۆستە شادومان بوو، چونکە ئەو بە تەمەن بچووکترین سەفیری بەریتانیا بووە، کە لەو بوارەدا کار بکات، کـە پۆسـتـەکـەی وەرگرت تـەمـەنی چل و سێ سـاڵ بوو، لەو تـەمـەنەوە ڕەوانـەی وڵاتێک تژی کێشە و تەنگژە و فرە ئاراستەی سیاسی کرابوو، ئەو زووتر کاری دیپلۆماسی لە وڵاتانی پۆلۆنیا و ڕووسـیـا و وڵاتانی ئەفریقیـا کردبـوو. مۆرای ئـەو شوێنـە و ئەو کۆمەڵگەیەی پێ سـەیر بوو، چونکە ئەو دەرچووی یانـەی خوێندنگە تایبەتییـەکان و ئۆکسـفـۆرد و کـابریدج بوو، ئاسـانیش نییـە لە بەزمەکانی ئەوان تێ بگات، بێدەنگییە ڕەفەکانیان قبووڵ بکات، ئەگەرچی خۆشی لە بنەماڵەیەکی چینی کرێکارەوە هاتبوو، خوێندنی زانستەکانی لە زانکۆی داندی تەواو کردبوو، نەک لە دەزگا فێرکارییە باڵا و ناودارەکانی بەریتانیا تەواو کردبوو. ئەو هەستی دەکرد کۆمەڵگەی بەریتانیایی هێشتا لەبەر بوونی چینە جیاوازەکان دەناڵێنێت، بۆیە تیعمەتی ئەو ڕۆژانەی لا سەیر بوو، بۆیەش ئارەزووی یـاخـیـبـوونی کـردووە، هەسـتـی بەرەو داپـەروەری زۆرتر چووە و بـەقـوولی لەگـەڵ یەکسـانیـیـەکـاندا بـووە، بڕواشی وا بووە کـەوا خـەباتکردن و ڕەفـزکـردنی بەردەوام شـێـوە و دروشـمـێکی پیرۆزی ژیانە. سـەفیـرەکـە بۆ بەشداریکردن لـە یادی جەژنی نیـشـتـمـانیی ئۆزبەکی بەشدار دەبێت، ئامادەبوونەکەش دیارە کەوا ئـەرکێکی ڕەسـمـیی پێـویستـە، بەپێی بەرنـامـەکانی پرۆتۆکۆلەکان دەبێ سـەفیرە بێگانەکان چەند سـەعاتێک زووتر لە شـوێنی ئاهەنگەکە ئامـادە بن، بۆیەش هەمـوویان بەناچاری ئـەو سـەعاتانـە لەبەر گـەرمـا دەمـێننەوە و چاوەڕوانی چوونە ژوورەوە دەکەن، ئەگەرچی پلەی گەرما دەگاتە سـەرووی چل پلەی گەرمی، هەموویان لە دەرەوە دەوەسـتـان و کـەس لەو دیپلـۆمـاتانە لەبەر خـاتری حکوومـەتـەکـانیـان ناڕەزاییـیـان لەو ڕەفتـارەی ئۆزبەکییـەکان دەرنەبڕیبـوو. بـەڵام سـەفیـری بەریتـانیـایی مۆرای بەو ڕەفتـارە ڕازی نەبووە، بۆیەش نـامـەیەکی بۆ حکوومـەتی ئۆزبەکی نـووسیبـوو، تێیدا نووسـیـبـووی جـارێکی تر و لە بۆنـەیەکی تر ئەو، ئاوها زوو ئامـادە نابێت و پێش دەستـپێکردنی کارنامەکە بەماوەیەکی کـەم دەگەمـە شوێنەکە، بەو هـەنگاوە و بەو ڕەخنەگرتنە لە سـەرۆکایـەتیی حکوومـەت، ئـەو بەڕێزەوە دەکەوێتـە بەرچاوی هاوڕێیـە دیپلۆمـاتە بێگانەکان، کە ئەوان جورئەتی ئەوەیان نەکردبوو ڕەخنە لە کردەوەکانی کریمۆڤ بگرن.

هـەمـوو دیپلـۆمـاتـە بێگانەکان کـاری ڕەسـمـییـان لەناو پایـەتەخت کـردووە و بـەدەگمـەن لەو شـارە

دەردەچوون، بەڵام ئەو دەگەڕا، بەسەردان چووەتە ناوچە جوانەکان وەک سەمەرقەند. ئەو لەو وڵاتەدا سەردانی ئەو شوێنانەشی کردووە کە ڕێگەی قیرتاویشیان نییە، ئەو شارانەی هوتێل و ڕێستورانتی تێدا نەبوو، لەوانەی بەستی فرغانە کە ناوچەیەکی دوورەدەستە و دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئیسلامییە توندڕۆکانەوە، هەروەها سەری ئەو ناوچانەشی داوە کە لە ئەنجامی وشکبوونی دەریای ئارال کەوتوونەتە ڕەوشێکی خراپ و نیمچە چۆڵیش بووە.

لە ئەنجامی سەفەرەکانی مۆرای بۆ چەندان کارگە، بۆی دەرکەوتبوو کەوا ئەو کارگانەی حکوومەت یارمەتیی پێیان وەردەگرێت و لە دەرەوە پشتیوانی دەکرێت، لە واقیعدا بوونیان نییە. ئەو دیپلۆماتە پێوەندییەکانی بە چالاکوانەکانی مافی مرۆڤ ناپچڕێنێت ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە حکوومەت و سەرۆک هەبووە، هەروەها ئەو بەشداریی ئەو دادگەیانە بووە کە تێدا کەسانی تاوانبارکراو بە پشتیوانیی یاخیبوون و تیرۆر دادگەیی کراون، یان دژ بەحکوومەت ڕەفتاریان کردووە. ئەوانەی دەگیران و دادگەیی دەکران بەتۆمەتی توندڕۆیی بووە، بەڵام گومانیش لەسەر تاوانبارکردنەکان هەبووە. شاهیدەکان بیانووی دژ بەیەکیان گوتووە، پارێزەرەکانیش پیلانیان گێڕاوە، دیارە ئەوانە بەرتیلیان وەرگرتووە، بۆیەش بەو شێوەیە بەرگرییان نواندووە. لەو دادگەیانە بەردەوام و ڕۆژانە فەرمانی لەداردانیان دەرچووە، بۆیەش مۆرای بەوانە نیگەران و تووڕە دەبوو. لەگەڵ دادگەکاندا و گیرانەکانی قسەشی بیستبوو کەوا گیراوەکان زۆر بەدژواری ئەشکەنجە دراون، بۆیەش ئەو بڕوای بەو قسانە کردووە و سەرچاوەکانی بە دروست زانیوە، بەڵام بەڵگەی نەبووە، بۆیە پۆلیس تەرمی کوژراوەکان و لەداردراوەکانی نەداوەتەوە خانەوادەکانیان، تا بزانن ئازار دراون یان نا. ئێوارەیەکیان ژنێکی داماو روو دەکاتە سەفارەتی بەریتانیایی و لەگەڵ (مۆرای)ی باڵوێز ڕووبەڕوو دەبێتەوە و دۆسیەیەکی بەسینگەوە بووە، ئەو توانیبووی کفنی پێچراوی کوڕەکەی هەڵداتەوە، لەوێ وێنەی تەرمەکەی گرتبوو، لەو وێنانە دیاربوو کەوا جەستەی کوژراوەکە ئازار و ئەشکەنجە دراوە، بۆیەش بە مۆرای وتبوو:

(ئەو کوڕەی من کەسێکی ئۆپۆزسیۆن بوو، بۆیە کە دەیگرن، لەناو ئاوی گەرمی هەڵدەکێشن، تا دەمرێت ئازاری دەدەن)، کە مۆرای ئەو قسانە دەبیستێت، دەزانێت ئەو کوڕە بەئازاردان مردووە بەڵگەیەکی بەرجەستەی لەلا گەلاڵە دەبێت. باڵوێزەکەی بەریتانیا لە ئۆزبەکستان وێنەکانی ڕەوانەی بەشی زانستی نەخۆشییەکان لە زانکۆی گلاسکۆ دەکات، تێدا داوا دەکات پسپۆڕەکان بۆچوونی خۆیان دەربخەن. پاش دوو هەفتە دوکتۆرە شەرعییەکان ڕاپۆرتی خۆیان ساز دەکەن، کەوا کەسی مردوو ئازار دراوە، نینۆکەکانی دەرهێنراون، زاناکان دڵنیا دەبن کەوا کەسی مردوو لە ئەنجامی هەڵکێشانی جەستە لەناو ئاوی گەرم مردووە. پاش ئەوەی مۆرای بەپشتبەستن بەو ڕاپۆرتانە دڵنیا دەبێت کەوا لەو وڵاتە، گیراوەکان بەتوندی ئازار دەدرێن و حکوومەتەکەی خۆی لە لەندەن و هەموو دیپلۆماتەکانی تاشقەند ئاگەدار دەکاتەوە، بۆیە یەکێک لە چالاکوانەکانی مافی مرۆڤی ئوسترالیایی بەسەرسامییەوە بەو دەڵێت:

(دیارە و هیچ گومانم نییە کە تۆ باڵوێزێکی ئاسایی نیت).

بۆیەش مۆرای بەشانازییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

(هیوام وایە من وا بم).

ئەو پیاوێکی سەرنجڕاکێش بوو، بە قژە زەردەکەی و باڵابەرزەکەی بەردەوام لە بەرچاوان بوو، زۆریش حەزی دەکرد ڕێسا و بنچینە باوەکان بشکێنێت، حەزی کردووە خەڵک هەراسان بکات، ئەگەرچی ئەنگوستیلەی هاوسەرکاریشی لە پەنجەدا بوو، بەڵام پیاوێکی مێباز بوو، زۆر حەزی دەکرد بەدوای ژنانەوە بێت، شەیدای خواردنەوە و مەشروب بووە، لە جۆرەکانی ویسکی لێزان و شارەزا بوو. ئەو کەسێک بوو لێی دەوەشایەوە خۆی بەهەموو شێوازێک دەربخات، وەک پاشاکان دەردەکەوت، لە ڕۆژی ڕادەستکردنی کارنامە ڕەسمییەکانی بۆ سەرکۆمار بە تەنوورەوە هاتبوو، بۆیە چەند ڕۆژ وێنەکەی ئەو بووبووە هەواڵی یەکەمی تەلەڤزیۆنەکانی ئۆزبەکی، ئەو شەوانە سەردانی تیاترۆخانەکانی دەکرد، لە تاشقەند حەزی لە سەمای شەرقی هەبوو، بەوەش دەناسرا کەوا لەگەڵ سەماکەرە ژنەکان زۆر تێر بوو، دەستی بڵاو بوو.

***

ئەو ڕێگەیەی دیپلۆماتە ئەڵمانییەکە، فۆلفگانگ نیون بۆ گەیشتن بەئاسیای ناوەڕاست درێژ و ئاڵۆز بووە، نیون لە شارۆکەی هۆلسی ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا لەدایک بووە، لە دەستەی دیپلۆماسیی ئەڵمانیایی لە شیکاگۆ دامەزراوە، لە پایەتەختی یەمەن بووە، پاشان لە سەنعاوە بەرەو ڤالیتای دوورگەی ماڵتا ڕۆیشتووە، پاشان برازافیلی پایەتەختی کۆماری کۆنگۆ، لەوێشەوە بۆ پاریس ئینجا لەوێیەوە بەرەو ڕێگە حەریرییەکە هاتووە، ئەو لە ساڵی ٢٠٠٠ هاتووەتە ئەو ناوچەیە، پێش ئەوەی بگاتە تاشقەند کراوە بەسەفیری ئەڵمانیاییەکان لە تاجیکیستان. لە پایەتەختی تاجیکی لە دووشەنبە هەست ناکرێت جیاوازییەک لە نێوان سەرۆکی ئۆزبەکی ئیسلام کریمۆڤ و ئایمومالی رحمونی سەرۆکی تاجیکی هەبێت، هەردوولا  بەهەمان شێوازی زۆرداری و توندکارانە وڵاتەکەیان بەڕێوە دەبەن، ڕاستە تاجیکستان لەبن چەپۆکی مۆسکۆدایە، بەڵام رحمون دەسەڵاتی بەهێزی هەیە شان لە شانی دەوڵەتە گەورەکان دەدات. پاش کارە تیرۆریستییەکەی یازدەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ و شەڕەکەی ئەفغانستان، واشنتۆن و یەکەتیی ئەورپایی و چین لەناکاو بینییان کەوا ئەو وڵاتە بچووکەی کە سروشتێکی شاخاویی هەیە هاوپەیمانی گرینگی ئەوانە. سەفیرە ئەڵمانیاییەکە ئەو وڵاتانەی ئاگەدار کردبووە کەوا لەوەیان و لە پێوەندییەکە هۆشیار و نەرم بن. نیون هاوسەرکاری و مێرد و باوکێکی نموونەییە، چونکە کۆبوونەوە نهێنییەکان لەگەڵ ئیسلامییەکان لە خواردنەوە و خیانەتی هاوسەرکاری کەمتر نییە، بگرە وەک یەکە. ئەو پیاوێکی ڕێزدارە و دەکرێ لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیدا پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام کەسێکە هەستی وورووژاندنی کەمە. بزنسمانەکان ڕێزی زۆری دەگرن، کە پێوەندییە حکوومەتییەکانی لەگەڵدا دەکەن و دەرگە ڕەسمییەکانی بۆ دەکەنەوە بەناوی ئەو شووشە ئاوانەی خواردنەوەی ناوزەد دەکەن Fürst

Bismarck Quelle، کە بەردەوام لەسەر تاوڵەکەیدا هەیە.

مۆرای چەند لێدوانی ئازایانەی لە تاشقەند دابوو، لەو وتارەی لە کۆنگرەی ڕێکخراوی خانەی ئازادی لە ساڵی ٢٠٠٢دا وتبووی: (ناکرێ کەس مەترسییەکانی حکوومەتی ئۆزبەکستانی ئەمنی راستەقینەیی و تەنگژە و کۆسپەکان بەهەند نەزانێت، کە ب ناوی ئاین و بەناوی کێشەکانی نەبوونی و هەژارییەوە مەترسیی تیرۆری زۆری لەسەرە... بەڵام بوارم بدەن کە من لەو بۆنەیەدا جەخت لەسەر ئەو خاڵانە بکەمەوە، ناکرێ بەناوی شەڕکردنی تیرۆر و دژایەتیکردنی توندڕۆکان و بەو بیانووە کەسانی ئیماندار و ئەوانەی مەیلی ئیسلامییان قووڵە دژایەتی بکرێن و لە بەرچاو بگیرێن، بەمەرجێک ئەوانە بەرنامەکانیان بێگەرد و نیازپاک بێت. بەڵام بەداخەوە بە خەمگینییەوە دەڵێم ئەوانەی گیراون لە ئۆزبەکستان دەکرێ لەو خانەیەدا من جێگەیان بکەمەوە.

یەکێک لە باڵوێزەکان لەبەر جۆری بۆچوونەکەی نەیویست ناوەکەی بڵاو بکاتەوە، بەو قسەیەی ئۆسکار وایلد هۆشیاری کردبووەوە کە وتبووی: (ئەگەر یەکێک راستییەکانمان پێ بڵێت، بێگومان ئێستا یان لە داهاتوو ئەو کەسە دوور دەخرێتەوە).

وەڵامی ئەو قسانەی سەفیرەکە زوو لەلایەن لەندەنەوە وەڵام درایەوە. لە وەڵامدا هۆشیارییان دابووە مۆرای کەوا دەسەڵاتەکانی نەبەزێنێت و چیی تر هەڵسوکەوتی دوور لە رەوشتی نیشتمانی نەکات، چونکە ئیدارەی سەرۆک وەزیران تۆنی بلێر هاوسۆز و پەیماندار بوو لەگەڵ سیاسەتەکەی ئیدارەکەی سەرۆکی ئەمەریکایی جۆرج بوشی (کوڕ)، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆی بە دۆستێکی گرینگی ئۆزبەکستان دەزانی، سەبارەت بەوردەکارییەکانی تر ئەوەیان بە پلەی دووەم و لاوەکی ئەژمارد دەکرێ. لەگەڵ زۆربوونی پاڵەپەستۆکانی سەری، مۆرای بڕیار دەدات لە بیرکردنەوەی نانەوەی گێچەڵ واز بهێنێت، تا رۆژێکیان دەکەوێتە داوای کیژێکی قاچ درێژی تەمەن بیست و دوو ساڵ، کە لە تیاترۆخانەیەک کاری دەکرد و شەیدای دەبێت. ژیانی (نادرە) وەک کیژانی ئۆزبەکی نموونەیی نەبوو، گەنجیی خۆی لەناو بازرگانەکانی موخەدەرات بەسەر بردبوو، پاشان وەک مامۆستایەک بەمووچەیەکی کەم دادەمەزرێت کە بە زەحمەتی ژیانی دابین دەکرد. مۆرای زۆر واقیعییانە ژیانی لەگەڵ ئەو ژنە سەماکەرە دەبینی، کە بە بەژن و باڵا زراڤەکەی رەچاوی ئەوەی لێ دەکرا رۆژێک لە رۆژان ببێتە شاجوانی جیهان. ئەو زۆری هەبوو بیداتە ئەو ژنە، ئەگینا بە ددانە کەوتووەکانی و تەمەن و بە سەری سپییەوە دوور بوون لە هاوسەرکارییەوە، بۆیە زۆریش خەباتی کردبوو تا دەستی دەگاتە ئەو ژنە نازدارە کە زۆر بڕوای بەخۆی هەبوو. مۆرای کە لەگەڵ هاوسەرە کۆنەکەی نامێنێت بەئاسانی دەستی لەو گیر دەبێت، لەگەڵ خۆی دەیباتە هەموو بۆنە ڕەسمییەکانیش، کە بە ژنەکەی دەوت حەز دەکەیت چ لەبەر بکەیت بۆ ئەو بۆنەیە، ژنەکە زوو دەیوت فستانێکی نوێم بۆ بکڕە، نادرە بەدلەیەکی هەڵدەبژارد لە بەدلەی کیژە قوتابییەکان دەچوو، تەنوورەکەشی زۆر کورت بوو، بەو تەنوورە کورتە ئەو بووبووە قسەی سەر زاری هەموو تاشقەندییەکان. بێگومان حکوومەتی بەریتانیایی ئاگاداری هەڵسوکەوتی سەفیرەکەیان بوو لە

ئۆزبەکستان، دەیزانی لەگەڵ ژنە سەماکەرەکە پێوەندیی چۆنە، بۆیەش دۆسیەکەی ئەو تژی دەبێت لە لاساری و هەڵسوکەوتە ناشایستەکانی، بەڵام مۆرای لەسەر گەمەکردن بە ئاگرەکە بەردەوام دەبێت، برووسکەیەکی شیفرەدار رەوانەی لەندەن دەکات کەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە زەبری ئازار و ئەشکەنجە قسە و نهێنییەکان لە گیراوەکانی ئۆزبەکستان دەردەهێنێت. هەروەها نووسیبووی کەوا ئەمەریکا لەسەر دەستی ئاژانسی ناوەندی موخابەراتەوە گیراوەکان رەوانەی ئۆزبەکستان دەکات، تا لەوێ بە ئازاردان و توندکارییەوە نهێنییەکانیان پێ ئاشکرا بکات، هەروەها سەفیرەکە وتبووی کەوا دەزگاکانی هەواڵگریی بەریتانیش لەو جۆرە کارانەوە زانیاری وەردەگرێت، بەڵام لەندەن وەڵامێکی دروستی روونی ئەوی نەدابووەوە. مۆرای گاڵتەی بەسادەیی و سیاسەتی حکوومەتەکەی دەهات. جارێکیان یەکێک لە بەرپرسەکانی حکوومەتەکەی بەنیاز بووە سەردانی تاشقەند بکات، بۆیە پرسی بەو کردووە، ئەگەر هاتە ئەو وڵاتە مەترسیی ئەنفلەوەنزا هەیە، پێویستمان بەدەمامک هەیە، ئەویش بەنامەیەکی ئەلیکترۆنی وەڵامی دەداتەوە و بۆی دەنووسێت، دانانی دەمامک پێوەندیی بەوەوە هەیە ئاکار چەند ناشیرین و نەگونجاوە.

## مۆرای و وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایی

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایی هەڵسوکەوتی (مۆرای)ی سەفیریانی بەدڵ نەبوو، بۆیە داوایان لەو سەفیرە کردبوو دەست لە کار بکێشێتەوە، بەڵام دیارە کەوا ئەو بەوە رازی نەبووە، بۆیەش وەزارەتی دەرەوە فەرمانی تەمبێکردنی بۆ دەردەکات. کە رەخنەی توند و زۆری لە دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکانی کریمۆڤ گرتووە، بەوەیان نەبووکە حکوومەتەکەی لەو تووڕە دەبن، ئەو بەڕەسمی بەوەیان تاوانبار نەکرابوو، بگرە بەوە تاوانبار کرابوو، کەوا بە مەستی چووەتە سەر کار، ئۆتۆمۆبێلە رەسمییەکەی بۆ کاری تایبەتی بەکار هێناوە، ڤیزای لە بەرامبەر کاری سێکسی داوە بەخەڵک. کە مۆرای تێ دەگەیشت کۆشش دەکەن کاروانە سیاسییەکەی تیرۆر بکەن زۆر تووڕە دەبێت، بۆیە لە رووی ئاوەز و جەستەییەوە هەست بەشکان دەکات، بۆیەش لە رەوشێکی نادیاری سەیرەوە دەگوازرێتەوە لەندەن، رەوانەی کلینکی دەروونیی دەکەن لە نەخۆشخانەی سانت تۆماس، ئەویش لە پێناسەی ئەو نەخۆشخانەیەدا نووسیبووی: ئەوێ بۆ من پاککەرەوەیەکی تایبەت بوو.

کە مۆرای لەو نەخۆشخانەیەدا رەوشی تەندروستیی باش دەبێت، کۆشش دەکات وەزارەتی دەرەوەیان ڕازی بکات، دووبارە رەوانەی تاشقەندی بکەنەوە، ئەو بەهەموو هێزیەوە بەرگریی لە خۆی دەکرد و بیانووەکانی ئەوانی بۆ دوورخستنەوەی پووچەڵ دەکردەوە، بەڵام ئەوەشیان بەدکارترین کردارە لەگەڵ کەسێکی دیپلۆماتی بەریتانیایی پاش سەربڕینەکەی تشارلز ستودارد کە لە ساڵی ١٨٤٢ لە شاری بوخاری رووی دابوو. وەزیری دەرەوەی بەریتانیایی لەسەر کەیسی سەفیرەکەیان لەو وڵاتەدا وتبووی:

ئەو بووبووە شەرمەزارییەک لەسەر هەموو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایی. بەڵام لەو ڕەوشەدا مۆرای تەنیا نامەی پرسەداری لە چەپەکانەوە دەگەیشتە دەست، نووسەری شانۆیی هارولد پینتر هەڵگری خەڵاتی ئەدەب بەکەسێکی نەجیبی پێناسە کردبوو، ژنە ئەکتەر مانیسا ریدگریف وەک ڕێزلێنان ئێوارەیەکیان داوەتی کردبوو، زماناس نەعووم تشومسکی بە چەندان نامە پشتیوانی و هاوسۆزیی بۆ دەربڕیبوو. لە کۆتاییدا مۆرای سەفیر تێ دەگات کەوا هەموو ئەو بڕیارانەی بە ڕووی ئەو جێبەجێ کران دەستکرد و بیانووەکەی سەرۆکی ئۆزبەکی ئیسلام کریمۆڤ بوو. ئەو سەرۆکەی کە لە مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٥ بڕیار دەدات پۆلیس تەقە لە کەسانی نارەزا و خۆپێشاندەران لە بەستی فرغانە بکەن، وتیان لە شاری ئەندیجانی ئۆزبەکی نزیکەی حەوت سەد کەس بەدەستی ڕێژیم کوژراون، گومانی ئەوە دەکرێت ژمارەکە دوو ئەوەندەش بێت، چونکە کریمۆڤ رازی نەبوو لەسەر ئەو دۆسیەیە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکیش بکرێت، ئەو تبووی قوربانییەکان لە ئاکامی سەرهەڵدانێکی ئیسلامییەکان بووە. لەبەر ئەو کارە دڕندانەیە نەدەکرا لەندەن و واشنتۆن بێدەنگ بن، پاشان هەڵسوکەوتیان بە ڕووی ئەو سەرۆکەش دەگۆڕێت، بەچاوی جاران سەیری ناکەن، بۆیەش ئەوان لە چەندان کەنالی دیپلۆماسییەوە نارەزایی و گلەییان ناردبوو.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەیایی دیکتاتۆرە ئۆزبەکییەکە

نیونی سەفیر پێش ڕووداوەکەی مۆرای سەفیری بەریتانیایی و کۆمەڵکوژییەکەی ئەندیجان لە ئاسیای ناوەڕاست دوور کەوتبووەوە، لەو دەمانە نیون بەرپرسی مەڵبەندی زانیارییەکانی ئەڵمانیا بوو لە واشنتۆن، ئەو مەڵبەندە بۆ ساردکردنەوەی گرژییەکەی نێوان ئەمەریکا و ئەڵمانیا بوو لە سەردەمی بۆش و گیرهارد شرودری ئەڵمانی. ئەو وەک سیاسیەتوانێکی بەڕەوشت و چاکەخواز دەردەکەوت، نیون کە دەگەڕێتەوە ئەڵمانیایی دەبێتە سەرۆک بەشێک لە وەزارەتی دەرەوە، ئینجا لە ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە سەفیری ئەڵمانیا لە تاشقەند، ئەو دەمانە تەمەنی شەست و دوو ساڵ دەبوو، کەواتە بیست ساڵێک بە تەمەن لە مۆرای گەورەتر بوو کە هەمان پۆستی وڵاتەکەیان پێ سپاردبوو، دیارە ئەو پۆستەش بۆ ئەو دوا کاری دیپلۆماسی بوو. ئەو دیپلۆماتە لێزانە زوو هەستی بەوە کردبوو، کەوا کریمۆڤ مەسەلە هەستیارەکان لەژێر پەردەکانەوە بەنهێنی چارەسەر دەکات، لەگەڵ ئەوەش ئەو لەگەڵ چالاکوانەکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ ئەوانەی بۆ بەرجەستەکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کۆششکارن لە کاتی گونجاودا دیمانەیان دەکات، بەڵام ئەو هەنگاوانە بەهێمنی و لەسەرخۆ دەبوون. نیون بەهیچ شێوەیەک مەبەستی نەبووە بەئاشکرا هێرش بکاتە سەر ڕێژیمەکەی و دژایەتیی سیاسەتی بەرنامەکانی بەرلینی نەدەکرد. پاش کارەساتەکەی ئەندیجان یەکەتی ئەوروپایی کۆمەڵێک سزای خستبووە سەر ئۆزبەکستان، بەڵام ئەڵمانیا هەندێ جار لاساریی کردووە لە جێبەجێکردنی ئەو بایکۆت و گەمارۆیەی سەر ئۆزبەکستان، بۆیە بوار درایە هەندێ لە سیاسییەکانیان سەردانی ئەڵمانیا بکەن، لەوانە وەزیری دەرەوەیان زاکر ئەلماتۆڤ بۆ چارەسەرکردن بگاتە ئەڵمانیا و لە شاری هانۆڤەر چارەسەری وەربگرێت. لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەڵمانیا

ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە لەوەی گەمارۆی چەک لەسەر ئەو وڵاتە هەڵبگیرێت، بوار ساز بکرێت چەک بفرۆشنە ئەو وڵاتە.

سەرۆک کریمۆڤ وتبووی: (وڵاتەکەمان زۆر گەشەی کردووە و هەنگاوی باشی بڕیوە، ئەوە هەموو وڵاتانی جیهان شاهیدیمان بۆ دەدەن).

ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی رای گەیاندبوو کەوا وڵاتی ئۆزبەکستان حەوتەم وڵاتی دنیایە لە ڕێژەی گەندەڵی. لە ڕاپۆرت و پۆلینی پەیامنێرانی بێ سنووردا لە بواری ئازادیی رۆژنامەوانیدا ئۆزبەکستان پلەی شەستی بۆ دانراوە و لەناو ١٧٥ وڵاتدا. لە ئازادیی ئابووریش ڕێکخراوی کەلەپووری ئەمەریکاییش لە پۆلینی ئازادییەکانی ئابوورییش پلەی سەد و پەنجا و هەشتیان بۆ داناوە، بۆیە ڕێکخراوەکانی لێبووردنی نێودەوڵەتە و چاودێریی مافی مرۆڤ لەبەرئەوەی کاری قورس بەمنداڵان دەکەن لە کارگەکانی پەمۆ و ئازاردانی بەسیستەم و بڕیارە رەمەکییەکانی، دادگە ئەو وڵاتە تاوانبار دەکەن. لەو دوایییانەدا حکوومەتی ئۆزبەکی، چالاکوان ماکسیم بوبوڤ لە بواری قەڵاچۆکردنی ئایدز، بە تۆمەتی ڕێگەگرتن لە هاتنی ڤایرۆسی ئایدز لە وڵاتەکەیان، حەوت ساڵ زیندانی دەکات. چونکە ئەوان خۆیان بەوڵاتێکی نموونەیی دەزانن و بوار نادەن کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بەئاشکرا باس بکرێت. هەردوو ئیدارەی ئەڵمانیایی، هەڤاڵبەندیی حزبی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و حزبی سەوز لە سەردەمی راوێژکار شرودر و هەڤاڵبەندیی حزبی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و یەکەتیی کریستیانی دیموکراسی لە سەردەمی راوێژکار ئەنجێلا مێرکل، کۆک بوون لەسەر ئەوەی لەگەڵ حکوومەتی کریمۆڤ هاوکار و نەرم بن، ئێستاش هەمان سیاسەت بە رەوا و بەباش دەزانن لەگەڵ ئەو حکوومەتە. ئەڵمانەکان لەسەر سنووری ئەفغانستان لە ترمزی ئۆزبەکی بنکەیەکی گواستنەوەی ستراتیجییان هەیە، ئەوەش مەڵبەندێکی سەرەکییە بۆ گەنجینە و گەیاندنی پێویستییەکان بە سەربازە ئەڵمانەکانی ناو ئەفغانستان، هەر سەربازێکی ئەڵمانیایی پێش ئەوەی بچێتە ئەفغانستان لەو وڵاتەدا دادەبەزێ، لە باڵەفڕە ئیبراسەکانەوە دەچنە ناو باڵەفڕەی ترانسالەوە. دیارە کەوا سوپای ئەڵمانیایی و بەرنامەکانیان بەبێ رەزامەندی و نیازپاکیی کریمۆڤ جێبەجێ ناکرێت، دیارە لە بریی ئەو خزمەتە ئەو سەرۆکە پارەی زۆریش وەردەگرێت، کە مەزندە دەکرێت پارەکە ساڵانە خۆی لە ٢٨ ملیۆن یۆرۆ بدات.

## نائومێدیی مۆرای

کە مۆرای ناچار دەکەن لە پۆستەکەی دەست بکێشێتەوە تووشی ئازار و چەرمەسەریی زۆر دەبێت، لەگەڵ ئەوانەش تووشی کێشەی دەروونی دەبێت، نەخۆشیی دڵی دەبێت، پارە و سامانی نامێنێت، بۆیە ژنەکەشی داوای جیابوونەوەی لێ دەکات، دیارە کەوا پارەکەشی هەموو بەر ژنەکەی و منداڵەکانی دەکەوێت. بەردەوام بەرپرسەکانی سەرکۆنەیان کردووە بۆیە بیری لە خۆکوشتنیش دەکردەوە، بەڵام ژنە دۆستەکەی نادرە ئەوەی لە ئۆزبەکستانەوە لەگەڵی هاتبووە ئینگلتەرا دەستی

دەگرێت و ناهێڵێت خۆی بکوژێت، بەردەوام پارەی مەشق و دەرسەکانی سەمای ژنەکەی دەدا کە زۆر پەرۆشی فێربوونی ئەو سەمایە بوو، ئەوەندە بێ پارەش دەبن، تا پارەی یەک پیتزایەکیان بۆ خواردن نابێت، لەگەڵ دۆڕاندنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هەروەها لە ڕووی داراییشەوە ئیفلاسی کردبوو، ئەوەش کاریگەریی مەزنی لەسەر ئەو هەبوو، تا ڕادەیەک وەک کابرایەکی داماو و بەلەنگاز دەبینرا، بەڵام هەر چێژی لەوە وەردەگرت. مۆرای لەو ڕەوشەدا دەمێنێتەوە تا پارێزەرەکەی لەو تەنگاوییەدا دەربازی دەکات، زۆربەی دۆسیەکانی بۆ دەباتەوە تەنیا ئەو تاوانە لەسەری بووبووە ماڵ کەوا نهێنییەکانی درکاندووە و پێشێلی ئەو بنچینەیەی کردووە، بۆیەش لە ئاکامی بردنەوەی هەندێ لە دۆسیەکان ٤٦٠ هەزار یۆرۆ لە ئەنجامی دەرکردن و وازهێنانی لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایی وەک قەرەبوو وەردەگرێت. مۆرای بەو بڕە پارەیە لۆرییەکی کۆنی سوور دەکڕێت و بەشداریی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا دەکات و ڕووبەڕووی دوژمنە گەورەکەی، جاک سترۆ دەبێتەوە، چونکە مەبەستی بوو تۆڵەی خۆی بکاتەوە. لەبەرئەوەی ئەو کەسێکی بێلایەن بوو، بۆیە تەنیا ٢٠٨٥ دەنگ بەدەست دەهێنێت، لە ئاکامی ئەو شکانەدا هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوەندە نەبێت کە بڵێت سیستەمی هەڵبژاردنی بەریتانیایی دوورن لە بنچینەکانی دیموکراسییەت، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سیستەمی وڵاتی ئۆزبەکستان نییە، بەڵام ئەو سوور دەبێت لەسەر خەباتکردن بۆ بنبڕکردنی زوڵم و زۆر. مۆرای وەک کەسێکی ئیسکۆتلەندی پاڵەوانێک بوو بە ڕووی زۆردار دەوەستا، هەندێ جاریش ئەو دۆن کیشۆتی بوو بە شڵەژاوی دەلەرییەوە و دەبووە مایکل کۆلهاس ئەوەی بۆ بەرقەراربوونی دادپەروەری هەموو ئاستەنگەکانی بڕی. بەبۆنەی سەرکەوتنە ئاساییەکەی نادرە ئاهەنگی دەرچوونی لە ئەکادیمیای مەلەکی بۆ هونەری درامای ساز کرد، وەک ئەکتەرێک خۆی ناس دەکات، بە ناوی سەماکەری سەفیرە بەریتانیاییەکە لەسەر یەکێک لە شانۆ سادەکانی لەندەن نواندنێک ساز دەکات، شانۆکەش ئەکتەرێک ڕۆڵی تێدا دەگێڕا.

## کە بەئارامی ناژیت

لە مانگی یۆنیۆی ساڵی ٢٠١٠ سەردانی فولفگانگ نیونمان لە سەفارەتی ئەڵمانیایی لە تاشقەند کرد، سەفارەتەکە لەناو باڵەخانەیەکی نارێکدا بوو، کە دەکەوتە تەنیشتی پەیکەرێک کە بۆ قوربانییەکانی بوومەلەرزەی تاشقەند کرابوو، نووسینگەی سەفیرەکە سادە و ساکار بوو کەمێک کەلوپەلی تێدا بوو، لەوێ شووشەیەک ئاوی کانزامان خواردەوە. سەفیرەکە وتی ئیش لەو پۆستە و لەو وڵاتە هاوسەنگییەکی وردی دەوێت، دەبێ ئەڵمان ئەوە باش بزانن کەوا شوێنەکە هەستیارە، بەڵام دیارە مەبەستی بوو بڵێت کەوا دیموکراسییەت لەو وڵاتەدا نییە، بۆیەش دەبووایە خەڵک سەرنجی ئەوە بدات، چونکە بەبۆچوونی نێوان پێشهاتەکان وەک پێویست نییە. ئەو وای دەزانی بە حوکمی پۆستەکەی دەبێ ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا بکات، بۆیە لەسەر هەموو ڕووداوەکان ئەو هیچ سەرنج و توانجێکی دیاریکراوی نەبوو، بەڵام هەموو لایەنە دبلۆماسییەکان

دەزانن کەوا ئەو سەفیرە نازدارە لە کارەکانیدا زۆر سەرکەوتووە. ئومیدا ئەحمدوڤای وێنەگر، بەبڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەک تێیدا ریسوایی و نارەحەتییەکانی میللەتی ئۆزبەکیی نیشان دابوو، ئەو دووچاری کێشە هاتبوو، شیمانەی ئەوە هەبوو، سێ ساڵ زیندانیش بخوات، بەڵام سەفیرە هێمنەکەی ئەڵمانیا نێوانی لەگەڵ حکوومەتی ئۆزبەکی بۆ کردبوو، بۆیە کێشەکەی بۆ ئاسایی دەکات و لەو سزایە دەربازی دەبێت. بەڵام دەبووایە ئەو نوێنەرەی ئەڵمانیا زۆرتر و ئازایانەتر قسەی بکردبایە و بۆچوونەکانی توندتر بووایە، ئەو باسی بوونی پێوەندی و لەیەک گەیشتنی لەگەڵ ئۆزبەکییەکان دەکرد، بەجۆرێک قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد وات دەزانی لەگەڵ سەرۆکی ئەڵمانیایی کریستیان وولف بەشێوەیەکی رەسمی قسە دەکات. هەواڵەکان زۆر باسی ئەوەیان کردبوو کەوا سەفیری ئەڵمانیایی لەگەڵ وەزیری دادی ئۆزبەکی، ئەوەی بەکەسێکی توندکار و کەللەرەق ناسراوە نێوانیان ئاڵۆز دەبێت، ئەو لەسەر ئەو قسەیەش هیچ روونکردنەوەیەکی بە ئێمە نەوت، بێگومان ئەوەی لەگەڵ ئەو پیاوە دیپلۆماتە قسە بکات، لە هەموو ئەزموون و رۆژانەکەی حاڵی بێت، بێگومان دڵی هەنجن بەهەنجن دەبێت لەناو ئەو دوو ئاراستە دژ بەیەکە. دیارە کەوا بەرلین ئەو ناچار دەکات پێوەندییەکان لەو ئاراستە و هاوسەنگییە رابگرێت، بۆیەش بەوەیان سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. پرسیارەکەشمان ئەوەیە ئاخۆ ئەو سەفیرە کە دوای دوو ساڵی تر خانەنشین دەبێت دەگەڕێتەوە بەرلین؟ ئەو لە وەڵامی ئەو رامانەدا، لەگەڵ ئەوەی دەستی بەسەر قژی داهێنا و شیمانەی ئەوەی دەربڕی کەوا رەنگە بگەڕێتەوە بەرلین. دیارە کەوا دەیەوێ ماوەی خانەنشینییەکەی خۆی بەئارامی و بەخۆشییەوە دەرببڕێت، بەڵام حەزیش دەکات ماوە ماوە سەردانی رێگە حەریرەکەش بکاتەوە.

## مرۆڤێکی لاواز و بێهێز

لە پایزی ساڵی ٢٠١٠ دوا سەردانمان بۆ ماڵەکەی کریگ مۆرای کرد، کە دەکەوتە ناوچەیەکی ئاسایی لە دەڤەری ئاکتوون، کە یەکێکە لە گەڕەکانی ڕۆژئاوای لەندەن، بینیمان شووشە ویسکییە بەتاڵەکانی وەک خەڵات بن وا ریز کراوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ماوەی سێ ساڵ دەکرێتە بەرپرسێک لە زانکۆی داندی، کە لە زانکۆ کارەکەی تەواو دەبێت، خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەبێت، کە پاش ململانێیەکی توندی یاسایی بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام مۆرای بەناچاری چەند بڕگە و بەڵگەنامەی زۆریش لە کتێبەکە دەردەهێنێت ئەگەرچی حەزی دەکرد، هەموویان لەناو کتێبەکەدا بەشانازییەوە بوار و پێگەیان هەبووایە. لەگەڵ زۆریی زێدەڕۆیی کتێبەکە لایەنی سەرنجڕاکێش و گەرمی وورووژاوی تێدایە، دیارە کەوا لە نووسینەکاندا زۆریش رەخنە لە خۆی دەگرێت، وەک:

– من کەسێکی پاڵەوان نەبووم، من کەسێکی لاواز و بێهێز بووم، بەڵام بەچاوی خۆم دەمبینی کە چۆن پیر و ژن و منداڵان ئەشکەنجە دەدەن، هیچ ساتێک گومان لەوەدا نەبوو کەوا من نوێنەر و نمایندەی نەتەوەی بەریتانیام، باشیش دەمزانی ئەرک و فەرمانەکانم کامەن. کەی رەوایە نەزاهەت لە ژیانی گشتی وا دەگمەن بێت تا ڕادەیەک ئەوەی هەستیان پێ بکات دەبێتە پاڵەوان، چونکە

کەمێک حیشمەتی تێدایە؟

ڕەنگە دەقی بیرەوەرییەکانی ئەو لە هۆلیوودەوە سوودی هەبێت، مۆرای وتوویەتی:

من باش دەزانم کەوا دەقی بیرەوەرییەکانی من زۆر سەرنجڕاکێشن، ڕەنگە فیلمەکانی جیمس بۆند نەگەنە نووسینەکانی من، هەست دەکەم ورووژاندنەکانی ناو بیرەوەریی من گەرمتر بن. بۆیەش براد پیت وتبووی من ئەوانە سەرنجیان ڕاکێشاوم ڕەنگە کاری بەرهەمهێنانیان بۆ بکەم و شیاوی ئەوەن. ڕەنگە ئەگەر دەقەکە بکرێتە فیلم و براد پیت کاریان لەسەر بکات، ئەکتەری ئەستێرە ئەنجلینا جۆلی ڕۆڵی نادرەش ببینێت. بەڵام ژنە نازدارە سەماکەرە ئۆزبەکییەکە هیچ قسەیەکی لەسەر ئەو مەسەلەیە نەبوو. ئەو ماوەیەکە وازی لە نواندن هێناوە و دەیەوێ لەگەڵ خێزانەکەی بە ئارامی بژیت و ماوەیەک پشوو بدات، دیارە شووی کردووە و منداڵێکی بووە و ناوی ناوە کامیرون، دیارە مەبەستی سەرۆک وەزیران نییە، کە ئەو ناوەی هەڵبژاردووە، ئەو وتبووی من ئەو ناوەم بە یادی تیرەیەکی کۆنی ئۆسکۆتلەندی ناوە، نەک لەبەر ناوەکەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای ئێستا. مۆرای دەچێتە ناو دیموکراسییە لیبرالییەکان، بەڵام لەوانیش بێزارە چونکە ئەوان هەڤاڵبەندییان لەگەڵ پارێزگارەکان کردووە، چونکە ئەو حەز بەو سازشانە ناکات، بەڵام هێشتا کەسێکی ئەکتیڤە، دیارە یان زۆر باش دەناسرێت یان بەیەکجاری ڕەش دەبێتەوە. لەگەڵ هەموو بۆچوون و رامانەکانی ئەو کەسێکە مۆرالی ورووژاندنی پێوەیە. بەڵام ژیانی دیپلۆماتی دووەم نیون وەک فەرمانبەرێکی حکوومەت کار دەکات، ئاستی پۆستەکەی بەرزە و بەبێ ئەستەنگ بەرەو خانەنشینی دەڕوات.

نیون سەبارەت بە مۆرای لە نووسینگەکەی خۆی لە تاشقەندەوە بەئێمەی وت:

پیاو کە وەک دیپلۆماتێک کاری کرد، دەبێ هەموو خەسڵەتەکانی ئەو پۆستە بزانێت، گوێڕایەلی هەموو پرەنسیپەکان بێت، بەوردی مامەڵە بکات، پابەندی ڕێنوێنی و چەمکەکانی دیپلۆماتیک بێت، بۆیەش وا سەفیرە تازە بەریتانیاییەکە لە تاشقەند خەریک و ماندووە تا ئەو وێرانکارییەی سەفیرە کۆنەکە ئەنجامی دابوو ئەو سەرلەنوێ بنیاتی بنێتەوە و چاکی بکاتەوە، چونکە ئەو زۆر بەخراپی پێوەندییەکانی شێواندبوو. مۆرای لە ماڵەکەی خۆی لە لەندەن سەبارەت بەسەفیرەکەی ئەڵمانیا لە ئۆزبەکستان بەئێمەی وت:

(ئەڵمان! لە ئۆزبەکستان زۆر کۆششکار بوون، ئەوان لە هەموو وڵاتانی تری ڕۆژئاوا، کۆششیان دەکرد دیکتاتۆرەکە ڕازی بکەن. ئاخۆ ئەوان ئەوە لە مێژووەکەیان فێر بوون).

سەرچاوە: جریدە ١٠ی نۆڤێمبەری ساڵی ٢٠١٠/١١/١٠ لە ڕۆژنامەی دیر شپیگلەوە

# مافیا

ئامادەکردنی شێرزاد هەینی

## بەشی کۆتایی

### مەکسیک

لەو ساڵانەی دواییدا مافیای مەکسیکی بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەست بەسەر بازرگانیی موخەدەراتی جیهانی دادەگرن، ساڵانە رێژەی ٩٠٪ لە پێویستییەکانی ماریگوانا و مادەی میتامفیتامین دەگەیەننە ناو ئەمەریکا. مەکسیک بووبووە بواری سەرەکی موخەدەراتی هاتوو لە وڵاتانی کۆلۆمبیا و پیرۆ و پۆلیڤیا و لەوێشەوە بەرەو وڵاتانی باکور رۆیشتووە، بەوەش نائارامییەکی لە ناوەندی ئەمەریکی پەیدا کردبوو.

بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٩ تەنیا لەو ساڵەدا نێزیکەی پینج هەزار کەس لە ئاکامی سەرکێشییەکانی فرۆشتنی موخەدەرات کوژراون، لەوانە سەدان کەسیان پیاوانی پۆلیسی مەکسیکی بوون. هەر لەو ساڵەدا لە هەموو دنیا هەواڵی کوشتنی ئەلبرتو برتران لیڤا لەگەڵ چوار لە هاورێیەکانی لە ئەنجامی هێرشێک بۆ سەر شوقەکەیان لە شاری کیرناڤاکا لە خوارووی مکسیکو ستی بەدەستی پیاوانی ئاسایش دەکوژرێن بڵاو کرایەوە. لەو هەڵمەتەدا نێزیکەی دوو کەس لە پیاوانی ئاسایش بەشدارییان کردبوو، دیارە ئەوەش پاش ئەوە کە پۆلیس بەسەربڕاوی تەرمی شەش پۆلیسی رفێنراوی خۆیان لە نێزیک کڵێسایەک لەو گەڕەکە دۆزیبووە، دیارە ئەو رفاندن و کوشتنە هۆڤیانە پاش ئەوە هاتبوو کە پۆلیس دە کەسی مافیایان لە دەستەکەی لیڤا کوشتبوو، ئەوانیش بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەندامەکانیان پاش ئازاردانی جەستەیی زۆر، سەری پۆلیسەکەیان بڕیبوو.



حکوومەتی مەکسیک بەهەموو دەزگا ئەمنییەکانیەوە سەرووی دوو ملیۆن دۆلاری وەک پاداشت تەرخان کردبوو، بۆ ئەو کەسەی پێشەواي پێشەواکانی بۆ بگرێت کە نازناوی لیڤا بوو، دیارە ئەویش مەترسی زۆری لەسەر ڕەوشی وڵات دانابوو، چونکە توانیبووی یەکێک لە دڕەندەترین و بەهێزترین دەستەی مافیای موخەدەرات دامەزرێنێ، ئەو یەکێک بوو لەو چوار کەسەی لە دەستەکەی (سینالوا)ی مەکسیکی جیا بووبوونەوە و چووبوونە ناو دەستەی تاوانکارێکی وەک (لۆس زیتاس) کە تێیدا چەندان کۆنە سەربازیان وەک بەکرێگیراو بۆ تاوانەکان بەکرێ گرتبوو. بە ڕۆیشتنی ئەو چوار کەسە بۆ ناو دەستە نوێیەکە، ناکۆکی و ململانێ روو دەدا، کە لە ئەنجامدا شەڕیکی دژوار لە نێوان سینالوا و لۆس زیتاس دەقەومێ، کە لە ساڵانی ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٠٩ نێزیکەی چواردە هەزار کەسی هەردوو لای تێدا دەکوژرێ.

ململانێی نوێ لە مەکسیک لە ساڵی ١٩٨٩وە دەست پێ دەکات، پاش ئەوەی ئەمیری بازرگانی کۆکایین میگیل ئەنخیل فیلکس گالاردو دەگیرێت، پاشان لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوو ململانێیەکان کەمێک ساردەبێتەوە، بەڵام پاش ساڵی ٢٠٠٠ دووبارە قۆناخەکە توندکاری و توندوتیژیی تێ دەکەوێتەوە، کە تێیدا سەرۆکی مەکسیکیی پێشوو ڤنسنت فۆکس دەستەیەکی گچکەی چەکدار رەوانەی سەر سنوورەکانی ئەمەریکا دەکات بۆ شەڕکردنی چەتەکانی ناوچەکە، بەڵام دیارە کەوا دەستەکە هیچیان پێ ناکرێ و دەشکێن.

لە ساڵی ٢٠٠٥ لە دەڤەری (نویفو لاریدو) لە شەڕێکی دژواری نێوان (جلف) و (سینالوا) بۆ کۆنترۆڵکردنی ویلایەتی (میتشواکان) سەد و دە کەس کوژرا، لە ڕۆژانی ئەو شەڕەش حکوومەت تەنیا وەک چاودێرێک لە دوورەوە سەیری شەڕەکەی کردبوو. پاش ئەوەی لە مانگی ینایری ساڵی ٢٠٠٦ فیلیبیە کالدیرون دەسەڵات لە وڵاتەکە دەگرێتە دەست، فەرمان دەدات شەش هەزار و پێنج سەد چەکداری هێزەکانی یەکگرتوو و سوپا و پۆلیس رەوانەی میتشواکان بکا، پاشان ژمارەی هێزەکە زۆرتر دەکات تا دەگاتە نێزیکەی چل و پێنج هەزار کەس.

سەرۆکی ئەمەریکایی باراک ئوباما زۆر پشتیوانیی مەکسیک دەکات بۆ قەڵاچۆکردنی بازرگانیی موخەدەرات، بۆیەش تا ئاسانکارییان بۆ بکا، پێنج کۆپتەریان دەداتێ، لە چوارچێوەی بەرنامەی (میریدا) لە ساڵی ٢٠٠٨ گوژمەی یارمەتییەکانی ئەمەریکایی بۆ مەکسیک دەگاتە نێزیکەی چوار سەد ملیۆن دۆلار، لەوانە ئامێر و تۆڕی گەیاندن و پێوەندیشی تێدا بووە.

لەناو سی و یەک ویلایەتی مەکسیکی حکوومەتی مەکسیکی رووبەڕووی حەوت کارتلەی بازرگانیی موخەدەرات بووەتەوە، کە بەیەکەوە هاوکاری و پەیمانیان بەستووە، لەوانەی کە زۆر دژوارن و چالاکییان ترسناکە، کارتلی کەنداوەکە (ئەوانە لە سێزدە ویلایەت کارکەرن) کە لەگەڵ کارتل (تیخوانا) کە لە سنووری (پازدە ویلایەت کارکەرن) هاوپەیمانن، هەروەها کارتل (سینالوا)، کە لە (حەڤدە ویلایەت کارکەرن) و کارتل (خواریز) کە لە (بیست و یەک ویلایەت کارکەرن) و کارتلی (ڤالنسیا)، ئەوانە هەرسێکیان بەیەکەوە هاپەیمانیەتییەکی پتەویان بەناوی (یەکەتی) لە نێواندا هەیە. دیارە هاوپەیمانیی نێوان دەستەکانی مافیا هەتا سەر نییە، بۆیە بۆ پەیداکردنی دەسەڵاتی زۆرتر و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکە شەڕی دژوار لە نێوانیان روو دەدات بۆ دەست بەسەرداگرتنی رێگە سەرەکییەکانی گەیاندن، بەتایبەتی رێگەی نێوان (ریو گراندی) لە شاری سیوداد خواریز لە ویلایەتی تسیهواهوا لە باکوری مەکسیک هەتا شاری ئەلباسو لە ویلایەتی تکساس لە باشوور ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، حکوومەتی مەکسیکیش کۆششی بێوچان بوو تا لافاوی ئاودیوکردنی کۆکایین رابگەن، بەڵام دیارە هەموو یارمەتییەکانیش بەکەڵکی مەکسیک نەهاتووە بۆ کۆنترۆڵکردنی رێگە سەرەکییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

### کوبا

کوبا یەکێکە لە دوورگە گەورەکانی ناوچەی کاریبی، کە ماوەیەکی زۆرە فردۆس و ئارەزووی خەڵکە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە بوو، بۆیەش پارەیەکی زۆری رادەکێشا، ئەو دەرسەش بوو کە مافیای ئەمەریکایی کوزانوسترا لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو وەریان گرتبوو، ئەوان لەگەڵ سەرۆکی کوبیی ئەو دەمانە باتیستا لە ئەنجامی دانوستانی راستەوخۆ توانیبوویان دەست بەسەر هوتێلی ناسیونالی بەناوبانگ دابگرن، لەوێ ئیدارەی یەکێک لە گەورە یانەکانی یاریی ناوچەکە دەکەوێتە بن دەستی ئەوان، بەوەش بە چەندان بواری ساختە و فێڵبازییەوە پارەیەکی زۆریان لەو کارانە دەست دەکەوت، پارەکەشیان بە ساختە رەوانەی دەرەوە دەکرد. ئیتر بەو شێوەیە بنەماڵە مافیاکانی ئەمەریکا دەکەونە ململانێ بۆ کردنەوە و دۆزینەوەی بازاڕ لە کوبا، لە ئەنجامی دیالۆگی نێوان مافیوزوی نیویۆرکی باناناس و راوێژکاری کوزانوسترای دارایی مائیر لانسکی باناناس دەبێتە بەڕێوەبەری هوتێلی ناسیونال.

لەو هوتێلەدا کۆبوونەوەی لووتکەیی تاوانکاری بە سەرکردایەتیی لاکی لوتشیانو، کە باوکی مافیای روحی بوو لە جیهان کرابوو، لەو کۆبوونەوەیەدا دانوستان لەسەر بەرنامەی رووبەڕووبوونە

لە پێشهاتەکان کرابوو، کە لە رووداو و گۆڕانەکانی پاش کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانی دەهاتە ئاراوە. کە لوتشیانوو لە ئیتاڵیا دەرچووە، سوودی لە کەسایەتی گۆرانیبێژە گەنجەکەی ئەو دەمانە فرانک سیناترا وەرگرتووە، ئەوەی کە بەرەچەڵەک ئیتاڵی بوو، بۆیەش ئەو لە کاروانە هونەرییەکەیدا پشتیوانیی مافیای کردووە. لەناو دەستەکانی مافیای شیکاگۆ و نیویۆرک دەگوترا کەوا سیناترا لە پایتەختی کوبی دەمامکی بەکار هێناوە، چونکە زۆر کەسایەتیی ناسراوی دنیا هاتبوون بۆ رێزگرتنی هونەرمەندە گەنجەکە.

هەموو ئامادەبووان شوێنی تایبەتیی خۆیان لەو کۆبوونەوە لووتکەیییەدا هەبوو، بابەتی زۆر لە هاڤانا قسەی لەسەر کرا، یەکێک لە بەرنامەی کارەکە ئەوە بوو کەوا لوتشیانو مەبەستی بوو پێگەی خۆی وەک باوکی رۆحی کوزانوسترای جیهان گیر بکا، چونکە ئەوا لە سەرەتای پەنجاکانەوە ئەو پێگەی هەبوو، رێکخراوەکەش لەوە باش حاڵی بووبوو، کەوا بازرگانیکردن بە موخەدەرات یەکێکە لە دەسکەوتە زۆر بە سوودەکان لە مەیدانی تاوانکاریی سیستەمدار لە بازاڕی ئەمەریکی. مافیاش بڕیار دەدا دوورگەی سیسلیا بکاتە مەڵبەندی پەخش و بڵاوبوونەوەی هەموو تۆڕەکان.

بەپێوەندیکردنی پتەو و تۆکمە مافیا لەگەڵ چەندان کۆمپانیای دەرمانسازی رێک دەکەون کەوا مۆرفین بکەنە هیرۆین، بەو شێوە نوێیەوە لە شووشەی گچکە گچکەی بکەن، تا بەئاسانی لەسەر دەستی چەندان دەستەی تایبەتیی خۆیانەوە و بە رێگەی تایبەتی لە ریو یان لە کاراکاس و یان لە مونتریال و یان لە مرسیلیاوە بگەیەنرێتە بازاڕەکانی ئەمەریکا. تۆڕەکانی مافیا لە دوورگەی سیسلیا وەک تۆڕێکی ئارام و دوورە کێشە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کارەکانی مافیا چاودێری وردی لەسەر بووە و ئیشکردن لەوێ ئاسان نەبوو، بۆیە ئەوان بازاڕەکانی کوبایان کردووە بە مەڵبەندێکی ئەکتیڤی خۆیان، چونکە خاڵێکی نێزیکی ئەوانیش بوو. تۆڕەکانی مافیا وەک چۆن لەناو دوورگەی سیسلیا ئازادانە کاریان کردووە لە دوورگەی کوباش هەمان بواریان بۆ ساز بوو، کە ئازادانە و بەبێ ترس کار و چالاکییەکانیان بکەن، دیارە ئەوەش پاش رێککەوتنە فەرمییەکەی کوزانوسترابوو لەگەڵ باتیستا بۆ بازرگانیکردن بە کۆکاین. بەڵام هەڵگیرسانی شۆڕشی کوبی بووە زەبرێکی کوشندە بەر بەرژەوەندییەکانی مافیا کەوت، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ستراتیجیەتێکی نوی بۆ بازرگانیکردن بە رێکخستن و راپەڕاندنی کارەکانیان بڕیار دەدەن کۆنگرەی لووتکەیی لە بالیرمو لە سیسلیا ببەستن، لەوێش بڕیار دەدەن هەموو سەنتەرەکانی ئەو بازرگانییە بگوازنەوە سیسلیا. دیارە ئەوەش پاش ئەوە هاتبوو کە لوتشیانو ماوەی مانەوەی لە ئەمەریکا لێ وەردەگیرێتەوە و ناچاری دەکەن لە ئەمەریکا دەربچێ و بگەڕێتەوە سیسلیای زێدی جارانی خۆی، دیارە کەوا ئەو دەرکردنەی ئەو لە کوباش پاش پاڵەپەستۆی توندی ئەمەریکاییەکان بووە لە سەرۆک باتیستا.

لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٥٧ و لە شەقامی رۆما لە بالیرمو کۆبوونەوەی لووتکەیی ئاوارتە

بە ئامادەبوونی سەرکردایەتیی مافیای هەردوو کەنارەکانی ئەتلەسی لە ئەمەریکا و سیسلیا ساز دەکرێ، کە تێیدا ناوچەکانی دەسەڵات و کارکردن لە جیهان دابەش دەکەن، تا تێیدا کاری خۆیان بکەن، بەتایبەتی بازرگانیکردن بە موخەدەرات. هەڵگیرسانی شۆڕشی کوبا بە سەرۆکایەتیی ڤیدل کاسترۆ خەون و بەرنامەی باتیستای لەگەڵ مافیا هەڵوەشاندەوە و بازاڕە گەرمەکەی گازینۆکانی سارد کردەوە و هەموو قازانج و دەستکەوتەکانیان لە دەست چوو، کە دۆستایەتییەکەی کوزانوسترا بە سەرپەرشتیی مائیر لانسکی جوولەکە بوو، ئەو بەرپرسی دارایی ڕێکخراوەکە بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ لوتشیانو لە فڕگەی ناپۆلی لەو دەمانەی چاوەڕوانیی نووسەری سینەمایی مارتن جوش دەکات تا ژیانی بکاتە فیلمێکی سینەمایی دەمرێ، بە مردنی ئەو ناکۆکییەکان وەک بەربەرەکانی ناو نیویورک توند و دژوار دەبێت، کە هەرگیز لەناو بازاڕەکانی موخەدەرات وا هۆڤیانە شەڕی یەکتریان نەکردبێ.

لەگەڵ سەرەتای دەستبەکاربوونی جۆن کینیدی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکایی، کە زۆر لەگەڵ مافیا و چالاکییەکانیان هەستیاربوو، کارلۆ جامبینو کە یەکێک بوو لە کەسە زۆرزانەکانی مافیا دەبێتە سەرپەرشتیاری تۆڕەکانیان، ڕەنگە دیدی کینیدی لەسەر مافیا بۆ ئەو پێوەندییە دەگەڕێتەوە ئەودەمانەی کە لە نێوان جوزیف کینیدیی باوکی لەگەڵ کەسایەتی مافیای ناسراو (سام جیانکانا) هەیان بووە، کە جۆن کینیدی پشتیوانیی سی ئای ئەی نەکردووە بۆ یارمەتیدانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ئەمەریکای لاتین، بگرە دژایەتیی زۆری کردوون، کە کاریان دەکرد کەوا کەسێکی وەک کاستڕۆش بکوژن، سەرۆک لەگەڵ ئەوانە هاوبیر نەبوو، کە کوباییەکانی ناو ئەمەریکا ئەوانەی پەرۆشی ئەوەبوون ڕێژیمی کاسترۆ بڕووخێنن، مەشقیان پێ بکەن، پاشان لە ساڵی ١٩٦٢ بەشدارییان کردبوو لە هەڵمەت و هێرشە سەرنەکەوتووەکەی سەر دوورگەی بەرازەکان لە کوبا، کە لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە دایان بەزاندبوونە سەر کوبا، کەواتە سەرۆک دژایەتیی کاسترۆی نەکردووە و بە پرۆسەکانی دژایەتیکردنەکەش ڕازی نەبووە، بەڵام موخابەراتی ئەمەریکایی بۆ ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیە هاوکاری کوزانوسترایان قبووڵ بووە، کە دەزگاکانی پۆلیس و دادوەری داوایان لێ کردوون.

لەناو بەڵگەنامەکانی (سی ئای ئای)دا باسی ئەوە کراوە کەوا (جونی روسیلی) کە یەکێکە لە پیاوانی ئال کابونی لە هۆلیوود نێوانی پێناوی لەگەڵ دەزگا نهێنییەکانی ئەمەریکی بینیوە بۆ هاوکارکردنی بەرنامەی کوشتنی ڤیدل کاسترۆ، ئەو پیاوەی دوژمنی ژمارەیەکی مافیا و ئەمەریکا بووە، کە ئەمەریکا نەیتوانی ئەو لەسەر پۆستی سەرۆکایەتیی کوبا لا ببا، بەڵام ئەو توانی ئەوان لە سەرۆکایەتی لا ببات و ئەو بۆ وڵاتەکەی بووبووە کەسی فریارەسی بەتوانا بۆ نەڕووخانی وڵاتەکەیان. کۆشش و بەرنامە لەلایەن کەنەدا و ئەمەریکا لە باکورەوە زۆر دەکرا تا دەروازەی ئەو گەندەڵییە بگرن کە لە باشوورەوە بۆیان دەهات، وەک دامەزراندنی سەکۆی تاوان کە ساڵی ١٩٩٧ لە دەرەوەی سنووریان دامەزراند بوو کۆشش بکەن بە ئالییەتێکی هاوکاریی هەواڵگری کار بکەن

ڕێگە و بوارەکانی ئەو چەتانە بگرن، هەر بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆششە، ئەمەریکا لەگەڵ بیست و پێنج وڵاتی تری ناوچەی کاریبی و ئەمەریکای خواروو بۆ پتەوکردنی هاوکاری کاریان دەکرد، تا هەزارەها کەس لە پیاوانی چەتەکان و بازرگانەکانی موخەدەرات بگرن و چەندان بار مادەی قەدەغەیان لێ گرتن، بەڵام هەموو تاوان و ئاسانکارییەکانی گەشەی گەندەڵییەکان و ئاودیوکردنی مادە بێهۆشکەرەکان تەنیا حکوومەتەکانی خواروو لێی بەرپرس نین، دیارە کەوا کەسانی دیار و ناسراوی باکور و باشوور دەستیان لەو دەسەڵاتە و لەو بەرنامەیەدا بەڕوونی هەیە.

## ئاخۆ مافیای جوولەکە هەیە؟

لە بواری پۆلین و ڕێکخستندا ناکرێ تاوان و بەدکارییەکانی مافیا لە نێوان ئاینەکانی جوولەکە و کریستیان و موسڵمان بکرێ، بەڵام کەسانی شارەزا دەڵێن بوونی پێوەندییەکانی جوولەکە بە مافیا لە ئاراستەیەکی بۆشەوە نەهاتووە، ڕەنگە ئەوان پێش ئەوەی بێنە ئیسرائیل وەک کەسانی جوولەکەیی لە ئەمەریکا و لە ڕووسیا خۆیان دەناساند، بەڵام ئەو کۆچبەرە نوێیانە بناخەی سەرەتاییی مافیایان داناوە. بۆ نموونە زۆر ناوی پیاوی ناوداری مافیای کۆچبەر مائیر لانسکی دێت، ئەو سەرگەورەیەی بەهاکانی مافیای کۆنی گۆڕیبوو، ئەویش بەرپرسە لەوەی لاکی لوتشیانو دوا سەرکردەی مافیای ئەمەریکاییی کۆن سلڤادۆر مارانزانوی لە ساڵی ١٩٣١ بکوژێت، جێگەی سەرسامیش نییە کە ئیسرائیلییەکان لە سەرەتای حەفتاکان دان بەوە دابنێن کەوا ئەو پشتیوانیی دەوڵەتی ئیسرائیلی کردووە.

ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی لە ڕۆژی ٢ی مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٨٨٤ بەدڵنیاییەوە نووسیبووی کەوا سێگۆشەی تاوانکارییەکانی کۆکایین بە دەستی جوولەکەیە، چونکە ئەوانن پارەکان لە هەموو دنیا ساخ دەکەنەوە، بەڵام بارونی کۆلۆمباییەکان سەرپەرشتی دروستکردن و بەرهەمهێنانن، مافیای ڕووسی جوولەکەییش لە نیویۆرکەوە چاودێری مەسەلەکە و بەرهەمەکە دەکەن. ئەگەرچی ئیسرائیل و ڕووسیا نێوانیان زۆرە و زۆریش لەیەک دوورن، بەڵام پێوەندییەکانی مافیای ئەو دوو وڵاتە پتەو بووە، ڕەنگە مەسەلەکەش بگەڕێتەوە سەر ئەوەی باوکی ڕوحی دەوڵەتی ئیسرائیلی تیودور هرتزل بە ڕەچەڵەک ڕووسی بووە.

بەڵام لە ڕاستیدا پێوەندییەکانی مافیای نێوان ئەو دوو گرووپە پتەو و هاوبەرژەوەند نابن، تا یەکەتیی سۆڤیەت نەڕووخا ئەو گرووپانە بەئاسانی نەگەیشتنەوە یەک، زۆریش سوودیان لە لایەن و تیرە و ڕەگەزە جیاوازەکانی وەک ئۆکرانی و ئەرمەنی و ئازەری و جۆرجی بینیبوو، بەڵام ناوەکە تەنیا بۆ مافیای ڕووسی و ئیسرائیلی دەگەڕایەوە، بەڵام هەر ناوی دووەمیان زۆرتر دەستی ڕۆیشتووە و پاڵپەستۆکەی زۆرتر بووە.

دەڵێن سەرکردایەتیی مافیای ڕووسی ئیسرائیلی و پیاوە گەورەکانی زۆربەیان جوولەکەی ڕووسی بوون، کە لە دەزگاکانی موخابەراتی سۆڤیەتی (کی جی بی) و موخابەراتی سەربازیی



سۆڤیەتی (گی ئۆ ئار ئێن) کاریان کردووە، هەروەها دەستە هەڵبژاردەکەی ناو هێزە تایبەتییەکانی سۆڤیەتی پێشوو و پیاوانی سوپا و پۆلیسی نهێنی سۆڤیەتییش بووبوونە ئەندام لەو مافیایانە.

کە سەرۆک حکوومەتی رووسی جاران بوریس یلتسین ژمارەیەکی زۆری لەو پیاوانە لە ریزەکانی ئەو دەزگایانەی دەرکردبوو، یان بڵێین وازی لە خزمەتەکانیان هێنابوو، بۆیە زۆریان روویان لە تۆڕەکانی مافیا کردبوو، دیارە مەبەستیش لەو پرۆسەیە بەپێی بەرنامەی لاوازکردن و کەمکردنەوەی هێزەکان بووە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارده، کە سەرەتای قۆناخی دۆستایەتی و هاوکاری بوو. بەپێی ئاماژەی راپۆرتەکان کەوا مافیای رووسی ئیسرائیلی لە ساڵی ١٩٩٥ ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە نێزیکەی سەد هەزار کەس، کە لەناو هەشت هەزار دەستە کۆ بووبوونەوە، لەو دەمانەش کۆنترۆڵی رێژەی ٨٠٪ چالاکییەکانی تایبەتی رووسیای کردبوو، کەواتە دەستیان بەسەر لە ٤٠٪ داهاتی ئابووریی رووسی ئەو دەمانەدا گرتبوو. مافیای رووسی ئیسرائیلی پێوەندییان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری قەوارە ئابوورییە بازرگانی و سیاسییەکان هەبووە، بۆ نموونە توانیبوویان بەهۆی یەکێک لە بەڕێوەبەرە هەرە دیارەکانی جوولەکەوە خودورو فیسکی کۆنترۆڵی کۆمپانیای رووسی مەزن (یوکوس) بکەن، سەرکردایەتیی ئەو گرووپانەش پشتیوانیی بزاڤ و حزبەکان و سەرکردە سیاسییەکانیان بۆ مەرامی تایبەتیی خۆیان کردووە.

مافیای جوولەکەکان دەوڵەتی ئیسرائیلیان کردبووە نوایەکی ئارام بۆ خۆیان، دیارە کەوا دەوڵەتەکەش بواری کۆچکردنی بەهەموو جوولەکەیەک دابوو کە رووی تێ بکەن و تێیدا نیشتەجێ بن، بەئاسانیش هەموو پێداویستییەکانی ناسنامەیان بۆ ساز کراوە و وەک تاکێکی ئیسرائیلیش جێگەیان بووەتەوە، بەوەش ئەوانە توانیویانە بە رێگەی دەریاوە سەفەر بکەن و بگەنە ئەمەریکا و هەموو وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا، کە ناسنامەی هاووڵاتیی ئیسرائیلی هەبووە، کەسیان رادەستی هیچ وڵاتێک نەکردووەتەوە بە بیانووی ئەوەی ئەوانە هاووڵاتیی ئیسرائیلین، بۆیە پیاوانی مافیا

لەوێ باش حەشار دراون و لە دادگەکانیش دوور کەوتوونەتەوە، هەروەها ئیسرائیل داواشی لە حکوومەتی رووسی کردبوو کەوا لاریی نییە و پێیان خۆشە گیراوە جوولەکەکانی ناو گرتووخانەکانی رووسیا رادەستی ئەوان بکەن، تا لەناو گرتووخانەکانی ئیسرائیل بە ئاسایی ماوەی گیرانەکانیان تەواو بکەن. زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کەوا مافیای رووسی جوولەکەیی لەو دە ساڵانەی دوایی رۆڵیان زۆر هەبووە لەسەر پەیداکردنی تەنگژە ئابوورییەکانی رووسیا، بەتایبەتی لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا، دیارە سەردەمەکە وابوو، کاتی گۆڕانی بوارەکانی ئابووری بووە لە ئابوورییەکی حکوومی گشتی بۆ ئابووریی تایبەتی، ئەو رەوشەش بواری ساز کردبوو، مافیا بە ئاسانی بخزێتە ناو کار و بەرنامەکانی کۆمپانیاییەکان و کارە بازرگانییەکانی ئابووری لەناو رووسیا و هەموو وڵاتە ئەوروپاییەکانی رۆهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست، ئەوەش بەو پارانە دەکرا، کە لە بانکە ئەمەریکاییەکان و ئەوروپاییەکان لەبن دەستی جوولەکەدا بووە بۆ ئەو ناوچانە.

بەرئەنجامی سیستەمی نێودەوڵەتی نوێ پەردە لەسەر چەندان کێشە و ئاشووبەکانی جیهانی سێیەم هەڵدرایەوە، تێیدا شەڕی ناوەخۆیی و ململانێی سەخت هاتە ئاراوە، لەو رەوشەدا مافیای رووسی جوولەکەیی هاوشانی مۆسادی ئیسرائیلی و ئاژانسی موخابەراتی ئەمەریکایی سی ئای ئی و موخابەراتی دەرەکی بەریتانی ئێم ١٦ بە سەرپەرشتیکردنی هەناردەی چەک و تەقەمەنی سەربازی و ئاودیوکردنی بۆ میلیشیا و دەستە چەکدارەکان لە بولگاریا و ئۆکرانیا و رۆمانیا ئاگرەکەیان خۆش دەکرد، بەوەش مادەی خاوی وەک ئەڵماس و زێڕیان لە سیرالیۆن و لیبیریا و ئەنگۆلا و رۆهەڵاتی کۆنگۆ دەست دەکەوت، ئەوانەیان بۆ چارەسەکردنی ئەو کانزایانە رەوانەی ئیسرائیل، دووبارە لەوێیەوە بە بەڵگە و وەسلی ئیسرائیلییەوە رەوانەی بازاڕەی ئەوروپا دەکرانەوە، دیارە کە مادەکان دەفرۆشران، ژمێریاری وردیان لە رێگەی بانکەکانەوە بۆ دەکرا.

## لە فەڵەستین

لەگەڵ گەشەکردنی چالاکییەکانی مافیا چەندان بنەماڵەی مافیایی دەستیان بەسەر چەند شاری وەک عەسقەلان و تەلئەبیب و نتانیا و ئۆرشەلیم لە دەشتایی و لەسەر کەنارەکانی دەریاش داگرتبوو، لەسەر پاپۆڕەکانی سەر دەریای ناوەڕاست یانەی قوورمایان بەڕێوە دەبرد، کە بەڵگەیان لەسەر کێشەکانیان نەبوو، بۆیەش پۆلیس دەستی لە کارەکانیان وەرنەداوە. رۆژنامەی مەعاریفی عیبری ئاشکرای کردووە کەوا سەرکردەکانی مافیا لە ئیسرائیل دەستیان لە تەقینەوەکانی ناو شارەکانی ئیسرائیل هەبووە، بۆیەش هەموو لایەنە ئەمنییەکان سەرقاڵی زانیاری کۆکردنەوە بوون بۆ پەیداکردنی بەڵگەی روون و ئاشکرا بۆ شەڕکردنی رێکخراوە تاوانکارەکان و لەناوبردنی سەرکردەکانیان.

چیرۆک و رووداوەکانی سەر مافیای ئیسرائیلی زۆرە، دیارە کەوا بەشێکیان تەنیا قسە و پڕوپاگەندەیە و بەشێکیشیان دیارە کەوا راستن، ئاژانسی موخابەراتی کۆلۆمبی لە ساڵی ١٩٨٩ رای گەیاندبوو کەوا کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی بەسەرپەرشتی کۆنە ئەفسەری سەر بە مۆساد مەشق لەسەر چەتەکانی ناسراو بە کارتلەکانی موخەدەرات بۆ فێرکردنی کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکان دەکەن، بەڵام ئەفسەرە کۆنەکانی مۆساد نکوولّییان لەوە نەکردبوو و بێ ئاگایی خۆیان لەوە رانەگەیاندبوو.

لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکی جۆرج بوش و لە ئاکامی دەسەڵاتی کەسانی پاریزگارە نوێیەکانەوە، دەزگا فەرمییە ئەمەریکاییەکان زۆریان دەستیان لە چالاکییەکانی هاوبەشی مافیای رووسی ئیسرائیلی هەبووە، لەوانە بۆندەکانی نێوان بنتاگۆن و کۆمپانیاکانی فیکتۆر بووتی جوولەکەی رووسی، کە یەکێک بوو لە گەورە بازرگانەکانی چەک و ئەڵماس لەسەر ئاستی هەموو دنیا. لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە لەبەرئەوەی ئەو چەک و تەقەمەنیی سەربازیی زۆری رەوانەی ئەفغانستان و عێراق و سیرالیۆن و لیبیریا و ئەنگۆلا و باشووری سوودان و دارفۆر کردبوو، فەرمانی گرتنی دەرچووبوو، دەڵێن لەو دەمانە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایی پێشوو کۆندولیزا رایس پێناوی بۆ کردبوو، تا نەگیرێت و داوای لە دەزگای لێکۆڵینەوەکانی فیدرالی ئەمەریکی ئێف بی ئای کردبوو، وازی لێ بێنن و بە سەلامەتی ئەو سەفەرەکەی خۆی بۆ ئەمەریکا بکا، دیارە ئەو لەوێ بووە تا کارسازییەکانی لەگەڵ چەندان کۆمپانیای ئەمەریکیی ویلایەتی تکساس کە راستەوخۆ سەرۆک بوش و بنەماڵەکەی سەرپەرشتییان دەکرد تەواو بکا، هەروەها لەگەڵ کۆمپانیای هالبیرتۆنی سەر بە دیک تشینی جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا کاری هەبووە. گومان لەوە نییە کەوا دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی لە چەندان چالاکیی ناو ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە بەرپرسی راستەوخۆ بووە، لەو چالاکییانەش بەئاشکرا دەست و بۆنی مافیای لە سازکردن و جێبەجێکردنی پلانەکەدا هەبوو، هەموو کەسێک ئەوە چاک دەزانێ کەوا مۆساد رێنوێنییەکانی چالاکوانەکانی مافیا و کەسانی ئاستی خوارەوەشی مەبەست بووە، دیارە ئەوەش زانراوە کەوا پێوەندیی پتەو و بەرژەوەندی هەردوو لا لە نێوان دەزگاکانی موخابەرات و مافیا گەرم و ساز بووە، کە هەموو جۆرەکانی چەکی وەک چەک و سێکس تاوان و دەستدرێژی و سامانی زۆری تێدا بەکار هاتووە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر سیاسەتمەداران بوونەتە قوربانییەکەی.

دەزگای مۆساد زۆرجار ژنە سۆزانییەکەی بۆ تاوانبارکردن بەکار هێناوە وەک رووداوەکەی موردخای معنونو، کارمەندی ناوەکی ئیسرائیلی بەهۆی ژنێکەوە لە ئیتاڵیا رفێنرایەوە ناو ئیسرائیل تا لەوێ بگیرێت، ئەوان لە چالاکییەکانی تەزویری پاسپۆرت لێزان بوون، بۆیەش

توانییان کەسێکی تیرۆریستی ناوداری وەک کارلۆس لە سوودان بگرن و درایەوە دەست دادگە. رەنگە چالاکییەکانی مایک هراری ئەفسەری مۆساد و کارا و ناودار لە راونانی پیاوانی رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی بە درێژاییی چەندان ساڵ لە ئەوروپا، دیارە ئەو ئەفسەرەش راستەوخۆ لەلایەن سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمانە گۆلدا مائیر رێنوێنی کرابوو بۆ تیرۆرکردنی کادیرە فەڵەستینییەکان. هراری وەک کەسێکی بەکرێگیراو و خۆفرۆشی لێزان لە ساڵی ١٩٨٩وە لە پەنەما کاری کردووە، ئەو وەک باسکێکی ناوداری دیکتاتۆری ناسراو نوریگا بوو کە لەو ساڵەدا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بە هەڵمەتێکی پەلاماردەر گیرا و لە ئەمەریکاش درایە دادگە، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکایی لەگەڵ هراری بە نەرمی جوڵاوەتەوە، ئەوان داوایان لە ئیسرائیل کردبوو، ئەو لە پەنەما دوور بخاتەوە، دیارە داواکەشیان پێش رۆژی ئەنجامدانی پەلامارەکەی ئەمەریکا بووە بۆ سەر دوورگەی پەنەما، بۆیە لەگەڵ نوریگا نەگیرا، ئەگەرچی ئەو باسکی راستی دیار و ئەستووری ئەو بوو.

مافیا جوولەکەکان لە دەرەوە رۆلیان هەبوو لە کوشتنی نەیارەکانیان، بۆیەش لە ژاپۆن لە ساڵی ٢٠٠٢ چەند ئیسرائیلییەک بە گومانکردن لە چالاکی نەیاریدا دەگیرێن، بۆ نموونە ئەوەی لە براغی پایتەختی شیک رووی دا، کە تێیدا ئەندامێکی مافیای جوولەکە لە قوومارخانەیەک دەکوژرێ، کە تێیدا چەندان هاووڵاتیی تر بریندار و زەرەرمەند بوون. لە مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٩ هەڵمەتێکی بەرفراوانی گرتنی ئەندامانی تۆڕی مافیای ئیسرائیل لە نیوجیرسی و هەتا لە دەرەوەی ئەمەریکاش و لە ئیسرائیل جێبەجێ کرا. لەو هەڵمەتەدا دەست بە کەلەپچەکانیان کە وێنەیان بڵاو کرایەوە، چەندان حاخامی ناودار و بزنسمانی گەورەی جوولەکەی تێدا بووە، کە لە پاش نوێژی بەیانییەوە گیرابوون، وێنەکانیان لە رۆژنامە ئیسرائیلییەکان لە لاپەڕەی یەکەمەوە دەرچووبوو، کە لە بنەوەی وێنەکان نووسرابوو، پاکەرەوەیەکی جوولەکەیان بۆ سپیکردنەوەی پارە دۆزیوەتەوە، کە تایبەت بووە بە گەندەڵکردنی گەورە بەرپرسانی نیوجیرسی بە ناوی کۆمەڵە خێرییە ئیسرائیلییەکان.

رۆژنامەی یدیعوت ئاحرونوت نووسیبووی کە پۆلیسی فیدرالی ئەمەریکایی ئاشکرای کردووە کەوا دەستەیەک لە مافیای جوولەکەی ئەمەریکایی کە ژمارەیان چل و چوار کەسن، هەموویان کەسایەتی دیارن، وەک حاخام و سەرۆک شارەوانی و بەرپرسی کۆنی (یشیوفت، تیمی ئاینی بە رەگەز سوورین) لە بروکلینەوە، ئەوانە بەیەکەوە تۆڕیکی خەیرییان بەڕێوە دەبرد، ئەوانە بە ناوی ئەو گرووپە خێرخوازییەوە پارەیان سپی دەکردەوە و ملیۆنەها دۆلاریان لەبن دەستدا بووە، هەروەها رۆژنامەکە نووسیبووی کەوا ئیسرائیلییەکان بە رێگەی کنێست، کە سازکاری باجیان هەیە یارمەتی دراون، هەر لە رۆژنامەکە نووسرابوو، ئەوانە وەک سەرکردەی مافیا، سیستەمدار کار و چالاکییان هەبووە و گەندەڵیش رێبازی ژیانیان بووە. لەوانەی گیرابوون لیڤی ئیسحاق روزنباوم بوو، کە دەڵاڵێکی ناسراوی عەقاراتی بروکلین بوو، ئەو بەوە تاوانبار کرابوو کەوا

بازرگانی بە ئەندامانی لەشی مرۆڤەوە دەکات و پێناوی دەکات بۆ نەخۆشەکانی گورچیلە دۆزینەوە لەناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە داواکەی سەر روزنباومدا هاتبوو کەوا ئەو بە هاووڵاتییە ئیسرائیلییەکەی وتبوو، پارەکە تەنیا دە هەزار دۆلارە و لەولاشەوە بە کەسی دووەمی داواکاری وتبوو، پارەکە دەکاتە سەد و شێست هەزار دۆلار. ماوەی دوو ساڵ لێکۆڵەرە فیدراڵییەکانی گشتی بەدواچوونەوەیان بۆ چل و پێنج پێگە لە نیوجیرسی و بروکلین کردبوو، کەوا شانەکان لە جوولەکەی حەلەبی پێک هاتبوو، ئەوانە تۆڕێکی فراوانی پارە سپیکردنەوە و بازرگانیکردن بە ئەندامانی لەشی مرۆڤەوە بەڕێ دەکرد، کارەکانیان هەموو بە بەرتیل بەڕێ کردووە و بەس.

لەگەڵ ئەو کارانە چالاکی فێڵبازانە و ناردنی کەلوپەلی ساختەیان کردووە و فێڵیان لە بانکەکان دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ باجێک بدەن، ئەو پارەیەی کاریان لەسەر دەکرد دەگەیشتە سەدان ملیۆن دۆلار. ئەوە و نەسیم زئییف ئەندامی کنێست لەسەر حزبی شاس وتبووی:

پۆلیسی ئەمەریکایی دەیەوێ ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان بە مافیا لە قەڵەم بدا. دیارە ئەو قسەیەش پشتیوانیی سامیەت و بەرگریکردنە لەوانە دژایەتیی جوولەکە دەکەن.

یوسی کلاین هلیفی هاوڕێی ئامۆژگای ئەدلسون بۆ توێژینەوەکانی ستراتیجی لە قودس ئەوە روون دەکاتەوە، کەوا ئەوانەی کەسانی ئیمانداری توندڕۆن دەیانەوێ یاسای مەدەنی سوکولار پشتگوێ بخەن، پشتیوانیی تەواویان لە وردەکارییەکانی سرووتی ئاینەوە وەردەگرن. بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی مەعاریف کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٤ بڵاو کراوەتەوە، کەوا چالاکی تۆڕەکانی مافیا باڵ و دەستیان گەیشتووەتە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە. هەروەها بەپێی راپۆرتە چالاکییەکانی مافیای ئیسرائیلی بووەتە پەتایەکی جیهانی، زۆریش پۆلیسی ئوسترالی و ژاپۆنی هەتا کەنەدی و بەرزایلی و وڵاتانی تریشی سەرقاڵ و هەراسان کردووە، کە چالاکییەکانیان لە وڵاتانی جیهان بەو شێوەیە:

* بینین: بازرگانیکردن بە ئەڵماس و گەوهەری گرانبەها.
* باشووری ئەفریقیا: بازرگانیکردن بە موخەدەرات و وەرگرتنی سەرانە بە ناوی پاراستنی سەر و ماڵیان لە کەسایەتییەکان و کۆمپانیاکان، هەروەها پارە سپیکردنەوە و ساختەکردن.
* ئەنگۆلا: بازرگانیکردن بە چەک و گۆڕینەوەی بە ئەڵماس و گەوهەرە گرانەکان.
* هیند: بردن و ئاودیوکردنی دڵی هیندی.
* ژاپۆن: یارمەتیدانی مافیای ژاپۆنی (یاکوزا) بۆ فرۆشتنی خشڵی تەزویر و کۆکایین.
* چین: بازرگانیکردن بە زێڕ و خشڵ و سەرفکردنی کۆکایین.
* رووسیا: بازرگانیکردن بە چەک و خشڵ و گەوهەر و زێڕ و لەشفرۆشی و سپیکردنەوەی پارە بە کڕینی کانەکان و کێڵگەکانی بەرد و گاز و نەوت.

* هۆڵەندا: بازرگانیکردن بە زێڕ و ئەڵماسی ساختە و کرینی موڵک وەک رێستورانت و هوتێل.

* بەلجیکا: بازرگانیکردن بە موخەدەرات، دزینی شوێنەوارە دێرینەکانی مۆزە و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان.

* ئیسپانیا: بازرگانیکردن بە کۆکایین و دروستکردن و ساختکردنەوەی لە بەرشلۆنە.

* فرەنسا: مامەڵەکردن بە پارەی تەزویر و بازرگانیکردن بە موخەدەرات.

* بەریتانیا و سویسرا: ئیشکردن لە کۆکایین و کاڵای ساختە.

* ئەڵمانیا: ئیشکردن لە لەشفرۆشی و یارمەتیدانی مافیای تورکی.

* کۆلۆمبیا: بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کۆکایین.

* بەرازیل و مەکسیک و ئەرجەنتین و ڤەنزوێلا: ئاودیوکردنی کۆکایین بۆ بازاڕەکانی ئەمەریکای باکور و ئەوروپا و ئیسرائیل.

لەو ماوەیەدا رەنگە مافیای جوولەکەیی ئەوانەی دوو رەگەزنامەیان هەیە، رەگەزنامەیەکی ئەوروپایی و یەکێکی ئیسرائیلی، بەئاسانی بگەنە ناو وڵاتانی عەرەبیش و بتوانن سەرمایەگوزاری و گەشتیاری بکەن، بەوەش پارەیەکی زۆر سپی دەکەنەوە، چونکە لەو دە ساڵەی دوایی چالاکی و بۆندەکانی مافیا و مۆساد بەڕوونی بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونی هەیە و زۆریش دەچێتە پێشەوە.

عەبدالئەمەی کتێب

## مافیای ئەفریقیایی و عوسمانی و ئەلبانی

ئەگەر نازییەتی ئەڵمانیا و فاشییەتی سوودی زۆریان لە تەنگژە داراییە جیهانییەکەی ساڵی ١٩٢٩ دیتبێ، ئەوا مافیای ئیتاڵیش لەو رەوشەدا یەکێک بوو لەوانەی زۆر سوودیان بینیوە. زانایانی ئابووری و تاوانکارییەکەش ئەوەیان وتووە کەوا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، کەوا ئیمپراتۆرەکانی مافیا لە دوا دڵۆپەی تەنگژەی دارایی باوی سەردەمەکەیان سوود وەردەگرن، ئەوە بۆ ئەوان دەرفەتێکی زێڕینە بۆ بەقەرزدانی پارە بە کەسانی پێویست و بۆ پڕۆژەکان، بە مەرجێک هەمووی لە قازانجی ئەوان بکەوێتەوە، لەو رۆژگارەدا پارەکانیان سپی دەکەنەوە، بەو سەرمایە زۆریان کەوتووەتە دەستیان مافیای ئەمەریکایی توانییان عەقارە گەورە و گرانەکان و کۆمپانیاکان بکڕن ئەوەش بووە بە شادەماری ئابووری مافیوزییەکان.

## مافیای ئەفریکانو

ئەو ناوە بە چەند کۆمەڵە تاوانکارێکی نایجیریایی دەگوترا، کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا چالاکییان هەبووە، دیارە تەنگژەی ئابووری ئەو وڵاتە و دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵکەکە لە ئاکامی دابەزینی نرخەکانی پترۆڵ و کەمبوونەوەی ئاستی داهاتەکان، فاکتەری سەرەکیی

پەیدابوونی گرووپەکانی مافیان. ئیتر لەو رەوشەدا چەندان دەرچووی زانکۆکان و دەرفەتی کارکردن و دامەزراندنیان نەمابوو، ئاساییە کەوا روو لە بواری تاوان و دەستدرێژی بکەن، لە ناوچەی ناونراو بە (هەیڤی زێڕین) لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەمەریکا هیرۆینیان بردووە، بەو شێوەیە کار و چالاکییە نایاساییەکان پەرەدەسەنێ تا دەگاتە ناوچەی (سێگۆشە زێڕینەکە)ش لە ئاسیا، ئیتر ئەوانە پاش مافیای چینی لە کارکردن لەو دەرمانە موخەدەرانە دەبنە گرووپی پلە دوو. لە کۆتاییی هەشتاکان نایجیرییەکان دەبنە داردەستی رێکخراوە تاوانکارەکانی مافیا و کارتلەکانی تر کە کار لە هەموو جۆرێکی موخەدەرات دەکەن تا دەستیان دەگاتە بانکەکانیش.

کارتلییە ئەفریقیاییەکان زۆر لێزان دەبن لە تەزویرکردنی بەڵگە و پسوولەکان بۆ وەرگرتنی قەرز بە ناوی خواستراوی دروستکراو و فێڵکردن لە کۆمپانیاکانی تەئمین و نووسینگەکانی راژەی کۆمەڵایەتی. لە نەوەتەکانەوە چەتە نایجیریاییەکان لەگەڵ چەتە لۆکالییەکانی هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقایی و ئەوروپایی کار دەکەن بۆ ئاودیوکردنی کۆچبەرەکان، بەرنامەی جیهانی بۆ قەڵاچۆکردنی بازرگانیکردن بە بەشەر، کاریان دەکرد تا بزانن قوربانییەکانی ئەو تاوانە لە بنین و توگۆ و نایجیریا چەندن، بەتایبەتی ئەوانەی ژن و منداڵیان بردووە بۆ کاری لەشفرۆشی و کویلایەتی، هەموو لایەک هەستیان بەو مەترسییە کردبوو. چەتەکانی ئەفریقیای ڕۆهەڵات هەموو کارامەیی و ئەزموونەکانیان لە بەقاچاخبردنی قەنەبی هیندی و هیرۆین و دۆزینەوەی پێوەندیی نوێ لەناو دەستە و دەڤەرەکانی ئەمەریکای لاتین، گەیاندنی کۆکایین بۆ هەموو گۆشەیەکی ئەفریقیا و بیابانی باشوور تا لەوێوە بە هەزارەها تۆن موخەدەراتەکان بە رێگەی دەریاوە و بە شاردنەوەیان لەناو لۆریی بەتاڵ بەرەو بەندەرەکانی ئەریتریا و تەنزانیا و جیبوتییەوە بەرێ دەرکرا



و پاپۆڕە گەورەکان بە بارەوە دەوەستان و بارەکەیان بە کەشتی گچکە بەرەو سۆماڵ دەبرد، لەوێشەوە دەگەیشتە وڵاتانی تری ئەفریقیا، بارکردن و ڕەوانەکردنەکان تەنیا بە دەریا و پاپۆڕ نەبوو، بگرە بە هێڵی ئاسمانیش کۆکایین بەڕێ دەکرا، هەموو ئەو چالاکییانەش بۆ ئەوە بووە، چونکە گەیاندنی موخەدەراتی لاتینی لە ئەمەریکای باشوورەوە بۆ پرتوگال و ئەسپانیا مەترسی هەبوو، بۆیە بە ڕێگەی ئەفریقیایەوە گواستنەوەکە کراوە. سەرکردەکانی مافیا دەیانزانی کەنارەکانی ڕۆئاوای ئەفریقیا پاسەوانی کەمە، هەروەها حکوومەتەکانی ئەفریقیا بە ئاسانی و بە بەرتیل ڕازی دەکران، دەڵێن زۆرتر لە چل تۆن موخەدەرات بە ئەفریقیاوە دەگەیشتە ئەوروپا، ئەوەش دەیکردە ڕێژەی ٢٧٪ پێویستییەکانی ئەوروپا لە موخەدەرات، ئەوەش بەو وڵاتانەوە دەردەچوون: نایجیریا و لیبیریا و سیرالیون و غینیا بیسا و و کپ فێرد و سینگال و مالی و موریتانیا. وڵاتی غینیا بیساو نموونەیەکە لە وڵاتانی توندکاری دژوار، کە لەبەر سستی و لاوازیی پۆلیس موخەدەراتی زۆر تێدا باوە، بۆیەش ئەوانەی کاری قاچاخی موخەدەرات دەکەن کەسانی زۆر دەوڵەمەندن، بەلەمی تیژ و خێرایان هەیە، فڕۆکەیان هەیە، ئەوانە بە پارەی زۆر توانیویانە ئەو فڕۆکانە لە پیاوانی سوپا بکڕن، بە پارەش هەموو دەزگاکان کۆمەکیان دەکات و کارئاسانییان بۆ دەکەن، چونکە وڵاتەکەیان یەکێکە لە وڵاتە زۆر هەژارەکانی دنیا.

## مافیای عوسمانی

بەپێی ڕاپۆرتێکی سەرۆکایەتیی دائیرەی قەڵاچۆکردنی تاوانە سیستەمدارەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی تورکی، ژمارەی چەتەکانی مافیای تورکیا بە سوپایەکی گەورە دەزانێ و وا دەزانێت کە وا دەگاتە بیست و سێ هەزار چەکدار و بودجەکەیان نێزیکەی سەد ملیار دۆلاریش دەبێ. هەر لەو ڕاپۆرتەدا نووسراوە کەوا گرووپەکانی ئەو چەتانە دەگاتە سەد و پەنجا گرووپ، زۆریش لەو کێشە و تاوانانەی لەو ماوەیەدا لە تورکیا ڕوویان داوە بە دەستی چەتەکانی مافیا بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ هەتا ٢٠٠٢ سێ هەزار تاوانی سیستەمدار کراوە، کە زۆربەیان لەناو شاری ئەستەنبوڵ بووە، ئەو شارە گەورەیەی تورکیا و شادەماری ئابووریی وڵاتەکە و مەڵبەندی مافیای تورکیا، لە پاش ئەو شارە بە پلەی دووەم ئەنقەرەی پایتەختە، پاشان ئەزمیر و مارسین و ئەدەنە و سمسونە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ژووری بازرگانی چەند ساڵی ڕابردووی ئەنقەرە، مافیای تورکی ساڵانە شەست ملیار دۆلاریان لە بازاڕە ڕەشەکانی تورکیا دەست دەکەوێ، ئەوەش دەکاتە چارەگی داهاتی نەتەوەییان. مافیای تورکی لەگەڵ چالاکییە ئاساییەکانی وەک لەشفرۆشی و موخەدەرات و چەک و قاچاخی بە کۆچبەرەکان، ئەوان پێناوی دەکەن بۆ کڕینی ئەندامی لەشی خەڵکەکە، بەڵام بە ڕەزامەندی هەردوو لا، هەروەها منداڵیش بۆ خێزانە دەوڵەمەندە بێ منداڵەکان دەکڕن، یان بە دەرەوەیان دەفرۆشن، ئەوانە لەگەڵ تیمەکانی فوتبۆڵ ڕێک دەکەون و بەرئەنجامەکان دیار دەکەن، ئینجا لەسەر قازانج و بردنەوەی پارە پێشبڕکێی لەسەر دەکەن.

لەو راپۆرتەدا هاتووە کەوا ئەندامێکی لەشی کەسێک بە پەنجا هەزار و سەد هەزار یۆرۆ فرۆشراوە، هەروەها منداڵی بەرمەمکانیش فرۆشراوە یان رفێندراوە و فرۆشراوەتەوە بەدەوڵەمەندەکان، یان کڕراون تا لە شارە گەورەکان دەرۆزەیان پێ بکەن، ئەو نموونانەش لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە هەیە. یەکێک لە کارە بە قازانجەکانی تۆڕەکانی مافیا کڕینی زەوییە بە نرخی هەرزان، بەڵام بەویستی خۆیان نا، بەڵکو بە هەڕەشە، زەوییەکەش دەکەن پارکی راگرتنی ئۆتۆمۆبێل بەتایبەتی لە شارە گەورەکان، دوایی بە نرخی بەرزی فەلەکی فرۆشتوویانەتەوە. چالاکییەکانی مافیا لە تورکیا یەکێکە لە مەسەلە شاراوەکانی مێژووی سیاسی و ناوەندە هەواڵگرییەکانی تورکیا، ئەوان سوودیان لەو ناکۆکییانە بینیوە کە حکوومەتەکانی پێشووی تورکیا نەیانبووە، یان بە بوونی رێکخراوە تیرۆریستییەکان، هەندێ لەو حکوومەتانە پەیمانیان لە گەڵە سەرکردەکانی مافیا کردووە بۆ کەمکردنەوە و پاراستنیان لە مەترسییە دەرەکییەکان، حزبی نیشتمانیی دایک بە سەرۆکایەتیی مەسعوود یەلماز پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ مافیادا هەبووە، هەروەها تۆڕەکانی مافیا دۆستایەتییان لەگەڵ دوو سەرکردەی ناوداری تریش هەبوو، وەک عەلادین جاکجی و سادات بەکرد، کە لەناو مافیای نەتەوەی تورکی بوون لە هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی رابردوو کە زووتر دەوڵەتی تورکی ئەوانەی دژ بە مافیای کوردی بەکار هێناوە، کە لەناو حزبی کرێکارانی کوردستان هەبووە. سەرکردایەتیی مافیای نەتەوەیی و ئەندامانی کەسایەتیی چەپ و کوردەکانی بە زۆری لەناو وڵات و لە دەرەوەش تیرۆر کردووە، لەوانە محەمەد ئاغا ئەوەی ویستی پاپا پۆلسی دووەم لە سەرەتای هەشتاکان بکوژێ و عەبدوڵا شاتلی کە یەکێک بوو لە گەورە ئیمپراتۆرەکانی موخەدەراتی تورک لەلایەن هەواڵگری تورکییەوە راسپێردرابوو ژمارەیەک لە سەرکردایەتی رێکخراوی (ئەسالا)ی ئەرمەنی لە پاریس و لە بەیروت و ئەسینا بکوژێت، لەو چالاکییانەی ئەوان کردوویانە تەقاندنەوەی گەراجی پاسەکان بوو لە دیمەشق لە تۆڵەی پشتیوانیکردنی ئەوکاتی حکوومەتی سووری لە حزبی کرێکارانی کوردستان. ئەندامانی مافیای تورکی سوودیان لەو پشتیوانییەی حکوومەت بینیبوو، بۆیەش دەستیان بەرەڵا بووبوو لە جووڵە و چالاکییەکانیان، بۆیە دەسەڵاتی ئەوان لە دەوڵەت بەهێزتر بووبوو. بۆلند ئەجەویدی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:

کەوا ئەو کۆششی کوشتنی دراوە، بەڵام کە لە ساڵی ١٩٩٩ حکوومەتێکی ئیئتیلافی لەگەڵ حزبی بزاڤی نەتەوەیی ناسراو بە پشتیوانکەری رەهای مافیای تورکی دەکات، کەوا هەڕەشەکانی لەسەر نامێنێ. لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٢ کە حزبی داد و گەشەپێدان دەگەنە دەسەڵات ئەو پێوەندییەی حکوومەت بە چەتەکانی مافیا نامێنێ، ئەوان وایان دەزانی نەهێشتنی سەرکردەکانیان چالاکییەکانی مافیا سست دەکات، دیارە ئەوەش مەرجی سەپێندراو و پاڵەپەستۆکانی ئەوروپا بووە. لەگەڵ ئەو پێشهات و مەرجە نوێیانەش هێشتا مافیای تورکی لە شەقام و دراما‌دا ئامادەیییەکی بەسام و مەزنی ماوە، دیارە ئەوەش لە درامای دۆڵی گورگەکانەوە

هەواڵنامەی کتێب

دیارە، کە مافیاکانی وەک دزە شەریفەکان و داکۆکیکەر لە مافی خەڵکە بێدەسەڵاتەکان نیشان دەدا و دەبووە پشتیوانی دەوڵەتیش بە رووی مەترسی و هەڕەشەکان.

## دەرچوون لەژێر چەترەکە

زەنجیرە درامای دۆڵی گورگەکان تەنیا ناونیشانی زەنجیرەیەکی تورکی نەبوو و بەس، چونکە بەسەرهات و رووداوەکانی مافیا و چیرۆکەکانیان رەونەقی دراماکە بوو، ئەوەش بوارێکی باش بوو بۆ گرووپەکانی مافیای ئەلبانی زمان، کە لە ولاتانی بەلکان و ئەلبانیا و تورکیا بوونیان هەبوو، چونکە بە رووخانی دیواری بەرلین گرووپەکانی مافیای ئیتاڵی لە یەکەمین سەعاتی ئەو پێشهاتەوە روویان لە ولاتانی ئەوروپای رۆهەلات و ناوەڕاست و لە ولاتانی وەک هەنگاریا و شیکوسلۆفاکیا و رۆمانیا و بولگاریا کردووە، تا لەوێیەوە پردەکانی پێوەندییان ببەستنەوە لە ناوچەکە، ئەوانەی لەژێر چەتری شیوعییەتدا بوون، دریخییان نەکردبوو لە پشتیوانیکردنی مافیوزیی لەسەر شێوازی ئیتاڵییەکان. لە نێوان رووبەری ولاتانی بەلکان و ئیتاڵیا و رۆهەلاتەوە مافیا چالاک دەبێتەوە، ئەو ولاتانەی شەڕەکانی ناوەخۆ و ناکۆکی لە رەگەزی و ئاینییەکانی، وەک بۆسنە و هزروگۆڤینیا و کۆسۆڤۆ کە لە کۆنەوە رێگەی مێژوویی هیرۆینی بووە هەراسان کردبوو، مێژوونووسی یۆنانی سەدەی نۆزدەم وتوویەتی:

ناوچەی بەلکان رێگەی دۆزەخی تەخت کراوە بە نییەتی هێزە گەورە چاکەکان.

ئەوەی شیاوی باسە مافیای ئەو ناوچەیە چالاکییەکانیان لە وەرگرتنی سەرانە و بازرگانیی ئۆتۆمۆبێلی دزراو و لەشفرۆشییەوە زۆرتربووە و گەیشتووەتە هەموو جۆرێکی موخەدەرات و فرۆشتنی کەرەستەکانی ناوەکی هەتا چەکی ئاسایی و نوێ و مووشەکیش، دیارە کەوا بازرگانیکردنیش بە مرۆڤەوە پاش موخەدەرات سەرچاوەی دووەمی ئەو مافیایە. پاش رووخانی دیواری بەرلین قاچاخچییەکان بووبوونە چینێکی دیار و شیاو لەو ولاتانە، چەندان لە ئەلبانییەکانی دەرەوە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرد و لەناو گرووپەکان دادەمەزران، لەوانە زۆریش لە کۆنە پۆلیسە سیاسییەکان هاتنە ناو مافیاوە. مافیای ئەلبانی سوودیان لەو کۆنە یاساییە وەرگرتبوو کە دەرەبەگە کۆنەکانی ئەلبانیا لە سەدەی پازدەم لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دایان ڕشتبوو، ئەویش یاسایەکە بیانوو بۆ بازنەی داخراوی رێکخراو لەسەر چەمکی عەشیرەت دادەنێ، بەوەش کولتووری نهێنی و تۆڵەکردنەوە بەرپا دەبێت. دوو رێکخراوی مافیوزیی رۆڵی بەرجەستەیان لە بازرگانیکردن بە بەشەر گێڕاوە، ئەوانەش مافیای (ساکرا کورونا ئونیتا)ی ئیتاڵی و مافیای ئەلبانی زمانەکان بوو، ئەوانە بە دەریای ئەدریاتیکی و لە نێوان ئەوروپای رۆئاوا و ئەوروپای رۆهەلاتەوە کاریان کردووە، ماوەی چەند ساڵێک ئەو کەنارانە چۆڵ بوون، پەڕاوێز کرابوون، بوار ساز بوو بۆ ئەنجامدانی هەموو کارە بەدکارییەکانی کە بنکە و سەرچاوەکانیان لە بەلکان بوو. لێ ئەنجام دەدرا، ئەو چالاکییانە لە ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتبوونە لووتکە. مافیای ساکرا

کورونا ئونیتا لە کۆتاییی حەفتاکانەوە پەیدا بووبوو، پێوەندیشیان بە دەستەگەری تاوانکاری گچکە گچکە لە هەردوو شاری باری و بریندیزی ئیتاڵی هەبوو، کە دوو بەندەری مێژوویین، هەر لە سەردەمی شەڕەکانی خاچپەرستەکانەوە قاچاخیان لێ کراوە.

لە ئەنجامی کۆبوونەوە و چالاکییەکانیان توانییان ئەو مافیانوێیە نێزیکەی هەزار و پێنجسەد کەسێک کۆ بکەنەوە، سەرەتا کاری ئاساییی مافیاییان کردووە وەک بازرگانیکردن بە هێروین کە دەگەیشتە مەکدونیا و هەروەها بازرگانیکردن بە جگەرەش.

بەپێی ئامارەکان کۆماری مۆنتی نیگرۆ رێژەی ٦٠٪ قازانجەکانی جگەرەیان بەر کەوتووە، هەروەها داهاتی هەندێ لەو وڵاتانە بەو کارەوە بووە، بۆ نموونە ئەلبانیا سەرچاوەی داهاتەکەی ئەو ئابوورییە شاراوە بووە، بەڵام گرووپەکانی ساکرا کورونا ئونیتا سوودی زۆریان لە بازرگانیکردن بە کۆچی بەشەرەوە وەرگرتووە. دیارە کەوا مافیای ئەلبانی زمان لە ئەلبانەکانی ئەلبانیا و کۆسۆڤۆ و مەکدونیا و مونتی نیگرۆوە بووە، سەرۆکی شیوعی ئەنوەر خۆجە هەتا مردنی لە ساڵی ١٩٨٥ وڵاتەکەی لەژێر سیستەمێکی چاودێری توند دانابوو، بەڵام سەرۆکی پاش ئەو، رامز علیا ئاسانکاریی زۆری بۆ مافیوزی ساکرا کورونا ئونیتا کردبوو لە بواری قاچاخی جگەرە و موخەدەرات. مافیوزیوییە ئەلبانەکان ماوەیەک زۆر تەنیا کاری ئەوەیان کردووە کە کەرەستەی تورکەکان بگوازنەوە، پێوەندییە مێژووییەکان بەپێی ئەو دەرخستەی ئەلبانیا کە دەکەوێتە سەر رێگەی ئەفیون کە لە ئەفغانستانەوە بەرەو تورکیا و بەلکان و لەوێشەوە بەرەو ئەوروپا بە نەمسا یان ئیتاڵیاوە دەبووژێتەوە. مافیای سیسلیایی لە حەفتاکانەوە دەیانویست بوار و پێگەیەک لە ئەلبانیا بدۆزنەوە، لە پاش پەلاماردانەکەی سوپای سۆڤیەتی و داگیرکردنی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩ تۆڕەکانی مافیوزیی لەو ناوچەیە کە بە ناوچەی هەیڤی زێڕین دەناسرێ گەشە دەکەن. مافیای ساکرا کورونا ئونیتا درواێکی زۆری بە قیمەت دەگەیەننە ناو وڵاتەکە، بۆیەش ئەلبانەکان پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێ و سامانی زۆر کۆ دەکەنەوە، بەتایبەتی لەبەر رۆشناییی تەنگژە ئابوورییەکە. لە ساڵی ١٩٩٧ دەوڵەتی ئەلبانی دووچاری کێشەی ئیفلاسبوون دەبێتەوە، بۆیە خەڵکێکی زۆر دەکەونە سەر شەقامەکان و بە لێشاو خەڵکەکە روو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، بۆیەش مافیا لەو رەوشەدا بەئاسانی خەڵکێکی زۆری دەست دەکەوێ تا تۆڕەکانی گەورەتر بکا. لە هەمان ساڵدا هێزەکانی پەیمانی ئەتڵەسی چەندان بنکەیان لە کۆسۆڤۆ بوردومان کرد، بەوەش خەڵکێکی زۆر لە ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ روو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، مافیاش لەو دەڤەرە کەوتە خاوە وەرگرتن و تۆقاندنی خەڵکەکە، دووبارە دەسەڵاتی چەتەگەری دەگەڕێتەوە وڵاتەکە وەک سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ئەوروپا باوی هەبووە. لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، کاردینالی بالیرمو وەک کەسایەتییەکی سیسلیایی ئاسایی بەیانێکی ئاینی کڵێسایی دەرکردبوو، تێیدا وتبووی کەوا مافیای سیسلیایی ئەفسانەیەکی بەناوە و لەسەر ئەرز و لە واقیعدا بوونی نییە، بەڵام لە چیرۆک و رووداوەکانی باوی ئەو دەمانە، یەک راستی هەبووە کە بەدرێژاییی سەدەکە

مافیای راستەقینەی هەبوو، نەک تەنیا لە دوورگەی سیسلیا و لە ئیتاڵیا بەگشتی، بگرە لە هەموو دنیا دەستیان ڕۆیشتووە و چالاکییەکانی کاریگەریی زۆریان لەسەر کۆمەڵگە و بازاڕەکاندا هەبووە. ئەوەی ئاشکرایە کەوا مافیا ڕێزی پەیمانەکانی نێوان خۆیان دەگرن، سنوورەکانی نێوان گرووپەکان دەپارێزن، هاوکاریی توندوتۆڵ لەگەڵ یەکدا دەکەن، ئەوەش بووبووە کارتی دەسکەوت و سەرمایەی باش و ئاشکراشە کەوا دەستی شاراوەیان لەسەر هەموو ئایدۆلۆجیایەک بەرز بووە. نیکۆلا ترانفالیای ئیتاڵی لە کتێبەکەی کە لەو دواییدا بەناوی (بۆچی مافیا سەرکەوت) نووسیویەتی، کەوا هێز و پاوەری مافیاکان ڕۆژ بەڕۆژ مەزن و بەدەست دەبێ و دەبێتە هێزێکی ئابووریی گەورە وەک دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەت ئەوانەش دەستیان دەڕوات گۆڕانی ریشەیی لە کاروانی بازاڕەکاندا بکەن. لە هەموو حاڵەتەکاندا وشەی مافیا بووەتە دوا پلەی تاوان و دڕەندەییی سیستەمدار، چالاکییەکانیان هەموو سنوور و ئەستەنگەکان دەبڕێت، وشەیەکە بێ ناسنامە و پاسپۆرت و بەردەوام دەست بە چەک و بە پارەیە و بووەتە دەروازەی گەندەڵییش لە دنیا . ئیتر چیرۆکەکان و پێوەندییەکان دەیەوێ لە سیسلیایی ئیتاڵی، یان لە ئەمەریکاییەکەی دابماڵێت، تا ببێتە دامەزراوێکی تاوانکاریی ئیفتیرازیی جیهان تا نەکرێ سەر و بنی دیار بێت. بەڵام بەردەوام شوێنەوارەکەی وەک جەستەی خۆر دیارە.

## یاکوزای ژاپۆنی و تریادی چینی

کیشوەری ئاسیا بەتایبەتی ڕۆهەڵاتەکەی تایبەتمەندییەکی زۆری هەبوو، دەسەڵات و خۆبەستنەوە بە خود و تێڕامان لە سرووتە ئاینییە ڕۆهەڵاتییەکانی وزەی زۆری بە جەستەیان داوە، تا بەئاسانی بە سەر نمایندەکانی شەڕ و بەدکاری و داگیرکەرەکانیان زاڵ بن. بۆیەش لەبەر ڕۆشناییی ئەو سرووتە روحییانە ژمارەیەک لە کەسانی یاخی و کەسانی لادەر و دەرکراو وزە و توانا شاراوەکانیان خستبووە گەڕ بۆ دەسەڵاتداربوون لەسەر ململانێیە ئەبەدییەکەی نێوان چاکە و خراپە، کە لە ئەفسانە کۆنە ئاسیاییەکان زۆر لە پیاوانی بەدکار سەر دەکەوتن لەسەر دەسەڵات گرتنەدەست و ماوەیەک بە ئارەزووی خۆیان دەستیان راوەشاندووە و حوکمی ڕەشیان کردووە. بەڵام لە راستیدا مەسەلەکە پێچەوانە بووە، ڕەهبان و کەسە چاکخوازەکان لە کولانکە لاچەپەکانی ناو ئەشکەوت و شاخەکاندا خەریکی ئیمانداری و پاکی خۆیان بوونە، بواریش بۆ دەستەکانی مافیا، دەستە مێژووییە چەکدارەکان ساز بووە کۆنترۆڵی ڕێگە و بوارە ئابوورییە بازرگانییەکان بکەن، بە ئارەزووی خۆیان پارە و سەرانە لەو کاروانانە وەربگرن، ئەو دەستە ژمارە کەمانە توانیبوویان لە داهاتوو ببنە بنکەیەکی فراوانی گەورە و زەبەلاح، دەسەڵاتیان بگاتە گۆشە دوورەکانی جیهان، بە شۆڕشی گەیاندنی خێرا و جوولەی ئاسان دەستیان زۆر دوور بڕوات، بە ئاسانی چالاکی گەرم و ترسناک بکەن، بەڵام مێژوو حیکایەتێکی هەیە دەیگێڕێتەوە.

# هەڵئاوسانی
# دارایی، هەژاری، چاکسازی
# لە وڵاتی چین

کریستیان تێف

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لە داهاتوودا چین، ئەمەریکا وەکو یەکەمین زلهێزی ئابووریی جیهان ناهێڵێت. بەڵام پرسیار لەوەدایە کەی؟ لەگەڵ ئەوەی کۆماری گەلی چین خاوەنی بەهێزترین گەشەی ئابوورییە لە جیهاندا، بەڵام کۆمەڵێک کێشەی گەورەشی هەیە. لێرەدا چاوپیاخشانێکی خێرا بەسەر گەورەترین و بەهێزترین ئابووریی جیهاندا دەکەین.

چین، چین، چین: لاپەڕەی ئابووریی هەموو ڕۆژنامەکان، پڕیەتی لە حکایەتی زۆری چالاکییە گەورەکانی ئابووریی کۆماری گەلی چین. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە بیرمان بچێت، هێشتا ئەم زلهێزە ئابوورییەی جیهان، وڵاتێکی تازەپێگەیشتووە. بەڵام دووخاڵی گرینگی گەشەی بەردەوامی ئابووریی چین، جێگەی تێڕامانە.

یەکەم: بەرزبوونەوەی چین بۆ پلەی یەکەم وڵاتی هەناردەی جیهان

دووەم: ڕۆڵی ڕزگارکەری ئابووریی جیهان (لە کاتی کێشەی ئابووری ٢٠٠٨دا چین ڕۆڵی سەرەکی گێڕا بۆ یارمەتیدانی جیهان، بۆ ڕزگاربوون لەم کێشەیەدا ... وەرگێر). دیارە ئەم دوو خاڵەش جێگەی ڕێز و شایستەیەکی گەورەیە لە جیهاندا.

بەڵام چین ڕووبەڕووی چ ناکۆکییەک (دژوارییەک) دەبێتەوە؟

نێزیکەی نیوەی چینییەکان واتە زیاتر لە ٦٠٠ ملیۆن کەس، لە گوندەکان دەژین و لە بواری کشتووکاڵیدا کار دەکەن. هۆرست لۆیشل دەڵێت: (باری گوزەرانی ژیانی خەڵکی لە گوندەکاندا، هێشتا هی سەردەمی پێش شۆڕشی پیشەشازییە). واتە وەکو ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستای ئەورووپا، ژیان بەسەر دەبەن.

...................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

لۆیشت تەمەنی ٥٦ ساڵە، ماوەی هەشت ساڵە  لە چین دەژی، لە زانکۆیەکی چینی و ئەورووپی لە شەنگهای دەخوێنێت. پاشان وتی: (ناتوانین  چین بەیەک چاو سەیر بکەین، یان بەواتایەکی تر چین تەنیا لە یەک ( گرووپ، توێژ)  پێک نایەت. هەر لەبەرئەوە ئەم وڵاتە دژوارییەکی  گەورەی تێدایە. زۆربەی  زۆری چینییەکان، نازانن لە شەنگهای و پکین  ژیان چۆنە)

لێرە ڕۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی دەوڵەمەندەکان بەشێوەیەکی  خێرا ڕوو لە زیادبوونە. ساڵی ٢٠١٠  ڕێژەی ملیۆنێرەکان زۆر بەرزبوویەوە، بە ڕێژەی ٣٠٪ زیادی کردبوو، ژمارەیان گەیشتە نێزیکەی ٥٠٠ هەزار ملیۆنێر.  بەپێی کۆواری "Forbes "فۆربێسی ئەمەریکایی، لە کۆی ١٢٨ ملیاردێری جیهان، ٧٩ یان خەڵکی وڵاتی چینن. (کۆواری Forbes کۆوارێکی ئەمەریکاییە، تایبەتە بەهەواڵی ملیاردێر و ملیۆنێرەکانی جیهان... وەرگێر).

بەڵام زۆرینەی خەڵکی چین دوورن لەم دەوڵەمەندییە. داهاتی تاکەکسی  ساڵانە لە چین دەگاتە نێزیکەی ٣ هەزار ئۆیرۆ. چین پلەی ٩٩ی جیهانی لە داهاتی تاکەکەسی ساڵانەدا هەیە.  لە ئەڵمانیا داهاتی تاکەکەسی هاووڵاتییەک  لە ساڵێکدا، ١٠ جار لە هاووڵاتییەکی چینی بەرزترە.

لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا، یان باشتر بڵێین ٢٠ ساڵی تر، چین لە ڕووی  بەرهەمی نیشتمانییەوە، دەکەوێتە پێشی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا و دەبێتە یەکەمین زلهێزی ئابووری جیهان. بەڵام لە هەمان کاتیشدا داهاتی تاکەکسی لە چین، کەژمارەیان دەگاتە ١,٣ ملیارد کەس، زۆر لە دوای داهاتی تاکەکەسی هاووڵاتیە رۆئاواییەکانەوە دەبێت.

ئاخۆ کۆماری گەلی چین لەگەڵ ئەم کێشە ترسناکەی جیاوازی نێوان داهاتی دەوڵەمەند و هەژاران و نایەکسانی کۆمەلایەتی چۆن هەڵسووکەوت دەکات چ ترسێک ڕووبەڕووی ئەم دەوڵەتە دەبێتەوە؟ لێرەدا هەوڵ دەدەین، چاوپیاخشانێک بەسەر گەورەوترین کێشە ئابوورییەکانی کۆماری گەلی چین بکەین.

## هەژار و دەوڵەمەندەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە

گەورەترین کێشەی سەرانی چینی، زیادبوونی نایەکسانی لەناو کۆمەڵگەی چینی دایە. لە کاتێکدا کەنارەکانی رۆهەڵاتی چین کە هەردوو میترۆپۆڵی گەورەی پکین و شەنگهای تێدایە، لە باشترین باری ئابووریدا دەژین، بەڵام لە بەشەکانی تری وڵاتدا، کە زۆرینەی خەڵکی چینی تێدا دەژی، بێ بەشن  لەم گەشەسەندنە گەورەیەی ئابووری چین.  بەپێچەوانەوە کێشەی گەندەڵی ژیانی هەژارانی زەحمەتتر کردووە. بەگشتی نرخی شتوومەکەکانی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەڕێژەی ٥٪ بەرزبووەتەوە، بگرە نرخی شمەکی خواردن  بە رێژەی ١٠٪ بەرزبۆتەوە. بۆ هەژارانیش کە بەشێکی زۆری گەلی چینی پێک دەهێنن، دەبێت بەشێکی زۆری داهاتیان بۆ کڕینی شمەکی خۆراکیی دابنێین  ئەم بەرزبوونەوەی نرخە، کارەساتێکی گەورەیە بۆ سەر ژیانیان.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سەرانی چینی دەیانەوێ کەمترین مووچەی مانگانەی کارمەندانی دەوڵەت و کرێکارانی بەرز بکنەوە، بۆ ئەوەی هێزی کڕینی هەژاران بەرز بکەنەوە. بەڵام

ئاخۆ ئەمە دەتوانێت کێشەکە چارەسەر بکا؟ ئابووریناس هۆرست لۆیشل دەڵێت: (چین لە بواری نایەکسانی کۆمەڵایەتییدا گەیشتووەتە سنوورێکی ترسناک. لە بەردەوام بوونی ئەم حالەتەشدا ترسی ڕاپەڕین و باری نائارامی سیاسی لێ دەکەوێتەوە.)

هەرچەندە چین لەم ترسەوە هێشتا دوورە، بەپێی دوایەمین لێکۆڵینەوە کە لەسەر باری (ڕازیبوونی گەلان لە حکوومەتەکانیان)، چینییەکان لە پێش گەلانی جیهانەوە دێن. لە ٨٧٪ ی چینییەکان لە حکوومەتەکەیان ڕازیین ( بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەو نەخشەیە بکە، کە لەسەر باری ڕازیبوونی گەلان لە حکوومەتەکانیان کراوە... وەرگێر ). بەگشتی چینییەکان ڕقیان زیاتر لە دەسەڵاتە لۆکالی و سەرۆکی هەرێمەکان دەبێتەوە، ڕقیان لە حکوومەتی ناوەندی لە پەکین نابێتەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەئەوان بەرپرسی ڕاستەوخۆی ناوچەکەن نەک حکوومەتی ناوەندی... وەرگێر). بەڵام مەرج نییە ئەم حاڵەتە وەکو خۆی بمێنێتەوە. ئابووریناس هۆرست لۆیشل دەڵێت: (لەگەڵ کۆمەڵێک بەرپرسی گەورەی پارتی کۆمۆنیست قسەم کردووە، ئەوان زۆر ترسی ئەم حاڵەتەیان هەیە و زۆر بەجیدی بیری لێ دەکەنەوە).

ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ، کە لە پلانی پێنج ساڵەی ئەم ساڵدا، کە لە مانگی مارسدا جێبەجێ دەکرێت، گرینگییەکی زۆر بەدابەشکردنی سامان و دەوڵەمەندی لەناو کۆمەڵگەی چینیدا دراوە. بەپێی ئەم پلانە: (وا پێشبینی دەکرێت بەتایبەت بۆ چینی مووچەخۆران باری ژیانیان باشتر بکرێ. هەروەها کەمترین کرێی کرێکاریش بۆپلەیەکی باشتر بەرز دەکرێتەوە.)

بەم شێوەیەش باری یەکسانی کۆمەڵایەتی بەرەو باشتر دەڕوات، بەڵام پێ دەچێ کاریگەریی خراپی لەسەر گەشەسەندنی ئابووری چینی ببێ.

## ئەم وڵاتە پشتی بە هەناردەی دەرەکی بەستووە

چین لەسەر بەردەوامبوونی بەرزبوونەوەی بازرگانی دەرەکی دەژی. ئەم وڵاتە شمەکی زۆر هەرزان بەرهەم دەهێنێت، بە حکومی ئەوەی دراوی چینی لە چاو دراوەکانی تری جیهاندا هەرزانترە. بۆ نموونە، دەتوانێت بە نرخێکی هەرزان بەرهەمەکانی بۆ بازاڕەکانی دەرەوە بنێرێت. (بۆ نموونە ١٠٠ یوانی چینی دەکاتە ١١، ١٤٠٨ ئۆیرۆ... وەرگێر). هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆماری گەلی چین توانی، پێشی ئەڵمانیا بداتەوە و ببێتە یەکەمین وڵاتی هەناردەی جیهان.

بەردەوامبوونی لە گەشەسەندنی ئابووری چین، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی مێزی کاری جیهان. (مەبەست لە وشەی مێزی کاری جیهان، وڵاتی چینە. ئەمەش چونکە ئەمڕۆ چین خاوەنی زۆرترین بەرهەم و کارگەی جیهانە. لێرەدا نووسەر ئەم وشەیە وەکو نازناوێک بۆ وڵاتی چین بەکاری دەهێنێت... وەرگێڕ). بە دڵنیاییەوە ڕاگرتنی ئەم وەزعە، هەروا ئاسان نییە، بگرە ڕووبەڕووی ترسێکی گەورەش دەبێتەوە. لە پێش هەموویانەوە چین دەزانێت کە ئێستا جیهان تووشی شۆکێکی ئابووری بووە، بەتایبەت کێشەی یۆرۆ، هەروەها گەشەنەسەندنی ئابووری ئەمەریکا. لەلایەکی ترەوە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی چین کە بۆ دەرەوە دەیاننێرێت، خاوەنی

کەمترین کوالیتەی باشن و تەنیا سیفەت کە هەیانبێت ئەوەیە، کە نرخی شمەکەکانی هەرزانە. بەڵام لە داهاتوودا ئەم کۆڵەکەیەش ڕۆڵی نابێت، چونکە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی تری جیهان، دەتوانن لە چینیەکان هەرزانتر شمەک بەرهەم بهێنن.

ڕۆلف لانگهامەر کە لە ئەنستیتوی کیل بۆ ئابووریی جیهان کار دەکات دەڵێت: (ڕووداوە دەرەکییەکان کاریگەرییان لەسەر گەشەی ئابووریی چین زیاترە تا ناوەخۆییەکان). پاشان دەڵێت: (تەنیا لە حاڵەتێکدا چین دەتوانێت ئەم بارە بگۆڕێت، کاتێک هێندە پشت بە هەناردەی دەرەکی نەبەستێ، بگرە زیاتر پشت بەناوەخۆ ببەستێ. بەم شێوەیەش دەتوانێت خۆی لە کاریگەریی کێشە ئابوورییە دەرەکییەکان بپارێزێت.)

ئابووریناس هۆرست لۆیشلیش دەڵێت: (ناتوانین بەرهەمە پیشەسازییەکانی چین لەگەڵ بەرهەمە ئەڵمانییەکان بەراورد بکەین. چونکە کۆمپانیا چینییەکان پشت بەهێزی کاری هەرزان و کەمترین زانست و داهێنان دەبەستن).

بەڵام ئەم حاڵەتەش ناکرێت تا سەر بەردەوام بێت. چین دەبێت لەمەولا کولتووری شمەککڕین لە وڵاتەکەی خۆیدا بەهێز بکا، هەروەها هەوڵ بدا خۆی لە بەرهەم هێنانی شمەکی مۆدێرن بەهێز بکا. بۆ نموونە لە بوارەکانی (بیۆتەکنیک و تەلەفون و پێوەندی (Telekommunikation) و ژینگەپارێزی)

## دەبێت نرخی یوان Yuan بەرز بکرێتەوە

کەمی نرخی یوان، گەورەترین کێشەی بۆ ئەمەریکا دروست کردووە. دراوی چینی بەشێوەیەکی ترسناک لە بەرامبەر دۆلاردا دابەزیوە، هەندێک پسپۆڕی بواری دراوی جیهانی پێیان وایە، کە یوان Yuan چینی بە بەراورد بە دۆلاری ئەمەریکا بە ڕێژەی ٣٠٪ هەرزانتر بووە. بەم شێوەیەش بەرهەمە هەناردە چینییەکان قازانجی زۆر دەکەن، دەتوانن بە نرخێکی هەرزان لە بازاڕە جیهانییەکاندا شمەکەکانیان بفرۆشن.

دیارە لە حاڵەتی بەرزبوونەوەی نرخی دراوی چینیش، ئەم وڵاتە تووشی کۆمەڵێک کێشەی گەورە دەبێت: لە کاتێکدا ئەگەر بێت دراوی چینی جارێکی تر نرخی نوێی بۆ دابنرێت و بە ڕێژەی ٢٠٪ لە بەهاکەی خۆی بەرز بکرێتەوە، بەشێکی بەرچاوی شمەکە بازرگانییەکانی چین کە بۆ دەرەوەیان دەنێررێت، لە کێبڕکێی جیهانیدا تووشی گرفتی زۆر دەبن، هەروەها بە ملیۆنەها چینیش ترسی لەدەستدانی کارەکانیان هەیە و تووشی بێکاری دەبن.

هەر لەبەرئەوە سەرانی چینی هیچ کاتێک لە هەوڵی ئەوەدا نین کە نرخێکی گونجاو بۆ دراوەکەیان ( یوان) دابنێن. هیچ کاتێک خەونی ئەوەیان نییە کە یوان ببێتە دراوێکی جێگیر و بەهێز لە جیهاندا و بەپێی گۆڕانی بەهای دراوە جیهانییەکان لە بۆرسەکانی جیهاندا، نرخەکەی دابنرێت.

(جێگای ئاماژەیە، یوانی چینی بەپێی سیاسەتێکی حکومی چینی نرخی لە بازاڕەکانی جیهاندا دادەنرێت. بەواتایەکی تر "یوان "ناچێتە قالبی سیستەمی بازاری دراوی جیهانییەوە، کە پشت بە یاسای " فرۆش و داواکاری. عرض و طلب" ببەستێت. چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بێت، نرخی یوان لەو نرخەی ئێستای بەرزترە. ئەمەش لە خزمەتی ئابووری چین دا نییە. وەرگێر)

بەپێی بۆچوونی ئابووریناس ئابووریناس هۆرست لۆیشل Horst Loechel، یانز هویبنەر کە لە بانکی Dekabank کاردەکات. ئەوان لەو باوەڕەدان کەلە ساڵێکدا دەکرێت بە کەمترین ڕێژە لە ٥٪ و زۆرترین ڕێژەش ٨، نرخی دراو بەرز بکرێتەوە. بەم شێوەیەش ٥ تا ٦ ساڵی تری دەوێت، بۆ ئەوەی نرخی دراوی چین (یوان)، بەشێوەیەکی راستەقینە گوزارشت لە ئابووریی نیشتمانی چین بکا.

## بیناسازی بەشێوەیەکی خێرا گرانتر دەبێت، ئاخۆ ئەمە ترسی دارمانی نرخی خانووبەرە لەگەڵ خۆی ناهێنێت؟

لە چین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی خانوو زەوی بەرزتر دەبێتەوە، کە ئەمەش ترسێکی گەورەیە چونکە ئەگەری دروستبوونی (دارمانی بیناسازی) هەیە.(دارمانی بیناسازی. ئەمە کێشەیەکی ئابوورییە، کاتێک لە ناکاو نرخی خانووبەرە و زەوی بەشێوەیەکی ترسناک دادەبزێتە خوارەوە. ئەمەش ئابووریی وڵاتی تووشی گرفتێکی زۆر دەکات. بۆ نموونە سەرەتای گرفتی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨، لە دارمانی نرخی خانووبەرە لە ئەمەریکاوە دەستی پێ کرد... وەرگێر) لە ڕاستیدا نرخی خانوو لە هەردوو میترۆپۆلی گەورەی چین (پکین و شەنگهای) بەشێوەیەکی خێرا و ترسناک بەرز بووەتەوە. بەپێی بۆچوونی ئابووریناس هۆرست لۆیشل سێ هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم بەرزبوونەوەیەن:

**یەکەم:** لە چین جگە لە خانووبەرە و زەوی، هیچ شوێنێکی تر نییە کە خەڵکی سەرمایەکەی تێدا بپارێزێت. هەربۆیە بەشێکی زۆری خەڵکە دەوڵەمەندەکانی چین، دوو خانوو یان سێ خانوو دەکڕن، بۆ ئەوەی سەرمایەکەی خۆیان بپارێزن.

**دووەم:** حکومەت خۆی بەهۆی سیاسەتی باشکردنی ژێرخانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە، خۆی نرخی بیناسازی بەرز کردەوە. هەروەها حکومەت خۆی قەرز و پشتێنەی بە خەڵکی دا، بۆ دروستکردنی خانووبەرە و تەلار و باڵەخانە. هەر لەبەرئەوە ئێستا زۆر لەوەی کە پێویست بوو، خانوو دروست کراوە.

**سێیەم:** کۆمپانیا بیانییەکان لە چین، سەرمایەگوزاری زۆریان کردووە، بەتایبەت لەم بوارەدا.

بەڵام پسپۆڕانی بواری ئابووری پێیان وا نییە، کە لە چین (دارمانی نرخی بیناسازی) وەکو ئەوەی لە ئەمەریکا ڕووی دا، لێرەش ڕوو بدات. چونکە حکومەتی چینی کۆمەڵێک یاسا و باجی

تایبەتی لە بواری خانوو و زەوی داناوە، کە سنوورێک بۆ ئەم ترسە گەورەیە دادەنێت.

بۆ نموونە، قەرزکردن لە بانک بۆ دروستکردنی خانووی دووەم، زۆر زەحمەتە بدرێت. ئەو کەسەی کە بۆ دروستکردنی دووەم ماڵ داوای قەرز بکا، پێویستە لە ٤٠٪ ی پارەکە هی خۆی بێت. وەبەم شێوەیەش لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو خانووەکەش نرخەکەی خۆی بدۆڕێنێت، هیچ ترسی بۆ بانکەکە نییە. ئابووریناس یانز هویبنەر کە لە بانکی Dekabank کار دەکات، دەڵێت: (ڕاستە سیستەمی بانکی لە چین بەو بەهێزییە نییە کە لە ئەمەریکا هەیە، بەڵام دەتوانێت کۆنتڕۆڵی دابەزین و دارِمانی نرخی خانووبەرە و بیناسازی بکا.)

## بانک و بۆرسەکان کێشەی شەفافیەتیان هەیە

چین بەشێوەیەکی تەواوەتی پشت بەسیستەمی بازاڕی ئازاد نابەستێت. بگرە دەوڵەت ڕۆڵێکی ئێجگار بەرچاوی هەیە. پارتی کۆمۆنیستی چینی، کە تاکە پارتی فەرمانڕەوایە، دەسەلاتێکی زۆری بەسەر هەموو کۆمپانیا و بانکەکانی چین هەیە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری پسپۆڕان، ئەم سیستەمەی چین بە سەرمایەداری دەوڵەتی ناو دەنێن.

دیارە ئەمەش مجازەفەی پێوە دیارە و ترسێکی گەورەی بۆ سەر سیستەمی ئابووریی چین هەیە. بۆ نموونە لە کاتی کێشەی ئابووریدا فەرمانڕەوایان چین فشاریان بۆ سەر بانکەکان هێناوە، کە قەرز بدەن، بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە دانانی گرەنتی لە بەرامبەر ئەم قەرزانە. (دیارە ئەمەش بەشێکە لە سیستەمی گەندەڵی چین، چونکە هەموو کەسێک ناتوانێت قەرز وەربگرێت، ئەگەر پشتگیرییەکی تەواوی حزبی نەبێت. ئەم یاسایە زیاتر بۆ بەرپرس و هەڤالانی پارتی کۆمۆنیستی چینی بەکار دێت، دەنا بانکەکان کەمترین بڕە پارە نادەن بەخەڵکی هەژار... وەرگێڕ)

ئابووریناس یانز هویبنەر کەلە بانکی Dekabank کاردەکات، دەڵێت: (بەتایبەت ئەم ڕەوشە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە جوانی دەرکەوت، کاتێک پارە لە کۆمەڵێک پڕۆژەی ژێرخانی ئابووریدا خەرج کرا، لە کاتێکدا ئەم پڕۆژانە لە ڕووی ئابوورییەوە سوودمەند نەبوون. هەروەها بەشێکی قەرزی بانکییەکان بۆ پڕۆژە حکوومییەکان بوون، لە کاتی دانی ئەم قەرزانەشدا هیچ گوێیان بە گرەنتی دانەوەی ئەم قەرزانە نەبەستبوو.)

هەروەها ناتوانین بازاری پشکەکان (بۆرسەکان) لە چین لە چاو پۆرسەکانی ڕۆئاوا بەراورد بکەین. ئابووریناس هۆرست لۆیشل دەڵێت: (شەفافیەت بەگشتی لە کاری پۆرسەکان و کۆمپانیاکاندا دەرناکەوێ. بۆ نموونە بەشێکی زۆری کۆمپانیا حکوومییەکان بەشێکی ئێجگار کەمی پشکەکانی کۆمپانیاکان دەخەنە ناو بۆرسەکانەوە.)

هەروەها پاشان لۆیشت دەڵێت: (بازاڕی پشک و دراوەکان (بۆرسەکان) لە چین زۆر ڕۆڵیان لە ئابووریی چیندا نییە. بەتایبەت ئەمەش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ دا دەرکەوت، کاتێک بۆرسەی شەنگهای بەڕێژەی ١٦٪ پلە پشکەکانی دابەزییە خوارەوە، لە کاتێکدا بۆرسەکانی ڕۆئاوا لەم کاتەدا بەهێزترین پلەیان تۆمار کرد.)

له ڕاستیدا دەبوایە بۆرسەکانی چین ساڵی ٢٠٠٩ باشترین پلەیان تۆمار بکرایە، بەڵام پێچەوانەی ئەمە دەرچوو. دیارە هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆرسەکانی چین، لەلایەن حکوومەتەوە کۆنترۆڵکراوە و ڕێگە نادات بۆرسەکان یاسای بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی پشکەکان ڕەچاو بکەن. ئەمەش لە رووی ئابوورییەوە زەرەری بۆ بۆرسەکان هەیە.

دیارە ئەمەش گەورەترین کێشەی بۆ شەنگهای دروست کردووە. چونکە چین دەیەوێت هەتا ساڵی ٢٠٢٠ ببێتە زلهێزێکی گەورەی ئابووری جیهان و هەوڵی ئەوە دەدات کە شەنگهای بکاتە سەنتەرێکی گەورەی جیهانی، کە پێش شارەکانی لەندەن و نیۆرۆک بداتەوە. بەڵام ئەم پێشبینییە هێشتا زۆر دوورە.

## ئاخۆ گۆڕینی سەرانی سیاسی چ مانایەک دەدا؟

گۆڕانی سەرانی سیاسی لە پەکین کە چاوەڕوان دەکرێت ساڵی ٢٠١٢ ئەنجام بدرێت، بەڵام هیچ کاتێک کەسیکیش هەستی پێ ناکات. بڕیار وایە کە Xi Jinping کە ئێستا جێگری بەهێزترین دەزگای چینە، ئەویش کۆمیتەی سەرکردایەتی سەربازییە، ساڵی ٢٠١٢ ببێتە سەرۆکی پارتی و دەوڵەتی چین، جێگەی Hu Jintao بگرێتەوە.

Rolf Langhammer ڕۆلف لانگهامەر لە ئەنستیتوی کیل بۆ ئابووریی جیهان دەڵێت: (ئەم گۆڕانی سەرکردایەتییە هەروا ئاسان نییە، بگرە چەند ترسێک و نائارامیەکی سیاسی لەگەڵ خۆی دێنێت)

هەتاوەکو ئێستا دیار نییە ئاخۆ Xi Jinping کە تەمەنی ٥٧ ساڵە، هەمان سیاستەکانی Hu Jintao جێبەجێ دەکات یان نا. بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆوارێکی فۆربێس ئەمەریکی، سەرۆک Hu Jin-tao بەهێزترین پیاوی جیهانە. دیارەئەوەش بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی گەورەترین دەسەڵاتی سیاسیی ە و هەر بۆیە بە بەهێزترین ئۆتۆریتەی جیهان دەژمێرێت. دیارە سەرۆکی نوێی پارتی کەساڵی ٢٠١٢، هەڵدەبژێرێت لەمەی ئێستا بەهێزتر دەبێت.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەم دواییەدا سایتی ویکیلیکس بڵاوی کردەوە، سەفیری ئەمەریکی لە چین، لە نووسراوێکدا باسی ئەوەی کردووە، کە Xi Jinping زۆر کەم حەزی بە ریفۆرمی سیاسی و دیمۆکراسی هەیە. سەفیری ئەمەریکا دەنووسێت: (ئەم پیاوە لەو باوەڕەدایە، کە کەمینەیەکی بچووکی چینی، دەتوانێت بارسەنگی و ئارامی کۆمەڵگەی چینی ڕابگرێت و، چینیش بەرەو زلهێزێکی نوێی جیهان بەرێت.)

سەرچاوە: کۆواری شپیگلی ئەڵمانی. ٢٠١١/١/٤

# پێڕست


وتاری وەزیری رۆشنبیری لە کۆنفرانسی پیاوانی ئاینی و رۆشنبیراندا ..... 3

مەسعوود محەمەد. ..... 10

پاساوی کۆچ. محەمەد فەریق حەسەن ..... 24

پێکهاتەناسیی شیعر و ئەدەبیات و وێژەوانیی کوردی و پێوەندییەکانی. د. محەمەد عەلی سوڵتانی ..... 33

عەبدولحوسێن شەعبان تەقە لە تایفەیی دەکات. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 41

کەسێتیی تاکی عێراقی. بەشی چوارەم. باقرِ یاسین. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 52

مردنی نووسەر یا کوشتنی؟ خوێندنەوەیەک بۆ سۆسیۆلۆجیای ئەدەب. زاهیر ڕۆژبەیانی ..... 62

شێکسپیر. دوکتۆر سەلاح بابان ..... 79

نامەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە. جۆن لۆک. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی ..... 92

دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی. دەقئاوێزانی گێڕانەوەیی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 133

حەوت پەیام بۆ بەئامانجکردنی کرستیانەکان. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 175

مەسیحییەت و تاکگەری. مۆریس باربیە. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری ..... 179

گریان و ئاین. سەلاح حەسەن پاڵەوان ..... 191

سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئازادی و پێوەندیی بە... بەشی دووەم. لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری ..... 215

هێزی سیاسیی میدیای کۆمەلایەتی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد ..... 226

ئاین و ناسنامەی تاک کۆمەڵگەکان لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا. لە فارسییەوە: عومەر عەلی غەفوور ..... 242

لەگەڵ ڕۆماننووسی ئێرانی مەحموود دەوڵەت ئابادی. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 250

ڕستەیەک. بەشی چوارەم. میلان کۆندێرا. لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەرەنگ ..... 257

ستایشێک بۆ خوێندنەوە و خەیاڵ. ماریۆ ڤارگاس یۆسە. لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی ..... 269

هونەری ئورارتو. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 283

شێوەکار خەسرەو محەمەد. ئا: ڕۆستەم ئاغالە ..... 289

گۆرانیی گۆرانییان. حەزرەتی سولەیمان. وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی ..... 305

فەلسەفەی جیاوازیی میراتی ژن و مێرد وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد رەحیم ..... 323

نامیلکەیەک بۆ رۆژنامەنووسان. بەشی سێیەم. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ..... 332

تووڕەییی میسرییەکان پاش ڕاپەڕینەکەی تونس! لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 348

ڕەوشی نالەباری میسر. رۆژنامەی ڤێلتی ئەڵمانی. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 353

لە باشووری سوودانەوە تاوەکو باکوری عێراق. موراد ئیسماعیلی. لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ..... 365

لە ئۆزبەکستان هەردوو سەفیرەکە هەراسان کرابوون. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 371

مافیا. بەشی کۆتایی. ئامادەکردنی شێرزاد هەینی ..... 383

هەڵئاوسانی دارایی، هەژاری، چاکسازی لە وڵاتی چین. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا ..... 401